# مرواریيەكانی پێشمەرگە
# لە
# شەوەزەنگی داعشدا

نەسیم قادرپور

٢٠١٦

- ناوی پەڕتووک: مرواریییەکانی پێشمەرگە لە شەوەزەنگی داعشدا
- بابەت: مێژووی شەڕی داعشو کۆمەڵێ چیرۆکی ڕاستەقینە
- نوسینی: نەسیم قادرپور
- تایپو دیزاین: جەلیل حسێن
- هەڵەبڕ: جومعە محەمەد نەجم
- شوێنی چاپ: چاپخانەی سەردەم
- ساڵی چاپ: ٢٠١٦
- نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
- تیراژ : ١٠٠٠ دانە
- نرخ: ٨٠٠٠ دینار
- کوردستان: سلێمانی
- ژمارەی سپاردن: لەبەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی سلێمانی ژمارە (١٧٧٤)ی ساڵی ٢٠١٦ی پێدراوە.

**سوپاسو پێزانینم بۆ خانمی یەکەمی عێراق، خاتوو ڕوناک عەبدلواحید مستەفا، تێچووی چاپی ئەم کتێبەی گرتە ئەستۆ..**

# مروارییەکانی پێشمەرگە
# لە شەوەزەنگی داعشدا

**نەسیم قادرپور**

بۆ دایکم و باوکم

# پێشەکی

کاتژمێر ٦ی بەیانی بەزەنگی مۆبایلەکەم چاوەکانم کردەوە تازیاتر بەرنامەکەی ئەو ڕۆژەم وەبیرم دەهاتەوە لێدانو خورپەکانی دڵم توندتر دەبوو، خەیاڵم ڕۆیشت بۆ لای نیشتمان بۆ لای ئازادی، بۆ لای ئازاری شەهید بونی پێشمەرگە بۆ لای ئەو عەشقەی سەراپای گیانمی گرتووە بەناوی خاک هێزم گرت ئومێدی داهاتوی گەشم بینیو تەکانێکم بەخۆمداو هەڵسام جلم پۆشی بەسەرپێوە شتێکم خوارد، زۆر بەپەلە جانتاکەم هەڵگرتو هاتمە دەرەوە لەماڵ، لەتەکسیەک سەرکەوتم، شۆفێرەکە گوتی: بۆ کوێ؟ خەیاڵم ڕۆیشت وتم ئەگەر بڵێم کەرکوک ئەبێت لای خۆی چی بڵێت؟ کچێک ٦ی بەیانیو بۆ کەرکوک، ناوی پێشمەرگەم هاتەوەبیر بۆیە بەدەنگێکی دلێرەوە گوتم: گەراجی کەرکوک، تاساڵێک لەمەوبەر کەرکوک بەشاری خوێنو تاوانو تیرۆریست ناسرابوو، بەڵام ئێستا بەناوی ئازادیو ئازایەتی پێشمەرگەوە دەناسرێت، چومە گەڕاج لەبەردەم ماشینەکانی خەتی کەرکوک دابەزیم نیگای سەیرو سەمەرەی دەیان پیاو لەسەر جوانی ڕوخسارم شەپۆلی ئەدا خەیاڵی هەموویانم لەچرکەیەکدا خوێندەوە، هەریەکەو پرسیارێکی بەبیردا دەهاتو هەریەکەو بەجۆرێک لێی دەڕوانیم، یەکێک سەیری جوانیم، یەکێک ئافرەتێکی تەنیا ئەویش بۆ کەرکوک، یەکێک پرسیارێکی گران کەخۆشی نەیدەزانی چییە بەس ڕاما،

نیگاهێکیش پێی دەوتم عەرەبەو خەڵکی سلێمانی نیە، جار جار خەیاڵی دەچو بەلای ئەوەدا ئێرانیم نیگای چاو خەیاڵیان بۆ هەموو شتێک چوو تەنها ئەوە نەبێت کچێکی ڕۆژهەلاّتی کوردپەروەر خەریکە دەڕوات لەدوای ناسۆریەکانی گەلەکەی، نیگاکان ئەوەندە زۆرو ئاڵۆز بون لەنیگاو خەیاڵمدا بۆ ئەوەی خەیاڵی خۆموون نەکەم نیگای ئەوانم پچڕاندو هاتمەوە سەرواقعی خۆم بێ خەیاڵی هەموو بیرو خەیاڵی هەمویان بوومو لەماشینێکی خەتی کەرکوک سەرکەوتم، لەگەڵ ڕۆیشتنی ماشێنکە خەیاڵی منیش دەڕۆیشت خەیاڵەکانم لەجادەکە دورو درێژتر بوو دەیان پرسیار لای خۆم دروست بوو من بۆکوێ دەڕۆم؟ بۆلای کێ دەچم؟ کێ دەبینم؟ ئیشم چیە؟ وەلەکوێوە دەست پێ بکەم؟ بترسم یان نەترسم؟ ئایا ئەو پیاوانە هێندەیان تیایە کە من لەگەڵیان ڕوبەڕو دەبمەوە؟ ئایا من قبوڵ دەکەن؟ تاچەندوەلاّمی پرسیارەکانم بدەنەوە؟ من لەجادەی سلێمانی کەرکوکم بۆ بەرەکانی شەڕ دەچم تۆبڵێی بگەڕێمەوە جارێکی تر بچمەوە ماڵەکەی خۆمو تەنهایی لەئامێز بگرم لەگەڵ خەیاڵەکانی دایکم بەعەشقی خوشکەکانم شعرێکی تازەو گۆرانیەکی تر بڵێم بەدەنگی بەرز؟ تۆ بڵێیت فیشەکێک لەناکاو نەیەت دڵی بچوکو پڕ لەهیوای گەورەم بپێکێت؟ تۆ بڵێیت چەند چەکدارێکی بێویژدانی خوانەناسی نامرۆڤانەی داعش لەبن بەردێک دەرنەپەڕنو وەک کچە ئێزیدیەکانم لێ نەکەن؟ تۆ بڵێی نەکەومە ناو شەڕێکی قورسەوەو بەدیل نەگیریم؟ بەدەیان تۆ بڵێی تر خەریک بوو جادەکەم دەبڕیو دوور دەکەوتمەوە لەسلێمانیو عەشقی خوشکەکانم خەیاڵی خۆشی دایکمو تەنیاییو گۆرانیو شعرەکانم جێ دەهێشت لەناو ئەو تۆ بڵێیانەدا بوم دیسان زەنگی مۆبایلەکەم خەیاڵی پچڕاندمو بەئاگای کردمەوە: ئەلو نەسیم خان لەکوێیت زۆرت ماوە بگەیتە کەرکوک ئەوە

من ماشێنکە دەنێرم بەدواتدا لای گەڕاج دابەزە، هەر کە گەیشتمە کەرکوک ماشێنیەکی عەسکەری بەشۆفێرو چوار پاسەوانەوە هاتە بەردەمم بەتاقمو تفەنگەوە سام گرتمی ئەژنۆم ئەلەرزی خەیاڵم بۆ لای تاقم تفەنگو عەسکەرو ماشێنی عەسکەری بەعس چوو کەلەفلیمەکاندا بینیبومو خەڵکیان دەبرد لەناکاو خەیاڵی پچڕاندم بەزمانی کوردی پێی وتم: نەسیم خان، تۆزێک هێز هاتەوە ئەژنۆم ئەمە کوردە بەکوردی قسە دەکات، کە لەناو ئەو چوارچێوە ئاسنیەداو لەماشینە سەربازیەکەدا سەرکەوتم ئینجا زیاتر مانای کوردو ئەمنیەتو تامی ئازادیو پێناسەی پێشمەرگەم زانی چیە؟ باوەڕو ئیمانم هێنا پێشمەرگە تەنها بۆ پاراستنی گەلو خاکو ئالاو کوردستان خوێن دەڕێژێت، سەرماو گەرماو تاڵیو سوێری ئەنۆشێت، ئیتر لەو چرکەساتەوە منیش سوێندم خوارد بەخاکی پیرۆزم تادوا هەناسەو دوا دڵۆپ ئەوەی لەدەستم بێت بیکەمو بەم شێوەیە بتوانم وەڵامی محەبەتو وەفاداریان بدەمەوە، من بەقەڵەم ئێوەش بەچەک پشت بەپشتی یەک بیپارێزین گەلو خاک.

**نەسیم قادرپور**
**٢٠١٦/١٠/٧**
**سلێمانی**

# شەهیدی فەرماندە عەقید ڕوکن ئەیوب محمد قادر

## یەکەم شەهیدی فەرماندەی کورد بەدەستی تیرۆریستانی داعش
## ژیاننامەی شەهیدی فەرماندە (عەقید ڕوکن ئەیوب محمد قادر)

ناوی تەواوی (ئەیوب محمد قادر عەلی خوامراد) لەعەشیرەتی سمایل عوزێری لەبنەماڵەیەکی کوردپەروەر هاتۆتە دنیاوە کەباوکی کۆچ کردوی بەشداری لەشۆڕشی ئەیلول کردوەو سەرپەرشتی لقی ئاسۆ بوە لەو سەردەمەدا. شەهیدی فەرماندە لەبەرواری (١٩٦٨/٧/٢٥) لەسلێمانی لەگەڕەکی چوارباخ چاوی بەدنیا هەڵهێناوە خوێندنی سەرەتایی لەقوتابخانەی قلیاسان تەواو کردوە پاشان ناوەندی لەسەرچناری کوڕان تەواو کردوە دواتر لەپەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانوەرگیراوە لەساڵی ١٩٨٨ تەوای کردوە هەر ئەوکاتەی خوێنکاری ئامادەیی بوە لەساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی کردوە بەڕێکخستنەکانی (ی. ن. ک)ەوە لەکەرتی ڕێکخستنی سەچنار شانەی ٥٣ بەبەڕێز حەمە حسێن قلیاسانیوەهەر لەو ساڵەدا برا گەورەکەی بەناوی فایەق شەهید بوە، لەساڵی ١٩٨٤ کەماڵەکەیانی کردبوە بنکەیەکی حەوانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ داڕشتنی پلانی چالاکیەکانی هێزی پێشمەرگە لەسنوری (سەرچنار، قلیاسان، بەکرەجۆ، عەواڵ، شەکرەکە، دۆڵەڕوت) .

شەهیدی فەرماندە لەڕاپەڕینە مەزنەکەی ١٩٩١ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردوە بەشداری لەهەموو ڕاپەڕینەکان کردوە لەڕاپەڕینی دوەمدا بریندار بوە.

پاشان بەنامەی مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی چۆتە فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەسەرپەرشتی بەڕێزان (کاک کەمال میران، کاک نەوشیروان فواد مەستی، کاک سەلاّح چاوشین) دواتر چۆتە بنکەی مەشقی‌یەک لەگەڵ (مولازم بورهان‌و مولازم باپیر) لەوکاتەدا مەشقی سەربازیان بەپێشمەرگە دەکرد لەخێوەتەی ماوەت‌و قەلاّچوالان‌و سیاحییەکەی دوکان. شەهید دامەزرێنەری کولیەی عەسکەری قەلاّچوالان بوو لەساڵی ١٩٩٢.

لەساڵی ١٩٩٤ خێزانی پێک هێناوە کەهەر لەگوندی قەلاّچوالان نیشتەجێ بوو بۆ ماوەی ١٣ ساڵ لەیەک ژوردا ژیانی بەسەر بردو کرێچی بوو.

لەساڵی ١٩٩٨ دەورەی دووی فەرماندەیی بەپلەی زۆرباش تەواو کردبوو بەپلەی مولازم وەلەساڵی ٢٠٠٠ چوە خولی ١٢ پەیمانگای کادیران بەئاستی (ئیمتیاز) بڕوانامەی پێ بەخشرا. شەهید جگە لەپلەی سەربازی پلەی حیزبی لەئەستۆ گرتوە کەلەساڵی ٢٠٠٠ ڕابەر سیاسی کولیەی عەسکەری قەلاّچوالان بوە تاساڵی ٢٠٠٤.

شەهید بەردەوام بوەو پلەکانی سەربازی بڕیوە تا وەکو پلەی (ڕائید) لەساڵی (٢٠٠٤-٢٠٠٦) دا یەکەم ئەفسەری کوردبوو کەبەبڕیاری هەڤاڵ مام جەلال گوازرایەوە سەر یەکەکانی سوپای عێراقی‌و درێژەی بەکاری سەربازی دا لەناوچەکانی (دبس، تکریت، کەرکوک، جبل حمرین) کەچەندین چالاکی بەرچاوی بینیوە وەک ئاشکراکردن‌و پوچەڵکردنەوەی چەندین کردەوەی تیرۆریستی لەو سنورانەدا.

تا لە (٢٠٠٩/١/٢٥) تا(٢٠١٠/١/٢٥) چۆتە خولی (٧٢) کولێژی ئەرکانی مشتەرەک لەبەغداد بۆ ئەوەی کوردیش پێگەی گرنگی هەبێ لەسوپای عێراقدا کە بڕوانامەی (ماجستێری) پێبەخشرا بەپلەی (ئیمتیاز)و پلەی بوو بە(رائد روکن). بەردەوام بوو لەکاری سەربازی لەسوپای عێراقدا کە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لەناوچەی (حەویجە، کەیوان، سلێمان بەگ، بلد) کەمعاون ئامر فەوج بوو. دواتر بەپلەی (مقدم روکن) بوو بەئامر فەوج لەڕومادی خزمەتی سوپای عێراقی کرد لە(ف ٤ ل ١ فق ١) وەلە (٢٠١٣/٩/٢٥) پلەی عەقید ڕوکنی پێ بەخشراو ئەندامی مەکتەبی ڕێکخستنی پێشمەرگە بوو، بەڵام مخابن لە٢٠١٣/١٠/١ لەسەر ڕێگای (بلد- تکریت) کەوتە ناو بۆسەی تیرۆریستانەوەو دوای بەرگریکردنێکی زۆر بەسەختی بریندار کراو پاسەوانێکیشی شەهید بوو. دوای ٢ ڕۆژ ڕەوانەی وڵاتی تورکیا کرا بەڵام لەبەر سەختی برینەکەی لە٢٠١٣/١٠/٤ گیانی سپاردو لەشەوی (٥ لەسەر ٢٠١٣/١٠/٦) گەیەندرایەوە خاکی پیرۆزی کوردستانو بەخاک سپێردرا بۆ هەمیشە چاوی لێکنا.

شەهید خاوەنی ٣ منداڵە بەناوەکانی (یاد، ماد، نویێ) لەساڵی ١٩٩٦ کەشەهیدی فەرماندەی لەزەڵێ بوو لەگەڵ خێزانو هاوڕێیانی خوا کوڕێکی پێ بەخشی کەناوی نا (یاد) بۆ هەمیشە لەیاد نەچونی یەکییەتی لەساڵی ١٩٩٩ خوا کچێکی پێ بەخشی ناوی نا (ماد) بەناوی یەکەم دەوڵەتی کوردیەوە، لەساڵی ٢٠٠٤ خوا کچێکی تری پێ بەخشی بەناوی (نویێ) بەناوی شۆڕشی نویێ لەعێراقێکی نویێ دا.

ئێوارەی ٢٠١٣/١٠/٢٥ کاتژمێر ٧:٤٥ دەقە چەند هاوەنێک ئەگرێتە بارەگای فەوجی ٤ لیوای ١ فرقەی ١ ی سوپای عێراق کەشەهیدی فەرماندە عەقید ڕوکن ئەیوب محەمەد قادر فەرماندەی فەوجەکە بوو.. لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە لەپاش هاوەنەکان هێرشێکی توند

ئەکرێتە سەر هەمان بارەگا لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە.. لەلایەن فەرماندەو جوندیەکانی فەوجی ٤ وەزۆر بەتوندی بەرپەرچی هێرشەکان درایەوەو تانزیکەی کاتژمێر ١٢ شەو شەڕ بەردەوام بوو.. فەوجی ٤ دوو شەهیدیان داو تیرۆریستانی داعش دەیان کەلاکیان لێ بەجێ ماو چەند بریندارێکیان هەڵهاتن پاش بەدواکەوتنیانو بەماشێنو پێ نزیکەی ١٠ کیلۆمەتر دوای تیرۆریستان کەوتنو لەهەمان کاتدا شەهید ئەیوب لەڕێگای تەلەفونەوە چەند نهێنیەکی ئیستخباراتی گرنگی دەست کەوت لەدوای گرتنی تیرۆریستێکی داعش بەبریندارى.. لەدوای لێپێچینەوەی لەلایەن شەهیدەوە دانی بەچەند شوێنێکدا نا.. لەدوای ئەوانە هێزێکی تایبەتی فەوجی ٤ بەفەرماندەی شەهید ئەیوب هێرشیان کردە سەر گەورەترین مۆڵگەو بارەگای تیرۆریستانی داعش لەو فەوجەو دەست دەگرن بەسەر کەلوپەلێکی زۆری تیرۆریستان وەک (چەکی قورسو سوک، عتاد، کامێراو بەڵگەی گرنگ، عبوە ناسیفە، هتد) لەپاش کوژرانی ٣ ئەمیرو دەیان چەتەی دیکە تەواوی بارەگاکەیان خاپور دەکەن.. دواتر چەندین جار لەلایەن تیرۆریستانەوە هەڕەشەی کوشتن لەشەهید ئەیوب دەکراو لەپاش چەند ڕۆژێک لەو زەبرە گەورەیەی لەتیرۆریستان درا لەکاتی گەڕانەوەی شەهید بۆسەر کارەکەی کەوتە بۆسەی تیرۆریستانەوە بەسەختی بریندارکرا، شەهید ئەیوبو یەکێک لەپاسەوانەکانی شەهید ئەیوب شەهید ئەبێت لەهەمان کاتدا.

شەهیدی فەرماندە (عەقید ڕوکن ئەیوب) دەبێتە یەکەم شەهیدی فەرماندەی کورد بەدەستی تیرۆریستانی داعش لەبەرواری ٢٠١٣/١٠/١ کە دەکەوێتە کەمینەوە لەڕومادی لە ٢٠١٣/١٠/٤ لە وڵاتی تورکیا گیانی پاکی بۆ کوردو کوردستان سپارد.

# شێخ جەعفەر

من (شێخ جەعفەر) لێپرسراوی فەرماندەیەکەی ٧٠، دیارە لەڕاستیدا هاتنی داعش‌و دروست بوونی داعش شتێکی چاوەڕوان نەکراو بوو، کە هێزێک لەکاتێکی‌وادا دروست ببێت‌و بەو شێوەیە بتوانێت چەندین شارو شارۆچکەو ناوچەی فراوانی عێراق داگیر بکات‌و زاڵ بێت بەسەریاندا بەتایبەتی لەپارێزگای موسڵ بەتەواوەتی‌و بەشی هەرەزۆری پارێزگای ئەنبارو هەموو پارێزگای سەلاحەدین بەتەواوەتی‌و بەشێک لەپارێزگای کەرکوک، بەشێوەیەکی گشتی لەڕوی سەربازیەوە زاڵ بێت بەسەر ناوچەیەکی فراوانی عێراق داو سوپای عێراق بەو شێوەیە توشی داڕوخان‌و هەڵوەشانەوە بێت، بەر لەهاتنی داعش مەفرەزەو دەستەی تیرۆرستی‌و تیرۆرستان بەجۆرەها ناوی جیاجیا هەبوون لەناوچەکاندا کاری تیرۆرستانەیان ئەنجام ئەدا، بەڵام وەک داعش بەهێزو بەتوانا نەبوو.

لەسەرەتاوە کە داعش هات لەموسڵەوە دەستی پێکرد، دیارە ئێمە پێشتر زۆر جار لەگەڵ عێراقیەکاندا دانیشتنمان کردوەو قسەمان لەگەڵا کردوون کە دەمان ویست هاریکاری یەکتر بکەین بۆ ئەوەی بتوانین شەڕی گروپە تیرۆرستەکان بکەین، بەڵام ئەوان لەزۆر شتا توندوتۆڵ بوون‌و قبوڵیان نەکرد، وەزۆر جاریش ئاگادارمان کردوون کە بەڕاستی هەڕەشەیەکی گەورە لەئارادایە، ئەگەری زۆر هەیە کە هێزەکانی

تیرۆرستان گەشە بکەن‌و کردە وەکانیان فراوانتر بکەن هەرچەندە ئێمە نەماندەزانی داعش دەتوانێت بەئاسانی زاڵ بێت بەسەر ناوچەدا وەسوپای عێراقی ناتوانێت بەرگری بکات بەڵام دیارە ئەوان بەهەموو شێوەیەک داواکاریەکانی ئێمەیان ڕەت دەکردەوەو ئامادە نەبوون بۆ هیچ هاوکاری‌و هەماهەنگیەک لەناو هێزەکانی پێشمەرگەدا بیکەن.

کە هێزی داعش هاتنە مووسڵ لەسەرەتادا بەژمارەیەکی کەم هاتن چەند گەڕەکێکی موسڵیان گرت بەڵام لەپڕ داڕوخانەکی سوپای عێراقمان بینی دەستی پێکرد کە دەیان یەکەی سەربازی لەمووسڵ‌و سەلاحەدین‌و ئەنباروباشوری کەرکوک‌و ناو کەرکوکیش کە فیرقەی ١٢ ی لێبوو هەموو توشی‌ورە بەردان هاتن کرد کە تەقدیر ئەکرێت بە٤ فڕقەی عەسکەری‌و ٢ فیرقەی پۆلیس. لیستی فیدراڵی بەتەواوی ئینهیاریان کردو هەرچی چەک‌و کەل‌و پەل‌و مەخازینیان هەیە هەموو کەوتە دەستی داعش بەهەموو چەکە قورسەکانیشەوە کە بریتی بوون لەدەیان دەبابەوەو ناقیلەوەو تۆپی دوورە هاوێژو هاوەن‌و دەیان هەزار پارچە چەکی زۆر باش کە لەمەخزەنەکانیانا هەبوو یان ئەوانەی کە بەدەست سوپای عێراقیەوە بوون، لەبەرئەوە هەڕەشە کەوتە سەر هەموو ناوچەکە بەناوچەی کەرکویشەوە کە زۆربەی ئەو ناوچانە بەدەستی سوپای عێراقەوە بوو، هەموو ناوچەکانی جەلەولاو قەرەتەپەو رۆژئاوای کەرکووک بەسوپای عێراق سپێردرابوو و هێزی پێشمەرگەی لێ نەبوو، هێزی ئێمە دوور بوو لەو ناوچانە چوونکە عێراقیەکان ڕێگەیان نەدەدا هێزەکانی ئێمە شان بەشانی سوپای عێراق لەو ناوچانە ئەرکی سەربازیانەی خۆیان جێ بەجێ بکەن‌و هەماهەنگیان بین هەم بۆ شەڕی عێراق هەم بۆ پاراستنی ئەمنیەتی ناوچەکە، کاتێک ئەو داڕوخانە سەربازیەی سوپای عێراقمان بینی بۆشاییەکی ئەمنی پەیدا بوو،

هەرچەندە ئێمەش خۆمان بۆ ئەگەریوا ئامادە نەکردبوو بەڵام دەبوو ئەو بۆشاییە ئەمنیو سەربازیە پڕ بکەینەوە بۆیە بەپلانێکی خێرای سەربازی هێزەکانی پێشمەرگەمان ناردە ئەو ناوچانە تا بەلایەنی کەم مەترسی لەسەر کەرکووکو ناوچەکانی تر کەم بکەینەوە لەئەنجامیشدا توشی شەڕێکی قورس بوین بەتایبەتی لەسەرەتای دەرکەوتنی داعش لەناوچەکەداو لەکەرکوک بەبێ ئەوەی هێزی پێشمەرگە هیچ سەنگەرێکی هەبێتو بێ هیچ خۆئامادەکردنێکی پێشوەختەو کەمی ئامرازو کەلوپەلە سەربازیەکان بەتایبەتی لەگەل هێزێکی دڕندە کە خاوەنی هیچ بەهایەکی مرۆڤ دۆستی نەبێتو لەشەڕێکیوا قورسو گەورە لەکاتێکدا داعش پڕ چەک کرابوو بەو چەکە زۆرو زەوەندانەی کە بەئاسانی لەموسڵو تکریت کەوتبوە دەستیان، جگە لەوە بەڕاستی عەرەبی ناوچەکە هەموویان ئەتوانم بڵێم مەگەر بەسوتفە لە٩٩٪ ئەگەرنا لە١٠٠٪ی ناوچەکەش بەشی زۆریان بوون بەچەکدارو پەناگەی داعشووەئەوانی تریش پشتیوانی تەواویان کردن بۆ ئەوەی داعش سەرکەوتو بێت بەتایبەتی لەسنوری کەرکوکو جەلەولاو هەموو ناوچەکانی تر، ئەتوانین بڵێن لەوکاتەدا بەڕاستی هێزی پێشمەرگە بەو کەم تواناییو نەبوونی ئیمکانیاتی پێ ویستو خۆئامادەنەکردنە بۆ شەڕێکیوام، توانی ئەو شوێنانە پڕ بکاتەوەو بەخوێنی فەرماندەو تێکۆشەرەکانی هێزەکانی پێشمەرگە توانرا خەتێکی بەرگری دروست بکرێتوەڕێگری بکرێت لەپێشڕەوی داعش بۆ ناوچەکانی کەرکوکو شوێنەکانی تر هەر لەناوچەی سنجارەوە تاکو ئەگاتە کوبانیو کۆباشی لەناوچەی جەلەولاو سەعدیە، هێزەکانی پێشمەرگە ئەو ناوچانەی بەتەواوەتی گرت وەپێشگریەکی باشی لێکرد بەڵام موبادەلە لەدەستی داعشا بوو هێزەکانی پێشمەرگە تەنها دیفاعی ئەکرد ئەوەش بەرگری

سلبیه كه لەزانستی سەربازیدا پێی دەڵێن بەرگریەكی مردوو چوونكە هێزی پێشمەرگە تەنها بەرگری دەكردو نەیدەتوانی هێرش‌و پەلامار بدات لەو حاڵەتەدا دووژمن بەئارەزوی خۆی دەهات شوێنی هەڵدەبژارد تا هێرشی بۆ بكات بەپێی دۆزینەوەی خاڵە لاوازەكان‌و قۆستنەوەی خاڵی لاوازی بەرەكانی جەنگ لەكاتێكدا هێزی پێشمەرگە ئامادەو تەییار نەكرابوو بۆ شەڕێكی‌وا بەرفراوان‌و گەورە بۆیە لەهەر كوێیەك جوڵەی سەربازیمان بكردایەو بڕۆیشتینایە ئەبوو بەشەڕی عەرەب‌و كورد، لەو شەڕانە ئێمە نەماندەتوانی سەركەوتنێكی گەورەو بەرچاو بەدەست بهێنین‌و شەهیدو برینداریێكی زۆرمان دا چونكە تەنها لەحاڵەتی بەرگریدا بووین بەڵام توانیمان لەوە سەركەوتوو بین كە پێشڕەویەكانی داعش ڕاگرین‌و بەتێپەڕبونی كات‌و خۆ سازدانەوەو سەنگەر لێدان داعش بەباشی تێكبشكێنین‌و لاوازیان بكەین‌و توانای هێرشیان كەم بكەینەوە لەكاتێكدا لەو هەلومەرجەی كە باسی دەكەم، لەڕاستیشدا ناكرێ ئازایەتی‌و فیداكاری‌و خۆڕاگری پیشمەرگە بەرز نەنرخێنین كە بەخوێنی سەدان پیشمەرگەو فەرماندەی ئازا بوو كە توانیمان بەرگری بكەین، بۆ مێژووش دەڵێم ئەوسا جگە لەهێزی پێشمەرگە هیچ هێزێكی تری سەربازی‌و هیچ دەوڵەتێك لەناوچەكە بوونی نەبوو تا هاوكاریمان بكات تا ئەو كاتەی مەترسی كەوتە سەر شاری هەولێرو داعش لەناوچەی مەخمورەوە هێرشی كرد ئنجا هاوپەیمانان هاوكاریە سەربازیەكانیان بۆمان نارد، دوا بەدوای خۆسازدان‌و ڕێكخستنەوەی هێزی پێشمەرگەو گۆڕینی سیمای هێزەكانمان لەهێزێكی زۆرو بۆرەوە بۆ هێزێكی تۆكمەو كەم‌و پوخت‌و دوای بەرگریەكی درێژخایەن توانیمان نەخشەی سەربازیانەی خۆمان لەبەرگری كردنەوە بگۆڕین بۆ هێرش كردن‌و توانیمان بەو نەخشەو پلانە سەربازیانەی داماندەڕشت ناوچەیەكی

فراوانی داگیر کراو پاک بکەینەوە لەداعش‌و زیانی گیانی‌و ماددی گەورە بەدووژمن بگەیەنین لێرەدا بەپێ ویستی دەزانم سوپاسی هاوکاریە سەربازیەکانی هاوپەیمانان بکەم کە هەم بەناردنی چەکی پێشکەوتوو وەکو میلانۆو چەک‌و تفاقی تر هاوکاریمانیان کرد هەم بەشێوەی ئاسمانی لەبۆردوومان کردنی مۆڵگەکانی داعش هاوکاریمانیان کرد لەڕیزی پێشەوەی ئەو وڵاتانەش ئەمریکاو بەریتانیاو فەرەنسا بوون بەم دواییانەش کەنەداو سویدو ئیتاڵیا هاوکارمان بوون، ئێرانیش تا ڕادەیەکی زۆر هاوکاری سوپای عێراقیان کرد هەرچەندە بۆ ئێمە هاوکاریەکانیان کەم بوو، بەشێوەیەکی گشتی ئاستی تواناو شارەزایی هێزی پێشمەرگە بەرزکرایەوەو توانیمان بەپشتیوانی هێزە ئاسمانیەکانی هاوپەیمانان نەخشەی سەربازی خۆمان لەبەرگری کردنەوە بگۆڕین بۆ هێرش بردن‌و لەماوەیەکی دیاریکراودا هەزاران کیلۆمەتر چوارگۆشە لەداعش پاک بکەینەوە.

# حەمە غەریب عەلی (مەحمود سەنگاوی)

من ناوم (حەمە غەریب عەلی)ە ناسراوم بە(مەحمود سەنگاوی) مواليدم ١٩٥٢ لەهاوینی ١٩٦٧ بومەتە ئەندامی پارتیو لەساڵی ٧٤ بۆ ٧٥ پێشمەرگە بووم، دواتر پەیوەندیم کردوە بەکۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە ئەوکاتە کۆمەڵەی مارکس لینین کوردستان بو وەلەساڵی ٧٧وە بوومەتە پێشمەرگە لەریزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان پلەکانی سەربازیم برِیوە هەر لەسەرەتاوە کاری سیاسیو سەربازیم کردووە، بەردەوام فەرماندەی پێشمەرگە بووم تا وەکو ساڵی ٢٠٠٠ ساڵی ٢٠٠٠ خۆم هەڵبژاردووە بومەتە ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بەردەوام بووم تا وەکوو کۆنگرەی سێی یەکێتی لەکۆنگرەی یەکێتی بومەتەوە ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوومەتە بەرپرسی مەڵبەندی شارەزوور ئەوکاتانە کە ئەنسارو ئیسلام دروست بووە من لەوێ بووم دوای ئەوکاتە بومەتە مەسئولی مەڵبەندی گەرمیان پاشان بوومەتە مەسئولی هەموو مەڵبەندەکانی خانەقینو گەرمیانو دوزخورماتو، وەلەدوای ٩/٢١ کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەهەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتو نەبوو من بۆخۆموازم لەمەڵبەندەکان هێنا گەڕامەوە، بوومەوە بەرپرسی پێشمەرگەو پێشمەرگە دێرینەکان ئێستا من ئەندامی مەکتەبی سیاسیم بەرپرسی مەکتەبی پێشمەرگە دێرینەکانمو مەسئولی میحوەری

گەرمەسێرم،وەئەو ڕۆژانە سەرپەرشتیاری خورماتوو گەرمیانو خانەقینم وەرگرتووە وەئێستا لەوێ دەست بەکارم، هەرچەندە ئیشەکانی مەکتەب ئەوەنە زۆر نیە ئیشەکانی مەکتەبو ئەوێش ئەکەم.
داعش درێژەپێدەری هەموو ئەو شەڕانەیە کە بەسەر کوردا سەپێنراوە داعش درێژە پێدەری تەعریبو تەبعیسو تەغریبە لەکوردستان، دەمێک بەعسیەکان یان ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی کۆن لەزەمانی مەلیکیەتەوە هەتا عەرەبەکان شۆڤێنیەکانی عەرەب هەوڵیانداوە کوردستان داگیر بکەن بەشێوەیەک لەشێ وەکان تەعریبی بکەن.
دیارە سەردەمی مەلیک لەخانەقینو ئەو ناوچانە زەویان کڕیوەو عەرەبەکانی لەیەمەنو لەجێگەکانی ترەوە هاوردە کردوەو نیشتەجێی کردوون وەدوای ئەوە بەعسیەکان هاتنو ئەو ناوچانەیان لەکورد چۆڵ کردو عەرەبیان هێناو نیشتەجێیان کرد لەو شوێنانەی لەساڵی حەفتاکاندا لە٪٧٠ ی ناوچەکانی جەلەولاو دەوروبەری کورد بوون بەڵاموایان لێکرد ئێستا لە٪١٠ ی کورد ماوەتەوە لەو شوێنانە دوای ئەوەش کە حیزبی بەعس ڕوخا هەر شۆڤێنیەکانی عەرەب بەناوی ئەلقاعیدەو ئەنسارولسونەو ئەنواع ئەنسارەوە دەستیان کرد بەکورد کوشتنو بۆ ئەوەی کورد لەو ناوچانەدا نەمێنێت بەوەش تا دەهات ڕێژەی کوردیان لەو ناوچانە کەم دەکردەوە، ئەمجارەیان داعش دروست بوو، داعشیش درێژەپێدەری هەمان ڕێبازی ئەمانەیە،وەدرێژە پێدەری تەعریبە لەو ناوچانەوە ئەوان نیەتیانوابوو نەک ئەو ناوچە داگیر کراوانە تەعریب بکەنو کوردی لێ نەهێڵن بەتەما بوون دەست بەسەر هەموو کوردستانیشدا بگرن وەچیان کرد لە شەنگال ئاواش لەگەل هەموو کورد بکەنو کچەکان ببەن بەغەنیمەتوماڵەکان ببەن قەتڵو عامی میللەتەکەش بکەن قەتڵو عامێکی عەرەبی بەڵام بەهیممەتی

هێزی پێشمەرگەی کوردستانو میلەتەکەمان نەیانتوانی ئەو ئاواتانە بێننە دی،وەشەڕی ڕووبەڕوبونەوەی زۆر کرا خۆتان ئەزانن لەجەلەولا قورسترین شەڕ ڕوویدا بەحوکمی ئەوەی فڕۆکەی هاوپەیمانان هاوکاری هێزی پێشمەرگەی نەئەکرد، وەشاری جەلەولاو ئەو ناوچانە کە ئازاد کراون هەمووی بەهیمەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئازاد کراون، وەتاکو ئەمرۆ ١٦٧ شەهیدمان هەیە لەناو جەلەولایا، وەلەناو شاری جەلەولا خۆتان ئەزانن شەڕی ماڵ بەماڵو کۆڵان بەکۆڵان کرا. وەهێزی داعش هەر ئەوە نیە کە هێزێک بێت کەس یارمەتی نەدابێت هێزی داعش یارمەتییەکی زۆری هەبوو لەدونیاوە، بەو چەکانە هێزی عێراقیش کە لەو ناوچانە هەبوون بەچەکو جبەخانەو هەموو شتبێکەوە کەوتە دەست داعش وەداعش هێزێکی مەشق پێکراویش بون لەبەر ئەوە هەموو ئەفسەرە بەعسیەکان هەموو عەریفو نائیب عەریفو بەعسەیکانی ئەوەی لەوێ بوون دەستیان دایە چەک وەئەوانە شارەزاییەکی باشیان هەبوو لەشەڕ هەم لەشەڕی کوردستان هەم لەشەڕی ئێران عێراق، هێزێکی مودەڕەب بوون ئەوانە ئێمەش بەداخەوە لەدوای ڕاپەڕینەوە ئیهتمامێکی ئەوەنەمان بەهێزی پێشمەرگە نەدا، ئێمە لەڕوی مەشقەوە مەشق پێکراو نەبوین بەڵام هێزی پێشمەرگەی کوردستان بڕوای بەوە بوو کە ئەبێ مقاومە بکاتو ئەبێ ڕوبەڕوی داعشو داگیرکەران ببێتەوە، توانیمان ساڵێک زیاتر شەڕی داعش بکەین لەوێدا،وەشەڕەکانی ئێمە زۆر زیانمان لێکەوت بریندارى زۆرماندا، وەکو باسمان کرد ئەو ریزە شەهیدەماندا بەڵام هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەردەوام مقاومەی کرد تا توانیمان لەڕۆژی ٢٠١٤/١١/٢٣ تێکیان بشکێنینو وەهەموو ناوچەکەیان لێ چۆڵ بکەین وەتاکە میحوەر بوو لەکوردستانا بەبێ هاوکاری هاوپەیمانان بەبێ هاوکاری هیچ لایەک

توانیمان هێزەکانی داعش لەو ناوچانە تێک بشکێنین‌و دەریان بکات، وەئەوان لەشەڕەکانی ئێمە کە بێ ئەمل بوون لەوەی کە ناتوان بەسەرمانا سەربکەون دەستیان کرد بەبەکارهێنانی ماشێنی گەورەی بۆمبڕێژکراو ئەوەبوو لەجێگایەک پێ ئەڵێن چاقیلاند یان پێ ئەڵێن بورجەکە لەوێ ماشێنیەکی لۆریان تەقاندەوە هێزەکانی ئێمە هەمووی بوون بەژێر خاکو خۆڵ ١٥ پێشمەرگەمان لەوێ شەهید بوو وەتوانیان بەوە سەرکەوتنێک بەدەست بهێنن لەبەرامبەر هێزی پێشمەرگەوەئەوان قەناسی زۆریشیان هەبوو لەئەنجامی زۆری قەناسەکانیان هەمو ڕۆژێک یان بریندار ئەبوو یان شەهید ئەبوو بۆیە من جارێکیان بڕیارمدا لەناو جەلەولا بکشێینەوەو لەدەرەوەی جەلەولا سەنگەر بگرین ئەوان زۆر شارەزا بون لەشەڕی ناو خانوو و ئێمەش شارەزا نەبووین هێزەکەی ئێمە زۆر سەرەتاتکێیان ئەکردو خۆیان دەرئەخست ئەوانیش بەقەناس لێیان ئەدابن، بەڵام دوای وەکوو وتم لە١١/٢٣ توانیمان تێکیان بشکێنین ئەوان پێیان‌وابوو ئەبێت هێرش بکەنە سەرمان‌و ئێمە تێکبشکێنن بێن شاری خانەقین کە شارێکە لە٪٦٥ بۆ ٧٠ ی شیعەیە، ئەو شارە بگرن‌و وەک شەنگالی لێبکەن وە٩٣٠٠ کاکەیشی تیا بوو تەبعەن بەنیسبەت داعشەوە بەپێی بیرو باوەری ئەوان ئەوان ئیسلام نین ئەوان ئەبێت بیگیرێن‌و کچەکانیان بەغەنیمەت ببرێن بەڵام بەهیمەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان‌و هەموو ئەو فەرماندە قارەمانانەی کە شەهید بوون ئێمە بەرگریمان کردو تێکمان شکاندن لەباتی ئەوەی ئەوان ئێمە تێکبشکێن ئێمە ئەوانمان تێکشکاندن‌و لەناوچەکە دەرمان کردنە دەرەوە، زۆر شت هەیە کە ئەبێ باس بکرێت یەکێک لەوانە کە شانازی پێوە ئەکەین هاوکاری جەماوەری خەڵکی کوردستانە، کە ئێمە لەوێ لەڕوی ئازوقەوە لەڕوی خزمەتگوزاریەوە لەڕوی جل‌و بەرگ‌و

پێڵاوەوە لەڕوی بەتانیەوە خەڵکی کوردستان نەیان هێشت ئێمە پێ ویستمان بەهیچ بێت وەلەهەمووی خۆشتر بەدەیان مامۆستای کچو ژن ڕەنگە کەسو کارەکەیان قەت نەیهێشتبێت بەتەنها بچنە ناو بازاڕ بەڵام بەکۆڵە نانەوە ڕویان کردە سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان نانیان بۆ هێزی پێشمەرگە ئەبرد لەکاتێکا ئەوان نانو قاپی خۆیان پێ بوو وەئەگەیشتنە هەر سەنگەرێک ئەیان وت ئێمە نانمان بۆ براکانمان هاوردووە وەنانەکەیان دابەش ئەکردو چێشتوگۆشتونانو ساردیو هەموو شتێکیان ئەهێنا بۆ هێزی پێشمەرگە ئەوەش شتێکی زۆر گەورەیە لەناو میللەتی ئێمە لەبەر ئەوەی میللەتەکەی ئێمە لەشۆڕشا زۆر بووە بەڵام ئاوا نەبووە کە خەڵک نان بێنێت ئێمە داوامان لەکەس نەکردوە ئەوان بۆ خۆیان ئەو شتانەیان ئەهێنا، وەدەیان کەسیش ئەهات بەخۆبەخش یارمەتی هێزی پێشمەرگە بەن هاتنە ئەوێو شەهیدیش بوون وەدەیان کەسیش بریندار بوون واتا پیاوی دەوڵەمەند بۆ نمونە ئەو پیاوەی بەرامبەر کە ناوی حاجی ساڵحە زۆر دەوڵەمەندە پارەی زۆری هەیە ماشێنی زۆری هەیە خانوی زۆری هەیە کوڕو کچی زۆری هەیە بەڵام هاتو لەوێ بریندار بوو لەهێرشا بۆ سەر داعش برینداربووم ئەوان سەروەریەکن بۆ میللەتەکەمان من هیچم نیە موزەکرات ئەنوسمەوە ڕەنگە موزەکەراتەکەم بڵاوببێتەوە ڕەنگە ئەوەی من زۆری پێ بچێ، من حەزم کرد شتێکت بۆ باس بکەم کوڕێکی گەنج لەئەڵمانیاوە هاتبوو خۆبەخش بوو تەلەفونیان بۆ کردم گوتیان بریندارمان هەیە ئیسعافێکمان بۆ بنێرە برینداکە دیار بوو ئەو خۆبەخشە بوو بردیانو دوای پێنج شەش ڕۆژ تەلەفونێکم بۆهات وتم فەرموو گوتی من ئەو کوڕە خۆبەخشەم کە ئەو ڕۆژە بریندار بووم ئێستا هاتومەتەوە با ماشێنیەک بمبات بۆ جەبهەکە تەبعەن ئەمە لەپێشی

پێشەوە بوو بردیانەوە تەقریبەن دوو سەعاتی پێچوو دوای ئەوە تەلەفونیان بۆکردم گوتیان ئیسعافێکمان بۆ بنێرە شەهیدێکمان هەیە کەسەیرەکەم ئەو کوڕەیە لەئەڵمانیاوە هاتۆتەوە بریندار بوە هێشتا برینەکەی خوێنی لێ ئەچۆڕێ ئێستاکە شەهید بووە، واتا ئەوانە هەمووی سەروەری‌و گەورەییە بۆ میللەتەکەی ئێمە.. ئێمە پێمان‌وابو بەتایبەتی لەدوای ڕوخانی بەعسەوە گەنجەکانمان توانای مقاوەماتیان نیە هەر بەدوای ڕەفاهیەت‌و ژیان‌و ئەوانە کەوتون بەڵام لەم شەڕانە دەرکەوت کە گەنجەکانمان چەند قارەمانانە بەپیری مەرگەوە ئەچن وەبەتایبەتی پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەو گیانە پەروەردە کراون کە بچنە بەرەکانی شەڕو خۆیان بەکوشت بدەن لەپێناوی پاراستن‌و سەلامەتی‌و حورمەتی میللەتەکەمان کە ئەوە هەموو سەروەری گەورەن ئەو کوڕە ناوی نازانم بەڵام خەڵکی مەیدانە پێموایە بەتەمان پەیکەریشی بۆ دروست بکەن ئەگەر لەمامۆمستا عەلی پەرلەمان بپرسن لە٢٤و ٢٥و ٢٦ ی مانگ ئێمە یادی شەهیدەکانمان ئەکەینەوە خۆت ئەتوانی بێیتە ئەوێ‌و بەچاوی خۆت بیبینی، دیارە من فەرماندەی ئەو میحوەرە بوم‌وەشانازیش ئەکەم بەڕاستی بەو میحوەرەوە کەتوانیمان پێش هەموو کوردستان‌و عێراق سوپایەک تێک بشکێنین کەسوپای سوری تێکشکاندووەووەسوپای عێراقیشی تێکشکاندوە، بەڵام ئێمە بەچەکە کۆنەکانیشەوە توانیومانە سوپا دڕندە حەیوانیەتیەکەیان تێکبشکێنین ڕۆژێک لەتەلوەرد بوین هێرشمان کرد بۆ گرتنی تەلوەرد دیارە ئەوان ماشێنی بۆمبڕێژ کراویان زۆر ئامادە کردبوو بۆ ئەوەی بیتەقێننەوە، ئێمە لەناو ترێلەیەکی زۆر گەورەدا بون بۆئەوەی گولەو شت زو نەیبڕێت تادێتە ناو هێزەکەوە خۆی بتەقێنێتەوە هات ئارپیجیان زۆر پێوەنا پێشمەرگەکان بۆ ئەوەی نەیەتە پێشەوە

نسیم قادر پور

کورِێکوابزانم ناوی سالار بوو گەرمیانیە ئەو نەیهێڵابوو سەیاقەکە بتوانێ بێتە ناومانەوە لەوێوە ئارپیجیەکی کردە ژورەوەو ترێلەکەی تەقاندەوە، کەترێلەکەی تەقاندەوە پێموایە بەقەد بۆمبەکەی هێرۆشیما ئەوەندە زەختی بوە من ٤٠٠ مەتر تەقریبەن لێوەی دوربوم پارچە ئەهاتە خوارەوە زۆر گەورەبوو پێشمەرگەیەکی منالّ لامان بوو ناوی شیروانەواخۆیدا بەسەرما وتم کورِم بۆوا ئەکەیت گوتی ئاخر لەبەر ئەوەی ئەو پارچە گەورانە لەتۆ نەدرێت وتم کورِم ئاخر ئەگەر تۆ شەهید بیت یان من شەهید بم چ فەرقی هەیە وەئەگەر ئەوە بدات لەئێمە تۆ شەهید ئەبیت یان من فەرقی چییە واتا ئەوە خۆشە ویستی پێشمەرگەیە بۆ فەرماندەکەیو بۆ هاورِێکەیو ئەوانە، ئەمانە هەمووی شتی موهیمن، ئێوارەیەک پێشمەرگەیەکی تر لێرە بوو پێشمەرگەیەکی منالّە دەبابەکان لێرەوە ئەرِۆیشتن ئەوان زۆر هێرشیان ئەکرد داعش زۆر قومبەلەیان ئەهاویشت بۆ ئەوەی دەبابەکان نەچنە پێشەوە منالّەکە شۆفلّێکی پێبوو وابزانم درع بوو پێش هەموو دەبابەکان کەوت سانرەکەی کردەوە هەرچەن قومبەلەی زۆریان تێ گرت بەلّام هەر ساترەکە کردەوە برادەرێک گوتی داعشەکە لەسەنگەرەکەیا تەقەی ئەکرد یەک کێلە شۆفلّای کردە ژێر داعشەکەوەو ئاوای کرد بەرەو رِوی پێشمەرگەکان بۆ ئەوەی بیکوژن، ئازایەتی زۆر گەورە کراوە بەراستی بەلّام تۆمار نەکراوە هەقوایە ئازایەتی ئەوانە تۆمار بکرێن، ئیتر سوپاس..

# لیوا دەحام ئیبراهیم گەرگەری

من (لیوا دەحام ئیبراهیم گەرگەری) ئێستا ئامری میحوەری داقوقو هێزی پشتیوانی دووەمم، لەسەر بڕیاری پەرلەمانی کوردستان لە٢٠١٤/١٠/٢٠ هێزێکی پشتیوانیوزارەتی پیشمەرگە ڕۆژی ٢٨ /٢٠١٤/١٠ بۆ ئیبراهیم خەلیل ئەڕۆیشتم، تەبعەن گەیشتمە دهۆک بادینان هاتنو پیشوازی ئەو هێزەی پێشمەرگەیان کرد، بەحاڵەتێکی مەعنەوی زۆر ئێمە لە ٢٠١٤/١٠/٢٩ کە لەناو باکوری کوردستان هەزاران خەڵکی کوردی هاتن پێشوازی ئەو هێزەیان کرد، ئێمە لەڕۆژی ٢٠١٤/١٠/٣٠ گەیشتینە سروچ، کەقەزا بوو نێزیکی کۆبانێ بوو، ڕۆژی ٢٠١٤/١٠/٣١ ئەو هێزەی پشتیوانیە لە سەعات ١٢ ی شەو ئێمە چوینە ناو کۆبانی، قۆناغی کۆبانی کە ئەوکاتە لە٪٨٥ بەدەستی داعش بوو، بەڵام ڕۆژی یەکەم ڕۆشت ئێمە پێشوازی ئەو فەرماندانەی یەپەگەو یەپەژە هەڤاڵ مەحمودو شێخ حسمەتوەزیری دیفاعی هێزی کورد لەکۆبانی پێشوازی لەم پشتیوانیەی ئێمەی کرد، لەیەکەم ڕۆژ غورفەکی تەنسیقی موشتەرەکمان دروست کرد، لەنەقەبی ئەو هێزی موشتەرکی کوردی لەناو کۆبانی یەپەگەو یەپەژەو هێزی پشتیوانی وەسوار ڕەقە وەجەیشی حەربی، ڕۆژ بەڕۆژ ئێمە شوێنی خۆمان دروست کرد ڕۆژی ٢٠١٤/١١/٣ داعش هێرشێکی لەسەر ٣ میحوەر لەسەر کۆبانی دروست کرد بەڵام ئێمە بەهاوچەکی پشتیوانی قورس بەهاوناتو تۆپخانەو ڕاجیماتی هێزی پشتیوانیوەزارەتی پێشمەرگە یارمەتی زۆر بۆ ئەم

هێزی کوردی لەناو کۆبانی داعش ئەو هێرشەی ئێمەی شکاند، ئێمە وەکوەجبەی یەک ٤٥ ڕۆژ لەکۆبانی ماینەوە لەقۆناغی ٤٥ رۆژ ٪٤٥ لەدەستی ئەو هێزی پشتیوانی وەک بەحسی هێزی کوردی لەناو کۆبانی وەک یەپەگەو یەپەژە قارەمان بوون ٤ مانگ شەڕیان بەرامبەر داعش بەچەکی خەفیف کلاشینکۆفو ئارپیجیو بیکەیسی کرد، بەڵام لەئەم هێزی پشتیوانی هێزی پێشمەرگە لەگەڵ برادەرانی ئەو هێزەی کوردی کەقۆناغێکی زۆر باش بوو وەجبەی ٢ کاروانی ٢ هاتینە بەدیل کرن عەمید ڕەشیدو لەگەڵ ئەو برادەران هاتن لەڕۆژی ٢٠١٤/١٢/٣ ئەو ژنیە ٤٥ ڕۆژ وەک ئیشی لەسەر ئیشی ئەو بەرنامەش دژی داعش کردن، لەبەرنامەژی ٤٥ ڕۆژواژی لە ٪٦٥ کە دەستی قەوەتی یەپەگەو پەکەکەو یەپەژەو هێزی پشتیوانی، من وەک کاروانی سێهەم دیسا وەک فەرماندەی ئەو هێزی پشتیوانی لە٢٠١٥/١/١٥ ئێمە دیسان چووینەوە وەجبەی کاروانی سێ، لەسەر ئەو بەرنامەیە ئێمە ئیشی خۆ کردن تەبعەن ئێمە دەوری فڕۆکەکانی دوەلی زۆر باش بوون بەدلی مە ئەو بۆردوماندکرد لەگەل چەکی پشتیوانی هێزی پشتیوانی ٢ لەگەڵ برادەران یەپەگەو یەپەژە لەڕۆژی ٢٠١٥/١/٢٦ ڕزگارکردنی کۆبانی، رزگارکردنی کۆبانی چشتێکی گرنگ بوو بۆ حەموو کورد وەبۆ عالمژی جیهانژی، داعش لە ٦ مانگ چەند محاوەلاتی قورس کرد لەکۆبانی بەڵام یەپەگەو یەپەژەو ئێمەژی وەک چار کاروانی هێزی پێشمەرگە چەن کاروان ژی ئێمە گەیشتین کۆتایی لە ٢٠١٥/١/٢٦ کۆنترۆڵبی، ئێمە لەپشت ٢٦ تەبعەن ٣٧٥ گوندی کورد بەدەستی داعش بوو لەدەوروبەری کۆبانی، لەڕۆژئاڤاو لەڕۆژهەڵاتو لەباکوری کۆبانی ئێمە کەتن مەرحەلاتی قۆناغی هێرش کرن لەسەر گوندەکانی کورد، لە٤٥ ڕۆژی ئێمە لەوێ بوون ٢٧٥ گوند ئێمە ڕزگارکردن، داعش لەکاتی خۆ

حەفت ئەمیری ئەوان هاتنە کوشتن ٢٥٠٠ داعش لەناو کۆبانی لەئەم فەترەی ئێمە هاتنە کوشتن، بەڵام کاروانی ٤ یش چوون هاتن عەمید یاسین غەریب ئەوانیش ژنیە لەخیلالی دوو مانگ شەڕێکی باش ژی کۆنترۆڵ کرن لەگوندەکان، ئێمە ڕەوشی کۆبانی یەکەم کاروان چوو خەڵک کەم بوو لەوێ خەڵک نەبوون بەڵام داعش زۆر لەسەر بوونوردەوردە خەڵک هاتنوەجبەیەک کاروانی‌یەک ٢٠٠ عایلە هاتن کاروانی ٢ بوو بە٥٠٠ عایلە کاروانی ٣ بوو بە١٠٠٠ عایلەلەکۆتایی خەڵکێکی زۆر هاتن، ڕەوشی کۆبانی باش بوو بەهێزی پێشمەرگەو یەپەگەو یەپەژە، دەوری پێشمەرگە دەورێکی زۆر باش بوو لەکۆبانی لەلای ٤ کاروانی پێشمەرگە ئێمە یەک شەهیدی بەڕێزدا ١٣ بریندار ژی کاروانی هێزی پێشمەرگەیوەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان، لەڕەوشی کۆبانی ئێمە لەکۆتایی ئەو ئەرکی هێزی پشتیوانی هەزاران خەڵک گۆتی ئێمە حەزدکەین پێشمەرگە لەوێ بمینن پێشمەرگە برابوون ئێمە چوون شان بەشانی برای خۆ شەڕ کرن یەپەگەو یەپەژە بەڵام ئێمە دائیمە بحس ئەکەین دەوری یەپەگەو یەپەژەی لەکۆبانی بەرامبەر ئەم داعشی شەڕێکی قارەمان کردووە ئێستش ژی بەردەوامیە ئەم یەپەگەو یەپەژە ئێمە ژنیە لەسەر بریاری پەرلەمانی کوردستانووزارەتی پێشمەرگە وەئەو چوار کاروانە بوو ئێستا من هاتم لەشوێنی خۆ بەڵام ئێمە بەردەوام لەگەڵ برادەران هەیە دایمەن بەحس دکەین، یەژی دەوری پێشمەرگە دەورێکی قارەمان بوو هاتن لەگەڵ برای کورد کۆبانیو گوندکانی کۆبانی ڕزگار کرن، کە ئێمە ڕۆیشتین خەڵکێکی زۆری تیا مابوو زۆر تری دکەت بوون لەتورکیا لەسەر سروچ بوون لەسەر ئەو سەنگەری سروچ بوون، بەڵاموردەوردە کە پێشمەرگە هاتن ئیشێکی باشمە کردوردەوردە کە

خەڵک هاتن ناو کۆبانی هاتن سەر ماڵی خۆو دلیوان خۆش بوو قوەتێکی باش لەپشتییەپەگە بوو ئەو هێزی پشتیوانی پێشمەرگە بوو، داعش زۆر محاوەلەکردووە کە دەست بگرێت بەسەر خەڵکدا بەڵام قارەمانی یەپەگەو یەپەژە مەجال نەدا داعش وەک شەنگال یەوەرن شەڕێکی باشی کرد پێی نەگیرێ بڕیاری پەرلەمانی کوردستانووەزارەتی پێشمەرگە بڕیارێکی زۆر ڕێکو پێک بوو ئەو وەکو هێزی پشتیوانی چووە کوبانی ئێمەش ژنیە وەک برا وەک قارەمان لەگەڵ ئەم شەڕێکی باش کرن، هیچ عائیلەیەکی کۆبانی نەکەتیە دەستین بەڵام هەمیان چونە سەر سنوری تورکیا لەسنوری سروچ بوون بەڵام وەک خەڵکی شەنگال نەکەتیە دەستی ئەو داعش، ئێمە وەکی هێزی پێشمەرگە چووینە ناو کۆبانی جیهازی لاسیکی هەبوو بەدەستی داعش ئێمە لەسەر ئەو تەڕەدودە داعش قەسف ئەکرد، گوتی ئەم پێشمەرگە دیارە قارەمانن مەجال نادەن بەئێمە شەڕ بکەن زۆر مەعنەویاتی ئەوان هاتنە خوارێ گوتی ئێمە نەتوانی شەڕ بکەین بەرامبەر ئەم پێشمەرگە بەرامبەر ئەم یەپەگەو ئەوان زۆر بوون پێشمەرگە نەبا ئێمە ئەتوانین شەڕێکی باش بکەین بەڵام ئێستا پێشمەرگە بەچەکی قورس شەڕ دکا مەعنەویاتی ئێمە زۆر خراپە بەقیادەی خۆیا داخفتن گوتی پێشمەرگە ئەم کافر هاتنن شەڕی مەکەن، ئێمە ئەو رۆژی حەقیقەت ڕزگار بوو کوبانی هەزاران خەڵک هاتن ڕزگاربوون پێشمەرگە ماچکرن چەکی مە ماچی کرن سوپاسی بۆ مە کرن گۆتی ئەمە قەد لەخەیاڵَو لەمێژوو بیر ناکەین ئەم پێشمەرگە هاتن پێشمەرگە نەبا ئێمە نەتانین بۆ وڵاتی خۆ هابام بۆ کۆبانی هاتباین، ئەرکێکی زۆر لەسەر ئێمە بوو ئێمە کە داخڵی تورکیا بووین ئێمە تەوەقوعمان کرد ٢٠٠ هەزار خەڵکی کورد هاتنە پێشوازی مە کرن

خەڵکێکی گریان ماشێنی مەیان ماچکرن تایەیی ماشێنیان ماچەکرن هاتن لەسەر ئەم ماشێنی ڕەتبەو ئێمە ماچی کرن سەری پێشمەرگە ماچی کرن گۆتی هاتن بەرەکت بۆ ئێمە خێرهاتن، ئێمەوەعدا ئەو خەڵکە ئێمە لەناو تورکیا بووین ئاڵای کوردستانی ژ سەر ماشێنی ئێمە بوو ئاڵای پێشمەرگە ئەوەبوو بۆ تورکیا قورس بوو بەڵام ئەوە موافەقەی ئەمریکا بوو ئێمە کە داغڵی تورکیا بووین هەزاران خەڵک هاتنە سەر چەکی مە لەگەڵ مە ئێمە ٢٠ سەعات لەقەندیل تا گەیشتینە سروچ خەڵک لەسەر جادە بوون مەش‌وەعد دا ئەو خەڵکەی خۆ کوردی باکور ئێمە ئیشەڵا ئیشێکی باشمانکر مەجالمان نەدا بەداعش بلفیعل لەگەڵ ئەو برادەران‌وەعدی خۆژنیە جێبەجێ کرن، وەکی خەڵکی دژنیە هەزاران خەڵک ڕۆژی ئێمە هاتن هەزاران خەڵک گریان گۆتن پێشمەرگە ببینن هەر لەکۆبانێ بمینە دەرەچن بۆولاتی خۆیان ئێمە گۆتی لەکەنگی لاسامەحلا جارێکی دی دژی داعش نزیک عەفرین بوو لەئامەد بوو لەقامیشلۆ بووین لەسەر ئەرکی مە حازرو ئامادەن، گەلێک خەڵکی مە خاسەتەن‌وەجبەی یەکەم وەکی یەپەگەو هێزی پێشمەرگە بەردەوام بوون قوەتێکی باش بوون لەپێشوە چوون زۆر خەڵکێکی مەدەنی هاتن وەک تەتەوع وەک هاتبوونە شەڕ ئەوە ئیشی مە نەبوو ئەوە ئیشی یەپەگە بووو بەڵام خەڵک دەهاتن ڕۆژانە ٥٠ بۆ ٦٠ گەنج ئەهاتن بۆ شەڕ، ئەوان گوتیان لەو کاتەی پێشمەرگە هاتوە ئێمە ترس نەماوە، ئێمە جارێکی لەرۆژئاوای کوردستان لەگوندی سەلیم بەگو مەلازەو نزیک بوو داعشێک یەپەگە گرتی تەمەن ٢٣ ساڵ بوو عەرەب بوو خەڵکی حەلەب بوو منیش خۆ قسە لەگەڵ کرد گۆتم ئێمە پێشمەرگەنە ئێمە کوردین هاتوین بۆ ئە وەتان کرد گوتی ئێمە مەجبوربی هاتون شەڕ کرن ئێستاوەزعی مە خەرابە رۆژی پێشمەرگە هاتن بۆ کۆبانی ئەوە

موباشیر بوو قسەمکرد لەگەڵی، ئێمە لە١/١٩ مەشتەل نور عەدەتێکی ستراتیژی بوو لەکۆبانی ئێمە کۆنترۆڵ کرد لە١٩/ ١ بەری ٢٦ کۆنترۆڵ کرد ئێمە چوین لەناو کۆڵان سەدان تەرمی داعش لەخواریێ بوو لەکۆڵان، ئێمە نزیک کۆڵانێکی بوو یەپەکە بۆمانی بەحس کرد قارەمانی ئەو برادەران گوتی لەڕۆژێکی ٢٠ تۆپێنی موخەفەف لەم کۆڵان داعش تەقاندی، بەڵام یەپەکەو یەپەژە هەر قارەمان شەڕی خۆت کرن، ئێمە وەک کاروانی یەکەم شەڕی خانو بوو، واتا ئەم خانوو چوار خورفەبوو ٢ غورفە بەدەستییەپەکە بوو ٢ غورفەی بەدەستی داعش بوو، ئاوا بوو بورەو ڕومان شەڕدکن ئێمە وەک هێزی پشتیوانی ٢ بەئەم هاوەناتو بەڕاجیمات بەئەم ڕەبایاتی قورس ئێمە پشتی داعشمان شکاند، ژنەکانی یەپەژە لەناو کۆبانێ شەڕیان ئەکرد فەوجێکی یەپەژە هەبوو ٧٥٠ ئافرەت بوون شەڕی ئەوانیش وەک شەڕی پیاو بوو لەسەنگەر لەپێشەوە ئێمە سەرۆکی پیادە بە٢ برادەر بوو ساڵح موسلیم بوو لەگەڵ ئەسی عەبدوڵا، لەبیدایەتی شەڕ نەچو بۆ کۆبانی ئافرەت بوو کلانشی کۆڤ لەسەر ملی ئەو بوو، ئێمە یەکەم ڕۆژ چوین هاتیە پێشوازی کرن دایمە تەنسیق لەگەڵ ئەو بوو گوتی من خەڵک هەمووی چو گوتی من حەزنەکرد لەکۆبانی بهێڵم ئەو لەگەڵ یەپەکەو یەپەژە بووم سەرۆکی هێزی پەیەدە گوتی هەتا کۆنترۆڵ بوو ڕزگار ئێمە ئەو لەناو شەڕ ئەو سەرۆک، وەکو ژنی ئێمە لەناو کۆبانی سەدان ئافرەتی قارەمان خەڵکی باکور بوو خەڵکی ئامەد بوو خەڵکی کۆبانێ خۆی بوو قارەمان بوون ترس نەبوو هەبوو تەمەنی ٢٥ بوو ٢٦ بوو ٣٠ بوو لەگوندەکانی ژنێ ئێمە کە چوو ڕزگار بونی ئەو گوندەکانی لەمیحوەری ڕۆژ ئاڤاو باکورو ڕۆژهەلات، ئێمە یەک شەڕبوو یەک خەت بوو یەک هێز بوو، یەپەگەو یەپەژە فەرق لەوە نەبوو من تەئکید دەکەم دوو سێ

فەرماندەی قارەمان هەمووی ئافرەت بوون لەکۆبانێ ئەوان ئەوامر درا ئەو یەپەکەو شەڕ دەکرد لەسەنگەرەکانی پێشەوە قارەمان ئافرەت بوو، لەشەوان ئێمە ٢ جار هێرشی قورس دروست بوو، ئێمە چوینە پێشەوە ئەو ئافرەت لەسەر ساتر بوو لەپێشمەوە ئەو مەعلوماتی داناو ئیعتیباراتی ئەکرد لەسەر داعش ئەوەم قەت بیرناچێتەوە دایمەن باسی دەکەم وەک ئەکتەرەتی کۆبانی ئێمەش جهەتی پێشمەرگە نەقیب ڕوکن شەهید بوو هێدی شەهید بوو بەڵام لەوەی قارەمان بوو بەرامبەر داعش بوو جار بووە ٢٠ مەتر نەبوو ئەوجا ئەو داعش چەند ئسلوبی ڕەق بوو سەری دەبڕی دەکوشت بەس ئەو ئافرەت شەڕی خۆت کرد ئێمە دچوو گوتی ئەوە گەل لەوەی تەقین دروست بوو گەل برادەری مە شەهید بوو خوشکی مە شەهید بوو گوتی قەت من ئەو شوێنەم چۆڵ نەکرد، دەورێکی قارەمان بوو بۆ ئەو ئافرەتی یەپەژە لەناو کۆبانی قارەمان بوو دەورێکی باشی هەبوو واتا ئێمە لەوێ هەستمان نەکرد ئافرەتێک گوناحێ هەر قبوڵی نەکرد لەپێشەوە بوو ئەوە، لەکۆتای ئەو هاتن شەڕ تەواو بوو جادەکە پاکرن لەئەو تەرمی داعش لەخوارێ زۆر هەبوون ئەوە سەحب کرن مەخفەراتمان بۆ دروست کرد لەناو کۆبانی بەشۆفڵ بۆ دروست کرن دفن کرن حەتا نەمێنێت لەناو کۆبانی، یەکەم ئەمیری کە کوشتن ئەبوو حەمزە زۆر بەقوەت بوو لیبی بوو، بەڵام ڕۆژێ هاتە کوشتن شەڕێکی زۆر قورس بوو حەفت ئەمیریش هاتنە کوشتن چیچانی بوون پاکستانی بوون ئەوە زۆر بەردەوام شەڕی دەکرد زۆر قورس بون واتا گروپی چیچانی داعش‌و ئەفغانستانی بون ئەمیشە زۆر قورس بوو، بەڵام داعشی سوری وەکو چیچانی بەقوەت نەبوون لەکۆتایی ئەو شەڕی لە٢٠١٤/٩/١٥ تا ٢٠١٥/١/٢٦ داعش ٣٧ ماشێنی موخەفەفی کەوتەڕێ بەرەو کۆبانێ تەقاند ١٩ حیزاف ناسب

وەک چەکی بەدەستی ئەو یەپەکە کلاشینکۆف ٤٩٦ کلاشینکۆف بەدەستی یەپەگە بوو بیکەیسی ٦٩ ئارپیجی ٧٦ قەناس ٦ جوعبە٦١ نازوری لەیلیو نارنج ٣٢ دۆشکە ١٤و نیو ٢ کاتۆشا ٢ شەهیدی یەپەگەو یەپەژەو لەگەڵ پێشمەرگە ٤٠٨ پێشمەرگەو یەپەگەو یەپەژە شەهید بوون ١٣ بریندار ئێمە بوون بەڵام وەک ماشێنی کە داغڵی کۆبانێ ببون ٨٧ ماشێن بەدەست یەپەگە بوون ١٦ دەبابەو ٥ هەمەرو ١٤ دۆشکە ٤ هاوەن ٢ مودەرەعە ئەوە بەدەستی یەپەگەو یەپەژە بوون لەکۆتای شەڕی ٢٠١٤/٩/١٥ هەتا ٢٠١٥/١/٢٦ ڕزگار بوونی کۆبانی، ئێمە وەکو بەحسی دوسێ گوندی رۆئاوا لەڕۆژئاوای کوردستان محوەری گوندی ئابڕوش بوو مەنازێ سەکتی یەک سەکتی دوو سۆسانی یەکو سۆسانی دوو سێ، لەباشور نەمید تەرمک کۆلمەد لەڕۆژئاڤای کوردستان حەلنج شێران ئەوە گوندی ساڵح موسلیمە تەلحاجد ئەکتەل نزیک گوندی گرێ سپی تەلئەبیەز ئەوە ٦٠ کیلۆمەتر بۆ کۆبانی بوو قەچخو زو ئاخباش شێخاک گەلتیل ئەوە گوندەکان بون تەقریبەن ٣٧٥ گوند هی کۆبانی بەدەستی داعش بوون، بەڵام گوندەکان ٨٠٪ یوێرانە بون بەڵام لەکۆبانی ٧٥٪وێرانە نەبوون بەڵام لەناو سەنتەری کۆبانی سەنتەرێکی نمونە بوو زۆر جوان بوو تەسمیمی جوان بوو بەڵام لەناو سەنتەری کۆبانی ئەو کاتە داعش دەرنەچوو ئێمە ناچار بووین بەچەکی قورس بۆردومانی کێڵگەکان کە دایرەی حکومەتی لێ بوو دایرەی ئاسایشی لێبوو کۆبانی قەزا بوو، کۆبانی نزیک حدودی تورکیا ٢٠ کیلۆ مەترو لەسەر سنوری تورکیا بوو ئێمە ئێستاش لەگەلیان بەردەوامین لەگەڵ مەحمود فەرماندەی هێزی گشتی لەکۆبانی لەگەڵ شێخ عیسمەت وەکوەزیری دیفاع، ئافرەتێکی قارەمان بوو ٢٠ داعشی کوشت ئاخیر سیلاحی نەما خۆ کوشت ئارین نێرکا یەکەم

شەهیدی یەپەژە ئافرەتێک بوو لەناو کۆبانی خۆی تەسلیم نەکرد بەداعش خۆ تەقاندەوە خۆی کوشت، خەڵکی باکوری کوردستانی تورکیا بوو لەبیدایەت شەڕێکی قارەمانانەی کرد، هەڤاڵێکی دی هەبوو هەڤاڵ موسا خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردی ئێران بوو دەیگوت قەناسی کۆبانی ٤٠٠ داعش کوشت بەلام من لیقام لەگەڵ دروست کرد لەمیحوەری ڕۆژهەلات بوو گوندی عمەر بوو هات سەردانی بۆ من کرد رەسمی لەگەڵ گرتم گوتی من ٢ جار سەردانی تۆم کرد تۆم نەبینی گۆتی بەسیلاحێکی کلانشیکۆفی بەسیت ٤٠٠ داعشم کوشتوە گۆتی من تەمەنا ئەکەم کۆبانی تەواو بیو بێم شەنگالیش رزگار بکەم، بەلام لەگرێ سپی بەداخەوە تەلەفونێک بۆمن هات گوتیان هەڤاڵ موسا شەهید بوو، ئەو قارەمان بوو گەنجێک بوو ٤٠٠ داعش بەکلانشیکۆف کوشت، ئەوە شەرەفییێکی گەورە بوو کە هاتە لای من. ئەو یەپەگە بوو، ئێمە لەوێ ٢ شەهید بۆ ٣ شەهیدمان ئەبوو بەحەرەکەی مەعنەوی بەدڵێکی رەحەتی تەحەمولی ئەو شەهیدانەمان ئەگرت، بەلام ئەوە سەربەرزیە بۆ مە گەر ئەو شەهید نەباو ئەو بریندار نەبا ئێمە ئێستا نەدەهاتین بۆ کۆبانی، حسێن مەنسور فەرماندە هێزی پشتیوانیو فەرماندەی ئێمە بوو، ئەو شەهیدانە قەد لەبیرمان ناچن، لەکاتی ئیسراحەتیشا ئەوان ژبیر ناکەین، حسێن مەنسور شێرێک بوو لەجەلەولا دایمە تەلەفونی بۆ من دەکرد بەر لەوەی شەهید بی من لەکۆبانی بووم، تێلی کرد گوتی کاک دەحام ئێوە چەوانن باشن وتم زۆر باشین گۆتی چشتێک ناوێ گۆتم نەوەڵا بەردەوام تەلەفۆنی ئەکرد، مەخابن لە٣١ ی مانگ خەبەرمان بۆ هات کە ئەو شەهید بوو ئێمە لەوێ بەراستی بەدڵێکی ناخۆش ئەو خەبەرەمان بیست ئێمە لەوێ مەراسیمێکمان ساز کرد بۆ عەمید شێرکۆو لیوا مەنسور وەک هێزی

پێشمەرگە لەوێ، خۆشبەختانەوەزعی کۆبانی ئێستا زۆر باشە ئێستا پاکدکەن، وەک مەدەر قوتبخانە ئێستا تەلەبە دەوام دکەن، ئێمە ئێستا وەک بەحسی عالەم وەکو بەری چوار پێنج ڕۆژان رەیسی روسیا پوتن لەگەڵ ئەمریکا دانیشت گۆتی دەبێت باشتر دەعمی یەپەگە بکرێت ئەمە ئیعترافێکە، وەرەیسوزەرای بەرتانیا گۆتی ئێمە لازمە دەعمی مادیو مەعنەوی ئەو هێزی کورد بکەن بەرامبەر ئەو داعشە، دەوڵەتی جیهانیش ئیحترافی بەکورد کرد ئەوەشەرەفێکی گەورەیە بۆ هەموو کورد، یەپەگەو یەپەژەو پێشمەرگە ئیشەڵا هەموو دەبێت بەیەک هێزی کوردستانی، سوپاس.

# لیوا ڕەسوڵ عومەر لەتیف (وەستا ڕەسوڵ)

منوەستا ڕەسولم ناوی تەواوم (لیوا ڕەسوڵ عومەر لەتیف) فەرماندەی میحوەری ٤ باشوری کەرکوکم.. میحوەرەکەی ئێمە کە باشوری کەرکوک ئەگرێتەوە، درێژایەکەی ٣٠ کیلۆ مەترە نزیکەی ٣٣ مەتریش لەمەرکەزی شارەوە لەخواروی کەرکوکین، وەژمارەی ئەو هێزەی کە لەبەردەستی منە لەوێ خۆی لە٢٣٠٠٠ پێشمەرگە ئەدات لە١١ لیوا ڕێک خراوەتەوە من لەماوەی ساڵێکو ٦ مانگە لەشەڕی داعش دا لەبەرەکانی جەنگدام بێگومان کارەساتی زۆر گەورە گەورەمان بینیوە لەو شەڕەدا، وەلەهەموی ناخۆشترو لەهەموی قورسترو لەهەموی پڕ ئازارترو دڵ پڕ لەژانتر بۆ ئەو کاتەیە کە هاوڕێیەک لەتەکمانەوە شەهید بووەو گیانی بەخشیوە، بەتایبەتی لەسنوری لای ئێمەوە شەهیدی زۆر قارەمانی گەورە گەورەمانداوە لەبابەتی شەهید لیوا حسێنو شەهید عەمید شێرکۆو شەهید عەقید شێرزادو شەهید عەقید نەریمانو شەهید دڵشادو دەیان شەهیدی ترو یان دەیان فەرماندەی ترو پێشمەرگەی تر، بێگومان ئەوکاتانە دڵخۆشی خۆم بەوە ئەدەمەوە ئەڵێم ئەگەر بەخوێنی ئەوان نەبوایە ماندوبونی پێشمەرگەکانیش نەبوایە ئێستا ئێمە نەمان ئەتوانی کەرکوک بەم شێوەیە بپارێزین، ئێمە لەو شەڕانەدا من یادەوەریەکانم زۆرن تەنها باسی شەوێکت بۆ ئەکەم لەژیانی پێشمەرگەداو لەژیانماندا کە ناومان ناوە شەوی هەرەس لەژیانی

خۆماندا شەوی ٢٠١٥/١/٣٠ بوو سەعات ١٢:٣٠ تێگەیشتین کە دوژمن جمو جۆڵی هەیە ئەیەوێت پەلاماری سەنگەرەکانمان بدات، من پەیوەندیم بەکاک شێرکۆوە کرد کە فەرماندەی لیوای ١ بوو ئەویش گوتی منیش هەستم بەشتێک کردووە بەس نازانم لەکوێوەوەیە، پەیوەندیم بەلیوا نەهرۆ کۆییەوە کرد کە ئەمزانی ناوچەی ئەوانیش حەساسە، من مەعلوماتێکم بۆ هاتبو کە ئەوان سا‌ترەکەی لای خۆیان هەڵئەگرن بۆ ئەوەی جێگای ماشێن بێتەوەو بێنە ئەمبەرەوە، بەنەهرۆشم وت نەهرۆ بەمنی نەوت ئیجازەم لەماڵەوەم گوتی ئێستا جوابت ئەدەمەوە جوابی دامەوە گوتی برادەرانی سەر ساترەکە ئەڵێن ئاگامان لەهیچ نیەو شتیوانیە، لەسەعات ١:٢٠ دەقە بۆ ١:٣٠ لەهەموو ساترەکانی ئێمەوە شەڕ دەستی پێکرد لەهەموو لایەکەوە دوژمن هێرشی کرد هێرشێکی خەست لەسەر میحوەری ٤و ٥ بوو، لەسنوری میحوەری ٤ توانیان سەنگەری ئێمە ببڕنو لەپردی نەهرەوانەوە بگەنە ئەمبەرەوە، کاکە شێرکۆ بەرەو ئەوێ ئەچوو ئێستا ئەچمە نەهرەوانو عیلاجی ئەکەم تۆ خەمت نەبێت هەمیشە ئەو قسەیەی ئەکر ئەیوت بەخوێنی خۆم ئەیپارێزم بەڵێ ئەمجارە بەخوێنی خۆی کردی گەیشتە شوێنی خۆیو شەهید بوو هەر لەوکاتەیا من خەبەرم بۆ هات کەلەقۆڵی ڕەشادیش کاک هیواو ئەوانی لێ بون ئەوانیش شوێنەکەی خۆیان بەجێ هێشتو هێزەکە شکا لەقۆڵی مەلا عەبدوڵاو ئەوانەوە بەتەواوی هێزەکەمان شکا لەقۆڵی تەلوەردەوە هێزەکە شکا من خۆم لەپردی مەکتەب خالید بوم پردی مەکتەب خالید بەلای منەوە گرنگ بو ئەبو بەجێی نەهێڵم چونکە ئەگەر جێی بهێڵم دوژمن دەگەیشتە ناو غازی شیمالو کەرکوک زۆر دەشڵەژا غازی شیمال شەریکەیەکە ئەگەر بتەقێتەوە ڕەنگە کەرکوک هەمویوێران بکات بۆیە ئەو شەوە لەگەڵ

هەرکەسێکدا قسەم ئەکرد چۆن ئەڵێی هەرەسی هێنابوو تەلەفۆنیان بۆ ئەکردم ئەیانوت ئەوە ئێمەش بەجێمان هێشت هەمو فەرماندەکان‌وەلحاسڵ زۆرم لاموهیم بوو ڕۆژ ببێتەوە، بەڵام ئەو ڕۆژە شەو بەلای منەوە درێژ بوبۆوە لەهەموی سەیرترو ناخۆشتر ئەوەبوو کاتێک کەخۆم سکەکەیان لیَ گرتم دوای تەلوەردەوە هاتن خوارەوەیان لیَ گرتم لەپێشەوەش زەختیان لیَ ئەکردم بۆ ئەوەی بەجێی بهێڵم چەند مەترێک بەینمان بوو کاک نەهرۆش تەلەفۆنی بۆکردم گوتی‌وەستا هێزێکم بۆ بنێرە دەورم گیراوە جا بەزمانی کۆیی دەیوت دەورم گیریایە وتم کوڕی باش خۆم گەلێک حاڵم خۆشە دڵم نەئەهات زۆر بیَ ئەمەلی بکەمو بڵێم هیچ نیە وتم دەی هێزێکت هەر بۆ ئەنێرم هیچیشم لانەبو بینێرم لەو کاتانەیا زۆر زۆر ناخۆش بوو بەرەو بەیانی ئەڕۆیشت زۆر تاریک بوو خەبەر ناو کەرکوکیان دا پێم گوتیان لەناو کەرکوکیش هەندێک داعش چۆتە سەر ئوتێلێکو دەستیان بەشەڕ کردوەو ئەوانە ئەوەش بۆورەی پێشمەرگەو ئەوان زۆر ناخۆش بوو لەوکاتەیا هێزێکی لیوای ١٦ بەدەنگمەوە هاتو زۆر پیاوانە توانیمان مقاوەمە بکەین لەسەعات ٨ دا هێزەکەی دوژمنمان شکاندەوە بەداخەوە لەو شەڕەیا ئێمە شەهیدمان ڕاستە زۆر دا بەڵام ئەو هێرشەی کە بۆ سەر شاری کەرکوک کرا لە١/٣٠ دا دەتوانم بڵێم نەبۆ کۆبانیو نەبۆ موسڵو نەبۆ هیچ شوێنێکی تر نەکراوە چونکە ٢٠٠٠ کەسیان کۆکردبۆوە پەلاماری کەرکوک بدەنو کەرکوک بگرن کە زۆربەیان خەتێکی سوریان لەباڵیان بەستبو کەنیشانەی خۆکوژی پێوە دیار بوو ئەو جەنازانەی لەو شەڕەیا کەوتە دەستی ئێمە ٢٣٦ جەنازەبوو بەپێی مەعلوماتەکان ١٠٠٠ کەس لەداعش کوژرا لەپەلامارەکەی ئەو ڕۆژەیا، سەرکەوتنێکی گەورە تۆمارکرا بەخوێنی ئەو قارەمانانە دیارە ئەو

یەکێک بوە لەداستانەکانی سنوری میحوەری ٤ کەمن بۆت ئەگێڕمەوە تا ئێستا ١٦ جار لەسنوری میحوەری ٤ هێرشمان کراوەتەسەر بۆ ئەوەی کەرکوک بگرن بەڵام بەهیمەتی پێشمەرگە قارەمانەکان توانراوە نەگیرێن لەو شەوەیا یەک شت هیوای دامیَ ئامر لیوایەکمان هەیە ناوی کاک تەها کانی بەردینییە پێم وت تەها ئەوە کاک هیواو ئەوان ڕەشادیان جیَ هێشت تۆ چی ئەکەیت بەزمانی خۆشناوانە گوتی کوڕە بەهەقی پێغەمبەر من بەجێی ناهێڵم ئەو قسەیە وەکو بروسکەیەک ڕای چڵەکاندمو دڵم پێی خۆش بوو بەقسەکەی توانیمان ئەوە بکەین لەو شەڕانەیا ئێمە هێزێکی گەورەمان هەیە پێی دەڵێن هێزی پشتیوانی ٢ بەڕاستی زۆر کاریگەر بون ئەتوانم بڵێم ئەگەر ئەوان لەجەبهەکەی کەرکوکدا نەبونایە ڕەنگە کرکوکمان ئەوەندە بەئاسانی بۆ نەپارێزرایە، لەکەرکوک دا یادەوەریەکان زۆرن شەوی تاڵی پێشمەرگە زۆرە شەوی شیرینی پێشمەرگە زۆرە شەوێکیان چومە ڕەبیەیەک درەنگ بوو سەرم لەڕەبیەیەک ئەدا پێشمەرگەیەک لەولاوە گۆرانی ئەوت دەنگی زۆر زۆر خۆش بوو منیش بانگم کرد وتم خۆزگە ئەو دەنگەی تۆ هی من بوایە ئەویش گوتی خۆزگە منیش کوڕی تۆبومایە وتم باشە بۆچی کوڕی من بویتایە گوتی ئێستا لەم جەبهەیە نەئەبوم لەماڵەوە ئەبوم پێموت تۆ هەر کوڕی منی بەڵام کوڕی من لێرەبێت باشە، شەوێک هێرشێکی تر کرایە سەرمان لە٢٠١٤/١١/٣٠ ئەوجارەش هاتن تەلوەردیان گرت کەلەسنوری میحوەری ٥ دابوو لەجیرانی من بوو من نزیک بوم لەوێوە زو گەیشتمە سەریان لەسەعات ٣ شەوەوە لەبەر ئەوەی ئەو فەرماندەی لیوایەش کەلەویَ بوو زۆر ڕەفیقیشم بوو کەچومە ئەویَ سەعات ٣ شەو بوو لێواکە شکابون لەشوێنەکەی خۆیان تەلەفۆنم لەگەڵ کرد وتم تۆ لەکوێی گوتی من شکاوم بەڵام نازانم ئەمەوێت بەڕێی ئەولایا بڕۆمو

بێمە ئەوبەرەوە وتم نەخێر نەچیت بۆ ئەو دێیە داعشی تێدایەوەرە بۆلای من پردەکەم بۆ کۆنترۆڵ کردوی کەئەوان هاتنو ڕۆیشتن ئیتر داعشەکان هێرشیان کردە سەرمان هێرشێکی زۆر سەخت بوو لەسەعات ٤ بەیانی شەڕ دەستی پێکرد لەسەعات ٧ دا هەمەرێکیان بۆ ناردین بۆ ئەوەی پێمانا بتەقێتەوە هەمەرەکە هاتە سەر پردەکە، پردەکەش ٥٠ مەتر بەینی ئێمەو دوژمن بوو لەناوەڕاستی پردەکەیا پێشتر دۆشکەیەکم لەسەر پردەکە دانابوو دۆشکەکە درعی ئەبڕی پێم وت ئیشت هەر ئەوەیە هەرچی لەوبەرەوە هات لێی بدە عەدەد دۆشکەکە لێی دا ناوی محەمەد عومەر بوو پێشمەرگەیەکی گەنجی زۆر قارەمان بوو لێی داو تەقاندیەوە کەتەقاندیەوە بەداخەوە دوای تەقینە وەکە هەڵسایە سەرپێ‌و ئەوان لەوبەرەوە بەقەناس پێشمەرگەکەی ئێمەیان شەهید کرد ئەمە زۆر کاری تێکردم سەعاتێک ماینەوە لەشەڕ جارێکی تر لەسەعات ٨ هەمەرێکی تریان بۆ ناردین دیارە ئەگەر ئەم هەمەرانە بگەیشتایە ناو پێشمەرگەو خۆی بتەقاندایەتەوە ئەوا زیاتر لەسەدان شەهیدی لێ ئەکەوتەوە هەمەرەکەی تر کوڕێکم لەتەنیشتەوە بوو شەڕی دەکرد ناوی ئیدەی مامە قالە بوو خۆی ناوی ئیدریسە بەڵام پێی ئەڵێن ئیدەی مامە قالە لەدەستەکەی خۆم بوو ئیدە هەستا گوتی ئەها کاکە هەمەر ئارپیچی پێوە نا باش بوو بەر هەمەرەکە کەوت ئەو هەمەرەش تەقیەوە، ئێمە نەمانزانی ئەو پردەی کەئەو هەمەرانەی بەسەردا دێت بنی بۆشەو بۆری نە گوتی تێدایە ئاگامان لەوە نەبوە ختوەی حکومەتی عێراقی بوە بەبۆری کردویەتی شارەزای ناوچەکە نەبوین لەگەڵ تەقینەوەی هەمەرەکەیا جسەرەکە داتەپی کە جسرەکەش داتەپی بۆریەکە ئاگری گرتو ئاگرەکەوردەوردە زیادی ئەکرد لەوکاتەیا هەمەرێکی تریشمان بۆ هات ئەویش نەیزانی پردەکە گڕی گرتوە

داتەپیوە ئەویش کەوتە ناویەوەو بەهەردوو هەمەرەکە کەتەقینەوە بەتەواوی بۆریەکە تەقیو گڕی گرت گڕەکەوردەوردە زیادی ئەکرد کوڕێک هاتە لام ناوی ڕائید مەحمود بوو گوتی کاکە باماشێنکان دوربخەینەوە لەم ناوە ئاگرەکان زیاد دەکەن منیش وتم ئێستا ماشێن دوربخەیتەوە ئەبێت بەفرکان فرکانو پێمان کۆنترۆڵ ناکرێتەوە کاک مەحمود لەم قسانەیا بو بۆریەکە تەقیەوە نزیکەی ١٠٠ مەتر ئاگرەکە بەئاسمانەوە بووەئێستا لەئەرشیفی تەلەفزیۆنی کەرکوکو ئەوانوێنەی ئەو ئاگرە هەیە کە ئاگرەکە بەئاسمانا ڕۆیشت دیارە کاریگەریەکی زۆر خراپی لەسەر ئێمەش دروست کردو بەهەمان شێوەش کاریگەری خراپی لەسەر دوژمنیش دروست کرد هەردولامان نزیکی ئاگرەکە بوین ٤٢ پێشمەرگەمان بەگەرمی ئاگرەکە بریندار بون نەک گڕبگات پێی کەیەکێک لەوانە خۆم بوم لەپشت سەری دامو خستمی بەڵام من نەکەوتمە خەستەخانەوە زو کوڕەکان هەڵمیان ساندەوەو هەر لەسەنگەرەکە مامەوە، بەڵام ٤٢ پێشمەرگەمان کەوتە خەستەخانە ٢ ماشێنمان سوتا ئەوە بەس لای ئێمەوە لەلای دەستی ڕاستیشمان لیوای ٦ لێبو ئەوان لەئامر لیواکەیانەوە سەید ساڵح هەتا وەکو چەندینی تریان تەئسیری تێکردبون بەڵام لەهەمان کاتدا داعشەکان خراپتریان بەسەر هات ئەوان هەڵسانو بەرەو دوا ڕایان کرد هەندێک لەپێشمەرگەکانی ئێمە لەدەستەکەی منو دەستەی کاک ئاسۆ مەمەندو ئەوان لەوێ خۆیان گرت لەو گەرمیەشدا نەجوڵان تەقەیان لێکردنو بەباشی داعشەکانیان ئەکوشت کەئەوانیش لەبەر گەرماکە ڕایان دەکرد، دوای ئەوە من مقابەلەیەکم کرد بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوک ناوم نا ژەنەڕاڵ ئاگر وتم لەبەر ئەوەی شەڕەکەمان حەسب بوو ژەنەڕاڵ ئاگر بەینی کردین

چونکە کەسمان ناتوانین بەسەر ئەو پردەیا هاتوچۆ بکەین بۆ ئەوەی هێرش بکەینە سەر یەکتر.
ئەو ڕۆژە ئێمە تا ئێوارە لەشەڕبوین ئێوارەکەی سەعات ٤ کاک کۆسرەتمان بینی هات بۆ جەبهەکە ناردی بەدوامانا ئێمەش کەچوینە شوێنەکە هەمو کاکەکان بون‌وەزیری پێشمەرگە بون داوایان لێکردین تەلوەرد بگرینەوە ئێمە کاک شەهید شێرکۆمان کردە قائیدی ئەو عەمەلیاتە کە بچێت بەرەو تەلوەرد بۆگرتنەوەی لەقۆڵێکەوە لەقۆڵێکی تریشەوە قەراربوو برادەرانی میحوەری ٥ بیکەن ئەوان نەهاتن لەگەڵ هێزێکی پەکەکەیا لەگەڵ هێزەکەی دژە تیرۆردا ئێمە سەعات ٤:٣٠ سەعاتی سفرمان دانا بەڵام ئەوان ئەوەندە گرجوگۆڵ بون لە ٤:١٥ دەستیان بەتەقە کرد بە ٣٥ دەقە توانیان تەلوەرد بگرنەوە کاک شێرکۆ لەوێ لەقتەیەکی ڤیدیۆیی هەیە ئەگەر بینیبێتتان لەفەیس بوکو ئەوان زۆر دابەزیوە بەمن ئەڵێت کاکەوەستا کوڕی باوکم هێزم بۆ بنێرە بەو ئەنوەرەش بڵێ بازۆر تەقە نەکەن بەداخەوە لەوێ هاشم بنەیی شەهید بوو لەگەڵ کاک شێرکۆدا لەو شەڕەدا زۆرم خۆشە ویست فەرماندەیەکی ئازا بوو وەکوڕێکی گەریلاش بەناوی بەدرخان پیاوێکی زۆر قارەمان بوو فیشەک لەچاوی دا چاوێکی کوێرکردو دوایی دەریان هێنا چا وەکەی بەڵام باش بوو ئەو شەهید نەبوو، لەدواین شەڕدا دواین فیشەک کەبەرچاوی بەدرخان کەوت هەر سەلیەی ئەو کابرا داعشە بەر کوڕەکەی حەمەی حاجی مەحمود کەوت لەوێدا شەهیدی کرد ئەگینا ئەوکاتە هیچ شەڕێک نەمابو ناوچەکە گیرابۆوە بەڵام دوایی کابرا بەسزای گەلو شۆڕش گەیشت چونکە کەدۆزیمانەوە بەیانیەکی پێشمەرگەیەکی شەهیدی ئێمە لەبەردەستیاندا بوو بەمۆبایلەکەی ئەو پێشمەرگە شەهیدەی ئێمە لەباخەڵی ئەو داعشەدا بوو کەهێنامانەوە.

یادەوەری شیرین زۆر کەمە لای من ئەوەی کەهەمە تاڵە لەلام لێرەوە ئەمەوێت لەکتێبەکەی تۆوە سوپاسی زۆری خۆم ئاراستەی خەڵکی کەرکوکو خەڵکی کوردستان بەگشتی بکەم کەهاریکاری زۆری هێزی پێشمەرگە بونەوەقەت هەڵوێستی ئەو مامۆستایەم لەبیر ناچێت کەجارێکیان هات موچەی یەک ساڵی خۆی تەبەڕوع کرد بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە ئەوە بەڕاستی گریاندمی یەکێک ئەوەنە بەمەوقیف بێت بۆ ئەوەی بتوانێت کەکار بۆ ئەم میللەتە بکات بەو شێوەیە زۆر لەپێشمەرگە پێم گەورەتر بوو سوپاسی تیمەکانی ڕاگەیاندن ئەکەم هەرچی تیمی ڕاگەیاندن هەیە پێشمەرگە ئاسا کاریان کردوە لەگەڵ ئێمەیا هەندێکیان بەئەنقەست نەبوە بەغەڵەت ڕەنگە جارێک تەقریرێک یان شتێکی هەڵەیان بڵاو کردبێتەوە بەڵام تەسەور ئەکەم ئەوەش لەنەزانینیان بێت ئەگینا هەموو کەناڵەکان لەناو پێشمەرگە لێیان بریندار بوە پەیامنێر بیرندار بوە زۆر جاران وەئەمەوێ سوپاسی زۆری خۆبەخشەکان بکەم بەتایبەتی هێزێکی کۆمەڵەی ئێران کە مەردانە هەتا ئەم شەڕەی ئەخیر هەرچەندە گوتیان ناویشمان مەهێنن ئێمە خۆبەخشینو لەگەڵتاندااین ئەمە یەکەم جارە کەناویانم تیادا هێناون هێزێکی پەکەکەش بەبەردەوامیووەئێستاش لەلای منن لەوێ هێزی ئەو کەسانەی کەهاتون تەقەیان بۆ کردوین هەر جێگەی ڕێزو سوپاسن، لەشەڕی ١١/٣٠ دا کوڕێک هەبو نەمزانی کێ یە زۆر سەیر بوو شەڕی ئەکردو هەڵئەستایە سەرپێو دانەئەنیشت منیش لێی توڕەبوم وتم کاکە شەڕوانابێت بچۆرە ناو سەنگەرەکەی خۆتەوە با فیشەکێک نەیدا بەسەرتا گوتی نامناسی من خزمی خۆتم وتم کێی گوتی من کەریم جۆجۆیم وتم تۆ کەی لای منی لای کاکە مەند نیت بۆ هاتویت بۆلای من؟ گوتیوەڵا خۆم پێ نەگیراوە کەشەڕ بوە هاتومەتە

ئێرە دوایی بۆ هێرشەکەش بەدزی منەوە چوبو بۆلای کاک شێرکۆ بەداخەوە لەدوایی لەشەڕێکی تردا بانگم کردو هاتەلام هەندێک دیاریو شتم داپێی زۆر ئامۆژگاریم کرد کەجارێکی تر لەشەڕداوانەکات، بەڵام بەداخەوە لەشەڕێکی تردا لەگەڵ کاکە مەندی حاجی کاکەڕەشو ئەوان چوە کاروانی شەهیدانو ئەویش شەهید بوو.

# موقەدەم هارون محەمەد عەلی

من (موقەدەم هارون محەمەد عەلی) حەرەکاتی لیوای یەکی‌وەزارەتی پێشمەرگە ئێمە وەک لیوای‌یەک لەئامادە باشیدا بووین، ڕۆژی ٢٠١٤/١١/٢٤ داعش ئامادەکاری کردبوو بۆ هێرش ئێمەش زانیاریمان هەبوو وەک لیوا هەموو جەبهەکانی خۆمان بەقوەت کردبوو خۆمان لەئامادە باشی دا دانابوو لەبۆسەیان داعش هاتو پەلاماری مەکتەب خالیدی دا، من ئەوکاتە خۆم لەوێ بوم برادەرانی فەوجی یەک لەوێ بوون عەقید فاتح کە فەرماندەی فەوجیان بوو خۆی لەوێ بوو عەقید لەتیف معاون فەوجیان بوو نەقیب سمود ئەوکاتە هەواڵگری فەوجەکەیان بوو، ئەو شەوە ئێمە لەنوقتەی پێشەوە بوین داعش سێ جار پەلامارمانی دا، هەرسێ جارەکە شکان‌و نەیانتوانی هیچ زەفەرێک بەئێمە بگەیەنن خۆم قسەم لەگەڵ لیوای شەش دا کرد، لیوای شەش سەربەوەزارەتی پێشمەرگە کە ئەوکاتە لەتلوەرد بوون ئامۆژگاریمدا پێیان لەوەزعەکە ئاگادارم کردنەوە کە داعش هیچ زەفەرێکی بەئێمە نەبردو پەلاماری ئەوانی دا ئەوانیش ئامادەکاریان هەبوو بەڵام داعش توانی چەند تاکتیکێک بکات‌و بگاتە ناو تەلوەردو بیگرێت.

ئەو هێزە لەبەر ئەوەی زیاتر خەسارە نەکەن شوێنەکەیان لێ گیراو گەڕانەوە دواوە، چەند ماشێنیەکی بۆمبڕێژکراویان تەقاندەوە بەبۆری غازدا بۆری غاز لەپشتەوە بوو ڕێگاکەیان لێ گیرا ئیتر بەهەرحاڵێک

بوو ئەو هێزە سەحبیان کردەوە بۆ بەیانیەکەی پلانێک دانرا کەچۆن بتوانین تەلوەرد بگرینەوە، لەبەر ئەوەی تەلوەرد شوێنێکی ستراتیژی بوو شوێنێک بوو بۆ دوژمن زۆر گرنگ بوو بۆ ئێمەش، لەهەموو ڕویەکەوە لەبەر ئەوەی شوێنێکی بەرز بو شوێنێک بوو لەناوچەکەدا دیار بوو موسەیتەر بوو بەسەر نە گوتی باکوری کەرکوک دا، ئەو شوێنە شوێنێک بوو بۆ کەرکوک زۆر تەئسیری هەبو واتا لەڕوی شەڕەوە ئەوەی شەڕی بنیبێت ئەو شوێنەبەڕاستی شوێنێکە بۆ غازی شیمال مەترسی زۆر لەسەر بو، غازی شیمالیش واتا کەرکوک دەکەوتە مەترسیەوە قیادە هەموی هاتوەزارەتی پێشمەرگە پلانێکیان دانا کەوا ئێمە لەگەڵ لیوا شێرکۆدا وەک لیوایەک هێرشێکی بۆ بکەینەوە بۆ ئەوەی ئەو شوێنە بگرینەوە، لەقوڵی مەکتەب خالیدەوە ئێمەو کاک حەمەی حاجی مەحمودو هاوڕێکانی لیوای شەش‌و ئەو برادەرانە بەرامبەری تەلوەرەکە دەکاتە دوو کارەبا ئەوان لەوێوە بن‌و ئێمەش لێرەوە بەڕێ بکەوین ئێمە لیوای یەک لێرەوە پلانێکمان داناو بەڕێکەوتین ئەوەشم لەبیر نەچێت بەڕاستی دەوری عەمید سەرحەد لەوکاتەدا کە هات بۆ ئەوێ زۆر پاڵپشتی ئێمە بوو زۆر هاوکاری کردین لەگەڵیشماندا هات بۆ شەڕەکە، برادەرانی پەکەکەش هاتن لەیادمە ژمارەیان سی‌و سێ کەس بوو دوو نەفەریان بریندار بوو کەئێمە ڕۆیشتین هێرشمان کرد بۆ تەلوەرد تەبعەن ئەوان لەبەرزی بون ئێمەش لەخوارەوە بوین ساحەیەک بو خۆش بەختانە زۆر بەسەرکەوتویی‌و زۆر بەئازایانە توانیمان تەلوەرد کۆنترۆڵ بکەینەوە. لەوێ نەقیب ناسر بریندار بوو ملازم هاشم شەهید بوو کەپاسەوانەی شەخسی کاک شێرکۆ بوو، بەڕاستی ئەو ڕۆژە بۆ ئێمە ڕۆژێکی دڵخۆشکەر بو کە توانیماندەستێکی زۆر بەهێز لەدوژمن بوەشێنین

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژێک بوو زۆر جێگای بیگەرانی بوو لەوێ ملازم ئەوەل هاشم شەهید بوو کوڕەکەی کاکە حەمە کاک عەتا لەوێ شەهید بوو کاک عەلی ئاغا فەرماندەی فەوج بوو لەوێ شەهید بوو ئیتر تەلوەردمان گرتەوە، کەلاکێکی زۆری دوژمن لەوێ بەجێما شە وەکەش لەوێ ماینەوە تا وەکو ئامادەکاری کرا هێزێکی تر هاتە ئەو جێگایەو ئیتر تەلوەرد چۆن گیرا ئاواش بەسەرکەوتوی پارێزرا تاکو کۆتای تا ئێستاش کە هەموو ڕەبایەکانی لێیە دوژمن ئەو شکستەی خوارد بەهیچ شێوەیەک نەیتوانی نزیکی ئەو ناوە بکەوێتەوە.

# مولازم اول ئومێد کەمال

ئامر فەسیلی سریەی ئەنسات ئەو کاتە کەوا تەلەفونیان بۆ کاکە شێرکۆ کرد کەوا دوژمن هێرشی هێناوە بۆ سەنگەرەکانی پێشمەرگە بۆ فەوجی چوار ئەوکاتە لیوا شێرکۆ جوابی بۆ ناردم بەپەلە لەگەڵ خۆتدا ١٥ پێشمەرگە ئامادە بکە بابڕۆین بۆ پێشەوە ئەوکاتە کەڕۆیشتین شەڕەکە زۆر گەرم بوو، ڕاستەوخۆ چوینە ناو شەڕەکەوە ئێمەوەزعێکی زۆر ناخۆش‌و زۆر ئاڵۆز بوو تەم‌و مژێکی زۆر بوو ئیتر ئەوکاتە نزیکەی نیو سەعاتێک شەڕێکی باشمان کرد، ئەوکاتە شەهید شێرکۆورەی زۆر زۆر بەرز بوو ورەی پێشمەرگەکانی بەرز کردبۆوە دەهات‌و دەڕۆیشت دەیوت شەڕ بکەن بەرگری لەم خاکە بکەن دوژمن ئەو دوژمنە نیە کەوا بتوانێت زەفەرمان پێ ببات بەڵام زۆر بەداخەوە کەوا سێ مەتر لەمنەوە دور بوو کاکە شێرکۆ شەهید بوو کەچومە سەر جەنازەکەی شەهید بوە، ئیتر بەڕاستی زۆر ناخۆش بوو وامزانی هەموو دونیا کەوتۆتە سەر سەرم کە ئەو شەهید بوو پێشمەرگە کۆڵی نەدا بەڕاستی بیرمان لەوە نەکردەوە کەوا کاک شێرکۆ شەهید بوەو ئێمەواز لەجەبهەکە بهێنین شەڕمان کرد تا وەکو ڕۆحمان لەجەستەماندا مابێت‌و لەدوای ئەوەی کاک شێرکۆ شەهید بوو خۆشم بریندار بووم نەقیب عەلی بابەشێخ ئەویش بریندار بوو ئێمەیان گەڕاندە دواوە نەمانزانیوەزعەکە چی لێهات‌و چی لێ نەهات.

باسی ئەو شەوە ئەکەین کەوا عەمید شێرکۆ لەوێ شەهید بوو سەدی نەهرەوان کەوا ئێمە لەمەقەر لیوا بوین سەعات ١٢:١٥ کەم تەلەفونێک بۆ عەمید شێرکۆ هات گوتیان هێرشێکی گەورەیان کردۆتە سەر سەدی نەهرەوان عەمید شێرکۆش بانگی منی کرد گوتی خۆتو ١٥ پێشمەرگەی چاکم بۆ کۆبکەرەوە بەس بەپەلە لەسریەی ئەنسات لەگەڵ پاسەوانەکانی خۆیا بەپەلە شەوێکی تەمو مژاوی بوو دوو مەتر پێش خۆت نەئەبینی جا بۆیە تۆ لەمەقەر لیواوە بگەیتە ئەوێ زۆری پێ ئەچێت بەس ئێمەش بەهەمان شێوە بەپەلە گەیشتینە شوێنی شەڕەکە ئەوکاتە فەوجی چوار لەوێ بون شەڕیان ئەکرد ئیتر داعش بەپەلە پەڕیبونەوە لەبەر ئەوەی چاو چاوی نەئەبینی دنیا تەم بوو بەپەلە هاتبونە ئەمدیوەوە، ئیتر ئێمەش لەگەڵ عەمید شێرکۆیا کەهاتین ڕاستەوخۆ کەوتینە ناو شەڕەکەوە شەڕێکی زۆر زۆر قورس بوو چی هێزیان هەبوو هاوردبویانە ئەوێ کەئەو سەدەی نەهرەوان بگرن ئەوان بەئاسانی دێنە ئەمدیوەوە لەبەر ئەوەی سەدی نەهرەوان مەسافەکەی زۆر کورت ترە لەسەدەکانی تر، کەهاتنە ئەمدیوەوە ئیتر ئەوان ئەتوانن سەدی مریەم بەگو مەکتەب خالیدو ئەوانە بەئاسانی بگرن لەبەر ئەوەی دێنە پشتیانەوە،وەلحاسل لەوێ شەڕێکی زۆر زۆر قورس ڕوی دا بەڕەحمەت بێت شەهید عەمید شێرکۆ زۆروره بەرز بوو زۆر پیاوێکی بەتوانا بوو لەو شەڕەیاورەی ئەیا بەپێشمەرگە ئەیوت شەڕ بکەن بەقوربانتان بم هەموی هەریەک ئەشکێو لەناو ئەچن، ئیتر لەو شەڕەیا ماشێنی درعیان پێ بوو ماشێن درعەکە هات بۆمان من خۆم دوو ئاربیجیم لێ دا شەهید محمەد نزیکەی چوار ئاربیجی لێ دا بەڵام ئاربیجی ئەوسا ماشێنی درعی نەئەبڕی بەس چۆن لێمانی ئەدا دیار نەبوو بەڵام بەڕوی مەسەلەن دەنگەکەی کە ئەهات لێمان ئەدا ئینتیلاقی

ئەکرد ماشێنکەی نەئەبڕیوەلحاڵ ئیتر لەوێدا شەڕێکی زۆر زۆر قورس بوو وای لێهات شەڕە کە ئەوان هاتنە بان سەقفەکەوە بۆمان گەیشتە شەڕی دەستەوە یەخە ئەلەوێ دەسرێژیان کردە ناومان عەمید شێرکۆ لەوێدا شەهید بوو فیشەکێک بەر سەری کەوت، عەلی بابەشێخ لەوێدا زامدار بوو نەقیب محمد لەوێ شەهید بوو، نەقیب ئیدریس لەوێ زامدار بوو وەلحاسڵ شەڕێکی زۆر زۆر قورس بوو ئێمەش توانیمان بەهیمەتی پێشمەرگەکان کەوا تێکەڵیش ببوین جەنازەکەی عەمید شێرکۆ دەرکەین لەگەڵ شەهید نەقیب محمد دا خۆشم بریندار بووم لەوێدا پاشان شەڕمان کرد هەتاکو جەنازەکان‌و بریندارەکانمان دەرکرد ئیتر شکاین وەک شکاین هێز ئەشکێت‌و سەرکەوتن بەدەست دێنێت ئەوەبو ئیتر نەمان هێشت سێ سەعات لەناو نەهرەوانا بن‌و هێرشێکی ترمان بۆ کردنەوە نەهرەوانمان گرتەوە، بەداخەوە لەوێ خەسارەی گەورەمان ئەوەبوو کەوا عەمید شێرکۆمان لەدەست دا کابرایەکی زۆر بەتوانا زۆر بەورە قەڵایەک بوو بۆ کەرکوک، لەو شەڕەیا نزیکەی ٧ بۆ ٨ شەهیدمان دا ئەوانە ئێستا ناوەکانیانم لەخەیاڵدا نیە وەنزیکەی هەشت نۆ زامدارمان هەبوو لەسەدەکەی نەهرەوان گەورەترین شەڕبوو لەوەتەی شەڕی داعش لەسەرەتاوە لەم میحوەرەی کەرکوک دا ڕویداوە شەڕی نەهرەوانمان کردوە شەڕی مەکتەب خالیدمان کردوە، شەڕی تەلوەردمان کردوە شەڕی مەلا عەبدوڵامان کردوەو شەڕی بەشیرمان کردوە وەک ئەم شەڕە قورسە نەمانزانی هێزێکی تایبەتیان هاوردوە لەئەجەنبی‌و لەچیچانیەکان، بەس بۆ ئەوەی کەوا کەرکوک‌و هەرێمی کوردستان داگیر بکەن ناتوانن بیگرن هێزی پێشمەرگە ئەمەندە بەورەو بەهێز بوو نەیانتوانی بیگرن ئیتر سوپاس.

# عەمید فاتح گەورەدێی

من (عەمید فاتح محمد ئەمین گەورەدێی) فەرماندەی فەوجی یەکی لیوای یەکی پیادە، دیارە هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەر خۆی لەناوەکەیەوە هاتوە کەپێش مەرگ کەوتوە، کەئەمەش لەسەردەمی کۆماری مهاباتدا ئەم ناوە هاتۆتە ئاراوەو پێشمەرگە بۆتە سومبولی بەرگریکردن لەخاکو نیشتیمانو نەتە وەکەی خۆی، پێشمەرگە لەهەموو قۆناغە جیاجیاکانو لەخەباتی شاخدا چ لەرۆژهەڵات لەباکور بێت یان لەباشور بێت لەرۆژئاوا بێت بەهەموو شێوەیەک توانیویەتی بەرگری لەخاکو نیشتیمانی خۆی بکاتو رۆڵی قارەمانانەی خۆی بینیوە، من بۆخۆم بیرم دێ لەرابردووشدا چ هێزەکانی رۆژهەڵات بێت یاخود لەباشوری کوردستان بێت وەکو پێشمەرگە چۆن بەرێژەیەکی کەم بەچەند کەسێک توانیویانە بەر بەسوپایەکی گەورەی دوژمن بگرن ئینجا کەلەسەردەمی سوپای کۆماری ئیسلامی ئێران بوبێت یاخود رژێمی فاشستی بەغداو رژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق بوبێت کە لەسەردەمی شۆرشی ئەیلول لەساڵی ٦١ ئەو جەنگە بەرپا بوە، پێشمەرگە ئازادیەکی زۆر گەورەو بێوێنەی نواندوە هەر ناتوانین بەنمونەی چەند شەرێک بهێنینەوە چونکە شەر هەبوە پێشمەرگەمان شەهید بوە تەنانەت بەخەنجەرێکەوە پەلاماری دەبابەیەکی داوە پێشمەرگە هەبوە بەچەکێکی سوکەوە پەلاماری چەندین دەبابەی داوەو

بەرگری کردوەو شەهید بوە، ئەمانە لەمێژوی پێشمەرگایەتیو لەمێژوی خەباتی ڕزگاری خوازی گەلەکەماندا بەردەوام بوەو هەشە ئێستاش شەڕی داعش هاتۆتە ئاراوە دیارە داعش هێزێکیوەحشی گەریەو سوودی لەئاینو بنەماکانی ئاین وەرگرتوە تا هەم شەرعیەتی کارەکانیان بەدەست بهینن هەم سۆزی خەڵکی موسڵمان بەلای خۆیاندا کەمەرکێش بکەنو ببن بەهێزێکی جیهانیو بەلایەنی کەم لایەنی جیهان بکەوێتە ژێر چنگیان، یەکێک لەو وڵاتانەی کەوتە بەر پەلاماریان هەرێمی کوردستان بوو توانیان لەسەرەتادا هەندێک ناوچە کەها وڵاتی عەرەبی لێبوو لەڕێگەی ئەو بەکرێگیراوانەی کەهەیان بوو داگیری بکەن، بەڵام لەئەنجامدا پێشمەرگە بەهەمان گڕو تینی جارانەوە خۆی کۆکردەوەو پێشمەرگە توانی ئەو دوژمنە گەورەیە کەئەمڕۆ جیهانی سەرسام کردوە بەڕاستی بەهێرشەکانی بەخۆکوژیەکانی بەوەحشیگەراییەکانی، پێشمەرگە توانی پێی بڵێ لەشوێنی خۆت بوەستەوەووەبۆت نیە پێی گڵاوی پیستان بەهەمان شێوازی مێژوی هەزار ساڵەتان جارێکی تر بخەنەوە ناو خاکی پیرۆزی کوردستان ئەوەبو ڕێگریان لێ کرا،وەچەندین نمونەی قارەمانێتی هەیە کەهێزی پێشمەرگە بەڕاستی توانیویانە دەکرێ من چەند جارێک وەکو ئەم فەوجەی خۆمان باس بکەم کەتەنها لەم مەکتەب خالیدە جار هەبوە بە١٤ سەعات جار هەبوە بە١٦ سەعات لەسەنگەرێکدا بەرگریمان کردوەو نەمان هێشتوە دوژمن بێتە پێشەوە وەلەئاخیر شەڕدا کەبینیمان ئەو سەردەمە کاک شێرکۆ شەهید بوو دوژمن لەهەموو ناوچەکەوە هاتە پێشەوە، بەڵام لەسنوری فەوجی یەکەوە پێشی پێ گیرا تا حە گوتی بەیانی کە هەموو ناوچەکان گیرابو کە فەوجی یەک نەبێت کەپێشتر فەوجی یەک گیرا لەپشتەوە بەڵام دواجار ئێمەو من وەکو

خۆم وەک فەرماندەیەک لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکدا توانیمان لەشوێنێکدا ڕایان بگرین کە تەنها لەشوێنێکدا توانیمان چل داعش بکوژین وەهەر هەموشیانمان کوشتەو نەمان هێشت بگەڕێنەوە وەگەیشتە ئەو ئاستەی من بۆ مێژوو ئەیلێمەوە ئێستاش لامە بەمیمۆری لای خۆم کە ئەوکاتەی لیمان دان تەنها بەبینینی ئێمەو داعش کەمتر لەیەک مەتر بوو، ئەوان لەودیو ئێمە لەمدیو تەنها ساترێکی یەک مەتری هەبوە کەتوانیومانە هەر هەمویان بکوژین ئەمەش وەکو شەڕێک چەند جارێکی تریش توشی شەڕ بوین بەهەمان شێوە بەرگری زۆر گەورەمان کردوە وەتوانیومانە داعش تێک بشکێنین بەڕاستی نەک هەر بابڵین ئێمە هەموو پێشمەرگەکانی تری کوردستان لەهەمو سنورەکانەوە چەندین چالاکی گەورەو کەموێنەی ئەنجام داوە لەنمونەیشمان پێشمەرگەیەک پێموابێت ئەوەی سەدی ئاسکی کەڵەک بوو بەئوتومبیلەکەیەوە خۆی تەقاندەوە بەناو ئوتومبیلەکەی داعشدا ئەم خۆتەقێنەر نەبوو بەس ئەم تەنها بەرگریکار بو تەنها چوو خۆی دا بەماشێنکەی ئەودا بۆ ئەوەی کەنەیەتە ناو هێزی پێشمەرگەوە ماشێنکەی ئەوی تەقاندەوە ئەمیشی پێوە شەهید بوو ئەمە بۆ خۆی گەورەترین سەروەریە گەورەترین قارەمانیە کەتوانیویەتی ئەنجامی بدات وەلەشوێنێکی تریش جارێکی تر پێشمەرگەیەکی تر لای مەخمور دیسان ئەوەی دوبارەکردەوە هەر بەماشینەوە خۆی پیاکێشایەوە لێرە مەسەلەن ماشێنی دەرعی هێنابو سێ بۆ چوار دانە ئەم سەیارانە خۆیان دروستیان کردبوو بەلەحیمو لەحیمکاری سێ دۆشکەی لەسەر بو هەشت بیکەیسی لەناوبو پێشمەرگە پێشی بەوە گرتبو مەسەلەن هەرچەندە چەکەکانی ئێمە ئەوەشی نەدەبڕی بەڵام دەرئەنجام بینیمان دانەیەکیان بەمیلان تەقاندەوە وەلای تەلوەردەوە.

ئەمانە کۆمەڵێک نمونەی زۆر گەورەن کە هێزی پێشمەرگە بینیویەتی دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ ڕابردوو لەڕابردوشدا بەهان شێوە چەند پێشمەرگەیەک توانیویانە لەناو گوندێکدا بمێننەوە نەک بەهەموو سوپای عێراقەوە پەلاماری ئەدا بەنمونە لەناوچەی چەمچەماڵ هەبو لەگوندی سەرچاوە لەچەندین گوندی تر دوو پێشمەرگە ئەمانەوە لەبەیانیەوە سوپای عێراق بەگەورەترین هێزی زەبەلاحی خۆیەوە پەلاماری ئەدا نەیئەتوانی بیگرێت تا دوادڵۆپی خوێنی یان شەهید دەبون یان لەشەڕەکەدا ڕزگاری دەبوو بۆ نمونە من بۆخۆم جاری تر بینیومە لەسەعات ١٢ ی نیوەڕۆوە لەگەڵ برادەرێکی ترمدا بەدوقۆڵی لەساڵی ١٩٨٧ بوو پەلاماری ڕەبیەیەکی ڕژێمیان دا تەنها منو برادەرێکم بەسەر جادەی عەربەت لەلای گوندی ژاڵەوە گرتیشمانوەجاریواهەبوە تەم بوە بەهەمان شێوە دوژمن هاتوە مراباتی داناوە لەسەر جادەکان، بڕوات بێت دووەم مراباتی جاشێک دایاننا دوو دوو لەسەر جادە داینا بردی ڕەباتەکەی دانێ ئێمە ئەو دوانەمان برد لەگەڵ خۆمان ئەو ڕۆی هەرپێی نەزانی ئەمانە کۆمەڵێک نمونەن ناتوانی نمونەی زۆرتر بهێنینەوە ئەوەندە زۆرن، چونکە خەڵکانی وەک پێشمەرگەی کۆن زۆر لەئێمەش قارەمانترو مەردتر بوو بۆ ئەم نیشتمانە گیانی خۆی کردۆتە قوربانی لەوانەیە هەزاران کەس بن لەهەر چوار پارچەی کوردستان تەنانەت لەهێزەکانی ڕۆژهەڵاتدا هەموو بیستومانەو بینیومانە کەچیان ئەنجامداوە لەباکوری کوردستان ئێستا دەبینین گەریلاکان بەهەمان شێوە چ قارەمانیەتیەک لەپێناوی گەلەکەماندا ئەنجام ئەدەن، پێشمەرگە دیلەکان هەموی فەوجی یەک بون لای من بوون ئەوکاتەی کەئەم هێزەی ئێمە بەرگری دەکرد دەتوانم بڵێم بەداخەوە هێزەکەی دوژمن ئەوەندە گەورە بو ئەوەندە کاریگەریش بوو

بەو چەکە قورسانەی پێیان بوو هەمو ناوچەکانیان گرت ئێمە لەلایەک بوین دوژمن نەیدەتوانی بێتە پێشەوە بەس لەلایەکی ترەوە هات پشتی گرت پشتی پردەکەشی گرت ئیتر هیچ ڕێگەیەک نەما بۆ دەرباز بون تەنها ئەوەندە نەبێت ئەو کۆمەڵە پێشمەرگە لەوێدا حە گوتیان شەهید بوون، تا توانیان ڕزگاریان بێت ئەو کۆمەڵەیە لەسەر پردەکە بەڵام ئەوانی تر گەڕانەوە بەداخەوە تەم بوو خۆ چاو چاویشی نەدەبینی من ئێستا نەمتوانیوە نیو مەتر ببینم کە نیو مەتریش نەبینی ئیتر بۆخۆی سەرلێ شێواندن دروست بوو، دەکرێ هەندێک لەو پێشمەرگانەش کەم ئەزمون بوبن ئەگینا لەهەندێک شوێن بیانتوانیایە لەناو ئەو قامیشو شتانە خۆیان بشاردایەتەوە خۆ تەنها سێ چوار سەعاتی برد شوێنەکە گیرایەوە ١٥ پێشمەرگەی فەوجی ئێمە بوو کەبەدیل گیرا لەگەڵ دوسێ پۆلیسی تریشدا دیارە ئێمە کۆمەڵێک پێشمەرگەی قارەمانمان شەهید بوو، هەر وەکو فەوجی یەک سی شەهیدو دیلمان هەیە کەئەمە لەوانەیە هیچ لیوایەکی تر نەیگەیاندبێت دە شەهیدو ئەوانە مەسەلەن ئێمە وەکو فەوجی یەک جگە لەوەی ئەگەر لیوای یەک پەنجا شەهیدی هەیە لەوانەیە هەشت شەهیدی تریش هەر لەلیوای ئێمە بوە کەهاتون بۆ بەرگریکردنو بۆ فریاکەوتن، چونکە زۆربەی شەڕەکان کەوتبوە ئەو سنورە جادەیەکی ستراتیژی بو دوژمنیش لەو جادەیەوە زۆر دەهات، ئێمە کۆمەڵێ پێشمەرگەی قارەمانمان شەهید بوە کەلە شەڕەکانی پێشو کە یەکێک لەپاسەوانەکانی ترمان بەناوی ئاوارە کە توانی پێش لەماشێنێکی داعشی لوغم ڕێژ بگرێتوەنەیهێشت بێتە پێشەوەو پیای تەقیەوەو شەهید بوو، کە لەناو بارەگای فەوجدا ئەمە ڕویدا هەر سەرەتای هاتنی داعش چەند ئامر سریەی قارەمانمان بوە بەهەمان شێوە لەشەڕی مەکتەب خالید کەلەدوای ئەوەی چوینەوە شوێنی

مەبەست دوو داعشی کوشتبوو لەهەمان شوێندا بەداخەوە کە خۆشی شەهید بو لەهەمان شوێنداواتە ئەمانە کۆمەڵێک شەهیدی فەوجی یەکن کە حەڤدە شەهیدمان هەیە بەم شێوەیە دیارە یەکێک لەپێشمەرگەکانی ئێمە لەفەوجی یەک بوو بەناوی ئاسۆ تاریق کە خەڵکی کەرکوک بوو ماوەی ١٥ ڕۆژ دەبوو لەگەڵ دەزگیرانەکەیدا مارەبڕینی ئەنجام دابوو بەئومێدی ئەوەی لەئایندەیەکی نزیکدا بتوانێت ئەو قۆناغە ببڕێت بتوانێت هاوسەرگیری بکاتو بیگوازێتەوە بەداخەوە کە لەشەڕی مەکتەب خالید بەدیل گیراو ئەو ئاواتەی نەهاتەدی دەزگیرانەکەشی تا ئەم لەحزەیە بەئومێدی گەڕانەوەیەتی کە ئەوە کارەساتێکی زۆر ناخۆش بوو تا ئێستا دیلە لای داعش ماوەتەوە.

# ڕزگار شوکر حەمەلاو

من (ڕزگار شوکر حەمەلاو) لەلیوای یەکی فەوجی سێ، ڕۆژێکیان لەماڵەوە بووم نزیکەی سەعات ١٢ ی شەو تەلەفۆنیان بۆ کردم گوتیان هێزی پێشمەرگە لەشەڕدایە شکاوە منیش ڕاست دوو برام لەناو شەڕدا بوو زۆر دڵم ترسا خۆم ئامادەکرد لەماڵەوە بۆ شەڕ چاوەڕێی سەروی خۆم بووم تەلەفۆنم بۆ بکەن‌و بگەڕێمەوە بۆ بەرەکانی جەنگ، ئیتر تەلەفۆنم کرد بۆ براکانم گوتیان‌وەزعمان باش نیەو شکاوینەتەوەو شەڕێکی زۆر قورسە، منیش لەماڵەوە بەپەلە خۆم گۆڕی چەک‌و تاقمم هەڵگرت‌و بەرەو بەرەکانی جەنگ ڕۆیشتم بۆ لای برا پێشمەرگەکان‌و هەم براکانی خۆشم لەوێ بون ئیتر کە گەیشتمە ئەوێ سەیرمکرد براکەم‌و هەندێک لەهاوڕێکانی بەدیل گیراون‌و شەڕێکی زۆریان کردوەو براکەشم زۆر ماندو بوو ئەو برایەم کەوا ئێستا شەهید بوە بەداخەوە کەناوی ڕێبوار شوکر حەمەلاو پێشمەرگەیەکی قارەمان بوو زۆر خەفەتی بۆ دەخۆم کەمن گەیشتمە شەڕەکەو بینیم کاتێ ئەو مابوو زۆر دڵم پێی خۆش بوو، دوای ئەو منیش لەگەڵ هێزەکە هێرشمان کردەوە سەر داعش هێزی داعشمان شکاندەوە شەڕێکی زۆرمان کرد داعشێکی زۆرمان گرت ئیتر بەداخەوە لەم شەڕەی دوایدا شەڕێکمان کرد کە ئەو برایەم لەبەرەکانی جەنگ لەپێشەوە بوو هێرشێکی کرد داعش هاتنە سەری لەو شەڕەدا بەداخەوە گیانی لەدەست داو شەهید بوو توشی

شەڕێک بوین لەم ماوەیە خۆمان وەکو ناوچەکانمان وەکو لادێکانمان هەموی گیراوە بەدەستی داعشەوەیە گوتیان ئەو دێیانە هێزی پێشمەرگە هێرشی بۆ دەکات، دێیەکان ئازاد ئەکەین خۆمان ئامادەکرد وتم بێگومان لەم هێرشەدا سەرکەوتن بەدەست ئەهێنین لەگەڵ هێزی پێشمەرگە دەوامی خۆشم نەبوو بەڵام چومە بەرەکانی جەنگ شەڕێکی قورسمان کرد لەبەیانیەوە تا وەکو دوای نیوەڕۆ، لەدوای نیوەرۆ بەولاوە لەبەر ئەوەی براکەم شەهید بوبو زۆر داخ لەدڵ بووم بەرەو دێکەی خۆمان ڕۆیشتین لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا من لەپێشەوە بووم کاتێک هێرشەکەمان کرد شەڕمان ئەکرد لەگەڵ داعشدا چومە سەر چەند داعشێک لێمان دابون بریندار ببون بەدەستی خۆشم دانەیەکم کوشتو تۆڵەی براکەی خۆشم کردەوە ئێستاش ئامادەم لەبەرەکانی جەنگدا بم تا وەکو هێزم تیا مابێت لەبەرەکانی جەنگدا بم، بڕیاریشم داوە لەبەرەکانی جەنگدا بەهیچ شێوەیەک نەکشێمەوە ئامادەم خوێنی خۆشم ببەخشم بۆ خاکو نیشتمانی خۆم ئەمە بیرەوەرییەکانی من بون لەچەندین شەڕدا بەشداریم کردوە ئامادەم شەهید ببم لەپێناو خاکی کوردستاندا، خۆشم بەکورد ئەزانم ئێمە ٧ برا بوین ئەو برایەشمان شەهید بوو ئێستاکەش ٥ ی ترمان لەبەرەکانی جەنگدایە ئامادەشین لەپێناو خاکی کوردستاندا هەر هەمووومان خۆمان بدەین بەکوشت.

# محەمەد نەجات خەسرەو

من (محمد نەجات خەسرەو) لە لیوای یەکی پیادە پلەم نائیب عەریفە، لەو ڕۆژانەی کەوا ڕوبەڕوی داعش بوینەوە لەتەلوەرد لەگەڵ بەڕێز شەهیدی فەرماندەمان عەمید شێرکۆ فاتح شوانی لەگەڵ بەڕێز ئامر سریەمان رائید ئەحەمد هەروەها کۆمەڵێک پێشمەرگەی برایانی ئازا، پێشمەرگەی چاک بەڕێ کەوتین لەتەلوەرد چەند گوندێکمان گرتو دواتر ڕۆیشتین بەرەو مەلا عەبدوڵا نزیکی بوینەوە هەروەها چەتەکانی داعش بۆسەیەکیان بۆ ئێمە دانابوو کەوا کەوتینە ناویانەوە سەرەتا بەڕێز عەمید شێرکۆ فاتیح شوانی کە هاوکات فەرماندەی ئێمە بوو لەگەڵ بەڕێز رائید ئەحمەددا ڕۆیشتین بەرەو نزیک مەلا عەبدوڵا بۆلای فلکەکە، هەروەها چەند ڕۆژنامەنوسێکو هێزێکی ترمان لەگەڵدا بوو لەگەڵ عەمید سەرحەدو ئەواندا، ئەوەبو من شەخسی خۆم لەجێگایەکدا بەجێمام دوای ماشێنیەک کەوتم لەبان ماشێن بەرەوەبومو تاکاتژمێرێک هەر نەمتوانی کەوا دەرچمەوە خۆم دایە پەنایەکەوە فیشەکێکی زۆر لەسەرم بوو تەنانەت بیکەیسیو قەناس بۆ ماوەی سەعاتێک کەوتبوم نەمتوانی سەر بەرزۆکەم دواتر گەیشتمە لای جەماعەت خۆم هەر پێیان گەیاندەوە بەهەر شێوەیەک بێت زۆرم تینو بوو زۆر هیلاک بووم بەڕاستی خۆم گەیاندە جەماعەت دواتر لەوێ شەڕەکە زۆر گەرم بوو

ئەوەبو ڕۆژنامەنوسێکی خۆمان کاک کامەران نەجم بەداخەوە فیشەکێک بەر ملی کەوت نەیتوانی کەوا هەڵسێ کەوتە ناو چاڵێکەوە جەماعەت زۆر هەوڵیان دا کەوا بڕۆن بەرەو پیری ئەوەوە ئەو قەناس بەدەستەی داعش نەیەهێشت کەوا کەس بچێت بەتەکیەوە تاکو چەند کاتژمێرێک کەمتر ئاوا لەوێدا هەر ئاوا گیری خواردبوو دوایی دوو کوڕی پێشمەرگە ئازابون خوا هەڵناگرێت کردیانە بەتانیەکەوە ڕۆیشتن بەرەو پیریەوەو لەوی فیشەکی زۆریان بەسەرەوە بوو ڕۆیشتن هەڵیان دایە ناو مێکزەمینێکمانەوە دوایی لەوێدا هێزی داعش گەلێک زیادی کرد ئێمە زۆرمان لێیان کوشت، ئەوانیش دەستیان لێمان وەشاند خەسارەی ئێمە هەر ئەوە بوو کە ئەو کوڕە بەجێما لەوێدا، داعش لەسێ قۆڵەوەو هێرشیانکرد بەچەکی قورس‌و بەدۆشکەو بەهەمەر چاوەڕوان نەکراو بوو زۆریەکەی ئەوان گەلێک زۆر بوو کە هێزەکەی ئێمە شکایەوە لەوێدا دەرچوینەوە کەوتینە ڕێ ئەو ڕۆژنامەنوسە لەناو مێک زەمینەکە بوو نەیتوانی کەوا خۆی بگرێت کەبەخێرایی دەرچون کەوتەخوارەوەو بەجێما دواتر داعش دەستی بەسەردا گرت‌و گرتیەوە، تەلەفۆنیان کرد لەگەڵ شێخی عەشرەتەکانا لەگەڵ بەڕێز عەمید شێرکۆیا قسەیانکرد کە ئێوە چەند کەسێکتان گرتوە، ئێمە پێشتر وەک باسمان کرد چەند گوندێکمان گرت تەقریبەن دە پانزە زەلامی ئەو دێیەمان گرت کەوا دەستیان لەناو داعشا هەبوو گوتی پێ ویستە ئەو زەلامانە مان بۆ بەر بدەن‌و ئێمەش ئەو ڕۆژنامەنوسەتان بۆ بەردەدەین بەڵام بەداخەوە ئەو ڕۆژنامەنوسەیان بەرنەدایەوە ئێستاش لایان ماوە نازانین ماوە یان نەماوە، ڕۆژێکی زۆر ناخۆش بوو بەڕاستی گەڕاینەوە بۆ تەلوەرد شەڕمان ئەکرد بەهەمان شێوە هاتینەوە بۆ بەشیر لەوێش هەربەهەمان شێوە شەهیدێکی ترمان هەبوو بەناوی کاک دڵشاد کە بەداخەوە خاوەن

ژن‌و منداڵ بوو کوڕێکی زۆر چاک بوو ئازا بوو، چەند پێشمەرگەیەکی تری زۆر لەوێدا شەهیدو بریندار بوون‌و بەجێمان.
ئەوە بەسەرهاتێکی زۆر ناخۆش بوو بەڕاستی بەلای ئێمەوە کۆمەڵێک شەهیدی ترمان هەبووە وەکو بەڕێز کاک هاشم جێگر سریەمان بوو وەکو کاک نەشئەت کاک مەریوان، کاک دانا، کۆمەڵێکی زۆر هاوڕێمان شەهید بووە بەداخەوە زۆر هاوڕێمان هەیە بریندار بونە، بێگومان تۆڵەیان ئەکەینەوە بەزیادەوە نەک بەکەمەوە داعش ناتوانێ بێ بەلای ئێمەوە خۆشم بریندار بووم دواتر ئەو شەوەی کەوا لەگەڵ بەڕێز عەمید شێرکۆ کە شەهید بوو خۆشم لەوێ بریندار بووم ئێستا باش بومەتەوە لەبەرەکانی جەنگم‌و ئامادەم تا دوا هەناسەم ڕوبەڕوی داعش ببمەوە، داعش ناتوانێ لەگەڵ ئێمە ئەوە بکات گۆشتی پێشمەرگە تاڵە بەداعش ناخورێ، ئەو شەوە بەرێکەوتین وەکو پێشتر باسمان کرد بۆ نەهرەوان کە داعش زیاد نزیک بۆتەوە لەبان پردی نەهرەوان کە هاوکات سەدی ئا وەکەشە لەوێ زۆروەزعەکە ناخۆش بوو ڕوبەڕوی داعش بوینەوە تەقریبەن ئێمە هەر هەموی بیست مەترێک نزیک بوین ئەوان لەوبەر ئا وەکە ئێمەش لەمبەری ئا وەکە بوین شەڕێکی زۆر سەخت بوو وای لێهات کەوا تێکەڵی یەکتری بوین ئاربیجیەکی زۆریان پێمانەوە نا بەڕاستی شتێکی وەکو ئەو شەوەم هیچ کات نەبینیوە زۆر زۆر ناخۆشە، لەگەڵ بەڕێز ملازم ئەوەل ئومێد ئەویش بریندار بوو کۆمەڵێک هاوڕێیانی ترمان بریندار بوو لەوێدا ئەوانەی کەوا بریندارن هیوای چاک بونەوەیان بۆ ئەخوازم ئەوانەشی کەوا شەهید بونە ڕۆحیان شاد بێت، کۆمەڵێک لەهاوڕێیان توانیان کەوا تەرمەکەی بەڕێز عەمید شێرکۆ دەربکەن‌و چەند برینداریکی ترمان هەبوو کەوا نەقیب بابان عەلی بابەعەلی شێخی پێ ئەڵێن دانیشتوی سلێمانیە هەروەها

بێتەوە ئەویش بریندار بوو برینەکەی سەخت بوو دای لەقاچی نەیتوانی کەوا هەستێتەوە چەند هاوڕێیانێکی کوڕی ئازا توانیان ئەو دەرکەنەوەو چەند کەسێکی تریش دەرکەنەوە شەڕەکە زۆر سەخت بوو ئێمە هەر من شەخسی خۆم هەرچەندە بریندار بوم‌و پارچە دابوی لەقاچم گەرماو گەرم بوو هەستم پێ نەکرد ئەمزانی کەوا بریندارم بەڵام گوێم پێ نەدا بەو شێوەیە هەر شەڕم ئەکرد بەردەوامبوم تا وەکو تەرمەکانی ئەوان‌و ئەو چەند بریندارانە دەربکەن لەوێ توانیمان ئەو جێگەیانە بگرینەوە نەمان هێشت دەستی پیسی گڵاوی داعش بێتە ناو خاکی ئێمەوەو بێن ئەو دێیانە بگرن‌و بەسەر ئێمەدا زاڵ بن هەمیشە هەر ئێمە بەسەر ئەواندا زاڵ بوین‌و دوای شەهید بونی عەمید شێرکۆ فاتیح شوانی چەندین گوندی تر هێرشمان کرد کەوا پێشڕەوییەکی زیاترمان کردوە چەند شوێنێکمان گرتوە بەزیادیشەوە نە وەکو بەکەمەوە زۆر سوپاس.

# بەشدار عزیز محمد

من ناوم (بەشدار عزیز محمد)ە ٢٠١٥/١/٣٠ توشی شەڕێکی گەورە هاتین ئەو کاتە لەسکەی قیتارەکە بووین کە لەکەرکوکە، لەدەمەو ئێوارەوە زانیمان داعش هێرش ئەکات بۆمان ئیتر ئێمەش ئامادە باشیمان گرت هەتا کاتژمێر ١٢:٣٠ شەڕەکە دەستی پێکرد شەڕێکی زۆر قورس بوو شەوێکی تەمو سارد بوو هەتا بڵێی سارد بوو، بەرچاوی خۆت نەئەبینی هەمووی دە مەترت نەئەبینی ئیتر ئەو شەوە ئەوە بوو سەدەکەی نەهرەوان گیرا، کاک شێرکۆ لەوێدا شەهید بوو ملازم موعتەسەم شەهید بوو چەند پێشمەرگەی قارەمان بریندار بوون هەندێک شەهید بوون لەوێدا، ئیتر دوای ئەوە ئیمە بەرگریمان کرد هەتا کاتژمێر ٨ ی بەیانی شەڕێکی زۆر قورسمان کرد هەر لەو سکەیە چەند پیاوێکی قارەمانو چەند پێشمەرگەو ئەفسەرێکی قارەمانمان لەگەڵدابوو ئەوەی لەفکرمدا بێت ناوەکانیان بڵێم نەقیب هەوراز بوو بەڕاستی پێشمەرگەیەکی قارەمان بوو، ئەو شەوە بەڕاستی شەڕیکرد هەتا بەیانی. نەقیب جەبارو جێگر فەوجمان چالاک بوو ئێستا ئامر فەوجی چوارە شەڕێکی هەتا بڵێی زۆر ناخۆشو قورس بوو، چەند پێشمەرگەیەک قارەمانانە کە بەشداریان کرد لەو سەنگەرانە ناوەکانی بڵێین کاوێزو مام لەتیف بوو خەڵکی حەفتەغاران بوو دووبرامان لەگەڵا

بوو سیامەندو کامەران بەڕاستی قارەمان بوون، ئیتر ئاخر هێرشیانیش بۆمان کرد بەیانیەکەی سەعات ٦:٤٠ بوو کە هێرشیان بۆمان کرد هاتنە ناو کابینەکانمان لەناو کابینەکانمان تەقەیان لێمان ئەکرد، ئەوسا ئەو هێرشەمان خۆش بەختانە شکاند تا کاتژمێر ٨ ی بەیانی خایاند ئێمە بەئەمر گەڕاینە دواوە لەوێ گەڕاینە دواوە بۆ ترکەلان دوای ئەوە لەترکەلانەوە هێرشان کردەوە بۆ مەکتەب خالید، بەشداریمان لەو شەڕەی مەکتەب خالیدا کردو ئیتر شەڕێکی زۆر قورس بوو، چەندەها پێشمەرگەی قارەمان لەوێ شەهید بوون بەسەدان جەنازەی داعش لەوێ کەوتبوون‌و لەبەر دەستماندابوون، وامان لێهاتبوو نەمان ئەتوانی دایانپۆشین بەدەست ناچار شۆفڵمان هێنا خۆڵمان ئەکردە بانی‌و دامان ئەپۆشی. ئیتر شەڕێکی زۆر ناخۆش بوو بەڕاستی سەعات ٢:٣٠ شەو بوو دڵنید نیم بەتەواوی. کاک شێرکۆ ڕۆیشت بەرەو سەدەکەی نەهرەوان ئەوە بوو نەقیب سەلاممان لەگەڵابوو زۆر بەتوانا بوو کاک شێرکۆی گرت گوتی : کاک شێرکۆ تۆ فەرماندەی لیوای نابێت بکوژرێیت مەچۆرە نەهرەوان ئەوێ بەدەستی داعشەوەیە کاک شێرکۆش گوتی نا من شتم پێ عەیبە بڕۆم داعش بدات لەم بەرە لەسنوری من‌و لەشوێنی لیوای من، زۆر هەوڵمان دا لەگەڵی نەیەڵین بڕوات بەڵام بێ سود بوو ڕۆیشت دوای ئەوەی کە گەیشتە ئەوێ کەوتبووە ناو شەڕەکە تەلەفونی بۆ مام چالاک جێگر فەوجی ئێمە کرد گوتی هێزێکم بۆ بێنەو فریام کەوە داعش داویەتیە ئەم بەرە ئیتر مام چالاک خێرا هێزێکی بۆ برد لەگەڵ خۆیدا بڕوات بەهانای کاک شێرکۆوە بەڕاستی نەگەیشتە ئەوێ مام چالاک کاک شێرکۆ شەهید بوو، بەداخەوە شەهید بوو شەوێکی زۆر ناخۆش بوو کە ئەو خەبەرەمان بیست ئامر لیوامان شەهید بوو ئەو هێزە تەواو پشتی شکا

قائیدێکت لەدەست بێتوا ئاسان نىیە، بەڕاستی شەهید بوونی کاک شێرکۆ هەموو کەرکوکی هەژاند خۆی هەر کاک شێرکۆ نەک هەر لە لیوای یەک ڕۆی هەموو منداڵو پیرو پەک کەوتەوتەو خەڵکی کەرکوک ڕۆیشت بەڕاستی دڵسۆز بوو بۆ کەرکوک دڵنیابن ئێمەش شوێنی کاک شێرکۆ ئەگرینەوە، بەتەئکید ناهێڵین پای چەپەڵی داعش بێتە ناو خاکی کوردستانەوە تا دوا دڵۆپی خوێن ئامادەین دیفاع لەشاری کەرکوکو کوردستان بکەین، ئێمە لەمەکتەب خالید لەپەنای ساترێکا دانیشتبووین چەند پێشمەرگەیەکم لەگەڵا بوو لەسەر خەیاڵ نیم ناوەکانیان بڵێم داعشێکی پیسو پۆخڵ لەو دیو ساترەکەوە ڕومانەکەی حازر کردبوو هەڵیداتە ناو مانەوە خۆش بەختانە تەقەمان لێی کردوو لەوێدا کوشتمان، لەوەیا بوو واتا ڕومانەکە هەڵداتە ناومانەوە خۆش بەختانە فەرقمان کردوو دایان لێیو کوشتیان.

# نەقیب ئەیوب محمد عزیز

من (نەقیب ئەیوب محمد عزیز) فەرماندەی سریەی سێ بۆ بیستو چوار لیوای دووی تایبەت سەر بەفەرماندەی هێزەکانی حەفتا، ئەمڕۆ کە ئەکاتە یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان ئێمە لەبەرەکانی جەنگین دیارە هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەکواجبی هەمیشەیی خۆی زیاد لەهەموو چینو توێژەکانی کوردستان کە ئەمڕۆ خەڵک لەماڵی خۆیا لەگەڵ کەسوکاری خۆیا جەژنی خۆی ئەکات بەڵام ئێمە لەسەنگەرەکانی پێشەوەی بەرگری کردنین لەخاکی پیرۆزی کوردستاندا چاومان بڕیوەتە سەنگەرەکانی دوژمن ئاگاداری هەر جموجۆڵێک بین کە ئەوان بەمەبەستێک بیانەوێت پەلاماری ئێمە بدەن، ئێمە دیارە لەماوەی ساڵێکدا لەم سنورەداین توانیومانە زۆر بەباشی بەئەرکی خۆمان هەڵسین سەرباری هەموو کەموکوریەکان سەرباری هەموو نەهامەتیەکان بەڵام هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەورەیەکی پۆڵاینەوە توانیویەتی سەنگەرەکانی خۆی لێ بدات، کە سەرەتا لەم ناوچەیەدا کە ناوچەیەکی چۆڵ بووە بەڵام بەهاتنی ئێمە بۆ ئێرە توانیمان بیگۆڕین بۆ ناوچەیەک کە بەرگری تێدا بکەینو بتوانین تیایدا بمێنینەوە، داعش لەم ماوەیەدا زۆر بەوردی چاودێری ناوچەکەی ئەکردو بەتایبەت ئەم ناوچەیەی ئێمە کە نزیکە لەناحیەی تازەوە ناحیەی تازە زۆر نزیکە لەشاری کەرکوکەوە، بەتایبەت کە ئەکەوێتە سەر ڕێگای سەرەکی کەرکوک.

ئێمە وەک هێزەکانی پێشمەرگە ئەمڕۆ سەرەڕای ئەوەی کە لەئەرکی ڕەسمی خۆماندابین بەڵام بەشێکی تر لەهێزەکەمان گەڕاوەتەوە وەکو ئینزار بۆ سەنگەرەکانی بەرگریکردن لەخاکی کوردستان، ئێمەش بەمەبەستی ڕوبەڕوبونەوەی هەر جوڵەو ئەگەرێکی نەخوازراو ئەگەر هاتو ڕوبدات دیارە ئێمە لەماوەی ساڵێک زیاتر لێرەداین ئەوەی کەمن مەبەستمە باسی بکەموره بەرزی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە کە لەماوەی ئەم ساڵەدا بەچاوی خۆمان بینیومانە بەچ بیروباوەڕێکی نەتەوایەتی بەرگرییان لەخاکی پیرۆزی کوردستان کردوە هەرچەندە داعش وەکو ڕێکخراوێکی تیرۆریستی ئاینی توندڕەوە بەڵام پێشمەرگە بەورەیەکی بەرزەوە توانیویەتی ڕوبەڕوی ببێتەوە، خاڵێک هەیە کە ئەمەویت لێرەدا ئاماژەی پێ بدەم سەختیو ساردی زستانی ئێرەیە کەبەتایبەتی لەشەواندا بەهۆی پرۆژەی ئا وەکەوە تەمێکی یەکجار زۆر هەیە کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە مەودای بینین کەم بکاتەوە بەڵام ئەمەش بەر بەهێزی پێشمەرگەی کوردستان نەگرتو سەنگەری پێ چۆڵ نەکرد سەرباری هەموو ئەمانە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەبەرگرییەکی توندەوە کە دەستی کرد بەگۆڕینی پرۆژە ستراتیژییەکەی دەستی کرد بەهێرش کردن بۆ سەر هێزەکانی داعش ئەوەبوو لەماوەیەکی کەمدا تواندرا چەند ناوچەیەکی فراوانو بەدەیان کیلۆمەتر پاک بکرێتەوە بەتایبەتی لەسەردەمی ئێستادا کە بارودۆخی شەڕەکە گۆڕاوە بەجۆرێکی تر کە فڕۆکەکانی هاوپەیمانان پاڵپشتی لەهێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکەن، لەلایەکی تریشەوە پێشمەرگەی کوردستان لەماوەی ئەمساڵدا توانی تەجروبەیەکی باش لەشەڕەکانی داعشوەربگرێتو شارەزای هەموو تاکتیکو فێڵەکانی داعش بێت لەشەڕدا بۆیە ئێستا هێزەکانی داعش بەهیچ شێوەیەک خۆیان ناگرن

لەبەردەم هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا ئەتوانم بڵێم تاکە هێز تاکە بەرپرس لەبەردەم هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا کەهەبێت ئێستا تەنها ئەو ژمارە زۆرەی بۆمبە کە هێزەکانی داعش دایئەنێن لەهێڵەکانی پێشەوەی شەڕکردن ئەمەش هۆکارەکەی بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە کەئەوان لەبەردەم هەڵمەتی هێزی پێشمەرگەدا خۆیان بۆ ناگیرێت تەنها ئەیانەوێت بەوە ڕێگری لەبەردەم هەڵمەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بکەن .

# عەمید محمد ساتی

من (عەمید محمد ساتی) فەرماندەی فەوجی چوار لیوای دووی تایبەت لە هێزەکانی حەفتا، بەخێرهاتنتان دەکەم وەزۆر سوپاس بۆ ئامادەبوونتان لێرە کە ئەتوانن بەسەرمان بکەنەوە وەکو سەرگوزەشتەی هێزی پێشمەرگە لەسەنگەرەکانی پێشەوە، ئەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ سەرەتا کە ئەو کاتەی ئێمە هاتوینەتە ئەم سنورە پێ ویستی کردووە کە بێینە ئەم سنورە کە بەرگری لەخەڵکی ئەم دەورو بەرەو سنورە بکەین سنوری کەرکوک، پێشتر ئێمە لەناوچەی دوز بوین ئەو کاتە لە ٢٠١٢ کاتێک کە ناخۆشیو ناکۆکی لەگەڵ هێزی دیجلەیا هەبوو کە جەیشی عێراق لە ٢٠١٢ تەقریبەن لە١٢و ١٣ ی ٢٠١٢/١١ بوو ئێمە چوین بۆ ناوچەی دوز ئەویش خەڵکی ئەو سنورە زۆر ناڕازی بوون لەجەیشی عێراقی لەقواتی دیجلە کە غەدریان لەخەڵک ئەکرد ناحەقیان بەرامبەر خەڵک ئەکرد، ئەو خەڵکەی سنوری دوزو ئەوانە خەریک بوو لێیان ئاوارە ئەبوو ئەویش بەردەوام تەقینەوەیان تیا ئەبوو وەخەڵکیان لێ شەهید ئەبوو بەفەرمانی سەرو خۆمان وەک هێزەکانی حەفتا فەرمانیان پێمان کرد چوینە ناو سنورەکەو ناوچەی ناو جولو ئەوانە لەوێ هێزەکەمان دابەش بوو لەو سنورەیا وەخەڵکی ئەو ناوە زۆر دڵ خۆش بوون زۆر دڵ گەش بوون، بەهاتنی هێزی پێشمەرگە بۆ ئەو سنورە لەبەر ئەوەی بەردەوام لەدڵە ڕاوکێو

لەتۆقاندنا بوون لەترسان، خەڵک هاتە پیرمانەوەو سەردانمانیان کرد بۆ ئەو سنورە زۆر خۆشحاڵ بوون ئێمە لەوێ هێزەکەمان جێگیر کردو ماینەوە، وەدوای ئەوەی کە فەرمانمانی ترمان پێکرا چوینە چەند دێیەکی تر لەو سنورە ئەو کاتە پەڕیمانەوە خۆرئاوای دوز واتا بڵێین باشوری، ئەو دێیانە پێشمەرگەی بۆ نەچوبوو بڵێین جێگەی تیرۆرستو جەیشی عێراق بوو لەهەردوو ڕەگەزەکە خەڵک پێی نامۆ بوون، وەهەم جەیشەکە وەک پێ ویست لەگەڵ خەڵکا نەبوون ئەو هێزە وەکو هێزێکی داپڵۆسێنەر خەڵکی ترساندوەو خەڵکی تۆقاندووە وەبەردەوام کاری تیرۆرستیش لەو سنورەدا هەبوو، کە ئێمە چوینە ئەوێ سەر بەچینو توێژەکانەوە تەبعەن زۆرینەی کوردی تیایەو وەعەرەبیشی هەیە وەتورکومانیشی هەیە ئیتر ئەو شوێنانەمان پاراستو ماوەی زیاتر لەساڵو نیوێک لەوێ ماینەوە، لەدوایدا کە داعش پەیدا بوو داعش شاری موسڵی گرت لەماوەی شەوو ڕۆژێکدا سەدمەیەکی زۆر گەورو بوو بەنیسبەت عێراقەوە، وەجەیشێکی گەورەی هەبوو کە ئەو جەیشە لەماوەی شەو ڕۆژێکدا لەموسڵا داماڵراو چەککراو ڕایان کرد، لەبەر ئەوە داعش بەگڕو تینێکی زۆر بەقوەتەوە بەترسو تۆقاندنەوە ڕووی لەناوچەکان کردو وەئەچوە هەر شوێنێک جەیشی عێراق خۆی لەبەری نە ئەگرتو بەردەوام هەڵ ئەهاتنو تەسلیم ئەبوونو شوێنەکان ئەگیران وەچەکو جبەخانەو ئالیاتو هەموو شتێکیان دەست داعش ئەکەوت، لەبەر ئەوە بەزوترین کات ئەو شوێنانەیان ئەگرت. بەپەلە ئێمەیان نارد پێشتر لیوایەکمان لێرە بوو لەسنوری بەشیر ئیتر داعش هات توشی شەڕ هاتبوون ئەو چەند ڕۆژە بەردەوام لەوێ لەشەڕا بوون، لەبەر ئەوە داعش بەشیریان گرتو ئەوانە کە ئەو هێزەی ئێمە لەوێ بوو لیوایەکی ترمان لەوێ بوو کە لیوای سەدو شەشیان پێ ئەوت ئەوان

گەڕانەوە بەرگریان کرد بەڵام لەبەر ئەوەی هێزی داعش زۆر بوو وەکوتم بەردەوام ئەچوە هەر شوێنێک خەڵکی سەر ئەبڕی خەڵکی شەهید ئەکرد بەشێوەیەکی نا مرۆفانە بەشێوەیەکی نا ئینسانانە، ترسو تۆقاندنێکی لەناو خەڵکا دروست کردبوو خەڵک لەبەری هەڵئەهات، بەڵام ئەو هێزەی ئێمە کە چوینە ئەوێ بۆ پشتیوانی ئەو لیوایەی خۆمان من وەک فەرماندەی فەوجی چوار فەرمانم پێکرا کە بچینە ئەوێ لەوێ ئەو برادەرانەمان گۆڕی بۆ ئەوەی ئەوانیش چۆن ئەڵێی پیاچونەوەیەک بەهێزەکەی خۆیان بکەنەوە ڕێکی بخەنەوە لەبەر ئەوەی ئەو چەند ڕۆژە لەشەڕا بوون، ئەوانمان گۆڕی ئیتر ئێمە لەمانگی شەش بوو وابزانم ١٧و ١٨ ی ٦ بوو لەو کاتەیا هاتینە ئێرە زۆر بەروارەکەی ئێستا لەیادم نیەوابزانم ٢٢ ئەو ناوانە بوو، هاتینە ئێرە لێرە وەکو پێ ویست سەنگەرو شتی لێنە بوو لەبەر ئەوەی شوێنەکە نامۆ بوو ئێرە جەیشی عێراق هەمووی ڕای کردبوو وەکوتم چەکو ئەسلیحەیەکی باش دەستی داعش کەوتبوو، ئەوان بەگڕو تینو حەماسەوە ئەچونە هەر شوێنێک هەر شارێک هەر شارۆچکەیەک ڕایان ئەماڵیو کۆنترۆڵیان ئەکردو دەستیان بەسەرا ئەگرت، واتا بەئیمکانێتێکی زۆر لەڕادە بەدەریان دەست کەوت ئەوەش کە هەمووی ئالیاتو چەکی جەیشی عێراق بوو لەبەر دەستیانا، ئێمەش هێزی پێشمەرگە بەردەوام لەگەڵ جەیشی عێراقدا چەند ساڵ ناکۆکی ئەوەمان هەبوو لەڕووی چەکو ئەسلیحەوە تا ئێستاش یەکێک لەمادەکانا لەدەستووردا کە بۆ هەرێم ئەوە بوو کە هێزی پێشمەرگە پڕ چەک بکرێتو ئیدارە بدرێت لەلایەن عێراقەوە، بەڵام تا ئێستاکە ئەم خاڵە نەجێبەجێ بوو نەکردوویانە بەمەبەستیش نەیانکرد، وەئێمە توانیومانە بەئیمکانێتی خۆمان بەچەکی خۆمان بەڵام لەهەمووی پیرۆزترو گەورەتر بیرو

باوەڕمان بوو بۆ نیشتمان بۆ خاک بۆ گەلەکەمان ئێمەی پێشمەرگە بتوانین لەو شوێنانە واتا بیرو باوەڕەکەمان بوو کە ئێمە توانیمان پێش لەسەنگەری دووژمن بگرین، واتا تۆقێنەرترین دوژمن لەجیهاندا کە داعشە ئێمە وەک پێشمەرگە ڕووبەڕووی ببینەوە کەوا جەیشی عێراق بەو هەموو ئەجهیزەو چەکو ئالیاتە بەهێزەوە شەوو ڕۆژێک نەیتوانی ڕوو بەڕووی داعش بوەستێ، ئێمە توانیمان ڕێیان پێ بگرینو نەیەڵین یەک بست بێنە پێشەوەو سەنگەرمان لێگرتنو لەناوچەی بەشیرو ئەو سنورانە ئەو شوێنەی ئێمە شوێنێکی ستراتیژییە بەنسبەت کەرکوکەوە وەبڵیین تازەو بەشیر لەدەست داعش وەئەیان ویست بەردەوام پێشڕەوی بکەن هێرش بکەن بێنە پێشەوە بۆ گرتنی تازەو ڕێگەی کەرکوک دوز کە شاڕێی بەغدایە کەرکوک ئەبەستێتەوە بەبەغداو بەدوزەوە وەئەگەر بێتو داعش ئەو ڕێگەیەی بگرتایە تازەی بگرتایە هێزی پێشمەرگە نەیئەتوانی وەک پێ ویست بەرەو باشور بڕوا بەرەو باشوری کەرکوک وەبۆ دوزو ئەوانە لەبەر ئەوە زۆر شوێنێکی مەترسیدار بوو وەشوێنێک بوو گرنگ بوو بەنسبەت داعشەوە کە بیگرێت بەڵام ئێمە توانیمان بەرگری تیا بکەینو نەیەڵین بێنە پێشەوە هەمویێستگەی کارەبای لێیە کە کارەبای هەموو ناوچە سنورییەکان ئەدا بەکەرکوک،وەهەم نزیکە لەکەرکوکەوە کە داعش زۆر مەبەستی بوو لەهەوڵو تەقەلای ئەوە بوو بێتە کەرکوکەوەو کەرکوک بگرێت وەهەر ئەو شاڕێیە بگرێت کە ڕێگەی بەغا کەرکوکەوەهەمویێستگەی کارەبایە هەم مەشروعی ئاویشە کە ڕێگەیەکی ئاوە وەڕێڕەوێکی ئاوە لەدەریاچەی دوکانەوە کە سەرچاوەی گرتوە دێتە دبز، لەدبزیشەوە کۆنترۆڵ کراوە بەرەو دوز بۆ پرۆژەی ئاوو ئاودێری کەمەشروعێکی گەورەیە بۆ کشتوکاڵ کردن بۆ دانەوێڵەو بەروبومی کشتوکاڵی هەموو

ئەو سنورە سودی لێ ببینن ئێمە ئەو ئاوە بو بەهێڵێکی تەماسو هێڵێکی بەرگری لەبەینی هێزی پێشمەرگەو داعش بەڵام شوێنەکەی ئێمەوای ئەخواست لەبەر ئەوەی دوو پردی تیایە ڕێگەی ئێمە ئەبوایە لەوبەر ئا وەکەوە بوینایە بەجیاواز لەهێزی پێشمەرگەی خۆمان هاوڕێکانی خۆمان بڵێین لەدەستی ڕاستو چەپمان هێزی پێشمەرگە ئا وەکە بوو بۆیە بوە بەربەستێک بۆ سەنگەرێکی پتەو لەگەڵ داعشو پێشمەرگەیا، بەڵام بەنسبەت ئێمەوە چوبوینە قوڵاییەوە بۆ ناو داعش لەبەرئەوەی ئا وەکەیشمان تێپەڕاندبوو چوبوینە ئەوبەر ئا وەکەوە سەنگەرمان گرتو لەبەر ئەوەی هەندێک بیناو هەندێک شوێنی محەتەی کارەبای تیایەو مەشروع ئاوی تیا بوو ئەبوایە لەو شوێنانە بەهەچ نرخێک بێت بەباجی خوێنیش بێت بەرگری بکەینو ئەو شوێنە نەدەینە دەست دوژمنی داعشەوە ئێمە لەوێدا ماینەوە وەبەردەوام ئەوان هێرشیان ئەکردو ئەهاتن ئەیان ویست ئەو شوێنە کۆنترۆڵ بکەن بێنە سەر مەشروعەکەو بەرەو تازە پێشڕەوی بکەن، بەڵام ئێمە بەرپەچمان دایەوە کە ئەو دێیانەی شەمسیەو مەرعیەو لەدەست ئەوان بوو لەگەڵ فەیازو فەنەرو قەرەیارو هەموو ئەو دێیانە لەدەستی ئەوان بوو، بەڵام ئێمە لەپانتاییەکەیا بەقوڵایی بڵێین لەبەر ئاوەوە لەناو داعشدا لەدەستە ڕاستدا بەدوری کیلۆمەترێکمان کۆنترۆڵ کردبۆوە بەقوڵایی بەرەو باشور بڵێین ڕوەو خۆرئاوایش ٦٠٠ مەترێکمان کۆنترۆڵ کردبوو لەو شوێنانە لەگەڵ برا پێشمەرگەو ئەفسەرە دڵسۆزەکاندا سەنگەرمان لێ داو توانیمان سەرەتا بەپاچو خاکەنازو ئەوانە بەگوێنیە خۆڵ ئەوە دروست بکەین بۆ ئەوەی هەرجێ پێی خۆمان هەرچی چۆنێک بێت ئەوە بکەین توانیمان لەوێ بمێنینەوەو شەڕەکە بەردەوام بوو ئەوان هێرشیان ئەهێنایە ناوەو بەرپەرچمان ئەدایەوە بەڵام بەهاوەنو بەکاتۆشاو تەنانەت بتڵی غازو

ئەوانەو چەکێکیان دروست کردبوو لەشێوەی بتڵی غاز باسی ئەوەی لێکرا کیمیاویشی تێ بکەن بەڵام پێشمەرگە بەورەیەکی بەرزەوە بەورەی پۆڵاینەوە ئەو برا ئەفسەرانەی کەلەفەوجەکە لەگەڵ منا بوون زۆر بوێرانە زۆر بەئازایانە توانیمان لەو سەنگەرانە بمێنینەوە بەرپەچیان بدەینەوە، ئەوە بوو لەدوو ڕۆژی دوایی هێرشەکەیان چۆن ئەڵێی زیاتر کرد ویستیان هێرشەکانیان بەهێز بکەن بۆ ئەوەی کە ئەو سەنگەرانەی ئێمە بگرن‌و ئێمە تێک بشکێنن بۆ ئەوە بێنە ناوەوە بپەڕنەوە بۆ ئا وەکەو بەرەو تازەو کەرکوک بەڵام ئێمە هەر بەرپەچیانامان دایەوە ڕۆژی ٢٤ لەسەر ٢٥ بوو کاتژمێر ٢ ی پاش نیوەڕۆ قەسفێکی زۆریان بەسەر مەرکەزی ئێمەیا کرد بەچڕی بۆردومانمانیان کرد بەکاتوشاو هاوان‌و بەدۆشکەو بیکەیسی لێمانیان دان وەکوتم ئێمە کەوتبوینە قولاییەوە واتاوای لێهاتبو جاری‌واهەبوو لەپشتمانەوە ئالای پێشمەرگەی لێ بوو لەدەستە ڕاستمان ئالای داعشەکان لەپێشتر بوو تێکەڵ ئەبوو زۆرجار وامان ئەزانی ئەوانن داعشن ئالای پێشمەرگەیان هەڵکردوە بەڵام لەوبەری ئاو لەپشتمانەوە لەدەستی ڕاستەوە ئالای هێزەکانی خۆمان بوو، لەبەر ئەوە ئێمە ئەوەنە چوبوینە قولاییەوە بۆ ناو داعش سوڕابوینەوە داعش کەوتبوە لاتەنیشتمانەوەوای لێهات لەڕاستو چەپو لەبەرامبەرەوە لێمانیان ئەدان، بەڵام ئێمە بەورە بوین خۆمان ڕاگرت وەئیسپاتمان کرد بۆ هەموو خەڵکی کەرکوکو ناوچەکە بۆ هەموو هێزی پێشمەرگەوەهەموو ئەو لیوایانەی دەوروبەرمان شایەتن کە ئێمە یەک بست خاکمان نەدایە دەستی داعشەوە بگرە دواتر وامان لێهات معەدەلەکە گۆڕا ئەو شوێنانەیشمان لێ گرتن، ئەوەبوو وەک باسمکرد لە٢٤ لەسەر ٢٥ مانگ سەعات ٢ی پاش نیوەڕۆ ئەو هێرشە چڕەیان کردو بۆردومان‌و

قەسفو ئەوە ئێمە بەرپەچمان دانەوە شەڕ بەردەوام بوو تاکو سەعات ٨ ی شەو، ئەوان بەقەسفو هێرشو ئەوانە دژە هێرشیان ئەکرد بۆ شوێنەکان هەر جارە لەلایەکەوە ئەوەیان ئەکرد بۆ ئەوەی شوێنمان لێ بگرن لەوکاتەیا بەداخەوە بو بەهۆی شەهید بوونی مولازم ئەوەل گۆران ئەو کاتەی شەهیدبو ناوەکەی بەنەقیبی هاتبۆوە هێشتا رەتبەی نەبەستبوو هی نەقیبیەکەی پلەی بەرزەوە بوو،وەنەقیب گۆران بڵێین عەبدول خالق مەجید شەهید بوو وەنەوزاد عومەر مەجید سلێمان وەنائیب عەریف مەریوان خەلیل کاکی شەهید بوو وەنائیب عەریف موخەلەد ئیبراهیم شەهید بوو ئەو کوڕانە خەڵکی کەرکوکو کفری‌ولەیلانو ئەوانە بوون کە هەموویان خەڵکی ئازاو بەورە بوون چونکە پێشتر لەشەڕەکاندا منو نەقیب گۆران ڕۆژێک لەشەڕەکە مابوو کە تەقە دەستی پێکرد چوینە خوارەوە بۆ سەنگەرەکان لەگەڵمانا بوو بۆ سەنگەرەکان چەند جارێک پێم وت وتم ئاگات لێ بێت لەسەر ساتر خۆت دەرمەخە زۆر بەورەی بەرزەوە ئەیوت گەورەم هیچ نیەو ئەوە نین ئێمە لەبەرامبەریاندا چۆک دابەینو یان ترسمان لێیان هەبێت بەڕاستی خەڵکێکی زۆر قارەمانو زۆر ئازا بوون وەک باسمکرد پێش ئەوەی شەهیدەکان بەین ڕۆژی پێشتریش دوو بریندارمان دابوو هەر بەشەر لێرە، ئەو ڕۆژەش ٥ پێشمەرگەی ترمان بریندار بوو بەڵام برینداەرکانمان کێشایەوە دواوە بەپێشمەرگەیەکمانا ناردمانن بەماشێن بۆ کەرکوک بۆ نەخۆشخانە خۆشبەختانە باش بونەوەو چاکبونەوە بەس بوە هۆی شەهید بونی ئەو برادەرانەمان وەلەگەڵ ئەوەشدا کە ئەوانە شەهید بوون ئێمە ئەوەنەی تر ڕق ئەستور بوین بەرامبەر دوژمن کەئەوانی تر پێشمەرگەبوون بۆیانم باس ئەکردن کە ئەموت ئەبێت بیر لەوە بکەینەوە کە تۆڵەی خوێنی ئەوان بکەینەوە

وەبەدڵنیاییەوە بەسێ قاتو چوار قاتیش تۆڵەی خوێنی ئەوانمان کردەوە بەڵام هەموو داعش لەناو بەرین خوێنی پەنجەی پێشمەرگەیەک ناهێنێت لەبەر ئەوەی پێشمەرگە لەسەر خاکو نیشتمان بەرگری ئەکات لەبوونی نەتە وەکەی خۆی بەرگری ئەکات، لەجەماوەرو میلەتو ژنو منداڵو پیرو گەنج لە وڵاتەکەی خۆی بەرگری ئەکات، ئێمە خاکی کەسمان داگیر نەکردووە بەرگری لەخاکو گەلی خۆمان ئەکەین لەبەر ئەوە خوێنی پێشمەرگەمان زۆر زۆر لاگرنکە جێگایان بەهەشت بێتو ئەوان سەروەرنو قەت لەیادمان ناچێت. وەبەردەوام ئەرکەکانمان بەو شێوەیە بوو هەتا ئێستاش بەبەردەوامی لێرە مایەنەوە ئەوەبوو دوای شەڕەکە گۆڕا مەسەلەن داعش چەنێک هێرشی ئەکرد چەندێک هەوڵی ئەدا زانی بێسودە لەوەی کە بەرامبەری ئێمە ئەوە بکات چۆن ئەجوڵانەوە چۆن ئەهاتنە پێشەوە چۆن ئەیانوست هێرش بکەن ئێمە پێشوەخت لێیان ئەهاتینە دەست زۆر بەخێرایی پیلانی پێشوەختمان هەبوو بەرامبەریان لەبەر ئەوە شەوو ڕۆژ ئێمە لەکەمینو لەئەرکەکانمانا بووین لێمان ئەدانەوە، دواتر ماوەیکی پێچوو ئێمە بەردەوام لە ئەرکی خۆماندا بووین با ئەوەش لەیاد نەکەم کە ئەو ڕۆژەی ئەو پێشمەرگانەمان شەهید بوون فەوجی دوو هاتن بەهانامانەوە فەوجی دوو پێک هاتبوو لەکاک ئەمیر کەمالو موقەدەم ڕەشیدو عەقید لوقمان، کە هاتن بەهانامانەوە سریەیەکیان هاتن کە زانیان ئێمە شەهیدمان داوە، کاک عەمید تایەر فەرمانی پێکردبوون کە بێنە پێشەوەو بێنەلامان بەداخەوە ئەویش پێش ئەوەی بگەنە لامان هەر بەتۆپبارانکردن پێشمەرگەیەکیان شەهید بووو کە ناوی نایب ئاسۆوابزانم هەڵەبجەیی بوو، وەئێمە فەوجەکانی تریشمان دوای ئەوە هاتن بەهانامانەوەو هاتنە هاوشانمانو تەنیشتمانەوە ئیتر دوای هەر

وەکو لیوای دوو سەنگەرەکانمان ئەوەنەی تر قایم بکەین‌و پتەوی بکەین، وەخەڵکی کەرکوک‌و تازەو دەوروبەریمان دڵنیاکردەوە کە زانیان ئێمە هێزێکین کە سەنگەر چۆڵ ناکەین‌و جێی ناهێڵین وەبەڵێنمان بەخەڵکیش داوە کە بەخوێنی خۆمان ئەو سەنگەرانە ئەپارێزین‌و لەداهاتودا ڕۆژگارو ماوەیەکی زۆری بەسەردا چوو بۆ ماوەیەک‌وەزعەکە گۆڕا لەسەرو خۆمانەوە بەپیلان‌و بەرنامەیەکی تۆکمەمان دانابوو بۆ ئازاد کردنی چەند دێیەک لەو دێیانەی کە پێشتر ناوم هێنان تا وەکوو شەمسیەو مەرعیەو فەیازوو فەلەرو قەرەیاڵەو بگرە خوارتریش لەولا تر جدیدەو ئەوان لەدەستە چەپ، لەدەستە ڕاستیش حومیرەو ئەوانە بون ئەو ناوچانە مریەم بەگو ئەو شوێنانە هەمووی بەلانێکی تۆکمەو بەرنامەمان بۆ دانا ئێمەش وەک لیوای دوو سەرجەم فەوجەکانمان لە٣/١٣ بوو کە هێرشەکە دەستی پێکردەوە ئەوەبوو ئەو بەیانیە بەشداریمان کرد ئەو ناوچانەمان بەسەرکەوتوویی گرت بەبێ ئەوەی زیانمان هەبێت تەقینەوەو هاوەنی زۆریش تەقی، بەڵام ئێمە توانیمان ئەو دێیانە هەمووی کۆنترۆڵ بکەین خۆشبەختانە هیچ زیانێکمان نەبوو لەو شەڕەیا وەدواتررواجبەکانمان تەوزیع کرد بەپێی پێ ویستی فەوجەکان ئەو شێوێنانەمان ئاوەدان کردەوەو سەنگەرمان تیا گرت پتەومان کرد، هەتا ئێستاش ئەو شوێنانە لەئەرکدان‌و لەسنورەکەیا وەخەڵکمان دڵنیا کردۆتەوە، خۆشم هەر لەو ڕۆژەیا قاچم شکا لەئەرکدا بووم زۆر سوپاستان ئەکەم.

# ڕائید ئیحسان تۆفیق حەمە عەزیز

من (ڕائید ئیحسان تۆفیق حەمە عەزیز) یاریدەدەری فەرماندەی فەوجی چواری لیوای دووی تایبەتی هێزەکانی هەفتا، لەدوای ئەوەی کە هێزە چەتەکانی داعش دەستیان بەسەر شاری موسڵدا گرت وەدواتریش پەلاماری ناوچە کوردییەکانی کوردستانیان دا هێزی پێشمەرگەی کوردستان زوبەزو هێزەکانی خۆی نارده ئەو شوێنانەی کە کوردستانین لەدەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانن بۆ پاراستنی خەڵکەکەو خاکی هەرێمی کوردستان ئێمەش یەکێک بوین لەو فەوجانەی کە هاتینە ناوچەکانی باشوری کەرکوک لەدەوروپشتی بەشیر لەوێ جێگیر کراین بۆ پاراستنی شاری کەرکوکو دەوروبەری، لەبەرواری ٢٠١٤/٦/١٧ هێزەکانمان جێگیر کرد لەم ناوچەیە ئەوەبوو هێزەکانی داعش دەستیان کرد بەهاوەن بارانکردنی سەنگەرەکانمان وەمقاوەمەتی باشی پێشمەرگەکانوورە بەرزییانو چستو چالاکیان بوە هۆی ئەوەی کە سەرجەم سەنگەرەکان لەم ناوچەیە بپارێزرێ بەباشی وەڕەتدانەوەی چەتەکانی داعش بوە هۆی ئەوەی کە هێزەکانورەیەکی بەرزو پۆڵاینیان هەبێت، بەردەوام چەتەکانی داعش هێرشیان ئەکردە سەرمان، ئێمەش سەنگەرەکانمان بەردەوام توندوتۆڵتر ئەکردو بەرەنگاری ئەوان دەبوینەوەو دەوەستاین ڕوبەڕویان، ئەوان چەند جار هێرشیان کرد بۆمبارانیان کرد ئەوەبو تا

وەکو بەرواری ٢٠١٤/٦/٢٣ بەهۆی هاوەن باران کردنەوە ٢ پێشمەرگەمان بریندار بوو کەدانەیەکیان برینەکەی سەخت بوو دوای ئەوە رۆژی ٢٤ ڕەوشەکە ئارام بوو لە٢٥ مانگدا بۆ جارێکی تر هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانمان وەهاوەن بارانیان کردین ئەوە بوو لەئەنجامی ئەو هێرش‌و ئەو تۆپ بارانکردنە بەهاوەن ٤ پێشمەرگەی قارەمان‌و ئەفسەرێکمان مولازم ئەوەل گۆران ئینجا خالید عیزەت‌و نائیب عەریف مەریوان خەلیل کاکل‌و عومەر مەجید سالّح‌و نائیب عەریف موخەلەد ئیبراهیم ئیسماعیل زۆر بەداخەوە لەو بۆمباران کردنەدا شەهید بوون، شەهیدکردن‌و بریندارکردنی پێشمەرگەکانی ئێمە هیچ کاتێک نەبوە هۆی ئەوە کە لەورەی پۆلاینی پێشمەرگەکانی ئێمە کەمکاتەوە بەڵکو ئێمە زیاترو زۆر بەتوندو تۆڵتر سەنگەرمان بەهێز ئەکردو بەرەنگاریان ئەوەستاینەوە، وەدڵنیاتان دەکەینەوە کە ئەو زیانەی بەر هێزی پێشمەرگە کەوتووە قەت بەقەدەر ئەو زیانە نیە کە بەر چەتەکانی داعش کەوتووە چونکە ئێمەش بەهەمان شێوە لەڕەد دانەوەی ئەواندا زیانی تەواوەتی‌و باشمان لەهێزەکانی داعش گەیاندوە کە تا وەکو ئێستاش لەسنوری ئێمە بەهیچ شێوەیەک داعش نەیتوانیوە بۆ بستێکیش بێتە پێشەوە بەردەوام هێزەکانمان لەچست‌و چالاکی باشتردان لەتوندو تۆڵکردنی سەنگەرەکانیانان وەمقاوەمەتی ئەوان زۆر بەرزە ئەوان دڵخۆشن بەوەی کە لەم ناوچەیەدا کە تا وەکو ئێستا بەو هەموو فشار بردنەی داعشەوە نەیتوانیوە بستێک بێتە پێشەوە، ئێمە هەمیشەو بەردەوام لەخزمەت پاراستنی ئەم خاکی کوردستانەدا دەبین لەخزمەت خەڵکی خۆماندا دەبین لەم سنورانەدا وەدەیان پارێزین لەدەستی چەپەلی داعشەکان نایەڵین بەهیچ شێوەیەک زیانیان پێ بگەیەنرێت، ئێمە تا وەکو ئێستەش کەوا ساڵێک زیاترە لەم ناوچەیەداین

توانیومانە چەند شوێنێکی زۆر لەوان پاک بکەینەوە وەبچینە پێشەوە وەلەسێ لاوە داعشەکان لەناوچەی بەشیر گەمارۆ بدەین، ئێستا هێزەکانمان دڵخۆشن بەوەی کە بونەتە هۆکاری ئەوەی کە لەم سنورەدا داعش زۆر بێ هێز بکەن، داعش‌وەها ترسنۆک بوە بەرامبەر بەهێزەکانی ئێمە کە دەزانێ هێزەکانی ئێمە زۆر یاساین زۆر چست‌و چالاکن زۆر بەشێوازێکی سەربازیانە کارەکانی خۆیان سەنگەرەکانی خۆیان قایم دەکەن لەبەر ئەوە هەمیشە داعشەکان زۆر بەحەزەرەوە دەڕواننە سەنگەرەکانی ئێمە ئەمە بەرگریی پێشمەرگەکانی ئێمەیە لەناوچەی بەشیر ئەمەورە بەرزی پێشمەرگەکانی ئێمەیە لەم ناوچەیە وەدڵنیاتان ئەکەمەوە خۆشتان باش ئەزانن پێشمەرگە لەهەموو ناوچەکاناورەیەکی باش‌و پۆلاینی هەیە بەڵام ئیتر ئێمە لەم کاتەدا ئەم تایبەتمەندە بۆ ئەم شوێنەیە کە ئێمە قسەی لێ ئەکەین ئەوەی کە ئێمەی تیاین دڵنیاتان ئەکەمەوە بەهیچ شێوەیەک داعش نەیتوانیوە هیچ بستێک لەم ناوچەیە پاشەکشە بەئێمە بکات وەهەمیشە لەپارێزگاریکردنی ئەم ناوچەیەیا ئەبین پشت بەخوا سوپاستان ئەکەم زۆر بەخێربێن.

# دارا كاكه ڕەش سەعيد

من ناوم (دارا كاكه ڕەش سەعيد)ه لەدایک بووی ١٩٧٤/١/١ ئەفسەرم بەپلەی نەقیب لەلیوای ٥ شارەزور سەربەوەزارەتی پێشمەرگە، لیواکەمان لەمیحوەری ٥ی کاک کەمال کەرکوکیە بەرنامەیەکیان دانابوو کە شارۆچکەی مەنسوریە بگرین میحوەرەکەش بەیاریدەدەری کاک محەمەد حاجی مەحمودو عەمید سەرحەدو کۆمەڵێک بەرپرسی ناوەندیەکێتی بوو، یەکەم جار لەسەعات ٨ دا هێرشێک دەستی پێکرد بەبۆنەی زۆری عەبوەوە ئێمە لەدەوروبەری دێهاتەکە نەچوینە ناو دێیەکە گەڕاینەوە چوینە سنوری حەوزی حەویجە لەسنوری حەوزی حەویجەوە هاتینەوە بۆ ئەو شارۆچکەیە چوینە ناو حەوزی حەویجەوە بەناو جادەی قیردا گەڕاینەوە بۆ ناوەڕاست بەرەو ئەوشارە هاتینەوە لەوێ ڕیزێک دوکانی لێیە، لەوێ کەزیاتر لە٣٠٠ بۆ ٤٠٠ کەس بوین داخڵ بوین هێرشەکە دەستی پێکرد بەڵام بەهۆی هەڵەیەکی تەکنیکیەوە کە ئەوان دایانڕشتبو عەبوەیەکی زۆر دەرکەوت ناحەقی هێزەکەش ناگرم هێزەکەی ئێمە پێچەوانە بوەوە بۆ دواوە لەبەر ئەوەی دیار بوو ئەمە ڕیزێک تیئێنتیوایەرو شتیوایە هێزەکەی ئێمەش گەڕانە وەکەی بیرۆکەکەی جوان بوو بەڵام ئێمەوایەرەکانمان نەبینی هێزەکە دیبوی کە بەتەواوەتی تێپەڕین بەرەو ناودێکە داعشێک زۆر بەزەقی هاتو تەقەی لێکردین ڕوبەڕوو بە٧٠ کەس تەقەی لێدەکرد بەرنەدەکەوت زۆر

سه‌رسام بوین ئاڕبیجیان لێئه‌دا به‌ر نه‌ئه‌كه‌وت ٧٠ كه‌س زۆره‌ ته‌قه‌ له‌كه‌سێک بكات‌و به‌رنه‌كه‌ویت، كه‌ته‌قه‌مان له‌و ئه‌كردو به‌رنه‌كه‌وت ئێمه‌ ناچار هێرشمان برد چوار كه‌س بوین ئه‌وه‌ی كه‌ له‌گه‌ڵمدا بوو كاک بێستون سه‌نگاوی بوو برای به‌ڕێزم كاک عه‌لی پۆلا بوو شه‌هیدی قاره‌مان شه‌هید كاک سه‌ربه‌ست سیروان بوو چوینه‌ ناوه‌ڕاستی دێیه‌كه‌وه‌ له‌ناوه‌ڕاستی دێیه‌كه‌ كاتێكمان زانی له‌هه‌رچوار لاوه‌ ته‌ڵه‌ی عه‌سكه‌ریان بۆ ناوینه‌وه‌و په‌لاماریانداین له‌په‌لاماره‌كه‌دا كاک سه‌ربه‌ست شه‌هید بوو من بریندار بووم برای ئه‌زیزم كاک بێستون قۆڵی شكاو په‌ڕیه‌ ئه‌ودیو دێیه‌كه‌وه‌ كاک بێستون له‌من‌وون بوو ئه‌وه‌ی كه‌ مابوو من‌و كاک عه‌لی پۆلا بووین له‌خانوه‌كه‌یا لێره‌ باسی بێستوون بكه‌م ئه‌و به‌ته‌نها بوو قۆڵی شكا بوو كه‌سیش نه‌بوو بۆی ببه‌ستێت ئازارێكی زۆری هه‌بوو ته‌نهایی زۆر ناخۆش بوو كه‌وتبوه‌ ناو ئه‌وانه‌وه‌ سه‌رسامم به‌مانی بێستون نازانم بێستون چۆن ماوه‌ له‌م كاره‌ساته‌یه‌ زۆر سه‌رسامم كه‌دوای ئه‌و هێرشه‌ ئه‌و پێشمه‌رگه‌ قاره‌مانانه‌ هاتن ئێمه‌یان ئازاد كرد كاتێک بێستونم بینی توشی شۆک بووم نه‌مه‌زانی كه‌چۆن ماوه‌ بێستون له‌خانوه‌كه‌دا یه‌كه‌مجار هاتن په‌لاماریانداین له‌چوارلاوه‌ داعش به‌الله‌ اكبرو ده‌وڵه‌تی ئیسلامی ته‌قه‌یه‌كی زۆریان لێكردین ئه‌وه‌ بوو ئه‌و برا به‌ڕێزه‌ شه‌هید بوو من بریندار بووم كاک بێستونیش بریندار بوو له‌گه‌ڵ بریندار بونه‌كه‌ له‌خانوه‌كه‌یا په‌لاماریانداین بۆ ماوه‌ی ٥ سه‌عات‌و نیو له‌خانوه‌كه‌داماینه‌وه‌ زۆر داوای ته‌سلیم بونیان لێكردین هه‌وڵێكی زۆریاندا جاری‌وابوو كه‌ ڕقیان هه‌ڵئه‌ستا ١٠٠٠ فیشه‌كیان له‌ماوه‌ی چركه‌یه‌كدا له‌هه‌موو لایه‌كه‌وه‌ لێئه‌داین، دوای ئه‌وه‌ هێرشه‌كه‌یان ئه‌وه‌ستانده‌وه‌و داوای ته‌سلیم بونیان ئه‌كرده‌وه‌ به‌عه‌ره‌بی كه‌ من عه‌ره‌بیه‌كه‌م ئه‌زانی ئه‌یانوت‌وه‌رنه‌ ده‌ره‌وه‌

بەڵام کەسێک هاتو جزداشەی لەبەردا بوو وەکو ڕەیس عەشیرەتەکەیان‌وابوو بینیم بەخێرایی هاتە دەرەوەو خۆیکرد بەماڵێکدا لای ئێمە داوای لێکردن هیچ پەلەی لێمەکەن ئەمانە چۆلەکەنین هەڵفڕن دابینێن بۆ دوای عەسر زۆر بەهێواشی ئێمە گوێمان لەقسەکانیان بوو کە لەو دیو دیوارەکەو ئەیانکرد ئێمە هیچ گوێمان بەوە نەدا بەڵام کاک بێستوون زوو خۆی لای کاک شێخ جەعفەر بوو پەیوەندی بەوەوە کردبوو کە کاک شێخ جەعفەر دەستە تایبەتەکەی خۆی‌و هەموو ئیدارە هاتبوون بۆ یارمەتیدانی چەند هەمەرێکیان ناردبوو بۆ یاریدەدەری میحوەرەکەی ئێمە لێرەوە سوپاسی پشتیوانی دوو دەکەم لیوا ڕوکن کاک مەریوان ئەویش هات لەپێشەوە عەبوەکانیان هەڵگرتوو هێزەکەووردەووردە داغڵ دەبوون بەرەو دێیەکە زیاتر لە١٥٠ کەسێک خۆی فیدایی کردبوو کە گیانی خۆیان دابنێن بۆ ڕزگار کردنی ئێمە لەبەر ئەوەی نامە ڕۆیشتبوو کە ئێمە ماوین بەڵام برینداری‌نو چواردەورمان گیراوەو ناهێڵن بێینە دەرەوە لەخانوەکە کاک بێستون نامەی ناردبوو عەلی پۆلاش هەر نامەی ناردبوو بۆ ئامر لیواو جەماعەتێک ئێمە ماوین‌و نەکەوتوینەتە دەستی داعش بەڵام ئەگەر بۆ ماوەی چەند سەعاتێک فریامان نەکەون حاڵەتی خۆکوشتنەکەمان نزیک بۆتەوە لێرەوە سوپاسی کاک جەعفەر ئەکەم کە ئەو دەستە تایبەتەی ناردوو فەرماندەی لیوای پێنجی قارەمان بەهەموو ئەفسەرەکانیەوە ئەو ئەفسەرە تایبەتانەی کە هاتن هەموو دەستەی هێرش بوون هاتن کاک ڕائید عومەرو کاک نەقیب ئەنوەری ئیدارە بوو کە ئەوان ئیدارەن ئیشیان ئەوە نەبوو بێنە دەستەی هێرشەوە بەڵام لەدڵسۆزی‌و حەماسی خۆیان زیاتر جەماعەتە ئیداریەکە هاتبوون، کاک ڕەفیق گەلالی فەرماندەی سریەی یەکی خۆمان‌و کاک ئیبراهیمی بارام بەخۆی‌و دوو

برایەوە هاتن کە ئەویش نەقیبێکی بەڕێزە هاتنە ناو خانوەکەوەو ئێمەیان ڕزگار کرد بەدوو وەجبە هاتن پشتیان نابوو بەیەکەوە،وەجبەیەک تەقەی لێ دەکردن‌ووەجبەیەک تەقەی لەخوارەوە دەکرد هەتا گەیشتنە ئاراستەی ئەو شوێنەی ئێمەی تیا بووین ئێمەیان دەرکردوو هێنایانینە دەرەوەی خانوەکەو ڕزگاریان کردین، لێرەوە سڵاو ڕێزم هەیە بۆ ئەو پێشمەرگانەی کە ناویان نازانم‌و ناویانم نەهێناوە.

# عەمید بەختیار فایەق خواڕەحم

من ناوم (عەمید بەختیار فایەق خواڕەحم)ە جێگری مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگەم لەڕوی کاری سیاسیەوە وەلەڕوی کاری عەسکەریەوە مەوقعی سلێمانیم کە سەر بەئیدارەی شوێنەکانم سەر بەوەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێکی کوردستانم.

پێش دەستپێکردنی شەڕی داعش لەبەرواری ٢٠١٤/١/٨ لەشاری سلێمانی لەگەڕەکی کازیوە تیرۆرستانی داعش بۆمبێکی تەوقیدکراویان لەبەردەمماڵەکەم دانابوو، لەڕۆژی ٢٠١٤/١/١٢ ئەو بۆمبە لەسەعات ٨:١٧ دەقیقە تەقیەوە لەو تەقینەوەیەدا خۆم بریندار بوومو قاچی ڕاستم بەشێوەیەکی سەخت بریندار بوو لەهەمان کاتیشا ئەو عەبوە کە تەقیەوە بوە هۆی زیانگەیاندن بەماڵەکەم لەڕوی مادیەوە زەرەری زۆری پێگەیاندم وەلەڕوی مەعنەویشەوە زیانێکی زۆر بەخۆمو خێزانمو منداڵەکانم گەیشت وەئێستاش ماڵو منداڵەکەم لەبارو دۆخێکی مەعنەوی ناجێگیردا دەژین لەبەر ئەوەی هەموو ڕۆژێ ئاساری ئەو عەبوەیە لەبەردەم ماڵکەمدا دیارە هەم بەڕۆژ هەم بەبەیانیانو نیوەڕوان کە منداڵ دێنودەڕۆنە دەرەوە ئاساری تەقینە وەکە لەبەردەم ماڵەکەمدا دەبینن کە بۆتە حاڵەتێکی نەفسی ناجێگیر وەلەهەمان کاتیشدا تیرۆرستانی داعش کەشف بوون کە ئەمانە سەر بەڕێکخراوی تیرۆرستی داعشن گیران لەلایەن هێزە ئەمنیەکانی سلێمانیەوە

خۆشبەختانە لێرەوە سوپاسی هێزەکانی دژە تیرۆرو هێزەکانی ئاسایش ئەکەم کە لەماوەیەکی زۆر کورتدا ئەو گروپە تیرۆرستیەی کە لەناو شاری سلێمانیدا بوون دەستنیشانیان بکەن‌و دەستگیریان بکەن کەبوە هۆی ئەوەی ئیعترافیان کرد کە ئەمانە سەر بەڕێکخراوێکی تیرۆرستی داعشن کە هاتون ئەمنیەتی شاری سلێمانی تێک بدەن بوە هۆی ئەوەی کە چەند کەسێک لەفەرماندەکانی ئێمە لەپێش من دوو فەرماندە بەناوی کاک عەمید جەلال‌و عەمید کەمال‌و کامیل ئەحمەد کە هەر لەسنوری سلێمانی لەناوچەی سەرچنار بەچەند ڕۆژێک پێش تەقینە وەکەی من ئەوانیش بەر ئەو تەقینەوانە کەوتن‌و ماشێنکانیان بۆمبڕێژکرابوون کە بوە هۆی بریندار بوونی کاک جەلال‌و کاک کەمال، وەتائێستاش کاک کەمال بەو ئازارو بەو برینداریەوە دەناڵێنێت وەلەچەند ڕۆژی ڕابردوودا ناردیان بۆ یۆنان لەوێ چەند نەشتەرگەری بۆ کرا کە بەهۆی ئەو تەقینەوەیەوە بەشێوەیەکی سەخت کاک کەمال کامیل ئەحمەد بریندار بوو ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە سەرەتای بڵاوبوونەوەی داعش‌و ڕێکراوی داعش لەسنوری سلێمانیدا وەلەساڵی ٢٠١٤ دا لەمانگی حوزەیراندا کە بووە هۆی ئەوەی کە تیرۆرستانی داعش پەلاماری گەورەیان ئاراستەی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان کرد وەئێمەش بێبەش نەبووین لەڕووبەڕووبونەوەی تیرۆرستانی داعش لەگەڵ کاک شێخ جەعفەر کە فەرماندەی هێزەکانی ٧٠ یە وەلەگەڵ بەڕێز مستەفا چاوڕەش کە لێپرسراوی مەڵبەندەکەمانە لەمەڵبەندی ڕێکخستی پێشمەرگە، ئەوەبوو لەگەڵ کاک مستەفاو کاک شێخ جەعفەردا لە٢٠١٤/٩/٣٠ لەشەڕیوەحدەوە لەگەڵ شەڕی سەعدیەو گوندەکانی مەعەسکەر خالیدا بەشداریەکی کاریگەرمان هەبوو وەلەهەمان کاتیشدا لەماوەی دوای ئەوە شەڕێکی قورس کە

تیرۆرستانی داعش چەند ناوچەیەکیان گرتبوو حلێوەی گەورەو حلێوەی بچوکیان پێ دەوت ئەوەش بەبەشداری کاک شێخ جەعفەرو کاک مستەفا چاوڕەش لەگەڵ لیواکانی ١٦ کاک عەمید ڕوکن بەختیار وەکاک عەقید ڕوکن ڕێبوار ئەوکاتە سەرپەرشتی لیوای ١٦ یان دەکرد وەلەهەمان کاتیشدا هێزەکانی بەڕێز کاک عەبدوڵا بۆر لەمیحوەری دووزخورماتوو لەمیحوەری داقوق پەلاماری داعشیاندا لەحلێوەی گەورەو حلێوەی بچووک بوە هۆی ئەوەی کە لەماوەی چەند سەعاتێکی کەمدا بەهێزێکی تۆکمەو بەبەرنامەیەکی داڕێژراوە وەبەرنامەیەکی سەربازی پەلاماری حلێوەی گەورەو حلێوەی بچوک درا توانرا لەماوەی چەند سەعاتێکدا ئەو ناوچە فراوانە لەدەستی تیرۆرستانی داعش ئازاد بکرێت ئەویش بەخەسارەتێکی کەم خۆشبەختانە لەو شەڕەی حلێوەی گەورەو بچوک شەهیدمان نەبوو بەڵام ٨ بریندارمان هەبوو ئەوانیش برینەکانیان سوک بوو وەتوانیمان سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست بێنین لەو ناوچەدا.

# ملازم ئەوەل ڕێبین نامیق

من (ملازم ئەوەل ڕێبین نامیق) ئەفسەری ئالیات لەفەوجی چوار لیوای تایبەت دەرچووی کۆلێژی سەربازی قەڵاچوالانم، لەساڵی ٢٠٠٩ وەلەسوپای عێراق دەوامم کردووە پاشان گەڕامەوە لەساڵی ٢٠١٠ بۆ سەر هێزی پێشمەرگەو خزمەتم کردووە لەناوچەکانی دووزخورماتوو پاش هاتنی داعش فەوجەکەمان ڕۆیشتۆتە خوار کەرکوک نزیک گوندی بەشیر هەر لەسەرەتای ڕۆیشتنامان بۆ ئەم ناوچەیە ڕووبەڕوی بۆمباران کردن‌و تەقەکردن بوینەوە لەلایەن تیرۆرستانەوە بەڵام هێزەکانمان خۆڕاگرانە بەرپەرچی هەموو هێرشەکانیان دایەوە شەونخونی‌و سەرماو گەرمای زۆرمان بینی ئەوەی زۆر ناخۆش بوو لام هاوڕێی ئەزیزم (م. ئەوەل گۆران) نیوەڕۆیەک هات بۆلام خواردنمان ساز کردبوو فەرمووم لێکرد گوتی من خواردنی تۆ ناخۆم‌و سوعبەتمان ئەکرد پێکەوە، منیش بەگاڵتەوە پێم وت پێم خۆشە ئەگەر نەیخۆیت من‌وامزانی دڵی لیم ئێشاوە ئێوارە چووم بۆلای وتم ئەوە من هاتووم لای تۆ نان بخۆم گوتی باشە پێکەوە نان ئەخۆین بەڵام دوێنێ شەو خەونم بینیوە با بۆت باس بکەم، بردمیە دەرەوەی ژوورەکەیان گوتی خەوم بینی دوێنێ شەو بەس لای خەڵک باسی نەکەی عەیبەو وتم خە وەکەت چی بوو گوتی دوێنێ شەو لەخەومدا داعشێک هاتبووە تەنیشت ژورەکەمان منیش باوەشم پیاکرد لەخەوما گوتی گرتمیت

بەخوا بەرت نادەم تا نەتخنکێنم گوتی ئەوەنە بەحەماسەوە باوەشم پیا کردبوو خەریک بوو ئەمرد بەڵام من بەدەم خەوەوە باوەشم کرد بوو بەڕائید محێدین دا خەریک بوو ئەمرد هاواری ئەکرد بەرمدە بۆ ئاوام لێ ئەکەیت گوتی کە خەبەرم بوەوە سەیر ئەکەم خەریکە کاک محێدین ئەکوژم گوتی پێم وت بمبەخشە بەخوا خەوم بینی ئیتر گوتی هەستاین پێکەنین پێکەوە گوتی بەس باسی نەکەیت عەیبە دواتر چوینە ژورەوە نان بخۆین پێکەوە برنجو فاسۆلیا هەبوو کەمێکمان خواردو تەقە دروست بوو پاش کەمێک هەمووماں دابڕاین لەیەک هەرکەسەو چووە شوێنی خۆی بۆمبێک دای لای ئێمە جیهازی کرد بۆلای ئێمە گوتی سەلامەتن بۆمبی دووەم کەوتە باوەشی ئەو هەموو ١٠ دەقیقەی بەین نەبوو کە پێکەوە بوین لێمان دابڕا ماڵئاوایمان نەکرد ئەوەنە بەپەلە جیابووینەوە.

# هاوژین عبدالمجید ساڵح

(هاوژین عبدالمجید ساڵح) نەقیب لەفەوجی چوار لیوای دووی تایبەت، دەستخۆشی لەجەنابت ئەکەم بۆ ئەو دەرفەتەی کەبەمنت بەخشی ئێمە لەسەرەتاکانی دروست بوونی (عەمەلیاتی دیجلەوە) لەلایەن سوپای عێراقەوە ڕومان کردە ناوچەکانی خودمەلیو نەوجولو شاسیوانو پارەپارەو تەپەسەوز، وەک هێزێکی کاریگەر لەناوچەکەداماینەوە وەلەگەڵ هاتنی چەتەکانی داعش بۆ سنورەکەو ڕوبەڕوبونەوەیان لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا ئێمە لەنزیک گوندی بەشیر جێگیر کراین کە ئەوکات ئەوان بەهێزێکی دڕندەو تۆقێنەر ناوبانگیان دەرکردبوو لەڕێگای تۆڕە کۆمەلایەتیو ڕاگەیاندنەکانەوە.

ئەرکی ئێمە زۆر قورس بوو وەکو فەرماندە دەبوایە لەهەر ڕوبەڕوبونەوەیەکدا چەند پلانو بیرۆکەمان هەبوایە لەوانە :

یەکەم: مرونە/ ئەمەش پێ ویستە بەردەوام ئاگاداری گۆڕانکارییەکانی هێزی دوژمن بین لەڕوی کاتو ڕێگەو سنورەوە.

دووەم: دروستکردنی بڕواو متمانە لای سەربازەکان.

سێهەم: ڕاگرتنی هێرشی دوژمن کەئەمەش لەلوتکەی شەڕی بەرگری دادەنرێت.

یەکێک لەبەسەرهاتە ناخۆشەکان ئەوە بوو شەوێک پاش بۆردومان کردنمان لەلایەن دوژمنانەوە هەواڵی شەهید بونو بریندار بونی پۆلێک

لەهاوسەنگەرانم پێ گەیشت کەزۆر دڵتەزێن بوو کاریگەر بوو ئەوانە زۆر دڵسۆز بوون بۆ ئەرکەکەیان کەپارێزگاری کردن بوو لەخاکی پیرۆزی کوردستان مولازم ئەوەل گۆران کەیەکێک بوو لەشەهیدەکان هەردەم بیری لەوە دەکردەوە کەچۆن بەرنامە داڕێژێت بۆ گەورەکردنو داهاتوی مندالەکەی بەلام دەستی ڕەشی تیرۆریستان نەیهێشت بەو ئاواتەی بگات بەداخەوە، لەگەڵ کاکە عومەر مەجیدو مەریوان خەلیلو موغەلەدداو وەکۆمەڵێک برینداریش پاش ئەوەی ئەم ناوچەیە کەبەئێمە سپێردراو ماینەوە لەوێدا ئەم ناوچەیە لەڕوی سەربازیو ڕێکخستنو سەنگەر سازیەوە ناوچەیەکی کراوەو لەبار بوو بۆ دوژمن بۆیە ئێمەش بەهەوڵو ماندوبونی تەواوی فەرماندەکانو سەربازەکانی فەوجەکەمان دەستمان کرد بەبوژاندنەوەی ناوچەکە لەڕوی سەربازیو سەنگەرسازییەوە شەوو ڕۆژمان دەخستە سەریەکو هیچ کات بیرمان لەماندوبون نەدەکردەوە بەردەوام ڕێگریمان لێ دەکرا لەلایەن تیرۆریستانەوە بەبۆردومان کردنی ناوچەو سەنگەرەکانمان.

زۆرن بیرەوەریە تاڵەکانی شەوانی ساردو سەرمای زستانو شەڕو بۆردومانەکان لەگەڵ داعشدا بەڵام هەرکاتێک بیری شەهیدو بریندارەکانمان دەکەوتەوە تەنها بیرمان لەتۆڵەسەندنەوە دەکردەوە، تۆڵەی پێشمەرگەو هاوسەنگەرانمان لەو کاتانەدا زیاترورەمان بەرزتر دەبوەوە هەوڵمان دەدا کەکوشندەترین زەبریان لێ بدەین بۆیە ئەوان ئەوە باش دەزانن کەچۆک دادان بەمیللەتی کوردو پێشمەرگە کارێکی زۆر ئەستەمو نەکراوە.

لەکۆتایدا هیوام سەربەخۆیی کوردستانەو داو لەیەزدانی مەزن دەکەم شەهیدەکانمان بەبەهەشتی بەرین شاد بکاتو شیفای بریندارەکانمان بدات.

# عەبدوڵا موفلی (عەبدوڵا بۆر)

من ناوم (عەبدوڵا موفلی) ناسراوم بەعەبدوڵا بۆر لەشۆڕشی ئەیلول لە٦٨ بومەتە پێشمەرگە، بەشداریم لەشۆڕشەکانی کورد کردوەو ئەتوانم بڵێم لەو شەڕانەی کە لەوکاتەیا من بەشداریم کردیە قسوریم نەکردیە بەبێ تەقسیری شەڕم کردیە، لەفیداکاریو گیان بازی درێغیم نەکردیە لەو شۆڕشەش لە٧٦ وەپێشمەرگەمە تا ئێستا، ئێستاش پیموایە تازە بومە پێشمەرگە ئەوەنیە بڵێم بێزار بویمە لەپێشمەرگایەتی یان بێتاقەت بوم لەپێشمەرگایەتی یان برێم ئەو ماوەیەی کەلەو شەڕانە بەشداریم کردیە هیلاکیم پێوە دیار بێت، لەبەرئەوەی قەناعەتم ئەوەیە لەپێناوی خەڵکو لەپێناوی خاکی خۆم بجەنگم هەتا ئەوکاتە شەهید ئەبم خۆم بەقەرزاری خەڵکو خاک ئەزانم لەسەر ئەو ئەساسە من پێشمەرگەمو لەسەر ئەو ئەساسە پێشمەرگە نیم برێم ئەمن بۆ مەسولیات یان لۆ ئەوە پێشمەرگەم لۆ پلەو پایە پێشمەرگەمە بەلای منەوە پلەو پایە هیچ نەبوە نەپێم هیچە تەنها بەلای منەوە ئەوە موهیمە کە خەبات بکەم تێبکۆشم لەپێناوی میللەتەکەم، لەبەر ئەوەی میللەتێکی ژێردەستین میللەتێکین دابەشو داگیرکراوین هەرکەسێک کەمیللەتەکەی سەربەست نەبوو ئازاد نەبوو حەقە فیداکاری بکات لەپێناوی ئازادی دا لەپێناوی سەربەخۆیی، چونکە ئینسان کەئازاد نەبوو زۆر ناخۆشە، جامن ئەو ماوەیەی کە پێشمەرگەم ماوەیەکی دورو درێژە دیارە

ئەتەوێ باسی شەڕی داعشت لۆ بکەین لە٦/١٠ کاک شێخ جەعفەر تەلەفۆنی لۆکردم هەر بەتەلەفۆن گوتی بەیانی خۆت حازر بکە بڕۆرە کفری وتم باشە بەسەرچاو حازرین‌و کۆبونەوەیەکم لەگەڵ ئامر فەوجەکان کرد ئەو فەوجانەی کە لەو لیوایەدانە بڵێم لیوای ١١٦ کاک هەڵمەتە فەوجی یەک کاک حسێن لۆ ئەوکاتەی کەئێستا جێگر لیوایە ئەوکاتە فەرماندەی فەوجی دوو بو کاک سەعید باویانی فەرماندەی فەوجی ٣ بوو کاک شاخەوان فەرماندەی فەوجی ٤ کۆبونەوەیەکم لەگەڵ کردن ئامادەبن بەیانی ئەچینە کفری لەبەر ئەوەی پێشتریش ئەمن وەکو مەسولی میحوەری کفری لەوێندەرێ بووم تەقریبەن ماوەی ساڵێک زوتر لەوێ بووم، ئەوەبوو لەدوای ئەوەی دوو سەعاتە خۆم حازر کردو کۆبونەوەم کرد کاک هاشم تەلەفۆنی لۆکردم گۆتی کاکە شوێنەکەت گۆڕایە بڕۆنە دوزخورماتوو وتم بەسەرچاو ئەمن پێشمەرگەینە ئەمرەکەت جێبەجێ ئەکەین لە١١ ی مانگ هاتین لۆ ئێرانە ٦/١١ کە هاتینە ئێرە دیاربوو لەوکاتەی داعش لەزۆر شوێن پێشڕەوی کردبوو بەتایبەتی لەموسڵ‌و لۆ تکریت‌و لەزۆر شوێن واتا ئەو شوێنانەی کە داعش پەلاماری ئەدا، ئەوکاتەی لەبەر ئەوەی جەیشی عێراقی جەیشێک بوو جەیشێکی فشۆل بوو جەیشێک بوو شەڕی نەکرد کەوەی کرد داعشیشی بەقوەت کرد بەتایبەتی لەموسڵ ئەو چەک‌و تەقەمەنیانەی هەموو کەوتە بەردەستی داعش، داعش بەو چەکانە بەقوەت بوو دیارە پێشتریش ئەوانە هەروانەبوە، بەڵێ پەلاماردانەکەیان لەناو ئەوان تەنزیماتیان کردبوو لەناو ئەوان خەڵکیان هەبووە بەهۆی ئەوانەوە توانیان پەلاماریان بدەن‌و بەماوەیەکی کورت بتوانن ئەو شوێنانە داگیر بکەن، دیارە لەزۆر شوێنی دیکە کەهێزەکانیان پەرش‌و بڵاویان کرد لەشوێنەکانی دیکە پەلاماریان دان، ئەمە کە لە ٦/١١ /٢٠١٤

هاتینه ئێره لێرانه تاڕادەیەک دیاره هێزی پێشمەرگه هەمیشه بەمەعنەویاته هەمیشه ئازاو خۆنه ویسته بەڵام ئەو ڕۆژەی کەمن بینیم تاڕادەیەک مەعنەویات باش نەبوو هاتین دوای نیوەڕۆ کەهاتینه ئێرانه کاک بەختیار هات که ئامر لیوای ١٦ ی سەر بەوەزارەته هاتین لەگەڵ ئەو سەردانی لای مەتارم کرد، سەردانی چەند شوێنێکم کرد، بەیەکەوه شەو گەڕاینەوه هاتینەوه ناو دوز کەلەناو دوز بوین کاک مەردانیش کەئێمه هاتین ئەو لێرانه بوو ئەوەم لەفکر نەچێت کەهاتین یەکەم ڕۆژ لەناو دوز تەقەیان لێکردین واتاوەزعی دوز تاڕادەیەک شێواو بوو بەڵاموورەو مەعنەویاتی پێشمەرگه هەمیشه پێشمەرگه بەمەعنەویاته بەڵام ئەو ڕۆژه تارادەیەک مەعنەویاتەکه باش نەبوو، شەو هاتینەوه لەلای کاک شەلال ماینەوه گۆتی حەزئەکەم لەلای ئێمه بیت شەو لەوێ بوین تاجێگاو رێکانمان باش کرد دوای ئەوه ئێمه لەناو دوز شوێنێکم دیتەوه ئەورِۆژه که ئەڵێم ٦/١١ بوو وەله٦/١٢ کەهاتین گەڕاین بەناو شاردا لەبەر ئەوەی هەموو دەوائیرەکانی حکومی هیچیان نەمابوون لەقایمقامیەتەوه جێی تر هەموو تاڵان کرابوون قسه لەگەڵ خەڵک کرا قایمقام کاک مەلا کەریمو فەرماندەکانی ئێره کەهەمویان بەیەکەوه گەڕاین بەناو شاردا بەهێزێکی زۆرەوه دیار بوو مەعنەویاتی خەڵک باش بوو کەدیتیان ئەو هەموو هێزەی پێشمەرگه بەناو شاردا ئەسوڕێت تاڕادەیەک مەعنەویاتەکه گۆڕا، لەدووەم کۆبونەوه کۆبونەوەم کرد پێم وتن برادەران ئەگەر شەڕبکەین قەناعەت بکەن هێزێکی باشین هێزی پێشمەرگه هەمیشه هێزێکی بوێرو ئازاو خۆنه ویسته کەس ناتوانێت ڕووبەڕووم بێت کەس ناتوانێت دەرم کات لێره، مامۆستا کەمال دڵنیایی کردم لەوه گوتی عەبدوڵا دڵنیابه شەڕ ئەکەن ئەمن ئەو قسەم زۆر پێ خۆش بوو لەکۆبونەوەی لەبەر ئەوەی

فەرماندە ئەگەر مەعنەویاتی نەبوو فەرماندەی هێز ئازاشە بەڵام لەڕووی مەعنەویاتەوە خراپە زۆرم پێ خۆش بوو ئەو ڕۆژەی کە ئەو قسەیەی کرد لەزۆر کۆبوونەوە باسم کرد، زۆر کەیفم بەوە هات ئیدی کە ماینەوە هەموومان بەیەکەوە هاوکاری یەکدی بووین ئەو هێزانەی لێبوون لیوای ١٦ لیوای ١١٦ لیوای ٤ لیوای ٣ لیوای ٥ لیوای خۆشناوەتی لیوای بتوێن، لەتۆپخانە لەپشتیوانی دوو ئیدارە لیوای ١ لیوای ٢، لیوای‌یەک دووای ئەوان هات کاک کەمالیش ئەو کات سەفەری کردبوو دواتر هاتەوە لەگەڵم بوو لەشەڕەکان دەوری باشی هەبووە لەبەر ئەوەی ئەو سەرپەرشتی هێزەکانی بەرگری‌و فریاکەوتنی ئەکرد زۆر سوپاسی ئەکەم زۆر هاوکاری ئەکردم، لەشەڕەکانیش دەوری هەبوو ئیدی کەمال خەریکی دروست کردنی سەنگەرەکان بوون ئەتوانم بڵێم شەڕ لەو کاتەی لەگەڵ پێشمەرگە ئەوە نەبوو زۆر باسی ئەوە ئەکرا داعش نایەوێت شەڕی هێزی پێشمەرگە بکات بەڵام‌وانەبوو لەسەر ئەوە ڕاوەستا تا بتوانێت فرسەتێک بێنێت ئیدی کە لە٦/٢١ سەعات ٥:٢٠ بوو چوبووینە سەر شاخ لێرە نەبووینە، خەبەریان داینێ گوتیان لەمەفرەقی سلێمان بەگ شەڕە لەوێ فەوجێکی لیوای ١٦ی لێیە شەڕ لەسەر ئەو فەوجەیە، زۆر تەئخیر نەبوو کاک بەختیار گەیشتە ئێرە دوای ئەوەی مامۆستا کەمال هاتە ئێرانە ئیدی کە برادەران هاتنە ئێرانە کاک بەختیار گوتی چی بکەم باشە گوتم تۆ بڕۆرە ناو هێزەکەی خۆت بەدوو هەمەرو ماشێنکەی خۆی ڕۆیشت چوە ناو فەوجەکەی‌واتا ئەو ڕۆژە بەڕاستی دەوری ئازایەتی‌و پیاوەتی‌و جوامێری ئەو دەورێکی سەرەکی بوو، ئەگەر بهاتبایە لەو کاتەی نەگەیشتبایە هێزەکەی خۆی بەقەناعەتی خۆم لەبەر ئەوەی ئامر فەوجەکەشی ڕۆیشت بوو ئامر فەوجەکەی حەکیمە کوڕێکی ئازایە هەتا بڵێی بەڵام لەودەمەی بەپرس

لۆ سەر تەعزیەیەک چوبو کەسێک مردبوو لەو نزیکانەوابزانم لای داقوق‌و ئەوانە بوو لەوێ کەخەبەرەکەی زانی بەپەلە گەڕایەوە، ئیدی کەلەدوای ئەو مامۆستا کەمال گۆتی چ بکەم ئەمن وتم ئەتۆش بڕۆ تۆزێک سەبر بگرە ئەتو بڕۆ یان ئەمن ئەچم یەک لەودوانەمان دوایی گۆتم ئەتۆش بڕۆ ئەمنیش چووم هەمومان چوینە ئەوێ هەرچەندە لەشەڕدا هەموو فەرماندەکان بچن لەیەک شوێن کۆببنەوە لەوانەیە باش نەبی بەڵام یەکەم شەڕ بوو ویستمان زۆر زەخت بکەین لەبۆ هێزەکان توشی ئەوە نەبی توشی شکان نەبی پێشتریش کەتەقەکە دەستی پێکرد کاک عەبدول ڕەحمان کەفەرماندەی لیوای فەوجی چوارە لەسەر شاخ بوو تەلەفۆنی کرد گۆتی لەلای مە تەقە دەستی پێکردوە من ئەڕۆمە خوارێ وتم باشە ئەتو بڕۆ شێخ سەعید هەر خۆی ڕۆیشتبوو ڕەمەزان لەوێندەرێ بوو،وەلحاسڵ هەموو کاتەکان دەوری باشیان هەبوو لەوێ کەمال حاجی ئەویش لێرە بوو ئەو چوبوە لای پارپارەو ئەوانە کەهێزەکەی لەوێ بوو، کە لەشەڕەکەی کاک کەمال لەژیاندا نەمایە لەشەڕەکەی قەرەتەپە شەهید بوو بەداخەوە یەکێک بوو لەفەرماندە قارەمانەکانی باڵەکایەتی بەداخەوە لەو شەڕە شەهید بوون هەر یەکێک کە شەهید ئەبێت ئەو شەڕە شەڕێکی قورسە ئەگەر بێت‌و بەشەهیدبون نەبێ بەئازایەتی نەبی بەفیداکاری نەبێ ئەو شەڕە بەزەحمەت ئەکرێت لەبەر ئەوە ئەوانەی کە شەهید ئەبن ئەوەی کە لەژیاندا مانەوە زیاتر سور ئەبن لەسەر ئەوەی کە زیاتر بەرگری بکەن ڕق ئەستور ئەبی لەهەر جێگایەک بیت ئەگەر ڕقت ئەستور نەبێ ناتوانی شەڕی لەگەڵ بکەی، چەند فەرماندەو پێشمەرگەکان شەهید ئەبێ زیاتر سورتر ئەبی لەسەر ئەوەی کە بتوانی شەڕ بکەی قارەمانێتی بنوێنی نەک هەر ئەوە بێن ئەبێ شانازی بەوەوە بکەیت لەزۆر فەرماندە گوێم لێبووە ئەڵێ

شانازی بەوەوە ئەکەین کە ئێمە لەپێناوی خەڵکی خۆمان شەهید ئەبین، لەبەر ئەوە ئەوە نیە لەوانەیە دوژمنوا تێبگات کە یەکێک شەهید ئەبێت بەتایبەتی فەرماندەیەکی دیار یان چەند پێشمەرگەیەک بەیەکەوە شەهید ئەبن نەکورەی پێشمەرگە دائەبەزێت بگرە زیاتر ڕقیان ئەستور ئەبێ زیاتر سورتر ئەبن لەسەر خۆڕاگری، هەمیشە هێزی پێشمەرگە بەو نەفەسە شەڕی کردووە، لەشەڕەکەی زامن بەعسی ئێستا لەشەڕەکەی ٦/٢١ کەلەمەفرەقی سلێمان بەگ دەستی پێکرد لەوێ کە باسم کرد برادەران هەمووی چوون بۆ ئەوێ بەرگری زۆر باشیان کرد ڕاستە ئەو ڕۆژە فەرماندەیەکو ئەفسەرێکو پێشمەرگەیەک شەهید بوو وابزانم ئەویش هەر دەرەجەدار بوو، یەکیان ناوی ئەحمەد بوو پێشمەرگەیەکی تریش شەهید بوو دو بۆ سێ برینداری دیکە هەبوو توانیان شوێنەکانی خۆیان زۆر بەباشی کۆنترۆڵ بکەن، داعش نەیتوانی هیچ پێشڕەویەک بکات، ئەگەر ئەو ڕۆژەی بەو شێوە بەرگری نەکرابایەو ئەگەر بهاتبیاو بشکابان لەشوێنەکەی ئەوان، ئەبوو دەهاتنە ناو سەنگەرەکانی ئێمەو من باوەڕموابوو خەسارەتێکی زۆرمان ئەدا، بەڵام بەهۆی ئازایەتی فەرماندەو پێشمەرگەکانو بەهۆی بوێریانو بەهۆی خۆنەو ویستیانو دڵسۆزیان توانیان ئەو خۆڕاگریە بکەن چاوی داعشیان کوێر کرد، لەبەر ئەوە لەهەرجێگەیک هێزێک کە شکا جاری دووهەم کە پەلامار ئەداتەوە بەترسەوە پەلامار ئەداتەوە یان لەمەلعەبەکەش هەندێک جموجۆڵیان ئەکرد چاوەڕوانی سەرکەوتنی ئەوێیان ئەکرد لەبەر ئەوەی ئەگەر لەوێ سەرکەوتوو بونایە جارێکی تریش پەلاماریان ئەدا لەوانەیە لەپارەپارەو ئەوانەش لەلێ وەکانیشو لەسەر چە وەکانو ئەوانەش پەلاماریان بدانیایە بەڵام کە نەیانتوانی پێشڕەوی بکەن ئیتر کە لەوێ شکانو خەڵکێکی زۆریان لێ کوژرا بوو

خەساراتی زۆریان لێکەوت شەڕەکە هەتا شەو بەردەوام بوو دواتر کە شەڕەکە کۆتایی پێهات لەشەڕی ٢٠١٤/٦/٢١ بەو شێوەیە بوو، ئیدی ئێمە خەریکی دروستکردنی سەنگەرەکان بوین خەریکی کۆبونەوە بوین خەریکی بەرزکردنەوەیوورەی پێشمەرگەکان بوون هەرچەندە پێشمەرگەکان زۆرورەیان بەرز بوو کە ئەچووین لەسەنگەرەکان سەردانمان ئەکردن زۆر باش بوون، باسی ئەوەیان ئەکرد هەندێک لەپێشمەرگەکان ئەوانەی کەووشیار بوون لایەنی نەتەوایەتیو لایەنی نیشتمانیان بەهێز بوو ئەیان وت هەقە ئێمە ئەو مردنە بەپارە بۆ خۆمان بکڕین نەک لەمردن بترسین، لەبەر ئەوەی لەمردن ترسان باش نیە، خەڵک هەیە کە ئەبێتە پێشمەرگە لەوانەیە تا ماوەیەک شارەزا بێت ئەگەر لایەنی نیشتمانی زۆر بەهێز نەبێت تا ڕادەیەک ترسی لێ پەیا ئەبێت، پێشمەرگە هەبوون کە تازە دەهاتن لەبەر ئەوەی نەک هەر پێشمەرگە خەڵکی خۆ بەخشیش زۆر دەهاتن بەشداریان دەکرد، خەڵکی دووز هەر لەسەرەتاوە هاوکاریان کردین هەم لەدروستکردنی سەنگەر هەم لەشەڕەکە ڕۆژ ئەچوون کاریان ئەکردو شەو دەهاتنەوە لەگەڵ ئێمە لەسەنگەر ئەبوون، ئێمە هەر خەریکی چاککردنی سەنگەرو کۆبونەوە بوین لەگەڵ ئەوەش تەبا بوین بەیەکەوە، ئێمە لەگەڵ هەموو ئەو فەرماندەو پێشمەرگانە زۆر تەبا بووین لەبەر ئەوەی بەڕاستی لەهەر جێگایەک یەکڕیزی هەبوو تەبا بوون هەبێت ئەتوانم بڵێم سەرکەوتنی گەورە بەدەست دەهێنن، ئەوە بوو چەند جارێکی تر شەڕ بوو دوای ئەوەی لە٨/٩ /٢٠١٤ هێزێکی زۆریان کۆکردەوە هەم لەیەنجیزە هەم لەقەریە سەلام پەلاماری مەلعەبەکەیاندا ئەو کاتەی ئەو هێزانەی لەوێ بوون ئەوەی کە من بیرم بێت سەید حیکمەت لەوێ بوو کاک هەڵمەت لەوێ بوو کە یەکێکە لەئامر فەوجەکانی لیوای سەدو

شازدە، سەید حیکمەت هێزی نەوت بوو لەوێ پێشتریش لەشەڕەکانی تر زۆر کوڕێکی ئازاو دەورێکی زۆر باشی هەبوو لەشەڕەکان کە من ئەچووم ئەمبینی لەوێ زۆر پشتم پێی قایم بوو، ئیتر کەشەڕەکە دەستی پێکرد هەموومان ڕومان لەوێ کرد هەریەک لەشوێنەکان دیار بوو قاتعەکان دابەش کرابوون چەند قاتعێکە لەبەر ئەوەی من پێشتر ئەوەم لەبیر چوو باسی بکەم ئەم میحوەرە ئێمە کردمانە چەند قاتعێک، قاتعێک لەجادە بەسەرەوە لەمەفرەقی سلێمان بەگەوە تا دەگاتە سەیتەرەی دووز کە داخڵ ئەبوون ئەوا بەشێک بوو بەشێک لەسەر شاخ بوو، ناو شار کردبومانە یەکێک لەقاتعەکان، لەپارە پارەو ئاوایی فەریقو ئەو ناوچانەشمان کردبووە چەند بەشێک، لەشەڕەکەی ئەوێ هەموویان بەشداری زۆر باشیان کردو بەشداری زۆر کاریگەریان هەبوو، جارێکی تر داعش شکا، کە شکا لە٨/٩ کاکە مەندیشم لەگەڵ بوو دەورێکی باشی هەبوو ئەو هێزەی سەر کێ وەکەش لیوای سێ بوون ئەوانیش هەر دەوری باشیان هەبوو، کاک رەمەزان دێکۆنی لەکاتی شەڕەکە لێرە نەبوو بەڵام کە هەواڵی زانی لەسلێمانیەوە هاتەوەو بەشداری شەڕەکەی کرد، هەموو ئەوانەی کە هاتوونو لەشەڕەکە بەشداریان کردووە وەکو خۆیان باسیان ئەکەین، کاک بەختیار دەوری باشی هەبوو وەمامۆستا کەمال دەوری باشی هەبوو، کاک ڕێبوار دەوری باشی هەبوو کاک عەبدولڕەحمان دەوری باشی هەبوو لەم شەڕانە، لەوانەیە من ناوی هەندێکیانم لەیاد کردبێت لەبەر ئەوەی شەڕەکەوا بوو زۆربەی فەرماندەکان ڕویان لەو شوێنە کرد کە شەڕەکەی تێدابوو هەرچەندە شوێنەکانی دیکە هێزەکانیان وەکو خۆیانو هەموو لیواکان هێزی بەردەستن وەکو خۆیان لەشوێنەکانیان مانەوە، من کە ئەڵێم هەموویان ڕویان لەو شوێنە ئەکرد مەبەست ئەوە

نیە کە ئەو شوێنە ئیهمال کرابێت بەشی ئەوە مابوو کە دوژمن نەتوانێت فرسەت بێنێت ئیتر لەدوای ئەوە چەند جارێک هێرشیان ئەکرد لەمەلعەبەکەو سەر کێ وەکە، ئەوانەی کە باسم کرد لەوێ بون سەید ئەحمەد لەوێ بوو مامۆستا کەمال‌و ئەو فەوجانەی کە لیوای سەدو شازدەو کاک هەڵمەت‌و کاک حسێن بلوک‌و سەعید باویانی‌و کاک شاخەوان‌و ئەوانە هەموویان لەوێ بوون‌و بەنۆرە ئەچوونە ئەوێ ئەوە نەبوو کە هەموویان پێکەوە لەوێ بن بەڵام هەویان بەشداریان ئەکرد لەشەڕەکە، کە کاتی شەڕیش بوو هەموو جارێک ئەمانە هێزێکی ئیحتیات بوو، جارێک هێرشەکە لەسەر فەوجی یەک بوو فەوجی دووش کاک حسێن سەرپەرشتی ئەکرد هێزەکە لێرە لەخڕوەلید دانابوو تەلەفونم بۆ کردو وتم کاک حسێن ئەوە شەڕ دەستی پێکرد ئەگەر پەلەبکەیت‌و بچیت باشە ئەویش زوو گەیشت‌و توانیان دەوری زۆر باشیان هەبێت لەبەر ئەوەی لەو کاتە کە هێزێک لەشوێنێک بوو هێزێک فریای کەوت ئەو هێزەی کە فریای ئەکەوێت ئەتوانێت زیاتر مقاومە بکات بەڵام ئەگەر هێزێک لەشوێنێک بوو ئەتوانێت مقاومە بکات هەر ئەوەنەی پێ ئەکرێت لەوانە زیاتر ناتوانێت مقاومە بکات، ئیتر کە بەرنامە دانرا لەبەر ئەوەی کە پەلاماری قەدید سەلام‌و پەلاماری یەنجیزە بدەین لێرانە چەند جارێک لەسەر ئەوە قسە کرا کە کاک مەلا بەختیارو کاک شێخ جەعفەر هاتنە ئێرەو چەند کۆبوونەوەیەکیان لەگەڵ کردین ئامادەی ئەوەبوون کە پەلاماری یەنجیزە بدەین پەلاماری قەریە سەلام بدەین‌و هێرش بکەین بۆ قەریە سەلام‌و یەنجیزە، ئەوە بوو لەگەڵ ئەو جەماعەتەی داقووق کەوا هاوکار بوین لەوێ هێرش بکەن، ئەو ڕۆژەی کە هێرش کرا هێزەکانمان زۆر بەورە بوون ڕۆیشتن ویستیان لەدواوە بسوڕێن دایم هونەری شەڕ ئەوەیە کە بتوانیت پشت

لەهێزی دوژمن بگریت، ئەگەر پشتت لێگرت هەر هێزێک هەبێت کە بەمەعنەویات بێت ناتوانی وەکو پێ ویست بمێنێتەوە لەو شوێنەی خۆی، ئیدی کە هێزێکت نارد ئەو هێزەی کە چوو کاک ڕێبوار سەرپەرشتی ئەکرد مامۆستا کەمالیش سەرپەرشتی ئەو قۆڵەی ئەکرد، ئەو هێزەی لەپێشەوە ئەڕۆیشت ئەوە کاک ڕێبوار سەرپەرشتی ئەکرد لەبەر ئەوەی دوو قۆڵ بوو، قۆڵێک کاک شێخ سەعید سەرپەرشتی ئەکرد بۆ ئەوەی هێرش بکەن بۆ قەستەدارلی، لیوای چوارو لیوای پێنج لەوێ بوون لیواکانی دیکە وەک لیوای شانزەو لیوای سەدو شانزەو لیوای نەوت هێزەکانی دیکەش هەموو لەقەریە سەلامو یەنجیزە پەلاماریانداو هێرشیان کرد ئەوە بوو شێخ سەربەست یەکێک بوو لەفەرماندە ئازاکان برینداربوو برای مامۆستا کەمال بوو بەداخەوە دواتر شەهید بوو، خۆزگە شەهید نەبوایە لەبەر ئەوەی چەند بمایایەتەوە زیاتر تەئسیری هەبوو خزمەتی بەخاکو خەڵکەکە ئەکردو یەکێک بوو لەفەرماندە ئازاو بوێرەکان بەڵام کە بریندار بوو برینەکەی زۆر سەخت بوو ئەوە بوو شەهید بوو بەشەهید بوونەکەی ئەرکی ئێمەی گرانترو قورستر کرد، ئەوە بوو لەوێ ئەو هێزەی کە لەوێ بوو چووین بەفریای هێزەکەوە، کاک ڕێبوار لەوێ بوو کەسەرپەرشتی ئەو قۆڵەی ئەکرد لێم پرسیوەزعتان چۆنە گوتی زۆر باشە، ڕاستە تەقەکەیان ئەوەنە زۆر نەبوو هاوەن ئەوەنە زۆر نەبوو بەڵام ناوە ناوە تەقەیان ئەکرد بەڵام مەعنەویاتی هێزی پێشمەرگە ئەوەبوو کە هەر باکی بەوە نەبوو هەتا ئێوارە لەوێ بەردەوام بوین شەڕەکە کۆتایی پێ نەهاتواتە هەمووی نەگیرا، هەندێکی گیرا بەڵام هەندێکی مایەوە، کاک شێخ جەعفەر تەلەفۆنی بۆ من کرد گوتی پێم باشە ئەگەر لەوێ برادەرانوەزعیان باش بێتو بتوانن خۆڕابگرنو هیچ کێشەیان نەبێت

پێم خۆشە بێیتەوە ئێرە لەبەر ئەوەی مامۆستا بەختیار لێرەیە وتم باشە، پرسی کاک ڕێبوارم کرد وتم کاک ڕێبوار ئەتوانن هێزەکەتان لێرە بمێنێتەوە توانای ئە وەتان هەیە بتوانن بمێنەوە گوتی هیچ کێشە نیە برۆ هیچ خەمی ئێرەت نەبێت، من هاتمەوە کە هاتمەوە لێرانە کاک بەختیار لێرە بوو لەو ژورە بوین کە کاک شێخ جەعفەر لێرە بوو کە دووشەو پێش شەڕەکەو کاتی شەڕەکەش خۆیان لێرە لەگەڵمان بوون، هەم لەدانانی نەخشەکەو هەم لەپەلاماردان لەگەڵ ئێمە بوون سەرپەرشتی هێزەکەو چاودێری هێزەکانیان ئەکرد دەوری زۆر باشیان هەبوو بۆ مەعنەویاتی پێشمەرگەکان، ئیدی بەیانی کە چووینەوە لەوێ سەرکەوتین پشتمان لێگرتن بەیەکجاری کۆتایی بەوە هات ڕۆیشتین تا مەفرەقی عیلوە، زۆر لەوێ ڕۆیشتین، دوای ئەوەی لەوێ نەم ویست لەوە زیاتر بڕۆین وتم بەرنامەکەمان هەر گرتنی یەنجیزەیە ئێمە زۆر زیاتر چوینە پێشتر کە بۆم دانرا بوون هێزەکەم لەوێ جێگیر کردوو ئیدی دەستم بەدروستکردنی سەنگەرو قایمکردنی هێزەکان کرد توانیم بەماوەیەکی زۆر کورت کە هەم ساتری زۆر باش بکەین هەم حەفری زۆر باش لێدەین‌و سەنگەری زۆر باش بکەین، لەبەرەبانی ٩/٤ من لێرە بانگیان کردم کاک حوسێن تەلەفونی لەگەڵ کاک کۆسرەت کردو کاک کۆسرەت بانگی منی کرد، منیش خۆم قسەم لەگەڵ کاک حسێن کرد گوتی ئەگەر پەلە بکەن باشە داعش لەسەرەوە هاتووەتە خوارێ نیوەی یەنجیزە تا هاتوەتە سەر جادەکە گرتوویەتی، ئەوان لەبەینی هێزەکە بوون کەوتبونە نێو هێزەکەی خوارەوەو هێزەکەی سەرەوە، گوتی پەلە بکەن باشە لەبەر ئەوەی هەتا زوتر بێن باشترە ئەوان هەر هێز دەهێنن بەتایبەتی ئەو هێزەی کە هاتۆتە ناو یەنجیزەوە سەرەڕا دیارە بەهەمەڕەوە یەن‌و ئەگەڕێنەوەو قواتەکە ئەبەن لەوە زیاتر بەقوەتر

ئەبن، منیش یەکسەر تەلەفونم بۆ کاک کەمال عەبدولڕەحمان کرد کە ئەوکاتە بەجێگری مامۆستا کەمالم دانا بوو کە براکەی شەهید بوو لەبەر ئەو ڕۆیشتەوە، ئیدی کە هێزەکانم تێگەیاند هەم شێخ سەعیدو مامۆستا کەمالو سەعید باوانو عەلی حەیدەرو ئەوانەی کە هێزیان هەیە، هەموویان ڕۆیشتن دوای ئەوەی کە ئێمە لێرە ڕۆیشتین عەبدوڵاخانی بەردی لێرە بوو لەهەموو شەڕەکان هەر لەگەڵ ئێمە بووەو کە دوژمن هێرشیشی کردوە هەر هاتوەو لەگەڵمان بوو بەیەکەوە ڕۆیشتین ئەوم لەگەڵ بوو کاک زەیدین لەگەڵم بوو ئەویش لەهەموو شەڕەکان هاتوەو دەوری هەبووە، کۆمەڵێکن ئەوانە هەموویان کاک جەلال شێخ محەمەد ماوەندی مام هێدی ئەمانە هەموو جار دێنو لەکاتی ئەوەی کە ئەزانن ئێمە هێرش ئەکەین لەگەڵ هێزەکانی ئێمە دێن، ئیتر کە چووین ئەوانەی کە پێشتر چووبون هێزەکەیان ڕاگرتبوو بەڵام دەستیان بەپەلاماردان نەکردبوو کە چوینە ئەوێ دەستم پێکرد، کە هێرشم بۆ کردن شەڕەکە قورس بوو بەڵام لەڕاستیا لەڕاگەیاندنو ئەوانەیا باس نەکرا، خانوو بەخانوو لەبەر ئەوەی کە تۆ شەڕ ئەکەیت لەدەشتە یان پێشت کراوەیە فەرقی هەیە لەگەڵ شەڕی ناو شارو شەڕی خانوو بەخانوو، ئەو خانوە تەواو ئەبوو دەچوینە خانویەکی تر ئەو گەڕەکە تەواو ئەبوو ئەچوینە گەڕەکێکی تر، هەتا لەناو شارمان دەرکردن چوینە پشتی شار لەوێ چوینە دوایان تا چوینە بن کێ وەکان لەبن کێ وەکان باسم کرد کە یەکیان کوژرا سێ کلانشیکۆفی لەکن بوو کوڕێکی گەنجی تازە پێگەیشتوو بوو چوینە سەری، ئیدی شەڕەکە لەسەعات ٥ ی بەیانی تا ١٢و ٢٣ دەقیقەی شەو شەڕ بەردەوام بوو ئەو ڕۆژە ١٢ کەلاکیان لێ بەجێ مابوو هێزی پێشمەرگەش باش بوو سەرکەوتنی زۆر باشی بەدەست هێنابوو ئێمەش شەهیدمان هەبوو

وابزانم ٤ شەهیدمان هەبوو، لەو شەڕەیا کاک فەخرەدین لەوێ بوو دەوری زۆر باشی هەبوو وەکوو خۆی باس بکەین کاک عەبدوڵا کانی بەردی دەوری باشی هەبوو کاک پیرۆد دەوری هەبوو هەموو فەرماندەکان دەوریان هەبوو بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوانە بەیەکەوە بون لەیەک نزیک بوون دەوریان هەبوو چەند هەمەرێکی لیوای ١٦ هاتن ئەوانە دەوریان هەبوو لەشەڕەکە، ئیدی ئەوە شوێنەکانی خۆم لەوێ زیاتر قایم کردو خۆم ئامادەکرد بۆ پەلامارێکی دیکە.

بێینە سەر ئەو شەڕەی کێ وەکان، ئەو شەڕانەی کە کردومن ئەو هێرشانەی کە کردومن هەمووی بەرنامەی باشی بۆ دانراوە هیچیان بەبێ بەرنامە نەبوون ئەو بەرنامانەی کە دانراون هەموویان سەد لەسەد سەرکەوتوو بوون بەرنامەکان زیاتر کاک شێخ جەعفەر لەهەموویان لەگەڵم بوو لەهەمویان هاتووە پێشتر ڕاوێژی لەسەر کراوە لەو شوێنانەی کە ئەمانەوێ پەلاماری بدەین‌و هێرشی بۆ بکەین، شوێنەکان کوێ عەبووەی لێە کوێ عەبوەی لێنیە لەکوێوە برۆین چ هێزەکان هێرش بکاو چ هێزێک هێرش بکات‌و بەرگری بکەن ئەوانە هەموویان کە دانراون هەموو جارێک بەرنامەی زۆر باشی بۆ دانراوە کاک هاشم هاتووە سەردانی کردووین لەشەڕەکە لەگەڵم بووە لەبەرنامەدانان لەگەڵم بووە وەکاک بەختیار پێشتر باسم کرد لەو هێرشانەی کە کردومە هەموو جارێ لەبەرنامە ڕێژی لەگەڵما بووە، لە١٠/١ هێرشم کرد بۆ عیل وەکان لەو کاتەی هێزەکانی عێراقیش هەنێک لەبەری ئەو لایە لەبەری پیر ئەحمەدو ئەوانە ئەوانیش هاوکارم بوون هێرشم کرد بۆ علیوەی گەورە بۆ علیوەی بچوک بۆ ئەو شوێنانە زۆر بەئاسانی توانیمان شوێنەکان بگرین بەڵام پێشتر سەیری ئەو شوێنانەم ئەکرد کە بەچ نەوعێک بزانین عبوەی لێیە یان عبوەی لێنیە

ئەوەی کە زۆر کاریگەری هەیە ئەتوانم بڵێم عبوەیە، لەگەڵ ئەوەشدا پێشمەرگە یەکێک شەهید ئەبێت بەعبوە یەکێکی تر ئەچێتە شوێنی، ئەوەش‌وای لێهاتوە بەئازایەتی پێشمەرگە ئەو شوێنانەش کە عبوەی لێیە ئەوەنە نەماوە لەسەری، ئێمە فکر لەوە بکەینەوە لەکوێوە خەڵَکی ئەو گوندانەی کە ئاوەدانن لەکوێوە هاتوچۆ ئەکەن‌و مەڕو ماڵاتیان ئەبەنە دەرەوە لەکوێوە ئەچن فکرم لێکردەوەو لەشوێنێکوردبومەوە لەگەڵ کاک بەختیارو کاک ڕێبوار چەند ڕۆژێک بوو بیرم لێ کردبوەوە لەمەتار کەدەرئەچیت بەرەو علیوە سەیرم کرد گردێک لەخوارەوە دیار بوو لەو گردە ئەتوانی بچیتە ئەوێ، کەچوی هەم ئەچیە پشتی علیوەی گەورەو هەم تێ ئەپەڕی بەسەر علیوەی بچوکدا، لەوێ بەرەبەیانیەکەی لەدەوری سەعات ٥و ئەوانە بوو وابزانم لەوێ هێرشەکە دەستی پێکرد هێزەکە ڕۆیشتن‌و ئەو هێزەی کە چووە خوارەوە هەتا چووە سەر گردەکە کە چوو سەر گردەکەی گرت‌و پشتی گرت ئیتر هێزەکانمان توانیان پێشڕەوی بکەن لەدولاوە من پەلامارمدا، لەدوولاوە هێرشم کرد هەم لەلای عەبولسەلاوە هەم لەناو مەتاڕەوە چووین لەوێڕا چوینە خوارێ هەندەسەشم لەگەڵ بوو لەجادەکە عەبوەیان هەڵدەگرتەوە هیچ مەترسیەک لەسەر ئەوە نەما تەنها مەترسی عەبووە نەبێ کە چووینە خوارێ هەندەسە توانی عەبوەکان هەڵگرێتەوە ئیتر کە ڕۆیشتین علیوەی گەورە تەواو بوو علیوەی بچوک لەبەینی علیوەی گەورەو بچوک ماشێنیەک هات کە ئەو ماشێن‌وابزانم بۆمبڕێژکراوبوو لەبەر ئەوە کاک ڕێبوار قسەی لەگەڵ ئەمن کرد گوتی ئەوە ماشێنکە هات تەقەم لێکرد دواتر تەقیەوە چونکە ئەگەر ماشێنیەک بۆمبڕێژنەکرایە ئەوا ناتەقێتەوە، چووینە علیوەی بچووکیش ئەویش تەواو بوو ئەوانەی کە هاتن بەشداریان کرد کاک شێخ جەعفەریش هەر هات بۆ ئەوێ کاک

هاشم هاتو کاک جەمال هات هەروەها کاک مستەفا چاوڕەش بوو وەکاک شێخ جەلال بوو ئەوانە هەموویان هاتن، هەموویان هاتنە ئەو شوێنەی کە گیرا بوو دەستخۆشیان لەپێشمەرگە کردو خۆشیان کە هاتن لەگەڵمانو سەرپەرشتی ئەوێیان کرد بەرنامەکان لەعلیوەی گەورەو بچووک بوو کە ئەو دوانە تەواو بوون لەگەڵ کاک ڕێبوار قسەم کرد وتم باشە ئەگەر ئێمە ئەو خانوانەی کە لەبەینی علیوەی گەورەو لەبەینی زگڵداندا هەیە ئەوانە ئەگەر نەگیرێن ناتوانن لەمەتارەوە هاتووچۆ بکەن بۆ علیوە گەورە ئەبێت لەئەبوو سەباحەوە بێنە خوارەوە وتم باشە بابچین بۆ ئەوێ، ڕۆیشتین چووینە زگڵدان ئەویش سێ چوار ماشێنی لێبوو ئەویش خۆیان نەگرتو لەوێ توانیمان دەستی بەسەردا بگرین، گوندێکی تر لەو بەرەوە بەناوی شەرخە چوینو هێزەکان لەوێ جێگیر بوونو تا شەو دەوری سەعات ١٠و ١٢و ئەوانە هەر لەناو ئەو پێشمەرگانە ماینەوە ئیتر لەوێ سەنگەرم گرتو توانیمان زۆر بەباشی شوێنەکانی خۆمان قایم بکەین، ئەتوانم بڵێم لەناوچەی دوزخورماتوو ئەوانە هەندێک مەترسی لەسەر کەم بوەوە هەندێک مەترسی لەسەر نەما بەڵام پێ ویستە باسی ئەوەش بکەین خەڵکی خورماتوو خەڵکێکی ئازاو بوێرە لەهەموو شەڕەکان دەوریان هەبوو هەم وەکو هێزی خۆبەخش هەم لەکاتی بەرگری کردن ئەو هێزە خۆبەخشانە لەکاتی بەرگری کردن لەکاتی پەلاماردان هاوکاری زۆریان کردین زۆر شەوان کە شەڕ ئەبوو یان مەترسی ئەوە هەبوو کەداعش خۆی کۆکردۆتەوە لەجێگایەک لەناو مەڵبەند ئەوەنە خەڵک کۆئەبۆوە کاک مەلا کەریم کاک شەلال تەلەفۆنیان بۆ ئەکردم کە پێ ویستتان بەهێزە، هێز ئەوەندە کۆبۆتەوە لێرانە باهێزت لۆ بنێرین هەمویان ئامادەبوون هەمویان دەوری باشیان هەبوو.

لە٣/١٦ ٢٠١٥ ئەوەبو هێرشمان کرد لۆ دێیوەعدو خالیدیەو سەعدیە ئەوانە دێیوەعدە لۆ دژە تیرۆر دانرابوو خالیدیە بۆ ئێمە دانرا بوو سەعدیە لۆ لیوایەکەی کاک کۆسرەت دانرابوو کە ئەیوب سەرپەرشتی ئەکرد ئیدی کە لە ٣/١٦ توانیمان پەلاماری ئەوێ بدەین بەڵام تیمەکانی هاوپەیمانان لەوێ هاوکاریان کردین پێشتر ئەو هاوکاریە نەبوو، ئەو شەڕانەی کە باسمکردن هیچ تیمەکانی هاوپەیمانان لێرانە هاوکاری ئێمەیان نەکردیە ئەوەی کە کردمان بەبێ هاوپەیمانان بون نازانم سەبەبی چی بوو پێشتر هیچ هاوکاریان نەئەکردین لێرانە، بەڵام لەوێ هاوکاری باشیان کردین فڕۆکەکانی هاوپەیمانان دەورێکی باشیان هەبوو لەلێدانی داعش لەو هێزەی کە لەکاتی شەڕەکەیا ئەیانتوانی بەپیر هێزەکانی خۆیانەوە بێن خالیدیە گیرا لۆ هێزەکانی مە ئەوانەی کە بەشدارییان کرد لیوای ١٦ بوو لیوای ١١٦ بوو لیوای ٤و ٥ ی ئەوان بەشێکی بەشداریان کرد بەشێک لەوانیش بەشداریان کرد، ئێمە لەگەڵ کاک ڕێبوارو کاک بەختیارو ئەوانە ڕۆیشتین خالیدیە بۆ ئێمە دانرابوو خالیدمان گرت گەیشتینە پاش ساترەکە شۆفڵ دەبوو ساترەکەی پاک بکردایەتەوە نەیتوانی هەمەرەکان بڕۆن پێشمەرگەکان بەبێ ئەوەی هەمەرو ئەوانە ڕۆیشتن ئیتر چونە ناو خالیدیەو دوای ئەوە هەمەرەکان هاتن، کەهاتن چوین ئەوهێزەی کە ئەڵیم لەگەڵم بوو هێزەکەی کاک کۆسرەتو کاک ئەیوب سەرپەرشتی ئەکرد هێزیکی باش بوو وەنەبێ برێم هێزێکی باش نەبێ هێزێگی بوێر بوو، بەڵام ئێمە لەپێش ئەوانەوە ڕۆیشتین چوینە ناو سەعدیەش هەر خالیدیە بۆ ئێمە دانرابوو چوینە ناوسەعدیەش پێشی ئەوان بەهەموو لایەک توانیمانوەعدەو سەعدیەو خالیدیەو ئەوانە هەموو کۆنترۆڵ بکەین، ئەو هێرشەش بەهاوکاری

هاوپەیمانان بوو لەدوای ئەوەی دوبارە هێرشێکی ترمان دەست پیکردەوە بەرنامەیان لۆ دان کە هێرشەکە بکرێت.

دێینەوە سەر ئەو شەڕەی بان شاخەکانو گوامات‌و عەتشانیەو عودێریەو ئەوانە، دیارە لەوێش هەموو شەڕەکان وەکو شەڕەکانی پێشتر هەموویان ئەوانە بەرنامەیان لۆ دانرایە بەبەرنامەیەکی تۆکمەو زۆر چاک لەبەر ئەوەی هەموو شەڕەکان سەرکەوتنێکی باشیان بەدەست هێنایە هەم وەک خۆی ئەتوانم بڵێم سەد لەسەد ئەوەی کەدانرا جێ بەجێ کرایە، لەبەر ئەوەی دانانی بەرنامە زۆر گرنگە بەڵام جێبەجێکردنەکەی لەبەرنامە گرنگترە هەموو شەڕەکان کەبەرنامەکان دانرایە کاک شێخ جەعفەر خۆی لەگەڵمانا بوە دیارە کۆبونەوەو ڕاوێژی لەگەڵ فەرماندەکان کرایە بەتایبەتی ئەوانەی شارەزابون هەموو شوێنەکانی خۆیان دیاری کردیە لەو شەڕەش ئەوەی کە لە ٤/١٨ هێرشم کرد لای خۆمان لۆ شاخەکان لەولاتر هێزی دژە تیرۆر لۆ حوزەیریە ئەو لیوایەکەی کاک کۆسرەت‌و ئەوانە بەسەرپەرشتی کاک ئەیوب‌و فەرماندکانی تر ئەوانەش لۆ عەتشانەوە مڕەو ئەوانە هێرشیان کرد هەمومان توانیمان زۆر بەباشی شوێنەکانی خۆیان بگرین بەس لەهەندێک شوێن لەوانەی بەربەست دەهاتە پێشەوە هەم عبوە هەم ئاو لەکن ئێمە ئاوێکی لێ بوو زۆری ویست تاکو توانیمان لەئا وەکە بپەڕینەوە زۆر تەئخیری کردین، بەڵام هەرچۆنێک بێت بەرنامەکەمان بەباشی‌و بەسەرکەوتویی توانیمان شوێنەکانی خۆیان بگرین ئەوانەی لەو هێرشەوەی بان غاباتەکان‌و بان شاخ‌و ئەوە بەشداریان کرد لیوای ١٦ بوو لیوای ١١٦ بوو لیوای ٤و لیوای ٥و ئەو لیوایانە هەمویان بەشداریان کردیە کە باسی لیوایەکانی پێشترم نەکرد لەبەر ئەوەی هەندێک لیوا لای ئێمە نەماینە گواستراونەتەوە بۆ شوێنەکانی دیکە بەپێ

ویست زانرا بگوازرێنەوە بۆ شوێنەکانی دیکە، دوای ئەمە کەباسمکرد لێرانە داعش تاڕادەیک دورکەوتەوە لەدوزخورماتوواپێ ویست بوو هەندێک پێشمەرگە بگوازرێنەوە بۆ شوێنەکانی دیکە لەوێش هێزەکان دەورێکی زۆر باشیان هەبوو کاک بەختیار کاک ڕێبوار ئەتوانم بڵێم لەهەموو شەڕەکان دەوری زۆر باشی هەبووە لەبەر ئەوەی خۆی لەپێشەوەی هێزەکان بوە لەگەڵ ئەوهێزە بوە کە لەپێشی پێشەوە پەلاماریان دایە دەوری زۆر باشو سەرەکیان هەبوە لەوێش بەرنامەکە وەک خۆی جێبەجێکرا لەدوای ئەوەی هاتینە سەر ئەوەی ئەم جارەی بەرنامەیەکی کە دانرا هێرش بکرێت لۆ زەڕگە، ئەبو زەرگە، ئەبو نەجم، تەلبوسال، سماقە، تامور، دبز، ئەوانە هەمویان ئەوەش پێشتر بەرنامەی لۆ دانرایە چەند کۆبونەوەی لەسەر کران ئەو هێزانەش بەهاوکاری فڕۆکەکانی هاوپەیمانان لەوێدا دەوری زۆر باشیان هەبوو هەم لەوەی باسمکردو لەوەی بان شاخەکانو عوزەیریەو ئەوانە دەورێکی باشیان هەبوو، ئەو هێزانە دژە تیرۆر هێرشی کرد لۆ ئەبو نەجم هێزەکانی دیکە هێزی فریاکەوتن لیوایەکەی کاک عومەر لیوای سێ لیوای کاک ڕەمەزان دێکۆنی، لیوای کاک کۆسرەت، ئەوانە هێرشیان کردن بۆ ئەبو نەجمو تەلبەسەلو سماقەو دوبزو ئەبو شەهابو پارو ئەوانە هەمویان، شوێنەکانی ئێمە هەندێک دور بوو ڕێگاکەی ناخۆش بوو بەڵام شوێنەکانی خۆیان توانیان بەباشی بگرن نەک بەباشی داعش هەر مقاوەمەی نەکردو لەو شەڕانەیاوای لێهات هەرخۆی نەئەگرت زەرگەو ئەبو زەرگە تەواوبونو بەتەواوەتی دەستی بەسەردا گیراو پێشمەرگەکان دەوری کاریگەرو بەرچاوو ئازایان هەبوو هەمویان من بۆخۆم بینیبوم کە بەو شێوە پێشمەرگەکان بەئازایەنیو بوێریەی لەهێرشەکانا بویان ئەتوانم برێم ئازایەنی پێشمەرگە لەحەد بەدەر بوو،

لەدوای ئەوە دوبارە ئامادەکاری کراوە لۆ ئەوەی کە هێرشێکی دیکە ئامادە بکرێتو خۆ ئامادە بکەن لۆ هێرشێکی دیکە بەرنامەی لۆ دانرا کە لە٩/١١ هێرش بکرێت لۆ ئەبو مەحەمەدو سەبانیسانو سمودو زەنگڵاوەو تەپەی دوو سەرو سەبانیسان، لەوانەش برێم ئەو هێرشەی کەدەستی پێکرد ئێمە وەک میحوەری دوزخورماتو دانراین هێرش بکەین لۆ ئەبو محەمەدو سەبانیسان لەگەڵ ئەبو یوسف، ئەوسێ گوندە لۆ ئێمە دانران ئەبو یوسف زۆر گەورە نەبوو گچکەترە بەڵام ئەویش پێ ویستی بەوە بوو پاک بکرێتەوە برێم ئەو هێزەی کاکە مەمند خۆی لەگەڵ کاک ڕەمەزانو کاک عومەرو ئەوان دانرابون ئەوانە پەلاماری زەنگلاوەو سنور بدەن هێزێکی دیکە وەک هێزەکەی لیوای کاک کۆسرەت پەلاماری تەلڕابیعە بدات لەوێ دوو رەتل بوون ڕەترێکیان کاک محەمەد سەرپەرشتی ئەکرد ئەویش هێرش بکات لۆ تەپەی دووسەر هەم ئەوەی تەپەی دووسەرو تەلڕابیعە هەردوکیان کاک ئاسۆ سەرپەرشتی هەردوو ڕەتلەکانی ئەکرد، لەوەی ئەبو محەمەدو سەبانیسانو ئەوانە لەمیحوەرەکەی خۆمەوە سەرپەرشتیم ئەکرد کاک بەختیار بوو کاک ڕێبوار بوو ئەوانەم هەموو لەگەڵدا بون، ئەوەی زەنگڵاوەو سمود ئەوانە کاکە مەند سەرپەرشتی ئەکردن لەگەڵ لیوایەکانی خۆم کاک شێخ جەعفەر سەرپەرشتی هەموویانی ئەکرد فڕۆکەکانی هاوپەیمانان دەورێکی زۆر باشو کاریگەریان هەبوو لۆ هەموو شوێنەکانی خۆم بەباشی هەموو شوێنەکانیان گرت لەو شوێنە شەوێک ماینەوە دوای ئەوە هێزەکانی ئێمە کشانەوە لەوێندەرێ خۆیان لەوێ جێگیر بووینە لەوێ سەنگەریان گرتیە، بەڵام زیاتر باسی ئەو میحوەرە بکەین ئێمە لێرانە نەک هەر لەو میحوەرە بەشداریم کردیە بەڵام ئەو شەڕانەی ئێستا من باسم کردیە،وەعدەو، خالیدو، سەعدو،

گواماتوو، بان شاخەکانو، مڕەو ئەوانە لەگەڵ ئەوەی ئێستا باسم کرد لەگەڵ ئەبو محمدو، بانی سانو، ئەوانە کەوتینە میحوەری داقوق، ئێمە وەک ئەم میحوەرەی خۆم لۆ هەر شوێنێک داواکراینە چوینە هەم لەجەلەولای هێزەکانم بەشداریان کردیەو دەوری زۆر باشیان هەبووە، لەقەرەتەپە بەشداریان کردیە لەمەکتەب خالید لە١/٣٠ لەوێ داعش ماوەیەکی زۆر بوو خۆی ئامادە ئەکرد لۆ هێرشێکی زۆر گەورە بتوانێ زەختێکی زۆر بکات لەو هێزانەی کە لەدەورو بەری کەرکوکن، ئەوە بوو شەو دەوری سەعات ٣ کاک شێخ جەعفەر تەلەفونی کرد گوتی هێزێک حازرکەن ئەو هێزەی حازری ئەکەن لۆ مەکتەب خالید داعش تاڕادەیەک پێشڕەوی کردیە هێزێک بنێرن قسەم لەگەڵ کاک ڕێبوار کرد لەگەڵ کاک بەختیار کرد کاک بەختیاروابزانم لەمۆڵەت بوو ئەو کاتەی بەڵام ئەویش هەر لەگەڵیان بوو ئەو کاتەی کاک ڕێبوار بەهێزێکی باشەوە لەگەڵ کاک حەکیمووابزانم کاک نایبیشی لەگەڵ بوو، ڕۆیشتن توانیان پێش بەهێزەکە بگرن لەو شەڕەی کاک حەکیم بەخەستی بریندار بوو ئێستا شکور سەلامەتە، دەورێکی باشیان هەبوو لەو شەڕە سەرکەوتنی شەڕەکە لەمەکتەب خالید دەستی پێ کرد، ئەگەر بهاتبا لەوێ نەشکابان لەوکاتەی زیاتر پێشڕەویان بکردبایەو بهاتنایە مەعمەل غازەکەو مەعمەل غازەکە بتەقیایە لەوانە نەتوانیبا کەس نزیکی ئەویا بوایە لەوێ تاڕادەیەک ئەتوانم برێم ئەگەر ئەو هێزانە نەچوبانە ڕاستە هێزی پێشمەرگە هەموو دەوریان هەبوو لەهەموو شوێنەکان، بەڵام سەرکەوتنی شەڕەکە لەمەکتەب خالیدەوە دەستی پێکرد ئەو هێزەی ئێمە چوبون دوای ئەوانیش هێزی دژەتیرۆر گەیشت ئەوانیش هاوکار بون جا جاری یەکەم کەپێشیان لەهێزەکە گرتو هێزەکەیان شکاند ئەوان بون کەلاکی زۆریشیان لێ خستن دیاربوون لەپەنای ساترەکە

کەوتبونە سەر یەکدی، لەمەکتەب خالیدیش دوای ئەوەی شکان لەوێندەرێ مەعنەویات بوو بۆ شوێنەکانی دیکە، لەتەلوەردیش هەر لەوێش دیسان هێزەکانی ئێمە بەشداریان کرد لەوێ شێخ سەعیدو هێزێکی لیوای ٤و جەماعەتی کاکە مەندو ئەوانە هەموو لەوێ بەشداریان کرد هەم لەگرتنەوەی تەلوەرد هەم لەمەلا عەبدوڵا لەوانەیا هەمویان دەوری باشیان هەبووە هیچ زیادەڕۆییەکی تیا نیە ئەوەی کەباسمکرد، بەڵام ئەو میحوەرەی ئێرانە توانی کە لەهەموو میحوەرەکان بەشداری بکەن دەوری زۆر باشیان هەبوو من بەش بەحاڵی خۆم سوپاسی یەک بەیەکی فەرماندەو پێشمەرگەکانیان دەکەم دەستخۆشیان لێ دەکەم زۆر لێیان ڕازیم هیوای سەرکەوتنو تەمەن درێژیان لۆ ئەخوازم، بەس ئەوەی شەهید سەلاح باسی ئەوەم نەکرد لەمیحوەری داقوق بەعبوە شەهید بوو زۆر جێگای داخ بوو یەکێ بوو لەفەرماندە ئازاکانی باڵەکایەتی ئەتوانم بڵێم تەئسیری زۆری هەبوو لەسەر فەرماندەکانیانوەرقی ئەستور کردن زیاتر سورتر بون لەسەر خەباتو مانەوەیانو دڵسۆزیانو قارەمانیەتیان، شەهید سەلاح دیلمانی لەساڵی ١٩٧٨ بوەتە پێشمەرگە ئەوکاتە تەمەنی گچکە بوە کەبوەتە پێشمەرگە هەتا تەکلیفیان لێ کردبوو بگەڕێتەوە لەبەر ئەوەی تەمەنی گچکەیە لەپێشمەرگایەتی بەڵام خۆڕاگربوو بەحوکومی ئەوەی کوڕێکی ئازاو قارەمان بوو مایەوە لەپێشمەرگایەتیو درێژەی بەپێشمەرگایەتی دا زوو هاتە پێش دەوری فەرماندەی زوو وەرگرت لەسەردەمی شاخ یەکێک بوو لەفەرماندە هەرە ئازاکانی باڵەکایەتی لەهەموو شوێنەکان شەڕی کردیە لەشەڕەکانی سەرکردایەتی ٨٦ دەوری ئازایەتیو خۆڕاگری هەبوو هەم لەو شوێنانەی پێ ویست بوو پاک بکرێنەوە لەداعش وەک قەرەتەپەو جەلەولاو لەو شەڕانەی ئێرانە لەو هێرشەی

هەرێم کەداعش هێرشی کرد لە٤/١٨وابزانم لە٢٠ بوو یان لە٢١ بوو ئەوەی کەداعش هێرشی کردوە لەعەتشانە ئەو لەوێ بوو دەورێکی زۆر کاریگەری هەبوو لەشەڕەکەی ئەوێ خەڵکی زۆریان لێ کوشتن لەوێ لۆ ئەوەی خەڵک نەگەڕێتەوە دواوە شۆفلێک لەوێندەرێ بەشۆفڵەکەی کلەڕێ ڕائەگرێ ئەبینێ ماشێن خۆی بباتە پشتەوەی شەڕەکە ماشێنکە ئەباتە ئەولاتر پێیوایە هێزەکە زەعیف ئەبێت بەرەو دواوە ئەڕوات ڕێگر بوی وتبوی ئەوەی بڕوات ماشێن دەرباز بکات یان بچێتە دواوە ئەیکوژم، باشترین شەڕی کردبوو کەلاکی زۆری لەوێ خستبوو ئێمە بەیانی چوین دەستخۆشیم لێ کرد لەبەرئەوەی ئەوەشم لەفکر چوو کەلەوێ پەلاماری ئەوێیان دا ئێمە هەر بۆ ئەو شەڕەش چوبوین، بۆ هەر شەڕێک بچوینایە بەشداری ئەکرد لەعەتشانە شەهید بوو.

من لەکۆتایدا پیرۆزبایی لەخەڵکی خورماتو لەخەڵکی داقوق‌و خەڵکی کەرکەک‌و دەوروبەری ئەکەین لەبەر ئەوە هەم هاوکاری هێزی پێشمەرگە بونە بەهەموو شێوەیەک سوپاسیان دەکەم دەستخۆشیش لەهەموو فەرماندەکانی دوزخورماتوو دوبارە دەستخۆشی‌و پیرۆزباییان لێ ئەکەم، هەموو فەرماندەکان یەکەبەیەکەیان زۆر سوپاسیان ئەکەم‌وەمن بەشبەحاڵی خۆم زۆر لێیان ڕازیم ئەوان کەدەوری باشیان هەبوە لەشەڕەکان‌و ئێستاش لەداهاتوش پێموایە زیاتر دەوریان ئەبێت.

زۆر سوپاسی هێزی پشتیوانی دووی تایبەتی‌و کاک عەمید هەورامان کەبەقیادەی ئەوبوو زۆر سوپاسی ئەکەین دەوری زۆرباشی هەبوو ئەو ڕۆژەی لۆ چەکە قورسەکان لۆ دەبابەکان یەک لەنمونەکان کەئەو هێزەی گۆتم تازە دە دوانزە کەس ئەو هەمەرەی شکابوو هێزەکان

مابوو تەقریبەن ٢ دەبابەو مودەڕاعەیەک بوو لەگەڵ من یەکیخست بەدوای ئەو هێزەی دا بچینو کۆنترۆڵیان بکەینو بیانکوژین، بەڵام بەداخەوە هەتا دەبابەکە ئەمن بردمو ئەوان بردن بەناو ڕەبایەکە جۆگایەک بوو بەجۆگایەکە هاتنە دەرێو بەجۆگایەکەیا ڕۆیشتنو دەرچون لەبەر دەستمان بەڕاستی هی ئەوە نیە پشتیوانی دوو ئەو دەورەی لەبیر بکرێت دەورێکی سەرەکیو باشیان هەبوو زۆر سوپاسیان ئەکەمو زۆریان مەمنونم سەرکەوتنەکە ئەتوانم بڵێم لەسەدا پەنجاشی ئەگەڕێتەوە بۆ دەستو هیمەتی ئەوان ئیتر سوپاس.

# موقەدەم موحەمەد ئەیوب موحەمەد

من (موقەدەم موحەمەد ئەیوب موحەمەد) لیوای ٢ی سکرتاریەتی هەڤاڵی بەڕێز مام جەلال، شەوی ٢٩ لەسەر ٣٠ /٢٠١٥/١ تیرۆریستانی داعش هێرشێکی بەربڵاویان کرد لەمیحوەری باشوری کەرکوک لەگوندی مریەم بەگەوە بۆ ناو کەرکوک ویستیان هێرش بکەن بەڵام خۆشبەختانە هێزەکانی یەکێتی پێشمەرگەی کوردستان بەرپەچیان دانەوە سەعات ١ی شەو شەڕ بەردەوام بوو تا وەکو ٧:٣٠ ی بەیانی چەندین لاشەمان لەتیرۆریستانی داعش بەجێ هێشتو چەندین زریپۆشیان شکێنراووچەندین برینداریان بەجێمابو لەبەرەکانی شەڕ توانیمان بەو مەسافەیە هەرهەمویان تێک بشکێنینو کەبەبێ ئەوەی یەک بستیش بێنە ناو خاکی کەرکوک، دەستخۆشی لەهەموو پێشمەرگە قارەمانەکانی لیوای دووی سکرتاریەت دەکەم بەتایبەتی ئەفسەرەکانوەپێشمەرگە قارەمانەکانوەفەرماندەکان بەڕاستی دەورێکی کاریگەریان هەبوو جێی شانازین کە هەموو لایەک باسی بکات، بەتایبەتی فڕۆکە جەنگیەکانی هاوپەیمانانیش دەورێکی زۆر کاریگەریان هەبوو لەسەر لێدانی داعش وەسوپاسیان دەکەینو بەهیوای سەرکەوتن بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەربژین.

# ساڵح ئەمین ساڵح

من ناوم (ساڵح ئەمین ساڵح)ە پلەی ئێستام لیوایە لەفەرماندەی لیوای ٦ ئێستا جێگری میحوەری دووم لەسنوری قەرەتەپە، دیارە ئێمە لەسەرەتای هەڕەشەی حکومەتی عێراقی لەسەر کەرکوک بەتایبەتی ئەرکێکمان پێسپێردرا لەسنوری دوزخورماتوو لەپردێ لەدوای ئەوەی ساڵێک ماینەوە لەسنورەکەی پردێ ئەم سنورە کە بەشێک بوو لەهەڕەشەیەکی فیرقەی ١٢ ی حکەمەتی عێراقی بۆ سەر سنورەکانی کوردستان کە دەیان ویست ئەو شوێنانە کە هێڵک کێشرا بوو کاتی خۆی هێڵی ٣٦ هەڕەشەی ئەوە هەبوو کە هێزەکانیان بگەڕێتەوە بۆ سنوری خەتی ٣٦، دوای ئەوەی کە سەنگەرەکانمان قایم کرد لەسنوری پردێ لەبەرزاییەکانی کانی ئاسکان کە ئەکەوێتە سەر دوز ئەم سنورەمان پاراست تا ساڵێک نەمانهێشت هەڕەشەی جەیشی عێراقی لەسنورەکە بمێنێتەوە، دوایی هێواش هێواش جەیشی عێراقی بەرەو لاوازیو بەرەو هەڕەشەیەکی سونەکان ئەچوو بەتایبەتی لەسنوری موسڵ، ئەو شوێنانەی کە لەژێر دەسەلاتی سوننەدا بوونوەک موسڵو تکریت،وەئێستاش کە داعش لەو سنورە بالآ دەستە، دوای ٦/١١ لەکاتێکدا لەناو مووسڵدا تەقینەوەیەک دروست بوو هێزی داعشو سوننە دەستیان گرت بەسەر هەموو هێزەکانی سنوری مووسڵو

بەتایبەتی مووسڵ، لەوکاتەدا لە٦/١١ کۆنترۆڵ کرا ئەم سنورە ئێمەش کەوتینە بەر هەمان هەڕەشەی داعش لەسنوری کەرکوک توانیمان لەماوەی چەند ڕۆژێک سەنگەرەکانی خۆمان بگوازینەوە بۆ ئەو شوێنانەی کە هێزی حکومەتی عێراقی لێ بوو وەتوانیمان ئەو سنورانەی کە پێ ویست بوو شوێنی قایمو حەساس بوون لەسنورەکەدا دەستیان بەسەردا بگرین، ئەوەبوو ئێمە دوای سێ ڕۆژ کە مووسڵ گیرا ئێمە جەبهەیەکمان دانا لەسنوری تەلوەرد، ئەم سنورە سنورێکی دابڕێنراو بوو لەسنوری کەرکوکوەشوێنێک بوو ئەم دیووی مەشروعی ئاوە کە لەدوزەوە دەست پێ ئەکات ئەچێتە خورماتو، ئێمە چوینە دیوی ئەو ئاوە درێژایی ئەو شوێنەی ئێمەی لێبووین بەرزاییەک بوو ١٦٠٠ مەتر درێژبوو شوێنەکە وە٤٠٠ مەتر بەرینی بوو پشتیشمان ئاو بوو، ئەو شوێنە شوێنێکی حەساس بوو وەهەم شوێنێکیش بوو کە لەسەرەتاوە داعش هەڕەشەی هەبوو لەسەر ئەو شوێنە چەند جارێک خەڵکی سونەو ئەوکات ئیتفاقێک هەبوو لەنێوان هێزەکانی سوننەو لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان وەخودی مەسعود بەرزانی، ئەوان ئیلاقەیەکی خۆیان هەبوو لەگەڵ سوننە بەڵام ئەو عیلاقەیە لەگەڵ ئێمەی یەکێتی نەبوو بۆیە چەند جارێک لەلایەن مەسعود بەرزانیەوە ڕاستەوخۆ پێمان ڕائەگەینرا کە ئەم شوێنانە شوێنی سوننەن پێ ویستە ئاگامان لێیان بێتو پێ ویستە ئێمە شەڕیان لەگەڵ نەکەین بەڵام ئێمە متمانەمان نەبوو لەبەر ئەوەی ئەمانزانی کە ئەمانەی لەبەرامبەرمانن ڕاستە سوننەن بەڵام کادری داعشیان لەگەڵەوەڕاهێنانیان پێئەکەنوەسەنگەرەکانی خۆیان قایم ئەکەن بۆ هەڕەشەیەکی گەورە لەسەر کەرکوک، ئەمە بوو چەند جارێک تەقوتۆقێک لەنێوان لیوای ١١و داعش دروست بوو هێشتا لەگەڵ من شەڕەکە دەستی پێنەکردبوو لەو

کاتەیا من ئاگاداری وەزارەتی پێشمەرگەم کردەوە وەئاگاداری برادەرانی سنوری کەرکوکم کردەوە کە پێ ویستە ئەم شوێنەی کە منی لێم زیاتر قایم بکرێت یاخود ئەگەر قایم نەکرێت بەو شێوازە بمێنێتەوە ئەم هێزە لەمبەری ئاو بگەڕێتەوە ئەو بەری ئاو یاخود ئە وەتا سەر هەردوو جسرەکان، جسری دەوری کارەباو جسری تەلوەرد قایم بکرێتو هێزێکی تری بۆ بێت، بەڵام برادەران بەتایبەتی میحوەری ٥ کە ئێمە کەوتبوینە سەر میحوەری ٥ گوێیان بەمەوزوعەکە نەدا، ئێمە توانیمان ئەو لیوایەی خۆمان بەکار بێنین لە٧ کیلۆمەترو نیو لەسەر ئاو،وەجسری فەتحە بۆ جسری مەکتەب خالید، کە سنوری جەبهەی لیواکەی من بوو کە خۆم سەرپەرشتیم ئەکرد،وەزایدەن ئەو سنورەی کە من باسی ئەکەم بەرزایەک بوو کە ئەم بەرزایە هەڕەشە بوو لەسەر ڕێگای موسڵ وەگوندەکانی مەڕواو گوندەکانی تەلوەردو نەفتخانەو یەک دوو گوندی تریشی لێبوو کە ئەو دوو گوندە لەژێر دەستی داعشدا بوو کە بەنیسبەت ئەوانەوە مەعەسکەرێکی لێبوو زۆر موهیم بو هێزێکی داعشی لەناودا بوو کە دوری ئەم مەعەسکەرە ٦٦٠م لەئێمە دوور بوو، وەجادەی موسڵ کە درێژایی جەبهەکەمان کە ٣٥٠م بوو لەدەستی داعشدا بوو گوندێمان لەتەنیشت بوو وەدەستی ڕاستمان پێی ئەوترا دورلکارەبا لەژێر دەستی داعشدا بوو کە نزیکترین نوکتەی داعش ١٥٠م بوو بۆ جسری دورلکارەباو بۆ جسری تەلوەرد، گوندێکی تریشمان لەدەستی چەپمان بوو کە ئەویش گوندی مەکتەب خالیدیان پێ ئەوت، ئەم گوندی مەکتەب خالیدەو گوندی دورلکارەبایە نزیکترین نوقتەیان ١٥٠م بوو لەپشتی جەبهەکە نەک لەپێشەوە.واتە لەهەردوو کەلەکەیەوە لەدەستی داعش دا بوو ئێمە بەدرێژایی ١٦٠٠ م چوبوینە ناو ئەو عەرزەیەو ٤٠٠م بەینی بوو لایەکیشی ١٦٠٠م بوو لەگەڵ

ئەوەشدا کێشەی گەورەشمان بوو کەپشتمان مەشروعێکی ئاوە، ئەم مەشروعە ١٠٠م بەرینی بوو، لەناو ئەو شوێنەشدا حەفرێکی تریش هەبوو بەقوڵی ٢مو نیوو قوڵی ٢ مەتر بەرینی کە ئەمە بۆ خۆی ببوو بەکێشەیەک بۆ هێزەکانمان لەکاتی شەڕدا کە داعش توانی جسرەکان بگرێتو ئەم هێزە توشی کێشەیەکی گەورەو شڵەژان بێت لەوکاتەدا ناتوانین شەهیدەکان بگوازینەوە یان لەکاتی پێ ویستدا خواردیان بەدەستبگات، ئەوە بوو شەڕی یەکەم کە کرا ٢٠١٤/٦/١١ لەموسڵ دەستی پێکرد لە٢٠١٤/٧/١٦ لەلای ئێمە داعش هەڕەشەیەکی گەورەی هەبوو هێزی کۆکردبوەوە وە١٢ شۆفڵیان هێنابوو بۆ ئەوەی بێنو خەتێکی دیفاعی دروست بکەن بۆ خۆیانو بێن سەر ئاو بەسەرئاو ئەم خەتە بگەیەننە پێشی هێزەکانی ئێمە، کە ئێمە ئاگادارمان کردبوونەوە بەتەقە کە ئاڵایەکی کوردستانمان چەقاند کە زیاتر لەحەدی خۆیان نەیەن بەڵام سودی نەبوو، دروست بوونی ئەم خەتە لەسەرەتاوە ئاگادارمان کردنەوە کە ئەم خەتە نەکرێت کە حاجی عوسمان چەند جارێک داوامان لێکرد کە ئەم خەتە نابێت بکرێتو نابێت دروست بکرێت ئەمە خەتێکە تۆ لەو بەری ئا وەکەوە دروستان کردووەو ئەوان دروستیان نەکردوە ئێستا ئێمە سەیتەرەیەکی کاملمان هەیە بەسەر ئەو زەویانەدا بەڵام ئەوان لەبەرامبەری ئێمەدا کە دروستیان کرد بوە کێشەیەکی گەورە بۆ جەبهەکانی لیوای ١١و لیوای ٦، لەلیوای ١١ خەتەکە کێشرا بەرامبەریان بەدرێژایی جەبهەکە، کە جەبهەکەی لیوای ١١ نزیکەی ٧ کیلۆمەتر بوو ساترەکەیان لەبەرامبەردا کردوو هیچ کاردانەوەیکی لیوای ١١ نەبوو بەرامبەریان کە گەیشتە سنوری لیواکەی من،وەزارەتی پێشمەرگەم ئاگادار کردەوە کە ئەوکاتە کاک ئەنوەر جێگری میحوەریش بوو جێگریوەزیریش بوو پێم وتن کاکەواجادەکە

دەهێنن‌و ناوەستن کە نەشوەستن بەڕاستی لێیان ئەدەین، ئەویش گوتی سەبر بگرن‌و تەحەموول بکەن نابێت شەڕ دروست بێت منیش وتم ئەگەر جادەکە کێشراو خەتەکە هات ئەمە ناکرێت ئەمە قبوڵ بکەین، گوتی کاکە ئێستا من چیبکەم خۆ لەوێ نیم کەمال کەرکوکی ئێستا مەسئولتانە وتم باشە لەگەڵ ئەویش قسە ئەکەم، قسەم لەگەڵ ئەویش کرد وتم کاک کەمال ئەمە مەوزوعێکەو هاتۆتە پێشەوەو بەڕاستی داعش لەسنوری لیواکەی من خۆڵ بەرز بکاتەوە لێی ئەدەین ئەویش دیار بوو ڕازی نەبوو لێی بدرێت بەڵام لەکاتی پێ ویستدا من پێموایە قایل ببێت پێ ویستی بەوە نیە لەکاتی پێ ویستا ڕاوێژ بکەیت پێ ویستت بەوەیە کە خۆت بڕیار لەسەر مەوزوعەکە بدەیت گرنگ ئەوەیە کە بڕیارێکی ڕاست بدەیت بۆیە بڕیارم دا ئێمە بەشۆفلەکان بگەین بۆ ئەوەی شۆفلکان زیاتر نەیەنە پێش ئەمەوای کرد شۆفێرێک لەسەیاق شۆفلەکان بکوژین کە یەکێک بوو لەداعشەکان‌و ئەو کەسە بوو کە بڕیاری خۆ کوژی دابوو کە کوشتمان ئاگاداریان کردینەوە هەر لەلایەن سنوری گوندەکانەوە ڕەقەم تەلەفونێکی ئێمە لای زابت ئیستخباراتێکیان هەبوو لای ئەو بوو تەلەفونێکی هەبوو لەگەڵ کوڕێکی ئەوان دیار بوو تەلەفونیان بۆ کردبوو وتبوی بۆ شۆفێرەکەتان کوشت نیو سەعاتی تر خۆتان ئەمرن، منیش وتم جوابی بدەرەوە پێی بڵێ چیتان پێدەکرێ بیکەن ئەمە بوو وای کرد کە دوای ٤٥ دەقە شەڕ دەستی پێکرد لەسەعات ١١ ی نیوەڕۆ شەڕێکی قورس دەستی پێکرد زیاتر لە١٦٠٠ هاوەن لەسەنگەرەکانی ئێمە درا وەهێرشیش بەپیادە دەستی پێکرد شەڕێکی قورس‌و شەڕێکی خۆ کوژ وەلەو کاتەیا ئێمە هەر ئامادە نەبووین بۆ شەڕیش لەبەر ئەوەی هەم چەکەکانمان چەکی خراپ بوون ئەو چەکانەمان پێ بوو کە لەسەردەمی دروست بوونی جەیشی

عێراقیەوە ئەم چەکانە لەعێراقدا لەدەستی عەسکەردا بووەو لەدەستی جاش دا بووەو لەدەستی جەیشی شەعبیدا بووەو دواتر کەوتۆتە دەستی پێشمەرگە کە دراوە هەرکەس چەکێکی کڕیوەو چاک یان خراپ لەگەڵ ئەو فیشەکانەی کە خۆی پێی بوو، من خۆم فیشەکی ئیحتیادم پێبوو نزیکەی ٢٠ هەزار فیشەک بەڵام هێزەکەی من ٣٠٠٠ ی زیاتر بوو ٢٠ هەزار فیشەک ئەگەر دابەشی بکەیت لەوانەیە هەریەکەو چەند فیشەکێکیان بەر بکەوێت، توانیمان بەو فیشەکانەو چەند گولەیەکی ئارپیجی خۆم هەبوو وە١١ گولەیەکیشم کە برادەرێکم لەهێزەکانی ٧٠ بۆی ناردبووم‌و گوتی باچەند گولەئارپیجیەکیشت لابێ توانیمان شەڕێکی خۆ کوژی بکەین لەگەڵیان بەو خیتابە کەمەی کە هەمان بوو لەهەمان شەویشماندا کاک ئاسۆ کە مەسئول مەڵبەندی کەرکوکە ٦٠٠٠ هەزار فیشەکی بۆ ناردم بۆ ئەوەی بۆ بەیانیەکەی خۆمان ئامادە بکەین چوونکە دەمانزانی شەڕەکە کۆتایی نایەت لەبەر ئەوەی سەرکەوتوو نەبوون لەشەڕەکەداو هێزێکیشیان کە هات نزیکەی ٢٠ کەسێک بوون ئەوەی کە لەبەر چاوی ئێمە بوون ئەوەی کە ئێمە بینیمان نزیکەی ١٧ کەس جیهازەکانیان بەجێما یەکێک لەو جیهازانە کە ئەبوو بەکر بەغدادی زۆر پێی عاجز بوو وەهەڕەشەیەکی گەورەی خستە سەر ئێمە بەناوی عەبدوڵا جحێشی بوو ئەو کەسە لەلایەن ئەبوو بەکر بەغدادیەوە پیاوێکی خۆشە ویست بوەو کەسێکی لێهاتوو بوە بۆ ئیش‌و کاری سەربازی، سەعات بوو بە١١ ی شەو تەقە تۆزێک نزم بوو ئێمەش توانیمان ئەو بریندارانەی کە هەمانن یان شەهیدەکانمان بیان گوازینەوە بۆ شوێنی خەلفیەکەمان کە ئەو کاتەی ڕێگەمان گیرا بوو نەمانتوانی بوو ئەو بەربەستەی کە لەئاخیرا دروستمان کردبوو بەبەردی ٣ مەتری ئەو بەربەستەمان نەبوو ئەوکاتە ٥٠ مەترێکمان بەتاڵ بوو کە داعش

سەیتەرەی کرد بەسەریدا وەیەکێک لەماشێنکانی خۆم برینداریێکم پیا ناردەوە بۆ ئەو بەروەدوو پێشمەرگەش وەک پاسەوانەم پێدا ناردن پێشمەرگەیەکیش لەویَ شەهید بوو شۆفێرەکەش‌و ئەویتریش بریندار بوون، ڕۆژی دواتر سەعات ٦ی بەیانی بوو شێرکۆ فاتیح شوانیم لابوو کە یەکێک بوو لەپێشمەرگە خۆشە ویستەکانم‌و زۆر نزیک بوو لێمەوەو ڕەفیقم بوو ئەو بەهانای منەوە هاتبوو هەم بۆ دەست خۆشی‌و وەهەم لەشەڕەکەشدا بەشداری کرد نانی بەیانیمان ئەخوارد کەمێکمان لێخواردبوو بەڵام چایەکەمان نەخواردبوەوە، کتریەکی گەورەیان هێنابوو بەشی ١٠٠ کەسی چا تیا جێگە دەبۆوە چایچیەکە زۆر زەخم بوو، دانیشتبوین خەریک بوو چامان بۆ تێبکەن بەڵام بەداخەوە فیشەکێک تەقی دیار بوو ئیشارەت بوو لەلایەن هێزەکانی داعشەوە ئەم فیشەکە تەقی زانیمان دەست بەهێرشەکە ئەکەنەوە من لەبەشێکی جەبهەکە بۆ خۆم چوومە ناوی کاک شێرکۆش بەشی پێشەوە ئەوەی کە ناوەڕاست بوو پێشیشی حەفر بوو، بەڵام ئەو بەشەی من لێی مامەوە شوێنەکە نزیکترین نوقتەی دوژمن بوو چونکە هەم ساترێکی‌وانەبو هەم حەفریش نەبوو پێشی، شەهید شێرکۆ گوتی چۆنت پێ باشە وتموەڵا شێرکۆ گیان ئەگەر تۆ بچیە پێشەوە بۆ ئەو خەتەی ناوەڕاستەوە منیش لەم لایە ئەبم وەیەکێک لەئامر فەوجەکانیشمان ناوی ئەمیرە ئەویشم خستە دەستی چەپم بەلای مەکتەب خالیدەوە هێزەکەمان دابەش کردو ١٠ دەقەیەکی برد بوو بەهاوەن باران دەستیان کرد بە هاوەن بارانێکی یەکجار زۆرو قورس لەشەش لاوە بەهاوەن‌و بەدۆشکەو بەبیکەیسی دەستیان کرد بەتەقە کردن، ناخۆشەیەکە ئەوەبوو کە هێرشێکی یەکجار زۆر بوو واتەوەختێکی زۆر زۆر گەرم بوو وەئەم ڕێگایەی کە باسم کرد ڕێگایەکەشمان لەژێر

هەڕەشەی داعشدا بوو کە ١٥٠ مەتر نوقتەیەکی داعش کە بینایەک بوو زۆر نزیک بوو لەهێزەکانی ئێمە، ئەم شەڕە کە دەستی پێکرد تەقریبەن لەسەعات ٦:١٠ دەقە چارەکێک لەوێدانا بوو شەڕەکە زۆری خایاند وەشەڕێک بوو کە بەڕاستی گەیشتمە حەدی ئەوەی کە شەخسی خۆم بێزار ببووم هەم لەگەرما هەم لەوەی کە خواردنمان نەگەیشتێ وەهەم بریندارەکانمان زۆر ئەیان نالآند وەیەک ماشێنی درعمان لابوو ئەویش هاتبوو بریندارەکان بگوازێتەوە، شەڕ گەیشتە ئێوارە لەڕۆژی پێشوەوە ١١ شەهیدمانداو زیاتر لە٨٠ برینداریشماندا، بریندارەکانیشمان ئەوەی کە کێشەی مردنی لەسەر نەبوایە نەمان ئەنارد هەرچەندە تەحەمولمان پێ ئەکردوو خوێنەکەیانمان ڕائەگرتو عیلاجی سەرەتاییمان پێ ئەدان معاون توبیەکمان لەگەڵ بوو زۆر کەسێکی باش بوو توانیمان هەرچۆنێک بو ئەو بریندارانەی کە مەترسی مردنیان هەیە بیانگەیەنینە خەستەخانەی کەرکوکو ئەوانەی تریش بەداخەوە هێشتمانەوە تا ئێوارە بتوانین دەرمانیان بکەین، ئەوە بوو بوو بە١٢ ی نیوەڕۆ شەڕەکە جارێکی تر دەستی پێکردەوەو داعش هێرشێکی زۆر قورسی کردەوە دەستیان کرد بەهێرشی بەڕی لەهەموو لایەکەوە پەلاماریان داین شوێنەکەی ئێمەش کەمێک بەرزایی بوو وەئەوانیش لەبەر ئەوەی ساتریان هەبوو وەکۆمەڵێک دەواجینی لێ بوو وەکۆمەڵێک خانووی لێبوو وەئەوان لەناو خانوەکاندا بەبیکەیسیو بەدۆشکەو بەئارپیجیو بەقەناسو بەتایبەتی کۆمەڵێک قەناسیان پێ بوو وایان لێکردبووین کەسەیتەرە نەکەین بەسەر سەنگەرەکانمانەوە وەحەرەکەمان کەم ببوەوە لەبەر ئەوەی شوێنەکەوابوو لەلای مەکتەب خالیدەوە سەنگەرەکانمان دیار بوون وەلەلای دورلکارەباشەوە هەر دیار بوو وەپشتی سەنگەرەکانی مەکتەب خالید دیار بوو ئەوە ببوو بەکێشەیەک

که بەئارەزوی خۆیان لەکەمینەکانمان پێشمەرگەیان بریندار ئەکرد، دوای ئەوەی بوو بەسەعات ٤ ئێوارە جارێکی تر پێداچونەوەمان کردەوە بەداخەوە شەهید شێرکۆ بریندار بوو وەچەند برینداریکی تریشی هەبوو ئەومان گواستەوە بۆ نەخۆشخانەی کەرکوک لەگەڵ پێشمەرگەکانی تر کە دیاربوو ٢٠ پێشمەرگەی لەگەڵ بوو لای منیش نزیکەی ٦٠ کەسێکمان بریندار بوو ئەوکاتە لەپاسەوانەکانم چەند دانەیەکیان بریندار ببوو وەزعمان زۆر خراپ بوو بەتایبەتی لەنەمانی فیشەکو گولە ئارپیجیدا، بەڵام کارێکی باشمان کردبوو پێشتر کەمن ٣٨٠ گولە هاوەنم ئامادە کردبوو ویستم دەست پێوە بگرم لەم گولەیە کۆمەڵێکی باش مایەوەو چەند کوڕێکی باشم لا بوو کە زۆر هاوکار بوون ئەوکاتە قسەم لەگەڵ حسێنی ڕەحمەتی کرد وتم حسێن گیان ئەگەر برادەران هاوکارمان نەبن توانای مانەوەمان نابێت ناتوانین بەرگری بکەین چوونکە بەڕاستی زەختێکی زۆمان لەسەرەووەهاوەنێکی زۆریش بەتایبەتیش چەند قومبەلەیەکیش بەهاوەن هاویشتیان کە هەمووی مادەیەکی کلۆریان تێ ئەکرد پیشمەرگە پێی ئیزعاج ئەبوو، ئەویش قسەی لەگەڵ کاک نەریوان کردوو سیروانی ڕاسپاردو دەستیان کرد بەئەسپادێکی باش لەپشت هێزەکانی ئێمەوەو وەلای مەکتەب خالیدیشەوە توانیان چەند دەبابەیەک بێنە ئەوێو کە ئەو جسرەی بەردەم مەکتەب خالید بەرز بوو بەدەبابە لێی بدەین لەشوێنێک کە داعش دەبابەشیان هێنابو وەچەند هامەرێکیان هێنابوو ئێمەش توانیمان لەلایەک هێزەکان بشکێنینەوە بەتایبەت دەبابەیەک ١٠٦ باشی لێدان چەند ئالیاتێکی لێبوو کە هێرشیان پێ ئەکرد لەلای دەستی چەپمان توانی بیانشکێنێت کێشەی من لێرەدا ئەوەبوو نەمەتوانی وەکو پێ ویست حەرەکەیەکی باشم هەبێت بۆ سەر هەموو سەنگەرەکان هەم بۆ

خۆی مەنتیقکە زۆر بوو کە تەقریبەن ١٦٠٠ م بە٤٠٠م ئەمە هەمووی سەنگەرو کەمین بوو توانایەکی بێوێنەی دە ویست نەمدەتوانی سەر لەهەموو سەنگەرەکان بدەم هەرچەندە ئامر فەجو ئەوانەی لێبوو بەڵام پێ ویست بوو خۆم سەنگەر بەسەنگەر بگەڕێمو لەپێ ویستیەکانیان بپرسمەوە وەبتوانم ئەوەی نەقسیان هەیە بۆیان پڕبکەمەوە بەهەرحاڵ ئەوەنەی توانیم لەگەڵ هێزەکانم جێبەجێی بکەین یان لەشەڕەکەدا بیبەینەوە، دوای ئەوەی سەعات بوو بە ٤ی ئێوارە لەلایەن ئەنوەری حاجی عوسمانەوە ئاگادارکرامەوە گوتی نیو سەعاتی تر لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە موداخەلە کراوەو شەڕەکە ڕائەگیرێت، فیعلەن ئەم نیو سەعاتە بوو بەهیوایەک بۆ ئێمە توانیان لەماوەی نیوسەعات کە باسی کرد ئەنوەری حاجی عوسمان شەڕەکە ڕاگیرا، کە شەڕەکە ڕاگیرا ئێمە ئەو جارە بۆ جارێکی تر کەوتینەوە خۆو هێزەکانمان دوبارە ئامادە پێکردو توانیمان هەموو هێزەکانمان ئاڵوگۆڕ پێ بکەین کە زۆر ماندبوونو بریندارمان هەبوو سەری بریندارەکانمان داو چوین بۆ تەعزێکانیش ئەمجا جارێکی تر لەلایەنوەزارەتی پێشمەرگەوە خیتابیان بۆ ناردین لەدوای ئەم خیتابە خۆشمان لەلایەن یەکێتیەوە کە ئێمە لیوایەکمان هەبوو بەڵام لەلایەن یەکێتییەوە هاوکارییەکی باش کراین هەم بەهێزی ئیعتیادی خۆی هەم بەئەو ئیمکانیتە ئیعتیادەی کە لەدەستی خۆیدا هەبوو توانیمان بەهاوکاری ئەوان زیاتر خۆمان ڕابگرین بەتایبەتی لەشەوانی پێ ویست کە هێزی ئیعتیادی لەبەردەستا بوو ئەینارد بۆمان، ئەو هێزەی دژە تیرۆر لەکەکوک دانرا بوو ئەویش بەڕاستی بەفریای هێزەکانمان گەیشت، جاری دووەم لە٢٦ لەسەر ٢٧ ی مانگ لەهەمان ساڵ مانگی ١١ سەعات ١ ی شەو لەسەنگەرەکانی خۆم بووم بەڵام هەر لەئێوارەوە خەبەری ئەوەمان هەبوو کە داعش

حەرەکەیەکی ناتەبیعی هەیە لەسنورەکە گوایە هێزێکی زۆر کۆکراوەتەوە ئەو هێزە بڕیاری پەلاماریان داوە بۆ تەللوەرد، ئەوان لەلایەن داعشەوە ئەم گردی تەلوەردیان ناویان لێ گۆڕی بوو کردبویان بەتەللمورتەدین لەبەر ئەوەی ئەم شوێنە شوێنێکی زۆر ستراتیژی بوو وەداعش زۆر پێی عاجز بوو وەخەڵکێکی زۆر باشمان لێکوشتن بەتایبەتی عەبدوڵا حجێشی کە یەکێک لەئەمیرەکانیان بوو وە٧ کەس بوون لەجەبهەکە کوژرا بوون ناوی گردەکەیان گۆڕی بەتەللمورتەدین، ئەم جارە کە هەر لەئێوارەوە خەبەرمان هەبوو کە هێرشەکانیان دەست پێ ئەکەن وەخەبەری ئەوەمان هەبوو کە هێزێکی زۆر کۆکراوەتەوە بۆ سەعات ٦ ی ئێوارە ئاگاداری میحوەرووەزارەتی پێشمەرگەو ئاگادری هەموویانم کردەوە کە هەم شەوێکی زۆر تاریک ئەبێو ڕەوشێکی زۆر تەمو مژاویەو هەم هێزێکی داعشی گەورەش هاتووە بۆ نزیک جەبهەکەی ئێمە بۆیە پێ ویستە ئەگەر لەگەڵ هاوپەیمانان قسە بکەم هاوپەیمانان بێنە دەنگ وەیەکێک لەتەیارەکانیان هەڵبستێت بۆ ئەوەی لەسەر دورلکارەباو گوندی مڕەو گوندی سەید خەلەفو ئەوانە هێزیان لەوێ کۆکردۆتەوەو پێ ویستە تەیارە هەستێو لێیان بدات یان ئە وەتا بەتۆپخانەکانی خۆمان بڵێم ئەم شوێنانەی ئێمە دەزانین هێزی لێیەوەخەبەریان داوینەتێ ئەمان هێزی خۆیان ئەو هێزەی کە بۆیان کۆکراوەتەوە تۆپیان بدرێتێ، ئەوەبوو ئەوان زۆر متمانەیان بەو قسەیەی من نەبوو گوێیان بەمەوزووعەکە نەدا جارێکی تر سەعات ٩ ی شەو کەمال کەرکوکیم ئاگادارکردەوە لەلایەن هێزەکانەوە قسە لەگەڵ کەمال کەرکوکی کرابوو خۆشم قسەم لەگەڵ کرد وتم کاک کەمال گیان لێمان ئەدرێت ئەمشەو کە لێشمان ئەدرێت شە وەکە تاریکە تەمومژێکە ئەوپەڕی تا ٥ مەتر پێشی خۆت ببینی

ئەگەر تۆ نەتوانی شتێکمان بۆ بکەی بەڕاستی کارێکی خراپە، گوتی کاک سەید خوا ئاگادارتان بێت وەباوەڕم نیە کە بتوانم هیچتان بۆ بکرێت، ئەوەوایکرد منی زۆر عاجز کرد منیش هەستام خۆمو ئەو هێزەی کە لەگەڵمابوو شەهید محەمەد ئەمینو کاک ڕزگارو ئەو برادەرانەی کە لەلام بوون هەموویانم ئاگادار کردوو وتم هەستن برادەران بابڕۆینە ناو سەنگەرەکانمان بۆیە توانیمان ئاگامان لەڕەوشی هێزەکەمان بێت، ئەو عیتادەی کە پێم بوو خستمە ناو ماشێنیەکو وە٤ ماشێنو ٤ دۆشکەو ئەمانەم دابەزاند لەشوێنەکان وتەوزیعم کرد لەو شوێنانەش لەوبەری ئاویش سێ هەمەرم لەوێ داناو لەگەڵ ٢ دۆشکەی تریش، وەکاک پشتیوانیشم ئاگادارکردەوەو وتم کاکە ئەمشەو زۆر تاریکەو هیچ شتێک نابینرێتو دەنگی ئالیاتی بەقواتیان دێتو بەتەئکید لێمان دەدەن وتم پێ ویستە بەڕاستی ئێوەش ئامادەبن گوتیان باش، سەعات بوو بە١١ ی شەو جارێکی تر تەئکیدم کردەوە لەکاک کەمال کەرکوکیو وتم کاک کەمال بەڕاستی ئەمە شتێکە گاڵتە نیە ئەمە شەڕە پێ ویستە بەڕاستی جارێکی تر بەهێزی هاوپەیمانان بڵێیت هەرچۆنێک بێت لەدەوری دورلکارەبا چەند ساروخێکی لێبدرێ ئەگەر چەند ساروخێکیان لێبدرێت بەدڵنیایەوە هێرشەکە هەڵئەوەشێتەوە گوتی کاک سەید هیچ خەبەرێک نیە کە ئەمشەو هێرش بکرێت وتم کاک کەمال گیان تۆ خەبەرت هەبێ یان من کێشەم نیە من ئەزانم کە ئەمشەو لێمان ئەدرێت، ئیتر لەگەڵوەستا ڕەسوڵ قسەم کردەوە گوتی ئەوە پەیوەندی بەمنەوە نیە پەیوەندی بەکەمال کەرکوکیەوە هەیە خۆی میحوەری خۆیەتی با خۆی مشوری خۆی بخوات، من ئەگەر وەکووەستا ڕەسوڵ بەفریات کەوم ئەگەر نا هیچ عیلاقەیەکم نیە، منیش وتموەستا عەیبە ئێمە چەند ساڵە ڕەفیقی یەکین تۆ حەق نیە ئەو قسە بکەیت ئەمە شەڕ

نیە لەسەر منالّی سێ ساڵە ئەمە شەڕە لەسەر کەرکوک کەرکوکیش بەتەنها موڵکی باوکم نیە موڵکی هەموو کوردە بەتایبەت ئێوەی کەرکوکیەکان لەهەموو کەس زیاتر پێی نیگەران ئەبن ئێوە ماڵو حاڵتان لەکەرکوکە مەسالّحو ژیانتان لەوێیەو خۆتان مەسئولن لەو سنورەدا عەیبە تۆ ئەو قسە ئەکەیت ئەڵێیت ئەوە عایدی کەمال کەرکوکیەو عایدی ئێمە نیە ئەوە بوو وەستا ڕەسوڵ بەنیگەرانیەوە تەلەفونەکەی داخستو تەلەفونەکەم جارێکی تر کردەوە بۆ کاک پشتیوان وتم کاک پشتیوان ئەبێ ئەم شەو هاوکارمان بنو ئاگاتان لێمان بێت هێزەکانی خۆشم ئەوانەی کە هێزی ئەسنا بوون هەموویم دابەش کردنو سێ هاوەنی ۱۲۰ م داناو وەدوو هاوەنی ٦۰ م دانابوو لەگەڵ ۹ دۆشکە هەموو دۆشکەکان حازربوونو عەدەتی خۆیان لەسەر بوون بۆ ئەوەی لەکاتی خۆیدا بێنە دەست، شە وەکە تاریکیەکەی لەحەدا نەبوو بەلاّم هیچ چارەیەکمان نەبوو ئەبوو خۆمان بمانتوانیایە دیفاع لەخۆمان بکەین، ئەوەبوو سەعات ۱:۱۰ دەقیقە شەڕەکە دەستی پێکرد، کە شەڕ دەستی پێکرد ئالیاتی داعش ۱۳ هەمەر بوو هێرشیان کرد ئێمە توانیمان لەمەرحەلەی سەعاتی یەکەم چەند هەمەرێکیان لێ تێکبشکێنین بەپێی ئەوەی کە ڕۆژەکەی بەجێ مابوون لەم ۱۳ هەمەرەی داعش ئێمە ۷ هەمەڕمان تێکشکاند ئەم ۷ هەمەڕانە کە هەموویان دۆشکەیان لەسەر بوو وەهێزی تۆکمەیان لەناوا بوو بەتایبەتی ماشێنیەکی بازەریان هەبوو بازەرەکە هێزێکی ۱۰ کەسی تیا بوو تەقەیان ئەکرد لەشوێنی ئەو مەفرەزانەی کە لەناو ماشێنکەدا هەیە تاکوو سەعات ٤ی بەیانی لایەکی تەلوەرد کە کێشەیەکی گەورەمان بو کە ئەو شوێنە نەگیرێت بەلاّم یەکێک لەئامر سریەکەمان ئەو شوێنەی پشتی جەبهەکەی من پشتی خۆم بوو کەمن لەناو سەنگەرەکانی پشت ئەوێدا بووم داعش

توانی دەستی بەسەردا بگرێت بەقوەتی هەمەرەکانو ٤ خۆکوژ کە هاتن خۆیان بەسەنگەرەکانا ئەتەقاندەوە توانیان لای خوارەوەی جەبهەکە لەمن بگرن کە ئەمەیان کرد جارێکی تر ئاگاداری برادەرانم کردەوە وتموەزعم زۆر خراپە نەتوانن‌و فریام نەکەون بەڕاستی هاوکارم نەبن لەوانەیە شوێنەکە لەدەست بدەین شەهید شێرکۆ گوتی سەید گیان‌وەزعت چۆنە وتموەڵا شێرکۆ گیان من‌وەزعم زۆر خراپە تکاتان لێ ئەکەم بەبرادەران بڵێ مشورێکی لای من بخۆن لەبەر ئەوەی بریندارو شەهیدم هەیەووەخۆشم زۆر هیلاک بووم‌ووەعیتادشم زۆر کەمە پێموایە بەتایبەتی گوللە ئارپیچیم زۆر کەم پێماوە لەبەر ئەوەی ٢٠ هەمەر زیاتر ئەبو کە هێرش ئەکا زائیدەن چەند شۆفلێکی درعیان هێناوە بۆ ئەوەی کە هێواش هێواش بێنە پێش‌و بتوانن ئەو شوێنانە بکەنەوە کە هەمەرەکانی پێدا دەربازبن شۆفلەکانیش درع بون فیشەک نەیئەبڕین دیاریش نەبو کە گوللەئارپیجی تێ ئەگرین‌و دیار نەبو کە ئارپیجیەکە بەر کوێ ئەکەوێ، دوای سەعات ٤ ی بەیانی لەبەرئەوەی لایەکی جەبهەکەم گیرا بڕیارمدا شوێنەکە سەحب بکەمەوە بۆ ئەو بەری ئا وەکە بۆ ئەوەی داعش نەپەڕێتەوە لەئا وەکەو هەڕەشە نەکەوێتە سەر کەرکوک کە گەڕامەوە بۆ ئەوبەری ئاو توانیم ئەوبەر قایم بکەم وەئەو هێزەی کە هەمبوو لەوێ تەوزیعی بکەین سەعات بوو بە٦ی بەیانی کەمێک دنیا ڕوناک بوەوە ئەمجا سێ هەمەڕی خۆکژ جارێکی تر هاتن بۆ سەنگەرەکانمان کەمن لەسەر جیسەرەکە ئامر فەوجەکان‌و جێگر فەوجەکان‌و ئامر سریەکان خۆیان لەگەڵم بوون کە نزیکی سەد مەتر مابوو بگاتە سەر ئێمە بەسێ ئارپیجی تەقەمان لێکرد هەمەڕی یەکەممان تەقاندەوە کێشەیەکی دروست کرد لەناو جسرەکەدا چونکە جسرەکە دولای بەکار هاتبون بۆ گواستنەوەی غازوو نەوت هەمەری

دووەم کە هات هێرشی کردە سەرمان ئەم هەمەڕە زۆر بەتەرکیزی ئەهاتو بەشێوەیەک دەهات کە تەسەورت نەکرد ئەوە هەمەرە، گەیشتە هەمان شوێن جارێکی تر ئەویش ٦ ئارپییجیمان لێداو ٤ یان بەرکەوتو ئەویشمان تەقاندەوە، یەکێک لەعەدەد دۆشکەکان کاک ئاسۆ شەهید بوو ئەویش بەڕاستی ناو جادەی جسرەکەی گرتبوو هەم تەقەی لەهەمەرەکە کردوو هەم دوای خۆشی شەهید بوو لەگەڵ ئارپییجیەکانی ئێمە بەداخەوە شەهید بوو، هەمەری سێهەم کە هات جارێکی تر هێرشی کردە سەرمان لەهەمان شوێن ئێمە فریا نەکەوتین بیتەقێنینەوە ئەو بۆریە نەوتانەی کەنەوتو غازیان پیا دەهات تەقینەوە کەتەقینەوە هەمەڕەکەش تەقییەوە ئاگرێکی ئێجگار گەورە دروست بوو کە لەتەلەفزیۆنی گەلی کوردستان جاربەجار نیشانی ئەدا، ئەم ئاگرە بەبەرزی زیاتر لە٢٠٠ م بەرزبوەوە وەقودرەتی ئەم ئاگرە لە٢٠٠ م هەرچی هەبوایە ئەیسوتاند، من لەگەڵ ٦٠ پێشمەرگەوەزائیدەن جێگرەکەمو سێ لەئامر فەجەکانو ئامر سریەکانو لەپێشمەرگەکان ٦٠ کەس سوتان کە سوتان من لەوکاتەدا سێ پارچەم بەرکەوت کە بریندار بوم لەوکاتەدا بەڵام لەووەختەیا من سەنگەرەکانم جێ نەهێشت یەکسەر گەڕامەوە سەر سەنگەرەکانو فەرماندەی فەوجی دوو کە شەهید بوو لەئێوارەیا بەناوی عەلی ئاغا وەمەسئولی پاسەوانەکانیشم شەهید بوو بەناوی شەهید حەمە عەلی بەداخەوە شەهید بەهرۆزو شەهید بەکریش هەر شەهید بوون هەر لەهەمان بەرە بەیانیدا ئەوکاتەوەزعم زۆر خراپ بوو لەبەر ئەوەی هەم سەرم زۆر سوتا بوو گوێکانم سوتا بوو پشتەملم سوتابوو وەپاسەوانەکانم نزیکەی ١٣ کەسیان سوتابوون برادەران ئەوەی کەشەڕکەر بوونو مەسئولی هێزەکە بوون زۆربەیان سوتابوون بەڵام لەهەمان کاتدا دووبارە پێداچونەوەی سەنگەرەکانمان

کردەوەو سەنگەرەکانی خۆمان جێنەهێشت تاکو بوو بەئێوارە، ئێوارە هێزەکانی دژە تیرۆر شێخ لاهور پەیوەندی پێوە کردم گوتی سەید گیان گوتی تۆوەزعت باشە وتم باشم شێخ بەس‌وەزعەکە ئاوایە گوتی ئەوا براکەمم نارد بۆلاتان بۆ ئەوەی هاوکارت بێت‌و بتوانن سەنگەرەکان‌وەربگرنەوە، شێخ لاهور کەتەلەفونی کرد خەبەری وەرگرتبوو کە سەید سالح محاسەرە بوەو شەهید بووە شێخ لاهور زۆر تەنگاوبو لەمەوزوعەکە بەشێوەیەک لەشێ وەکان تەلەفونی کرد کە زۆر موتەئسیر بووم بۆی کە بەوشێوەیە خەمی منی بوو فیعلەن هێزێکی باشی نارد لەگەڵ براکەی‌و بەهاوکاری کاک شێرکۆووەستا ڕەسوڵ‌و هێزەکانی پشتیوانی‌و لیواکەی خۆم توانیمان لەدوولاوە پەلاماری ئەو شوێنانە بدەین کە داعش هاتبوە ناوی توانیمان لەماوەی چەند سەعاتێکدا شوێنەکان‌وەربگرینەوەو بچینەوە ناو سەنگەرەکانی خۆمانەوە، لەوکاتەدا من ئەو شەوە نانمان دا بەسەنگەرەکان‌و مۆڵەتێکماندان بۆ ماوەی ٢٠ ڕۆژ بۆ ئەوەی تەنزیم بکەینەوەو هەم سەردانی بریندارەکان بکەین هەم خۆشمان‌وەزعمان زۆر باش نەبوو بۆ ئەوەی کەمێک بیینەوە سەر خۆمان، لەووەختەی کە منیان لەوێ بەدل کرد ٧ هێزیان هێنابوە ئەو شوێنانە، ئەو هێزانە هێزی ژینگە بوو هێزی کاک کۆسرەت بوو هێزێکی لیوای ١١ بوو هێزێکی لیوای دوو بوو مام سیامەند بوو چەند هێزێکی موتەفەریقەش هەبوو لەلایەن کاک‌وەستا ڕەسوڵ‌و برادەرانی تر ئەوانیش هەر بەهێزەکانی خۆیان کە لەبەردەستیان بوو هێنابوویان بۆ ئەوێ، لەدوای ٢٠ شەو من جارێکی تر چووم شوێنەکانم وەرگرتەوە هەمان ئەو سەنگەرانە کە ئەو کاتە بەڕاستی هەستم بەغەدرێکی زۆر گەورە ئەکرد لەبەر ئەوەی دیار بوو بەرنامەیەک هەبوو لەووەختەیا بۆ شکانی من بۆ ئەوەی هەم شوێنەکە

بگیرێت هەم منیش بشکێم بۆیە برادەران بەڕاستی هیچ هاوکار نەبوون لەئیشەکەی ئێمەداو لەو سەنگەرانەی کە ئێمە لەوێ بوین، لەو ماوەی کە مامەوە ١١/٢٦ ئێوارەکەی شوێنەکان گیرانەوە ٢٨ لەسەر ٢٩ سەعات ١:٤٠ دەقیقە نێوان مانگی ١١و مانگی ١ بیست شەوی لێ مۆڵەت بووم ئیتر کە گەڕاینەوە بۆ سەنگەرەکانمان جارێکی تر هەڕەشەیەکی بەقوەت تر هەبوو ئەمجارەیان بۆ کۆمەڵێک شوێنی تر ئەو خەبەرەی کە هەمان بوو ئەم جارە هێرش ئەکرێت لەسنوری لیوای ١ لیوای ٦ لەگەڵ سنوری لیوای ١١ لەگەڵ لیوای ٢، بەڵام دیار بوو لەبەرنامەیەدا کە داعش هەیبوو ئەو ڕۆژەی کە هێرش کرا تەنهاوەستا ڕەسوڵ خەبەرێکی سەحیحی هەبوو لەو مەوزوعە ئەو کاک ئاسۆش خەبەری هەبوو بەڵام نەمیحوەرەکەی ئێمە نەوەزارەتی پێشمەرگە هیچیان خەبەریان نەبوو کە ئەم هێرشە ئەکرێت وەئێمە خەبەرێکمان هەبوو کۆمەڵێک خەڵکمان هەبوو لەسنوری داعش کە هاوکارمان بوون‌و ئێمەش لەڕوی مادیەوە هاوکاریمان ئەکردن بۆ ئەوەی بتوانن لەکاتی پێ ویستدا خەبەرمان بدەنێ، بەڵام ئەو ڕۆژە بەپێی پێ ویست خەبەریان پێنەدام، پێ ئەچێ ئەوانیش ئاگایان لێنەبووبێ چوونکە بەشێوەیەکی زۆر نهێنی بەرنامەیان دانابوو، ئەو ئالیاتەی کە پێ ویست بوو هێرشی پێ بکەن لەناو حەقلی دەواجینەکاندا شارابوونەوە، من خەبەرم هەبوو وەبەچاویش جاربەجار شەوقی لەحیمان ئەبینی لەناو دەواجینەکان چەند جارێک بەبروسکەو ئەوانە ئاگاداری هەموو لایەکم کردەوە بەڵام هیچ گوێیان نەگرت، لەم شەڕەدا لەکۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ مەسعود بارزانی باسی شەڕەکان‌و باسی سەرکەوتنەکانمان کردو باسی شەهیدەکانمان کرد بەڕاستی زۆر ناخۆش بوو کە ٧ شەهیدم دابوو یەکێک لەوانە فەرماندەی فەوج بوو، دوای ئەوەی کە قسەکانی

من تەواو بوو مەسعود بارزانی خۆی دەستخۆشی لێکردم لەو شەڕەدا گوتی بەڕاستی ئێوە شەڕێکی گەورەتان کردووە کە لەم شەڕەدا توانیوتانە ٤٦٠ کەس بکوژن، وەئاگاداریشم کە لەگوندی مرِە ٧٠ بریندارى لێیە کە هەموویان لەوێ عیلاج دەکرێنووەخۆشیان ٤٠ کەسیان ڕەمی کردووە کە لەشەڕەکەدا وەک پێ ویست نەبوونو گەڕاونەتەوە، دوای ئەم مەوزوعە کتابێکم لەلایەن مەسعود بارزانیەوە بەدەست گەیشت کە بڕیاری لیژنەیەکی تەحقیق دەرچوو بوو لەسەرمن منیش زۆر بەلامەوە سەیر بوو کە ئەڵێ سەید ساڵح لەوتەکانی خۆیدا ئەڵێ هیچ ئەسیرێکم نیەو بەڵام دەرکەوت بەپێی ڕاگەیاندنەکانی ڕوداو ٥ ئەسیری هەیە، منیش ئاگاداری هەموو لایەکم کردەوە وتم کاکە من هیچ ئەسیرێکم نیە تەنها ٢ شەهیدم هەیە مردوونو بەبریندارى بەجێ نەماون هەردوو شەهیدەکەشم جەنازەکانیان دیار نیە بەڵام وەکو ئەسیر هیچ ئەسیرێکم نیە لای داعش، لیژنەیەکی ئەمنی سەرۆکایەتی هەرێمیان نارد کە خۆم چووم لەلیژنەکە دانیشتم باسی شەڕەکەم بۆ کردن هەر یەکێک لەوانەی کەهاتبوون بۆ تەحقیق خەڵکێکی بەویژدانووەخەڵکی پسپۆریش بوون یەکێکیان ئەوەنە موتەئسیر بوو کە هەستم کرد ئاو لەچاوی هاتە خوارێ، لەدوای ئەوەی کە بەرائەتی شەڕەکە لای من دەرچوو وەپێشم وت کە کاک مەسعود خۆی دەست خۆشی لێکردووم ئەو ئێستا چۆن کتابی لەسەر من کردوە بەس ئەوەنە ڕونکەنەوە ئەگەر کاک مەسعود لەسەر قسەی خۆی بێتو بڵێت ٥ ئەسیری هەیە من ئەچمە مەحکەمەو بەڕاستی سکاڵای لەسەر تۆمار ئەکەم، دوایی لەلایەن فەریق شیروانەوە قسەم لەگەڵ کراو گوتیان کاک مەسعود بەهەڵە تێگەیەندراوە هیچ شتێک لەئارادا نیە، شەڕی دووەم ٢٨ی مانگ بوو کە هێرشێکی مودەڕەبو زەخم بوو، من لەماڵی خۆم

دانیشتبووم سەعات ٩ ی شەو بوو لەلایەن ئەفەسەرەکانی خۆمەوە تەلەفونیان بۆ کردم گوتیان گەورەم ئەم گوندەی ئێمە لەناویاین باردەکەن‌و جێی دەهێڵن ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە بەڕاستی داعش هێرش ئەکات وتم زۆر باشە، ئێ چیبکەم بگەڕێمەوە گوتیان بەڵێ وتم باشە بەسەرچاوو، دواتر تەلەفوونم بۆ کەمال کەرکوکی کرد وتم کاک کەمال ئەڵێن شتێکی‌واهەیە گوتی ناهیچ شتێکی‌وانیە ئەگەر شتێکی‌وا هەبوو تەلەفونت بۆ ئەکەین وتم واتا نەگەڕێمەوە گوتی ناوتم کاک کەمال هەر شتێک بێت من لێی بەرپرسیار نیم گوتی نا مەگەڕێرەوە من خۆم مەسئولیەت هەڵەگرم وتم باش، دوای بوو بەسەعات ١١وەستا ڕەسوڵ تەلەفونی کرد گوتی سەید گیان لەکوێی وتم‌وەڵا لەماڵەوەم گوتی سەید بگەڕێرەوە ئەم شەو سەد لەسەد لێتان ئەدرێت وتم بەس لەئێمە ئەدرێت؟. گوتی ئەو خەبەرەی کە هەمانە لەئێوە ئەدرێت وتم باشە، گەڕامەوەو برادەرانم ئاگادار کردەوە لەلایەن جێگرەکەمەوە تەلەفونم بۆ کراو گوتی کاک سەید ئەم شەو لێمان ئەدرێت‌و هێزەکانم دابەش کردوە ئەگەر نەشگەڕایتەوە خەمت نەبێت ئەوەی پێمان کرا ئەیکەین‌و نازانین شەڕەکە چۆن دەبێت، لەڕێگا تەلەفونم بۆ شێرکۆی ڕەحمەتی کرد گوتی بەخوا شتێکی‌وانیە ئەگەر نەشگەڕێیتەوە ئیعتیادیە وتم شێرکۆ گیان هەرچۆنێک بێت تازە لەڕێگایمە، بەلام شەوێکی تاریک‌و تەم‌و مژاوی بوو هەمان شەو وەکو شەڕەکانی تر زۆر شەوێکی ناخۆش بوو هەر لەچوارقورنە دەرچوم هەمان شەو گەیشتمە ئەو شوێنەی کە تەمومژی لێ بوو کە گەیشتمە کەرکوک‌و دارەبان تەبیعی شەڕەکە دەستی پێکرد، تەقە لەهەموو لایەکەوە دەستی پێکرد تەلەفۆنم بۆ شێرکۆ کرد گوتی لای ئێمەش دەستی پێکرد تەلەفۆنم بۆ لیوای ١١ کرد گوتی لای ئێمەش دەستی پێکرد تەقریبەن پێش ئەوەی

داغڵ بم بەدارەبان گەیشتنەوە سەنگەرەکانم زۆر زەحمەت بوو جادە دیار نەبو بەهیچ شێوەیەک شەوێکی زۆر سەخت بوو، بەڵام ئاسۆ ئەڵمانی ئەهمیەتێکی باشی بەئیشەکە دابوو توانیبوی هەموو هێزی ئاسایش‌و هێزی شوڕتەو هێزی خۆبەخش‌و ئەو خەڵکانەی کە تێکۆشەری دێرینی یەکێتینە تەوزیعی ناو جادەکانیان کرد بوو خەبەرەکەوابوو کەسەنگەری یەکەمیان گرت سەنگەری دووەم ئیدی خۆیان لەناو کەرکوک تەقینەوە دروست بکەن‌و شەڕ دروست بکەن، ئەمەیان کردبوو زۆر باش بوو لەناو کەرکوک تەقەش کرا بەڵام سەیتەرەی باشیانکرد من کە گەیشتمەوە سەنگەرەکان سەعات ٢:١٠ بوو شەڕەکە نزیکەی ٢٠ دەقە بوو زۆر بەقورسی دەستی پێکردبوو دوو هەمەری خۆکوژ هاتبو خۆی تەقاندبوەوە وەلە٢٠ دەقەی یەکەم توانیان سەنگەرەکانی لیوای ١١ بگرن، سنوری لیوای ١١ دوو جسری بەدەستەوە بوو جسری فەتحە جسری مەلا عەبدوڵا هەردوو جسرەکە بگرن، کە ئەودوو جسرەیان گرت داعش لەلیوای ١١ پەڕیەوە لەناو سەنگەرەکانیان زیاتر لە٩٠ ماشێنیان بەجێمابوو لەژێر فەوجەکانی بندەستی داعش وەلەهەمان ٢٠ دەقەی یەکەم کەشێرکۆ گەیشتەوە سەنگەرو دەوری مریەم بەگ شێرکۆش لەوێ شەهید بوو، کەداعش پەڕیبۆوە ئەوبەر نەیزانیبوو وەلەهەمان کاتدا توانیان سەنگەرەکانی لیوای ١ یش بگرن بۆ سەعات ٢:٣٠ سەنگەرەکانی لیوای ١ هەموی گیران، سەنگەرەکانی ئێمە بەڕاستی ئێمە هەم لەبەر ئەوەی پێشتر شەڕێکی قورسمان لەگەڵ داعش کردبوو وەهەم شەهیدیشمان لەسەر ئەو شوێنە دابوو بریندارێکی زۆرمان دابوو بڕیاری ئەوەمان دابوو کەسەنگەرەکانمان جێ نەهێڵین، بەڵام دوای سەعات ٤ ی بەیانی هەستمانکرد کە هێزی داعش گەیشتۆتە مەعمەل غاز وەمەقەڕی لیوای

١١ بەکاملی کۆنترۆڵ کرا لەلایەن داعشەوە ئەو ئالیاتەی کەدرع بوون ٤ دۆشکەی لەسەر بوو لەبندۆزەرەکان کە تەخیمن کرابوو ٣ دۆشکە یان ٤ دۆشکەیان لەسەر دانابوو لەگەڵ چەند بیکەیسەک ئێمە گەیشتبوینە ناوسەنگەرەکانو هیچ ئارپیچیەکو شتێک تەئسیری بۆ ئەو ئالیاتە نەبوو سەعات بوو بە٦:٢٠ دەقە پشتی هێزەی من گیرا، ئێمە لەسەنگەرەکانی پێشەوە بوین داعش خەریک بوو لەپشتەوە بسوڕێتەوە پشتی مەقەر لیوایەکەی ئێمە نەک سەنگەرەکانی ئێمە لیوایەکەمان بەکاملی بکەوێتە دەستی داعش لەوکاتەدا کە هێزەکەمان بەڕاستی کەئەمەی دی شڵەژانێکی گەورە دروست بوو وەچەند هەمەرێکی کاک ئاسۆو ئەوانیش هاتبوو ئەو شەوە ئەوانیش بەپڕاتاو دەرچون یەکێکیان هەر بەجێما لەهەمەرەکان توانیمان تاسەعات ٦:٢٠ دەقە ئەوجارە شەڕ بکەین شەڕێکی زۆر قورس کە بەڕاستی شەڕەکە هی ئەوەنەبو کە کەسمان دەربچین بەڵام بەشێوەیەکی خۆکوژی توانیمان ئەو ڕێگایەی پشتمان بکەینەوە لەلیوای ١١و لەلیوای ١ پێکهاتبون دەورەیان دابوین ئەمجا هەرچۆنێک بێت هێزەکانمان دەرباز کرد چەند ئالیاتێکم بەجێما، بەڵام توانیشمان بەشی زۆری ئالیاتو هێزەکەشمان دەرباز بکەین بەچەند شەهیدێکەوە کەسەعات بوو بە٩ی بەیانی هەم تەیارەی هاوپەیمانان لەسەنگەرەکانی داعشیان دا ئەو جێگایانەی کەداعش گرتبونی وەئێمەش هێرشێکان کرد لەگەڵ چەند کەسێکی لیوای کاک کۆسرەت کەکاک ئەیوبی لەگەڵ بوو لەو هێزەش ٣ کەسیان لێ شەهید بوو بەداخەوە توانیمان بۆ سەعات ٩:٢٠ دەقە هەموو سەنگەرەکانی خۆمان لەدەست داعش ڕزگاربکەینەوە وەلیوای میحوەری ٣ لەلایەکەوەو دژەتیرۆر هاتن ئەوانیش هاتن بۆسەر لیوای ١و توانیان سنوری لیوای ١ بگرنەوە مایەوە سنوری لیوای ١١، سنوری لیوای ١١

شەهید حسێن مەنسورو کاک مەحمود سەنگاوی‌و هەمو ئەو برادەرانەی کەهێزیان بەدەست بوە بەهەموو لایەکمان توانیمان هاوکاری لیوای ١١ بکەین، هەرچەندە خۆیان بەڕاستی کاک نەهرۆ خۆی پیاوێکی ئازابوو لەشەڕەکەدا مایەوە چەند ڕۆژی دوایی گەیشتەوە شەڕەکە خۆی ئیجازە بوو بەڵام هێزەکانی ٧٠ توانیان لەهەموو لایەکەوە بێن هاوکاری ئێمە بکەن لەسەنگەرەکان‌ووەهێزەکانی هاوپەیمانان لەسەعات ٢ی شەوەوە تاسەعات ٤ ی ئێوارە لەسەنگەرەکانی داعشی دا وەتوانیان ئەو سەنگەرانەی کەداعش گرتویەتی لەلیوای ١١ ئەویش لەسەعات ٧ ی ئێوارە کۆتایی پێ بێت بەخوێنی کۆمەڵێک شەهیدو حسێن مەنسوریش، لەدوای ئەم شەڕانە کەکۆتای هات تەماشا ئەکەم کیتابێکی تریان لەسەر من کردۆتەوە لەلایەن مەسعود بارزانیەوە ئەم کتابە ئەڵێت هۆی شکانی هێزی پێشمەرگە لەکەرکوک سەبەبی ڕەیسی خودی فەرماندەی لیوای ٦ی پیادەیە جارێکی تر لیژنەیەکی تریان دروست کردمەوە، منیش زۆر بەلامەوە سەیر بوو جارێکی تر ئاگادارم کردنەوە باشە ئەوە عەیب نیە ئێوە ئەیکەن واتا دژایەتی کردن لەگەڵ ئامر لیوایەک‌و سەرۆکی هەرێم ئەمە تاچ ڕادەیەک جێگای متمانەو باوەڕە ئەوە کتابەکەش مەوجودە نوسخەیەکی کتابەکەش ئەگەر حەزت لێی بوو ئەتوانی بیخەیتە ناو پڕۆفیلەکەم‌و بیخەیتە ناو کتێبەکەت بۆ ئەوەی وەکو کتاب بۆ مێژوو ئەم بەڵگەیەش لەسەر ئەم پیاوەش بمێنێتەوە دوای ئەوەی کەجارێکی تریش لیژنەیەکی تەحقیقیان دروست کردەوە لەلایەن‌وەزارەتی پێشمەرگەوە زیاتر لە٤٠ ئەفسەریان بانگ کرد خۆیان تەحقیقێکی‌وردیان کرد بەس نوقتەیەکی زوعف ببیننەوە، بەڵام من خۆم ئەتوانم‌وەعد بەخۆم بدەم بەهەموو هاوڕێکانم‌و خەڵکەکەم بدەم کەمن تائێستا

لەهەمووو ژیانی پێشمەرگایەتیمدا بیرم لەشکان نەبوە بیرم لەهەڵهاتن نەبوە تەنها بیرم لای سەرکەوتن بوە وەئیسپاتیشم کردوە بۆ یەکێتیو بۆ خەڵکیش کەوا لەشەڕەکاندا کەدەوری من چەند بوەووەخەڵکی تر چەند دەوری هەبووە، ئەم شەڕەی کەئاخیر جارکرا بەڕاستی شەڕێک بوو کەخۆم چەند جارێک لەمەرگ ڕزگارم بوو ۳ هەمەر کەخۆیان پیا تەقاندمەوە هەرسێ هەمەرەکان نزیکترین کەس من بوم وەدوو خۆکوژ کەهاتن خۆیان بەسەنگەرەکاندا تەقاندەوە نزیکترین شوێن ئەو شوێنە بوو کەمنی لێ بوومووەشەڕی ڕومانە کەچەند جارێک ڕومانەیان خستۆتە ناو سەنگەرەکان کەمن خۆمی تیادا بووم وەئەو کەسانەی کەشەهید بون هەمویان زۆر لەمن نزیک بون کەشەهید بون، بەڵام ئیدی خوا ئەودەرفەتەی داوە کەمن ئێستا لەژیاندا بمێنمەوە ئەمجا لەم سنورەوە گوازراینەوە بۆ میحوەری ۳ لای کاک عەبدوڵا بۆر لەوێشەوە شەڕێکی تەحزوم نەکرابوو تائێستا لەم میحوەرەی بۆ میحوەری ۳ بەڵام کەئێمە چوین جارێکی تر داعش قورسی کردەوە سەرمان لەسەعات ۱۰ی شەوەوە تا ٤ی بەیانی کەتوانیمان چەند ئەمیرێکیان لێ بکوژین وەناوی ئەمیرەکانیشم لایە بەس ئێستا لەخەیاڵم نەماوە ناوەکەیان چی بوو وەلەو شەڕەشدا ۲۷ داعشمان کوشت وە۳ ئەمیری ناوداریشمان لەداعش کوشت وەتوانیمان لەوعبوانەی کەهێنابویان عبوەکانیش دەست بەسەردا بگرین وەئێمەش بەچەند بریندارێک لەو شەڕەدا نەجاتمان بو بۆیە تائێستا من لەوشەڕانەدا کە شاهید حاڵمووەسوپاسی هەموو برا پێشمەرگەکانی لیوای ٦و ئەفسەرەکانو فەرماندەی فەوجەکان ئەکەمو هیوای چاک بونەوە بۆ بریندارەکانم ئەخوازم چونکە هێشتا هەمویان چاک نەبونە کەچەند کەسێکم بێ لاق بون چەند پێشمەرگەیەکمان شەهید بوە وەهیوای چاکبونەوەش بۆ

ئەوانە ئەخوازم وەسەری ڕێزو نەوازشیش بۆشەهیدەکانم دائەنەوێنمو هیوای سەرکەوتن بۆ کوردو بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەخوازم.

# حسێن ئیبراهیم شێخ

من (حسێن ئیبراهیم شێخ) ناسراوم بەحسێن بلۆک، جێگری لیوای ١١٦ی سۆران، لەسەرەتای شەڕی دووەمواتە لەکۆتایی شەڕی یەکەم لەمەلعەبەکەو دوز خورماتوو کە دەستی پێکرد من ئەو کاتە فەرماندەی فەوجی دووی لیواکە بووم، دەوری سەعات دوو کاک عەبدوڵا تەلەفونی بۆ کردم ئەو ڕۆژە من بەدل ئەبووم دەبوو فەوجی یەک بهاتایەو منی بەدل بکردایە من ئیجازە بووم بۆ ماڵەوە، کە کاک عەبدوڵا تەلەفونی بۆ کردم گوتی کاک حسێن فەوجی یەک دێت بەدلت ئەکاتو ئەبوو تۆ بڕۆشتیتایەتەوە بۆ ماڵەوە بەڵام ناکرێت بڕۆیتەوە ئەمشەو خۆتو هێزەکەت بمێنەرەوە چوونکە ئەمشەو گومانمان هەیە لەسەدا سەد هێرشان ئەکرێتەسەر خۆتو هێزەکەتوەرنە خڕوەلید لەوێ ئیسراحەت بکەن ئەگەر هێرش کرا ئەوە شەڕ ئەکەین ئەگەر نەشبوو ئەوا بەیانی ئەتوانی بگەڕێیتەوە، ئەوەبوو هێزەکە هاتو شوێنەکەی منی وەرگرتو لەدەوری سەعات ٤و ٥و ئەوانە هێزەکەم هێنایە خڕوەلیدو لەبینایەک جێگیرم کردو بۆ خۆیان ئیسراحەتیان کردوو چاوەڕێی ئەوەیان ئەکرد، ١١ ی شەو کاک عەبدوڵا تەلەفونی بۆکردم گوتی شەڕ دەستی پێ کرد لەمەلعەبەکەو من ڕۆیشتم تۆش بەخۆتو بەهێزەکەت حەرەکەت بکە، سواری ماشێنکان بوینو هەتا من هاتم کاک عەبدوڵا ڕۆیشت بەرەو ڕووی شەڕەکە بەڵام شەڕێکی زۆر قورس بوو لەبەر چەند سەبەبێک،

یەکێکیان ئەوەبوو یەکەم شەڕ بوو لەگەڵ داعش‌و شارەزای شەڕی داعش نەبوین، دووەمیان ئەوەبوو کە شەڕ دەستی پێکرد لەدووزخورماتو بەهەزاران عایلە بەماشێن کەوتنەڕێ بەرەوڕووی خڕوەلیدو کەرکوک‌و ئەوانە واتا لەهەردوو جادە هیچ مەجال نەبوو بڕۆین، بەناچاری بەعەکسی جادەکەوە ئەڕۆیشتین ئەوان لەشار ئەهاتنە دەرەوە ئێمە بەرەو شار ئەڕۆیشتین بەسەر خۆڵەکانا ئەڕۆیشتین، بۆ ئێمە زۆر قورس بوو کاتێک کە خەڵک لەشار بڕواتە دەر لەبەرئەوەی قەناعەتیان‌وا نەبوو کە سەرکەوتنی پێشمەرگە مسۆگەرە بەڵام کە داعشیش زۆر دڕندە خۆی ناساندبوو یەکەم شەڕیش بوو تەجروبەیان لەسەر پێشمەرگە نەبوو، ئەوەبوو ئێمە بەڕێکەوتین تا ڕێگەی مەلعەبەکەم گرت لەوێ لەسەیتەرەکە ڕەت بووین نزیکی مەعمەل غازەکە بوین لەبەر تەقە هیچمان مەجالمان نەبوو بەماشێن بڕۆین چەند فیشەکێکیش بەر ماشێنکە کەوت بەناچاری لەماشێنکان هاتینە خوارو ماشێنکانمان بەجێ هێشت ڕۆیشتین بەرەو مەلعەبەکە بەپێ دوو نەفەر دوو نەفەر ئەڕۆیشتین هەتا داخلی حەوشەی مەلعەبەکە بووین من لەپەنای حەوشەی مەلعەبەکە هێزەکەم کردە چوار بەش، بەشێکیان بەسەرپەرشتی جێگری فەوج کاک مەلا سەفین‌و بەشێکیشیان بەسەرپەرشتی عەبدوڵا شێخ‌وەسانی‌و بەشێکیشیان بەسەرپەرشتی شێخ تاهیر حەرەکاتی فەوج بوو بۆ خۆشم لەقۆڵێکی تر، چوونکە ئەو مەلەعەبە زۆر گەورە بوو چوار زاویەی لێبوو هەریەکەمان بۆ زاویەیەک چووین شەڕێکی زۆر قورسی لەسەر بوو، فەوجی یەک کاکە هەڵمەتە ڕەش‌و ئەوانی لێبوو وەدەستە چەپمان لیوای نەفت‌و کاک سەید حیکمەت لەوێ بوو بەڕاستی هەموو هێزەکە مەعنەویاتێکی باشیان هەبوو ئێمەش کە داخڵی شەڕ بووین بەماوەی ٢٥ دەقە لەخڕوەلیدەوە

داغڵی مەلعەبەکە بووین بۆ شەڕەکە، لەویَ شەڕ دەستی پیَ کرد تا ١١ی ڕۆژ بەردەوام بوو لەئەنجامی ئەو شەڕە نەیانتوانی پێپێشڕەوی بکەن لەو قۆڵەی ئێمە شەهیدێکو ١٧ بریندارمان هەبوو خۆشبەختانە سەرکەوتنێکی باش تۆمار کراو تاسەعات ١١ شەڕ کۆتایی هاتو من مامەوە هەتا ئێوارە، ئێوارە کاک عەبدوڵا ئەمری پێکردم کە من بەخۆمو هێزەکەمەوە بیێمەوە بۆ خڕوەلید هەموو برادەرەکانی لێبوو، بەڵام ئەوەم بیرچوو کاک عەبدوڵا لەوەختێکی باشا فریامان کەوت لەبەر ئەوەی تەقەمەنیمان پێنەمابوو شەڕەکە درێژەی کێشا لەبەرئەوە بەهەمەڕ تەقەمەنیو پێدا ویستیەکانی بۆ ناردینە ناو مەلعەبەکە ئەوە زۆر جێی دڵخۆشی بوو پێشمەرگەکانیش بەمەعنەویات شەڕێکی سەربەرزانەیان ئەکرد هەموویان جێگەی شانازی بوونوەخاڵێکی تریش، ئەوەبوو خەڵکی دووزخورماتوو بەتایبەت کوردەکان جێی دڵخۆشی بوون ئەو ڕۆژەی کە من بەرەو مەلعەب ئەچووم زۆر خەڵکمان ئەبینی لەجادەکان کە زۆر ئەترسان لەوە کە لەپشتەوە خۆیان بکەن بەناو شاراو لێمان بدەن بەڵام خەڵی شارەکە پشتی شارەکەیان گرتبوو پاسەوانەتییان ئەکردین، لەلای مەعمەل غازەکە لەسەر جادەکە سیَ ها وڵاتی خۆبەخش لەویَ بوون دووانیان گەنج بوون یەکیان پیر بوو ٢ بیکەیسیو کڵاشینکۆفێکیان پیَ بوو هەموو ئامادەییەکیان دەربڕی کەلەگەڵ ئێمە بێنە ناو شەڕەکەو بەشداربن منیش ڕێگەم پیَ نەدان لەگەڵ ئێمە بێنە مەلعەبەکە چاودێری بکەنو هەرهێزێک هات لەچەپو ڕاست دوژمن دزەی کرد ئێوە چاودێری بکەن، ئەوە شەڕێکی زۆر قورس بوو بەیانیەکەی خەڵکی دووزخورماتوو بەرەو قادر کەرەم ئەچوون هەموویان گەڕانەوە ماڵەوە ئەوەش جێگەی دڵخۆشی بوو.

شەڕی دووەمیان کە لە ٢٠١٤/٩/٤ بوو منواجبم لەئیلینجە بوو ٥ نوقتەم هەبوون لەسەر گردێکی بەرز بوون لەگەڵ ٤ نوقتەی تر ئەو ئێوارەیەواجبەکەم وەرگرت لەو شوێنە، هێزەکەی تر کە فەجی ٣ بوو لەوێ ڕۆیشت، کاک عەبدوڵا هاتە ئەوێ هەمەریێکیان بۆ بەجێ هێشتم بەئەمانەتەوە لەلای من بێت لەبەر ئەوە جموجوڵی داعش هەبوو، منیش میوانم لابوو کوڕێک بەناوی کاک زەیدین جێگری مەڵبەندی ٦ ی سۆرانە لەزۆربەی شەڕەکان بەشداری ئەکردینو هاوکاری ئەکردین، ئەو شەوە وەکو میوانی لەلای من مایەوە دانیشتین تا دەمەو بەیان، وتم چیبوو ئەمشەو دوژمن حەرەکەی نەبوو پاڵمان دایەوەو نیوسەعات خەومان لێکەوت حەرەس بانگی کردم گوتی هەستە تەقە دەستی پێ کرد هەستام خۆمو کاک زەیدینو ئەو پێشمەرگانەی لەوێ بوون بەرەو گردەکە ڕۆیشتین، زۆر پێم سەیر بوو لەهەر چوارلاوە تەقە ئەکرێت لەپێشەوەو لەدواوەش تەقەیان لێ ئەکردین لەسەرەتادا زۆر پێم نامۆ بوو بەڵام بەهەر شێوەیەک بوو ڕۆیشتین هەتا گەیشتینە هێزەکە کە گەیشتینە ئەوێ پێشمەرگەکان تەقەیان ئەکرد منیش چاودێریم کردو سەیرم کرد لەئیلینجە داعش بەپێ هاتبووە ناو ئیلینجە هەندێ نوقتەی جەیشی شەعبی لێبوو ماوەی چارەکێک بۆ بیست دەقە هەموو نوقتەکانیان گرت،واتە ئیلینجە لای سەرەوە لەسەدا نەوەتیان دەست بەسەر کرد، ئێمە لەکۆتایی ئیلینجە لەدەشتاییەکەدا بووین تەنها یەک نوقتەمان لەئاخر خانووی ئیلینجە بوو باقیاتی هەمووی کەوتە دەستی داعشەکانو ئێمەش دوو نوقتەی فەخرەدینی شورتەی حدود بوون باقی لەگەڵ دوونوقتەی ئەوانو ئەو ٥ نوقتەیەی ئێمە مایەوە،ووردەووردە گەمارۆماندان لەسەرەتای تەقە کە دەستی پێکرد من پەیوەندیم بەکاک عەبدوڵا بۆرەوە کرد هەم مەسئولی میحوەرو هەم فەرماندەی

لیواکەشمانە وتم ئەوە شەڕ دەستی پێکردووە لەئیلینجە لەڕێی ئەو شوێنانەی کە جەیشی شەعبی لێبوو هەموویان گرتووە، ئەویش پێی وتم هیمەت بکەن‌و خۆتان ڕابگرن ئێستا هێزتان بۆ ئەنێرم، هەتا ڕۆژهەڵات‌و بوە سەعات ٧و٨ووردەوردە گەمارۆ لەسەر ئێمە تەسک بوەوەو فەخرەدین هەمەریکی پێبوو هات بۆلام منیش لەسەر گردەکە هاتمە خوارەوە لەلای هەمەرەکە بووم سەیرم کرد نوقتە سریەیەک گەمارۆ درابوو لەگەڵ جێگر فەجەکە، لەهیچ شوێنێکەوە نەیان ئەتوانی دەربچن تەنانەت نەیان ئەوتوانی بشگەڕێنەوە منیش ویستم بەهەمەر فریایان بکەوم فەخرەدینیش هاتە لام گوتی نابێ بەهیچ جۆرێ ئەو گردە بگیرێ‌و ئەبێ بەهەمووومان بیپارێزین ئەگینا هەموومان شەهید ئەبین منیش‌وەعدم پێدا وتم یان شەهید بونم یان پاراستنی، لەوقسانەیا بووین‌و ئەو ڕۆیشت‌و مەودای ٤٠م لەمن دوور بوو بەرەو لای جادە قیرەکە ئەڕۆیشت منیش بەدوای ئەودا بەڕێکەوتم ئەو بەهەمەر ئەڕۆیشت منیش بەهەمەر ئەڕۆیشتم، لەسەر جادەکە ویستم بپەڕینەوەو لەبن جادەکە دوو داعش لەمەودای ١٥ مەتر هەستان بۆ فەخرەدین‌و ئارپیجیەکیان هاویشت خۆش بەختانە بەری نەکەوت ئەو دەرچوو بەهەمەرەکەوە سوڕایەوەو من مامەوەو بەرەو ئەو رووە ئەڕۆیشتم‌و لەشوێنێک هەمەڕەکەم ڕاگرت‌و بەبیکەیسی‌و قەناس‌و پێنج پێشمەرگەشم لەگەڵ بوو لێماندان ئیتر نازانم کوژران یان هەڵهاتن جادەکەمان پێ چۆڵکردن بەناچاری ملمان نا ڕۆیشتین گەیشتینە نوقتەکەی محاسەرەکە گەیشتینە ئەوێ پێشمەرگەکان زۆر دڵیان خۆش بوو بەڵام شەڕێکیان ئەکرد کە لەمێژوودا نەکراوە چوونکە شەڕی مان‌و نەمانیان ئەکرد، لەسەر خانوویەکی سێقات بوو هەموو ستارەکەیان کون کون کردبوو تەنها مەجال هەبوو لولەی تفەنگەکانیان بێنەدەرواتە

شەڕی مانو نەمانیان ئەکرد، بەردەوام لەگەڵ کاک عەبدوڵایا لەپەیوەندیدا بووین، ئێمە هاتینو ئەوانیش لەڕێی لیوای فریاکەوتنی شێخ سەعیدو لیوای ١٦و لیوای نەوتو لەگەڵ ئەو هێزەی بەردەستی کاک عەبدوڵا بەڕێکەوتین دەوری سەعات ٩و ئەوانە بوو کاک عەبدوڵا کانی بەردیش جێگری مەڵبەندی پێشمەرگەو کاک پیرۆتو چەند پیاوێکی تر بوون کە ئێستا بیرم نایەتەوە کێبوون داوای لێبوردنیان لێ ئەکەم هاتن شەڕەکە لای ئیلینجە بیدایەتی شار دەستی پێکرد بۆ ڕووی ئێمە، لەو کاتەشدا سێ هەمەری داعشەکان بەبەردەوامی هێزو تەقەمەنیان بۆ دەهێنانە ناو شار تەنها ئەوەی لەپێشیشیان بێت منو کاک فەخرەدین بوین ئەو هەمەرێکی پێ بوو منیش هەمەرێکم پێبوو ئەو ٤ کەسی پێبوو منیش ٥ کەسم لەگەڵ بوو بەڵام تەقەمەنیەکی زۆر باشمان پێ بوو من ٤٠ گوللە ئارپیجیم پێ بوو فیشەکی کلاشینکۆفو بیکەیسیش زۆر بوو،وردەوردە بەئارپیجی تەقەمان لەو هەمەرانە ئەکرد جاری یەکەم هاتنە شارو گەڕانەوەو جاری دووەم هاتنە ناو شارو هێزەکەیان دانا لەگەڕانەوەیا من کەمێک لێیان چوومە پێشەوەو ڕێگەم لێگرتن لەسێ هەمەرەکە بەئارپیجی تەقەم لێکردن نەمتوانی هەرسێکیان پەک بخەم بەڵام یەکێکیانم پەکخستو دەستم بەسەرداگرت لەوکاتەدا سێ هەمەری لیوای ١٦ ملیان لێنا لەجادە تاپشتی من بەتەقە هاتن بەجادەو جادەکە هاتن هێزەکەی ئێمە مەعنەویاتیان بۆ گەڕایەوە کاک عەبدوڵاو ئەو هێزانەش لەسەری شار ماڵ بەماڵو کۆڵان بەکۆڵان شەڕ دەستی پێکردواتە شەڕی دەستەو یەخە دەستی پێکرد هەتا ئەو شوێنەی کە لەگەڵ ئێمە یەکیان گرتەوە دەوری سەعات ١٢ ی نیوەڕۆ بوو گەیشتنە لای من کەهاتن داعش ئەوەی کە مابوو ووردەووردە شکان، ئەو هەمەرەی کە باسم کرد شکا دەوری ١١ کەسی تیابوو لەناو

ڕەبایەیەکی محاسەرەیا بوون بەڵام ئەو کاتە هەر منو فەخرەدین بووین نەمان توانی هیچیان لەگەڵ بکەین لەبن ساترەکە نەمان ئەتوانی بێینە خوارو لەوێشەوە هیچمان بۆ نەئەکرا، ١١ بۆ ١٢ کەلاکیان لێ بەجێ مابوو چەکو تەقەمەنیەکی زۆریشیان لێبەجێماو هەمەرێکیشمان گرت بەڵام ئێمە ٣ شەهیدو چەند بریندارێکمان هەبوو، بەڵام شتێک ئەڵێم بۆ مێژوو ئەگەر ئەوڕۆژە هیمەتی کاک عەبدوڵا نەبوایە خۆی کەدەستەی هێرش بوو من ئەوکاتەی کەئامر فەوج بووم لەفەوجەکەی من لەو باوەڕەدا بووم کە دەرنەدەچووم چونکە هەر چوار دەورمان گەمارۆدرابوو زۆر سوپاسی فەوجی دووش ئەکەم لەبچوکترین پێشمەرگەوە تائاخیر شەڕی مانو نەمانیان کرد، ئێستاش لەفەوجەکەم هەر شانازیان پێوە ئەکەم.

# تەها کانی بەردی

من لیوا (تەها کانی بەردی) فەرماندەی لیوای ٢ی سکرتاریەت، ئێمە هەر لەکاتی تەشکیلکردنی عەمەلیاتی دیجلە لەسنوری کەرکوکو دیالەوە بەئەمری فەرماندەی گشتی ئێمە لەسنوری کەرکوکواجب ئەگرین سەرەتا لەناوچەی خاڵەبازیانیو لەیلانەوەواجمان گرتوە دوایی لەسنوری کەرکوکو ئەو ناوەشواجبمان گرتوە پاشتر گەڕاینەوە سنوری حەی سەناعەو ناوچەی حاموڕابیو گەڕەکی سوارداخلو ئەو ناوچەیەی سەر ڕێگای تازەو داقوقو ئەو ناوچانەمان پاراستوە لەگەڵ جیرانی پارێزگای موسڵ ٦/١٠ ئێمە لەسەر مەشروعی ئا وەکە وەکو لیوای ٢ی سکرتاریەت بەدرێژایی ٥ کیلۆمەتری کاملواجبمان گرتوەو بەرپەرچی هەموو هێرشەکانی داعشمان داوەتەوە کەهاوسنورە شەهیدو برینداریشمان هەیەو بەورەیەکی بەرزەوە بەبیروباوەڕێکی تەواوەوە بەرەنگاریان بوینەوە، بەڵام ئەوەی کەزۆر گرنگە لەهێرشەکانی داعش بۆ سەر کەرکوک هێرشی ٢٩ لەسەر ٢٠١٥/١/٣٠ کەدەمێک بوو داعش خۆی بۆ ئامادە ئەکردو ئومێدی گرتنی کەرکوکو سنورەکانی کەرکوک بوو، ئەوشەوە لەهەندێک شوێن ئەوان توانیان هێزی ئێمە هەڵکەنن لەشوێنەکانی خۆیان، بەڵام کەگەیشتنە سنوری ئێمە کەئەمەواجبەکەی ئێمە لەچەپی ڕێگەی ڕەشادەوە دەستی پێ ئەکرد لەگوندی مەریەم بەگەوە بۆ لای تازە، کەهاتن بۆ ئێمە بەهیچ شێوەیەک

سەنگەرەکانی خۆمان چۆڵ نەکرد بەرەنگاریان بوینەوە توانیمان هێرشەکەیان ڕابگرین ئەیان ویست لەبەر مریەم بەگەوە بپەڕنەوە بەشۆفڵو بەپیادەو ئەوانەوە هێزەکەمان توانی هەم شۆفڵەکە تێک بشکێنێت هەم ئەو هێرشی ئەوان ڕابگرێت لەوحاڵەتەدا هێزەکەی ئێمە زانیان هێرش ئەکەن شەو خۆمان بۆ ئامادەکرد هەم هێزی ئیحتیاتمان لەبەردەست بوو هەم هێزی خۆشمان لەسنورەکە چاک مقاوەمەیان کرد هێرشەکەی ئەوان لەسەعات ١ی شەوەوە دەستی پێکرد بەڵام ئێمە شکاندنی ئەو هێرشەی دوژمن لەپردی ڕەشادەوە بەشتێکی مێژویی ئەزانین‌و بەهیمەتی پێشمەرگە قارەمانەکان‌و فەرماندەکانی لیوای ٢ ی سکرتاریەت فەوجی ١و فەوجی ٢و فەوجی ٣ ش چونکە لەوانە بەشێک لەهێزەکە بەئیحتیات لەبەردەستی خۆم دانابوو خۆم تاخەتی یەکەمی بەرەنگاربونەوە چوم لەوێ برینداریشماندا پاش ئەوەی کەئێمە توانیما دوژمن ڕابگرین‌و بیشکێنین‌و نەتوانێ لەپردەکە بپەڕێتەوە ئەوەی لای مەکتەب خالیدیشەوە هاتبوو بیگرین ئەوکاتە لەسەروخۆشمان هەمیشە تەنسیقمان هەبوو، هێزی دژەتیرۆریش گوتیان دێین بەهاناتانەوە ئێمە پێمان وتن ئێمە بستێک خاکی سەنگەرەکانی خۆمانمان بەجێ نەهێشتوەو نەکشاوینەتە دواوە لەبەر ئەوە زۆرێک لەهێزەکان کشابونە دواوە کەئەڕۆیشتن ئێمە سەنگەرەکانی خۆمانمان چۆڵ نەکرد بگرە بەعەکسەوە بەرگریمان کرد، ئیتر گوتیان بۆ سنورەکەی ئێوەش دژەتیرۆر دێت هاتە جادەی ڕەشاد ئێمەش لەمەشروعەکە بووین بەهەردولامان ئەوان لەدەستە ڕاستو ئێمەش لەدەستە چەپ هێرشمان بۆ بردن توانیمان بەپاڵپشتی فڕۆکەی هاوپەیمانان لەسەر پردی ڕەشادیش دەریان بکەین‌و شوێنەکە بەئاسانی بگرینەوە ئیتر سوپاس.

# ڕائد عبدالله دەروێش ساڵح کانی پیرەیی

من (ڕائد عبداللەدەرویش ساڵح کانی پیرەیی) لەلیوای ٢ ی تایبەت سەر بەهێزەکانی ٧٠، کاتی خۆی کەسەرەتا شەڕی داعش دروستبوو من لەوێ بووم بەشداریم کردوە دەوری کاریگەرم هەبوە شەویکیان ئەو شەوەی کە شەهید شێرکۆ شەهید بوو لەتەلوەرد ئێمە لەسەرەوە بوین لەپشتی تازە بوین بەپەلە پێیان گوتین‌و ڕۆشتمە خوارەوە هێزێکم لەگەڵدا بوو هێزێکی ٢٨ کەسی ڕۆیشتینە خوارەوە بەرەو شەڕەکە ئەو شەوە زۆر بەشپرزەیی هاتبون کەلەقوڵی ئێمەوە هاتبون بەرەنگاریان بوینەوەو ئێمەش وەک هێزێکی پشتگیری کە گەیشتینە شوێنەکە هێزەکەیان شکا ئیتر نەیانتوانی بێنە پێشەوە کەهەمیشە پێشمەرگە قارەمانەکانم ئەبینی ڕۆڵی کاریگەریان هەیە منیش زۆر مەعنەویاتم بەرز ئەبوەوە بەڕاستی پێشمەرگەی تیایە بەبرسێتی‌و کە شەو تابەیانی بەپێوە وەستاوە بەرامبەر بەدوژمن‌و نانی نەخواردوە تا بەیانی، ئێمە بەردەوام لەمیحوەری بەشیرین بەرامبەر بەداعشەکان ئێمە بەردەوام لەشەڕداین شەوانە هەتا ڕۆژ ئەبێتەوە چونکە ئەوان هەموو کاتێک هێرش ئەهێنن، ئێمە بەرەنگاریان ئەبینەوەو ئەیانشکێنین ئەوەبوو هێرشێکی گەورەمان کرد تا ئەو قەرەیاڵوو گوندەکانی دەورووپشتی خۆمان پاک کردەوە، شەو پێیان گوتین بەیانی هێرشەو ئامادەبن بەیانی چوین ئەو شوێنانەی کەمەبەست بوو شەش حەوت دێ بوو هەموویمان پاک کردەوەو بەسەرکەوتویی گرتمانەوە شکور شەهیدمان نەبوو بەڵام

بەعبوە شەهیدمان یاوە، قەرەیاڵو شێخ تەنەرو چەند گوندێکی ترمان پاک کردەوەو چوینە پێشەوە ئێستاش خۆمان لەناو ئەو گوندانەداین، داعشەکان کوژاویان زۆر بوو ئێمە بەتەیارەش هاوکاریمان ئەکرا حەشدی شەعبیش هاوکارمان بوون‌و لەقۆلی ئێمەش هەندێک شەهید هەبون هاورێییەکم هەبوو ناوی مولازم گۆران بوو زۆر هاوکارم بوو لەشەرێکدا کەمن خۆم مۆڵەت بووم بەداخەوە مولازم گۆران شەهید بوبو لەبەشیر خۆی‌و چەند کەسێکی تر شەهید بون بەهاوەن.

# بیرەوەری ئەفەسەرێکی پێشمەرگە لەڕۆژانی شەڕی داعش لەخوارووی کەرکووک

هەواڵەکان زۆر ناخۆش بوون هەر کاتێک سەیری کەناڵەکانم ئەکرد داعش ڕۆژ بەڕۆژ ناوچەی زیاترو خەڵکی زیاتری ئەکوشت سەرم لەشتێک دەرنەئەچوو بۆچی بەم خێراییە ئەم ڕێکخراوە تیرۆرستیە گەورە ئەبێت؟ بۆچی تێر نابن لەم هەموو خوێنەی ئەیرێژن؟ تۆ بڵێی ئەمانە مرۆڤ بن؟ بۆ هیچ هێزێک ناتوانێت سنورێکیان بۆ دابنێت؟ زۆر پرسیاری تری سەیر جاریوابوو ئەموت ئەبێت دڵیان هەبێت؟ سەیرە ئەوان لەو ڕووەوە لەکوللە ئەچن ژیانوێران ئەکەن کەسێکی ڕیشن بەچەقۆیەکەوەو دەمووچاوی پێچراو بەیاننامەیەکی ئەخوێندەوەو کەسێکی لەبەردەستا بوو هەڕەشەی سەربڕینی لێ ئەکرد بەبەرچاوی جیهانەوەو دواتر سەری ئەبڕی ئەموت ئەگەر بێنەو وڵاتەکەی من ئەبێت چی بکەن چەند کچو ژن بەرن چەنێک خەڵک سەربڕن ئەی چەند کتێب بسوتێنن چەند سەیرانگاو باخچەو تەلارو هوتێلو ڕێستۆرانت لەناو بەرن؟ بۆیە بڕیارمدا هەرگیز نەهێڵم ئەمە ڕوو بدات ئەبێت نەهێڵم دێڕێک شعری نالی بسوتێنن نەهێڵم بۆن بەتاڵێک پرچی کچە جوانەکانی شارەکەمەوە بکەن هەرگیز نەهێڵم بەشەقام تەنانەت تولەڕێیەکیو وڵاتەکەمدا تێپەڕن، ئەمانەم ئەوتەوەو چاوەڕێی ئەوە بووم ڕۆژێک لەگەڵیان ڕووبەڕوو ببمەوە تا پیشانیان بدەم کە وڵاتەکەم خاوەنی هەیە

منیش خاوەنیم منی پێشمەرگە دڵنیا نەبووم لەسەرکەوتن بەڵام دڵنیا بووم هەرگیز سەنگەر جێناهێڵم ئەجەنگم تا دوا دڵۆپ تا دوا هەناسە چونکە ئەگەر من نیشتمانم نەمێنێت ئازادیم نەمێنێت بەبەرچاوی منەوە دڵی دایکانی وڵاتەکەم بسوتێت دڵنیام دڵم لەلێدان ئەکەوێت، وڵاتی خوێنو فرمێسک ئەنفالو کیمیاییو ڕاگواستنو تەعریبو تەبعیس، ئەمانەتی دەستی منە بۆیە تەنها ئەو ڕێگەیە لەبەردەم دەما بوو کە لەناو سەنگەرەکەم بجەنگم ئەگەر شەهید بم ئەوا مردنێکی سەربەرزانە ئەمرم بەئاسوودەیی سەر ئەنێمەوە ئەرکی پێشمەرگانەی خۆم بەجێ ئەگەیەنمو جێی شانازیش ئەبم بۆ خۆمو منالّکانمو گەلەکەشم تا ڕۆژێک ماڵەوەمان نەخۆش بوو لەکاتی ئەوەدا بووین لەنەخۆشخانە خەواندبومان خوێنی بۆ هەڵواسرابوو زەنگی تەلەفوونەکەم لێیدا ئەم زەنگە وەکو ئەوانی تر نەبوو کە بۆ هەواڵ پرسینی خێزانم بەردەوام پەیوەندیان ئەکردوەڵامم دایەوە گوتیان بەیانی سەعات ٨ ئامادە بە بەچەکەکەتەوە ئەچین بۆ کەرکوک منیش لەماڵەوە خۆمم ئامادە کرد لەگەڵ پێشمەرگەیەکی لای خۆم بەناوی هەڵۆ کە لەگەڵم بوو بەرەوە کەرکوک بەڕێ کەوتم فەوجێکی لیواکەی خۆمانی لێبوو فەوجی سێ گوتیان ئەبێ بەئیستخدام بمێنیتەوە لەگەڵماندا بەشانازیەوە وتم ئەمر ئەکەن من ئامادەم لەباشوری کەرکوک لەنزیک گوندی بەشیرو قەرەیاڵ لەگەڵ ٦٤ پێشمەرگە لەوبەر ئا وەکە جێگیر بوین لەوکاتەدا هیچ هێزێک نەچوبوە ئەوبەر ئا وەکە چوونکە داعش زۆر نزیک بوون لەناو گوندی قەرەیاڵو شێخ فریاڵدا بوون منیش کۆبوونەوەیەکم پێکردن پێم وتن ئەمڕۆ نیشتمانمان چاوی لەدەستی ئێمەیەوئێمەش دەستمان لەسەر پەلەپیتکەی تفەنگو چاومان لەسەر دوژمنانە زۆروریا بن قوربانی دەستو مەچەکتان بم ئەوانیش زۆر ئازایانە گوتیان بەسەرچاو زۆر

دیقەتم دا هیچ ترسێکم بەدی نەکرد لەچاویاناوتیان مەگەر بەسەر لاشەماندا بڕوات دوژمن لەدەورو بەری ئەوماڵەی لێیبوین کابرا لەترسی داعش ڕای کردبوو داممەزراندن دوو دوو لەسەنگەرێکدا، خۆشم هەر ٥ دەقەیەک لای سەنگەرێک دەمامەوەو قسەم بۆ ئەکردن کە دوژمنورەی نیەو ئەگەر ئێمە ئاگادار بین ئەوا ناتوانن نزیکمان بکەون لەپڕ دەنگی هاوەن هات نزیک بوو لەخۆمان دای بەزەویدا هیچ زیانێکی نەبوو دواتر بەدۆشکە تەقەیان کردوەلامەمان دانەوە ئیتر ئەوان کپ بوون، کەبەیانی ڕۆژ بویەوە ٣ بۆ ٤ ماشێنیان نزیک ئێمە بوون بەڵام کەسەیریان کرد ئێمە لەئامادەباشیداین نەیانوێرا بێنە پێشەوە هیچ مەجالێک نەبوو بۆ دوژمن تانزیکمان بکەونەوە ئامادەی تەواومان کردبو بۆیە بەخێرایی گەڕانەوە مۆڵگەکانی خۆیان ئێمە شەوانە نەدەخە گوتین شەوان زۆر ساردبوو لەناو سەرنگەرێکدا تابەیانی، بەیانیش بەسەرە ئەخە گوتین بەجلی سەربازییەوە زۆریش خۆشحاڵ بوین شانازیمان ئەکرد بەخۆمانەوە چونکە هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێت یەک مەتر نەهاتینە دواوە داعش هیچی پێ نەکرا هەموو شەوێ بۆمان ئەهاتنو بەدەست بەتاڵیو سەرشۆڕی بەیانیەکەی ئەگەڕانەوە ئێمە بەو شێوەیە سەنگەرەکانی پێشەوەمان بەرێ کرد دور لەماڵو منداڵ دوور لەهاوڕێکانو خزمان مێشیشوازی نەئەهێنا نەی ئەهێشت دەقەیەک بێ خۆ خوراندن بین کوڕێکمان لابوو ناوی ئەردەلان بوو لەگەڵ ئێوارەی لێ ئەهات دەبەیەک گازی پێ بوو وەک ئاو دەموچاوی پێ ئەشۆری بەوشێوەیە دەچوە سەنگەری بەرگری هەڵۆ کەلەگەڵ خۆم بوو خوێندکاری دوا مەرحەلەی زانکۆ بوو ڕۆژی حەفلەی تەخەڕوجەکەی لەناو سەنگەر بوو، چەند ڕۆژێک بوو نەخەوتبوو زۆرم پێ گوت ئیسراحەت بکە لەتەنیشتم بوو وەستابو کەوت بەزەویداوامزانی گولەی

دوژمنی بەرکەوتوە کەسەیرم کرد بەپێوە خەوی لێ کەوتوە دوبارە وتم بخەوەو ئیسراحەت بکە سوربو لەسەر ئەوەی نەخەوێت تا ڕۆژ ئەبێتەوە شەوێک چەند گوللە هاوەنێک ئاڕاستەی لیواکەمان کرا لیوای ٢ ی تایبەت بەداخەوە لەو شەوەدا شەهید مولازم ئەوەل گۆران لەگەڵ ٤ پێشمەرگەی تردا دڵە گەورەکەیان لەلێدان کەوت لەوکاتەیا هەمویان لەسەربان بوون گوللەیەک دای بەناویاندا شەهیدی کردن، شەهید مولازم ئەوەل گۆران هەرچەندە بەتەمەن لەمن بچوکتر بوو زۆرجار بەیەکەوە دائەنیشتین زۆر دڵی بەکوردستان خۆش بوو کەسێکی دڵسۆزو پاکو بێگەرد بوو ماڵی لەکەرکوک بوو منیش لەسلێمانی بووم زۆر جار بەتەلەفون قسەمان ئەکردورەی زۆر بەرز بوو ئەو شەوەی شەهید بوو خۆی پاک شۆری بوو وتبوی ئێستا زۆر دڵخۆشم کەخۆم پاک شۆریوەو هیچ لەمێشکما نیە زۆر خۆشحاڵم ئەگەر شەهیدیش ببم، بەداخەوە شەهید بوو هەزار سڵاو لەگیانی پاکی خۆیو هاوڕێکانی هەرگیز لەیادم ناچێت، دوای تەواو بونی سەرما ئینجا گەرمایەکی بەتین پلەی گەرما لە٥٠ کانابوو ئێمەش لەسەر ساترەکان لەناو ئەو تۆزو خۆڵو مێشو مێشولەو تەپۆیەداوردەوردە دێڕی داستانی ئەم جەنگەمان نوسیەوەو بەدرێژایی شەڕی داعش دەوری بەرچاومان هەبوو لەگرتنی گوندەکانی فەرەیاڵو شێخ فریاڵو شەمسو شێخ فەنەر لەنزیک گوندی بەشیر ویستمان ببینە جێگای شانازی میللەتەکەمان، بەڵام ئێستا جێی شانازی هەموو جیهانین هێزێکین هەموو پێکهاتەکان هەست بەئارامی دەکەین لەسایەی ئێمەدا سوپاس بۆخوا کەئەو شانازیەی بەئێمە بەخشی کە پێشمەرگەین هێزێک کەجیهان چاوی لەدەستمانە بۆ بەگژداچونەوەی تیرۆرو شەمشەمە کوێرەکانی تاریکی هێزێک کەلەسایەی دا ئاشتیو ئارامیو ئازادی هەیە لەخۆرهەڵاتی

ناوەڕاستدا هێزێکی لەو شێوەیە نیە کەلەپێناو ئازادی دا گیانی ببەخشێت بێ جیاوازی هەموان بپارێزێت ئێستاش لەبەرامبەر دوژمنین ڕۆژ دوای ڕۆژ دوریان ئەخەینەوە لە وڵاتەکەمان خوای گەورە سەرجەم پێشمەرگەکان بپارێزێت دوژمنیش لەناوبەرێت کوردستان هەر ئاوەدانتر بێت.

# بەژدار عومەر موسلیح

ناوم (بەژدار عومەر موسلیحە) پێشمەرگەیەکم لەلیوای ١١٦ ی سۆران، لە٦/١١ وەدەوامامان هاتە خوار بۆ دوزخورماتو کە بەئەمری سەرکردایەتی یەکێتی هاتینە خوار بۆ ئەوەی لەدژی چەکدارانی داعش بجەنگین ئەوەبو یەکەمجار کەهاتینە ناوشار لەناو دوز لەسەر پردەکەی دوز کەپێش مەڵبەند تەقەیان لێ کردین کەیەکەم جار داغڵ بوین تەقەیان لێ کردین پێشمەرگەکانی ئێمە لەناو کوچەو کۆڵانەکاندا دابەش بوین، بەڵام چاوەڕێی سەروی خۆمانمان ئەکرد تا وەکو عەبدوڵا بۆر ئەمری بەچیەو چ فەرمانێک ئەدات چاوەڕێی فەرمان بوین گوتی هەرکەسەو لەشوێنی خۆی بمێنێتەوە هەتا ئەمرتان پێ ئەکەم ئەوەبوو چەند کەسێک بوون کە ویستیانوەزعی ناوشار بشێوێنن لەڕوی هێزەکانی ترەوە بەرگری فریاکەوتنو هێزەکانی ئێمە کەفەوجەکان لەناوشار بون کۆنترۆڵی ئەووەزعە کرا، ئەوەبو شەو دوای ئەوە گەڕاینەوە بارەگاکەمان لەدوای گەڕانەوەمان چەند کۆبونەوەیەکیان ئەنجام دا لەگەڵ لیواکانو فەرماندەکانی ئەو دەڤەرە یەکێک لەوانە کەفەرماندە لیوا عەمید بەختیار بوو عەمید ڕێبوارو کاک هەورامانو چەند ئەفسەرو پلەدارێکی تر بوون لەو ناوە کەپلانی شەڕەکەیان دانابوو لەوێدا کاک عەبدوڵا قسەیەکی زۆر جوانی کرد کەبۆ مێژو هەرگیز لەبیرم ناچێت گوتی ئێمە ئەگەر هەمومان بەگیانی برایەتیو

بەگیانی فیداکاری هاوکاری یەک بکەین دڵنیابن لەهەر شوێنێک بێت دوژمن ناتوانێت زەفەررمان پێ ببات لەوکاتەیا هەمویان بڕیاری ئەوەیان دا کەبەگیانی برایەتیو بەگیانی فیداکاری کوردستان هاوکاری یەکتری بکەن دەستیان لەناو دەستی یەکتر ناو هەر کەسێکیان بۆواجبو شوێنەکانی خۆیان گەڕانەوە شەو ٦/٢١ داعش هێرشی کرد بۆ ناو سەیتەرەکەی سلێمان بەگ کەوا فەوجەکەی کاک حەکیم لەوێ بوو ئەو کاتە ئێمە لەسەر شاخ بوین لەگەڵ لیوا عەبدول ڕەحمان موسلیح کەیەکێکە لەفەرماندەکانی بەرگریو فریاکەوتن، کە لەوێ هاتینە خوارەوە تاریک بوو کەهێزەکەمان دانا سەرەتای ئەوەبوو کاک حەکیم هێرش بکات بۆ سەر میحوەرەکەمان، کاک عەبدوڵا خۆیو پێشمەرگەکانی هەمووی کۆکردەوەو ڕۆیشتن بۆ ئەوێ، زۆریان پێ وت کە ئەوێ عەبۆی لێیە گوتی نا من براکانم لەناو سەنگەرن ئەوان دیفاع ئەکەن من چۆن بتوانم لێرە لەناو هەمەر دابنیشم یان لەناو بینایەک بمێنمەوە، خۆی هاتە سەرجادەکەو لەلای تابلۆی سلێمان بەگوەستاو شەڕەکەو لاکانی دابەش کردنو ناردنی بۆ جەبهەکانی ئەوان، لەو کاتەیا کاک لیوا بەختیارو چەند برادەری تر کە لەگەڵیا بوون خۆیو ئەوچەند کەسە بەماشێنکەی خۆیەوە خۆیان کرد بەناو فەوجەکە، هێزەکەوورەی بەرز بوەوەو ئێمەش لەدەوری ئەوان دیفاعمان ئەکرد، داعش بەهێزێکی زۆرەوە پەلاماری ئەو میحوەرەی دابوو کە پێشتر ئینزاری کردبوو ئەوەنە لەیەک نزیک بوون کە ئەیوت ئەگەر خۆتان تەسلیم بکەن هیچتان لێناکەین پێشمەرگەکانی ئێمە ئەیانوت ئەگەر بەسەر لاشەی ئێمەدا بڕۆن ئەوکاتە ئەتوانن بێنە ناو دووزەوە لەو کاتەیا فەوجەکەی کاک حەکیم ئازایەتیەکی بێوێنەیان نواند، لەوکاتەیاوای لێهات کە هێزی داعش بشکێت، کە سەعات ٥و نیو دەست

بەهێرشەکە کرا تا ١١و نیوی شەو شەڕ بەردەوام بوو لەو شەڕەدا ٣ شەهیدمان هەبوو کە یەکێکیان نەقیب بوو لەفەوجەکەی کاک حەکیم‌و چەند بریندارێکیشمان هەبوو کە یەکێک لەوانە منیش بریندار بووم بەفیشەک کەلەپێشمان کەوت‌و یەک دوو ساچمەمان بەرکەوت‌و چوار برادەری تریش بریندارببوون وەلەدوای تەواو بوونی شەڕەکە ئازایەتی کاک عەبدوڵا لەوەدا بوو کە بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە کە ئەو فەرماندەیەکەو هەموو میحوەرەکە لەژێر دەسەڵاتی ئەودایە خۆی کەسی یەکەم بوو بۆ بەرپەچدانەوەی دوژمن، دوای ئەوە شەڕێکی تر کە یەکێکە لەو شەڕانەی لەیادم ناچێت شەڕی ڕەبایەی کێ وەکە بوو داعش هێرشی کرد چەند ماشێنیەکیان لێ سوتا ئەوەبوو کاک عەبدوڵا بۆرو چەند پێشمەرگەیەک کە ئێمە هێرشان کرد چوون بەهانای برادەرەکانمانەوە کە لەناو سەنگەری ڕەبایەی کێوەکە بوون بەوە ناسراوە لەرێگادا کە سەرئەکەوتین بۆ ڕەبایەی کێ وەکە من‌و یەکێک لەو ئەفسەرانەی کە لەگەڵمدا بوون کاک کۆچەرو کاک ج گوتیار بوون کە لەگەڵم بوون کە سەرکەوتین کاک عەبدوڵا بانگی کردین گوتی پێش من مەکەون ئێمەش وتمان کاک عەبدوڵا بۆ پێش نەکەوین گوتی من هەموو تەمەنی ژیانم بەرێ کردووە شتی زۆرم بینیوە با فیشەک بەر من بکەوێت ئێوە گەنجن هێشتا ماوتانە ئێمەش وتمان کاک عەبدوڵا تۆ بەو هەموو هیلاکیەتەوە چۆن ئەهێڵین تۆ پێش ئێمە بکەویت گوتی کاکە خۆ بەوە نیە من پێش ئێوە سەر ئەکەوم تەماشا ئەکەین بەو هەموو توانایەوە ئەو پێش ئێمە سەرکەوتە سەرەوەو خۆی خستە ناو ڕەبایەکەوە چووینە ناو ڕەبایەکەوە دوژمن دەورەی گرتبووین لەولاوە بریندار هەبوو بریندار هەبوو دەورەمان بەهاوەن بۆردومان ئەکراو بەدۆشکە تەقەمان لێ ئەکراوەزعەکە بۆ پێشمەرگە زۆر ناخۆش بوو

یەکێک لەووره بەرزەکانی کاک عەبدوڵا ئەوه بوو گوتی هیچ نیەوایان لێ ئەکەین بۆ مێژوو سەرشۆڕیان ئەکەین لەوکاتەدا بەجیهازەکە جیهازی کرد بۆ مەلعەبەکە کە کاک حسێن بلۆکو ئەوان لەوێ بوون گوتی لای ئێوه چیە گوتی لای ئێمە شەڕ هەیە بەڵام دڵنیابە کاک عەبدوڵا ناهێڵین بستێک بێنە پێش، کاک عەبدوڵا کە ئەو هەواڵەی لە کاک سەعید بازیانیو ئەوان بیستو دڵنیا بوو کە لەوێ ناشکێت گوتی لای ئێمەشەوه دڵنیابن کە ناشکێین، ئەوه بوو لەوکاتەیا داعش بەپێی ئەو مەعلوماتانەی دەستمان کەوت نزیکەی ٣٠ کەلاکیان لێ بەجێمابوون بەهێزێکی زۆر تۆکمەوه هاتبوون ٢ ماشێنیان لێسوتا ماشێنیەکیان لەوانە کە گەیشتبوه ساتری پێشمەرگە ویستبوی خۆی بتەقێنێتەوه بەڵام پێشمەرگە لێیان هاتبوونە دەستو تەقاندیانەوه، دوای ئەوەی کە هاتینە ناوشاروەزعی ناوشار شڵەژا بوو کە گەڕاینەوه مەڵبەند گوتیان ئەبێت بچین سەردانی مەلعەبەکە بکەین کاک عەبدوڵا بەکاک بەختیارو ئەوانی وت ئەیوەزعی ناوشار چۆنە گوتیان چەند چەکدارێک هاتوونەتە ناو بینای شارەکە ئەیانەوێ ئاژاوه بنێنەوه، دوای ئەوه چوار پێنج خۆبەخشی تر هاتن کاک عەبدوڵا پێی وتن بڕۆن هێرش بکەن ئەوه ئێمەش هاتین تا ئەوان خۆکەتن ئێمە پێش ئەوان ڕۆیشتین چووینە ڕەبایەی پشتی مەلعەبەکە کە چووینە ئەوێ خاڵە کاکە مەندو شێخ سەعیدو مەجموعەیەک برادەری زۆری لێبوو لەوێ پێشمەرگەکان لەجیاتی ئەوەی خۆ بشارنەوه لەو تەقە زۆره هەلهەلەیان لێ ئەدا ئەیانوت ڕۆژ ڕۆژی ئەوەیە کە خۆمان بۆ ئەم خاکە بەخت بکەین، یەکێک لەخۆشیەکانی من ئەوەبوو کە پێشمەرگەکان بەمنیان وتوەره لای من با تۆ شەهید نەبیت من شەهید بم، ئەوه یەکێک بوو لەهەره شتە جوانەکانی پێشمەرگە، هاتینەوه بۆ یەنجیزە کە شەڕێکی

زۆر سەخت بوو شەڕێکی کۆڵان بەکۆڵان بوو، کاک حسێن بلۆک تەلەفونی کرد بۆ کاک عەبدوڵا گوتی کاک عەبدوڵا دەورەمان گیراوە ئەمرت بەچیە ئەویش گوتی ئێوە تەحەمول بکەن من هەر دێم دڵنیابن من هەر یەمە لاتان، کاک حسێن گوتی ئەزانم کە هەر دێیتە لامان، ئەگەر بهاتایەو تانیو سەعاتی تر بەفریایان نەکەوتینایە ئەوا هێزەکەی کاک حسێن ئەشکا لەوانەیە ٤٠ بۆ ٥٠ شەهیدیان هەبووایە بەڵام ئەوەبوو ئێمە لەسەرەوەو ئەوانیش لەخوارەوە لەدەشت تەنیا ڕەبایەی قەبرستانەکە بەدەستیانەوە مابوون لەگەڵ دوو ڕەبایەی تراوەهێزێکیش لەوبەرەوە بوو وەسریەیەکیش لەوبەرەوە بوو کە خانوەیەک بوو ئەوان لەقاتی سێهەم کۆبوبونەوەو ستارەکەیان کون کردبوو لوولەی سیلاحەکانیان هێنابووە دەرەوە کاک حسێن بلۆک خۆی گەیاندبووە ئەوان نازانم چۆن بەو شەڕو ئاگربارانە خۆی گەیاندبووە ئەوێ پێشمەرگەکان کە بینیبوویان پێیان سەیر بوو وتبویان چۆن تۆ هاتویت بۆلامان ئەویش وتبوی چۆن نایەک ئەگەر بەگیانی خۆشم بێت هەر ئەهاتم کاک عەبدوڵاش هێزەکانی خۆی دابەش کرد بەسێ قۆڵەوە لەدەستە ڕاستو چەپو ناوەڕاست خۆی هێرشی کرد بەرەو ناوەڕاست وتمان کاک عەبدوڵا تۆ برۆ ناو هەمەرەکە لەدەربڕینەکەیا هەستت پێئەکرد کە گیانی بۆ پێشمەرگە ئەسوتێت گوتی من چۆن برۆمە ناو هەمەر کە پێشمەرگە ئەبینم بەفیداییو بەتەقەوە ئەچێتە کۆڵانەوە ئەوەبو چووە ناو یەکێک لەکۆڵانەکانەوەو چوار پێنج کەلاکی داعش لەوێ کەوتبوون کە ئێمە هێرشمان بۆ کردبوون ئەوە بوو دوو برینداری تۆپخانە هەبوون کە یەکێکیان شەهید بوو نەفەرێک خۆی بەپێشمەرگەکانا تەقاندەوە، لەوکاتەیا کاک عەبدوڵا گوتی مەوەستن هەتا یەک خانوو مابێت لەیەنجیزە داعشی تیا مابێت، ئەوەبوو داعش هێزێکی

تری بۆهات بەهەمەرەوەو کاک حسێن بلۆکو کاک عەبدوڵا کەلەناوەڕاستی هێزەکە بوو ئەیبینی کەوەزعەکە چی لێهاتووەو چی لێنەهاتووە لەوکاتەیا کاک عەبدووڵا گوتی با هێرش بکەن بۆ ناوەڕاستی ئەو کۆڵانەی کە لێی بوو چوار دەورەی هەبوو بیکەیسی لێبوو قەناسی لێبووو وەدۆشکەیەکیشی لێبوو لەخوارەوە دیفاعی لێ ئەکرد، ئەوەبوو لەوکاتەیا کە پێشمەرگە هێرشی کرد کاک عەبدوڵا نەوەستاو لەهەمەر دابەزی گوتی چۆن پێشمەرگە هێرش بکاتو بەپێ بڕواتو من لەناو هەمەر بم هەرچەندە وتمان کاک عەبدوڵا توخواوامەکە تۆ فەرماندەی ئەگەر شتێک بێت جەبهەکە شکست دێنێ، گوتی جەبهەکە شکست بێنێ باشترە وەک لەوەی من لەناو هەمەر بم، ئەگەر من لەخوارەوە بم جەبهەکە شکست ناهێنێت لەبەر ئەوەی گیانی برایەتیمان تیایەو بەرگری دەکەین، ئەوەبوو کە خۆمان گەیاندە خانوەکانی خوارەوە دوو داعشی تیا مابوو یەکێک لەپێشمەرگەکانمان کە ناوی قارەمانە بەئارپیجی لێی دا کە ئارپیجیەکە لێیدا یەکێک لەداعشەکان ڕای کردە دەرەوە، بەدەشتەکەدا ڕایکردو تەقەمان لێکرد نازانین بریندار بوو یان نا، لەو کاتەیا کە چووینە ناو بیناکە تێنتی دانرابوو، یەکێک لەوانەی کەلەگەڵمان بوو مولازم کۆچەر بوو گوتی کاک عەبدوڵا نەیەنە ژوورەوە تێنتی لێیە دەنگێکی لێهات بەڵام خواکردی تێنتیەکە نەتەقی ئەگەر نا لەوکاتەیا لەوانەیە چەند برادەرێکمان تووشی زەرەری گیانی ببونایەو شەهید بوونایە بەڵام خواکردی ئەوە نەبوو هەر کابرای داعش تیا چوو ئەوەبوو دواتر هێرشان کرد بۆ دەرەوەی شار هەموویانمان ڕاونا، لەکۆتایدا سەیری ئەوەمان کردو سەرژمێریمان کرد کە ئاخۆ چەندیان لێکوژراوە ١٢ کەلاکیان لێ بەجێمابوو کە ئێمە بینیمان بێجگە لەو خوێنەی کە لەوێ رژاوە پێشمەرگە دەستی بەسەر چەند هەمەرێکا

گرتو چەندین قەناسو بیکەیسیو چەند مەرجەعێکی داعش، لەدوای ئەوەشەوە شەڕێکیتر ڕوی دا کە شەڕێکی زۆر سەخت بوو ئەویش شەڕی مەلعەبەکە بوو کە شەڕێکی زۆر سەخت بوو، ئازایەتی کاک عەبدوڵا زۆر بێوێنەیە ئەو پیاوە ١٤ جار تا ئێستا بەسەختی بریندار بووە ساچمەو ئەوانەشی بێحساب بەرکەوتوە یەکێک لەوانە لەو شەڕانەدا ٢جار بریندار بووە کە هەرباسی ناکات جارێکی تر چەند ساچمەیەکی بەر باسکی کەوتو جاری دوەمیشیان لەخوارەوە بوو خەریکی سەنگەرسازیو دروستکردنی سەنگەر بوون لەوکاتەیا عەبوەیەک تەقیەوەو دەمو چاویو قاچی بریندار بوو وەدانەیەکیش بەر پشتی کەوتبوو، کەسێکە تائێستا لەمێژوو بەپاکی ماوەتەوە.
یەکێک لەشەڕەکانی تر ئەو شەڕە بوو کە هێرشمان کرد بۆ گرتنی گوندەکانی بان شاخی گچکەو عەشتانەو شاخی گەورە ئەوەبو لەوێ هێزەکانمان لەڕەتڵی یەکەم کەکاک ڕێبوار بوو لەلیوای ١٦، ڕەتلی دووەم کە لیوای سۆران بوو بەسەرپەرشتی چەند فەرماندەیەک بوو کەناتوانم ناوی یەکە بەیەکەیان بهێنم، لەوکاتەدا هێزەکان کە کاک ڕێبوار لەپێشەوە بوو سەرپەرشتی دەستەی یەکەمی دەکرد کە هێرش بکات تا ژێر ساتری دوژمن ڕۆشتبوو بەڵام لەوێ ڕوبارێک هەبوو نەیانئەتوانی کە پێشڕەی زیاتر بکەن عبوەی زۆریش هەبوو ناوی ڕوبارەکە نازانم تەنیا پێیان ئەوت ڕوبارەکەی پێش عەشتانەی گچکەو گەورە لەوکاتەدا کاک شێخ جەعفەر پەیوەندی بەکاک عەبدوڵا بۆرەوە کرد گوتی ئەگەر پێتان ناگیرێت هێزەکە پاشەکشە پێ بکەن بۆ دواوە کاک عەبدوڵاش گوتی ئەگەر خۆمو تا دوا پێشمەرگە دابنێم لەسەر ئەو سنورە ئەبێت هەر بیگرم سوربوو لەسەر گرتنی لەوکاتەدا ئێمە مەجموعەیەک بوین لەدەستەی عەبدوڵا بۆر بوین بێ ئەوەی گوێ

بدەینە عبوەو ئەوانە کەکاک عەبدوڵا خۆی هاتە خوارەوە ڕۆی بۆ لای کاک ڕێبوار ئێمەش بۆ پێشەوە ڕامان کرد، کە ڕامان کرد مەودایەک ڕۆیشتین دەوری ٥ دەقەیەک ڕۆیشتین لەدوای ڕۆیشنەکە ئێمە غارمان دا بەغار ڕۆیشتین بۆ ڕەبایەکەی دوژمن لەوکاتەیا منو چەند پێشمەرگەیەکی تر بەر عبوە کەوتین لەوانە کەبەرهەم یەکێک بوو لەوانەی کەبەر عبوە کەوت قاچی زامدارێکی سەخت بوو ئێستاش هەر لەماڵەوە لەسەر جێگایە ئینشاڵا داواکارم لەخوا چاک بێتەوەو بێتەوە ناومان خەبات بکات بۆ کوردایەتی، لەوکاتەدا کە ئێمە چوینە پێشەوە بەر تەقینەوە کەوتین تەماشا ئەکەین کاک عەبدوڵا بەدوای ئێمەوەیە، ئیتر ئازایەتی لەوە گەورەتر ئەبێت چی بێت کاک ڕیبوارو کاک بەختیارو کاک حسێن بلۆکو هەڵمەتە ڕەش لەوێن لەوکاتەدا کە فەرماندەکانی تر زانیان مەجموعەیەک پێشمەرگە بەر عبوە کەوتوە ئەوانیش هێرشیان هێنا بەرەو پێش کاک پیرۆتو کاک زەیدین لەوێ بوو چەند برادەرێکی زۆر ئازا کەئەوانە بەئەندازەو بەقسە باس ناکرێتواتا ئازایەتی ئەو پێشمەرگانەو ئەو فەرماندەیە پێموانیە نەبەقسەکردن نە بەنوسین باس بکرێت، ئەبێت ئەفسانەیەک بێت کە لەگیانی ئەو پێشمەرگانەدا هەیە یان لەگیانی ئەو فەرماندە خۆشە ویستەیە یەکێکی تر لەشتە جوانەکانی ئەو فەرماندەیە ئەوە بوو هیچ توڕەبونوماندوبونو سەرماو گەرماو تونیەتی پێوە دیار نیە تەماشا ئەکەی گەرمەی شەڕ بوو ئەیوت هیچ نیە کاک شێخ جەعفەر هەر دە دەقەیەکی تر هەر ئەیگرین، ئەوەبو کە دوای ئێمە کەبەر تەقینەوە کەوتین کاک بەرهەمو ئەوانیان سەحب کردەوە دواوە خۆی هاتە پێشەوە خۆی لەوکاتەیا کەشۆفڵو ئەوانەیان گەیاندە شوێنی مەبەست بۆ دروستکردنی پردێک لەوکاتەدا کەپردەکەیان دروست کرد چوینە ناو

گوندەکان‌و پێشڕەوی چاکمان دەست پێکرد وەداعشمان بەشێوەیەکی زۆر خراپ تێکشکاند هەرچی لەو ناوەش بوو پێموایە دەرنەچوو هەمویان کوژران لەوکاتەشدا کەیەکێک لەفەرماندە هەرە خۆشە ویستەکانی لیوای ١٦ کە لەوێ بوو عەقید نایب بو کەبەر عبوە کەوت لەدوای ئێمە زۆر بەسەختی بریندار بوو وەلەوکاتەشا یەکێک لەپێشمەرگە کانی تری فەوجی ٤ ی لیوای ١١٦ ی سۆران کەشەهید بوو زۆر بەداخەوە، زۆر سوپاس.

# عەمید روکن ڕێبوار محیّدین محەمەد ئەمینە

من ناوم (عەمید روکن ڕێبوار محیّدین محەمەد ئەمینە) فەرماندەی لیوای ١٦ م، حەزدەکەم تۆزێک لەسەر لیوای ١٦ قسەبکەم لیوای ١٦ لیوایەک بوو لەسەر جەیشی عێراقی بوین لیوایەک بوین لەزمنی تەشکیلاتی فرقەی ٤ کەمقەڕی فرقەکەی لەتکریت بوو، ئەم لیوایە هەموی کورد بوو کاتی خۆی لەسلێمانی تەشکیل کرابوو دوایی بۆ کەمکردنەوەی دەوری کورد حکومەتی عێراقی هەستا قانونێکی دانا پێیان ئەوت (قانون توازنوەتەنی) واتا تەوازن لەبەینی پێکهاتەکانا، بۆ ئەوەی کە لیواکە بەشی زۆری بکەن بەسونەو بەشێکی بکەن بەکورد هەوڵێکی زۆریانداو بەشێکی کەمیان مایەوە لەلیواکە، دوای ئەوە لەساڵی ٢٠١٣ فەرمانیان بۆ دەرکردین کە ئێمە نەقڵ بکەن بۆ کەرەکوش کە لەمحافەزەی دیالەوە لیوایەکی مودەڕەبە کە عایدی مالیکی بوو هەموو شیعە بوون بیهێنێتە شوێنەکەی ئێمەوە ئەم شوێنەش بەنیسبەت ئەوانەوە زۆر گرنگ بوو مەتاڕێکی عەسکەری بوو مەساحێکی زۆری هەبوو ئەو کاتە شەڕی داعش ڕووی نەدابوو، بەڕاستی ئێمە ئەوەمان پێ قبوڵ نەکرا تەبەروعمان کرد لەجەیشی عێراقیاو گەڕاینەوە کە گەڕاینەوە دەستیان گرت بەسەر ئەو چەکو ئالیاتەی کە هەمانبوو لەناو لیواکەیا وعەرەبەکانیش ڕۆیشتن ئەمرەکەیان جێبەجێ کرد بەڵام ئێمە جێبەجێمان نەکرد، بەو شێوەیە

ماینەوە بەبێ ڕاتب تا شەڕی داعش ڕویدا کە شەڕی داعش ڕویدا لەبەر ئەوەی ئێمە پێشتر تەحەمولمان لەگەڵ ئیرهابیو عەبوەو ئەوشتانەیا کردبوو ئیتر لەبەر ئەوە بەنیسبەت ئێمەوە ئاسانتر بوو توانیمان ناوچەکەمان بپارێزین ناوچەکەی ئێمە بوو بەخەتیەکەم بەرامبەر داعش بەڕووی مەفرەقی دوزو قادر کەرەم لەسەر جادەی کەرکوکوەهەم بووشین بەچاوساغی ئەو پێشمەرگانەی کە ئەهاتن بۆ بەرگری کردن لەدوزو خاکی کوردستان لەو ناوچانە لەبەر ئەوەی ئەوان شارەزای ناوچەکە نەبوون بەڵام ئێمە پێشتریش لیواکەمان هەر لەشوێنی خۆیا بوو، بەڵام ئێمە هیچ شتێکمان بۆ دانەنابوون خەڵکەکەی ئێمە زۆر بەووره بوون شانبەشانی پێشمەرگە چ لەبەرگری چ لەهێرش، وەئەمەوێت ئەوەش بۆ مێژوو بڵێم یەکەم جار داعش کە هێرشی کرد یەکەم شوێن پەلاماری ئێمەی دا لەمەفرەقی سلێمان بەگ توانیمان بیانشکێن ئەوە یەکەم شکستیان بوو لەو ناوچەیەدا وەچەند جارێک لەشەڕی بەرگریکردندا بەهەمان شێوە دوایش لەشەڕی هێرش کردنو ئازادکردنیشدا دەوری کاریگەرمان هەبووە لەپێش هەموو کەسێکەوە بووە لەبەر ئەوەی هەم بەماشێنی مودەڕەعەو ئەوانەمان هەبوو وەهەم پێشمەرگەکانیشمان لەخەڵکە زۆر دڵسۆزەکان پێکهاتبوون کە دەورێکی زۆر باشیان هەبوو، من نامەوێت باسی هەموو شەڕەکان بکەم چوونکە ئەگەر باسی هەموو شەڕەکان بکەم زۆر ئەخایەنێت چونکە شەڕ نیە بەشداریمان نەکردبێت لەجەلەولاوە تا کەرکوک لەم چوار میحوەرە، بەڕاستی ئەمەوێت باسی دوو شت بکەم یەکێکیان ئەوەیە کە زۆرم پێناخۆش بوو ئەویش لەکاتی ئازادکردنەوەی جەلەولایا بوو کاتێک هەمەڕەکانمان ئەڕۆیشت جێگەیەکمان هاتە ڕێ کە پێ ویستمان بەشۆفڵ بو کە سێ پێشمەرگەم بینی برینداریکیان هەڵگرتبوو ١٠ بۆ ١٥

مەتر لەولای منەوە کە هاتن عەبوەیەکیان پیاتەقی کە ئەو مەنزەڕەیەم بیر ناچێتەوە کە چۆن ئەتلانەوە لەناو خوێنی خۆیانەوە هەرچۆنێک بێت ڕزگارمان کردن بەڵام بەداخەوە ئەو سیانەی کە پێشمەرگەکەیان هەڵگرتبوو هەرسێکیان شەهید بوو ئەوەی کە برینداریشبوو شەهید نەبوو بەڵام زیاتر بریندار ببوو، ئەوە شتێکی زۆر ناخۆش بوو، وەشتێکی تریش کە بەڕاستی مەوقیفێکی موحریجو زۆر قورس بوو بەنیسبەت ئێمەوە کە زۆر بەسەرکەوتویو زۆر بەسەربەرزی لێی دەرچووین.

لە۱/۳۰ /۲۰۱۵ بوو شەوێکی تەمو مژوو ساردی زۆر ناخۆش کەتازە ئەم ویست بنوم لەسەعات ۱و نیوو ئەوانەیا بوو تەلەفونیان بۆ کردم گوتیان جەنابی شێخ جەعفەر ئەڵێت هێزەکەی ئامادەکات شەڕە لەکەرکوکو بێت بەهانای هێزەکانی ئەوێوە، کە هاتمە دەرەوە سەیرم کرد چاو چاو نابینێت تەموومژێک بوو ئێرەو ئەویات نەئەبینی زۆریش سارد بوو هەرچۆنێک بێت ۳ هەمەرم کۆکردەوەو ڕۆیشتین بەرەو ئەویَ کە گەیشتین نزیک فولکەی تەپو زاوا بووین سەیرم کرد پێشمەرگە شپرزەیی پێوە دیارە زۆر، خوا عەفویی بکات عەمید شێرکۆ شەهید ببو چەند پێشمەرگەیەکی تر شەهید ببوو شپرزەییەکی زۆر بەپێشمەرگەوە دیار بوو بەڵام هێزەکەم زۆر قارەمان بوون هیچورەیان دانەبەزی ئێمە بەعەکسەوە ئەڕۆیشتین ئێمە ئەڕۆیشتین بەرەو مەکتەب خالید ئەوان بەپێچەوانەی ئێمەوە زۆر جار ڕێمان لەیەکتری ئەگرت، خەڵکێکی زۆر بوون گەیشتینە لای غازی شیمال پێش ئەوەی داخڵی غازی شیمال بین ئیتر لەوێدا زۆربەی زۆری هێزەکەش لەوێدا بوو کە گەڕابونەوەو ئەڕۆیشتنو نە ئەوەستان،وەستا ڕەسوڵم بینی لەوێدا پێی وتم کاک ڕێبوار ئەوە داعش گەیشتۆتە ئەویاو ئەگەر ئێوە بتوانن لێرە

ئەوە بکەن، ماینەوەو توشی شەڕێکی زۆر ناخۆش بووین شەڕی دەستەو یەخە لەهەندێ کاتا لەوانەیە پێنج متر لەیەک دوور نەبوین بەشەڕە ڕومانەو ئەو شتانە، دنیا ئێستا تاریک نەبوو کەوتینە شەڕەکەوە تا بەیانی خایاند، کە سەرکەوتین بەسەریانا خەمەکە ڕەویەوەو تەمەکەش ڕۆیشت دنیا ڕوناک بوەوە سەیرمان کرد لەبەردەمی خۆمانا کارەساتمان دروست کردووە تەقریبەن ٣٠ بۆ ٣٦ جەنازەی داعشمان پێ بەجێ هێشتبوون لەوێ ئەوە بوو بەسەرکەوتنێکی زۆر زۆر گەورە ئیتر ئەوەش‌وای کرد کە مەعنەویاتی هەموو هێزەکانی تر بەرز بێتەوەو کەرکوک لەخەتەر بپارێزین، بەڕاستی ئەگەر لەوێدا نەمان‌وەستاندنایەو بچونایەتە ناو غازی شیمال‌و تۆپزاواوە ئیتر لەو بڕوایەدا بووم زۆر ئەستەم ئەبوو ئازادکردنی ئەو ناوچانە، ئەوە شەڕێکە زۆر ئاسانە بەدەم بیگێڕیتەوە بەڵام لەباری فیعلیەکەیەوە چۆن کراوەو چەنی خایاندوەو چۆن کردوومانەو چۆن بووە بەڕاستی ناگێڕدرێتەوە، ئیتر ئێمە بەشداری زۆر شەڕمان کرد هەرچی شەڕ لەم ناوچەیە کرابێت ئێمە بەشداریمان کردووە ناتوانم بەڕاستی هەمووی باس بکەم وەکو حیکایەتێکی لێدێت، هەر لەبەرگری کردن لەدوزو سلێمان بەگو مەتارو ئەم شوێنانەو تاکو ئازادکردنی یەنگیجەو ئازادکردنی حلێوەو حلێوەی بچووکو خەتی زەرگەو هەروەها ئازادکردنی جەلەولاو دەشتی تەبج کە عایدی قەرەتەپەیەو بەری ئەمبەری قەرەتەپەو هەروەها بەشداری کردن لەمیحوەری کەرکوکو هەروەها لەئازادکرنی گوندی وەحدەو سەعدیەو جەلەولاو هەروەها لەئازادکرنی عوزێریەو عەدشانەو بان شاخەکان‌و هەروەها لەئازادکرنی ئەلبومحەمەدو زۆر شوێنی تر، هەندێکیم هەر لەبیر چوە بەڕاستی، لەهەموویان بەشداریمان کردووە تائێستاش لیوای ١٦

نەچوینەتە شەڕێکەوە کەسەد لەسەد سەرکەوتنمان بەدەست نەهێنابێت، بۆ هەرشوێنێک چوبین گرتومانە تا ئێستا لەوەتەی شەڕی داعشە چ شەڕێکمان کردبێت بردوومانەتەوە تائێستا بۆ یەک مەتریش داعش نەیتوانیوە ئێمە بەرێتە دواوە هەر ئێمە شوێنمان لەوان گرتوەو هەر ئێمە ئەوانمان شکاندووە لەهەر شوێنێک ئێمە چووبین شکاندومانن ئەوەش بەیەک کەسو دوو کەس ناکرێت بەڕاستی لیوای ١٦ پڕە لەخەڵکی قارەمان چ پێشمەرگەکانی چ زابتەکانی چ فەرماندەکانی خەڵکێکی دڵسۆزو نیشتمان پەروەرو خەڵکێکی بەورەو ئازا، بەڕاستی شەڕکردن بەبڕیارە، کاتێک بڕیاریدا لەدڵی خۆیا شەڕ بکات شەڕ ئەکات، ئەگەر بڕیارت نەدابوو سەیری پشتەوەی خۆتت کرد شەڕت بۆ ناکرێت، ئێمە بڕیارمان دابوو شەڕ بکەین لەبەر ئەوە ئەبینیت لەهەموو شوێنێک سەرکەوتنمان بەدەست هێناوەو بێگومان دواسەرکەوتنیشمان نابێتو سەرکەوتنی تریش بەڕێوەیەو هەتا خوا تەمەن بدات قسور لەمیلەتەکەمان ناکەین، من لەخوا بەزیاد بێت لەبەرگریکردنی یەکەم هێرش نەبێت لەناوچەی سلێمان بەگ کە دوو شەهیدماندا تا ئێستا لەشەڕەکانا کەسم لێ شەهد نەبووە بریندارمان هەبووە بەڵام شکور شەهیدمان نەبووە، بەڵام بیرەوەریەکی تر کە شتێکی زۆر قارەمانانە کە لەپێشمەرگەکانی خۆمم بینیبێت لەگرتنەوە گوندی یەنگیجەیا بوو، لەگوندی یەنگیجە تەقریبەن سێ چوار کیلۆ مەتر بەلای دەستی ڕاستا ڕۆیشتوین بەلای گوندەکە هێزەکانی دواوەمان تا ڕادەیک وەکو بڵێن شپرزەییەکیان تێکەوت لەبەرئەوەی فەرماندەیەکی زۆر بەڕێزو خۆشە ویستم خوا عەفوی بکات پیاوێکی قارەمانو ئازا بوو ئەوە شەهید بوو بەبۆنەی ئەوەوە هێزەکە کشایەوە شەو داهات ئێمەش ٥ کیلۆ مەتر لەهێزەکانی خۆمان چووینە ناو ئەوانەوە هەر پشتیشمان بوو بەوان

لەوانەیە نەکشاینایەتەوەو تەقەیەکمان دروست کرد بەهەمەرەکان بەچواردەوری خۆمانا تادەمەو بەیان، دەمەو بەیان سەرقەبرانی یەنگیجەمان گرتو چوینە سەر جادەی عامی یەنگیجەو گرتمانەوە ئەوە بەڕاستی قارەمانێتیەکە کە من بەو ئاسانیە ئەیگێڕمەوە بەڵام لەواقیعدا هیچی کەمتر نەبووە لەو شتانەی کە ئەیگێڕمەوە کە چۆن کراوەو چۆن نەکراوە لەبەر ئەوەی شارەزایی من لەمیدیادا کەمە لەوانەیە گێڕانەوەی من وەکو پێ ویست پەیامەکە نەگەیەنێت، دوو شەوو دوو ڕۆژ شەڕ بوو لەیەنگیجە بەبێ ئەوەی یەک سانیەوەستابین لەشەڕکردندا، خواردنمان پێبو هەندێ جاریش بۆیان ئەهێناین هەندێ جار عیتادمان لێ ئەبڕاو بۆیان ئەهێناین هەندێ جار بریندارمان هەبوو ئەمانبردەوە بۆ دواوە هەندێ جار ماشێنکانمان لەئیش دەکەوتو هەندێ جار ئەچەقین لەقوڕو لەجۆگەو لەو شتانە هەندێ جار ماشێنکانمان لێ ئەدرا یان تێک ئەشکا یان تایەی ئەتەقی پێشیویران ئەبوو مەکینەی لێ ئەدرا هەندێ جار سیلاحەکانمان ئەوەستا، لەشەڕکردندا هەموو شتێکت دێتەڕێ چوونکە پشتگیریو شت نەبوو تەیارە نەبوو ئەوکاتانە تەنها خۆمانو خوای گەورە بوین بەڕاستی بڕیارماندا کە شەڕ بکەینو سەرکەوتو بوین لەو شەڕانە، خەڵکی خۆبەخش لەزۆربەی شوێنەکانا ئەهات بەدەم پێشمەرگەوە بەتایبەتی خەڵکی دووز خەڵکێکی زۆر دڵسۆز بوون زۆر هاوکاربوون لەهاوکاری کردن بەخواردن بەئاو بەمەعلوماتو بەشەڕو هەموو شتێک، داعش لەم میحەوەری دووزە نەیتوانیوە بستێک خاکی کوردستان بگرێت هەر ئێمە ئەوانمان بردۆتە دواوە نەمانهێشتوە ئەوان ئێمە بەرنە دواوە تا ئەم کاتەی من قسە ئەکەم یەک بست خاکی دوز هەتا جەبەل حەمرین لەدەستی داعشا نیە، واتا لەسنوری ئیدارەی دوز یەک بست خاکی کوردستان لەدەستی داعش نیە هەمووی لەدەستی

خۆمانە. کە شوێنێکی فراوانەو مەساحەی ئەرزەکانی بەقەدەر مەساحەی بەغداد ئەبێت بەخۆی‌و دێیەکانیەوە، سەرەتای شەڕەکە خەڵکەکە کەمێک مەعنەویاتیان ڕوخا بەڵام کەدەست کرا بەشەڕو شوێنەکان نەگیرا خەڵکەکە ئەو ترسەی ڕەویەوەو هەمووی ئاوەدان بوەوەو کەس چۆڵی نەکرد، کە ئەیانبینی پێشمەرگە ئەوەنە بەدڵگەرمی‌و دڵسۆزی شەڕ ئەکات خەڵکەکە زۆر سیقەی پەیا کردبوو چۆن بڵێی مەعنەویاتی بەرز ببوەوەو خەڵکی دوز چۆڵیان نەکردوو بگرە هەموو گەنج‌و کوڕو پیاوو ژن‌و کچ‌و هەموویان یارمەتیان ئەدا‌ین.

# ليوا هيوا عەبدوڵا ئەحەمەد

من (ليوا هيوا عەبدوڵا ئەحەمەد) ناسراوم بەهيوا ڕەش لەسنوری کەرکوک پێشتر پێشمەرگە بووم دوای ئەوە زياتر باسی شەڕی داعش ئەکەين، لەشەڕی داعش لەسەرەتادا لەليوای ١٣٤ بووم وەدوای بووم بەئامر ليوای يەکی پيادەی شەهيد شێرکۆ دواتر لێرە بوومە جێگری ميحوەری لەباشوری کەرکوک، بەشداريمان کرد لەشەڕی داعش لەسەرەتاوە سەنگەرمان کرد بەرامبەر داعش، خۆتان ئەزانن داعش دوژمنێک بوو بەتايبەت بۆ هەرێمی کوردستان‌وەهەروەها بۆ باشوری کەرکوک دوژمنێکی لەناکاو بوو، کە پێشتر لەگروپە توندڕەوە چەکدارەکان بوون ئەوانەی دژايەتی پرۆسەی سياسی عێراقيان ئەکرد ئەوەبوو دوايی کەوتنە سورياوەو لەوێ سەرەتا بەناوی دروستکردنی دەوڵەتێکی ئيسلامیو دواتر هاتنە ئێرە بۆ ناو عێراق توانيان زۆر بەئاسانی بگەنە باشوری کەرکوک بۆ ئەو شوێنانەی کە بەدەستی سوپای عێراق بوون بەداخەوە کەلەسنوری کەرکوک پێشتر ئەم ململانێ يە هەبوو لەنێوان هەرێمو حکومەتی عێراق ئەم ناوچانەی کە ئێستا ئێمەی تێداين وەکو پێشمەرگە جێگير کراوين ئەمانە بەداخەوە هەمووی‌وناسێنرابوون کە ئەمە ناوچەی ناکۆکن يان ناوچەی کێشە لەسەرن وەلەناو ياسای دەستوری عێرقدا لەپێشدا لەدەستوری کاتی لەمادەی ٥٨ لەدوايدا کە دەستوری عێراقی جێگير کراوەخەڵکی عێراق

دەنگیان لەسەرداوەهەروەها کوردیش ئەتوانم بڵێم لە٪٧٥ بۆ ٪٨٠ دەنگیان لەسەر ئەم دەستورە دا، ئەم دەستورە دانرا بەناوی مادەی ١٤٠ بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو ناوچانەی کە ناکەونە سەر هەرێمی کوردستان ئێوەش خۆتان ئەزانن لەناوچەی جەلەولاوە ئەگرێتەوە تائەچێتە شەنگالو ئەوانە ناوچەیەکی زۆر فراوانە وەشاری کەرکوکی خۆشە ویستیش بەهەمان شێوە لەو چوارچێوەیەدایە، لەبەر ئەو هۆکارە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەم سنورە نەبوو زۆربەی ئەم ناوچانە بەدەستی سوپای عێراقەوە بوو، ئەو کاتەی کە داعش هاتو سوپای عێراق هەرچۆن لەموسڵو شوێنەکانی تر نەیتوانی بیپارێزێت لەم سنورانەش بەهەمان شێوە نەیتوانی بەرگری بکات زۆربەی شوێنەکانی چۆڵ کردو کەوتە ژێر دەستی داعش، خۆشبەختانە هێزی پێشمەرگە لەوکاتەدا توانیمان بێین بەهەموو ئەو هێزانەی کە ئێستا لەسنورەکەیا کار ئەکات بەتێکڕای ئەو هێزەی بڵێین کە پێی ئەڵێن هێزی پێشمەرگەی کوردستان خۆتان ئەزانن هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەچەند هێزێک پێک دێت وەکو هێزی ٧٠و ٨٠وەهێزی یەکگرتوومان هەیەوەهێزی بەرگریو فریاکەوتنمان هەیەوەهێزی زێرەڤانیمان هەیە لەتێکڕای کوردستان لەهەموو ئەو هێزانە توانیمان بێین زۆربەی زۆری بەتایبەت باشوری کەرکوک ئەو لیوای ١ ی پیادە کە لیوایەکی موشتەرەکەوەباقی هێزەکانی تر زۆربەی زۆری هێزەکانی ٧٠ بوون وەلەشوێنەکانی تریش هێزەکانی تر بەڵام من بەتایبەت باسی باشوری کەرکوک ئەکەم سەرەتا توانیمان بەرگری لەمەشروعێکی ئاو هەیە لەخوارەوە لەو مەشروعە زیاتر نیە کە داعش بتوانێت بپەڕێتەوە بەرەو کەرکوک توانیمان سەنگەرسازی لێبکەین کە ئەمەش بەچەندین شەڕی گەورە گەورەوە، هەروەها چەندین پێشمەرگە گیانی خۆیان تیا بەخت کردووەو

ئەو سەنگەرانەمان داناوە بەدرێژایی سنوری کەرکوک جەبهەیەک لەنێوان ئێمەو هێزەکانی داعش دروست بوو، لەو ماوانەی کە من ئیشارەتم پێدا زۆر شەڕی گەورە دروست بووە وەک شەڕی تەللوەرد وەهەروەها شەڕی هێزی گەورە بۆ سەر کەرکوک لە٢٩ لەسەر ٣٠ /٢٠١٥/١وەهەروەها لە٢٠١٥/٧/٦ هێرشێکی تری گەورەی تر کرایەوە بۆ ئەو ناوچانەی کە جارێکی تر پاککرانەوە لەداعش وەخۆشبەختانە هێزی پێشمەرگە توانیویەتی ئەم هێرشانە هەمووی تێک بشکێنێت وەئێمە تاکوو ٢٠١٥/٣/٩ زۆربەی شەڕەکانی کە لەگەڵ داعشیش کردومانە شەڕی بەرگری کردن بووە کە داعش نەتوانێت زەفەر بێنێت، ئەوەبوو خۆتان دەزانن لەم ماوەیەدا بەتایبەت شەڕێکی زۆر قورس بوو لە٢٩ لەسەر ٣٠ هێرشێکی زۆر فراوان لەپێنج میحوەری سەرەکیەوە کرابووە سەر کەرکوک وەلەخەتی مەلا عەبدوڵاو لەتەلوەردو لەنەهرەوان وەهەروەها لەسەر ڕێی ڕەشاد لەم قۆڵانەوە دوژمن توانی پێشڕەوییەکی کەم بکات بەڵام هەر بۆ ڕۆژی دوایی لەچەند دژە هێرشێکدا بەهیمەتی هێزی پێشمەرگەو هەمو هێزەکانی پشتیوانی ئەو هێزانەی کە لەم سنورەیا هەبوون لەو شەڕەیا چەندین فەرماندەی قارەمانوەکو عەمید شێرکۆ فاتیح شوانی کە لەوکاتە عەمید بوو دوایی لەنەهرەوان شەهید بوو، لەو ڕۆژەدا عەقید شێرزاد حەسەن کە جێگری من بوو کە ئەوکاتە من فەرماندەی لیوای ١٣٤ بووم بەهەمان شێوە ئەویش لەو شەڕەدا شەهید بوو وەهەروەها ڕۆژی دوایی کە کاک لیوا حسێن مەنسور فەرماندەی هەموو هێزەکانی پشتیوانی دوو بو بەڵام بەداخەوە لەم شەڕەیا شەهید بوو وەچەندین فەرماندەی قارەمانو هەروەها پێشمەرگە لەو شەڕەدا نزیکەی ٦٥ تا ٧٠ شەهید بون، کە بەرگریان لەو هێرشەی داعشەکان کرد، بەڵام

داعشەکان ٦٠٠ بۆ ٧٠٠ کوژراویان هەبوو لەو شەڕەدا بەدەیان‌و ئەتوانم بڵێم زیاد لە٢٠٠ کەلاکیان هەبوو لەناوچەکەدا کە لەو شەڕەیا لێیان بەجێ مابوو کە زەربەیەک‌و شکستێکی زۆر گەورەیان خوارد تاکو ئێستەش جارێکی تر نەیانتوانی بەو شێوەیە هێرش بکەنەوە لەم ناوچەیە شەڕی زۆر گەورە ڕویداوە، بەهەموو شێوەیەک هێزی پێشمەرگە توانیویەتی ڕوبەڕویان بێتەوەو ئەم ناوچانەیان پاراستووە، خۆتان ئەزانن ئەم ناوچەیە تایبەتمەندی خۆی هەیە پێکهاتەکەی پێکهاتەیەکی هەمەڕەنگە تێکەڵە کوردە عەرەبە تورکمانە، بەڕوی ئاینیەوە ئیسلام‌و مەسیحی‌و کاکەیی‌و ئەمانەی تێدایە لەڕوی مەزهەبەوە سونەو شیعەی تێدایە بەڵام هێزی پێَشمەرگە بێ جیاوازی ئەمانە توانیویەتی پارێزگاری لەهەموو پێکهاتەکان بکات زیاتر بەرگریکردنەکەی‌و خەبات کردنەکەی بۆ پارێزگاریکردنی پێش هەموو شتێک ئینسانیەتمان پاراستووە پارێزگاریمان لەمافی مرۆڤ کردووە بێجگە لەوەی کە تەنها پارێزگاری لەنەتە وەکەی خۆمان بکەین وەئەو ناوچانەی کەمن ئیشارەتم پێدان لەئەساسدا خاکی کوردستانن کەپێشتر داگیرکراون لەلایەن حکومەتی مەرکەزیەوەو خۆشبەختانە چەند ناوچەیەک لەوانە ئێستا ئازادمان کردونەتەوەو کەوتۆتەوە ژێر دەستی پێشمەرگە، بیرەوەری زۆر تاڵمان هەیەو بیرەوەری زۆر خۆشیشمان هەیە، خۆشترین بیرەوەری بۆمن لەم سنورانە ئەوەیە کە ئێستا ئاڵای کوردستان لەبەشێکی ئەساسی خاکی کوردستان هەڵدراوەو ئەمەش جێگەی فەخرو شانازیە بۆ ئێمە وەبۆ هەموو هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەبۆ خەڵکی کوردستانیش کە بتوانین لەوێ پارێزگاری لەئاڵای کوردستان بکەین بۆ ئایندەیەکی گەشتر بۆ نەتە وەکەمان، لە٣/٩ بەدواوە ئێمە هێزی پێشمەرگە لەمەرحەلەی قۆناغی بەرگریکردنی

مردوو ئەگەر بڵێین لەناو هێزی سیاقاتی سەربازیا چونکە کە تۆ بتوانیت هەر لەشوێنێکا دیفاع بکەیت ئەوەیە دیفاعەکان گۆڕا هەندێک پلانمان دانا کە بەهێرش کردنە سەر هێزەکانی دوژمن توانیمان خۆشبەخاتانە لە٣/٩ تاکو نزیکەی ٣/٢٠ چەند ناوچەیەکی فراوان لەباشوری کەرکوک ڕزگار بکەین، وەدوژمن لەو سەر ئاوە دوربخەینەوە هەم لەناوچەی سنوری لای میحوەری پێنجیشەوە بیگرین بۆ گوندی خەرابەڕوتەو ئیسماعیلاواو مەلا عەبدولاو چەند ناحیەیەک کە توانیمان ڕزگاری بکەین وەناوچەی مەکتەب خالید بۆ سنورەکانی مجەمەعەی شەهیدو ڕمەو تا ئەچێتەوە سەر ڕەشادو تاکو ئەچێتەوە نزیکی بەشیر ئەم ناوچانە هەمووی ڕزگارکراوە وەدوژمن لەهەموو شوێنەکان دورخرایەوە لەو سەنگەرانەی کە یەکەمجار توانیمان بەرگری لێبکەین ئێستا خۆشبەختانە لەو شوێنانەی کە ناوم هێنان پێشمەرگە سەنگەرێکی قایمو پتەوی داناوە خەندەقێکی سەربازیمان بەرامبەر دوژمن داناوەو پارێزگاری لێ ئەکەین وەخەندەق دروست کراوە لەپێش هێزەکانمانەوە سەنگەر دروست کراوە بەهەمان شێوە ساتر دروست کراوە لەناو ئەوانەشدا قەڵان دروست کردووە سەنگەری بەرگری زۆر پتەوو قایممان داناوە تاکو هێزی پێشمەرگە پارێزگاری لێبکات وەمن دڵنیاشم چونکە لەسەرەتای شەڕەکە تیایدا بووم ئێمە بەچەکو تەقەمەنیو تفاقێکی سەربازی زۆر کەمەوە چونکە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەڕاستی پێشبینی نەبوو چۆن بڵێین لەناکاو ئەم شتە دروست بوو بۆ ئێمە، ئێمە بەبێ ئامادە باشی هاتینە ناویەوەو توانیمان بەو پێ ویستیە سەربازیە کەمەی کە هەمانە بەرگری بکەین ئێستا خۆشبەختانە گۆڕانکاری بەسەروەزعەکانا هاتووە هاوپەیمانیەتێکی نێودەوڵەتی هاتۆتە ئاراوە خۆتان ئەزانن هێزی

پێشمەرگەش یەکێکە لەناو ئەو هاوپەیمانێتیە هێزێکە کە لەسەر زەوی وەکو ئەوەی کە خۆیان ئەڵێن کاریگەرترین هێزە کە توانیویەتی پارێزگاری لەخاکو خەڵکو کوردستان بکات وەئەمە ئەگەر بەدرێژیو بەووردی خوێندنەوەمان بۆی هەبێت شەرحی لەسەر بکەین خۆشتان ئەزانن ڕۆژئاواش ئێستا گرێدراوە بەهەمانشێوە یەپەگە بەچ شێوەیەک ناوچەیەکی زۆر باشی ئازاد کردوەو پارێزگاری لێ ئەکات وەئێمەش لێرە کە درێژ ئەبێتەوە بۆ ئەو سنورانە هەموو ناوچەکان بەباشی پارێزراوەو هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەموو کاتێک سازو ئامادەیە بۆ بەرەنگاریو پارێزگاری کردن، لەو دەسکەوتانەی کە تائێستا بەدەستمان هێناوە بەتەئکید ئومێدمان‌وایە بۆ ئایندە بتوانین لەناو ئەو هاوپەیمانێتیە لەو هەلو مەرجە نوێیەی کە هاتۆتە ئاراوە لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاست کوردیش وەکو نەتە وەکانی تر بێتە خاوەنی ئالای خۆیو زێدی خۆی وەلەهەموو شوێنەکانا حەقی خۆمانە وەکو کوردیش کە بڵێین ببینە تەنانەت دەوڵەتی خۆشمان، ئێمەش وەک ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست هیچمان لەنەتە وەکانی تر کەمتر نیە ئەمە خاکی خۆمانە بەلام دابەشکراوە وەهێزی پێشمەرگەی کوردستانو هەموو خەڵکی کوردستانو هەموو لایەنەکانو هەر چوار پارچەی کوردستانیش دڵنیا ئەکەینەوە کە ئێمە وەک هێزی پێشمەرگەی کوردستان پارێزەری خاکو خەڵکی خۆمان ئەبین درێژە بەو خەباتە ئەدەین کە لەپێش ئێمە باوو باپیرانمان درێژەیان پێداوە وەلەم قۆناغەی ئێستاش ئێمە لەسەنگەرەکانی بەرگری ڕوبەڕوی داعش دەبینەوە خۆشیان باش ئەزانن کە بەئاسانی ناتوانن پەی بەهێزی پێشمەرگە ببەن وەخۆشبەختانە ئێستا لەگەڵ هاوپەیمانانیش ئێمە تەنسیقێکی زۆر باشمان هەیە هاوپەیمانێتیەکی زۆر باشمان هەیە چیو ولاتە زلهێزەکانە

ئەوانەی کە لەناوچەی هاوپەیمانیان هاوکارمانن بەفڕۆکەی جەنگی بەهەموو شێوە لەگەڵ هێزی پێشمەرگە کە حاڵەتێکیوا ڕوو ئەدات لەکاتی شەڕەکانا هاوکارمان ئەبن بەفڕۆکە قەسفی داعش ئەکەن بۆیە داعش لەم سنورەی ئێمە زەربەی زۆر باشیان بەرکەوتوە ڕاستە ئێمە شەهیدوو بریندارمان هەیە بەڵام لەهەمان کاتدا وەکو وتم توانیوومانە ئەم سنورانەی کە ئێستا ئێمە تیاین هیچی هێزی پێشمەرگەی تیا نەبووە هەمووی سوپای عێراق بووە ئێستا خۆشبەختانە هەمووی لەژێر دەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوەیەووەپارێزگاریشی لێ ئەکەین تا دوا دڵۆپی خوێنمان، وەمن لێرەشەوە ئەتوانم بەناوی ئێوەشەوەو بەناوی هەموو لایەکەوە خۆشمان وەکو نەتەوەی کورد دەستخۆشی لەهەموو ئەو پێشمەرگانە ئەکەم کە ئێستا لەسەنگەرەکانی بەرگرین وەهەروەها ئەو فەرماندانەی بەبەردەوامی لەناو سەنگەرەکان لەگەڵ پێشمەرگەکانن وەهەر لێرەشەوە پرسەو سەرەخۆشی خۆم بۆ کەس‌و کاری شەهیدانووەسەری ڕێز بۆ هەموو شەهیدەکانمان دائەنەوێنم کە لەپێناو پارێزگاری کردن لەخاکو خەڵکی کوردستان گیانی خۆیان بەخت کرد وەهەروەها هیوای چاک بوونەوە بۆ بریندارەکانیش ئەخوازم کە هەموومان پێکەوە بتوانین تەواوکەری یەک بین بۆ پارێزگاری کردنی کوردستان.

ئێمە بۆ نمونە وەکو ئیشارەتم پێدا شەوی ٢٩ لەسەر ٣٠ هێرشێکی زۆر فراوان کرایە سەر کەرکوک من ئەوکاتە فەرماندەی لیوای ١٣٤ بووم هێزەکانی ئێمە لەخەندەقەکەی کەرکوک بوین لەخەندەقی یەکەم نەبووین کە ئاگاداریان کردینەوە کەوا هێزێک ئامادە بکەین دوژمن لەهەندێک شوێن توانیویەتی پێشڕەوی بکات، شەوی ٢٩ لەسەر ٣٠ نزیکەی سەعات ١ ڕۆیشتین بەرەو ڕەشاد دوژمن لەچەند شوێنێک کەوا

توانیبوی پێشڕەوی بکات ئەتوانم بڵێم چەند سەد مەترێک هاتبوە پێشەوە هەندێک سەنگەری پێشمەرگەی داگیرکردبو ئێمە خۆشبەختانە لەگەڵ هەندێک هێزی تر بەتایبەت هێزەکانی دژەتیرۆر بۆ ڕۆژی دوایی بەیانیەکەی هێرشێکمان دەست پێکردەوە بۆ ئەو ناوچانە بەیانی سەعات ٧ بۆ ٧:٣٠ توانیمان ئەو سەنگەرانەی کەوا چۆن داگیرکراون ڕزگاری بکەینەوە جارێکی تر هێزەکانی دژەتیرۆر گەڕانەوە بۆ سنوری مەکتەب خالید بۆ ئەوەی هەماهەنگی لەگەڵ ئەوبرادەرانەی تردا بکەن، ئێمە ئەو هێزەی لەگەڵ من بوو بەهاوکاری ئەو هێزانەشی کەپێشتر لەسنورەکە بوون بەو سنگەرانەی سەرئا وەکە هێرشێکمان دەست پێکرد لەڕۆژی ٢٠١٥/١/٣٠ لەبەیانی سەعات ٨:٣٠ وەجارێکی تر لەسەنگەرەکاندا هێرشێکمان دەست پێکردەوە بۆ سەر نوقتەی نەهرەوان کەنەهرەوان بەداخەوە شەوی پێشوو بەڕێز هاوڕێی هاوسەنگەرم کە کاک شێرکۆ فاتیح شوانی لەوێ شەهید بوو، ئیتر ئێمە لەوێ درێژەمان بەهێرشەکەمان دا لەو ڕۆژەدا باوبارانێکی زۆر بو پێشمەرگە هەموو ئەو باو بارانە زۆر کاری تێ نەکرد توانیمان پەرە بەدژە هێرشەکەمان بدەین بۆ سەر ئەو سەنگەرانەی کەوا نەهرەوان دوژمن داگیری کردبوو، هەروەها هێزەکانی تریش لەناوچەی مەکتەب خالیدەوە لەگەڵ برای بەڕێزم وەستا ڕەسولو هێزەکانی دژە تیرۆر تەبعەن لەو شەڕانەدا فەرماندەو پێشمەرگە بەشدار بوون لەوێوە بەڵام ئەو قۆڵەی کەمن باسی ئەکەم لەخەتی ڕەشادەوە بۆ سەر نەهرەوان لەدەوروبەری نیوەڕۆوە لەوکاتانەدا بەداخەوە کە جێگرەکەم کاک عەقید شێرزاد حەسەن کەمۆڵەت بوو بێ ئەوەی ئێمە ئاگاداریشی بکەینەوە لەسلێمانیەوە گەڕابۆوە لەشەڕەکەدا بەشداربوو لەوێ شەهید بوو لەڕزگارکردنەوەی نەهرەوان توانیمان دوای نیوەڕۆ نزیکەی سەعات ٢

بو بۆ ئەو ناوچانەی کەوا دوژمن شەو داگیری کردبون جارێکی تر ڕزگاری بکەینەوە وەهێزەکانمان لەگەڵ خەتی مەکتەب خالیددا لێکی دایەوە ئەوە یەکێک بوو بەڕاستی زۆر زۆر تەئسیری لەمن کرد وەکو هاوسەنگەرێک لەئەرکەنماندا، بەڵام هەمو کاتێک ئێمە شەهیدبونی هاوسەنگەرەکانمان جارێکی تر پشت ئەستورمان ئەکاتەوە بەرامبەر بەدوژمنەکانمان وەبڕیاریشمان داوە ئێمە درێژە بەو ڕیبازە بدەین کەئەوان گیانی خۆیان لەپێناوا بەختکرد بۆ ئایندەش هەر درێژەپێدەری ڕێبازەکەیان ئەبین‌و دڵنیاشیان ئەکەینەوە کە ڕێبازەکەیان‌ون نابێت‌و سەنگەرەکانیان چۆڵ نابێت تاکو میللەتەکەمان ئەگات لەدوا مەنزڵگای سەرکەوتن کەئەویش ئەیڵێم لەئایندەیەکی نزیکدا بەدروستبونی دەوڵەتێکی کوردی لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاست وەخەڵکمان بەئاسودەیی بژی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەستبەرداری ئەو خەباتە نابێت تاکو هەموو ئاواتەکانی کورد بەدی دێت وەبەدڵنیاییەوە بۆ شەڕی داعشیش ئێمە لەهەموو سنورەکاندا تێکیان ئەشکێنین‌و بەهاوپەیمانی لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کەئێستا هاوپەیمانن دژبەداعش من جارێکی تر سەری ڕێزو نەوازش بۆ شەهید شێرزادو تێکڕای شەهیدانی کوردستان دائەنەوێنم وەهەموو خەڵکی کوردستانیش دڵنیا ئەکەمەوە کەسەنگەرەکانی پێشەوە پارێزارون پێشمەرگەی کوردستان هەموکات چاویان لەسەر تفەنگەکانیانە بۆ بەرگریکردن لەخاکی کوردستان.

# عەمید تالیب فاروق

من (عەمید تالیب فاروق) ئەندامی میحوەری باشوری کەرکوک میحوەری چوار کە ئێستا لێرە دەوام ئەکەم، لەسەرەتای دروست بوونی داعش ئێمە لیوای یەکی کەرکوک بووین جەنابی شەهیدی فەرماندە کاک عەمید شێرکۆ ئامر لیوامان بوو من ئامر فەوج بووم لەلیوای دووی یەکی کەرکوک، دو ڕۆژ پێش ئەوەی کە داعش شاری مووسڵ بگرێت ئێمە وەکو ئامر فەوج جەنابی ئامر لیوا کۆبونەوەیەکی لەگەڵمانا کرد گوتی بەتەئکید داعش بەرەو شاری موسڵ دێتو دەیگرێتو دەردەچن بەرەو شاری کەرکوک دێن، بەهەرحاڵ ئێمە دوو ڕۆژ پێش ئەوەی داعش لەمووسڵ دەرچێت ئێمە خۆمان حازر کرد بۆ ئەو شەڕە کە دەمانزانی توشی ئەو شەڕە دەبین، لەسلێمانی کۆبونەیەکمان هەبوو دوای کۆبونە وەکە نزیکی سەعات ٣ بوو جەنابی ئامر لیوا تەلەفونی بۆ من کرد گوتی هەر ئێستا بگەڕێرەوە مقەڕو هێزەکەتان کۆبکەنەوە ئەوکاتەی کەتەلەفونی بۆ من کرد ڕۆژی ٦/٥ بوو گوتی هێزەکەتان هەموو کۆبکەنەوەو لەمقەڕی فەوجەکە ئامادەی بکەن هەرچەندە ئێمە نیوەی هێزەکەمان لەدەوام بوو نیوەشی لەماڵ بوو، گوتی لەوانەیە ئەمشەو توشی ڕوداوێک بین، هێزەکەمان کۆکردەوە لەمقەڕی فەوج ئەوکاتە مقەڕ فەوجمان لە سلێمانی بوو لای پۆلیسەکان تەنیشت قەیوان لەوێ حازرو ئامادەبوین گەیشتە دەوری سەعات ٣

جەنابی ئامر لیوا خۆی هات بۆلای منو پێی وتم بەرەو تەللوەرد هێزەکەت بخەرە ڕێ، من هاتم بەناو فرقەی ١٢ دا ئەوکاتە کە بەڕێ کەوتین هەموو هێزەکەمان خۆی لە ٦٠٠ کەس ئەدا هاتینە ناوچەی تەللوەرد کەتیبەیەکی دەبابەیان لێدانابوو کەتیبەیەکی مەشروعیشیان لەوێ دانابوو کەوتینە قسەکردن لەگەڵیان کەوا دیاربوو پێیان وترابوو کە هێزی پێشمەرگە دێتە ئەوێ بۆ ناوچەی تەللوەردو خالیدیەو ئەوانە ئێمە ئەو شەوە لەوێ ماینەوە، بەڵام داعش داخلی عێراق بوبو لەناوچەی لەموسڵ دەرچون بەرەو شەنگالو بەرەو حەویجە هاتن ئەو قوتەی داعش کەهاتبون لەشەرگاتەوە بەرەو ناوچەی حەویجە هاتو بەرەو ڕەشاد هات بۆ بەیانیەکەی سەعات ٧ بوو گەشیتنە ناوچەی تەللوەرد ئامر لیوایەکی لێ بوو بەناوی ئەحمەد عەمید بوو ئامر لیوای مەتفەعی بوو دیار بوو داعشەکان تەقەیان لێ نەئەکرد من بەتەلەفوون قسەم لەگەڵ کرد وتم بۆ تەقەیان لێناکەن گوتی لەبەر ئەوەی ئەمرمان پێنیە ئەمرمان پێکراوە کە ئینسیحاب بکەین ئەوان گەیشتنە دەوری سەعات ٢ ی پاش نیوەڕۆ ئینسیحابیان کرد قوەتەکەی داعش داخلی تەلوەرد بوون ئێمە وەکو فەوجی دووی لیوای یەک لەگەڵ جەنابی فەرماندە شەهید عەمید شێرکۆ قسەم کرد ئەویش گوتی لێیان بدەن لێماندان شەڕ دەستی پێکرد لەو ڕۆژەی کە ئێمە چووینە تەللوەرد شەڕەکە دەستی پێ کرد هەتا سەعات یەکو نیوو بۆ دوو شەڕ بەردەوام بوو لەو شەڕەیا ئێمە توانیمان داعش بشکێنین زۆر بەباشی شکاندمانو دەسکەوتی باشمان لێ گرتن، دوای ئەوەش فەوجەکانی ترمان وەکو فەوجی یەکمان کە ئەوکاتە کاک عەمید فاتیح ئامر فەوجی بوو داخلی مەکتەب خالید بوو فەوجی چوارمان عەقید سعود بو داخلی نەهرەوان بوو داخلی ڕەشاد بوو فەوجی سێمان کاک عەمید ئەحمەد

بوو داغڵی نەهرەوانو ناوچەی ڕەشادبوو ئێمە لەوێ ماینەوە لەو شەڕانەش کە دەستی پێکرد چەندین جار داعش هێرشی کرد بۆ ناوچەی تەللوەرد تا یەکەم ڕۆژو دووەم ڕۆژو سێهەم ڕۆژ ئێمە لەتەللوەرد بووین هێرشەکانیانم تێک دەشکاندن نەمانهێشت بێنە سەر بەرزاییەکانی تەللوەردو بیگرن، دوای داعش هێزەکەی تەوزیع کرد بەمەلا عەبدوڵاداو بەناوچەی مەکتەب خالیدەوەو لەو شوێنانەوە شەڕ دەستی پێکرد، دوای جێگۆڕکێیان کرد بەئامر لیواکان لیوای ٦ هات ناوچەی تەلوەردی لەئێمە وەرگرت ئێمە وەکو فەوجی دوو گەڕاینەوە ئەمبەری ئا وەکە پاش دوو ڕۆژ دوای ئەوە ئێمەیان بردە ڕەشاد فەوجی ٤یان هێنایەوە تەلوەردو ئێمە لەڕەشاد بووین، ئێمە لەڕەشاد زۆر ماینەوە لەمانگی ٧ وەچووینە ڕەشاد تا مانگی ١٢ لەڕەشاد بووین، ئەوەنەی کە لەڕەشاد بووین ئێمەواجبەکانمان هەموو ڕۆژێک لەگەڵ داعشدا شەڕمان بوو، لەبیرمە کە یەکەمجار چووینە ڕەشاد ٧/١ چووین بەڵام فەترەیەکی زۆر لەوێ ماینەوەو ١٠/١ شەڕمانکرد، دوبارە داعش کەهێرشی کرد بۆ ئێمە ١٠/١٠ بوو بۆ ئەو ناوچانەی ئێمە هات ئێمە لەهەموو لایەکەوە وەکو فەوجی ٢ لێماندانو شەڕێکی باشمان لەگەڵیاندا کردو ٥ داعشمان کوشت، ئێمەش شەهیدێکمان هەبوو بەناوی نەقیب قادر ٦ بریندارمان هەبوو کەمن ئەوکات جێگرەکەم کاک ئاسۆ ئەو بەسەختی بریندار بوو ئێستا شکور ماوەو ئامر فەوجە شەڕەکانی ئێمە زۆربەی کاتەکان لەناوچەی ڕەشاد بوو یاخود بڵێین لەناوچەی نەهرەواندا بوە جاریواهەبوە مەسەلەن بۆ هاوکاری هێزەکانمان چوین بۆ بەشیر کەلەمەلا عەبدوڵا جارێکیان لەگەڵ کاک شێرکۆ لەناوچەی مەلا عەبدوڵا هێرشێکی گەورەیان کرد بۆسەر لیوای ١١ کاک لیوا نەهرۆ ئامر لیوای بوو لەگەڵ کاک شێرکۆ ڕۆیشتین ٥٠ بۆ ٦٠

کەسێکمان برد لەمەلا عەبدوڵا شەڕێکی باشمان لەگەڵیان کرد توانیمان لەمەلا عەبدوڵا هەموو ڕەبایەکانیان لێ بگرینەوە هەتا نزیکەی دێیەکانی ئەو ناوچەیە شە وەکەی لەوێ ماینەوە هەتاکو درەنگێک ئەوەبو لەوێ ڕۆژمان کردەوە ڕۆژنامە نوسێکمان لەگەڵدا بوو ناوی کامەران بوو ڕۆژنامەنوسەکە شەهید بوو زۆر بەداخەوە لەوێ بەسەختی بریندار بوو پاشان شەهید بوو، ئێمەش چەند پێشمەرگەیەکمان لێ شەهید بوو ٣ پێشمەرگەمان لێ بریندار بوو من لەوێ بریندار بووم ئێمەش هەمومان بەسەلامەتی لەگەڵ هێزەکەی جەنابی کاک شێرکۆ گەڕاینەوەو هاتینەوە شوێنەکانی خۆمان بەنیسبەت هێزەکەی ئێمە کەلەسەر ئا وەکە بوین ئا وەکەی ڕەشاد کە دامەزراینو بڵاوەمان کرد بەسەر ئاوی ڕەشاد، هەموو هێزەکان ڕەبایەمان هەبووەو سەنگەری باشو کابینەی باشمان هەبوە ئێمە لەناو کابینەکانی خۆمانا ماینەوە، بەڵام بۆ ساردی شوێنەکە زۆر ساردبوو خۆتان ئەزانن کە پێشمەرگە ئەوەنەی کەلەواجبا بوایە نەئەبوایە هیچ پێشمەرگەیەک بخەوتایە ئێمە تاکو بەیانی لەگەڵ پێشمەرگەکانماندا دانیشتینو نەئەخە گوتین حەرەسیاتمان ئەگرت هەمیشە لەگەڵیاندا بوین ساردی ئەمساڵیشمان زۆر سارد بوو، ئەو زستانەی کەوا ڕۆیشت بەڕاستی زستانیواسەختم لەکەرکوکدا نەبینیوە قەناعەت بکە جاریواهەبوە هەموو پێشمەرگەکانمان زۆر سەرمایان بوەو لەرزیون لەسەرما، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دانیان بەخۆیان گرتوەو توانیویانەواجبەکانی خۆیان بگرن ئێمە توانیمان هەتاکو مانگی ٢٠١٥/١ لەجادەی ڕەشاددا بمێنینەوە، بەڵام پاشان دوای چەند گۆڕانکاریەک هەبوو کەداعش هێرشێکی گەورەیان کرد بۆسەر هەموو میحوەرەکان بەتایبەت لەسەر سنوری لیوای ١ ئێمە ئامر لیواکەمان ئەو شەوە شەهید بوو کاک شێرکۆ بەداخەوە چەند پێشمەرگەیەکمان شەهید بوو

هەندێک پێشمەرگەی تریشمان بریندار بوو پاشان جەنابی کاک لیوا ڕەش ئامر لیوامان چەند گۆڕانکاریەک لەفەوجەکەماندا کرا کەمنیان هێنایە مەکتەب خالید ئەوەبو لەماوەیەکی زۆر کورت لەوێ بوین نزیکەی ١٠ بۆ ١٥ ڕۆژێک لەمەکتەب خالید بوین پاشان بەرنامەیەکی هێرش دانرا بەرەو مەکتەب خالیدو بەرەو دێی مرەی بچوکو گەورەو ئەبوکاعوبو نەهرەوانو مجەمع شەهیدو یەرموکو بۆ هەموو شوێنەکان، ئێمە وەکو فەوجی لیوای ١ ئەوکات وەک فەوجێکی ئیحتیات دانراین کەئامر لیواکەمان تازە شەهید بوبو کاک هیوا تازە هاتبو ئێمەیان دانا بەئیحتیاتو بۆ ئەوەی شوێنەکان پڕبکەینەوە هێرشەکە بۆ ئەو هێزانەی کەبۆیان دانرابوو لەتەلوەردەوە دەستیان بەهێرشی خۆیان کرد تانزیکی مەکتەب خالیدو بەرەو مرەی بچوکو مرەی گەورەو دێی شەهید، ئەوان هەمویان لەماوەیەکی زۆر کورتدا چون شوێنەکانی خۆیان گرتو ئێمەش چوین ناوچەی مەکتەب خالیدمان وەرگرت مەکتەب خالیدو نەهرەوانو مرەی گەورەو مرەی بچوک ئێمە وەک لیوای ١وەرمان گرتن من بەر جسری مەکتەب خالید کەوتم، ئێمەواجبەکانمان بەوشێوەیە گرتوە ژیانی پێشمەرگە وەکو بڵێین ئەرکی سەرشانی خۆمان بوە ئیشی پێشمەرگایەتیمان کردوە دیفاع کردن بەئەرکێکی پیرۆز ئەزانین کە دیفاع لەخاکی کەرکوکو هەرێمی کوردستان بکەین، ئێمە هەمومان پێشمەرگەکانمان بەورەیەکی بەرزەوە هەموو فەرماندەکانیشمان بەورەیەکی بەرزەوە زۆر بەهێزێکی پۆڵاینەوە دیفاعیان لەشاری کەرکوکو خەڵکی کەرکوک کردوە بەهەموو چینو توێژەکانیەوە نەک بڵێین شاری کەرکوک بەس کورد یان تورکمان یان عەرەبی یان مەسیحی یان کلدانی تیابوە هەمو خەڵکێکی تیا بوە، بەڵام ئێمە بەبێ جیاوازی بەبێ فەرق دیفاعمان لێ کردنو دیفاعیشیان لێ

ئەکەین، ئە وەتا ئێمە ئێستاش بەردەوامین ئامادەشین هەموو کاتێک خوێنی خۆمان لەسەر خاکی کەرکوک یاخود کوردستان بەخت بکەین وەخوێنی خۆمان بۆ خاکی کوردستان بڕێژین، خۆتان ئەزانن بەدرێژایی ئەم جەبهەیە لەبەر چاوتانایە لەشەڕی داعشدا لەکۆبانێ وەهەتا خانەقین پێشمەرگە پاراستویەتیو هەموی بەخوێنی پێشمەرگە پارێزراوە بەهەبونی پێشمەرگەو فەرماندەکانی پارێزراوە ئەم شەڕە شەڕێکی نەگریسە شەڕێکە بەمل کورددا هاتوەو زۆر قورسە، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە هێزی پێشمەرگە لەڕوی ئەوەی کە قەیرانێکی دارایی ڕوی لەعێراقو هەرێمی کورستان کردوە لەگەڵ ئەوەشدا پێشمەرگە توانیویەتی دیفاعی خۆی بکاتو زۆر بەسەربەرزانە ئامادەین شەهید ببینو لەماڵو منداڵی خۆمان دوربین بەم جەژنە خۆتان ئەیبینن پێشمەرگەمان نەچۆتەوە ناو ماڵو منداڵی خۆیو لەدوری ئەوان جەژنی کردوە زۆر بەئازایەتیو قارەمانیەتیو لەخۆبوردوانەو بێ باکیانە توانیویەتی دیفاع بکات، هێزی پێشمەرگە هێزێکە بیرو باوەڕی بەخۆی هەیە، لەوەتەی دروست بوە چەکی پێشمەرگایەتی کردوەتە شانو لەژیانی پێشمەرگایەتیدا چەندین جار بریندار بوەوە چەندها شتی ناخۆشی بەسەردا هاتوە ناوەکەی خۆی بەخۆیەوەیەتیو پێش ژیان مەرگی هەڵبژاردوە وەخۆی داناوە کەشەهید ببێتو چاوەڕێی هەموو شتێکی ناخۆشە وەکاری پێشمەرگایەتی خۆشی دەکات بەبێ ئەوەی بێزاربێت، ئێستاش لەبەرچاوی خۆتاندا هێزی پێشمەرگە جەبهەکانی خۆی بەهێز کردوە لەهەموو سنورو شوێنەکاندا ئەوەندەی کەوا هێزی پێشمەرگە لێی موسەیتەر بێت بەمدواییەش ئەم هەموو هێرشە کرا بۆدێیەکان ئەوکات لەمادەی ١٤٠ دا بوو کەدابڕاو بوو لەهەرێمی کوردستان ئێستا ئەزانن کە هەرێمی کوردستان ڕزگاری کردوەو

پێشمەرگەش دیفاعی لێ ئەکات لەوشوێنەی کەوا ڕزگار کراون هەموو خەندەقی باش لێ دراوە، هەموی ڕەبایەی باشی لێ دانراوە، پێشمەرگەش ئێستا بەرگری لەهەموو ئەو خاکانە ئەکات کە داگیر کراون لەلایەن داعش یاخود ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکان کەدژی کورد بونە ئێستا ئەوخاکانە هەموی گەڕاونەتەوە سەر هەرێمی کوردستان‌و ئێمە وەکو پێشمەرگە دیفاعی لێ ئەکەین بەهەموو لایەنەکانەوە من ئەمڕۆ چەندین ژن‌و منداڵی عەرەبم ڕزگار کردونە کە چەندین مناڵیان هەبوە هەیانە یەک ساڵ بوەو هەیانە ساوابوەو هەموو تەمەنەکانی تیا بوە لەدەستی داعش ڕزگارمان کردون بەرەو شاری تکریت بەڕێمان کردون ماشێنمان بۆ بەکرێ گرتون لەگەڵ برداران‌و ئاسایش‌و پۆلیسدا، کاتێک کەئەمە ئەگێڕمەوە کە پێشمەرگە هەم دیفاع کەرەو هەم پارێزەرە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خۆی بەخاوەنی هەموو چین‌و توێژەکان ئەزانێ بۆیە پێشمەرگە ناوێکی زۆر پیرۆزەو جێگەی شانازین.

# بەهرۆز محەمەد حەسەن

من ناوم (بەهرۆز محەمەد حەسەن)ە نائیب زابتی دەرەجە ٨ فەوجی ٥ لە یەکەی ١٢٠ ی پشدەرم، ئێمە لەسەرەتای شەڕەکەدا لە٦/١٤ نێردراین بۆ میحوەری گەرمەسێر جەلەولا قەرەتەپە وەکو بیرەوەریش بیرەوەری زۆر ناخۆشمان بەڕێ کردوە لەو میحوەرە بەحوکمی ئەوەی نامۆبوین بەئەو شوێنە شارەزایمان نەبوو توشی زۆرشتی ناخۆشیش بوین یەکێک لەوانە زۆر لەبرادەرەکانمان لەجەلەولا محاسەرە بوون ٢١ پێشمەرگە بون محاسەرە کرابون بەحوکمی ئەوەی شارەزا نەبون لەناو جەلەولا مابونەوە دواتر پشتیان لێکردبون‌و محاسەرە بون شتێکی ناخۆش بوو بۆ ئێمە ٢١ لەهەڤاڵەکانمان لەوێ بەجێمابون زۆر محاوەلەمان کرد تادواتر ئازادکران هەوڵەکانمان لەڕێگەی ئاسایشی گەرمیانەوە بوو کاک هەژار سەرپەرشتی ئاسایشی گەرمیان بوو زیاتر هەولّی ئەوان بوو ئازادکران چونکە ئەوان شارەزای شوێنەکە بون توانیان ئازادیان بکەن، وەلە١٢ نیوەڕۆوە تا شەوو بەری بەیان لەوێدا مابونەوە ئەوان نەیانزانی بو کەمحاسەرەن‌وایان زانی بوو کەهەر لەچواردەوری خۆماندا ماونەتەوە کاتێک یەکێک لەپێشمەرگەکانمان دێتە سەربان لەپشتەوە تەقەیان لێ دەکرێت دێتەوە خوارەوە دەڵێ مەیەنەوە سەربان پشتمان گیراوەوادیارە محاسەرەین، ئەوجا پەیوەندی بەهێزەکانەوە دەکەن بەپێی قسەکانی خۆیان دەڵێن نابێت بێنە دەرەوە ئێوە محاسەرەن، یەکێک لەشتە نامۆیەکان ئەوەبو ٧ ئاسایشیان لەگەڵ

بوو کەلەناوچەی پارتی بەجێمابون لە٧ ئاسایشەکە ٣ یان ئیستخباراتی داعش بوون هەتا یەکێکیشیان لەقادرمەکانی سەرەوە فڕێ دابوە خوارەوەو ٢ شیان تەسلیمی میحوەر کردەوە، لەئاسایشەکان سیانیان هاوکاری داعش بون ئەوانیش زانیبویان ئەونەفەرانە لەوێ بەجێماون، بەتەلەفۆن ئاگادار کرابوینەوە کەئەوان پەیوەندی بەشوێنێکی ترەوە ئەکەن جگە لەسەروی خۆیانەوە، ئێمە لەگوندەکانی سەربەناحیەی جەلەولا بوین ناوچەی تەبج پێشمەرگەیەکمان ڕۆژێک چوبو لەناو گوند گەڕابوو ئەوشوێنەی کەلەجەلەولاوە ئەپەڕیتەوە بۆ گوندەکەی لەوێ گەڕابوو هەوێیەکی دۆزیبۆوە لەگەڵ ٢٤ هەزار لەپارەی تەبع هەتا پارەکەی هێنابوو هەوێکەی بەجێ هێشتبوو دواتر چوین هەوێکەمان هێنایەوە کەهەویەکەمان هێنا لای خۆمان بوو بۆ دوو بەیانی تەقینەوەیەک بوو شەهید محەمەد شێنی شەهید بوو کەخەڵکەکە خڕ بۆوە ئێمە هەویەکەمان دا بەئامر لیواکەمان وتمان ئەو هەویەیەمان دۆزیوەتەوە بەهاوکاری ئاسایش کابرایان دۆزیەوە لەقەرەتەپە خۆی حەشاردابوو لەدەواجینێکدا، کابرایان هێنا دوای ئەوەی کەلێکۆڵینەوەی لەگەڵ کرا زۆر بەوردی ئیعترافی لەسەر ئە وەکرد کەمن هاتوم ٢ شەوە لەوشوێنە بووم بەڵام نەیوتبوو من تەقینە وەکەم دانابوو بەس بەپێی ئاماژەکان دیاربوو کەهەر ئەو تەقینە وەکەی دانابوو دواتر کابرایان لەشوێنی تەقینە وەکە کوشتو ئێستاش مەیتەکەی لەوێیە، ئێمە شەوانە کەمین دەردەکەین تائێستا ٢ کەس گیراوە لەتبج لەو ناوچەی وەخەڵکیش هەبوە لەناو ناوچەی کوردەکانەوە بەتایبەتی لەکەلار هاتوە بۆ ئەوەی شتێک دەست کەوتی بێتو شتێک بەرێت بۆخۆی ئێمە لەکەمیندا گرتومانە سەر بەداعش نەبون هاتوە مەڕو ماڵاتێکی زۆری لەوێ بوو ئێمە کەلەکەمیندا گرتمانن ئەیانوت ئێمە بۆ هەنگ دزین

هاتوین بۆ هیچ شتێکی تر نەهاتوین چونکە ٢ ڕۆژ دوای کوشتنی ئەو پیاوەی بوو ئەوەی کەگیرابوو کابرا خەڵکی کەڕەوی بوو لەهۆزی کەڕەوی بوو لەجەلەولا بوو ئێمە گومانمانوابوو کەبەکرێ گیرابێتو بۆ مەیتەکە هاتبن ئیدی ئێمە نازانین دوایی چی بەسەرهات دواتر تەسلیمی میحوەرمان کردەوە، لەمیحوەرەکەی خۆمان یەک دووجار گوازراوینەتەوە بۆ ناوچەی کەرکوک باشوری کەرکوکو تەلوەرد ئەوکاتە هێرشی تەلوەرد کرا هێرشە بەرفراوانەکە عبوەو تەقینەوەیەکی یەکجار زۆر دانرابوو ئەو شتانەمان لەوێ بەچاوی خۆمان بینیوە ئەمانە زۆر دیار بونو لەبیر ناچنەوە ئەوەی کە هەویەکەیمان دۆزیەوە موالیدی ٦٣ بوو ئەو محەمەد شێنی کەبەتەقینە وەکە شەهید بوو برایەکی هەر لەوێ بوو ناوی زرارە لیواکەمان تەسلیمی ئەوی کرد گوتی خوێنی براکەت بسێنەو بیکوژە ئەویش کوشتیەوە لەتۆڵەی خوێنی براکەی، جارێکی دیکە لەدەوامدا بوین کاتێک تەلوەرد گیرا داعش هێرشێکی بەرفراوانی کرد لەداقوقەوە هەتا مەترسی لەسەر کەرکوک دروست بوو هەتا مەعمەل غازەکەی کەرکوک هات ئێمە برادەرانمان لەدەوام کۆبونەوە گوتیان دەچین بۆ ئەوێ دوای ئەوەی کەلەوێ پێیان وتبون مەیەن ئەو هێزانەی ترمان بردون ئێوە مەیەن ئامر فەوجو برادەران وتبویان مادام ناچین بۆ ئەوێ دەورەیەکیان کردبوو بۆسەر بەحرەکەی حەوزی حەمرین لەوێوە تەقینەوەیەکیان پێدا تەقیەوە ٧ نەفەر شەهید بوون عەقید حاجیو برازاکەیو عوسمان ئیبراهیمو کاک خدرو شەهید محەمەد هەر ٧ یان شەهیدبون کەلەماشێنیەکدا بوون هەمویان شەهید بوون کە یەکەمجار ویستمان جەلەولا کۆنترۆڵ بکرێتەوە زۆر شەهیدمان دا شەهید حەوێزو شەهید ڕزگارو شەهید ئیبراهیم هەموو ئەو شەهیدانە بوون کە لەفەوجەکەی ئێمە بوون.

# هیوا ڕەشید ئیسماعیل

من ناوم (هیوا ڕەشید ئیسماعیل)ە پلەم نەقیبە دەرچوی کۆلێژی سەربازی قەلاچوالانم دانیشتوی ناحیەی حاجیاوام سەر بەقەزای ڕانیەو پارێزگای سلێمانیم ساڵی ٢٠٠٨ کۆلێژی سەربازیم تەواو کردووە، دوای تەواوبونی کۆلێژی سەربازیمان ناومان گەڕایەوە لەجەیشی عێراقی من ناوم دەرچو لەفرقەی ١٢ ی لیوای ٤٦ فەوجی ٢ لەبێجی دوای ئەوەی کە ناوم دەرچوو، ئەوکات بارو دۆخی ئەو ناوچانەی کەوا ئێستا هێزی پێشمەرگەی لێ جێگیرکراوە ناوچەکانی خواروتریش ناوچەیەکی ناسەقامگیر بوون کە لای برا عەرەبەکان بەوە ناسرا بوو طریق الموتواتە ڕێگەی مردن چەند جارە ئێمە پەیوەندیمان بەدەوامەکەمانەوە ئەکردەوە وەک کەسێکی سەربازی خۆمان نیشان نەئەدا، چونکە ئێمە دەوامی زیاتر لەسەیتەرەکە بوو لەسەر ڕێگای کەرکوک بێجی بووین لەسەر پارێزگای تکریت نزیکەی ماوەی ساڵێکو ٨ مانگ دەوامم کرد لەوێ توشی زۆر ڕوداوی نەخوازراو بوین، یەکێک لەو ڕوداوانەی کە بیرم بێت قەتیش بیرم ناچێتەوە لیژنەی موچە بووین چەکی پارەمان بۆ کرابو، هی فەوجی ٢ ی لیوای ٤٦ فرقەی ١٢ چوین موچەوەربگرین بەڕێز موقەدەم ڕوکن شوکر خەڵکی مەلا عەبدوڵا بوو عەرەب بوو، ویستمان بچین موچە بێنین لەیەکێک لەبانکەکانی تکریت لەڕێگا ٥ ماشێن بووین عبوەیەک تەقی بەپاسەوانەکانی بەڕێز موقەدەم ڕوکن شکور لەتەنیشت گوندی مێشولەکە بەکوردیوایان پێ ئەوت لەم




لادێیەدا دەستڕێژێکی گوللەمان لێکرا کە بەپێی ئەو زانیاریەی کە ئێمە هەمانەو خوێندومانە لەزانستی سەربازیدا کەئەو دەستڕێژەی لێمان کرا فیشەکی بیکەیسی بوو، بەڵام زۆر بەخۆشحاڵیەوە ئەو فیشەکانە هیچیان بەر ماشێنکەمان نەکەوتن دوبارە دەستمان کردەوە بەڕۆیشتن بەڵام لەکاتی ڕۆیشتنمان نزیکەی ٥٠ مەترێکی تر بەرێکەوتین یەکێک لەو پاسەوانانەی کەلەگەڵماندا بوو لەهەمەرەکەوە فیشەکێک دەرچوو بەرملی کەوت من خەریکی نامەناردن بووم لەگەڵ برادەرێکی تردا لەوکاتەیا دڵۆپێک خوێن کەوتە خوارەوە من لەدواوە دانیشتبووم بیکەیسیەکە لەسەرەوە بوو لەبەر ئەوەی هەمەر بوو کاتێ کە من بەخوێنەکەم زانی کەکەوتە سەر شاشەی مۆبایلەکەم کاتێک کەبینیم ئەو پێشمەرگەیەی لای بیکەیسیەکە فیشەک بەرملی کەوتوەو درود بۆ گیانی خەڵکی بەغداد بوو بەس بەداخەوە ناوەکەیم بیر نەماوە چونکە لەمێژە ئەم شتە ڕویدا دوبارە ئێمە گەڕاینەوە لەو گوندە ئارپیچیەکمان تێگیرا ئیدی ئێمە بەهەر ٤ ماشێنکەوە نزیکەی ١٦ نەفەر ئەبوین بەئامرەکەشمانەوە دەستمان بەتەقەکردن کرد، بەڵام زۆر بەداخەوە داواکارم لەخوای گەورە ئەم ئیشەمان بەگوناح بۆ نەنوسێت ئێمەش نەمان ویست هێرش بکەینە سەر ئەوگوندە بەڵام ویستمان بەرگری لەخۆمان بکەین چونکە لەو گوندەوە تەقە لەئێمە دەکرا کاتێک ئێمەش ویستمان تەقە لەوگوندە بکەینەوە بەڵام بەداخەوە کاتێک کەچوینە ناو گوندەکەوە منداڵێک لەبێشکەدا بوو بەفیشەکەکانی ئێمە گیانی سپارد، بەڵام هەرچەندە پرسیاریشمان کرد لەیەک دوو مامۆستای ئاینی وتمان مامۆستا بەقەتڵ بۆمان حیسابە گوتیان نەخێر بەقەتڵ بۆتان حیساب نیە چونکە ئێوە بەرگریتان لەخۆتان کردوە بەدڵنیاییەوە من لەماڵێکەوە تەقەم لێکرا منیش تەقەم لەوماڵە کردۆتەوە بەس کەچوین گوتیان ڕایان کردوە لەوێ نەماون ئەو تیرۆریستانە بۆیە داواکارم لەخوای گەورە

کەئەوەمان بەگوناح لەسەر حیساب نەکات چونکە ئێمە ویستومانە حەرەسی بیرە نەوتەکان بین‌و ق گوتی خەڵکی کوردستان بپارێزین بەو بۆریە نەوتانە چونکە خەڵکی هەرێمی کوردستان داهات‌و مەعیشەتیان لەسەر ئەو بیرە نەوتانەیە چونکە پاسەوانی ئەوانەمان ئەکرد نەک کەسێک بێت ق گوتی خەڵکی عێراق‌و هەرێمی کوردستان‌و ئەو ناوچانە ببات، چونکە ئەو ناوچانە هێڵی سورەو بەهیچ شێوەیەک ئێمە قبوڵمان نیە ئەوەبکەن بۆیە ئێمەش هەم لەبەر گیانی خۆمان کە پارێزگاریمان لەخۆمان‌و لەخاکی عێراق بەتایبەتی خاکی هەرێمی کوردستان توشی ئەوە نەبن بۆیە هیچ کاتێک کە ئەڵێن منداڵێک مرد من هەمیشە ئەوەم بیر دێتەوە هەردوو چاوم پڕ دەبێت لەئاو ئێستاش پەرۆشی ئەو منداڵەم چونکە ئەو منداڵە ڕاستە بێ تاوان بوو بەڵام لەو ماڵانەدا تەقەمان لێکرا دواتریش بۆمان دەرکەوت کەباوکی ئەو منداڵەو مام‌و کەسەکانی ئەوانە بوون کەلەگەڵ ڕێکخراوی تیرۆریستی بوون ویستیان کردەوەیەکی تیرۆریستی ئەنجام بدەن بەداخەوە زۆر لەبرادەرەکانیشمان لەوێ شەهید بوون لەوانە شوان بەرزان ئەویش ئەفسەرێک بوو لەموسڵ بەرتەقینەوە کەوت کەزۆر بەداخەوە کەتائێستاش لەبیرم ناچێت.

لەو ڕۆژانەدا سوتفە برادەرێک پەیوەندی کرد گوتی برای شەهیدێک ئەیەوێ تەرایی بدات ئەتوانی هاوکاری بکەیت ماڵی لەڕانیەیە منیش لەو ڕوانگەیەوە هەندێک ئەفسەری لەبرایانی شۆفێرم هەیە لەڕانیە هەندێکیان برادەرمن وتم لەکوێ شەهید بوە گوتی لەبەرەکانی جەنگ شەهید بوە وتم چۆن بوە گوتی ١٢ ساڵە زەواجی کردوەو منداڵی نەبوەو دوای ئەوە خوای گەورە منداڵێکی پێداوە کەتەمەنی ٣ ساڵان بوە دەوامەکەی ١٠ بە١٠ بوە ئەو ئەفسەرە کاتێک کەلەبەرەکانی جەنگ بوە گوتی ئەوەندە منداڵەکەی‌و خێزانەکەی خۆش ویستوە ڕۆژی دەجار

پەیوەندیان بەیەکەوە کردوە گوتی لەکاتێکدا پەیوەندی تەلەفونیان کرد گوتی دەبو سەعات ٢ ی پاش نیوەڕۆوەجبەیان هەبوو کەبگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، بەڵام سەعات ١٢ ی نیوەڕۆ ئەمریکیان بۆهات کە سەعات ٦ ئێوارە هێرشە گوتی کاکە من دانابەزم گوتی بو بەسەعات ٢ نیوەڕۆ تەلەفونێکی بۆهات گوتی هەر بەهەوای جاران‌وایزانی منداڵەکەیەتی تەلەفۆنی بۆ ئەکاتو هەواڵی ئەپرسێت گوتی خێزانەکەی بوو دای لەگریان گوتی بۆ ئەگری گوتی ئەو منداڵەی کە ١٢ ساڵ چاوەڕێمان ئەکرد خوای گەورە پێیداین‌و بردیشیەوە، گوتی زۆر تێکچوو ئەو برا پێشمەرگەیە تەلەفونەکەی بەگوێوە بوو گوتی بەچی عەمری خوای کرد گوتی ماڵی لەسلێمانیە گوتی یەکێک لەئاوارەکانی عەرەب ماشێنی پێ بوە لەسەمون خانە ئیشی کردوە زۆر بەتیژڕەوی هاتوەو لەمنداڵەکەی ئێمەی داوەو کوشتویەتی گوتی براکانی تۆو کەسوکارەکانی تۆ ئەڵێن عەرەبە بابیکوژین گوتی نەخێر سوێند بەخوا نایەمەوە هەتا هێرشەکەش نەکرێت منالی من ناچێتە خاک ئەبێت ئەوکەسەی خۆی لەمنداڵەکەی من داوە ئەبێت ئازاد بکرێت کابرا من هەر ناناسێت من کەخستمە سجنەوە فەرقم نیە لەگەڵ ئیرهابیەکان، واتا تۆ بزانە پێشمەرگەیەک لەبەرگری بێت لەخاکی کوردستان لەعەرەب بەرگری بکات لەکورد بەرگری بکات خوێنی خۆی بڕێژێت کەمناڵەکەی بمرێت ١٢ ساڵ خوای گەورە منداڵی پێ نەبەخشی بوو خوای گەورە پێی بەخشی‌و کابرایەکی عەرەبی ئاوارە بێت لەسلێمانی بەماشێن لێی بداتو بیکوژێت ئەوە هەڵوێستی بوە، جا کارەساتێک دوای ٤ سەعات لەوە ڕویدا لەهێرشەکەی ئێوارە باوکەکەشی شەهید ئەبێتو گیان ئەسپێرێت بەداخەوە لەیەک ڕۆژدا تەعزێی باوکو کوڕ.

# موقەدەم یوسف محەمەد عەزیز

من (موقەدەم یوسف محەمەد عەزیز) فەرماندەی فەوجی ٢ لیوای ٢ ی تایبەتی مام جەلالم، پێشتر لێرە نەبوم لە١٩ /٢٠١٥/٣ نقڵی ئێرە بومەوە هاتمە ئێرە پێشتر من جێگری فەوج بووم لەلیوای ٤ی پیادە لەسنوری زەممارو شەنگالو ئەوانە زیاتر شەڕە سەختەکانی ئەویێ زۆر کاریان لەمن کرد، ناخۆشترین بیرەوەریم ئەو ڕۆژە بوو کە شەنگال گیرا شەنگالو زوممار گیران لەویێ دابڕام لەگەڵ هێزەکەم کەوتمە ناو دوژمنو چواردەورمان گیراو کۆمەڵێک دۆستو برادەرمان شەهید بون ئیدی بەپەرتەوازەیی هێزی پێشمەرگە شکا بێ بەرنامەیی تێدا بوو ئەوە زۆر تەئسیری لەمن کرد ئەو ڕۆژەی وەک فەرماندەیەک توانیم هێزەکەی خۆم بپارێزمو بەپاکی بیهێڵمەوە زۆر دڵی خۆش کردم هەم بیرەوەری ناخۆش بوو لەسەریێکیشەوە هەم دڵم خۆش بوو ئەو هێزو جەماعەتەی کە هێزەکەی لەگەڵ من بوو سەرپەرشتیم ئەکرد بەسەلامەتی دەرمچواندن گەیاندمن بۆ شوێنێکی ئارام، دواتر خۆمان ڕێکخستەوەو شوێنەکانمان گرتەوە ئەو شەڕە ٣ ڕۆژ خۆی گرت سەرەتای شەڕەکە لەڕۆژی ٨/١ بوو لەسنوری دیاربەکر بوین لەویێ هێرشەکان دەستی پێکرد داعش هەندێک ڕەبایەی لیوای ٨ ی گرت، ئێمە بەهانای ئەوانەوە چوین شوێنەکانمان گرتەوە دوای ئەو شەڕە بۆ ئێوارەکەی فەرماندەی فەوجم گەڕایەوە من لەو شوێنە مامەوە بۆ

بەیانیەکەی لەمەعەسکەر هێرشێک هات دوای ئەوەی فەرماندەکەیان بریندار بوو ئیدی شیرازەی هێزەکە تێکچوو کۆنترۆڵ لەدەست درا ئەوەبو لەگەڵ بریندار بونی فەرماندەکەیان کەناوی بەشیر بوو هێزەکەیان پاشەکشەی کردو زوممار گیراو تابەرەو ڕێگەی فیشخابور هاتن، مەفرەقێکی لێیە پێی دەڵێن عەلی عەبار لەو مەفرەقە تائەوێ داعش گەیشت ئێمە هێشتا لەگەڵ هێزەکانی پێشەوە شەڕمان بوو دوای سەعات ٤ ئەوەی کەباسم کرد لەدابڕانەکە لەوێوەوە بوە هۆی ئەوەی هەم سەرەتای شەڕی داعش نامۆ بوو لەگەڵ ئێمە، شەڕەکان فەرقیان هەبوو لەگەڵ ئێمە بەهۆی ئەوەی ئەوان زیاتر درعیان بەکار ئەهێنا ئێمە ئەو ئەزمونەمان لەسەر ئەوان نەبوو ئەوان تەقینەوەیان هەبوو سەرەتای شەڕەکە زۆر بەلای ئێمەوە سەخت بوو، ئەوەبوو ڕۆژی ٢ مانگ هاتین لەحدودی سوریا لەگوندی مەحمودیە دامەزراینەوە ڕۆژی ٣ مانگ هێزەکانی شەنگاڵیش بەهەمان شێوە توشی شکست بون هێزەکانی زیرەڤانی لەوێ بوون کەکاک عەزیز سەرپەرشتی ئەکردن سەرەتا کەلەوێ شەڕبوو زۆر سەخت بو بەلامانەوە چونکە پێشتر لەوناوچانە شەڕ نەبوبو وەئەزمونی شەڕەکانیش زۆر فەرقیان هەبوو کەئەوان هاتن خۆیان تەقاندەوە هێزەکان توشی شکست بون ئەو تراتژیدیایەی کەلەبەر چاومە ژنو منداڵ، منداڵ بەئامێزی باوکیەوە من وەکو فەرماندەیەکی عەسکەری لەبەرچاوی من باوکێک کوڕەکەی بریندار بوبو لەبەر ئاپۆڕای جەماوەر نەیئەتوانی بڕوات واتا لەبەرچاوی من منداڵەکەی مرد زۆر شتێکی تراژیدیای بوو، ئێمە لەوێش توانیمان مقاوەمەی باش بکەین، بەڵام دواتر دیسان لەبەر ئەوەی دەشتاییەکی زۆر بو پێشمەرگەش نەیدەتوانی ئەو هەموو شوێنانە پڕبکاتەوە سەحرای ئەوێ گەلێک بەرینە لەناکاو تۆ لێرە شەڕدەکەیت دوژمن

لەلایەکی تر لەدەشتەکەوە توانی ڕێگاکانت ببڕێت ڕێگای پشتگیریت ببڕێت ئەوە شیرازەی تێکداین، ڕۆژی ٢٠١٤/٨/٣ بەتەواوەتی گەیشتینە سەر فیشخاپور قەناعەت بکە قورگم قوڵپی گریان بوو تراژیدیایەکان خۆم وەک ئەفسەرو پێشمەرگەیەک کە وڵات پارێز بووم لەبەردەم شکستەکان من خۆم بەشەرمەزاریەوە دەبینی، ئەوەبو ڕۆژی ٤ مانگ فەرماندەی لیواکەم هات تۆزێک خۆمان ڕێکخستەوە، عەمید حیکمەت گوڵی پێ ئەوترا فەرماندەکەمان چونکە ئێمە لەوێ هێزی موشتەرەک بوین لیوایوەزارەتی پێشمەرگە بوین جیاوازیمان نەبوو هەمو هێزەکانی تێدا بوو بێ جیاوازی بەڵام ئەوەی کە زۆر دڵی خۆشکردم پێشمەرگەکانی کەلەگەڵم بون بەبێ جیاوازی حیزبایەتیو بێ ئەوەی بڵێی ئەمە خەڵکی هەولێرەو ئەمە هی دهۆکە شەڕیان ئەکرد تا بەبێ ئەوامر نەچون ئەوە جێی دڵخۆشی بوو ئەوەی کەزۆر حاڵەتێکی ناخۆش بوو بەلامەوە چونکە ناوم بەشەهید بون ڕۆیشتبوو بۆماڵەوە خێزانم تەلەفۆنی بۆ کردم مۆبایلەکەم لەکاتی شەڕەکان لێ کەوتبوو، کەوتبوە دەستی داعش خێزانم کەتەلەفۆنی دەکرد هەڵنەدەگیرا من ئەوەندەم هاوار کردبوو لەهەموی ناخۆشتر ئەوەبو خەزورم تەلەفۆنی کرد ئەیوت یوسفم بدەرێ منیش ئەموت بەخوا خۆمم ئەیوت کاکە تۆ ئەو نیت بمدەرێ بۆ قسەم بۆ ناکات وتم مامەوەڵا خۆمم، واتا حاڵەتەکان زۆر ناخۆش بون ئەوەبو کە گەڕامەوە بۆ ماڵەوە منداڵەکانم زۆر دڵگیر بوون، کوڕە گچکەکەم هەتا سێ چوار مانگیش نەمەتواتی تەلەفزیۆنیشیان بۆ بکەمەوە هەموکات دەستی ئەخستە ملمەوە ئەیوت توخوا بابە ئەمجارەوامەکە زۆر شتێکی ناخۆش بوو بەلامەوە، کە مەحمودیە گیرا من پەیوەندیم بەو هێزەی ڕەبیعەوە کرد وتمان کاکە ئەوانەی پشتانەوە گیراوە ئەوەبو کاک قادر هەورامی فەرماندەی فەوج

بوو لەویٚ شەڕێکی باشی کرد ئەو هێزانەی کەلەشەنگال محاسەرە بون توانی لەڕێگەی ئەوەوە هەم ئەوانەی خۆمان دەرباز بکات تەنها هێزێک نەگەڕایەوە بەقسەی ئەوانی نەکرد هاتن لەمەحمودیە توشی کەمین بوون ٢ شەهیدیان دا بەحاڵ دەرچون بەڵام هێزەکانی یەپەگەش فریایان کەوتن یەپەگەش بەبیٚ جیاوازی کوردانە ئەوەی ئەوانیش لەبەرچاوە، مەوقیفێکی کوردانەی زۆر قارەمانانەیان هەبوو هاتنە لای من زۆر بەخێرایی فریای هێزەکانی پێشمەرگە کەوتن ئەو ڕۆژەی کەمن گەیشتمە مەحمودیە قەناعەت بکە کەدامەزرام سەنگەرەکانم دانا بەپەلەبووم ڕێکمخستن‌و هاتمە ئێرە وتم خەمی هیچتان نەبێت ئێمە پاڵپشتانین، دوای ئەوە بۆ ماوەی ١٥ بۆ ٢٠ ڕۆژێک ئیسراحەتێکیان کردو هێزەکانیان ڕێکخستەوە، ئەوبو پەلاماری ڕەبیعەمانداو ئازاد کرایەوەو زوممار ئازاد کرایەوەو دواتر هەتا چیای شەنگال ڕۆیشتین کۆمەڵێک برادەرم لەویٚ شەهید بون زۆر جێگای داخ بون، لەوانە نەقیب ڕوکن ج گوتیار یەکێک لەفەرماندە قارەمانەکان بوو کەلەڕێگای مەفرەقی حەردان لەویٚ لەهێرشێک شەهید بوو ملازم ئەوەل عیمادو کۆمەڵێک پێشمەرگە بون بەڕاستی ئەوانە هەمویان بەتەقینەوە لەناوچون بەڕاستی زۆر قارەمانانە ئەجەنگان خۆنە ویستانەو هەستیان ئەکرد زوڵمیان لیٚ کراوەو خاکیان داگیرکراوە، ئێستاش ئەو فەوجەی کەلەویٚ بون بەهەمان شێوە لەشەڕن لەناو شەنگالدان ئەو گەڕەکەی کەگیراوە ئێستا بەتەلەفۆن ڕۆژانە هەر هەفتەیەک ڕۆژانە ٤ شەهیدیان هەبوە چیای شەنگال با بڵێین جادەیەکی سەرەکی بەسەردا سەر دەکەوێت لەوێوە ئەچیتەوە شەنگال کە شەنگال ئەکەوێتە بناری شاخێکەوە گەڕەکی بن شاخەکەو قەڵاتەکەی لەدەستی هێزی پێشمەرگەو یەپەگەدایە کە باقی زۆربەی شارەکەو بازاڕی ناوشارەکە

لەدەستی داعشدایە هێزی پێشمەرگە سەیتەرەی لەسەر داعش هەیە بەڵام ڕۆژانە شەڕ بەردەوامە چونکە لەهەندێک شوێن قەناعەت بکە ٢٠٠ مەتر لەیەک دورن شەڕی کۆڵان‌و کۆڵانە بەڵام پێشمەرگە لەوێ زۆر خۆڕاگرانە شەڕ ئەکات تائێستا زۆر برادەرم لەوێ شەهید بوە لەوانە عەقید دڵشاد جێگر فەوج بوو بەیەکەوە بوین ئەو ڕۆژەی کەئەمری فەرماندەی فەوجی دەرچوو خەڵکی هەولێر بوو ئەمرەکەی نەگەیشت کەبچێت دەست بەکاربێت بۆ ئێوارەکەی شەهید بوو بەقەناس هێرشیان بۆ هێنابون ئەویش زۆر پیاوێکی ئازا بوو پێشمەرگەی دێرین بوو پێشمەرگەی دێرینی یەکێتی بوو لەکاتی شەڕەکە چوبو بەسەر نوقتەکاندا بگەڕێت ئیدی ئەوەندە نزیک بوبۆوە بەگولەیەک لەناو سەنگەرەکەی بەداخەوە شەهید بوو فریای ئەوە نەکەوت کەفەرماندەی فەوجایەتیەکەی وەکو پێ ویست بکات هەر بەجێگریش ئەو ڕۆژە ئەمری دەرچوو یەکسەر موباشەرەی ئیشەکەی نەکرد لەوێ شەهید بوو.

# ژیاننامەی شەهید لیوا (کەمال حاجی ئاغا)

لەکوێستانەکانی باڵەکایەتیەوە بۆ گەرمەسێری گەرمیان، شەهیدی فەرماندە کەمال حاجی خزر ناسراو بەکەمالی حاجی ئاغا، لەساڵی ١٩٥٦ لەگوندی (ئێنە) ی سەر بەقەزای چۆمان لەبنەماڵەیەکی خانەدانو کوردپەروەری باڵەکایەتی چاوی بەژیانو چیای کۆدۆو هەڵگوردو حەساری سەکرانو قەندیل هەڵهێناوە.

مام حاجی ئاغا هیواو ئومێدێکی زۆرو گەورەی لەچاوی هەموو کوڕە ئازاو جەربەزەکانیدا دەبینی بەتایبەت لەچاوی کاکە کەمالدا بەپشتو پەنای هێزی گشت براکانی دەزانی. کەمالی حاجی ئاغا لەهەرەتی لاویەتیەوە گەنجێکی هەڵکەوتوو تێکۆشەرێکی ئازاو بوێرو پێشمەرگەیەکی گیان فیدا، خەباتی لەپێناوی ئازادی ئەم وڵاتەدا کردوە، لەچیا سەرکەشەکانی باڵەکایەتیەوە لەبناری سەکرانەوە هەموو شاخو پێدەشتەکانی ئەم وڵاتەی کردوە، هاوکار بوە، هاوبەش بوە لەبەدیهێنانی ئازادی ئەمڕۆی کوردستان..

شەهیدی فەرماندە لەساڵی ١٩٧٦ لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمانو دروستکردنی مەفرەزە سەرەتاییەکان پەیوەندی بەڕیزەکانی ڕێکخستنی نهێنیەوە دەکاتو لەگەڵ کاک جەباری برایدا، بەشێوەیەکی نهێنی لەگوندی ئێنەوە دەچێتە بناری قەندیلو بەشداری کۆبونەوەیەکی مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێ دەکات هەر

بەنهێنیش دەگەڕێتەوە گوندەکەی خۆیان، لەو کۆبونەوەیەدا زیاتر بەبیرو فەلسەفەی هەڵگیرسانی شۆڕشی نوێ ئاشنا دەبێت. لەساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی بەڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکاتو دەبێتە پێشمەرگەیەکی ئازاو ناسراوی شۆڕشی نوێ..

عەشق بۆ خەباتی پێشمەرگایەتی هەر تەنیا لەدیدی کاکە کەمالدا ڕەنگ نەداتەوە بەڵکو لەساڵی ١٩٨١ لەهەڵوێستێکی بوێرانەو کوردانەدا مام حاجی ئاغای باوکیشی بڕیار دەدات خۆیو سەرجەم کوڕەکانیو بنەماڵە تێکۆشەرەکەیان، بەیەکەوە پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە بکەن، بۆیە دەچنە ڕیزی خەباتو شۆڕشەوە.

لەساڵی ١٩٨١ لەتۆڵەی ڕاگواستنی ناحیەی گەڵاڵە کەرتی (٥) ی گەڵاڵە زەبرێکی کوشندە لەڕژێمی بەعس دەدەن. هەر بۆ مەبەستی ئەو تۆڵەسەندنەوەیە دەستەیەک لەپێشمەرگەکانی هەرێمی (٧) ی باڵەک سەرپەرشتی فەرماندە ئازاو نەمرەکان.. (قادر خەبات، ئەحمد مەولود، برایم حاجی کوێخا، عەزیز داود، کەمالی حاجی ئاغا) بۆسەیەکیان لەزینی ماویلیان، بۆ قافڵەیەکی سەربازی ڕژێمی بەعس داناو قافڵە سەربازیەکەیان تێکوپێک شکاندو تیایدا چەندین سەربازی ڕژێم کوژران، تەواوی چەکو کەرەستەکانیان بەدەست هێناو پێشمەرگە قارەمانەکانیش ئەم نەبەردیەیان بەبێ زیان ئەنجامدا. لەساڵی ١٩٨٢ بۆتە فەرماندەی کەرتی ٢ ی تیپی ٧٤ ی باڵەک، لەساڵی ١٩٨٣ لەشەڕێکدا لەکونە کۆتر لەبناری قەندیل بریندار دەبێت هەر لەهەمان ساڵدا لەساڵی ١٩٨٣ ژیانی هاوسەری لەگەڵ (سەعدیە خان) پێک هێناوە. بەهۆی ئازایەتیو چاونەترسی لەساڵی ١٩٨٥ دەبێتە جێگری فەرماندەی تیپی ٧٤ ی باڵەک. لەساڵی ١٩٨٦ بەهەمان پلەی جێگری فەرماندەی تیپ بۆ تیپی ٩٩ ی بتوێن دەگوازرێتەوە. هەر لەساڵی ١٩٨٦

لەهیرانو نازەنین لەدژی ڕژێمی بەعسی گۆڕبەگۆڕ بەشداری شەڕی قۆپی (دارەبەنی) کردوە، کە ٧٢ سەعاتی خایاند. لەهەمان ساڵدا وەک فەرماندەیەکی قارەمان بەشداری داستانی قەیوان ماوەتی کردوە. دوای شەهید بونی برایم حاجی کوێخا کەفەرماندەی تیپی ٧٤ ی باڵەک بوو، لەلایەن سەرکردایەتیەوە داوا لەشەهید کەمال کرا، فەرماندەی تیپی ٧٤ بگرێتە ئەستۆ، بەڵام لەبەر خۆشە ویستی بۆ شەهید برایم، فەرماندەیی ئەو تیپەی ڕەتکردەوە شەهیدی فەرماندە لەساڵی ١٩٨٧ وەک سەرپەرشتیاری تیپی ١٢ ی سۆران، بەشداری داستانی بەناوبانگی ڕزگاری کردوە، هەر لەوساڵەدا لەگوندی (بلە)ی دۆڵی (مەلەکان) خۆیو بنەماڵە تێکۆشەرەکەیان بەگشتی بەر کیمیابارانی ڕژێمی بەعس کەوتونو برازایەکی بەناوی هەڵکەوت بەهۆی کیمیابارانەکەوە لەدۆڵی مەلەکان شەهید دەبێت، وەک فەرماندەیەکی ئازاو شارەزا هەم لەبەرنامەو نەخشەو پلانی ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ هەم لەڕزگارکردنی شارو دێهاتەکانی کوردستاندا بەشداری کردووە. سەرەڕای برینداربونی لە(مەنزومەی) شاری هەولێردا، تا ئازاد کردنی کەرکوکی قودسی کوردستان کۆڵی نەداوەو بەشداری سەرکەوتنی ڕاپەڕینی کردوە.

دوای ڕاپەڕینو ئازادی کوردستان لەساڵی ١٩٩٢ دەکرێت بەجێگری فەرماندەی فەوجی سنور لەدەڤەری سیدەکان. لەکۆتایی ساڵی ١٩٩٣ لەشەڕێکی نەخوازراودا لە(دۆڵی شاورێ) بەسەختی بریندار دەبێت شەهیدی فەرماندە لەخەباتی پێشمەرگایەتیدا ١٠ جار بریندار بووە. ساڵی ١٩٩٧ لەسەر بریاری سەرۆک مام جەلال کراوە بەسەر لەشکری باڵەک، لەساڵی ١٩٩٩ دەبێتە فەرماندەی فەرماندەیی (پارێزگاری) لەسالای ٢٠٠١ وەک فەرماندەی فەرماندەیی گوازرایەوە بۆ فەرماندەیی

باڵەک، تا ساڵی ٢٠٠٣ وەک فەرماندەی فەرماندەیی باڵەک بەشدار بووە لەڕووبەڕووبونەوەو ڕاوەدونانو دەرکردنی تیرۆرستانی بەناو (جند الاسلام)و (انصار الاسلام) لەهەڵە بجەو ناوچەی هەورامان.

لەساڵی ٢٠٠٥ کراوە بەفەرماندەی لیوای بتوێن دوا پایەی سەربازی بەپلەی لیوا فەرماندەی لیوای ١٢٢ ی بتوێن بوو.

شەهیدی فەرماندە لیوا (کەمال حاجی ئاغا) دەرچووی خولی یەکی فەرماندەیی بوو لەکۆلێژی سەربازی قەلاچوالانو بەشداری چەندین خولی ئەکادیمیو سەربازی کردووە. ئەندامی دوو کۆنگرەی (ی. ن. ک) بووە، هەروەها بەشداری سەرجەم کۆنفرانسو پلنیۆمەکانی کردووە.

زۆر بەداخەوە لیوا کەمال حاجی ئاغا لەڕۆژی هەینی ٢٠١٤/٨/٢٢ لەهێرشێکی قارەمانانەدا لەپێناو پاراستنی خاکی پیرۆزی کوردستان دژی چەتە تیرۆرستەکانی داعش، لەمیحوەری جەلەولا شەهید کراو گەیشتە کاروانی هەمیشەیی نەمرانەوەوانەی شەهیدبونی شەهید کەمال، لەچیا سەرکەشەکانی باڵەکایەتیەوە بۆ پێدەشتەکانی گەرمەسێرو گەرمیان خۆی لەخۆیداوانەی سەروەریو ئازایەتیو جەنگاوەرێتیە، درێغی نەکردنە لەقوربانی دانو خەبات کردن بۆ ئازادی ئەم وڵاتە. شەهیدی فەرماندە لەدوای خۆی کچێکو٣ کوڕی بۆ کوردستان بەجێهێشتووە بەناوەکانی (سیڤەر، توانا. تۆڵە، دانا).

# ژياننامەی شەهيدی نەمر (عەلی حەمەساڵح)

لێرەوە دەمانەوێت باسی قارەمانێكی دەڤەری گەرميان بكەين كەوا ڕۆحی پاكی خۆی بەخشی بەنيشتمانەكەی لەپێناو ئەوەی دەستی شەمشەكوێرەكانی داعش نەگاتە كچۆڵە جوانەكانی كوردو دوبارە كارەساتی جەرگ بڕ ڕوو لەميللەتەكەی نەكات ئەويش شەهيدی نەمر (عەلی حەمە ساڵح) ناسراو بە(حاجی عەلی) ناوبراو لەسەرەتای سەرهەڵدانی داعشەوە خۆبەخشانە لەهەموو شەڕەكان بەشداری كردوە بەنانو ئاوو فيشەكو سيلاحو ماشێنی خۆيەوە لەبەرەكانی جەنگ بەشداری شەڕەكانی دەكرد ئەوەبو لەڕۆژی ٢٠/١٠/٢٠١٤ تيرۆريستانی داعش هێرشيان كردە سەر ناحيەی قەرەتەپە پاش ئەوەی داعش مەترسی خستەسەر قەرەتەپە شەهيدی نەمر لەگەڵ كۆمەڵێک خەڵكی شاری كفری كەژمارەيان ١٢ كەس بوو خۆبەخشانە لەگەڵ پێشمەرگەكانی هەردوو كۆميتەی كفری بەسەرپەرشتی (فرياد محەمەد)و هەردوو بەرپرسی كۆميتە لەلايەن بەڕێز (مەردان چاوشين) كە بەرپرسی ميحوەری قەرەتەپەيە لەژێر فەرمانی ئەودا بەڕێدەكەونو بەرپەرچی پەلامارەكە دەدەنەوەو ٢ لەو ڕەبايانەی كەوتبونە ژێر دەسەڵاتی داعش پاک دەكەنەوە، بەدياری كراوی كاتەكەی نازانم بەڵام (كاک فرياد) پێی ڕاگەياندين كەوا كاک مەردان تەلەفۆنی كردوە كەپێشمەرگەيەكی بريندار بەجێماوە كەوا خەريكە دەكەوێتە دەستی داعش هەوڵ بدەن بچن بۆی پاش ئەوەی شوێنی پێشمەرگەكەيان

زانیوه ٥ کەس لەگەڵ کاک فریاد دەچن بۆی بەشەهیدی نەمر دەڵێن تۆ پاڵپشتی لەئێمە بکە تادەچین پێشمەرگەکە دەردەکەین گوتیان کەئێمە ڕۆیشتوین بۆ بریندارەکە بەهۆی ئەوەی تەقەی زۆری داعشمان لەسەر بوە (حاجی عەلی) خۆی پێنەگیراوەو بەماشێنکەی خۆی بەناو ئەو ئاگر بارانەدا هاتوەو ئێمەش بریندارەکەمان خستۆتە ناو ماشێنکەوەو بردویەتی بۆ نەخۆشخانەی کفری لەکاتی هاتنەوەی ناوبراو لەسەر حسابی خۆی بەبڕی (١،٥٠٠،٠٠٠) دینار خواردنو ئاوی هێناوە بۆ جەبهەکەو دابەشی کردوە بەسەر پێشمەرگەکاندا تەنانەت بەشی خۆشی نەهێشتۆتەوە لەزاری (کاک فریاد)ەوە بیستم کەوا فیشەکیان لێ بڕاوە گوتی ڕەحمەتی بەهۆی دڵسۆزیو دەست پاکیەوە (کاک مەردان) ناردویەتی بۆ میحوەر بۆ هێنانی عتاد لەماوەی ٤٠ دەقەدا گەڕاوەتەوە لەکفری عتادی پێ ویستی لەمیحوەر هێناوەو تەسلیمی پێشمەرگەکانی کردوەو پاش شەڕێکی قورس توانیویانە شکست بەداعش بێنو هەموو ئەو شوێنانەیان لێ پاک بکەنەوە، هەڤالانی دەڵێن دنیا بەرەو خۆرئاوابون دەچو داعش تەنها بەچەکی قەناس لەدورەوە تەقەی دەکردو دەڵێن ناوبراویش بەچەکەکەی تەقەی لێ دەکردن کاک فریاد گوتی پێم وتوە حاجیوەرە دانیشە ٣٠ دەقەی تر دنیا تاریک دەبێت ئیتر ئەوان ناتوانن قەناسیش بتەقێنن دەڵێ ناوبراو وتویەتی دۆزیومەتەوە ئێستا دەزانم شوێنی قەناسەکەیان کوێیە دەڵێ لەوکاتەدا گوتی فریام کەون کەدەستم بۆ بردو سەریم خستە سەرقاچم بینیم فیشەکێک بەر ملی کەوتوە دەڵێ ناوبراو شایەتومانی هێناو ڕۆحی پاکی سپارد بەگەلو نەتە وەکەی شەهیدی نەمر لەدوای خۆی ٨ منداڵی چاوگەشی بەجێهێشتوە بۆ نیشتمان ئەوانیش ٤ کوڕو ٤ کچن لەدەڤەری گەرمیان دەیان قارەمان هەن کەداستانی بێوێنەیان تۆمار کردوە.

# یوسف سیکانی

من ناوم (یوسف سیکانی)ە پێشمەرگەم ئامر حەزیرەم لەسریەی سێ لەفەوجی ٤ لەلیوای ١١کۆیە، لەیەکەم ڕۆژی شەڕی داعش چوینە کەلی سیکانیان پاش ئەوە چوینە گوندێکی تر ناوی گوندەکە کوتانە پاش ئەوە داعش هێرشی هێنا بۆ شاری کەرکوک لەجسری فەتحە ئێمەش هێرشەکەی داعشمان تێکشکاند زۆر گەرما بوو ئاوو نان نەبو بیخۆین دوای ٢ ڕۆژ چوین بۆ مەلا عەبدوڵا ٨ مانگ لەوێ بوین دوای ئەوە شەوی تەمومژەکە داعش هێرشی کردە سەر سەنگەرەکانمان ئەوشەوە ناخۆشترین شەوم بوو داعش هەندێک پێشڕەوی کرد تا بەیانی دوایی هێرشمان کردە سەریان تا شوێنی خۆمان پاک کردەوە ٥٠ لاشەی داعش کەوتە بەردەستمان بەس لەدوایدا خوارزایەکم شەهید بوو بەناوی کۆسرەت، دوایی خەبەری شەهید لیوا مسەوەڕمان بیست ژمارەی شەهیدەکانمان ١٥ کەس دەبوو دوای ئەوە گەڕاینەوە بۆ مەلا عەبدوڵا پاش ٣ مانگ هێرشمان دەست پێکرد بۆ ناو ناحیەکە، ئەو ڕۆژە مەلا عەبدوڵا ڕۆژێکی زۆر خۆش بوو بۆمن بە٢ سەعات کۆنترۆڵمان کردەوە منو ٤ هاوڕێم چوینە ناو ناحیەکە دەستکەوتی باشمان دەست کەوت ماشێنیەکی مەرزیەو ٨ پارچە چەکمان دەست کەوتو جا ئەوەنەی لێی دەزانم شەوی تەمومژەکە کە شکاین بۆ بەیانیەکەی سەعات ٨ هێرشمان کرد سەنگەرەکانی خۆمان گرتەوە دوای ئەوە

داعش هێرشی کردەوە فۆرتێکی پڕ تیئێنتی هات بۆ لامان ئێمە ٤ کەس بوین خۆمو موقەدەم لوقمان جێگر فەوجو لەگەڵ هاوڕێیان تەقەمان لێ کردن خۆی لەساترەکەداو تەقیەوە دوای ئەوە ٢ هەمەر هێرشیان کرد ئێمەش سەنگەرەکانمان بەجێهێشت دوبارە بۆ سەعات ٤ ئێوارە ویستمان هێرش بکەینەوە ٨ سەعات بەپێ ڕۆیشتن لەبەر باران چوینە بن سەنگەرەکانیان نەمانتوانی تەقەیان لێ بکەین گەڕاینەوە دوبارە ڕاوەستاین تا ڕۆژ بوەوە هاوپەیمانانو دژەتیرۆر هاوکارمان بون، چوینەوە جێی مقەڕەکانی خۆمان شەهید کۆسرەت تەلەفۆنی بۆم کرد کەشە وەکەی زۆر هیلاک بو پێم گوت ئیسراحەت بکە بەگوێی نەکردم گوللەی هیچ پێ نەبوو شە وەکەی هەموی تەقاندبوو من لەبن ساترەکە بوم برایەکی شەهید کۆسرەت لەگەڵم بوو رێو رێ دەهات کاتێک قومبەلەیەک لەبن پێی تەقیەوە کەچوینە سەر پارچە پارچە بوبو بەدەست گۆشتەکەیمان کۆکردەوە بردمانە نەخۆشخانەی کەرکوک شەهید کۆسرەت هونەرمەندیش بوو شەوی ٢٠١٥/١/٣١ هەر تەلەفۆنی بۆ دەکرد دەیگوت ئاگات لەبەر پێت بێت وتم بابڕۆین گوتی خاڵە بوەستە باکۆسرەتیش بێت، کاتێک تۆزێک بەرزبۆوە براکەی گوتی خاڵەوابزانم کۆسرەت شەهید بوو من باوەڕم نەکرد ئەڵغامەکە تەقیەوە کاتێکم زانی براکەی لەسەری خۆی دەدات وتم ئەوە چیە بۆوادەکەی گوتی خاڵە کۆسرەت شەهید بوو، ماڵی کۆسرەت لەتەق تەق بوو کچەکەشی ناوی ئازیزە.

# نەقیب عەبدوڵا کەریم عەودل

من (نەقیب عەبدوڵا کەریم عەودل) ناسراوم بەعەبدوڵا دەرەقەیی، ئامر فەسیلم لەسریەی ٣ فەوجی ٤ لیوای ١١، ئێمە ئەوە بۆ ساڵو نیوێک ئەچێت لەمیحوەری مەلا عەبدوڵاین توشیوەزعێکی زۆر ناخۆش بوین لەبەرامبەر شەڕی تیرۆریستاندا چەند بەسەرهاتێکمان بەسەردا هاتوە بەڵام پێشمەرگە ئاسا هەوڵماندا بەگیانێکی لێبوردەوە لەمیحوەری مەلا عەبدوڵاین کە کابرایەک لەسنوری حەویجە بوو وەکو خۆی بەدۆستی ئێمەو پێشمەرگە دەزانی کەداعش چۆن دەهات چۆن بەرنامەداڕێژی بۆ کرابوو بۆ گیان هێزی پێشمەرگە بێت ئەو مەعلوماتی بەئێمە دەدا بەدڵنیاییەوە، مەسەلەن ئێوارەیەک خەبەری دەدا پێمانی دەوت سبەینێ ئێوارە داعش هێرشتان بۆ دەکات مەسەلەن ١١ کەسی تیایە خۆی دەتەقێنێتەوە ٢٠ ماشێنی تیایە دەتەقێتەوە، ئەوەندە بیکەیسیو قەناسەیان پێیە ئەوەندە دۆشکەیان پێیەو ئەوەندە نەفەرە، تەنانەت پێمانی گوت ١٥٠ ڕوسیان لایە هێرشەکەی ١٢/٣١ هەتا پێمی گوت ١٥٠ نەفەری بیانیان لەگەڵدایە ١٥ کەسی چیچانیان لەگەڵدایە بەسەرپەرشتی ئەبو عومەر چیچانی بوو هێرشەکە بەسەرپەرشتی ئەبو عەبدوڵا جەواری بوو هێرشیان کرد بۆ تەلوەرد من ئەمانەم هەموی بەمەعلومات بەسەروی خۆم بەئامر فەوجی خۆم بەموساعید فەوجی خۆم بەزانیاری خۆم دەدا، هەتا ڕامگەیاند کەبەکاک کەمال کەرکوکی

بڵێن بەمامۆستا کاوەیەک هەیە کە لەدەزگایە بەوم ڕاگەیاندوە کەئەم مەعلوماتانە لەسنوری حەویجە بەمنیان داوە من دەقە بەدەقە بەهێزی پێشمەرگەم گەیاندوە هەتا هاوکاری لیوای فریاکەوتنم کردوە لەدوزخورماتوو هەروەها هاوکاری لیوای ٢م کردوە خەرابەڕوتو هاوکاری لیوای ١٢٦م کردوە کەمام سیامەند بەزابتەکانیانو بەئامر فەوجەکانیانم وتوە ئەمن هاوکاری هەموویانم کردوە، هەروەها ئەو کابرایە ئەوەشی بەمن وت کە سەعات ١:٣٠ شەو هێرش دەکەن منیش بەسەروی خۆمم ڕاگەیاند گوتی ئەگەر هەرکاتێک بەپێی مەعلوماتەکەی ئەو بەمنی دابوو کە ٧ تەنکەر نە گوتی ڕەش دێنن لەناو ناحیەی مەلا عەبدوڵا ئاگری تێبەر دەدەن کەچاڵە نە گوتیان لێداوە کەئاگریان تێبەردا دوکەڵی ڕەش بەربوو ئەوا داعش هێرشتان بۆ دەکات بەتەوای سەعات ٨ی ئێوارە ئاگریان لەچاڵە نەوتەکان بەرداو نەوتەکان داگیرسان دوکەڵێکی زۆر بەمیحوەری مەلا عەبدوڵادا بەزبوەوە کە داعش هێرشی بۆمان کرد سەعات ١:٣٠ شەو هەتا پێی وتم بەمەعلومات یەکەم هێرشیان لەمەکتەب خالید دەدەن یەکەم ئارپیچیان لەمەکتەب خالید دەدەن دوایی لەتەلوەردی دەدەن دوای ئەوەش لەنزیکی فەتحەی دەدەن سێهەم جار ئینجا لەمەلا عەبدوڵای دەدەن بزەبت لەهەرشوێنێک پرسیار ئەکەن مەعلوماتەکەی من دەقیق بوو، یەکەم ئارپیچیان لەمەکتەب خالید دا ئەوێ شکا دوایی یەکسەر لەتەلوەردیان دا لەوێش تەقەیەکی زۆرمانکرد بەڵام ئەوان ماشێنیەکی ئیداری زۆریان پێ بوو خۆیاندا بەدیوارا بەمنتیقەکانی پردی تەلوەردا هەموو دیوارەکانیان ڕوخاند هاتنە ئەمبەرەوە لەبەر تەمومژو دوکەڵەکە نەتەیارە بەهاوار هێزی پێشمەرگەوە دەهات وەنەهێزێکیوەها زەبەلاحیشمان بۆ ئەهات هەتا بۆمانکرا بەرگرییەکی زۆر باشمان کرد بەڵام لەدوای بەرگرییەکان

هێزی پێشمەرگە پاڵپشتی وامان بۆ نەهات تارۆژمان لێهات تەمو تومانەکە زۆر بێ شومار بوو وەزعمان زۆر خراپ بوو پێشمەرگەمان لێ بەدیل گیرا بریندارمان هەبوو ئیتر میلاکمان کەم بوەوە ئێمەش وامانکرد بۆ ئەوەی دوژمن زیاتر نەیەتە ناوقوڵایی خاکەکەمانەوە بۆ ئەوەی بەیانی بتوانین زەڕبەیەکیوا لەدوژمن بدەین هەتا کوڕاو کوڕی بۆ نە وەکانی خۆی بگێڕێتەوە ڕێکواش بوو زەڕبەیەکی وامان لەدوژمن دابو بەلاشەو جەنازەکانی خۆیان نەدەگەیشتن عیبارەت بوو بەپێی مەعلوماتەکەی من ٤٥٠ نەفەریان لەو سنورە لەمریەم بەگەوە تا دەگاتە سەدی مەلا عەبدوڵا لێ کوژرا بەمەعلوماتی خۆم نیوەی کوژرا وەکانیش تەمەنی هەرزەکار بوون موالیدیان ٩٠و ٩٣و خوارتر بوون بەو بیانوە لەحەویجە لەماڵەکان هێنابویانن ئێوە بۆ بەهەشت دەڕۆن ئێمە دەچین شەڕ لەگەڵ کورددا دەکەین کورد کافرن با لەناویان بەرین‌و ئێوە بۆ بەهەشت دەڕۆن‌و ئێمە ئەچین هەولێرو کەرکوک داگیر دەکەین ئێوە بەپێی مەعلوماتەکان ئێمە ئیسلامین کەهەر کەسێک خۆی بتەقێنێتەوە بەبێ لێپرسینەوە بۆ ناو بەهەشت دەڕوات بەڵام بەهەمان شێوە بەپێچەوانەوە ئەوکەسانەی خۆیان تەقاندەوە ئەوانە جەهەندەمین‌و ئەهلی دۆزەخین ئەوە غەزا نیە ئەوان لەدینی ئیسلام بێ بەرین‌و ئەوانە بەپاڵپشتی چەند دەوڵەتێک هاتون ئیتر دەوڵەتەکان کەمن ئیشارەتی پێ بدەم ئیحتماله زۆربەیان لەدەوڵەتە عەرەبییەکانەوە هاتبن زۆربەیان عەرەب بوون هەتا ئەفغانی‌و چیچانی‌و سوری‌و تورکیان تێدا بوو وەبەپێی مەعلوماتەکەمان ئەوانە کۆمەڵێک خەڵکی سوری بون هاتبون دەستیان ڕاکێشابوو بۆ میحوەری حەویجە بەرپرسە گەورەکەشیان وەکو وتم ئەبو عومەر چیچانی بوو بەسەرپەرشتی ئەو بوو ئەبو عەبدوڵا جەوالی بوو ئەبو ئوسامەو ئەبو زوبێر بوون کە ئەبو

زوبێر خەڵکی گوندی کوازی عەرەبی بوو زۆر زۆر ڕقی لەکوردەو دوژمنی کوردە بەڵام هێشتا ئەمیرەو لەژیان دا ماوە هیوادارم بکوژرێت ئێستا لەم میحوەرە بەپێی مەعلوماتەکانی من ئەبو زوبێر ماوە خاوەنی ٣ ژنەو باوکی حاشای لێکردوەو وتویەتی کوڕی من نیە مادامواپە شەڕ لەگەڵ کورد دەکات ئەوە کوڕی من نیە ئیتر سوپاستان ئەکەم.

من پێموایە حکومەتی هەرێم زۆر زۆر هاوکاری هێزەکانی پێشمەرگە بکات لەڕوی پێدا ویستیەکانیانەوە لەڕوی جلوبەرگیانەوە لەڕوی کەموکوڕیەکانیانەوە کۆمەڵێک پێشمەرگە لێرانەیە لەوانەیە بڵێم زۆر زۆر بەئازایانەو شێرانە ئیشو کارو نوقتەو پێدا ویستیەکانی خۆیان جێبەجێ کردوە، بەلای فەسڵی زستانەوە دەچین وەپێ ویستەوەزارەت خەم لەوەزعی پێشمەرگە بخوات وەکو پێدا ویستیو کەموکوڕیەکانی زستان لەمەوبەدوا قۆناغێکی تر دێتە پێشەوە تائێستا هاوین بوە پێشمەرگە ئەیتوانی لەناو یەک غورفەدا ئیدارە بکات بەڵام لەمەودوا پێ ویستەوەزارەت زۆرتر ئاگاداری هێزی پێشمەرگە بکاتو زۆرتر هاوکاری بکات لەڕوی سەربازیو پێدا ویستیەکانیەوە ئەوانە هەموی زۆر زۆر گرنگە ئێمە وەکو هێزی پێشمەرگە بەبێ ئەوەی کە ئیمکانیاتێکی زۆر کەممان لەبەردەستدا بوو زۆر ئیمکانیەتێکی زەعیف بوو هەر بەچەکە کۆنەکانی خۆمان هەر بەفیشەکەکانی خۆمان توانیمان شکست بەداعش بهێنین داعش ئەو دوژمنە گەورەیە بوو کە دوژمنی هەموو مرۆڤایەتیە وەلەهەموو دەوڵەتەکانەوە هاتونە بۆ ناو داعش بگرە لەئەمریکاو ئەوروپاو لەچیچانو ئەفغانستانو ئەو کەسانەی کەلەدەوڵەتەکانی خۆیان جێگەیان نەبۆتەوەو ئینسانی بێکەڵک بونە هاتونەتە ڕویان کردۆتە ناو داعش، داعش بەحسابی خۆی دەوڵەتێکی دامەزراند کە ئەبوبەکری بەغدادی بەناو دەوڵەتێکی خیلافەتی یەکەمی

ئیسلامین بەڵام دڕەندەترین ئینسانو بێزەمیڕترین ئینسان بون، ئەوانە خۆیان بەئیسلام دانا نەخێر ئەوانە ئیسلام نین، ئەوانە فڕیان بەئیسلامەوە نیە ئینجا ئایا لەهەر سەرچاوەیەکەوە بێت لەهەر دەوڵەتیکەوە بێت ڕای کێشابێت ویستی ئەم داعشە قیت کاتەوە بۆ گیانی ئێمەی کورد، ئێمەی کورد هەموو کاتێک خوای گەورە لەپشتمانە وەدەوڵەتانی هاوپەیمانی زۆر هاوکاری ئێمەیان کردوە سوپاسیان ئەکەین دوبارەو سێ بارە زۆر زۆر مەمنونیانین کەپاڵپشتی هێزی پێشمەرگە بون، هێزی پێشمەرگە بەو توانا کەمو پێدا ویستیە کەمەوە توانیمان ئێمە باشترین دڕندەی داعش لەناوبەرین لەخاکی هەرێمی کوردستانوەدەریان بنێین تاکو ئێستاش تێکمان شکاندونو بەرەو نەمان ئەچنو نامێنن، لەفەترەیەکی پێش ئێستا تەقریبەن کەدەکاتە ١٥ شەو بەر لەئێستا هێرشمان کرد بۆ چەند گوندێکی عەرەب لەخوار سنورەکانمانەوە بون، بەشەوان داعش دەهاتن لێرانەوە هێرشی سەر ئێمەیان ئەکرد تەقەیان لێمان ئەکرد بەهاوەنو دۆشکە لێمانیان ئەدا هەموو شەوێک دەهاتنە بن سەنگەرەکانمانەوە ئێمەش بەئەمری سەروی خۆمان هێزی پێشمەرگە ئامادە باشیمان کردو چاکسازیمان کرد وەهێرشمان کرد لەبەرەبەیانێکدا بەپاڵپشتی فڕۆکە جەنگیەکانی هاوپەیمانانەوە گوندی کوازی کوردو کوازی عەرەبو بانی مەنسوڕو ئەمانەمان لەداعش تەلوەردو خەلەفو مەڕادەو ئەمانە هەتا دەچێتە خوارەوە ئەم گوندانەمان لەداعش پاک کردەوەو هەڵمان کەندنو ڕیشەیانمان لەڕەگەوە دەرهێنا بردمانە خوارەوە هەتاکو بەینێکی زۆریش ئەوان لێرانە تەقریبەن هیچ بونێکیان نەمابوو وەئاسەواریشیان نەمابوو، بەڵام ئێستا زۆر زۆر بەکەمیو بەدەگمەن ماون لەگوندەکانی خوارەوەن ئەگەر لەدورەوە ترسنۆک ئاسا یان هاوەنێک یان سەللە

دۆشکەیەک بهاون پێموایە بەپێی مەعلوماتی خۆم هیچ شتێکی لەو بابەتەیان نەماوە زۆر زەعیف بونەو بەرەو لاوازی ئەڕۆن بەرەو کزی ئەڕۆن بەهیمەتی خوای گەورە ئێمەی کورد پشتمان بەخوای گەورە بەستوە ناهێڵین هیچ دوژمنێک ڕوبکاتە خاکو وڵاتەکەمان پارێزگاری لەم خاکو وڵاتە دەکەین بەپاڵپشتی ئەو پیاوە قارەمانانەو ئەو پێشمەرگە بەڕێزانە من چاوی یەک بەیەکیان ماچ ئەکەمو سوپاسیان ئەکەم.

نیشتمان کەئێمە خۆمان بەکوشت ئەدەین خاکی بابو باپیرمانە کەواتە ئەکاتە دایک ئێمە لێرانە لەهێرشە گەورەکەی کەبۆ سەر کەرکوک داعش هێنای هێرشێکی زۆر زەخمی هێنا بۆ سەر میحوەری مەلا عەبدوڵا لە٢٠١٤/٤/١٧ بوو ئێمە بەپێی مەعلوماتەکانی خۆمان پێیان ڕاگەیاندین کەداعش لەبەرنامەیدایە هێرشێکی زۆر زەخم بکات بۆ سەر کەرکوک ئەیەوێ کەرکوک داگیر بکاتو بیخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە بەڵام ئێمە پێشمەرگە ئاسا هەمومان لەسەنگەرەکانی خۆمانەوە بەو مەعلوماتەمان زانی هەر ئێوارەکەی مەعلوماتمان وەرگرت کەداعش بەرنامەیەکی زۆر پیسی هەبوو لەچەند قۆڵێکەوە بەحدودی ئەو داعشەی کەهێنابوی کەخۆی هێرشی بۆسەرمان کرد نزیکەی خۆی دەدا لە٦٥٠ نەفەر بۆ ٧٠٠ نەفەر هەموشیان داعشی شەڕکەرو خۆکوژ بونو بەو نیازە هاتبون کە کەرکوک داگیر بکەنو کەسنورەکانی هێزی پێشمەرگە ببەزێننو بەو نیازە هاتبون کەئەوان جارێکی کە نەگرێنەوە بەرەو حەویجە کەرکوک داگیر بکەنو پەل بهاوێژن بۆ شوێنەکانی دیکە بەڵام پێشمەرگە زۆر قارەمانانەو ئازایانە لێیان بەدەست هاتو شەڕێکی چاکمان لەگەڵیان کردو باشترین شەڕمان لەگەڵیان کرد بەڵام لەهەندێک شوێنەوە سەنگەرەکانی ئێمەیان بەزاند بەڵام بەپاڵپشتی هاوپەیمانانو

فڕۆکە جەنگیەکانی ئەمریکیەکانو بەریتانیاو ئەوروپا هاتن پاڵپشتیان لەپێشمەرگە کرد وەلێماندانو داعشمان تێک شکاندوەزەرەرێکی ئەوەنە گەورەمان بەداعش گەیان هەتا ماوە باوک بۆ کوڕی خۆی بگێرێتەوە کە چۆن لەداعشماندا وەتیرۆرستێکی زۆر لەو جەبهەیە کوژرا داعش لەو دەقەیە بەدواوە ئیتر بەرەو شکست ڕۆی هەتا ئەم دەقەیەش وەکو خۆی لێنەهاتۆتەوە لەبەر ئەوەی زەربەی دەستی پێشمەرگەی پێگەیشتوە، لەزۆربەی زۆری ئەو میحوەرانەی تریش ویستی هێزەکانی پێشمەرگە ببەزێنێتو هێرش بکات بەڵام پێشمەرگە پڵنگ ئاسا لێیان هاتنە دەستو لەهەموو لایەکەوە لێماندانو بەرپەرچمان داونەتەوەو نەمانهێشتوە بستێک لەو شوێنانەی کە گرتوومانە بیخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان لەمیحوەرەکەش وەکو ئەوەی من ئاگادار بم چەند شەهیدێکو چەند برینداریکمان هەبوو بەداخەوە کە ئەو پێشمەرگە قارەمانانە گیانی خۆیان بەخشی بەم خاکە من چاوی دایکی ئەو شەهیدانە ماچ ئەکەم لێرەوە سڵاوو ڕێزم هەیە بۆ خاوەنی ئەو شەهیدانە چاویان ماچەکەموەچاوی ئەو پێشمەرگانەش ماچ ئەکەم کە پڵنگ ئاسا لەم میحوەرانە دەوریان هەبووە، ئەو شەهیدانەشمان دانو کۆمەڵێک پێشمەرگەش بەداخەوە هەر لەم میحوەرەی مەلا عەبدوڵا کەوتە بن دەستی داعش زۆر بەنامەردانە بردیانە سنوری حەویجەو لەوێش ئەشکەنجەو ئازاریانداو بەپێی زانیاریەکان پێشمەرگەکانیان شەهید کردوو هەندێکیشیانیان بەرەو موسڵ برد زۆر بەدڕندانە شەهیدیان کردن، من بەپێی مەعلوماتی خۆم لەسەر جسری مەلا عەبدووڵا هەندێکیان گرت وەلەجسری فەتحەش کە دەکەوێتە سنوری لیوامانەوە کە دەکاتە لیوای ١١ دەکەوێتە گوندی عەسەریە لەوێش پێموایە ٤ بۆ ٥ پێشمەرگەمان لەناو بینایەکدا دەوریانگیرا بوو بەڵام پڵنگ ئاسا شەڕی

چاکیان کرد هەندێک لەوانەمان سەندەوە بەڵام هەندێکیشیان داعش بردیانن بۆ حەویجەو لەوێش هەندێک کەس ئەڵێن ماون‌و هەندێک کەسیش ئەڵێن بەرەو موسڵ بردوویانن، پێشمەرگەشمان هەبوە بریندار بووە هەتا ئێستاووردەوردە گەڕاونەتەوە بۆ جەبهەکان‌و بەرگری ئەکەن لەناو سەنگەرەکان بەرگری لەم خاکە ئەکەن هەندێک پێشمەرگە هەن کە بریندارن‌و لەماڵەوەن‌و هەندێکیشیان گەڕاونەتەوە. ئیتر سوپاستان ئەکەم.

# نەقیب مەریوان ساڵح حەمە سەعید

من (نەقیب مەریوان ساڵح حەمە سەعید) لەلیوای ١ پاراستنی سلێمانی فەوجی ٢، هێرشێکمان کرد بۆ جەلەولا لەوێ بەداخەوە برایەکم شەهید بوو بەناوی ڕائید سیروان ساڵح حەمە سەعید لەلیوای ٥ بوین کەلەگەڵ ئامۆزایەکمدا بەختیار ئەحمەد حەمە سەعید ئەویش هەر لەلیوای ٥ بوو مفەوەز بو خۆشم لەقۆڵی ئەملاوە بووم ئەوان لەوقۆڵەوە چونە ناوەوە خەبەریان یامێ گوتیان براکەت شەهید بوە چوین بەدەم جەنازەکەیەوە بەڵام سوپاس بۆخوا لەگەڵ شەهید بونی ئەواندا جەلەولا ڕزگار کرا ئێستا هێزی خۆمانی تیایەو ڕزگار کراوە بەتەواوەتی.
هەواڵێکم بۆ هات لەلایەن براکەمەوە کە عەلی پۆلای برام شەهید کراوە دیارە لێرا برادەران لەگەڵ سێ چوار برادەردا ڕۆیشتین بەدەم عەلی پۆلاوە کە فریای بکەوین تەرمەکەی نەبرێت دیارە کەڕۆیشتین لێرەوە هێزەکە شکا بوو سوپاس بۆخوا ئێمە توانیمان لەگەڵ کۆمەڵێک برادەردا بەرەو دێکە چوینە خوارەوە کەئەو برادەرانەشی لەگەڵمدا بون چەند برادەرێکی بەرگری فریاکەوتن بون کاک عوسمانی حاجی عەبدوڵا یەکێک بوو لەو برادەرانە کەلەگەڵما بوو کاتێک ڕۆیشتین بۆ ئەوێ شەش حەوت برادەربوین برادەرێک هات لەولاوە دڵنیای کردین کەعەلی ئە وەتا لەو خانوەدا ئێمەش توانیمان لەوێدا لەگەڵ برادەرەکانمان پلانێک دابنێین بۆ ڕزگارکردنی، کاتێک کەئێمەش دڵنیا بوین لەوەی کە

ڕاستە عەلی پۆلامان ئە وەتا لەو خانوەدا، دیارە شەهیدێک ژێر خانوەکان کەوتبو گەیشتینە ئەو قەناعەتەی کەئەو کوڕەی برای منیش لەوێدایە دڵنیا نەبوین کەئایا ماوە یان نەماوە، کاتێک کەپلانەکەمان دانا ڕۆیشتین بۆ لای عەلی پۆلاو ئەوان لەوێدا توشی شەڕ بوبون شەڕێکی زۆر نزیکیش نزیکەی ١٠٠ بۆ ١٥٠ مەترێکی تەواویش نەبوو نزیک بوین لەیەکەوە شەڕ بوو لەئەم دێیەش کەمن باسی ئەکەم کە عەلی پۆلا تیابون گوندی مەنسوڕیە بوو کاتێک کەڕۆیشتین سوپاس بۆ خوا بیست سی مەترێکمان مابو بگەینە خانوەکە عەلی پۆلا دەرپەڕیە دەرەوە لەوێدا ئەوە شتێکی زۆر خۆش بوو بۆ من ئیتر بەگریانەوە هات باوەشی کرد وەملی مندا، دیاریوو لەوکاتەشدا ئێمە هەر شەڕمان بوو ئیتر لەوێدا کاک نەقیب دارای تیا بوو توانیمان سوپاس بۆ خوا کاک نەقیب داراش رزگار بکەین وەئەو شەهید سەربەست حسن وەتوانیشمان تەرمەکەی ئەویش ڕزگار بکەین وەتوانیشمان لەوێدا داعیش ڕاونێین سوپاس بۆ خوا توانیمان داعش بشکێنین‌و دوای خەڵکی دێیەکەش توانیان بگەڕێنەوە ناو گوندەکە، ئەو بریندارەش کاک بێستونی ناو بوو هەر هاوارمان ئەکرد بۆ ئەو کاک بێستونە دیار بو کاک بێستون لەو خانوانەی علی پۆلا نەبوو لەکۆلانی پشتی ئەو خانوانەدا بوو کەوانی دیاربو کە کاک بێستون ئێمەی بینی سوپاس بۆ خوا کاک بێستونیش توانی هاتە دەروەو ڕزگارمان کرد کاک نەقیب داراو شەهید سەربەست‌و سوپاس بۆ خوا عەلی پۆلا توانیمان شەڕێکی قارەمانانە بکەین‌و تێکیان بشکێنین‌و ڕسوایان بکەین‌و دەربەدەریشیان بکەین لێرە، هەروەها مەرزیەیەک‌و دوسێ ماتۆڕیش هەڵهاتن‌و رۆیشتن ئێستا ئەو گوندە دیارە زەروریەت نیە بۆ پێشمەرگە ئێستا پێشمەرگە سەحبی کردوە لەو گوندە ئێستا بەسیل سیلەکانەوەن دیارە ئەوە

بەبڕیاری سەرکردایەتی سیاسی ئەو هێزە کشاوەتەوە لەو گوندە تاکو ئێستا بەسیلسیلەکانەوەن لەو گوندە.

بەیانیەکیان دانیشتبوین لەمەقەردا لەگەڵ ئامر فەوجەکەمدا وەختی نانی بەیانی بوو بەڕێز ئامر لیواکەمان لیوا عومەر تەلەفونی بۆ کردین گوتی لەسەید خەرەب شەڕە جەماعەتی کاک ڕەمەزان لەوێیە ئێمەش بەپەلە هەستاین نزیکەی ٧٠ نەفەر چوین بەدەمیەوە بۆ سەید خەرەب بەدەمیانەوە چوین بۆ ئەوێو بو بەشەڕێکی زۆر گەرم لەسەعات ٨:٣٠ بەیانی تا وەکو نزیکەی ٩ شەو من کەوتمە پشتی لادێکەوە لەگەڵ خاڵە کاکە مەن بردمی بۆ ئەوێو لەوێ جێی هێڵام بە٤ نەفەرەوەو بە٤ پۆلیسەوە نەماهێڵا لەو شوێنە کەسیان بێنە پێشەوە تا وەکو شوێنەکە بگرن ئێمە لەوێ شەڕمان کردو تەقەیان لێکردین‌و فیشەک لێی دام‌و دای لەباڵم شوێنەکەم هەر چۆڵ نەکرد هەتا دەوری سەعاتێکیش دوای بریندارییم هەتا ئەمرمان پێکرا لەولاوە بگەڕێینەوە بۆ شوێنەکانی خۆمان ئەو هێزەمان شکاند لەوێ بەئەمری خاڵە کاکە مەند گەڕاینەوە بۆ شوێنەکانی خۆمان ئەوێمام جێهێشت دوای چەند ڕۆژێک شوێنەکانمان هەموی گرتەوە ڕۆیشتینە ئەو شوێنانەی کەئەوانی تیابوو عبوەیەکی زۆری تیابوو چەند شەهیدێکمان داو بەخۆشمەوە ١٦ بریندارمان هەبوو بەس لەخوا بەزیاد بێت سەرکەوتوبوین پشتی دوژمنمان شکاند نەمان هێڵا بەهیچ شێوەیەک بێنە پێشەوەو ئێستاش ئێمە لەشوێنەکانی ئەوان بۆ خۆمان دانیشتوین‌و ئەوانیش تادێت بەرەو کۆتایی دەچن‌و نایەڵین بۆ یەک بستیش بێنە پێشەوە لەسەنگەرەکانمان.

# عەمید نەجمەدین مەلا محەمەد

من (عەمید نەجمەدین مەلا محەمەد) فەرماندەی فەوجی ٢، ئەو ڕۆژەی کەئەو هێرشەمان بۆهات لە٨/١٣ هێرشێکی گەورە بوو هەر لەو هێرشەدا خۆشم پارچە بەرچاوم کەوت بەڵام نەڕۆیشتمەوە هەتاکو دوای شەڕەکەو دوای شەڕەکەش نەڕۆیشتمەوە بۆ ماڵەوە چونکە لەوێ تەدوای کرامو عیلاجم وەرگرت گەڕامەوە جەبهەکە جەبهەکەم جێنەهێشت، شەڕێکی قورس بوو شەڕەکەش ئەوەبو ١٦ سەعاتی خایاند توانیمان لەو شەڕەدا سەرکەوتنێکی زۆر گەورە بەدەستبهێنین دوژمنیش بەشێوەیەک بشکێنین هەتاکو ئەکاتەش جەلەولا ڕزگارکرا نەیانتوانی هێرشی بەو شێوەیە بکەن لەو ڕۆژەیا ٢١ بریندارمان هەبوو کەئێستا دوانیان کەمئەندام بونو ناتوانن بگەڕێنەوە سەنگەرەکانی بەرگری ناویان لەتیف حەمە کەریم وەجەبار عەبدوڵا کەرەم ئەو ڕۆژە شەهیدمان نەبوو دوای ئەوە شەهیدمان هەبوو لە٨/٢٤ دا شەهیدمان هەبوو، من کەنەمتوانی ئەو ڕۆژە جەبهەکە بەجێ بهێڵم ئەوە بوو شەڕەکە تەواو بوو دوای شەڕەکەش لەو خەستەخانەیەی کە شۆڕش داینابوو بۆمان لەنزیکی نەقشبەندی عیلاجم وەرگرتو ڕۆژی دوایی چومە شارۆچکەی کەلار بۆ نەخۆشخانە لەوێ عیلاجیان بۆ کردمو من گەڕامەوە بۆ جەبهەکە توانیم جەبهەکە جێ بهێڵم هەتاکو ئەم دواییانەش چومە تاران عەمەلیاتم کردو پارچەکەیان بۆ دەرهێنام.

ئێمە لەسنوری جەلەولا کۆمەڵێک شەهیدمان هەبوو لەوانە نەقیب سەردار عەبدول قادر محەمەد ئەمین ونەقیب ڕەفیق عەزیز محەمەدو نەقیب مستەفا ئەحمەد عەبدوڵا هەروەها لوقمان ساڵح قادرو یوسف شاکر محەمەدو جەلال عەبدوڵا عارفو سەردارعوسمان ئەمین ئەمانە کەلەسنوری جەلەولا شەهید بون هەردی حسێن عەلی کەلەسنوری زەرگە شەهید بوە وەهێمن ساڵحیش هەر لەو سنورە شەهید بوە وە ئێمە ٩ شەهیدو ٤١ بریندارمان داوە لەو ماوەیەی کەلەسەنگەرەکانی بەرگریدا بوین وەکو فەوجی ٢.

ئێمە لە٢٠١٤/٦/٢٤ کاتێک لەکەرکوکەوە گوازراینەوە بۆ جەلەولا چوینە سنوری میحوەری جەلەولاو گوڵەجۆ کەماوەیەکی زۆر لەوێ ماینەوە توشی چەند شەڕێک بوین کەچەندجار هێرشیان بۆ کردین بۆ ئەو شوێنانە بەڵام نەیانتوانی سەرکەوتوبن لەهێرشەکانیاندا یەکێکیان لە٢٠١٤/٨/١٣ کە هێرشێکی گەورەیان کرد بۆ گوندی نەقشبەندی بەڵام ئێمە توانیمان بەشەڕێکی ١٦ سەعاتی لەگەڵیاندا بەرپەرچمان دانەوەو ١٦ سەعات ئەوان لەهێرشدا بون نەمان هێڵا بێنە پێشەوە بوە هۆی شکاندنیانو وەزیاتر لە ١١ جەنازەش دیاربوو ویستمان جەنازەکانیان بهێنین بەڵام نەمانتوانی خۆیان بردیانەوە، ١٦ بریندارمان هەبوو لەو شەڕەداو وەئەوان شکانو بەشکاوی گەڕانەوە چەندین جار هێرشیان بۆ کردین هەتاکو ئەوکاتەی ئێمە لەوێ بوین لە٢٠١٤/١٢/٢٤ کە کۆتایی هات شەڕی جەلەولا ئێمە ماینەوەو سەرکەوتنمان بەدەست هێناو یەک ڕۆژ نەیانتوانی بستێک بێنە پێشەوەو هێزەکەمان شکست بهێنێت لەخوا بەزیادبێت هێزەکەمان هەر لەپێشکەوتندا بوو وەلەدوای ئەوەش بەفەرمانێ هێزەکەمان گوازرایەوە بۆ میحوەری دوزخورماتوو زەرگە ماوەی مانگێکو ١٥ ڕۆژ لەوێ بوین لەوێش توانیمان ئەو ماوەیەی

لەوێ بوین ٣ جار کەئەوان هاتون بەرپەرچمان داونەتەوەو نەیانتوانی هیچ سەرکەوتنێک بەدەست بهێنن بەسەر هێزەکانماندا لە٢٠١٥/٢/٢ لەدوای ئەوەی کەوا هێرش کرا بۆ سنوری کەرکوک کە ئەو کاتەی شەهید شێرکۆو شەهید حسێن مەنسور شەهید بوون ڕۆژی دوای ئەوە ئێمە هاتوینەتە تەلوەرد وەک هێزی بەرگریو فریاکەوتن هاتوینەتە تەلوەرد تاکو مانگێکو ٢ ڕۆژ دوای ئەوە هێرشێکی ترمان کردەوە دەستمان گرت بەسەر چەند مەجموعەیەک شوێندا لەسنوری تەلوەردو مەلا عەبدولاو سەید خەلەفو ئەوانە کەتوانیمان ئەو شوێنانە بگرین وەتائێستاش ماوینەتەوە لەو سنورەدا سەرکەوتو بون هێزەکانمان وەتوانیمان لە٢ هێرشدا بۆ سنوری سەید خەلەفو ئەوانە سەرکەوتو بین لەدوای سەرکەوتنەکانمان بگەڕێینەوە شوێنەکانی خۆمانو لەهێرشەکانی ئەلبو محەمەدو ئەبو سەلاحدا بەشداریمان کردوەو سەرکەوتنی باشمان بەدەست هێناوە، لەو هێرشانەدا وەئێستاش ئێمە لێرا بەورەیەکی بەرزەوە لەسەید خەلەفو تەلوەردین هیچ کێشەیەکمان نیەو ئامادەین بۆ هەموو ڕوبەڕوبونەوەیەکو وەلەتواناشماندایە ئەگەر سەرکردایەتی خۆمان ئاگادارمان بکەنەوەو ئەمرمان پێ بکەن بڕۆینە پێشەوەو ئەو شوێنانەی کەبۆمان دیاری دەکەن دەستی بەسەردا بگرین ئیتر سوپاستان ئەکەم.

# خەلیل گریژەیی

من پلەم نەقیبە ناسراوم بە(خەلیل گریژەیی) فەرماندەی سریەی لیوای ١٣٦ فەوجی یەکم، بەنیسبەت ئەم ناوچەوە ئێستا ئەم مەکتەبەی کە حالیەن ئێمەی تیا دانیشتوینو ئەمانە سەردەمێک بوو تیرۆرستان ئەلێرایە هاتن ویستیان تەقینەوەیەک لەم مەکتەبەدا دروست بکەن، ئەوە بوو تەقینەوەیەکیان دروست کرد بۆیە ٣ شەهیدو ١٢ بریندارماندا لەم مەکتەبەدا، دوای ئەوەش وەکو پێشمەرگە لەخوا بەزیاد بێت پێشمەرگە ورەیەکی بەرزی هەیە پێشمەرگە چاو نەترسەو پێشمەرگە بەهەموو ئیمکاناتێکەو مەعنەویاتی خۆی ئامادەیە شەڕی تیرۆرستان بکاتو بجەنگێو لەجلو بەرگو ئەمانەش لەخوا بەزیادبێت کەموکوڕیمان نیەو وەکو بیرەوەری تریش کە لەبیرمان بێت برادەرمان هەبووە هەتا دوێنێ لەگەڵ ئێمەدا بووە لەسەنگەری بەرگریدا بوو شەهید بووەو بەداخەوە ئێستا ئەو لەشوێنی خۆیەتیو ئێمەش ماوین، ئێمەش بۆیە پێمان ئەڵێن پێشمەرگە مەرگی خۆمان خستۆتە پێشی خۆمان، داواکاریشمان ئەوەیە هیواداریین حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاوڕێک باتەوە لەهێزی پێشمەرگە، یەکێک لەشەڕەکان ئەو شەڕەبوو کە لەجەلەولایە شەڕ بوو واتا وامان لێهاتبو ماوەیەکی زۆر لەجەلەولا ماینەوە ئەو شەوەی کە نەهاتنایەتە سەرمان بێتاقەت ئەبووین وامان لێهاتبو کە ئەو شەوەی شەڕ نەبوایە یان ڕۆژەکەی پێشمەرگە بێتاقەت ئەبوو، پێشمەرگە بەشەڕ

ڕاهاتبوو ئیتر وایلێهات ئاخر ڕۆژ شەڕێکی دەستەو یەخە دەستی پێکرد لە٣ شەوەوە هەتا ٢ دوانیوەڕۆ شەڕێکی دەستەو یەخە لەکۆڵانەکاندا ئەوەبوو تیرۆریستان سەریان شۆڕکردو شکانو گەڕانەوە، ئەو شەڕە پێشمەرگە کەپێی ئەڵێن پێشمەرگە مەرگی خۆی پێش خۆی خستوە پێشمەرگە بەچاونەترسانەوە بەقارەمانێتی ئەو شەڕەی خۆی کرد کۆنترۆڵی جەلەولاو ناوچەکانی تری کردەوە داعش هات شەڕی پێشمەرگە شەڕی دەستەو یەخەی لەگەڵ داعشدا کردو تیرۆریستان شکانو گەڕانەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان، لەو شەڕەدا شەهیدمان دا بەڵام ناویانم لەبیر نەماوە لەوانە سەید ئومێد بەڕەحمەت بێت جێگری فەوجی ٣ بوو پێشمەرگەیەکی قارەمانو چاونەترس بوو بەداخەوە بەدەستی تیرۆریستان شەهید کرا چەند پێشمەرگەیەکی تریشمان بریندار کرا، دوای ڕزگارکردنی جەلەولا نزیکەی ٢٠ ڕۆژێک لەوێ مابنەوە هەتا جەلەولا بەسەرکەوتنی پێشمەرگە کۆتایی هات ئێستا ئەم شوێنەی کە ئێمەی لێین ناوی تەترانە ئەم دێیەی کە ئێستا ڕوخاوە بەشی خوارو بەشی سەرەوەی هەیە ئەمە مۆڵگەی تیرۆرستان بوو لەم ناوچەدا، تەقینەوەیان لەشوێنی ئەم مەکتەبەدا تەقاندەوەو بو بەهۆی ئەوەی ٣ پێشمەرگەی شەهیدو ١٢ پێشمەرگەش بریندار بوو، پێشتر ئەم ناوچەیە جێگەی داعش بوو سوپاس بۆ خوای گەورە دواتر سوپاس بۆ پێشمەرگە چاو نەترسەکانو قارەمانەکان بەسەرپەرشتی کاک مەردان مەسولی میحوەرەکە کەهەستا بەڕاوەدونانی تیرۆریستانو پاککردنەوەی ناوچەکە، چ بەنسبەت حەشدی شەعبیو چ بەنسبەت جەیشی عێراقەوە بێت بەبێ پرسی هێزی پێشمەرگەو مەسولی میحوەرەکە ناتوانن هیچ حەرەکاتێک بکەن سەرەتا کەئێمە لێرە بوین حەشدی شەعبی لێرە نەبونو جەیشی عێراقیشی لێ نەبوو ئەم هەموو

شەهیدە کەدراوە هەموی شەهیدەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەو هێزی پێشمەرگە لێرە ئەم شەهیدانەی داوە ئەم سنورە بەربڵاوەی کۆنترۆڵ کردوە داعش ناتوانێت جارێکی تر پێ بخاتەوە ئەم وڵاتە ئەوان ترساون دەرسێکی وادانەدراون تا بێنەوە ئەم ناوچەیەو پێشمەرگە هەموو کاتێک لەئامادەباشیدایە.. دەستان خۆش بێتو بەخێربێن سەرچاو.

# لێوا رکن عمر ساڵح حەسەن

لیوا رکن عمر ساڵح حەسەن فەرماندەی لێوای یەکی پاراستنی هێزەکانی بەرگریو فریاکە وتن، دیارە ئیمە لەسەرەتای دەستپێکی شەڕی داعش وەک بۆ هەموو لایەک ئاشکرایە دڕندەترین دوژمن لەم سەردەمەی دوایدا بەرۆکی ئێمەی گرت ئێمە وەک هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی سەرەتا توانیمان بەرگری لەخەلکی کوردستان بکەین نەهێڵین دەستی چەپەڵی داعش بگاتە شوێنەکانمانو بتوانین میللەتەکەمان بپارێزین دیارە ئەوە چەند مانگێکی خایاند شەڕی داعش توانیومانە ئیمە ئەو شوێنانەی کە پێشتر خاکی کوردستان بووە بەشێکی زۆریشی ئازاد بکەین توانیومانە گورزی کوشندەو کاریگەر لەچەتەکانی داعش بدەین بێگومان ئەم سەرکە وتنانە ئەم بەرگریکردنە لەخاکی کوردستان قوربانییەکی زۆرمان داوە چ شەهید بوونو چ بریندار بوون بەڵام ئەوەی کە مایەی خۆشحاڵیمانە ئێمە دەتوانین بڵێن هەم بنەماڵەی شەهیدەکان هەم کەسوکاری پێشمەرگە وەهەم میللەتی کورد بەشێوەیەکی گشتی دەتوانێت فەخرو شانازی بەخۆیانەوە بکەن کە هێزێکیان هەیە بەناوی هێزی پێشمەرگە لەڕۆژگارێکی ئاوا بتوانێت بەرگریان لێ بکات بێ گومان پێ ویستە باسی قارەمانیەتی تاک بەتاکی پێشمەرگە بکرێتەوە ئەوەی من مەبەستمە باسی بکەم وەکو هێزەکانی بەرگریو فریاکە وتن هەر لەناوچەی جەلەولاوە تا دەگاتە

دوزخورماتوو وەناوچەی داقوق وەناوچەی کەرکوک ئەم هێزانەی ئێمە توانیویانە رۆڵی کاریگەر ببینن هەم لەبەرگری کردن لەو ناوچەنەوە هەم هێرش کردن بۆ سەر مۆڵگەکانی داعش ئەوەندەی ئێمە بەشدار بوین لەو هێرشانە دەتوانم بڵێم ئێمە سەرکە وتنی باشمان بەدەست هێناوە گورزی کوشندەو کاریگەرمان گەیاندۆتە هێزەکانی داعش، بێگومان پێ ویستە باسی ئەوەش بکەین کە پشتیوانی گەلی کورد بەهەموو چینو توێژەکانیەوە بەردەوام چ وەک سەردانی بەرەکانی جەنگ وەچ وەک ناردنی کۆمەکو هاوکاری بۆ هێزی پێشمەرگە ئەمە بێگومان کاریگەری هەبووە لەسەر ئاستی بەرزکردنەوەی ورەی هێزەکانی پێشمەرگە من دەتوانم چەندین نمونە لەسەر قارەمانیەتی پێشمەرگە بێنمەوە ئەوەندەی کە من لەیادەمە یەکێک لەپێشمەرگەکانی ئێمە کە هێرش کرایە سەر گوندی سەید خەلەف لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە لەوکاتەیا ئەوان سەیارەیەکی بۆمبڕێژکراویان ڕوبەڕوی هێزەکانی ئێمە نارد بۆ پاراستنی گیانی هاوسەنگەرەکانی بۆ پاراستنی گیانی پێشمەرگەکان ئەم کوڕە توانی بەرگری لەڕەفیقەکانی بکات ڕێگە لەو سەیارەش بگرێت خۆی کردە قەڵغانێک بۆ هاوڕێیکانی توانی نەهێڵێت ئەوسەیارە بێتە ناو هێزەکانەوە خۆشبەختانە ئەو کەسەش ئێستا لەژیاندا ماوە دوای ئەوەی چەندین جار ڕەوانەی دەرەوەی هەرێمی کوردستان کرا بۆ چارەسەرکردنی برینێکی قوڵ کە وتە جەستەیەوە فەترەی چەند مانگێک لەجێگەدا مایەوە بەڵام ئەوەندە ورە بەرز بوو ئەوەندە قارەمان بوو ئێستاش هەموو جار زەختمان لێ دەکاتەوە کە بێتەوە بۆ بەرەکانی جەنگو بەشدار بێت لەگەڵ هاوسەنگەرەکانی دیارە ئیمە لەناوچەی جەلەولا چەندین قارەمانمان چەندین خەڵکی باشمان لەم ڕێگایە گیانی خۆی بەخشی

ئەوەندەی لەیادم بێت ئیمە لەفەوجەکەمان هەشت قارەمان هەشت کوڕی لاومان شەهید بوون چ لەکاتی هێرش بردندا چ لەکاتی بەرگری کردندا لەخاکی کوردستان شتێکی تر کە دێتەوە یادم یەکێک لەو شەهیدانە رۆژی دابەزینی بوو ڕۆژی مۆڵەتدانی بوو بچێتەوەماڵەوە بۆ ناو خێزانو کەسوکاری هەستی کرد لەناو یەکێک لەخانوەکان عەبوەی لێیەو بۆمبڕێژکراوە ویژدانی ڕێگەی پێ نەدا گوتی من ناتوانم ئێرە بەجێ بهێڵم رەفیقەکانم نەشارەزان بێنەوە ئیرە بۆ ئەوەی عەبوەکە پیایان نەتەقێتەوە چوو گوتی ئەو خانوە من پاکی دەکەمەوە هەرچەند شارەزایشی لەهەڵگرتنەوەی مینو پوچەڵکردنەوەی عەبوەدا نەبوو بەڵام گوتی ویژدانم ئازارم ئەدات ئەگەر من ئێرهر بەجێبهێڵمو ئەم خانوە بۆمبڕێژکرابێت هاوڕێکانم لەنەشارەزایی خانوەکە پیایان بتەقێتەوە دیارە لەکاتی ئەنجامدانی هەڵگرتنەوەی ئەو عەبوانە لەناو ئەو خانوانە بەداخەوە بۆمبەکە پیای تەقیەوە خۆیو رەفیقێکی شەهید کرد لێرە جێی خۆیەتی سەری ڕێزو نەوازش بۆ شەهیدەکانو کەسوکارو کارو خانەوادەی بەرێزەکانیان دابنەوێنین وەهیوای زوو چاکبونەوە بۆ بریندارەکانیشمان دەخوازین هەرچەندە هەموو پێشمەرگە رەفیقمانن برامانن دیارە ئەوەی کە من لێرە دەمهەوێت باسی بکەم کاک لیوا حسێن مەنسورە کە من فەترەی چەند ساڵێکە لەنزیکەوە پێکەوە ئیشمان کرد لەفەرماندەیی هێزەکانی پشتیوانی دوو، دیارە ئەو پیاوە ئەو قارەمانەمایەی فەخرو شانازیە بۆ هەموو هێزی پێشمەرگەوە بۆ ئێمەومانان کە رەفیقو هاوسەنگەری نزیکی بوین ئەو پیاوە هەمیشە لەهەڵمەتبردندا بوو ئەو پیاوە هەمیشە ئەگەر ئەرکەکەشیان پێ نەسپاردایە لەهەر ناوچەیەکی کوردستان بوایە چ لەمۆڵەت بوایە ئەوپیاوە بەزوترین کات خۆی دەگەیاندە سەنگەرەکانی پێشمەرگە

وەدایمە ڕۆحیەتی ئەوەی تیا بووکە بەشدار بێت لەو هەڵمەتانەی کە پێشمەرگە دەیکات بۆ سەر مۆڵگەکانی داعش قارەمانیەتی کاک حسێن مەنسور بەدەم ئاسانە ناتوانی تەعبیر لەقارەمانیەتی ئەو پیاوە بکەیت پیاوێک سونبولە بۆ هێزی پێشمەرگە پیاوێکە بەردەوام ماندووبونی نەزانیوە بەردەوام لەپێشەوەی هەموو هێزەکەدا بووە دایمە فەرماندەیەک بووە خۆشە ویستی ناو پێشمەرگەو هاوسەنگەرەکانی بووە بەداخەوە لەڕۆژی ئازادکردنی ناوچەی تەلوەرد لەهەڵمەت بردن بۆ سەر مۆڵگەکانی داعش دەتوانم بڵێم لەپێش تانکو زرێپۆشەکانەوە ئەو پیاوە هەڵمەتی دەبرد بۆ سەر مۆڵگەکانی داعش مەخابن سەر لەئێوارە ئەو قارەمانە ئەو کەڵە پیاوە بەدەستی تیرۆریستانی داعش شەهید کرا یەکێکی تر لەو هەڤاڵو هاوسەنگەرانەمان کاک عمید شێرکۆیە فەرماندەی لیوا لەوەزارەتی پێشمەرگە دیارە ئەو پیاوەش لەسەرەتای دروستبونی چەتەکانی داعش گرەوی لەسەر خوێنی خۆی ئەکرد لەپاراستنی سەنگەرەکان، هەمیشە ئەمەی دووبارە دەکردەوە ئەیوت هیچ سەنگەرێکی من چۆڵ ناکرێت مەگەر من لەژیاندا نەمێنم، دیارە ئەو قسانەی لەناو چەندین کۆڕو کۆبونەوەدا بەشاهیدی چەندین هەڤاڵو هاوسەنگەری خۆی دووبارە ئەکردەوەو ئەو قسەی کە پێشتر بەڵێنی دابوو بەفەرماندەکانی سەروی خۆیو هاوسەنگەرەکانی ئەو بەڵێنەی خۆی بردە سەر وەئەویش مەخابن لەکاتی هێرشکردنی چەتەکانی داعشو بەهاناوەچونی هێزەکەی خۆی بۆ ئەوەی نەیەڵێت دەستی گڵاوو ڕەشی چەتەکانی داعش بگاتە سەنگەرەکانی پێشمەرگە ئەویش سەر لەبەیانی هەمان ڕۆژ گیانی خۆی کردە قوربانی خاکو نیشتمانو شاری کەرکوک لەناوچەی نەهرەوان لەکەرکوک شەهید کرا.

یەکێک لەو بیرەوەریانەی تر کەلەم چەند هەفتەی ڕابردودا چالاکیەکمان ئەنجامدا ئەتوانم بڵێم عەمەلیەیەکی فراوانمان ئەنجام دا لەناوچەی سەید خەلەف کەئەکەوێتە بەرامبەر سەنگەرەکانی خۆمان لەناوچەی تەلوەرد لەڕۆژی ئازادکردنی ئەو گوندە توانیمان دەیان عبوەو تیئێنتی کەداعش جادەو خانوەکانی ئەو گوندەی پێ بۆمبڕێژ کردبوو لەدوای ئازادکردنی گوندەکە دوای خۆڕێکخستنەوەی خۆمان بۆ ئەوەی بتوانین خۆمان بۆ هەر ئەگەرێک ئامادە بکەین بۆ بەرپەچدانەوەی هەر ئەگەرێک کەلەلایەن داعشەوە بیەوێ هێرشی پێچەوانە بکات، بەڵام دیارە ئەوندە زەبری کوشندەو کاریگەریان بەرکەوتبوو تەنانەت فریای ڕاکردن نەکەوتن لەشەڕەکەدا، ئەوەی کەمەبەستمە باسی بکەم لێرە ئەوەیە کە٢ هاوسەنگەرو هاوڕێی خۆشە ویستمان بەناوی لیوای ١ پاراستنی سلێمانی کەیەکیان شەهید ڕێژوانەو ئەوی تریان شەهید تەیبە سەر لەئێوارەی ئەو ڕۆژەی کە گوندەکەمان ئازاد کرد هەردوکیان هاتنە لای من گوتیان پێمان خۆشە هەر وێنەیەک لەگەڵ تۆدا بگرین بۆ یادگاریو یادەوەری ئازادکردنی ئەم شوێنە دوای گرتنی وێنەکانمان یەکێک لەو قارەمانانە شەهید ڕێژوان بوو بەوێنە گرەکەی وت من ئەزانم ئەو وێنەیە نابینمەوە دوای ئەوەی کەلەلام ڕۆیشتن چەند خولەکێک ٢ بۆ ٣ خولەک دورکەوتنەوە لەمن مەخابن بۆمبێکی چێندراو تەقیەوە بەماشێنەکەیانداو هەردوکیانی شەهید کرد، ئەوەی جێی باسکردنە لەدوای کۆتایی هاتنی شەڕەکە سەردانی هەردوو ماڵە شەهیدەکەم کرد بەڕاستی ئینسان ئەوکاتە هەستەکات کە ئێمە خاوەنی چ دایکو باوکێکین لەناو ئەم نیشتمانە ئەگەر خەڵکانێکمان هەبێت لەو بابەتانە دڵنیابە هیچ دوژمنێک ناتوانێت چۆک بەئێمە دابدات واتا دوای ئەوەی کە سەردانمان کردن چوینە ماڵەکەیان زۆر بەفەخرو شانازیەوە باسیان

ئەکرد کەئەوان ئامادەن ڕۆڵەی تریان بکەن بەقوربانی خاکو نیشتمان بۆ ئەوەی چەتەکانی داعش دەستی گڵاویان نەگاتە سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگە وەباوکی شەهید تەیب تکای لەمن کرد لەئێستاوە قبوڵم بکە دێمە ناو سەنگەرەکان جێگای شەهید تەیبت بۆ دەگرمەوە ئامادەم بەرگری لەخاکی کوردستان بکەمو خوێنی خۆشم ببەخشم لەخاکی کوردستان، ئێمە هەموو ڕۆڵەکانمان ئامادە کردوە بۆ ئەوەی میللەتەکەمان سەربەرز بێتو بەمافی ڕوای خۆی بگات، وەهەمان هەڵوێستیش لەکەسو کاری شەهید ڕێژوان کە دوای ئەوەی سەردانیماڵەکەیمان کرد هەمویان بەدڵو بەگیان ئەیانوت ئێمە ئامادەین خوێنی خۆمان بکەین بەقوربانی ئەو نیشتمانە پیرۆزە مایەی سەربەرزیە بۆمان کە ڕۆڵەکانمان لەشەڕێکی ئاوا پیرۆزدا لەناو هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا گیانی خۆیان بەخت بکەن فەخرو شانازیان پێوە ئەکەین وەئامادەین بێین لەگەڵ ئێوەدا سەنگەرەکانی پێشمەرگە بپارێزین، لەسەرەتای دەستپێکردنی شەڕی داعش ئێمە خەریکی ئازادکردنی ناوچەی دوزخورماتو بوین دوای ئازاد کردنی ناوچەکە هێڵێکی بەرگریمان ئەنجامدا لەو سنورانە بۆ ئەوەی ڕێگری لەهاتنی چەتەکانی داعش بکەینو بتوانین بەرگری لەو ناوچانە بکەین کە ئازاد کراون بەردەوام من ڕۆژانە سەردانی سەنگەرەکانم ئەکرد بۆ ئەوەی ئەگەر کەموکوڕیەک لەسەنگەرەکاندا هەبێت بتوانین پتەوی بکەین بتوانین بەشێوەیەکی وەها دروستی بکەین لەکاتی هێرشکردنەکانی داعشدا بتوانین بەرگری بکەین لەو ڕۆژەدا کەبەڕێگاکەدا دەڕۆیشتم بۆ سەنگەرەکانی ناوچەی زەرگە عەبوەیەک بەماشێنەکەی خۆمدا تەقیەوە خۆش بەختانە هەندێک بریندارى بچوک بوین، بەڵام لەچاو ئەو عبوە بەهێزەو ئەو کارگەریەی ڕزگارمان بوو لەو عبوەیە لەجادەکە دانرابوو

دیاربو چەندین عبوەیان چاندبوو بۆ ئەوەی بیتەقێننەوە بەماشینەکەی مندا دیارە لەدورەوە بەکۆنترۆڵ تەقاندیانەوە پێماندا ئێمە دوای ئەوەی کە عبوەکە تەقیەوە بەئوتومبیلەکەی مندا نەمهێشت کەس لەهاوەڵەکانم برادەرەکانم نزیک ببنەوە چونکە گومانی ئەوەم ئەکرد کە بۆمبی دوەمو سێهەمیش بتەقێننەوە دوای ئەوە خۆتان ئەزانن کەهەر تەقینەوەیەک ئەبێت پێشمەرگە نزیک ئەبێتەوە لەشوێنەکان توانیم لەوێ ئەو برادەرانەی کەبەهانای منەوە هاتن دوریان خەمەوە لەناوچەکە بلفعل ئەوبوو دوای ١٠ دەقە بۆمبێکی تریان تەقاندەوە، بەڵام خۆشبەختانە ئەو عبوەیان هیچ زیانێکی پێ نەگەیاندین ئەو ناوچەیە ئازاد کرابوو بەڵام ناوچەیەکی فراوانو بەربڵاو بوو بەشەوان دزەیان ئەکرد بە٢ نەفەرو ئەوانە ئەهاتنە ناوچەکەو عبوەکەیان چاندبوو ئێستا هەمو ڕێگایەکمان لێیان گرتوەو توانیومانە زۆر بەباشی کۆنترۆڵی سەرجەم ناوچەکان بکەین.

# جەمال حەمە سەعید عوسمان

من ناوم (جەمال حەمە سەعید عوسمانە) ئەفسەرم لەفەرماندەیی هێزەکانی ٧٠ بەپلەی مولازم ئەوەل، لەگەڵ دەرکەوتنی داعش بۆ سنوری هەرێمی کوردستان لەساڵی ٢٠١٤ ئێمە وەک ئەفسەرێکی هێزی پیادەی ٧٠ ئەمرمان پێکرا کە بچین بۆ میحوەری قەرەتەپە بۆ لای بەڕێز کاک مەردان ئەوە بوو هاتین سەرەتا پەیوەندیمان کرد بەکاک مەردانەوە، لەوێ لەگەڵیدا ماینەوە سەرەتا وەکو پێشمەرگە ئەرکەکانی خۆمان ڕادەپەڕاند سەردانی بەرەکانی جەنگمان دەکرد بۆ وەرگرتنی روداوەکان بۆ سنورەکەی خۆمان بۆ ئەوەی بزانین هێزەکانی خۆمان لەکوێدایەو لەکاتی بۆردومانکردنی تەیارەیا شوێنی هێزەکانی دوژمنو شوێنی هێزەکانی خۆمان بزانین، پاشان هەستاین بەدروستکردنی ئیدارەیەک لەبەر ئەوەی هیچ هێزێکی پێشمەرگە بەبێ ئیدارە سەرکەوتو نابێت، ئەگەر ئیدارەیەکی بەهێزی لەپشتەوە نەبێت سەرکەوتو نابێت ئەوە بوو ئێمە نوسینگەیەکمان دروست کرد ناوی نوسینگەی میحوەری قەرەتەپەوە لەگەڵ بەڕێز نەقیب عادلا بەیەکەوە بەسەرکەوتوی ئەرکەکانمان ڕاپەڕاندووە تا ئێستا هەموو ئیشو کاری هێزی پێشمەرگەمان لەمیحوەری قەرەتەپە ڕاپەڕاندوەو ئەرکەکانی خۆمانمان بەرێکوپێکی جێ بەجێ کردووە هەتا وەکو بیرەوەریەکیش ئێوارەیەکیان کاک مەردان برادەرێکمان هاتبو لەکفری بوو لەوکاتەدا وەزع زۆر

ناخۆش بوو ڕێگاکان ناخۆش بو بەردەوام عبوە دائەنرا لەڕێگاکاندا گوتی برادەرێکمان هاتبو پەیوەندی کردبوو کەلەکفریە بچین بەدوایاندا ئەوە بوو لەقەرەتەپەوە خۆم گەڕامەوە چوم بەدوایدا کە هاتینەوە لەڕێگادا ماتۆڕێکم بینی هەرچەند ئەمە بیرەوەریەکی ناخۆشەو بەبۆنەی برادەرەکانمەوە بەڵام هەر ئەیگێڕمەوە، ماتۆڕەکە لەدورەوە وەستا بوو وتم کاکە ئەو ماتۆڕەوەستاوە شتێکی بەدەستەوەیە دوو کەسی کەم لەگەڵا بو من ئەمەوێت دابەزمو پرسیار لەو ماتۆڕە بکەم گوتیان کاکە گیان دامەبەزە ئەوەندە جەیشی عێراقی شێوازێکی زۆر ناخۆشیان بەکارهێناوە لەگەڵ خەڵکداو خەڵکیان سەخڵەت کردووە با دانەبەزین‌و بیان پشکنین، لەوانەیە ڕقمان لێ هەڵ بگرن‌و پێیان ناخۆش بێت هێزی پێشمەرگە بەچاوێکی کە سەیر بکەن ئەوەبوو دانەبەزین بەهەقەت هێواشم کردنەوە وتم کاکە پێ ویستتان بەهیچ شتێک نیە، گەڕامەوە بۆ میحوەر بەگەڕانەوەی من بۆ میحوەرو نەقیب ئاراس گوتی شوڕتەی کفری لای ئێمە بوو گەڕایەوە بۆ کفری لەکاتی گەڕاندنەوەدا ئاوە دەوری ١٠ دەقەیەکی پێ چوو گوتی عبوەیەک لەوێدا دانراوە عبوەکە دانرابوو وتمان ئەوە لەکوێیا بوو بزەبت شوێنەکەی ئەو ماتۆڕە بوو کە لەوێدابو ماتۆڕەکە عبوەکەی دانابو بۆیە ڕۆیشتین لەوێ نەقیب ئاراس عبوەکەی هەڵگرتەوە، وەجگە لەڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی خۆم لەو کاتەدا هەتاکو ئێستا ئەوە بۆ مێژوش ئەیگێڕمەوە من هەتا ئێستا دینارێکم بۆ سەرف نەکراوە لەهێزەکانی ٧٠ وەبەماشێنی خۆم بەماڵی خۆم بەپارەی خۆم بەتاقی تەنها فەترەی ساڵو نیوێک بەو ڕێگا ناخۆشە بەو مەترسیەدا هاموشۆم کردووەو بەشانازیشەوە لەبەر ئەوەی لەپاراستنی خاکی هەرێمی کوردستانداو دیفاعکردن لەمیلەتەکەی خۆم بەسەر

بەرزیەوە هیچ کاتێکیش پەشیمان نیمو ئامادەم لەڕێگەی وڵاتەکەمدا خوێنیشم بڕژێت زۆر بەشانازیەوە.

ناخۆشترین ڕۆژیشم ڕۆژێک لەمیحوەری قەرەتەپە بوین لەبەرواری ٢٠١٤/١٠/١٢ لەبەنزینخانەیەکدا بوین میحوەرەکەمان لەناو بینایەکی بەنزینخانەدا دانیشتبوین لەگەڵ برادەراندا، گوتیان با بچین نیشانەیەک دابنێین بۆ نیشانە شکاندن وتمان باش چوین هەموویان فیشەکی خۆیان تەقاند سەرەی من هات میلم ڕاکێشا کە میلم ڕاکێشا لەوکاتەدا ویستم پەنجە بخەمە سەر پەلەپیتکەو لەوکاتەدا زرمەیەک هات پێم سەیر بوو سەیری تفەنگەکەم کرد هیچ نەبووە ئاورم دایەوە لەپشتمەوە دوکەڵێکی ڕەشی گەورە بەرزبۆوە وتم مشکیلە نیە جاری دووەم پەنجەم خستەوە سەر پەلەپیتکەو ویستم پەنجەی پیا نێم دووبارەناڵەیەکی تر هاتەوە کە ئاوڕم دایەوە دیسان دوکەڵێکی تر لەپشتمەوە هەستا لەوکاتەدا پەیوەندیم پێوە کرا لای کاک مەردانەوەو گوتیان ئاگات لەمیحوەر بێت میحوەر بپارێزە هەتا ئەگەینە چوار دەورت لەبەر ئەوەی تەقینەوە لەقەرەتەپە ڕویداوە لەوکاتەدا هەڵستام بەبەسەر کردنەوەی پێشمەرگەکانەو پاسەوانەکان بانگی هەموویانم کردو لەڕوی ئەمنیەوە میحوەرەکەم توندو تۆڵ کردەوە، کاک مەردان گەیشتە جێو گوتی ئەبێت ئێستا بڕۆیت بۆ بایزە، بایزە لەوکاتەدا ڕێگایەکی زۆر خەتەر بو ٢ شۆفڵمان هەبو لەوێ شۆفڵەکان بهێنیتەوەو بگەیتەوە قەرەتەپە وتم بەسەرچاو، چوم فلاتێکم برد لەگەڵ خۆمدا خۆشم ماشێنیەکم پێ بوو شۆفلێکیانم خستە سەر فلاتەکەو بەڕێم کردنەوە بۆ میحوەر شۆفڵەکەی تریش دورو نزیک بەو ڕێگا ناخۆشە کە چەندێک مەترسی عبوەی لەسەر بو بەدوایدا هاتمەوە هەتا گەیشتمە قەرەتەپە ئەوە بو بەداخەوە لەوێ چەندین شەهیدمان دابوو وەچەندین بریندارمان دابوو

تەقینەوەیەک بو لەناو بارەگای کۆمیتەی قەرەتەپەدا ٣ تەقینەوەی لەسەر یەک بوون، ناخۆشترین ڕۆژ بوو بەلای منەوە، ئەو تەقینەوانە داعش لەوکاتەدا زیاتر هێرشەکانی لەڕێی عبوەو تەقینەوەوە بو ئەوە بو بارەگای کەمئەندامانی سەنگەر لەوکاتەدا چبونە ناو بارەگای کۆمیتەی قەرەتەپەوە لەوێوە مەقەڕێکیان دانابو بۆ خۆیان کە لەوێ هێزێکیان هەبێت وەکو هاوکاری هێزی پێشمەرگە لەناو بارەگای کۆمیتەدا بون، داعشێک سەرەتا بەماشێنیەک هێرشی کردە ناویان خۆی تەقاندەوە، دوا بەدوای ئەو دوبارە ماشێنیەکی دیکە خۆی تەقاندەوە وەتەقینەوەی سێیەمیشی تیا بوو بەڵام ڕێک من لەوکاتەدا ئاگادار نەبوم کە ئافرەتێک بوو خۆی تەقاندەوە بۆ زەرەرو زیان گەیاندن بەهێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو، ئیتر داعش بەهەر شێوەیەکی دڕندانە بێت بەهەر شێوەیەک بێت ئەو گوێی لێی نیە، لەڕوی مافی مرۆڤەوە بیر لەهیچ شتێک ناکاتەوە بیر لەئینسان ناکاتەوە هەتا بەکوشتن بێت بەتەقینەوە بێت بەهەر شتێک بێت گرنگ ئەوەیە کەسێک لەناو بەرێت کێشەی نیە ئیتر هەرچۆنێک بێت، من لەوێ نەبوم بەڵام دوای کە چومەوە قەرەتەپە من بینیم چەندەها قاچ لەوێدا کەوتبون دەست لەوێدا کەوتبون سەر کەوتبون لەگەڵ بینینی قاچەکەدا تەبعەن شێوازی قاچی ئافرەتو پیاو جیاوازە بینیم کە لەقاچی ئافرەت ئەچو وەخەڵکەکەش گوتیان کەوا ئافرەتێک بوو کە خۆی تەقاندەوە، ئەوەبو زۆر بەداخەوە لەتەقینەوەکەی رۆژی ١٠/١٢ قەرەتەپە کە ٣ تەقینەوەی خۆکوژی ڕویدا دوانیان بەماشێن یەکیان لەڕێگەی ئافرەتێکی خۆکوژەوە بو خۆیان گەیاندە لای کەمئەندامانی سەنگەر لەناو بارەگای کۆمیتەی قەرەتەپە، بەڵام زۆر بەداخەوە کە لەو ڕۆژەدا بەهۆی ئەو تەقینەوانەوە ١٠ پێشمەرگەی کەمئەندامانی سەنگەر کە خۆیان کەمئەندامی سەنگەر بون‌و وەکو

خۆبەخش هاتبون بۆ بەرەکانی جەنگ شەهیدبون بەناوەکانی چەند کەسێک لەو ناوانە کە لەئێستادا ناتوانم ناوی هەمویان بڵێم بەڵام چەند کەسێک ئەتوانم ناوەکانیان بڵێم یەک لەوانە ڕزگار ئەحمد حەمە ساڵح، نەژاد دارا تۆفیق، ئیدریس فایەق مەحەمەد، سالار حەسەن حەمە خان، ڕێبوار مەحەمەد خدر، وەلەدوای ئەوەی کە ١٠ کەس شەهید بوو ٤ کەسیش هەر لەکەمئەندامانی سەنگەر برینداربون زۆر بەداخەوە وەسوپاس بۆ خوای گەورە کە شکور برینەکانیان زۆر سەخت نەبون ئێستا هەمویان چاک بونەتەوە، یەک لەو ناوانە شوان شەریف کەریم ناسراو بەشوان موغاغی، عەبد نەجم زۆراب، تەها عەبدوڵا نەجم، ڕەئوف حەسەن ساڵح، مەحەمەد مستەفا ڕەشید، وەمن ئەمەوێت وتەیەکی خۆشم بڵێم واپێمخۆشە من نوسیومە لەسەر دیوارەکان لەزۆر شوێندا نوسیومە بەسپۆنسەری پێشمەرگە ژیان بەردەوامە، هەتا پێشمەرگە هەبێت ئێمە ئامادەین لەپێناو خاکو وڵاتمانا خۆمان سپۆنسەرمان کردووەو خۆمان بەشەهیدکردن ئەدەین بۆ ئەوەی میلەتەکەمان بەئازادیو سەر بەرزی بژیەت زۆر سوپاس.

# بەکر سۆران حەمە ڕەزایە

من ناوم (بەکر سۆران حەمە ڕەزایە) نەقیبم لەیەکەی ٣٦ هێزەکانی ٧٠ ڕابەر سیاسی ئەو لیوایەم. شەڕی جەلەولا کارەساتێک بوو پێموایە شتێکیوا دەگمەن بوو لەبەر ئەوەی لەجەلەولا شەڕی خانوو بەخانوو بوو ماڵ بەماڵ بوو زۆربەی ئەو برادەرانەی ئێمە خانویەکیان بەین بووە لەگەڵ داعشا بەدرێژای ١٠ بۆ ١٥ ڕۆژ ئێمە لەجەلەولا بووین چەند جارێک بەدل بووین من خۆم ٦ ڕۆژ لەوێ بووم ئەو ٦ ڕۆژەی تا بەیانی نەخەوتم چوونکە نەتئەتوانی بخەویت تا سەعات ٦ی ئێوارە تەقە بوو بەڵام تەقەکە جاری واهەبوو گەرم نەبوو جاری واش هەبوو زۆر گەرم بوو، ئەو تەقەی ئەکرد ئەبوایە تۆش تەقەت بکردایە، ٦ ئێوارە بۆ ١٢ ی شەو هەر بەردەوام بوو من لەو بینایەی کە تیای بووم ٦کەسم لەگەڵا بوو ٢ لەسەرەوەو ٢ لەقاتی ناوەڕاست دوانیش لەکۆڵانەکەی بەردەرگا ئەوە ڕێژەیەکی کەم بو بەشیشی نەئەکرد، کاتت نەبوو خواردنی ئەو ٦ کەسە هەر بەنۆرە بوو تەقەکردنیش زۆربەی کات ئەوان لەسەعات ٣ ی بەیانیەوە دەستیان پێ ئەکرد هەتا ١٢ ی نیوەڕۆ، زۆربەی کات لە٣ی ئێوارەوە تەقەیان ئەکرد ٦ ی ئەو ڕۆژە، بەڵام من دوو جار لەجەلەولا کەوتمە تەقەوە تەقەیەکی زۆر گەرم ئەوان هەر ئەهاتنە پێشەوە سەرەتا کە بیناکەمان وەرگرت من لەسەعات ١٠ چوومە بیناکە، سەعات ١٠ هێزەکەمان دابەش کردوو ڕەبایەمان گرت

لەگەڵ نەقیب مەحمود باشکی، من بە٦ کەسەوە هاتمە ئەو بینایەوە ئەویش بە٦ کەسەوە لەبینای ئەوبەرەوە بوو، لەسەعات ٣ ماشێنیەکیانمان لەخانوەکانی پشتمانەوە تەقاندەوە کە تەقریبەن ٦٠ مەترێک دوور بوو پێیان ئەوت چافی لاند بەڵام من خۆم ماشێنکەم نەبینی بەڵام ئەوەنە زانیم پارچەی بەردوو شتەکانی هاتە ناو بیناکەی ئێمەوە ئێمەش چووینە سەر بیناکەو تەقە لەئێمەو ئەوانەوە دروست بوو ئەوان ماشێنیەکیان پێ بوو من جارێک بینیم یان فۆرت بوو یان میکزەمینی بوو دۆشکەکە تەقەی ئەکرد لەسەری گوولەکان ستارەکانی ئێمەی بڕی دوو پێشمەرگە حەرەس بوون بەسەر بانەکەوە بانگیان کردم گوتیان کاک بەکر وەرە سەرەوە برینداربووین کەچوومە سەرەوە بریندار نەببوون بەڵام ساترەکەی ڕوخاندبوو بەسەریانا، ئیتر تەقە دروست بوو تا سەعات ٦ بەردەوام تەقە بوو سەعات ٦ تەقەکە هێور بوەوە ئێمەش فریاکەوتین شتێکمان خوارد، ئەوەی حازر بوو خواردمان ئیتر هەتا بەیانی هەر کەمو زۆر تەقە هەبوو بەو شێوەیە ئەو ٦ کەسە لەو بینیایە بووین ٦ ڕۆژ جاری واهەبوو بەیانیان زوو تەقەیان ئەکرد بۆ ئەوەی ئێمە ئەوکاتە لەسەربان بووین کەدنیا ڕوناک ئەبوەوە حەرەسەکانمان ئەجولان یان خۆمان ئەجوڵاین‌و ئەهاتینە خوارەوە، لەو کاتانەیا ئەوان دائەنیشتن بەئەیفۆڕو بەقەناس‌و ئەو چەکانە ئەهاتنە نزیکی ماڵەکانەوەو ماڵەکانیشت نەئەبینی بەحوکمی ئەوەی ماڵەکان هەمووی تێکەڵ بوو بەیەکەوە، ٢ جار تەقەیان لێکردین بەیانیەکیان زوو بوو سپلێتێک بەبیناکەمانەوە بوو پانکەیەکی پێوە بوو ئەسوڕایەوە وایان ئەزانی ئەوە پەنجەرەیەو ئێمە هاتووچۆی تیا ئەکەین گولەکان کە ئەیانهاویشت ئەیدا لەپەنجەرەکە، ئێمەش تەقەمان ئەکرد بەڵام بەڕاستی من لەو ٦ ڕۆژەیا یەک جار ئەو ماشێنیەی ئەوانم بینی ئەویش بەشێکی

ماشێنکەم بینی تەقەی ئەکردو گڕەکەی دەرئەچوو، بەیانییەکیشیان تەقریبەن سەعات ٦ بوو نەقیب مەحمود بانگی کردم گوتی کاک بەکر لەو خانوەی بەردەم بیناکەی تۆ تەقە لەمن ئەکەن دوکەڵی لولەی تفەنگەکەم بینی لەپەنجەرەیەکی بچووکەوە ئەوجارەش بینیمان ئیتر تەقەمان زۆر لێکردن ئەوان بێدەنگ بوون، ئیتر هەر وەختێکت ئەزانی سەلیەیەک لەبیناکەتی ئەدا نەتئەزانی چ چەکێکەو لەکوێوەیە چوونکە خانوەکان زۆر بوون‌و بیناکەی ئێمەش بەرز بوو، ئەو شەش ڕۆژە لەوێ بووین دوای ئەو شەش ڕۆژە گەڕاینەوە، ئێمە وەجبەمان بەدل بوو چوینەوە بۆماڵەوە بەهەمان شێوە ئەو کارەساتە گەورەی تر بوو لەجەلەولاو ئەوانە ئەوەبوو من نەگەڕامەوە بۆ جەلەولا هەر ئەو جارە چومەوە بۆ مقەڕی لیوای خەلفی چەند ڕۆژێک ئیسراحەتمان کرد گەڕاینەوە بۆ بایزە لەبایزەش کەم‌و زۆر توشی شەڕ بووین بەڵام یەک ڕۆژ بەسەختی توشی شەڕەکە بووین ئەویش باش بوو کاک مەردان‌و ئەوان کۆمەڵێ چەکی گەورەیان هێناو ئەو ڕەبایانە پاک کرانەوە بەڵام ڕەزالەتەکەمان چیبوو ئەوەبوو گەرما بوو، یەک ئاوو نەبوو بەوشێوەیە تەپوتۆزو خۆڵ بوو من خۆم تەقریبەن ١٧ ڕۆژ دانەبەزیم ئەو ١٧ ڕۆژە لەسەر ئەو چەوە ئەخەوتم هەر بەتاقم‌و تفەنگەکەوە بەس تفەنگەکەم ئەخستە پشتی سەرم‌و ئیتر لەسەر ئەو چەوە ئەخەوتم، تەقریبەن ١٧ بۆ ١٨ ڕۆژ بەوشێوەیە مامەوە ئیتر دوای ئەوە ڕوخسەتمان لەجەنابی ئامر لیوا وەرگرت‌و وتمان کاکە بەهەر شێوەیەک بێت با ٢ ڕۆژ جارێک یەکێکمان بڕۆینەوەو بچینە ماڵەوە خۆمان بشوین‌و ئیسراحەت بکەین ئیتر باش بوو وەزعەکە تۆزێک ئەهوەن بوەوە، ئەو کاتە ڕەبایەکان‌و بەرزاییەکانی بایزە گیران ڕوی جەلەولا پاکبوەوە ئەو ڕۆژە من وەختێک بەشداریم کرد پاکبوەوە ئیتر ئەوە بوو ئێمە وەکو ساترو

سەنگەر لێمان ئەیان هێزێکمان ئەچوە بایزە ئەو ساترانەی بەردەمی بایزە خۆشمان وەکو لیواو میحوەر لەبەرزایەکانی بایزەماینەوە باش بوو وەزعەکە ئەهوەن بوەوەو ئیسراحەتمان کرد چوینەوە یاتاقو بەتەنیو کەلو پەلمان هێنا، لەڕوی ئیدارەوە زۆر باش بوو هیچ هێزێک بەقەت ئێمە ئیداری نەبوو لەو ناوچەیە چوونکە ماشێنی ئازوقەمان هەبوو خواردنمان هەبوو و شتمان هەبوو بەڵام ئەوەی ڕەزالەت بوو لەسەر پێشمەرگە ئەوەبوو گەرمایەکی زۆر بوو بەحەقەت گەرمای وام نەبینیوە لەژیانما، ئیتر ئەوە بوو ئێمە مانگی ٨ چووینە بایزە تا مانگی ١١ ماینەوە بەڵام پێشمەرگە ژیانێکی ناخۆشی هەبوو ژیانێکی ڕەزالەتی هەبوو لەبەر ئەوەی هاوینەکەی گەرم بوو پایزی ئەم ناوچەیەش پایزێکی باراناویو خۆڵاویو ناخۆش بوو سەرەتا بوو پێشمەرگەش هەتا ئازوقەو پێداویستی بۆ هات کەمێک ڕەزالەتی بینی بەڵام زۆر ناخۆش بوو چونکە تابەیانی هەر لەکەمینا بووین شەوێکیان هەتا سەعات ١ باران باری ئەو پێشمەرگانە هەر لەکەمینا بوون بەتایبەتی فەوجی ١ لەو ساترەیا لەکەمینا بوون بەو بارانە ئێمەش سەرو خێمەمان دروست کردبوو لەبەرزایەکان دامان نابوو بۆ سەرما، ئیتر ئەوەبوو دوای بەرنامەیەکی باش هاتو بڕیار درا کە هێرشێکی سەرتاسەری بکرێت پێموایە لە١١/١٨ بوو یان لە١١/٢٦ بوو، بەبەرنامەیکی چڕوپڕ چوینە ئەو ناوچانەی دبچەوە کە پانزە بۆ ٢٠ دێ ئەبوو ئیتر بەرنامەیەکی باشی بۆ داڕێژراو هێزێکی زۆر هاتو ئەسلیحەو تەقەمەنیەکی باش هاتو ئیتر بەسەرکەوتویو بەبێ شەهید چووینە ناوچەکەوە هەتا ئەو کاتە بەشداریمان کرد، دوای ئەوە ئیتر ئێمە تەقریبەن مانگێک لەدبچە ماینەوە پاشان واجبێکی تریان داین بەسەرا لەسنوری ناو جەلەولا بۆ کۆباشیو بۆ پۆکانەو بۆ سنوری

خانەقین هەتا ئەوێ چووین ئەویش نزیکەی مانگێک بۆ دوان لەوێ بووین دوایی داوای هێزێکیان لێکردین بۆ تەلوەرد بۆ ناوچەی مریەم بەگو ئەو ناوچانە ئەویش هێزێکیان لەسریەکان ئامادە کردبوو چوینە ئەوێو تەقریبەن سێ جار چووین هەر جارەی ١٠ بۆ ١٢ ڕۆژێک لەوێ مایەنەوە ئەوەش هەر ڕەزالەت بوو لەبەر ئەوەی ساترەکانی هەر خۆڵ بوو، ئیتر خۆ ژیانی پێشمەرگایەتیش هەر ڕەزالەتە ئەوە نەبێ بڵێی ژیانێکی خۆش بێ، بەڵام پێشمەرگە ورەیان زۆرباش بوو بەڕاستی بەبرسێتیو بەتینوێتی شەڕی ئەکرد بەڵام جیاوازی هەبوو لەگەڵ ماڵەوەیا لەبەر ئەوەی پێشمەرگە خۆی خزمەتی خۆی ئەکات لەوێ، لەبەر ئەوە ئەساسی ئەو پێشمەرگەیە ئەوەیە کە تواناو هیمەتێکی باشی هەبێ، لەهەموو واجبەکانا زۆر باش بوون من بەش بەحاڵی خۆم سوپاسیان ئەکەم هەموو جارێکیش ئەوەم پێ وتوونو دەستخۆشیم لێکردون لەبەر ئەوەی ئەو پێشمەرگانە بەپێخاوسی بەبێ خواردنی باش بەبێ ئەسڵیحەی باش بەبێ چەکو تەقەمەنیەکی باش بەو شێوەیە موچەکەشت لەکاتی خۆیا نەبێت ئاوا شەڕ بکەیت ئەو کاتەی کە مووچەکە لەکاتی خۆیا ئەهات باش بوو بەڵام دوایی کە مووچەکە وای لێهات جیاوازی تێکەوت، سەرەڕای ئەو هەموو شتانەو مووچەکەشی کەم بوو بەڵام لەخاکی کوردستان بەرگریەکی باشی کردووە لەشارە کوردیەکان، لەبەر ئەوەی ئەم هێزە بەگوێرەی پێویستیش نەبووە بۆ شەڕ بەڵێ ڕاستە ئەفسەرو فەرماندەکانی سەرو ئێمە ئەکرێ خەڵکێکی باش بووبێتنو باش ڕاهاتبێتن بەڵام ئەو پێشمەرگانەی کە ئەهاتن بەو شێوەیەی ئەوانەی سەرو ئێمە ڕانەهاتبوون بەڵام لەگەڵ ئەو جیاوازیانەشا هێشتا زۆر باش بوون زۆر بەتوانا بوونو زۆر بەئەمەک بوون زۆربەی زۆریان توانای ئەوەیان هەبوو لەگەڵمانا بمێنەوەو هەتا

ئێستەش هەر لەگەڵمانانو ئێمە سوپاسیان ئەکەین، بەڵام خاڵێکی تر کە بیرمان نەچوو لەتەلوەرد ئەگەر برادەران باسیان کردبێ، ئێمە لە٦/١٠ داعش هاتە ناوچەکانی عێراق ئێمە لە٦/١٠ کەوتینە جووڵە بۆ ئێرە دیارە سەرەتا لەمانگی چوارو پێنجدا موسڵو ناوچەکانی سنوری سونەنشین داگیرکرا لەلایەن گروپی تیرۆرستی داعشەوەو پاشان هەڵکشان بەرەو ناوچە کوردیەکان هاتن، کەهاتنە ناوچەکان دیارە خەلافەتی دەوڵەتی ئیسلامیان ڕاگەیاند بەناوی دەوڵەتی ئیسلامیەوە ئەم ڕێکخراوە هاتنە ناوچەکانی ئێمە ئێمەش بەپێی ئەوەی لیواکەمان لەمیحوەری گەرمیان بوو لەسنوری کفری پێش ئەوەی داعشیش بێت هەر لەم ناوچانەی نارین بووین بەڵام لەبەر ئەوەی ئێرە جەیشی عێراقی تیا بوو لەناوچەی قەرەتەپە ئێمە نەمان ئەتوانی بەباشی بیینە ناوچەکە لەبەر ئەوە لەڕێگەیەکی ترەوە چوینە ناوچەی نارین، دیار بوو ئەو کاتەی کەوئێمە هاتین لە٧/١٤ بوو پێموایە هێزێکی ئێمە هاتە ئەو مەکتەبەی تەتران ئەویش فەجی ١ بوو، ئێمە وەکو بارەگای لیوا لەوێ دەوامامان ئەکرد هاتینە ناو شاری قەرەتەپەی تازە لەپشتی ناحیەکەوە هۆڵی ڕۆشنبیری هەبوو ژورێکیان دا پێمان ئێمەش هێزێکی ٢٠ کەسی لەوێ بوین لەگەڵ جەنابی ئامر لیواو کۆمەڵێک ئەفسەر لەوێ بووین بەڵام ئەو هێزانەی تریشمان هێزێکمان لەنارین بوو فەوجی یەکمان لێرە بوو و فەوجی دووشمان هێنایە ئێرە، دیارە لەوکاتەیا تیرۆرستانی داعش بەهەلیان زانیبوو ماشێنیەکی بۆمبڕێژکراویان ناردبوو بۆ ئەم بینایە ئەوەبوو لەسەعات ٥و نیو بۆ ٦ بوو لەمانگی ڕەمەزانا بوو زۆربەی پێشمەرگەکانی ئێمە بەڕۆژوو بوون ئەم مەکتەبەی کە هێزەکەی ئێمەی تیابوو لەگەڵ مزگەوتەکەیا ٢٠ مەترێک بەینی بوو ماشێنیەکیان عەبووە ڕێژ کردوو لەوێدا خۆی تەقاندەوە ئەوە بوو ئێمە

بەداخەوە دوو پێشمەرگەمان شەهید بوو ئەگەر هەڵە نەبم ١٢ پێشمەرگەی تریشمان بریندابوون تەنانەت پێموایە هەندێک لەپێشمەرگەکانیشمان کەمئەندام بوون کاک جەزاو چەند برادەرێکی ترمان ئەوەبوو کاک ئەنوەرو ئەو برادەرەی تر نازانم ناوی چی بوو نایب زابت بوو شەهید بوون، ئیتر بەڕاستی کارەساتێکی ناخۆش بوو بۆ ئێمە یەکەم جارمان بوو هاتینە ئێرەو ئەو حادیسەیەمان تووش بوو، دوای ئەوە هیمەت کراو برینداەکانمان گوێزرانەوە بەڵام هەر لەهەمان کاتیشا هێزێکی ترمان لەقەرەتەپەی داخلدا هەبوو ماشێنیەکی تریان بۆ بۆمبڕێژ کردبون بەڵام دیار بوو لەڕێ ماشێنکە لەتاسەی دا بوو عەبوەیەکی پێوە بوو لەپێشەوە کەوتبوە عەرزەکە کە کەوتبوە عەرزەکە بەپێشی ماشێنکەی خۆیا تەقیبوەوە تیرۆرستەکان بریندار ببون کە بریندار ببوون هەموو خەڵکەکە هاتبوون بەرەو خەستەخانەکە ئیتر ئەوەبوو ئێمە هاتینە خەستەخانەکەو مەفرەزەیەکمان چوون ئەو تیرۆرستەیان گرت حەپو شتی زۆر خواردبوو چووینە سەریو قسەمان لەگەڵا کرد هۆشی نەبوو چوونکە عەبوەکە تەقیبوەوە بەپێشی ماشێنکە خۆیا، هەموو عەمب وەکەش نەتەقیبوو پارچەیەکی کەمی تەقیبوو سەیری عەبوەکانم کرد لەژێر ماشێنکەدا ٢٠ دەبەی بیست لیتری عەبوەی تیابوو دوای دوو تەنیەکی گەورە بوو ٢٠ دەبەی ٥ لیتری تیا بوو بەڕیز دانرابوون یەکێک لەدەبە پێنج لیتریەکان کەوتبوە خوارەوە بەجیهازەکەوە دابوی بەعەرزاو تەقیبۆوە بەخۆیا، بەڵام زمانەکەی جیاواز بوو پێموایە یان بەنگلادشی بوو یان سینی بوو شێوەیەک بوو واتا خەڵکی عێراق نەبوو قسەمان لەگەڵدا کرد ئەرشایەوە دەستی ئەجولا بەڵام ئیتر هۆشی نەبوو گوازرایەوە بۆ خەستەخانەکانی تر برینداەکانمان لەوێ کاتێکی بەپەلە بوو زۆر

مەشغوڵ نەبوین بەسەر ئەوەوە ئیتر دوای ئەوە ماوەیەکماینەوە ٥ بۆ ٦ ڕۆژ هێزێکی ترمان چون بۆ ناوچەی بایزەو دبز پێش ئەوەی جەلەولا بگیرێتەوە بەشێکی وەکو بیدایەت چون بەهانای ئەو هێزەوە پێموایە ئەگەر هەڵەنەبم ٧ ڕۆژێک مانەوە هێزێکی ترمان چون لەگەڵ میحوەرێکی تردا تەنسیقیان کردو هێزێکمان چون بۆ ئەویێ لەکاتی گەڕانەوەی ئەوهێزە ئەو ڕۆژە ئەو کارەساتە بوو دیارە لەڕێی گاخۆریش ئەو ڕۆژە عبوەیەکیان بۆ دانابوین ئەویش تەقیەوە، بەڵام تەئسیری نەبوو باش بوو لەدوریشەوە لەدێی سەید سەعد بەچەکی قەناسەوە تەقەیان لەهێزەکە کرد کە گەڕانەوە ئەو ئێوارەیەی کەلەوێدا عبوەکە بەفەوجی ١ دا تەقیەوە ئیتر ئەم کارەساتانە ئەوی من لەبیرم بێت ئاوابون، بەڵام هێشتا هەر خۆشبەختین لەبەر ئەوەی ئێمە خزمەت بەمیللەتەکەمان ئەکەین خزمەت بەگەلەکەمان ئەکەین ئەوە ژیانێکە بۆ خۆمان هەڵمانبژاردوە لەبەرئەوە کەخۆمان ژیانێکمان هەڵبژارد من پێموایە هەرکەسێک هەر کارێکی هەڵبژارد ئەو کارەی لای خۆشەویست بێت ئەو کارەی لاپیرۆزبێت باشترە لەوەی کەهەڵینەبژێرێت، کەتۆ هەر کارێکت هەڵبژارد لات پیرۆزبێت ئیتر برسیت بێتو برسیت نەبێت کەهەڵتبژاردوە هەر برسیو تونیت ئەبێت لەبەر ئەوەی هەموو کارێک ڕەزاڵەتو مەینەتی تیایە، بەڵام من بەشبەحاڵی خۆم ئەوەشی بزانم ئەوبرادەرانەو ئەو ئەفسەرانە لەم لیوایە بەکارێکی پیرۆزیان زانیوە زۆربەی زۆریان ٤٠ ساڵە بەلایەنی کەمەوە برادەرمان هەیە پێشمەرگەمان هەیە ئەفسەرمان هەیە ٤٠ یان ٣٧ یان ٢٧ ساڵە ئەم ڕێگایەی هەڵبژاردوەو بەکارێکی پیرۆزی ئەزانێت ئەمە بێ لەوەی ئێمە بێینە سەر مەبدەئو خاک ئێمە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوینو دیارە لەپێناوی ئەم حیزبەو ئەم ڕێکخراوە لەبەر ئەوەی پەیڕەوو پرۆگرامی

ئەم ڕێکخراوە بەدڵمان بوەو کارمان تیاکردوەو هەوڵیشمان داوە بەرنامەو پەیڕەوو پرۆگرامەکانی سەرکەوتو بێت کاتێک کە کارێک دائەڕێژیت پێش ئەوەی دایڕێژی لێی تێئەگەیتو دیارە حەتمەن هەوڵ بۆ سەرکەوتنی بەرنامەکەی ئەدەیت، ئێمە بەش بەحاڵی خۆمان ئەمن بەش بەحاڵی خۆم ئەوەی لەتواناما بێت بۆ حیزبەکم بۆ برادەرانی ئەفسەرانمو پێشمەرگەم بەش بەحاڵی خۆم بۆ خاکەکەم بۆ نەتەوەکەم هەتا ئێستا خەباتم کردوە ئەوەی پێم کرابێت ئەیکەمو ئەوەشی پێم نەکرابێت هەر هەوڵ ئەیەم زیاتر برەوی پێ بدەمو ئیشی تیا بکەمو گەلەکەم سەربەرز بێت لەبەر ئەوەی ئێمەش هیچ کەسمان کەمتر نین لەو وڵاتانەی لەدنیادا هەیە من وەکو بیستومەوە خوێندومەتەوە زۆربەی وڵات هەیە لەدنیایا لە وڵاتانی ئێمەو جیهاندا ڕوبەری هەرێمی کوردستان پێموایە ئەگەر هەڵەنبم زیاد ڕوبەری وڵاتەکەی ئێمە لەڕوبەری ٤٠ وڵاتی دنیا گەورەترە دانیشتوانی وڵاتەکەی ئێمە لەوەچێت لەدانیشتوانی ٣٠ وڵات زیاتر بێت ئەوە گەلێکین خاکو زمانو نەتەوەو یەک بونمان هەیە جیۆلۆجی خاکەکەمان جوگرافیای خاکەکەشمان جیاوازە لەجیۆلۆجیو جوگرافیای خاکەکانی دەورو پشتمان ئەوانی تر دەوڵەتنو ئەوانی تر نەتەوەن ئەوانی تر گەلن ئیتر ئێمەش هیچ جیاوازیەکمان نیە لەوانو دیارە هەوڵ ئەیەین ئەمەش بەدواکەوتنو پێشکەوتنە زۆربەی وڵات هەیە زوو خەباتی کردوەو سەرکەوتو بوەو هەلی بۆ ڕەخساوە ئێمە ئەبێت هەوڵبدەین تامافی ئەو گەلەمان دەستەبەر ئەکەین سوپاستان ئەکەم.

# قانع حەسەن مستەفای

ناوم (قانع حەسەن مستەفایە) دانیشتوی کفری، لەوەتەی شەڕی داعش دروست بوە من بەخۆبەخشانە چومەتە میحوەری قەرەتەپە بۆ لای بەڕێز لیوا مەردان چاوشین ماوەی ٣ بۆ ٤ مانگ بەخۆبەخشی لەمیحوەری قەرەتەپە بوم وەدوای ئەوە لەلایەن بەڕێز مەردان چاوشینەوە داوام لێکرا گوتی من حەزەکەم بتکەم بەپێشمەرگە خۆت ڕات چیە منیش وتم تۆ پێت خۆشبێت منیش دەبم بەپێشمەرگە ئێستا نائیب زابتی دەرەجە ٧ لەدەستەکەی لیوا مەردان چاوشین بەشداری زۆربەی شەڕەکانی قەرەتەپەم کردوەو بەشداری شەڕێکی تەلوەرمان کردوە لەکەرکوکو بەشداری شەڕەکانی ڕزگارکردنی جەلەولاشم کردوە لەشەڕی تاترانا لەگەڵ شەهید سەرباوەو شەهید چۆمانو حاجی عەلیدا بوین لەشەڕی بایزە لەگەڵ بەڕێز شەهیدی فەرماندە لیوا کەمال هەریمی حاجی ئاغا بوینە لەشەڕی جومەیلە بەسەرپەرشتی بەڕێز سەرە باوەو کاک مەردان چاوشینو لەگەڵ شەهید فردەوسا بوینە، لەژیانی ئەم فەترەی شەڕی داعش بۆ ساڵێکو ٤ تا ٥ مانگ ئەچێت ئێمە ژیانمان زۆر ناخۆش بوەو دوو سێ جەژنیشمان لەماڵی خۆمان نەکردوەو لەبەرەکانی جەنگدا بوینە ئێستاش بەشانازیەوە باسی ئەکەین ئامادەین هەتاکو دڵۆپێک خوێن مابێت لەگیانماندا پێشکەشی ئەکەین بەکوردو کوردستان، لەشەڕی تاتران کە ١٠/٢٠ بوو ئەم ماوەیەش

یادەکەیمان کرد ئەو شەوە سەعات ٢ شەو لەلایەن تەنزیمەکانی خۆمانەوە لەناو شارەوە تەلەفۆنیان بۆ بەڕێز کاک مەردان کرد گوتیان ئەوا هێزی دوژمن خۆیان ئامادەکردوەو گەرەکیانە ئەمڕۆ دەست بەسەر قەرەتەپەدا بگرن ئێمەش لەسەعات ٢:٢٠ دەقە هێزمان ئامادەکرد چوینە ڕەبایەی خنجەرو ڕەبایەکەی بان سەرتاتران لەسەعات ٥:٢٠ بەیانی هەمەرێکمان بەسەرپەرشتی کاک خالیدو کاک ستارو مەریوان ئاغا ئەمانە خەڵکی چەمچەماڵ بون ئەمانە کەوتنە بۆسەیەکی کەمین کاک ستار بریندار بوو دوای ئەوە ئێمە بە٢ هەمەرەو ڕۆینە ناو گوندی تاتران لەگەڵ فەرماندەی شەهید سەرەباوە کەوتینە ناو بۆسەیەکی تری کەمینەوە داعشەکان دزەیان لێمان کردو جلو قاتی کوردیان لەبەردا بوو ئێمە نەمانزانی وامانزانی پێشمەرگەن هەتا لەو شەڕەیا لە٥:٢٠ بەیانی تا ٧ ئێوارە شەڕبوو شەهید سەرەباوە شەهید بوو شەهید چۆمان شەهید بوو، ئەو شەڕە شەڕێکی زۆر دەست بەیەخە بوو شەڕێکی زۆر قورس بوو هەتا بەڕێز مەحمود سەنگاوی شێخ جەعفەر عەدنانی حەمەی مینا ئەمانە هاتن بۆلای کاک مەردان هاتن بەهانامانەوە دەور سەعات ٤ ئێوارە بوو بەکاک مەردانیان وت لەچەنێک ئێمە پێشمەرگەین لەژیانی پێشمەرگایەتیمانا تاکو ئێستا شەڕی واقورسمان نەبینیوە لەزەمانی هەشتاکانیشدا، ئیتر ئێمە لەشەڕەکەدا وانزیک بوبوینەوە زانیمان ئەوانە داعشن کەقاتی کوردیان لەبەردا بوو بەڕیشیاندا زۆربەیانمان ناسیەوە ئیتر تەقەیان لێمان کرد زانیمان ئەوان داعشن یەکەم جار هەتا ئەوە کاک سەید بورهان هەیە ئەویش خۆی بریندار بوو لەو شەڕە کاک سەید بورهان بەخۆمو کاک سیروانی وت تەقە مەکەن ئەوانە پێشمەرگەن ئێمەش تەقەمان نەکرد دوای ئەوە کەئەوان دەستیان لێمان کردەوە بۆمان دەرکەوت ئەوان دوژمنن ئینجا

ئێمە تەقەمان کردو توانیمان مەرزیەیەکی داعش تێک بشکێنین، بەڵام بەداخەوە ئێمە هەرچەندە شەهیدمان دا شەهید چۆمان‌و شەهید حاجی عەلی‌و شەهید سەرەباوە، بەس ئێمە نەمانهێڵا یەک بست خاکی کوردستان داگیر بکەن یەک مەترو یەک سانتیم بێنە پێشەوە وەدوای ئەوە مەعلومات هات بۆ بەڕێز کاک مەردان گوتیان ئەو ڕۆژە ٤٢ داعش کوژراون، ئەو شەڕەی بایزەش کەکەمالی هەرێمی حاجی ئاغا شەهید بوو ئەوەبوو بۆ بەرزیەکانی بایزەو بۆ بایزە هێرشمان کرد توانیمان ئەو ڕۆژە بڕێکی باش زەربە لەداعش بدەین مێکزەمینیەکیشمان لەگەڵ بەڕێز کاک حلمی سەرداری برای سالار دوو برادەری تریشمان لەگەڵدابوو بەداخەوە ناوەکانیانم لەیاد نیە چوینە ناو دوژمنەوە مێکزەمینیەکمان سوتاندن بەدوو هەمەرەوە چوین هەمەرێکی بەڕێز کاک جەلیلی حەمە عەلی ئێستا کە ئامر فەوجە سەرپەرشتی ئەکرد هەمەرەکەی تریش کاک حلمی سەرپەرشتی ئەکرد چوین هێرشمان بۆ مێک زەمینیەکی دوژمن برد بەدۆشکەوە بوو خەریک بەرەو ناو بایزە بێت ئێمە هێرشمان بۆ کردن لەبەینی بایزەو تنێلەوە مێک زەمینیەکەمان سوتاندو بەسەربەرزی گەڕاینەوە بێ ئەوەی هیچ شەهیدو برینداریێک بدەین، هەروەها لەشەڕی مەعمەل بلۆکەکە ئەویش شەهید فردەوس شەهید بوو ڕۆژێک بەر لەوە تەقینەوەیەک تەقیەوە بەڕێز فەرماندەی لیوا حەمە چاو جوان پێشمەرگەیەکی کۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە بەهۆی پرسەکەیەوە کاک مەردان گەڕایەوە لەکەلار بوو ئەو شەوە سەعات ٣:٣٠ بەیانی بوو تەلەفونێک بۆ کاک مەردان هات گوتی ئەوا هێرشیان کردوە بۆ ڕەبایەی مەعمەل بلۆک لەبەرامبەری جومێلە ئەو ڕۆژە بوو کەجەلەولا داعش گرتیەوە بەڕێز کاک مەردان یەکسەر تەلەفۆنی کرد بۆ پێشمەرگەکان من خۆم لەماڵدا

بووم بەهۆی تەعزێکەوە سەعات ٥ بەیانی تەلەفۆنیان بۆم کرد گوتیان زوو بگەیە ڕەبایەی مەعمەل بلۆک بەماشێنی خۆم لەگەڵ برادەرێکدا عوسمانی ناوە چوینە ناو مەعمەل بلۆکەوە، بەڵام تا وەکو ئێمە چوینە ناو مەعمەل بلۆکەوە شەهید فردەوس شەهید بوو بەڕێز سەرەباوەش شەهید بوو ئیتر لەوێ شەڕێکی زۆر قارەمانانەمان کردو دوایی مەعلومات هات بۆ بەڕێز کاک مەردان گوتیان ٧ داعش کوژراوەو زیاد لە١١ برینداریش هەیە.

# زرار حەوێز باپیر

ناوم (زرار حەوێز باپیرە) فەرماندەی سریەی ٢ فەوجی ٤ لیوای ١١ پیادەی سەر بەوەزارەتی پێشمەرگە، کەئێستا لەبەرەکانی جەنگین لەڕۆژئاوای کەرکوک لەسەنگەری پێشەوەین ئەوەش ئێستا کەهاتون بەچاوی خۆتان دەیبینن سەنگەرەکانمان پتەون هەموکات پێشمەرگەکانمان ئامادەن کەهەر هێرشێکی تیرۆریستانی داعش بێتە پێشەوە هێزەکانمان لەو سەنگەرانەدا لەبەرگریو ئامادەباشیان کردوە بۆ هەر ئەگەرێک وەدوژمن تێک بشکێنین، سەنگەرەکانمان قایمە لەڕوی ئیمکانیەتیشەوە تاڕادەیەک باشین خراپ نینە لەڕوی چەکو تەقەمەنیو ئەوانەشەوە باشین هەروەها لەڕوی خواردنو ئیدارىو ئەوانەشەوە باشینو عەیبمان نیە، بەڕاستی موچە کاریگەری لەسەر پێشمەرگە کردوە کەبە٣ مانگ جارێک موچە دەدرێتە پێشمەرگە ئەویش ماڵ گوزەرانیانی خراپ کردوە بەڵام بەوەشەو پێشمەرگە کۆڵ نادات بەردەوام لەسەنگەرەکان لەئامادە باشیدایەو ئامادەیی تێدایە هەر ئەگەرێک بێتە پێش لەو سەنگەرە خۆی بەکوشت بدات بێ موچەیی کاری تێ ناکاتو هیچ کاریگەریەک ناکاتە سەر ئەوەی کە پێشمەرگە سەنگەرەکان بەجێ بهێڵێت هەتا یەک پێشمەرگە مابێت خەڵکی کوردستان دڵنیا دەکەینەوە بەتایبەتی کەرکوک بابێ خەم بن کوردستان توشی هیچ نەهامەتیەکی دەستی دوژمنان نابێت، وەلێرەش بەورەیەکی

بەرزەوە لەسەنگەرەکانی جەنگد تا دوا دلۆپی خوێنمان دەجەنگین ئێمە لەشەڕەکاندا نزیکەی سالێکو ٤ مانگە لەشەردابین لێرەدا هەر لەم میحوەرە سەرەتا لەمەلا عەبدوڵاوە توشی شەڕ بوینە کەلەوبەری ئاوەوە لەیەکەم شەڕ کەداغڵ بوین لە٢٠١٤/٦/١٧ لەوشەڕەدا من خۆم بەسەختی بریندار بوم هەموو برادەران شاهیدین کەچوینە ناوجەرگەی شەڕەوە ئیتر لەوکاتەوە ئێمە لەبەرەکانی جەنگداین ئێستاش بەدرێژایی چەند کیلۆمەترێک دوژمنمان لێ دورە سەرەتا داعش بەقوەت بونو هێزی زۆری هەبوو هێرشیان کردە سەرمان لەمەلا عەبدولا، ئێمەش لەسەنگەری بەرگریدا بوین توانیشمان داعش تێک بشکێنینو ڕاویان بنێین لەم شەڕەدا لەفەوجەکەی ئێمەدا بەس من بریندار بوم برینداری ترمان نەبوو کەسیشمان شەهید نەبون.

ئێمە لە٢٠١٥/١٠/١١ وەکو لیوای ١١ پیادەی سەر بەوەزارەتی پێشمەرگە بەپلانێکی داڕێژراو کە بەرنامەی بۆ داڕێژرابوو کەوا بچینە پێش چەند گوندێک لەپێش خۆمانەوە هەیە ئەو گوندانە نزیکەی ١١ گوند دەبون بەیانی سەعات ٥ بەڕێکەوتین بۆ سەعات ٩:٣٠ توانیمان هەموو گوندەکان کۆنترۆڵ بکەین بێ ئەوەی هیچ بەربەستێک بێتە پێشمانو داعش مقاوەمە بکات، وەتەقەمان لێ بکات گوندەکانمان کۆنترۆڵکرد ئەو ماوەیەی کەبۆمان دیاری کرا بوو نزیکەی ٢٤ سەعاتی ڕابردوو توانیمان گوندەکان تەخت بکەینو بەبێ زیانیش بگەڕێینەوە شوێنی خۆمان، ئێستاش داعش نەیتوانیوە بێتەوە ناو ئەو گوندانەو مقاوەمە بکات ئێستا داعش نزیکەی ١٥ بۆ ٢٠ کیلۆمەتر لێمانەوە دورە ئەم سەنگەرە لەبەرزاییەکانی تەلوەردا بوو کە بەسەرپەرشتی ڕائید جەلال فەرماندەی سریەی ٢ فەوجی ٣ بوو.

# عەقید ناهیدە ئەحمد ڕەشید

من عەقید (ناهیدە ئەحمد ڕەشید) فەرماندەی فەوجی ژنانم، ئێمە وەکو پێشمەرگەی ژنان هەر لەسەرەتای دروست بونمانەوە بەشداری هەموو ئەو کارو چالاکیانەی کەهێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەنجامی داوە ئێمەش بەهەمان شێوە بوین، بەدەرنەبوین لەهەموو کارو چالاکیەکاندا بەشداریمان کردوە، من بەتایبەتی باسی ئەو ڕۆژە ئەکەم کە ئێمە لە١٩٩٦/١١/١١ دا دروست بوین‌وا بۆ ١٩ ساڵ ئەچێت دیارە بەدڵنیایەوە ئێمە هەم شتی خۆشمان زۆرەو شتی تاڵیشمان زۆرە دیارە ئێمە هەر لەسەرەتاوە لەبەر ئەوەی کەفەوجەکەمان دروست بوو دواجار توشی هەندێک شت ئەبین مەسەلەن خەڵک لەهەندێک شوێندا کەئیشمان ئەکەوتە دەست جاری واهەبو بۆ نمونە ئێمە لە ٢٠٠١ لەشوێنێک بوین سەیتەرەیەکمان هەبوو کۆمەڵێک برا پێشمەرگە هاتبون لەسەیتەرەکە داوای چەکمان لێ ئەکردن کابرا ئەیوت ئەگەر تەڵاقم بکەوێت تۆ چەک لەمن وەربگریت ئەگەر تۆ چەکم لێ‌وەرگریت من خۆم ئەکوژم یان یەکێکی تر ئەیوت من چەند ساڵە پێشمەرگەم چۆن چەکەکەی خۆم تەسلیم بەژنێک بکەم واتا ئەوانە بۆ ئێمە جاری‌وابوو هەم خۆشیش بوو بۆ خۆمان پێکەنینمان ئەهات جاری واش بوو ناخۆش بوو، لەدوای ئەوەش ئێمە خۆشترین ڕۆژمان لەهەندێک شوێندا بوو لەناو فەوجەکەمان زۆر شتی خۆشمان هەبوە کەهەمیشە وەک دەستە

خوشکێک لەگەڵ پێشمەرگەکانی خۆماندا کاتێک کەلەجەنگا بوین یاخود ئەچوینە شوێنێکی تر بۆ نمونە ئێمە لەم شەڕەی داعشدا سەر بەیەکەی ١٠٦ بوین فەوجی ٢ بوین لەوێ کەهێرشەکان دەستی پێ ئەکرد یەکێک لەوانەی لەپڕ زانیمان لیواکەی ئێمە لەشەڕایە هەر شەو مەجموعەیەک پێشمەرگە خۆمان حازرکردو ڕۆیشتن‌و چەکو تەقەمەنیەکی زۆرمان بردو ڕۆیشتینە ئەوێ خۆشبەختانە کەمن بینیم بەڕاستی ٢ پێشمەرگە بەبیکەیسی‌و بەدۆشکەوە بینی ئەوە بۆ من توشی شاگەشکە ئەبوم نەئەوەستام لەسەر ئەوەی کە ئەمە دوژمنە بەرامبەری وەستاوە تەقەیان ئەکرد ئەوە شتێکی خۆش بوو، دوای ئەوەی ئێمە لەوەش خۆشتر پێشمەرگەکانمان چونکە بەورەیەکی بەرزەوە بەرەوڕوی دوژمن ئەوەستانەوە بەوەش دڵم زۆر بەپێشمەرگەکان خۆش ئەبوو دوای ئەوەی ئێمە لەو چالاکیانەیا لەهێرشەکاندا لەوێ بوین بەشداریمان کردوە بەڕاستی ئەمانە هەموی جێگەی دڵخۆشی بون چونکە دڵی خەڵکەکەشمان خۆش ئەکردو سەربەرزیش بوو بۆ هەموو ژنی کورد وەبۆ میللەتەکەشمان ئەوانە جێگەی دڵخۆشی بوون کە ژنێک بتوانێت لەبەرەکانی جەنگا بمێنێتەوە شان بەشانی برا پێشمەرگەکانی، ئێمە زیاتر لە٣ مانگ هەر لەداقوق‌و دەوروبەری بوین لەوێ لەهەموو ئەو چالاکیانە بەشداریمان ئەکرد وەلەهەندێ شوێنی تریش بەشداریمان ئەکرد لەم شەڕەی ئەخیریش پێشمەرگەکانمان هەم ئەفسەرێکمان هەم پێشمەرگەیەکمان بەکاتۆشە لەبەرامبەر داعش وەستابون‌و تەقەیان ئەکرد ئەمە جێگەی دڵخۆشیە زۆر پێی سەربەرزم من وەکو فەرماندەیەک کە پێشمەرگەکانم بەو شێوەیە بن، ناخۆشترین شتیش ئەوەیە کەپێموایە ئێستاش برینێکە بەسەر دڵی هەمومانەوەیە ئەویش ئەسیرەکانمانن ئەوانە قورسە ئەویش لەپێناو خاکو نیشتمانە بەو



شێوەیە میللەتێکین هەمیشە زوڵممان لێ کراوە هەمیشە دوژمنەکانمان بەهەموو شێوەیەک بیریان لەوە کردۆتەوە کە بەدڕندانەترین شێوە ئەشکەنجەی میللەتی کورد بدەن، ئەوە کەلای من زۆر ناخۆش بێت شەهیدبونی شەهید حسێن مەنسورِ زۆر قورس بوو زۆرم پێناخۆش بوو بەڕاستی شەهید شێرکۆ وەئەمانە لەهەموشی ناخۆشتر ئەوکاتەی ئێمە پێشمەرگەکانمان لەجەبهە بون لە ١٠/٤ من لەدوکان بوم گەڕابومەوانێ کەتەلەفۆنم بۆکرا کەوتیان شەهید ڕەنگین بەداخەوە کەئێستاش ئەو لەحزەیەم بیر ئەکەوێتەوە زۆر قورسە بۆم تەلەفۆنیان بۆ کردم گوتیان شەهید ڕەنگین شەهید بوە قەت بڕوام نەئەکرد تاچومە ئەوێ تاشەوەکەی گەڕامەوە چوم بۆ خەستەخانەی کەرکوک بینیم بەڕاستی ئەوانە زۆر ناخۆشن لەلام واتا گێڕانەوەشی بۆمن چونکە کچێکی زۆر گەنج بوو فەرماندەیەکی زۆر زۆر سەرکەوتوو بوو، ەهەروەها هەردوو منداڵەکەی هێشتا تەمەنی ٣ساڵیان تەواو نەکردبوو وەجەژن لەناو منداڵەکانیا نەبوو ئەویش لەبەر لێهاتوییو دڵسۆزی خۆی چونکە هەمیشە یەکێک بوو لەوانە کەئەیوت من هەمیشە لەبەرامبەر داعش ئەوەستمەوە، چونکە عەدەد قەناسێکی زۆر موهیم بوو هەمیشە ئەیوت تەمەنا ئەکەم من ئەبێت لەپێشەوەبم چونکە خۆی کەسێکی خۆڕاگر بوو ئەیوت کاتێک ئەچومە جەبهەکەوە قەناسەکە بدەن بەمن ئیتر حەقتان نەبێت هەتا ئەکوژرێم ئەوەی کەپێم بکرێت ئەیکوژم فیشەکێکیش دائەنێم بۆ ئەوەی نەکەومە بەردەستی ئەوان خۆمی پێ ئەکوژم، شەهید بونی شەهید ڕەنگین زۆر تەئسیری تێکردم بەئێستاشەوە چونکە قەت لەبەر چاوم ون نابێت چونکە هەمیشە وەکو کچێکی خۆم وابوو وەفەرماندەیەک بوو هاوکاری منی ئەکرد کچێکی زۆر دڵسۆز بوو یەکێک بوو لەفەرماندە هەرە دڵسۆزەکانی فەوجی

ژنان، ئێمە لەشوێنەکانی کەشدا شتی خۆشمان زۆرە کاتێک ئێمە چوینە جەلەولا بەڕاستی لەوێش چوینە کوباشی کەئەچوینە ئەو شوێنانە زۆر دڵمان پێی خۆش بوو چونکە ئەچوین شاشنبەشانی برا پێشمەرگەکانمان لەجەبهەکانی پێشەوە بوین وەدوای ئەوەش چوینە شوێنێک کەلای تیپی ۳۷ شارباژێر پێشمەرگە دێرینەکان کە ئێمە چوینە ئەوێ دیسانەوە لەشەڕی داعشدا ئەوان چەکو تەقەمەنیان زۆر پێ نەبوو ئێمە هەستاین لێرە کەبیستمان ئەوەیە خێرا بێ ئەوەی شارەزایی ڕێگاکە بین چەکو تەقەمەنیمان بردو پێداویستیمان بۆ ئەوان برد، ئەوان ئەوەنە دڵیان بەئێمە خۆش بوو ورەیان بەرزبوەوە ئێمەش بەوانە دڵخۆش بوین چونکە توانیمان بۆشاییەک پڕبکەینەوەو ببینە پشتو پەنایەک بۆ پێشمەرگە دێرینەکان چونکە بەڕاستی پێشمەرگە دێرینەکانو زیندانە سیاسیەکانو ڕیکخستنەکان ئەو ئازادیەی ئێستا هاتۆتە بەرهەم خوێنی شەهیدانو ڕەنجو ماندوبونی ئەوانە، ئەوەی کەپێشت ئەڵێم پێشمەرگە ئەمڕۆ هەمومان کەدڵخۆشین بەوەی کە لەپێناو خاکەکەمانو نیشتمانەکەمان ئێمە ئەوە مەبدەئەکەمانەو درێژەپێدەری خەباتەکەمانن وەبەتایبەتی کەژنیش بین زۆر خۆشە جاری وایە من ژنێکم کابرا عەقیدێکم فەرماندەیەکی فەوجم وەزیاد لە٥٠٠ کەس لەبەر دەستایە ئێمە زۆرجار لەگەڵ پیاوەکانیشداین، بەڵام زۆرجار کەسێک دێتو پێت ئەڵێت دادە ئەوەچیە هەم پێکەنینت دێت هەمیش دەبێت سەرلەنوێ بگەڕێیتەوە بۆ ئەوە ئەمانە چۆنن هەرچەندە من پێم بڵێن دادە یان پورێ ئەوانە من هەر ئەوشتانە زۆر ئاساییە بەلامەوە، بەڵام تۆ کە فەرماندەیەکیت دێت پێت دەڵێت دادە بێزەحمەت تۆ ئەو هەموو ڕوتبەیە لەسەر شانتەو خەڵکت لەبەر دەستایەو تەدریبو ئەوانە لێت ناشارمەوە لەکولیەی عەسکەری بوین

لەقەلاچوالانیش لەوێش زۆر شتی خۆشمان ئەکرد لەبەینی خۆماندا ئێمە ڕاستە عەدەدێکی کەم ژنمان هەبوو پیاوەکان زۆربون لەوێش جارێکیان کەئەچیتە ساحەی عەرەزات ئەوەنە بەپەلە ئەڕۆیشتین ئەوانە نەمتوانی تەواو پۆستاڵەکانم سبوخ بکەم بەس پێشەویم سبوخ کرد یەکسەر ئامر فەسیلەکەم پێی وتم جارێکی تر ئەگەر پێشەوەی پۆستاڵەکانتان سبوخ کرد دواوەشی بکەن من بۆخۆم پێکەنینم ئەهات ناوی نەئەبردم بەس من خۆم پێکەنینم ئەهات ئەمزانی کەلەگەڵ منیەتی، لەناو پێشمەرگەیا خۆشی زۆرەو تاڵیش زۆرە بەتایبەتی لەجەبهەکانیشدا زۆر ناخۆش بوو کاتێک کەچومەتە جەبهەیەک پێشمەرگە سەرکەوتنی بەدەست هێناوە بەڕاستی هیچ شتێکم بیرنەماوە چونکە سەرکەوتنی پێشمەرگە سەرکەوتنی میللەتەکەمانە وەئێمە ئەمجارەش لەشەڕی بەشیریشدا لەوێ بوین جارێکی تر کەچوینەوە حەشدی شەعبی لێ بوو کەئەمان بینین هەموو خەڵکەکەش پێی خۆش بوو کەئەیزانی ئێمە دوو مەفرەزەبوین مەفرەزەیەکی نیزامی زۆر ڕێکوپێک وەشوێنی خۆمان دیاری کرد، بەڵام ئەوان ڕێگایەک هەبوو ئەبوایە بەو ڕێگایانەدا برۆیشتینایە زۆر تەسک بوو ئەوان چونکە نیزامی نەبون هەر ڕایان ئەکرد ئێمە زۆر مورەتب بوین ئەوان لەپێش ئێمەوە ڕۆیشتن‌و یەک دوانێکیان لێ شەهید بون ئیتر ئێمە توانیمان خۆمان ڕزگار بکەین چونکە ئێمە نیزامی بوین، دوای ئەوەش لەهەموو ئەو شەڕانەی تر بتەوێ کاتێک بەتایبەتی ئەم شەڕەی ئەبولمحەمەد کەچوین ڕاستە پێشمەرگە سەرکەوتنێکی باشی بەدەست هێنا بەڕاستی ورەو هیمەتی پێشمەرگە کەئەیبینیت بڕوات هەبێت سڵیان نەلەعبوەو نەلەهیچ شتێکی تر نەئەکردەوە بەس ڕایان ئەکرد بەرەو سەرکەوتن، بەڵام ئەوەبوو ئێمە نزیک بوین لەدێیەکەوە لەپێشمانەوە خەڵک هەبوو تەقینەوەیەک

ڕویدا ئێمە لاشەی پێشمەرگەمان بینی ئەوانە زۆر قورس بون یان بریندارەکانمان بینی زۆر بەلامانەوە کاریگەر بوو، بەڵام ئەبێت تۆ لەوکاتەدا پێشمەرگەیت ئەبێت هەمیشە ئەوشتانە کارگەریت تێ نەکاتو سەرخۆتی نەهێنیت هەمیشە بۆ ئەوەی کەورەی دەوروبەرەکەشت نەڕوخێت ئەبێت تۆ ئەو شتانە لەبیر بکەیتو هەمیشە ورەیەکی بەرزت هەبێت.

# نەقیب محەمەد زرار

من (نەقیب محەمەد زرار) لیوای ١١ فەوجی ٤ سەر بەوەزارەتی پێشمەرگە، شەڕەکان کەلەگەڵ داعش دەستی پێکرد سەرەتا شەڕەکانمان لەسەر پردی مەلا عەبدوڵا لەفەتحە دەستی پێکرد وابزانم ٢٠١٤/٦/١٤ کەداعش ئەوکات سەرەتای دەرکەوتنی بوو کەلەو ناوچانە شەڕی خۆی ڕاگەیاند بەتایبەتی لەشاری موسڵ کە دەستی بەسەر شاری موسڵدا گرتو لەوێندەرێوە پەرەی سەند بەرەو شاری تکریتو کەلەزانکۆی تکریت خەڵکێکی زۆری شەهید کرد تەلەبەی مەکتەب بون لەکۆلیژی سەربازی دوای هاتن بەرەو کوردستان بەتایبەتی شاری کەرکوک بەهێزێکی زۆرەوە توانیان بێن بەرەو ناوچەکانی کەرکوکو سەر پردی مەکتەب خالیدو تەلوەرد بەتایبەتی ئەو شوێنەی خۆمانی لێ بوین پردی فەتحە مەلا عەبدوڵا لەوێندەرێ بەتایبەتی لیوای ١١ لەپردی فەتحە تامەلا عەبدوڵا هەر ٤ فەوجەکەمان لەوێ مانەوە واجبمان وەرگرت هەتاوەکو ساڵی ٢٠١٥ مانگی ٣ هەرلەوێ ماینەوە، چەند جارێک هێرشیان کردو چەندین جاریش هاتن بەلامانەوە ئەوەبوو یەکەم شەڕ کەتوشی بوین داعش بەهێزێکی زۆرەوە هاتە نزیکمان ڕۆژەکەی ١١ جار هێرشی کرد هەر ١١ جارەکە شکاندماننەوە سەر پردەکە دوای ئەوە شەو بەهێزێکی زۆرەوە هاتنەوە نزیکمان بە الله اکبر زۆر لێمان نزیک بونەوە ئەوکاتە ئێمە وەکو فەوجی ٤ لیوای ١١ هەموو بەیەکجار

هەستاینەوە تەقەمان لەو داعشانە کرد دیاربوو خەسارەتیشیان لێکەوت بەڵام بەداخەوە هەر ئەو شەوە برادەرانی هێزی پشتیوانی ٢ عەدەد دۆشکەیەکیان هات بەناوی عومەر هەڵشۆیی کەهات دەورێکی زۆر قارەمانانەی بینی زیاتر لە٢٠٠ فیشەکی دۆشکەی تەقاند بەئاگری دۆشکەکە کەشف بوو داعشەکان ئەوکات بەهەلیان زانی بوو ئەو پیاوەیان شەهید کرد، هەر لەوێندەرێ بۆ ماوەی ٣ ڕۆژ شەڕ لەوێ بەردەوام بوو ئەو شەهیدەو ٥ بۆ ٦ بریندارمان دا، لەوێندەر شەڕەکە ڕاوەستا تا وەکو ٩/١٥ دوای ئەوە دەستیان پێکردەوەو تەقە دەستی پێکردەوە لە٩/١٥ بەولاوە دورە تەقە دەستی پێکردەوە لەشوێنەکانی تریش شەڕبوو بۆ نمونە لەگرتنی شەنگال ئەوە بیرەوەریەکی ناخۆشە لەمێژوی هەمو تاکێکی کورددا کەئەوکاتەو خەسارەتیەکی زۆر دراوە ئەو هەموو خێزانو خەڵکە کوردو یەزیدیە کەوتنە بەردەستی داعش، وەدوای ئەو کاتەش شەڕەکان لەهەموو سنورەکان بەردەوام بوو لەجەلەولاوە هەتاکو دەگاتە ئەوە کۆبانیش هاتە سەری لەهەموو قۆڵەکانەوە داعش بونی خۆی دەسەلماندو هێرشی دەکردو شوێنیشی لێگرتینو بەهەمان شێوە شوێنەکان دوای ئەوکاتەی کە فڕۆکەی هاوپەیمانان هات لەوکاتەوە داعش کەوتۆتە شکست تاکو ئەمڕۆکانێ کە کەوتوینەتە مانگی ٢٠١٥/١٠ وەلە٢٠١٥/١/٣٠ داعش بەهێزێکی زۆرەوە هێرشی هێنا بۆسەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لەسنوری مەلا عەبدوڵا مەکتەب خالید تەلوەرد لەو سێ شوێنە هێرشی کرد لەوکاتەدا پێشمەرگە بەورەیەکی بەرزەوە دەیان شەهیدیشمان دا، لەو شەڕانە کەیەک لەوانە شەهید نەقیب ئاکۆو شەهید سەمەد ئاغا شەهید پشتیوان مەلا زیادی ئەو شەهیدانە هەموی لەو سنورە بوو لەلیوای ١١، دوای ئەوەی کە شەهید لیوا شێرکۆ لەهەمان شەودا شەهید بوو وەشەهید

حسێن مەنسور بۆ بەیانیەکەی بۆ گرتنەوەی یەکی دوو پێکەوە هاتینەوە خوار بۆ هاوکاری کاک محمود سەنگاوی لەوکاتەی ئەویش بەرپرسی ئەو میحوەرە بوو لیوای ١١ کە نەهرۆ ئەسوەد سەرپەرشتی ئەکرد بەهاوکاری هەموو هێزەکانی هێزی کاک مەحمود سەنگاوی بوو، هێزی دژەتیرۆرمان لەگەڵ بوو کە بۆ گرتنەوەی ئەو ناوچانە بەتاییەتی گوندی مەلا عەبدوڵا لەو کاتەدا گوندی ئیدریس خەباس کەداعش چونە ناویو بیری نەوتیشی تیابوو ئاگریان لەبیرە نەوتەکانیش بەردا کەبۆ ڕۆژی دوایی ٢/١ ئەو ناوچانە هەمووی کەوتەوە ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەو هەمومان گرتەوە بەخوێنی کاک حسێن مەنسوڕ لەوێ چەند شەهیدێکی تری قارەمان لەوانە برازای جێگر فەوجەکەمان لوقمان ساکیو کۆسرەت ساکی لەوێ شەهید بون بەداخەوە وەهاوڕێیەکی زۆر خۆشەویستیشم لەو شەڕانە هەموی پێکەوە بوین کەلێرە لەناو ئەو کابینەیەی گیانی خۆی بەخت کرد کەخەلیل شێخ وەسانی بوو یادی بەخێر ئامر سریە بوو لێرەکانێ بەهۆی نەخۆشیەوە کۆچی دوایی کردو شەهید بوو هەزار سڵاو لەگیانی پاکی هەتاکو ئێستاش بەردەوامین، هەروەها لە١/٣٠ هەموو جێیەکانمان لەدەست دا هەر ئەو ڕۆژە کەهاتمەوە سەر پردەکەی تەلوەرد ئامر فەوجەکەمان لەوێ بوو و جێگرەکەشمان هەر لەوێ بوو کەهاتم کاک باپیر شێخ وەسانی ئامر فەوجمان بوو لوقمان ساکیش جێگر فەوجمان بوو کەهاتین لەوێندەرێ گوتیان نوقتە بەنوقتەی خۆمان دەگرینەوە ئەوانەی کەداعش گرتونی چوینە جێگاکانی خۆمان بۆ گرتنەوی جێگاکانی خۆمان پاش چەند چرکەساتێک من لەوێندەرێ ٤ پێشمەرگەی خۆمم لەگەڵ بوو لەوانە فریاد محەمەد خەڵکی تەق تەقو موحسین تەها خەڵکی تەق تەقو ڕزگار عەباس خەڵکی کۆیەو ئەو چوار پێشمەرگەیە بوین کە چوینە

ئاخر سەنگەری پێشەوە بۆلای پردەکەی کەلێمان گیرابوو پردی فەتحە لەوێندەرێ لەوکاتەدا گوتیان ئاگاداربن داعش لەپاش‌و پێشی ئێوەیە هیچ پێشمەرگەیەکی لێ نیە لەناو سەنگەرەکانی خۆمان، کاتێکم زانی فۆرتێک بەرامبەرم هات فۆرتەکە سورو شین بوو کاک یوسف سێکانیش لەوێ بوو لەگەڵ بەڕێز کاک لوقمان ساکی‌و ئەوان لەتەنیشتی ئێمەوە بون کە فۆرتەکە هات دەستم لێ ڕاگرت وتم ئەوە جەماعەتی خۆمانە تەقەی لێ مەکەن کاتێک گەیشتە بەردەمم بینیم داعشەو ٤ بەرمیل تیئێنتی تێدایەو بۆ خۆکوژی هاتوە دەستم لێ ڕاگرت وامزانی برادەرانی خۆمانە کاتێک گەیشتە لام لەبەر ئەوەی کەم بوین کە ٤ کەس بوین خۆی نەتەقاندەوە ڕۆیی بەرەو لای کاک لوقمان چونکە کە باپیرو ئەوان لەوێندەرێ لەولای ئێمەوە بون ویستی لەقەرەباڵغیدا خۆی بتەقێنێتەوە، بەڵام خۆشبەختانە ئێمە تەقەمان لێکرد ئەو کابرایەی کە فۆرتەکەی پێ بوو شۆفێرەکەی تەمەنی لە١٨ بۆ ٢٠ساڵ ئەبوو تەقەمان لێکرد بەرکەوت هەتا گەیشتە ئەولای ئێمەوە خۆی تەقاندەوە بەبرادەرانی دیکەدا بەداخەوە لەوێدا ٤ شەهیدماندا کەجەماعەتی لیوای کەرکوک بون لەوێندەرێ ئەوانیش شەهید بون کە ٤ پێشمەرگە بون، ئەو شەڕانە بەردەوام بوو تاوەکو ئێستاش وابەردەوامین لەگەڵ داعش‌و بەداخەوە بەدەیان شەهیدو سەرکردەی قارەمان لەو شەڕانەدا شەهید بون ئەو بیرەوەریانە زۆر زۆر تاڵ بون لەژیانی مندا بەتایبەتی ئەوڕۆژەی کە ١/٣٠ کەئەو برادەرە قارەمانە شەهید بوو شەهید پشتیوان ناسرابوو بەئاکۆو شەهید سەمەد کەهاوتەمەنی من بوو هەرلەوێ شەهید بوو وەشەهید شاخەوان تەق تەقی‌و شەهید کۆسرەت سارکی پیاوی قارەمان بون لەو شەڕانەداو دەوری کاریگەریان هەبوو بەداخەوە هەمویان لەوێندەرێدا شەهید بون.

ئەو ڕۆژەی کە لیوای ١١ بەو شێوەیە هێرشی کرایە سەر کە شوێنەکانمان داعش بەتەواوەتی کۆنترۆڵی کرد چەند شەهیدێکیشمان لەژێر دەستی ئەواندا بوو وەلەوکاتەدا پێش ئەوەی لیوایەکەمان بەتەواوەتی کۆنترۆڵ بکرێت شەڕ هەبوو لەسەر لیوایەکەمان فەوجێکی سکرتاریەت هات کەلەوێش ئەوانیش ٧ شەهیدیان دا لەوێندەرێ کەشەهیدەکانی سکرتاریەتیش بەجێمان لەگەڵ شەهیدەکانی خۆمان بەهەمان شێوە ئەو فەوجەکەی سکرتاریەت جەماعەتی وابزانم خولە بێسەری بون لەوێندەرێ کەهاتن ئەوانیش شەهیدێکی زۆریان دا کە ١١ کەسیان شەوو ڕۆژێک لەناو ئەو بینایەدا مانەوە کەداعش دەوری گرتبون ئەو ١١ کەسە قارەمانانە تەسلیم نەبوو بون بەهیچ شێوەیەک ڕومانەو چەکیان بۆ هەڵ ئەدرا لایەکی دیوارەکەیان ڕوخاندبون ٣ بۆ ٤ شەهید لەبەر دەستیاندا بوو لەوانە موقەدەم وابزانم یاسین بوو لای ڕانیەو قەڵادزێ بوو پیاوێکی بەتوانا بوو مایەوە لەوشوێنەی هەتا شەهید بوو ئەو موقەدەمە ئێستا بزەبت ناوەکەی نازانم لەوێ مایەوە هەتا شەهیدیش بوو برادەران تەرمەکەیان بەجێ نەهێشت تا وەکو نەکەوێتە بەردەستی داعش. شەهید نەقیب عەبوو هەر لەو بینایە شەهید بوو شەهید سەمەد ئاغا هەرلەو بینایە شەهید بوو شەهید شاخەوان هەر لەوێ شەهید بوو ئەو شەهیدانە هەمویان لەوێ ڕۆڵی کاریگەریان هەبوو، وەبۆ بەیانیەکەی کە دەستمان بەهێرشی ڕەد فعل کرد بەسەرپەرشتی کاک محمود سەنگاوی کە بەرەو خوار دەڕۆیشتین لیوای ١١ بەکاملی بووین بەهەر چوار فەوجیەوە کاک حسێن مەنسور خۆی تۆپەکانی دابەستەوە چەند پێشمەرگەیەکی قارەمان کە ئێستا لای منن هاوکاری کردون کە هاوەنەکانیان داناوەتەوە بۆ دژایەتی داعش لەوێندەرێ کە هاوەنەکانیان ناوەتەوە بەرەو بۆردومانی سەنگەرەکانی

داعش لەوێندەرێ کە هاتینە خوارێ کاک حسێن مەنسور یادی بەخێر لەوێ لەگەڵ کاک مەحمود سەنگاوی دەهاتنە خواری کەدیاربوو چەند خەڵکانێکی مەدەنی دەیان ویست داخلی ناو ئاوەکەی بن یەک لەوانە هەتا بەجەمەدانیو بەقاتی کوردیشەوە بوو کاک مەحمود سەنگاوی پێی وت بگەڕێرەوە دیاربوو خۆی تورە دەکرد دەیوت تۆ دیفاع لەعەرەب دەکەیت ئێمە دژی عەرەب هاتوین بۆ ئێرەکانە خۆمان بەخاوەن شەهیدو شۆڕش دەزانین کابرای مەدەنی بەو شێوەیە جوابی داوە دیاربوو لەلای ڕانیەو قەڵادزێو ئەو ناوەوە هاتبوو زۆر بەشێوەیەکی خۆین گەرمانە هاتبون بۆ گرتنی ئاوەکە، هەتا هاتینە خوارێ کاک حسێن مەنسور یادی بەخێر بەڕاجیمەو هاوەنەکانی دەوت خێراتر لێیان بدەن بۆ خۆی جیهازەکەی بەدەستەوە بوو بەجادەکاندا ئەهاتینە خوارەوە دەیوت بەباشی لێیان بدە لەگەڵ کاک مەحمود سەنگاویو کاک حسێن مەنسوڕ کەشوێنەکەی لیوایەکەی ١١ گیراوە لەو گوندەی کەخۆمان پێشتر تێیدا بوین هاتین بەرەو پردی فەتحە لەوێ کاک حسێن مەنسور خودی خۆی هاتە سەر پردەکەو داعشەکە تەقەی لێکرد هەتا لەوێندەرێ شەهید بوو لەسەر عەینی ئەو پردەی کە ئەو ڕۆژە شوێنەکانی لێگیرایەوە لەوێندەرێ هاتینەوە هەمان جێ کاک حسێن مەنسور لەپێشی پێشەوە بوو هەتا ئاخر سەنگەری پێشمەرگە گیرایەوە کەداعش لەشوێنەکانی خۆیانەوە تەقەیان لێ دەکردین بەداخەوە لەوێندەرێ بەبەرکەوتنی گوللەیەک بەسەری بەبرینداری بەرەو کەرکوک ڕەوانە کرا بەس نەگەیشتە ناو کەرکوک وابزانم شەهید بوو، ئەو ١١ کەسە بەهاوکاری هێزی دژەتیرۆر کاک لاهوری شێخ جەنگی بەتەلەفۆن پەیوەندی پێوە کرا کە ١١ کەس لەوێندەرێ بەو شێوەیەی ماونەتەوە ئەویش دیاربوو بەشێوەی نوقتەی هاوپەیمانان ئاگاداری

کردنەوە کە١١ کەسەکە یەک لەوانە بەتەلەفون داوای لێکرد بێتە سەربانەکە گوتی بێمە سەربانەکە داعشەکان ئەمکوژن چونکە مابەینی ئێمەو داعشەکان ٥٠ مەتر بوو گوتی لەجێی خۆت دانیشە دیاربوو چەند حەرەکاتێکی پیکردبوو وتبوی درێژبە لەسەربانەکە چەند حەرەکاتێکی پێکردبوو سەیاق تەیارەکە کەلەئاسمانەوە وتبوی لەو بینایەی نادەم ئەوە پێشمەرگەکانی تێدایە دیاربوو داعش هەر چواردەورەی ئەوە ناوچەی کێڵاوە بەس لەبینای پێشمەرگەکانی نەداوەو ئەو ١١ پێشمەرگەی سکرتاریەت بەسەلامەتی دەرچون ئێستاش لەژیاندا ماون‌و واپێشمەرگەن، دوای ئەوەش برایەکی کاروخ بەناوی کۆسرەتەوە هەر لەلیوای ١١ خۆمان لەگەڵ هاوڕێیەکی بەناوی پشتیوان ماوەی ٢ شەوو ٢ ڕۆژ لەناو ژاژو قامیشدا لەژێر دەستی داعشدا مابونەوە لەو سەرماو بارانە تەسلیمی داعش نەبووبون کەدوایش ئەوانیش بەساغی هاتنەوە کەناویان کۆسرەت‌و پشتیوان بوو خۆشبەختانە بەسەلامەتی گەڕانەوە ناو ماڵ‌و منداڵیان کە هەردوکیان دانیشتوی ناو شاری کۆیەن.

زۆر زۆر بەداخەوە مەرگی لیوا شێرکۆو حسێن مەنسوڕ تەنها ٢٤ سەعاتی مابەین بوو ئەو دوو شێرە قارەمانە کەبەداخەوە لیوا شێرکۆ لەسەر پردی نەهرەوان‌و مەکتەب خالید لەو ناوچەیە شەهید بوو زۆر بەداخەوە حسێن مەنسوریش لەسەر پردی فەتحە کەبەمەلا عەبدوڵا مەشهورە شەهید بوو زۆر بەداخەوە ئەو دوو شەهیدە قارەمانانە شەهید بون، هەردوکیان لە١/٣١ بۆ ٢/١ شەهید بون.

# مەردان ساڵح قادر

من (مەردان ساڵح قادر) ناسراوم بەمەردان چاوشین فەرماندەی میحوەری قەرەتەپە حەمرینم، بەشداریکردنم لەشەڕی تیرۆرستانی داعشدا ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەلامارە ناوەختەی تیرۆرستانی داعش کردیانە سەر ناوچەکانی هەرێمی کوردستان، من ئەوکاتە پێش هاتنی ئەوان لەفەرماندەیی گشتی هێزەکانی ٧٠ لەگەڵ هاوڕێکانم سەرقاڵی کارەکانم بووم، بەڵام بەبیرم دێت لەئێوارەی ٨ لەسەر ٩ بۆ پرسەیەک هاتم بۆ چەمچەماڵ برای بەڕێزم کاک شێخ جەعفەر تەلەفونی بۆ کردم گوتی بەپەلە خۆت بگەیەنە شاری دوزخورماتوو، ئێمە گەیشتینە ئەوێ دیارە لەناوچەی یەنگیجەو سلێمان بەگو ناوچەی ئەلبوە نەجمو لەو ناوچەو لادێیانە تیرۆرستانی داعش سەیتەرەیان کردبوو سوپای عێراق لەبەر یەک هەڵوەشابووەوەو وەئەمە هاوکاتە لەگەڵ داغڵ بوونی تیرۆرستانی داعش بەشاری مووسڵ وەسەرەتای دەرکەوتنیان بەشێوازێک بووە وەک چۆن ئاگر کەوتنەوە لەهاوینێکی وشکا کە ئاگر زۆر بەپەلە ئەکەوێتەوە ئێمە زۆر بەشپرزەیی لەبەر ئەوەی هیچ بەرنامەیەکمان نەبوو هەوڵماندا کە بەو تاقەتو توانا خۆڕسکەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان خۆمانمان ڕێکخستەوەو سەرەتا من لەدوزەوە بەشداریم کرد، وەدوای دوو ڕۆژ لەدووزخورماتوو هەر هەمان فەرماندە کە لەوێ ڕایسپاردم کاک شێخ جەعفەر بوو کە من ئەرکی

پاراستنی میحوەری قەرەتەپە بگرمە ئەستۆ، من گەیشتمە شاری قەرەتەپە ١١ لەسەر ١٢ ی ٦ داغڵی شاری قەرەتەپە بووم لێرەش تیرۆرستانی داعش لەدێکانی سەعید تەپە عەوامر وەتبجو کەشکەوڵو ئەو ناوچانە سوپای عێراقیان هەمووی کۆنترۆڵ کردبوو چەکو تەقەمەنیەکانیان کەوتبوە دەستی تیرۆرستانی داعشەوە، ئێمە هاتین لەگەڵ ئەو لیوایانەی یەکەی پێنجی پیادە لێرە بوو دوای لیوای ١١٨ ی باڵەک شەهیدی فەرماندە کاک ستار دیلمانی پێمانگەیشت دوای لیوای ١٢٠ مام زیاد هات لیوای ١٣٦ حاجی عوسمان هات، خۆشم دەستەکەم زیاتر لە٥٠ پێشمەرگەیەک ئەبوو فەرماندە سەرە باوە سەرپەرشتی ئەکرد وەفەرماندەی شەڕو پێکدادانەکانی ئەکرد ئێمە لێرە جێگیر بووین ئێمە سەرەتا بەوە دەستمان پێکرد دەستمان کرد بەکۆکردنەوەی کەسایەتی عەرەبو دڵنەوایی کردنو هەروەها هێشتنەوەی ئەو دامو دەزگایانەی حکومەتی عێراقی کە لەناو قەرەتەپە بوو و ویستمان لەبەر یەک هەڵنەوەشێنەوە لەبەر ئەوەی ژیانو گوزەرانی خەڵک تێک نەچێت، ئێمە لەقەرەتەپە کە پێکهاتەیەکی هەمەچەشنەیە لەعەرەبی سوونە کە لەسەر ٪٧٠وەیە کە عەرەبی تیایەو کوردیشی تیایە وەتورکمانیشی تیایە هەردوو مەزهەبەکە سونەو شیعەشی تیایە، ئێمە وامان کرد کە حکومەتی عێراق لەقەرەتەپە بمێنێتەوەو بتوانێت خزمەتی خەڵک بکاتو خەڵکیش دەست بەتاڵ نەبێت ئەو خەڵکەی کە مووچەو معاشیان هەیە ئەمە لەلای ئێمە وامان لەبەرچاو گرت بەڵام ڕەنگدانەوەی جوانیشی هەبوو لەناو خەڵکا فیعلەن قەرەتەپە بووە نموونەیەک وەک جەلەولاو سلێمان بەگ نەبوو وەکو ئامرلی نەبوو وەکو حەویجەو هەموو شارو شارۆچەکەکانی تر نەبوو لەبەر ئەوەی خەڵکەکەی مایەوەو پاراستمانن ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی ترەوە زۆربەی ئەو شەڕانەی کە لەگوڵاڵە

واتە جەلەولا کراوە هەموو کات من هێزم ناردووەو لەوێ شەهیدمان داوەو داغڵی جەلەولا بووینو کە لەوێ شەڕ کراوە هێزمان ناردووە بۆ پشتیوانی لەجەلەولا ئەو شەڕانەی ناو قەرەتەپەش ئەوەی ڕووبەیزەو شەڕەکانی بایزەو هەموو ئەو شەڕانە پێشڕەوی باشی کردووە، میحوەرەکەشمان یەکێکە لەو میحوەرانەی کە خۆشبەختانەو سەربەرزانە ئەڵێم تائێستا ئێمە شارەکەمان نەگیراوەو لەوێوە دووبارەو سێبارە بیگرینەوە، لەشارو شارۆچکەکانی تر داعش ناوچەکانی گرتوون بەدووجارو سێ جارو دواتر گیراونەتەوە بەڵام لای ئێمە نەمانهێشتوە تیرۆرستانی داعش درزو کەلەبەر بخەنە ناو ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەوە کەلەو شوێنانەی سەر بەمیحوەری ئێمەن سەنگەریان گرتووە، وەسنوری ناوچەکەمان ناوچەیەکی بەرفراوان بووە خۆیداوە لە٦٠ کیلۆمەتر بەدرێژی ئەمە جەبهەیەک بوو مەسەلەن بەو کەم تفاقەی هێزی پێشمەرگەوەو بەو هەموو کەموو کوڕیەی کە لەهێزی پێشمەرگەیا هەبووە زیاتر پشتمان بەخۆڕاگری پێشمەرگە بەستوە وەئەتوانم بڵێم خاڵی بەهێزی پێشمەرگەش ئەو خاڵەیە کە پێشمەرگە بڕوای بەکوردستانی بوونی ئەو ناوچانەیە ئەو ناوچانەی کە شەڕی لێ ئەکات واتا ئەمە لایەنە بەهێزەکەی پێشمەرگەو کورد دەرەخات ئەگینا ڕەنگە ئەگەر بێتەوە ئەم هێزە ئەم چەند لیوایەی کە لەم شوێنانە جێگیر بوونە ئەمانە ئەگەر لەسەر ئەساسی پێداویستیەکانی خۆیان بەرگرییان بکردایە ڕەنگە نەیانتوانیایە بەرگری بکەن، بەڵام لەبەر ئەوەی کە کێشەیەک هەیە پێی ئەڵێن کوردستانو لەو شەڕەشدا ماڵی کوردو کوڕەکانی کورد لەسەر بنەما قەومیەکەی باشتر شەڕیان ئەکرد، ئێستا خۆشبەختانە لەسنوری ئەو چوار لیوایە جار هەبوو هێزی زیاتریشمان ئەهێنا واتا هێزی بەرگریو فریاکەوتن ئێستا ئێمە یەک لیوامان لایە کە

تیرۆرستانی داعش لەقوڵایی ناوچەکانی ئێمە وەدەرنراون ڕەنگە بەشێوەی پارتیزانیو لێرەو لەوێ مابێتنەوە بەڵام ناتوانن مەترسی لەسەر گیانی هاوڵاتیو پێشمەرگە لەم ناوچانە دروست بکەن وەمقەڕی میحوەریش ماوەتەوە وەلەم سنورەی ئێمە ٤ میحوەرمان هەبوو میحوەریەکو دوو سێو چوار وەهەندێ جار مەسەلەن شتێکی ترمان دروست کردوە وەکو بڵێی لەبەینی ئێمەو میحوەری یەک کە میحوەرێکی ترمان لەکوڵەجۆ هەیە کاک عەدنانی حەمەی مینا فەرماندەی میحوەرەکەی تری لێیە کە کاک مەحمود سەنگاوی فەرماندەیەتی لەبەشی غەربی منیشەوە کە میحوەری سێ دەست پێ ئەکات کاک عەبدوڵا بۆرە وەدوای کاک عەبدوڵا بۆریش کاک محەمەدی حاجی قایەرە وەدوای ئەویش کاک وەستا ڕەسوڵ کە میحوەری ئەساسی کەرکووکە لێرەوە ئەتوانم بڵێم ٦ میحوەرە لەغەربی کەرکوکیشەوە بۆ ناوچەی شەنگالو زوومارو ئەوانە هەندێ میحوەری تیایە وەپێشمەرگە بەگیانێکی مەرد وەبەشێوەیەکی ڕێکو پێک من پێموایە نەک ئەوەی ئێمە بتوانین لەلێدوانێکی سەرپێیدا ئەمە دەربخەین تەواوی خەڵکی ناوچەکانو جێگاکان شایەتی بۆ تاکە هێزێک دەدەن کە ڕووبەڕوی داعش بۆتەوەو وەداعشی تێک شکاندووە هێزی پێشمەرگەی کوردستانە، ژیانی ئینسان بەدەر نیە لەبیرەوەری ئێمە کاتی واهەبووە ئەتوانم بڵێم شەڕی جومەیلە ئەو شەڕە شەڕێکی زۆر سەختو قورس بوو کە لە٥ ی بەیانیەوە تا ١٢ ی نیوەڕۆ درێژەی کێشا کە ئەو ڕۆژە ڕۆژی ٨/٩ بوو کە شاری جەلەولا گیرا بوو لەلایەن تیرۆرستانی داعشەوە هەر ئەو ڕۆژە پەلاماری شاری جەلەولا دراو ئەوان شاری جەلەولایان کۆنترۆڵ کردەوە، کەداعش کۆنترۆڵی کردەوە ئێمە ڕووبەڕوی شەڕێکی زۆر سەخت بووینەوە وەئەو ڕۆژە بەشێک

لەپێشمەرگەکانی خۆم چووبوونە ناو ڕەبایەکەوەو بەرگریان لەڕەبایەکە ئەکرد من گوێم لەدەنگی مامە سەرە بوو هەتا ئەوکاتەی لەو ٧ سەعات شەڕە سرودی نیشتمانیو پێکەنینو ئەوانە تەنانەت بریندارێش ببوو نەئەهاتە دواوە ئەوە یەکێکە لەو بیرەوەریانەم کە پیاوێکی ئاوا تێکۆشەر پیاوێکی ئاوا ئازا بەجێی هێشتین، دوای ئەو شەڕەی ١٠/٢٠ کە مامە سەرەی تیا شەهید بوو شەڕێک بوو ئەو سوپایەی کە هاتبوو بۆ ئەو شەڕە پێیان ئەوت سوپای خەلیفە واتا سوپایەک غیرەی هێزەکانی داعشە هەر ئەو ڕۆژەش من لەگەڵ مامە سەرە لەڕەبایەی خەنجەو ئەویش بۆ ناو ماڵەکانی بەشێک لەخەنجە دیسان لەیەک دابڕاین من تا ئەو کاتەی کە مامە سەرە پێکرا قەناعەتم نەکرد لەبەر ئەوەی مامە سەرە لەجیهازەکەیا هەر ئەیوت ئەوە ئێمە ٦ جەنازەمان لەبەر دەستەو ئەوەمان کردوەو وەزعمان زۆر باشە وەمن پێموایە کاتێکیش مامە سەرە فیشەکیش لێی دابوو ئیرادەی دانەبەزیوە یان چۆمان کوڕێکی گەنجو مناڵ بوو زۆر بزێو بوو لەگەڵمانا بوو ئەو ڕۆژە دەستێکی پەڕیبوو بەبرینداری گیرا ئەوەم قەت لەبیرناچێتەوە، من پێشمەرگەیەکی ترم لەگەڵا بوو کە خۆبەخش بوو ڕەفیقم بوو حاجی عەلی پیاوێکی دەوڵەمەند بوو لەماڵەوە لەهیچی کەم نەبوو ئەو برادەرانەی کە ئێستا ژیانی خۆشیان هەیە ئاوا بوو بەڵام ئەو خۆبەخشانە هاتە ئەوێو ئەو ڕۆژە لەگەڵمانا شەهید بوو، هەموویان پیاوی ئازاو بەخیرەتو بەئیرادە بوون بەڵام بەداخەوە بەجێیان هێشتین، یان حەمە چاو جوان فەرماندەی پێش ئەنفالو ئەوانە بوو پلەکەی لیوا بوو هەر بەخۆبەخشانە هاتەوە لای ئێمە ئەو ڕۆژە پێش ئەوەی شەهید بێت عەبوە دانرابوو عەبوەیەک بەماشێنیەکمانا تەقیەوە من ڕۆیشتم بۆ ئەوەی ئەو پێشمەرگانەی کە کەوتبوونە ناو عەبوەوە دەربازیان بکەین

کاک سەمەدو کاک حەمە چاو جوانم لابوو سوێندم لەحەمە چاوجوان خوار وتم نابێ تۆ بێت دانیشە ئێستا من دێمەوە ئاخری ئینکاری لەگەڵا کردمو هاتو لەوێ عەبوەیەکی پیا تەقی شەهید بوو زۆرم پێناخۆش بوو، کاک سەلاح دیلمانی تەواوی ئەو فەترانە لەگەڵ منا بووە نەک هەر لەگەڵ منا بووە یەکێک بووە لەو فەرماندانەی جگە لەوەی کە فەرماندەیەکی سەربازیو پیاوێکی دیار بوو کەسێک بوو، کەسێکبوو ئەیزانی لەگەڵ خەڵکا تێکەڵ بێتوەپیاوێکی ئەوەنە نەرمو نیان بوو من ئیرەیی بەئازایەتی کاکە سەلاح ئەبەم، کاکە سەلاح لەتەواوی ئەو جەبهانەی بایزە بۆ پشویەکیش لەپێشمەرگەکانی خۆی جیا نەکردەوە مەسەلەن بێتەوە بۆ سەنگەری دواوەو بنوێ مام زیاد کە ئێستاش ماوە شەرت نیە هەر باسی ئەوان بکەین، هەموو ئەو هەڤاڵانەی کەلەگەڵمانا بوونە لەم ساڵو چوار مانگی ڕەبەقە زۆر بەبێ درێخی ئیشەکانی خۆیان کردووە بەلام سەلاح دیلمانی کەسێکی تایبەتمەند بوو، مەسەلەن لێرە عایلەیەک هەیە عایلەیکی تورکمانن ماڵی عەدنان مستەفا کەمالیان پێ ئەڵێن کوڕەکی ناوی دکتۆر عەوداڵە تورکمانن قەت ڕۆژێک لەڕۆژان داخلی سیاسەتو ئەوانە نەبوون ئەو سەلاح دیلمانیە ئەوەنە ئیعلاقەو خۆشەویستی لەگەڵیاندا دروست کردبوو من ئەمبینی وەکو یەکێک لەکوڕەکانی سەلاح دیلمانی هاتبوو بۆ سەر قەبرانو لەپرسەکەشدا وەستا بوو ئەمە دەلالەت لەوە ئەکات کە سەلاح دیلمانی پیاوێکی زۆر گەورەو نەرمو نیانو لێزان بوو لەپەیوەندی کۆمەلایەتی. ئیتر سوپاس.

# عەباس علی وەلی

من ناوم (عەباس علی وەلی)ە خەڵکی خانەقینم پلەم مولازم ئەوەلە پایەم جێگر سریەیە، ئێمە ئالەم ناوچانە بووین پێشتر لەقەرەتەپە نەبووین پێشتر لەجەلاولا بوین لەشەڕەکانی سەرەتای داعش لەجەلاولا بوین ئەرکەکەمان لەوێ بو، ئێمەش ئەرکەکانمان بەپێی ئەو فەرمانەی کە پێمان گەیشت ڕۆیشتین بۆ شاری جەلاولا کە خۆی لەئەسڵا شاری گولاڵەیە شاری وەحدە، بەڵام ئیتر چوین بۆ ئەوێ شەڕی ئەم داعشانە هاتن ئەم ناوچانە داگیر بکەن، ویستیان بەزوڵمو زۆرو ئەو شتانە خاکەکەمان لێ داگیر بکەن ئێمەش وەکو پێشمەرگەو وەکو خەڵکی ناوچەکەو وەکو نەتەوەی کورد نەمان هێڵا ئەو شتە ڕوبدات هەڵساین بەدیفاع کردن لەخاکو نیشتمانی خۆمان ئیتر ئەوەبوو توشی ئەو شەڕە هاتین هەرگیز نەمانویست بۆ ئەوەش نەمانهێڵا ئەوان زەفەریان پێمان برد لەڕێی هەندێ شتو وەئێمەش بەفەرمانو بەئەمر کشاینەوە لەشاری گۆلاڵە، وەدوایی فەرمانێکمان پێکرا کەدوبارە هێرش بکەینەوە بۆ ئەو ناوچانە خۆشبەختانە شارەکانمان گرتەوە بەسەرپەرشتی کاک هەڤاڵ مەحمود سەنگاویو کاک مەردان چاوشین فەرمانی ئەوانمان پێکرد ئێمەش فەرمانەکانمان زۆر بەجوانی جێبەجێ کرد، بەسەرکەوتنی شاری گولاڵە دوبارە ڕزگارمان کردەوە تائێستاش بەهەمان شێوە ڕزگار کراوەو پێشمەرگەی کوردستانی تێدایە ئیتر لەو شەڕانەش کە

دروست بون قوربانیماندا بۆ ئەو شاری کوردە کەجەولەولایەو لەئەسڵا گولاڵەیە قوربانیماندا بەخوێنی خۆمان بەهاورێ پێشمەرگەکانمان من لێرەوە سڵاوو رێز بۆ شەهیدەکانمان‌و بۆ خانەوادەکانیان ئەنێرم‌و دەستیان ماچ ئەکەم‌و داوا لەخوای گەورە ئەکەم بەبەهەشتی بەرین شادیان بکاتەوە دوبارەش سڵاو رێزمان هەیە بۆ هەموو پێشمەرگەکان کە قارەمانانە بەبوێرانە توانیان بەرەنگاری ئەو تیرۆرانە ببن زۆر زۆر بەسەرکەوتویی‌و بەباشی ئەرکی خۆمان بەجێ هێناو ئێستاش لەشاری قەرەتەپەین ئەم ناوچە هەوڵدرا کە وەکو گولاڵە دەست بگرن بەسەریا ئێمە نەمان هێڵا بەهیمەتی پێشمەرگەکان‌و یەکێتی نیشتمانی کوردستان کەهەڤاڵ کاک مەحمود سەنگاوی‌و هەڤاڵ کاک مەردان چاوشین ئەمرمان پێکراوە ئەم ناوە ئەم ناوەش برێک شەهیماندا لەقەرتەپەو ئەو ناوچانە لێرانەش خۆشبەختانە سەرکەوتین بەسەر ئەو زاڵمانە ئێستاش حالیەن فەرمانمان پێکرا لەو جێیانە جێگیر کراوین وەتا ئێستاش بەردەوامین، یەکێک لەبیرەوەریەکانم من سڵاوو رێز بۆ خانەوادەی ملازم ئەوەل چۆمان ئەنێرم وەهەموو شەهیدەکانمان بەتایبەتی کەبیرەوەریەکم لەگەڵ ئەو کورە هەیە ئەو برا ئەفسەرەی خۆم شەهید بوو خوا عەفوی بکات زۆر بەقارەمانانە هەڵسا بەرەنگاری لەخاک‌و نیشتمانی خۆی کرد زۆر بەجدیانەو بەحەماسەت هەولّی ئەدا کەنەهێڵێت قاچی ئەو تیرۆریستانە بێتە سەر خاکی کوردستانمان بەداخەوە من ئەوە هەمیشە یادی ئەکەمەوە لەبیرم ناچێت کەبرام ملازم ئەوەل چۆمان بوو بەرەحمەت بێت سڵاوو رێزم هەیە بۆ بنەماڵەو خانەوادەکەی لەناوچەی حوسەینیە ئەوەی کەئێستا پێی ئەڵێن حوسەینیەو نەقشبەندی، شەڕەکە لەئەوێ بوو ٢ هەمەریان هات یەکیان بۆرو یەکێکیان ڕەش بوو ئەم پێشمەرگانەش کە ئیستا لەپشت منەوە

وەستاون ئەمانەش زۆربەیان لەوێ بون ئەو هەمەرانە هاتن تەقەیان لێمان ئەکرد بەهاوەن تێمانیان ئەگرت ئیتر لەو شەڕەدا بەڕەحمەت بێت زۆر چوە پێشەوە عبوەیان دانابوو کەوتە سەر عبوە لەحوسەینیە، چونکە چۆمان ماوەیەکی باش بەپێ ڕۆیشت من ئەو شایەتیە ئەدەم لەبەردەم خواو خەڵکی کوردستانیش مەسافەیەکی زۆر بەپێ ڕێی کرد بەبێ ئاویش تەلەفۆنم بۆکرد وتم لەکوێی گوتی زۆر زۆر لەنزیکی دوژمنەوەم بەڵام کاک عەباس ئەگەر تۆ ئاوت لایە گڵاسێک ئاو لەجیاتی من بخۆرەوە من ئەو یادەوەریەم قەت لەبیر ناچێتەوە ئیتر نەگەڕایەوە من بەشەهیدی بینیمەوە بەداخەوە، شەڕی مزگەوتەکە ٢٠٠٧ بوو ئەم ناوچە پێی ئەڵێن تاتران‌و عومەر مەردان‌و ئەوانە لە٢٠٠٧ لەو ناوچە بوین‌و جێگیر کراین چەند پێشمەرگەیەک بۆ ئەوەی ئەم ناوچانەش کۆنترۆڵ بکەین چونکە خۆراک‌و هەموو ئەرزاق‌و شتەکانمان لەشاری قەرەتەپەوە بۆمان ئەهات تاکە ڕێگە بوو ئێمە وەکو تەئمین‌و ڕێگاو چۆن بڵێین مرەبات لەم ناوچانە ڕەبایەمان دانبوو ئیتر شەو دوسێ تەقەیان کرد لێمان خەڵکی ئەم ناوچەی کەئێستا منی لێم هەمویان دەستیان کردە تەقەکردن لێمان بوە هۆی ئەوەی کە کاکە ئومێد لەوێ شەهید بوو گیانی پاکی بەخاکمان سپارد لەدێی گوندی گمە لەلای مەیدان‌و ئەو ناوچانە، دوای ئەوە مداهەمەیەکی باشمان کرد برێک ئەسلیحەو شتیان گیرا ٥٩ کەسمان بانگ کرد بۆ تەحقیق‌و ئەوانە نزیکەی ٣٠ تیرۆریست حەزیان لەکورد نەئەکرد ئەوشتانە دەرچون ڕادەستی هێزی ئاسایشمان کردن‌و لەوێش تەحقیقی خۆیان کردو دوای ئەوە نازانم چیان لێ بەسەرهات، ئێستا من لەشوێنێکم پێی ئەڵێن ئەلبوخنجێر ئەم ئەبوخنجێرە گوندێکە لەقەرەتەپە تۆزێک مەسافەی دورە ئەم ناوچە سوننەنشینن بەڵام ئەم سونەنشینانە بەردەوام باسی

ئەومان بۆ ئەکەن ئەڵێن ئەگەر پێشمەرگە نەبوایە حاڵی ئێمە حاڵی جەلەولاو سەعدیەو کۆیو کویێ بوو بەڕاستی ئیوەی پێشمەرگە سەلماندتان پێشمەرگەیەکی بەبیرو بڕوان بەهەموو شتێکن نەتەوەی کورد زۆر زۆر لەسەر خاکو نیشتمان دائیمەن وتویەتیو ئەیلێتەوە ئێمە بەردەوام ئەو هەموو شەهیدەمان داوە بۆ ئەوەی خاکی پیرۆزی کوردستانمان کەس لیمان داگیر نەکات تەبعەن ئێمە تەماحمان لەخاکی کەس نیەو لەکەسیشی قبوڵ ناکەین تەماح لەخاکمان بکات ئیتر ئەم ناوچانە بەردەوام شایەتی ئەو شتانەمان بۆ ئەدەن وەبێ لەوە شایەتیمان بۆ ئەدەنو ئەڵێن ئێوە پارێزگاریتان لەئێمە کرد، دوای ئەوە حەزمان لێ ناکەن ئەڵێی ئێمە بەزۆر ئەوانمان داگیر کردوە، ئەگەر بگەڕیتەوە بۆ مێژوش ئەوان ئەم ناوچانەی ئێمەیان داگیر کردەوە هەموی هی کوردو کوردنشین بوە لەئەسڵدا هی کورد بوە، بەڵام ئەوان هاتون ئاوا ئەکەن ئێمە هاتوینە بۆ ئەوەی تەئریخ تازە بکەینەوە شوێنی خۆمانەو دانیشتوی خۆمانە هەموی کوردە وەهەر ناوی ناوچەکانیشی کوردە سەرەڕای ئەوەش ئەوان هاتون بەئێمە ئەڵێن ئێوە داگیرکەرن من وای ئەبینمو واشە، شتێکی تریش هەیە ئێستا ئێمە مەقەڕەکەمان ٢ ئاڵای کوردستانی لێیە ئەو ٢ ئاڵای کوردستانە ئاوا ئەشەکێتەوە وائەزانن ئیتر عەرەب نەماوە لەسەر عەرز هەموو قودسی ئەوان وائەزانن تێک ئەچێت بەشەکاندنی ئەو ئاڵایە ئەو ئاڵایەی ئێمە کەئاوا ئەشەکێت پێموایە زۆر زۆر پێیان ناخۆشەو حەز لەشەکاندنەوەی ئەو ئاڵایەش ناکەن، بەڵام ئێمە وەکو من خۆم وەک پێشمەرگەیەک پێشمەرگەمو هەتا ئەو ئاڵایە بشەکێتەوە ئێمە هەناسەمان تیایە کە نەشەکایەوە ئێمەش ناشەکێینەوە ئێمە ئێستا هەناسەمان لەگەڵ جوڵانەوەی ئەو ئاڵایەدایە، ئاڵاکەشمان دەلالەت لەوە ئەکات کە بەسورو

سپیو سەوز ناسراوە سورمان یەکەمجارە بەدەریایەک خوێن ئەو ئاڵایە هاتوە بەگاڵتە نەهاتوە هەتا مابین دیفاعی لێ ئەکەینو لەسەر چاوی دوژمنان ئەیچەقێنین بۆ ئەوەی بشەکێتەوە ئاڵاکەمان.

# موزەفەر حەمە ئەمین

من (موزەفەر حەمە ئەمین) رەئیس عورەفا لیوای ١٣٦ فەوجی ١، بەلایەنی هێزی پێشمەرگەوە بەڕاستی هێزێکە تابلێی خۆڕاگرە هێزێکی ماندونەناس‌و سەرکەوتوە وەکو بیرەوەریەکانیشمان ناخۆشترین بیرەوەری من کەلەم سەردەمی پێشمەرگایەتیمدا بوبێت ڕودانی تەقینەوەی ئەم مەکتەبەیە کە ئێستا جەنابتان تیایدا دانیشتون‌و بەچاوی خۆتان ئەیبینن دوسێ برادەری خۆشەویستی خۆم لێرە شەهید بونە بەداخەوە تەنها تیرۆریستانی داعش ئەتوانن لەڕێگای تەقینەوە یان شتێکی ترەوە زەربە لەهێزی پێشمەرگە بدەن ئەگینا وەکو هی تر ناتوانن چۆنیەتی تەقینە وەکە نزیکەی سەعات ٦:٢٠ ئێوارە بوو ئێمە خەریکی نانخواردن بوین ماشێنیەکیان هاورد لەبەردەم مەکتەبەکەدا تەقاندیانەوە دوسێ برادەری خۆشەویستمان شەهیدبون ماشێنکە بەکتوپڕی هات حەرەسەکانمان نەیانبینی بوون لەناو ماڵەکاندا ڕێنماییان کردبوون بەشێوازی هاوکاری کردن هاتبونە پێشەوە، ئێمە تەنانەت نەمانزانی ڕەنگی ماشێنکە چۆنە ئەوەندە تیئێنتیان لێ بەستبو بەشێوەیەک خۆی تەقاندەوە ئێستاش وەک ئەبینن مەکتەبەکە کاول بوە یەکێک لەو شەهیدانە شەهید ئەنوەر بوو بەڕەحمەت بێت دووەمیشیان شەهید پشتیوان بوو نزیکەی ١٣ بریندارێشمان هەبوو لێرەدا یەکێکیان لەبەر دەرگاکەدا بوو هاتبو قاپەکانی بشوات نانی خواردبوو ئەو

دەرگایەی هۆڵەکە لێی دابوو کەتەقینەوەکە بوە بەزەبری دەرگای هۆڵەکە لێی داوە خۆم یەکەم کەس بوم چومە سەری سەیرم کرد لاربوبۆوە چاوی کرابۆوە زاتم نەبوو چاوی دابخەم زانیم کەتەواو بوە ڕامکرد بۆلای برادەران کوڕێکیشمان لەوکاتەوە چوبۆ دوکانەکەی ئەوبەر چو بۆ ئەوەی شت بکڕێت هەر لەوێ کەتەقینەوەکە بوبو هەرلەوێدا سوتابوو گیانی گشتی سوتابوو بەزەبری تەقینەوەکە ناوی پشتیوان بوو ئەوەی ترشیان ناوی ئەنوەر بوو دوسێ برادەریشمان لەوێدا شەهید ببون بەهۆی شوشەی پەنجەرەو شتەکانی تر، هەتاکو لاشەی تیرۆریستەکە ئەو سەگە تەنها قاچیمان دۆزیەوە لەوسەری حەوشەکە کەوتبوو تۆزێک لەقژیشی لای سەربانەکە کەوتبوو ئیتر هیچی ترمان نەبیتی دیاربوو پیاو بوو بەتەمەنیش بوو، دوای ئەوەش وەکو شەڕەکانی جەلەولا لەوێش بوینە لەو ڕۆژەی کەجەلەولا گیرا داعش توانی جەلەولا کۆنترۆڵ بکات ئەو ڕۆژەش لەوێ بوین بەڕاستی هێرشێکی زۆر پیسیان کرد واتا هێرشێکی وایان کرد لەناو ماڵەکانیشەوە تەنزیماتیان هەبوو هەر لەناو ماڵەکانیشەوە تەقەمان لێ ئەکرا ئیتر تەواو توانا نەما دوایان لێکردین کەسەحب بکەین بەداخەوە لەوێ چەند برادەرێکی خۆشەویستمان جێما لەوانە شەهید نەقیب ئومێد جێگری فەوجی ٣ بوو وەکو بریندار بەبریندار جێمابون چۆنیەتی جێمانەکەی تەقینەوەیەک بوو ئەویش ماشێن پیایانا تەقیبۆوە کەماشێن هاتبوە ناوەوە هێرشیان کردبوو تابەماشێنیەکی بۆمبڕێژکراو هێرشیان کرد دەوری سەعات ٤ ئێوارە بو ماشێنکەیان تەقاندەوەو ڕەبایەکان کۆنترۆڵ کران لەلایەن ئێمەوە، ئێمە شەو چۆڵمان کرد نەمانئەتوانی لەماڵەکانیشەوە تەقەمان لێکرا لەملایشەوە تەقەمان لێکرا کەچۆڵمان کرد واتا بەشێوازێکی تاریک شەوێکی تاریک بوو لەبەر قەناس قەناسەکەیان

٢٤ سەعات لەبان سەرمان بوو ئیشی ئەکرد ئەو جەماعەتەی کەبەیەکەوە بوین ٢٣ پێشمەرگە بوین ماینەوە هەتاکو شەو لەمەحکەمەکەی جەلەولایا بوین ئیتر شەو چۆڵمان کرد بیناکانمان کون کردبوو لەم بیناوە بۆ ئەو بینا هەتا هاتینە شوێنێکی سەلامەت لەوێوە دەرچوین جوندی واهەبوو تاسەعات ١١ شەو لەجەلەولا مابۆوە هی واهەبوو بۆ بەیانیەکەی دەرچوو شەش حەوتێکمان بەیانیەکەی دەرچون، لەوکاتەیا هیچ نەبوو کەپێی بڕۆین ماشێن‌و هەمەرمان پێ نەبوو هەرکەسەو بۆخۆی دەرچوو، بەڵام خۆشترین کاتیش ئەوکاتە بو کەئەم ناوچانە کۆنترۆڵ کراو تاحەدێک خوێنی شەهیدەکانمان وەرگرتەوە لەم ناوچەیە ئێمە ئەتوانینن ئێستا لێرە دابنیشین داعش زۆر کوژراوە لەم شەڕانەدا جەنازە زۆر کەوتۆتە بەردەستمان دیلیش هەبووە، بەڵام ناتوانین بڵێین چەند داعش کوژراوە ڕێژەکەی دیارنیە ٦ دیل بون دانەیەکیان کورد بوو بەس نەمانزانی خەڵکی کوێ بون، بەڵام وەکو خەڵکی ئەم ناوچەیە زۆربەیان لەگەڵ داعشدا بون‌و دەستیشیان لەگەڵ داعشدا تێکەڵ کردبوو، ئێستا ئەم ناوچەیەی ئێمەی تیاین گوندی تاترانی پێ ئەڵێن ئەم گوندە کامل تەخت کراوەو کەسی تیانەماوە خەڵکێکی زۆریان لەگەڵدا بوو لەگەڵ ئەوان دەستی تێکەڵ کردبوو ئەگەر لەم ناوچەیەدا لێکۆڵینەوە بکەیت ئەزانی کێ لەگەڵ داعشدا بوەو کێش لەگەڵ ئەودا نەبوە زانیاری هەیە لەوبارەوە، ناخۆشترین شت بەلای منەوە ئەو برادەرەم بوو کە شەهید بوو شەهید ئەنوەر بەڕەحمەت بێت ٣ منداڵی هەیە ڕۆژێک پێش ئەوەی شەهید بێت دانیشتبوین لەوێدا نانمان ئەخوارد گوتی ئەگەر پیاو شەهیدیش بێت پارەی پێ بێت بڕوابکە یەک هەزار دینار لەگیرفانیا بوو ٢ ڕۆژ دوای ئەوەی شەهید بوو معاش هات بۆیە من داوا لەو مەسئولانە ئەکەم بەسە ئیتر خزمەتی

پێشمەرگە بکەن خەڵکی سمود بوەو ئێستاش ماڵیان هەر لەسمودە، برای تریشی لێرە پێشمەرگەیە هەمویان هەژارن بڕوا بکە نانی شەویان نیە ئیتر هەتا کەی لەم ڕۆژەدا ئەوی فەقیر بێت پێشمەرگەیە بۆیە من داوا ئەکەم کەئەمە داواکری هەموو پێشمەرگەیەکە بەڵام کەس گوێمان لێ ناگرێت بەسە ئیتر معاشی پێشمەرگە زیاد بکەن‌و ئاوڕێک لەپێشمەرگە بدەنەوە ژیانی پێشمەرگە هەتاکەی بەم شێوەیە بێت ئێمە گیانی خۆمان فیدا ئەکەین لەپێناوی ئەم خاکەدا هەریەک لەم پێشمەرگە لەو ڕۆژەی داعش هاتوە هەتاکو ئێستاکێ لەسەنگەرەکاندا بوە لاریم لەوە نیە هەر پێشمەرگەیەک ئەگری ئێستا لێی بپرسە تائەو ڕۆژەی دڵۆپێک خوێن لەگیانیا بێت خەبات ئەکات، بەڵام حەقی وایە هەروەک هاوکاریەکیش بێت ئاوڕێک لەپێشمەرگە بدەنەوەو ژیانی پێشمەرگە باش بکەن ئەم وەزعەی ئێستا دروستیان کردوە تەئسیری لەسەر هەر تاکێکی کۆمەڵگە هەیە لەپێش هەمویانەوە پێشمەرگە ئێستا گیرفانی هەموو ئەم پێشمەرگانە بگەڕێ بڕوا ناکەم بەهەمویان وەرەقەیەکیان پێبێت، پێشمەرگە ئەوە ژیانیەتی ئێمە هەریەکەمان تا دوا دڵۆپی خوێن بەرگری لەخاکو وڵاتمان ئەکەین بەڵام ئەبێت لایەنێکیش ببێت گوێمان بۆ بگرێت‌و ئاوڕێک لەژیان‌و گوزەرانمان بداتەوە ئەو برادەرانەی کەئەڵێم شەهید بونە بڕوا ئەکەی لە٢ مانگ پێش ئێستا داوایان لێکردوین تازە بەتازە خەریکی شەهیدانەن بۆیان حەق وابوو تائێستاکە شتێکیان بۆ ماڵ‌و منداڵەکەیان بکردایە، من ٢ مانگ ٣ مانگ پێش ئێستا چوم بۆ فەرماندەیی قسەم کردووەو وتومە بەڵێ ڕاستەو ئەمانە لەگەڵ منا بونە شەهید بونە تازە بەتازە واتا ئەوە ساڵێک‌و چەندی بەسەردا ڕۆیشتوە لەمانگی ٦ وە، دڵنیات ئەکەمەوە کە مەسولەکەمان لەهەر تاکێکی ئێمە باشتر ئەزانن کە ژیانی پێشمەرگە بەو شێوەیەیە، ئێمە

ڕاستە لێرە لەڕێگەی خواردنەوە لەڕێگەی ئاو ئەو شتانەوە نقوستانیمان نیە لەخوا بەزیاد بێت لیواکەمان باشەو فەوجەکەشمان باشەو خزمەتمان ئەکات، بەڵام دژی ژیانی ماڵەوەم دەتۆ فەرموو دێیتە ئێرە هەر یەکە لەئێمە خێزانی هەیە لەماڵەوە چی بۆ جێدەهێڵیت خۆ ئەبێت شتێکی بۆ جێبهێڵیت کە تۆ دێیت مێشکت مورتاح بێتو لای ئەو نەبێت تۆ کە دێیتە ئێرە دڵت لای منداڵەکەت نەبێت خوایە ئەبێت پارەی پێ بێت پارەی پێ نەبێت تەنها داوای ئەوە ئەکەم کە هاوکاری پێشمەرگە بکەن.

# عەمید فەیسەڵ محەمەد خدر

من (عەمید فەیسەڵ محەمەد خدر) جێگری لیوای ٨ ی پیادە لەمیحوەری شەنگار لەوێ دەوام ئەکەم، سەرەتای پێشمەرگایەتیم لەساڵی ١٩٧٩ بومە پێشمەرگە لەشۆڕشی نوێی گەلەکەمان وەسەرەتای ڕێکخستنیشم لەساڵی ١٩٧٨ ئەوکاتە خوێنکاری ئامادەیی کشتوکاڵی بەکرەجۆ بووم لەسلێمانی تا ساڵی ١٩٨٢ لەپێشمەرگایەتی مامەوەو دوایش لەبەر هەندێ هۆکاری خێزانی گەڕامەوەو دوای گەڕانەوەشم هەر پەیوەندیم نەپچڕاند بەڵکو پەیوەندیەکانم ڕاستەوخۆ بەهۆی ڕێکخستنەوە لەکەرتی ڕێکخستنی تیپی کۆیە ئیشم دەکردو کارم دەکرد وەلێپرسراوی خەتی تایبەت بووم وەخەتی ڕێکخستنەکانی نهێنی ناو شار بووم وەلێپرسراوی مەفرەزەی سرک بووم لێپرسراوی دوو شانەی بروسک بووم لەکاتی ڕاپەڕینەکان دەورێکی کاریگەرمان بینی هەتاکو ڕزگارکردنی کەرکوک هەر بەشدار بووم لەڕزگارکردنی ناوچەکانی تری کوردستان وەلەساڵی ١٩٩١ وە لەبەتالیۆنی ١٠ ی ماکۆک ئەو کاتە شەهید عەلی نەبی ئامر بەتالیۆن بوو من فەرماندەی تیپ بووم لەبەتالیۆنەکەیا دوایی بەتالیۆنەکە بوو بەهێز شەهید عەلی نەبی بوو بەئامر هێزوو من بووم بەڕابەر سیاسی هێزەکەی شەهید عەلی نەبی وەلەساڵی ١٩٩٢ خولی یەکی پەیمانگای کادیرانم لەهەولێر تەواو کرد ئەو کاتە هەڤاڵی بەڕێزو خۆشەویستمانو تاجی سەرمان بەڕێز مام

جەلال مامۆستا بوو دەرسی پێ ئەوتینەوە وەکاک عزەدین سابرو کۆمەڵێک لەو مامۆستایانە کە ئێستا ناوی هەموویانم لەبیر نەماوە دوای ئەوە لەتشکیلاتە جیاجیاکانە تاکاتی جێگری کەتیبەی هاوەناتو ئامر سریەی تایبەتو فەوجە تایبەتەکان کە دروست بوو دوای ئەوە بوومە ئەندامی فەرماندەییو سەرلەشکر لەساڵی ١٩٩١ تا ٢٠٠١ سەرلەشکری ٢ بووم وەخولی ٢ ی فەرماندەیم لەکوللیەی عەسکەری لەقەڵاچوالان ساڵی١٩٩٨ تەواو کرد وەپلەکانم هەمووی بڕی لەپلەی ملازمیەوە تاکو ئێستا کە عەمیدم ماوەیەکیش بەڕێوەبەری بەشی پشکینو حەرەسیاتی کارەبا بووم لەهەرێم دوای ئەوە گواسترامەوە بۆ لیوای ١٢٨ ی دوکان بەبەڕێوەبەری هەواڵگریەوە وەلەساڵی ڕابردوش گواسترامەوە بۆ سەر لیوای ٨ بومە جێگری لیوای ٨ ی تێکەڵە سەر بەوەزارەتی پێشمەرگە لەمیحوەری شەنگال، ئەو شەڕانەی کە لەوێ کردمان هەموو خەڵکو هەموو برادەرانمان ئەزانن کە شەڕێکی کاریگەرمان لەو شەڕانەیا بینیوە چەندین هێرشی زۆر قورسی داعشو ئەوانەمان تێکشکاندووە بۆ خۆمان چەندین جەنازەمان پێ بەجێ هێشتوونو لەبەر دەستمان بوون بەڵام گرنگترین شت کەمن زۆر کاریگەری تێ کردم کوڕێکی خوشکم بەناوی شەهید موقەدەم هیوا داستانێکە لەگرتنی گوندی سەعدو خالید لەگەڵ وەحدە لەوێ شەڕێکی زۆر قارەمانانەی کردبوو لەوێ بەتەنها بەبرینداری مابوەوەو کەوتبووە بەردەستی داعش، هیوا بەبرینداری ماوەتەوەو ماڵێک ئیختیفای کردوەو یان لەناو قامیشەکانا بۆیە من شەوی یەکەم چووم بەسەر کەمیندا کەوتینو گەڕامەوە دووەم شەو چوین لەگەڵ کۆمەڵێک زۆر برای ئەزیزمان کە قەت لەیادیان ناکەم وەکو چاوساخ کاک مقەدەم سوعاد کاک ڕائید بورهان وەکۆمەڵێک لەبرادەرەکان وەک نەقیب محەمەدو وەکو کاک خدری حسێن ئاغاو

ئەمانەم لەگەڵ بوو بەڵام ئێمە توانیمان لەو بۆسەیە بچین بۆ ناو گوند بەدرێژایی ٧ کیلۆمەتر دور بوو لەخەتی ئەمامی ئێمەوە بەناو داعشدا ئەبوایە بچیت وەچەندین ڕێگەو کێڵگەی مینمان بڕی چەندین عەبوە ناسیفەیان لەسەر ڕێگە بۆ دانابووین، ئەو خەتانەمان هەمووی بڕی تاگەیشتینە گوندەکە زۆر گەڕاین بەڵام هەرچەندە جەنازەی شەهید هیوامان نەدۆزیەوە بەڵام خۆشبەختانە توانیمان برینداریێک بەناوی کامەران بگەڕێنینەوەو ئێستا لەژیانا ماوەو وامزانی کە کوڕە خوشکەکەی خۆم هێناوەتەوە ئەوە سەروەریەک بوو هەم بۆ بنەماڵەکەمانو هەم بۆ خۆمانو هەم بۆ گەلو نیشتمانمانو هەم بۆ حیزبەکەمان بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە خەڵکانێکی هەیە کە ئەتوانێت لەعومقی دوژمنا بتوانێت برینداری خۆی بهێنێتەوەو بەسەربەرزیەوە بگەڕێتەوە بۆ خاکو وڵات، زۆر جار هەبووە لەشەنگال تەبعەن لەشەنگالا بەئامادەبوونو پەیوەندی کاک کەریم جەلال سەرۆکی ئەرکانی کاروباری پێشمەرگەیە پەیوەندیم پێوە کردووە لەکوێوە بۆ کوێ هێرش بووە لەڕۆژهەڵاتەوە هەتا ئەگاتە ڕۆژئاوای شەنگال لەهەمو قۆڵەکانەوە هێرش بووە جاری وابووە ئێمە چوین فریا کەوتوین سەرپەرشتی شەڕەکانمان کردووە وەخۆشبەختانە بەخەسارەیەکی زۆر کەم کە شەهیدێک بووبێت یان چەند برینداریێک بووبێت بەدەیان کەلاکی ئەوانمان خستوەو پێمان بەجێ هێشتوون وەئەوان بەدەیان جار هاتوون خۆیان تەقاندۆتەوە بەماشێن یان بەئۆڕاڵ خۆیان تەقاندۆتەوە جاریوا هەبووە خۆتەقینەوەی شەخس هەتا لەم فەترەیەی ئەخیرا کە من لەوێ بووم ئامر لیوا لەوێ نەبووە چبوو بۆ تورکیا بۆ سەفەر چوبو بۆ عیلاج من لەوێ مابووم پەیوەندیەکم بۆ هات لەفەوجی ٤ ئامر فەوجەکایان بەناوی قادر خۆرانی

پەیوەندی پێوە کردم گوتی کاک فەیسەڵ لەسێ چوار ڕەبیەوە پەلامارماندراوە من خۆمو پاسەوانەکانمو چەند کەسێکم لەگەڵ خۆم برد لەدوایانەوە ڕۆیشتمو ئیتیفاقم کرد لەگەڵیان سوڕامەوە لەدوایانەوەو تەقریبەن ١١ کەلاکم پێ بەجێ هێشتن وەدوو بریندار سێ بریندارمان هەبوو بەفەوجەکەی کاک قادریشەوە من ٢ بریندارمدا لەپاسەوانەکانی خۆم وەبریندارێکیش لەفەوجی کاک قادرو بریندارێکیش لەفەوجی ٣ کە لەگەڵ من هاتبون بەحەقەت سەرکەوتنێکی زۆر باش بوو بەسێ بریندار بتوانیت ١١ کەلاکیان پێ بەجێبهێڵیتو چەندین کەلاکیشیان لەدوای خۆیان ڕاکێشاو بردیانەوە ئەمە سەرکەوتنێکی زۆر مێژوویی بوو لەحەردەن کە ڕویدا وەیەکەم هێرشیش بوو کە لەو قۆڵەوە بکرێت کە هێرشێکی زۆر بەقوەت بوو تێکمان شکاند وەچەندین جار لەناو شەنگالا هێرش کراوەو بەووجودی خۆمان بەئامادەیی خۆمان بەسەرپەرشتی ئێمە توانیومانە هێرشەکانیان تێک بشکێنینو چەندین کەلاکیان پێ بەجێ بهێڵین نە جارێکو نە دوو نە سێو نە چوار چەندین جار ئاوا تێکمان شکاندوون بەپشتیوانی خواو بەپشتیوانی پێشمەرگە قارەمانەکانی هەردوولا توانیومانە تێکیان بشکێنینو زاڵ بین بەسەریاندا وەئێستاش ئامادەین خوێنی خۆمان بەخت بکەین لەپێناو خاکو نیشتمانو لەپێناو شەرەفی کورد وەلەهەر شوێنێکی ئەم کوردستانە پێویست بەئێمە بکات ئامادەین خوێنی خۆمان بەخت بکەین، جاری واهەبووە بەڕۆژ سەعات ١٢ بووە هێرشیان کردووە من تەقریبەن کیلۆمەترێک دور لەوێوە لەبارەگای لیوا بووم هەر ٥٠٠م لەخەتی ئەساسیەوە دوربووین بۆ نموونە گردەکانی کە دەڕوانێتە سەر حەی نەسر یان قەڵای سمایل بەگ کە یەکێک لەگەڕەکەکانی کۆنی شەنگالە یان ست زەینەب یان ئەو گردانەی کە پێی ئەوترێت مەشروعی

ئاوەکە جاری واهەبووە بەشەو هێرشکراوەو جاری واشهەبووە بەڕۆژ بووە، من کە پەیوەندیم پێوەکراوەو وتویانە عەمید فەیسەڵ هێرشتان لەسەرە خۆم پێ ڕانەگیراوەو ڕاستەوخۆ وەک جێگری فەرماندە گەیشتوومەتە سەر شەڕەکە، لەم ئاخیرەدا ئێمە لەتەبدیلا بووین لیوای ٤ ئەهاتە ئوێنەکەی ئێمەو ئێمەش ئەچوینە جێگای لیوای ٤ لەمشێفەو شەعلان بۆ ئیسراحەت سوتفە لەنیوەڕۆدا ١٠ دەقەی ئەویست بۆ سەعات ١٢ تەلەفونێکم بۆ هات کە لەقەڵای سمایل بەگیان داوەو هێرشیان بۆکردووەو ئەوەی تێیدا بووە لەشەهیدو بریندار کەسی تیا دەرنەچووە تەنها یەک نەقیب نەبێ کە نەقیب عەبدولباری بوو من بەخۆمو پاسەوانەکانم بەفریای ئەوێ کەوتینو شەڕمان کرد تا شکاندمانو تێکمان شکاندن شەهیدێکو ٥ بریندارمان هەبوو بەڵام خەسارێکی زۆر لەدوژمن کەوت هەم بەهۆی فڕۆکەکانی هاوپەیمانی کە بەڕاستی دەورێکی کاریگەر دەبینن لەهەمو شەڕەکانا کە ئەتوانم دەوری سەرەکیان پێ بدەم بەفڕۆکەکانی هاوپەیمانان ئێستا بەیادی هەموو برادەران دەهێنمەوە کە بەڕاستی فڕۆکەکانی هاوپەیمانان دەورێکی کاریگەر دەبینن‌و ئەو کاتە تێکمانشکاندن‌و نەمانهێشت قەڵای سمایل بەگ بگیرێت لەهەموو شەڕەکان برادەران ئاگادارن کە زۆربەی زۆری شەڕەکان بەشدار بوومو لەو شەڕانەی ناو شەنگال یەک بەیەک، وەزعی شەنگال ئەمانەوێت فەرمانێک لەلایەن قیادەمانەوە بێت زۆر بەئاسانی ئەتوانین بیگرین هەمو شەنگالیەکان‌و هەموو کوردیش دڵنیا ئەکەینەوە کە بەزوترین کات شەنگال لەدەستی داعش پاک ئەکەینەوەو شەنگالیش ئەگەڕێنینەوە بۆ باوەشی خاکی کوردستان‌و سەرکەوتوش ئەبین بەپشتیوانی خوای گەورە، زۆر جار پێمان ئەڵێن کە داعش هێزیان کەم بووە بەڵام من ئەلێم هێزیان زۆرە بۆیە من وائەڵێم چوونکە خەتی

ستراتیژیان بەڕێگای بەعەجو بەڕێگای تەلەعفەرەوە کە دێن ئەم خەتە خەتێکی ستراتیژی قاچاخچیە ئەم خەتە خەتی نەوتە من مقابەلەیەکیشم کردووە لەجەزیرەی عەرەبیە هەموو شتەکانم ڕوون کردۆتەوە کە ئەو نەوتەی موسڵی ژێر دەسەڵاتی داعش لەڕێگەی تەنکەرەوە ئەگوازنەوە بۆ ڕەقە هەر لەم خەتەی شەنگالا ئەیگوازنەوە بۆ ڕقەو لەوێشەوە بۆ خەتی عەفرینو تەرابلوس لەوێشەوە بۆ تورکیا ئەو نەوتە بەتورکیا دەفرۆشێت، من مقابەلەم کردوەو هەموو شتێکیشم ڕوون کردۆتەوە کە زۆر بەقوەتن لەوێ بەڵام تائێستا هیچیان پێنەکراوەو هیچیشیان پێناکرێت لەبەر ئەوەی کە شوێنەکانی ئێمە ستراتیژینو بەرزاینو وەسەنگەرەکانیشمان واقایم کردووە کە زۆر بەزەحمەت پێیان بگیرێت، کاتێک کە داعش دزەیان کردە ناو شەنگال من لەوێ نەبووم لەلیوای ١٢٤ لەبەشیر بووم من ماوەی ١٠ مانگە نەقڵ بووم بۆ ئەوێ ئەوانەی کە بینیومە تا ئێستا ئەتوانم بیگوازمەوە بۆیە پێشیان وتوم کە بەڕاستی هێزێکی زۆریشی تیا بووە هێزی زێرەڤانیو پێشمەرگەو مدەرەعەو هێزێکی زۆر زلو زەبەلاح بەیەک هێرشێکی بچوکی داعش هەموو بەجێیان هێشتووە مەسافەی دوو سەعاتوبەماشێن کە بڕۆیت هەر حساب ناکرێت یاعنی ئینسیحابێکی زۆریان کردووە، بەڕاستی تەنها سوار ماشێن بونو ڕۆیشتوون ئینجا چەندین ماشێنو هەمەرو تەقەمەنیان بۆ داعش بەجێهێشتبوو، من ئەمانەم بیستووەو کە چوومەتە ئەوێ بۆیان گێڕاومەتەوەو فەزیحەتی ئینسیحابی ئەو برادەرانە هەر حیساب ناکرێ کەسیش ناتوانێت ئینکاری لەوە بکات گومانم هەیە لەو ئینسیحابە چۆن ئەکرێت بەیەک هێرشی داعش ٢ سەعات نیو بەماشێن بەجێبهێڵێت ئەگەر بە٢ سەعات بەماشێن بڕۆیت ٢٠٠ کیلۆ متر ئەبێت بەیەک هێرشی داعش بەجێیبهێڵیتو ئینسیحاب بکەیت ڕابکەیت ئەبێت چ

حسابێکیان بۆ بکەیت، هیچ ئاگاداریان نەکردن‌و خەڵکێکی زۆریش ئەنفال کراون ئێستاش خەڵکێکی زۆری برایانی یەزیدی بێ سەرو شوێن کراون‌و کەوتونەتە بەر دەستی داعش تاکو تەرادێنەوە کە فرۆشتویانن کە وەکو کەنیزەک بەکەنیزەک کردنی ژنەکانیان‌و ئافرەتە جوانەکانیان لەسوریاو لەملاولا کە فرۆشتویانە بەخەڵکی دەوڵەمەند کە لێیان کڕیون وەلەزەمیرو ویژدانی ئەو کابرایە کە ئەیکڕێتەوەو قبوڵی ناکات‌و ئەگەڕێنێتەوەو ئەگینا کەسیش مەسیریان نازانێت چیان لێ هاتوەو چیان لێنەهاتووە، خەڵکی شەنگال ئێستا کە لەچیای خاپور دێت لەبەینی ڕێگای سیمێڵ مجەمەعەیەکی گەورەیان بۆ کردوونەتەوە بەناوی مجەمەعی یەزیدیەکان لەوێ زۆربەیان پەرتەوازە بوون زۆربەی زۆریان هاتوونەتە سلێمانی‌و هەندێکیان هاتوونەتە چەمچەماڵ‌و ئەوانە هەندێکیشیان لەدێهاتەکانی کوردستانن، بەڵام ئەوانەی کە زۆر لەشوێنە مجەمەعەکان کۆیان کردونەتەوە لەدهۆک‌و محافەزەی سلێمانی بۆیان کردوونەتەوە بەڵام خەڵکی تریش هەیە نەچۆتە مەجمەعەکان بۆ خۆی ئیشێکی حوڕ ئەکات لەدەواجینێک یان لەکارگەیەک ئیش ئەکات، قەزایەکی زۆر گەورەیەو نفوسێکی زۆری هەیە هەر تەنها خەڵکی ناو قەزاکە نیە چەندین ناحیەو چەندین گوندی تیایە کە هەمویان یەزیدین ئەوەنە زۆرن کە حساب ناکرێن، شەنگالیەکان پێشمەرگەیان هەیە ئێستا برادەرانی پارتی فەوجیان لێ دروست کردوون بەناوی هێزی پاراستنی شەنگال لەناو لیواکانیشا پێشمەرگەیان هەیە کە پێشتریش هەر پێشمەرگە بوون پێش ئەوەی کە ئەم کارەساتە ڕوبات، زۆر سوپاستان ئەکەم.

# عەمید حەمە ڕەشید حەمە ساڵح

من (عەمید حەمە ڕەشید حەمە ساڵح) فەرماندەی ١ لیوای ١٠٦، لەکاتی شەڕەکانی داعش ئێمە لەجەلەولا بوین ١٨ ڕۆژ شەڕی ناو جەلەولامان کرد هەمو شەڕەکانیشمان پشت بەخوا سەرکەوتوو بوین تیایدا لەدوای ئەوە هاتوینەتەوە بۆ ناوچەی بایزە دبز شەڕی ئەو ناوچانەشەمان کردووە هەموی داعشی تیابوەو هەموشیان دەربەدەر کردوەو شوێنەکانیشمان گرتۆتەتەوە، بەسەربەرزیەوە بەپشتیوانی هێزی پێشمەرگە نەک بەتاکە شەخس نابێت ئەوە، بەپشتیوانی قیادەکانمان دوای ئێمە بەڕێز کاک هیوا مەردان بووە بەڕێز کاک حاجی عوسمان ئامر لیوا بووە بەقارەمانێتی هەموو ئەفسەرەکانو پێشمەرگە قارەمانەکانمان ئەو شەڕانەمان کردووە، داعشی ئەو ناوچانەمان هەمویانمان لەو ناوچانە دەرکردوەو ئێستا شوێنەکان هەموی بەدەست هێزی پێشمەرگەوەوەیە، لەهەموو شەڕەکان سەرکەوتوو بوینو ئێستا داعش بەکەمی ماوە لەمەیدانی پێشمەرگە خۆیان ناگرن پشت بەخوا شەڕی ئەوەمان کردوە لەدوای چوین لەگەڵ کاک مەردان شەڕی تەلوەردمان کردووە، شەڕەکان لەتەلوەرد شەڕێکی زۆر قورس بوو بەهێزی پێشمەرگە توانیمان هێزەکانی داعش تێک بشکێنین ئەو ناوچانە بگرینەوە، ١٥ شەو لەگەڵ بەڕێز کاک مەردانو بەڕێز حاجی عوسمان ئامر لیوامانە لەوێ بوین لەهەموو شەڕەکاندا سەرکەوتو بوین

هاتوینەتەوە ئیسراحەتێکمان کردووە هەم چوینەتەوە ١١ ڕۆژی تر لەوێ بوین پشت بەخوا شەڕەکانمان کردوەو خەسارەشمان نەبوە بریندارمان هەبوە شەهیدمان نەداوە لەو شوێنانە لەبایزەش شەهیدمان نەبوە لەناو جەلەولا شەهیدمان هەبوە بەس ئەوەنە لەداعش کوژاوە مەگەر خۆیان بزانن زۆی بەدەست ئێمەی هێزی پێشمەرگە کەوتوە ئێمە وەکو ئەوانیش دیکتاتۆر نین هەمو جەنازەکانی ئەوانیشمان بەحورمەتەوە خستۆتە ژێر خۆڵەوەو نەمانهێڵاوە لەوناوە بکەوێتو بۆگەن بکات پێشمەرگە لەڕێی خوا خستویەتیە ژێر خۆڵەوە ئەوان ئەگەر پێشمەرگەیەکی ئێمە بگرن ڕازی نابن کەشەهیدی ئەکەن ئەچن سەری ئەبڕن دوایی لەپەیجەکانی خۆیان بڵاوی ئەکەنەوە ئێمە لەو پەیجانەی ئەوان ناترسین نەک پێشمەرگەیەکو نە ١٠ پێشمەرگەش سەرببڕن لەبەرچاویشمانا سەری ببڕن ئەوکاتە ئێمە نابەزینو کۆڵ نادەینو تۆڵەی هاوڕێکانمانیان لێ ئەکەینەوە، لەم ناوچانەینو زۆر باشینو وەزعیشمان باشەو لەهەموو ئیمکانیەتەکانیشەوە باشین مشکیلەشمان نیە پیادەکانیشمان دایم لەگەڵمانایەو پێمان لێ دانابڕن، لەشەڕەکاندا نزیکەی ٢ مانگو شتێک لەدبزو بایزە هەر شەڕبوەو هەر تییدابوین هەر لەم ناوچەیەش بەڕێز کاک لیوا مەردانو هێزی پێشمەرگە کردی ئەوکاتە خۆم لەگەڵیاندا نەبوم لەلای بایزە بووم لەم شەڕانەدا پەلاماری ئەم ناوچانەیان داو دەستیان بەسەر ئەم دێیانەیا گرت بەپشتیوانی هێزی پێشمەرگەو کاک لیوا مەردانو مەحمود سەنگاویو کاک عەدنانی حەمەی میناو ئەو بەهێزێکی باشەوە هاتنو لێیان دانو ئەم ناوچانەیان لێ سەندنەوەو هەتا بەحرەکەش بردیانن هەتا بناری چیای حەمرین بەدوایان کەوتین لەم ناوچەیەیا نەیان هێڵان ئیتر لەوکاتەوە تائیستاکە نەیانتوانی سەرهەڵبدەنو بونیان نیە، هەروەها

چەندین هاوڕێی قارەمانو ئەفسەری باشمان لەگەڵدا بوە کەلەو شەڕانەدا شەهیدبونو هەرگیز لەبیرمان ناچنەوە ئەوە بیرەوەریەکی ناخۆشە قەد لەبیرمان ناچنەوە شەهیدەکانمان جێگری فەوج کاک شەهید ئومێد، نەک خۆی ٣ برای تریشی شەهید بوە زۆر بەداخەوە خۆشی لەم شەڕەی جەلەولایا شەهید بوو لەکاتێکدا پەلاماریان دانو دایان بەسەر ڕەبایەکەیاندا ئەویش ڕەبایەکەی بەجێنەهێشتو شەهید بوو جەنازەکەشی بەداخەوە کەوتە ژێر دەستی ئەوان، ئێمە ٢ ئەفسەری ترمان بەعبوە شەهید بوو شەهید چۆمانو ملازم حەسەن زۆر بەداخەوە شەهید بونو زابتێکی قارەمان بون کوڕی ڕۆژی تەنگانە بون زۆر قارەمان بون لەجەلەولا شەهید بون کەشەڕێکی زۆر قورس بوو شەڕی کۆڵان بەکۆڵان بوو شەڕێکی ئەوتۆمان کرد تەنها دیوارێکمان بەین بوو ئەوان لەودیو دیوارەکەو ئێمەش لەودیوی دیوارەکەوە ئەوەندە بەینمان بوو بەس ئەو شەڕەی پێشمەرگە کردی لەوێدا بەتەئریخ نەبوە من خۆم لەساڵی ١٩٨٢ پێشمەرگەم لەدەیان شەڕدا بەشداریم کردوە لەشەڕەکانی سەرکردایەتیو شەڕەکانی خوارەوەو پێدەشتی گەرمیانو ناوچەی سەنگاو لەتەئریخدا شەڕی وەک جەلەولام سەخت نەبینیوە زۆر سەخت بوو لەخوا بەزیاد بێت هەر ئێمە سەرکەوتو بوین تیایدا ئەوان تێک شکابون کوژراوێکی زۆریان بەجێ هێڵا لەناوچەکە دەرکران، وادەرکراون کەجارێکی تر نەتوانن لەم ناوچانەدا سەرهەڵدەنەوە باسی ئازایەتی پێشمەرگە بەدەم ناوترێتو بەقەڵەم نانوسرێت، بۆ نمونە پێشمەرگەم لایە نائیب زابت سەردار توشی شەڕێک بوین لەسەربانی خانویەک مایەوە شەڕی ئەکرد تۆزێک دوریش بوو لێوەی بەبیکەیسیو کڵانشیکۆفو ئارپیچی شەڕی ئەکرد بە٣ چەک ئەو پیاوەم نەبینی دابنیشێت واتا ئەو ئازایەتیەی لەو پیاوە

بینیومە خۆم چەند بیری لێ ئەکەمەوە ئەو هەمو ساڵە پێشمەرگە بوم پیاوی وائازام نەبینیوە لەئەفسەرەکانەوە هەتا پێشمەرگەکان زۆر ئازابونو چاویان ماچ ئەکەم شەڕێکیان کردوە تەئریخی من خۆم لەگەڵیاندا بوم نوختە بەنوختە بەجێم نەهێڵاونو بێ تەقەمەنیم نەکردون، ئەو شەڕە لەسەعات ٤ بەیانی دەستی پێکرد تا ١١ نیوەڕۆ بەردەوام بوو بێ وەستان ئەو پێشمەرگانە سەنگەرەکانی خۆیان جێنەهێشت، دوای ئەوە داعش بەجۆرێک شکێندرانو کوژراوو برینداریکی زۆریان هەبوو دوایی بەرەو شوێنەکانی خۆیان گەڕانەوە پێشمەرگەکانی ئێمەش هەر لەشوێنەکانی خۆیان مانەوە ڕۆژی شەڕەکە تەنها ئازاییو سەرکەوتنم ئەبینی تیایندا شەڕەکە ئەوەنە قورس بوو ئەوان بەهەموو چەکێکی قورس لەئێمەیان دەدا بەهاوەن بەڕەجمی ئارپیجی بەچەکی سوک بەهەموو شتەکان تەبعەن ئەوان شارەزاش بون شارەزای ناوچەکەش بوون خەڵکی جەلەولاو ئەو ناوچانە بوون ئێمە ناشارەزابوین بەس هەر ئێمەش سەرکەوتو بوین، منو پێشمەرگەکانم لەناوچەی بایزە بوین شەو هەڵئەستان دوربینێکی شەویان ئەکردە ملیان ئەڕۆیشتن سۆراخێکی ئەو ناوچەیەیان ئەکرد ئەڕۆیشتنە پەنایانەوەو ئەچونە بنماڵەکان دانە بەدانە ئەوانیان ئەبینی چەند کەسنو لەکوێیا دانیشتون چی ئەکەنو چی ناکەن دوایی ئەگەڕانەوە ئەمریان پێ نەبوو تەقەیان لێ بکەن لەبەر ئەوەی ئێمە نەمان ئەویست شوێنەکانمان کەشف ببێتو ئەوان بزانن ئێمە چوینەتە ئەوێ تاکو ئەوکاتەی پەلاماریان ئەدەین لەبەر ئەوەی شوێنەکانیان بزانین ئەوکاتەش پەلاماری بایزە درا هەموی نەچوە نیوسەعات ئەو برادەرانە ناوچەی بایزەیان ئازاد کرد خۆیان نەگرت لەبەردەم هێزی پێشمەرگە توانای ئەوەیان نەبوو بەرامبەر بەپێشمەرگە تەقە بکەن

لەبایزەو دبزو دبجو ئەبو زەڕا ناوەکانیانم نایەتە خەیاڵ جومەیلەو ئەودیو دێیەکە لەهەمو ئەو شوێنانە توانای شەڕیان نەما لەبەحرەکەوە ئەوی ڕۆیشت ڕۆیشت لەوشکانیەوە، ئەوان شارەزاتر بون لەئێمە لەوێش دەرچونو ناوچەکەیان بەجێ هێڵاو ناوچەکە ئازادکراو ئێستاکە هێزی پێشمەرگەی تیایە لەخوا بەزیاد بێت.

# ملازم ئەوەل جەعفەر حەمە ئەمین

من (ملازم ئەوەل جەعفەر حەمە ئەمین) ڕابەر سیاسی فەوجی یەکم لە لیوای ١٣٦، ئێمە لەسەرەتای دروست بوونمانەوە لە٢٠١١ ئەوکاتە ناوچە دابڕێندراوەکان بووو ئەم ناوچەیان پێسپاردین ئەو کاتە ئێرە مەنبەعی تیرۆرست بوو ئەوکاتە قاعیدەو ئەو شتانە هەبوو لێرە هەندێک عەرەبی توندڕەو ئەیانویست ناوچەکانمان بەعەرەبی بکەن‌و لێمان داگیربکەن هەروەکو هێزی پێشمەرگە کە ئەم ناوچەمان پێسپێردرا توانیمان تاڕادەیەکی باشیش لەگفتوگۆیا نەیەڵین لەم ناوچانەیا بن ناوچەکانی خۆمان کە پێی ئەڵێن کوردستانی هەموومان پاراستوە بەهیچ شێوەیەک تێکەڵی ئەوان نەئەبوین وەکو ناوچە عەرەبیەکان بەڵام لەئەودیو ئەو سنورەی کە پێی ئەوترا کوردستانی ئێمە لەو ناوچانە داکۆکیمان ئەکرد تا ئەو کاتەی شەڕی داعش دروست بوو ئینجا داغڵی ئەم سنورە بووین، ئێمە ئەو سنورەی کە پێمان سپێردرابوو ناوچەی قەرەتەپەو خواری قەرەتەپەو هەتاکو ئەچێتە گوندی نارین‌و تاتران لەتاترانەوە شۆڕ ئەبێتەوە بۆ گوندی نارین ئەم شوێنانەمان پێسپێردراوە بەباشی ئەرکەکانی خۆمان جێبەجێ ئەکرد کە سەرەتا شەڕی داعش دروست بوو زیاتر ووریا بووینەوە بۆ بەرەنگاربونەوەی دوژمن لەسەرەتای دروست بوونی داعشەوە کەویستیان پەلامارمان بدەن وەکو زەفەر بەهیچ شێوەیەک نەمانهێشت

قەرەتەپە داگیربکەن ئێمە لەسنوری قەرەتەپەیا بووین من سەبارەت بەلیواکەی خۆمان قسە ئەکەم لیوای ١٣٦ سەر بەهێزەکانی ٧٠ سەر بەوەزارەتی پێشمەرگە، ئەوکاتەی کە ئەوان ئەیانویست پەلاماری قەرەتەپە بدەن کەناوچەیەکی کوردستانیەو داگیری بکەن بیخەنە ژێر دەستی خۆیانەوە تا ئەگاتە گوندی نارین کە ئاخر سنوری کوردە نەیانتوانی داگیری بکەن، دوای ئەوە شەڕی جەلەولا دروست بوو لەسەرەتای مانگی ٧ بەشێکمان لەلیواکەمان چووین بۆ بەشداری شەڕی جەلەولاو بەشێکیشمان لەقەرەتەپە ماینەوە بۆ بەرگری کردن لەگوندی نارین، دواتر ئەو بەشەی جەلەولامان کە تەقریبەن نیوەی لیواکەی ئەکرد نزیکەی ٧٠٠ کەسمان بەشداریمان لەشەڕەکانی جەلەولایا کرد بەدوو وەجبە، ئەوەی کە جێی باسە ئەوەیە کە باسی پێشمەرگەکانمان بکەین کە چۆن ڕوبەڕوی دوژمن بوونەوە لەجەلەولا بەڕاستی پێشتریش گەورەمان کاک عەمید ڕەشید باسی کرد بۆتان ئەوەی کە ئێمەش لەوێ بووین فەوجی ١ سەر بەلیوای ١٣٦ ئەوەی کە زیاتر جێی ئەوەیە باسی بکەین ئەوەیە کە بەڕاستی پێشمەرگە سەرەتای بوو لەو شەڕەیا بەو سەرەتایەشەوە توانی بەرەنگاری داعش بێتەوە ئەوەبوو لوتیان شکێندراو نەیانتوانی زەفەر بەهێزی پێشمەرگە بێنو جەلەولا بەتەواوەتی کۆنترۆڵ بکەن هەتا وردە وردە فێری شەڕەکانی بوو هێزی پێشمەرگە بەتایبەتی لەو سنورەی ئێمە خەڵکێکمان هەبوو کە زۆری گەرمیانین ئەوانیش هەمیشە پێشەنگی ئازایەتی بوون لەناو هێزی پێشمەرگەیا بەتایبەتی سنوری گەرمیان بەڕاستی چالاکانە ئەرکی خۆیان بەجێهێناو بەرەنگاری دوژمن ئەبوونەوە لەبەر ئەوەی ناوچەکە زیاتر ناوچەی دابڕێنراویان پێ ئەوت ناوچە کوردستانیەکانی سەر بەهەرێمی کوردستان مەبەستمان بوو کە

نەکەوێتە دەستیان‌و نەڵێن ئەوە عەرەبنشینە، ئێمە توانیمان بیانکەینە ناوچەی خۆمان، بەهیچ شێوەیەک مەجالی ئەوەمان پێنەدان، ئەو ڕوبەڕوبونەوەیەی کە ڕویدا لەناو جەلەولا یا شەڕێکی زۆر نەخوازراو بوو شەڕێکی سەرەتا بوو بۆ پێشمەرگە چونکە شەڕی کۆڵان بەکۆڵان بوو پێشمەرگە ئەزموونێکی کەمی هەبوو بەڵام خۆشبەختانە سەرکەوتنی خۆی بەدەست هێناو لوتی دوژمن شکاو نەیانتوانی جەلەولا کۆنترۆڵ بکەن‌و بەلوت شکاوی گەڕانەوە دواوەو جەلەولا کەوتەوە ژێر دەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەناوچەی حەمرینەوە ئەو ناوچەیە هەمووی پاککرایەوە لێیان، ئەوەی بەلامانەوە جێی سەرسامی بوو کە چووینە ئەو دێهاتانە سەیرمان کرد هەمووی تالانی بوو هەمووی عەرەب بوو ماڵی کوردی تیا نەبوو شتێک زۆر موتەئسیر بم پێی هەموو جەلەولا بەعەشیای دووکان‌و بتڵە غازو عەشیای ئەو کارگە بچوکانەی کە لەناو جەلەولایا بوون هەمووی لەو ماڵانەیا بوون‌و تالانیان کردبوون لەو بەشەی خۆیانا کە پێشتر بەدەستیانەوە بوون هەموویمان بەچاوی خۆمان ئەبینی کە چۆن تالانیان کردبوو هەمووی کەوتەوە دەستی هێزی پێشمەرگەو ئەوەی کە شتی گرنگ بوو خاوەنەکانیان هاتن بردیانەوە، ئەمە مانای وایە لەوە شتی ناشرینتر ئەکەن ئەگەر بێتو شارێک لەشارەکانی ئێمە داگیر بکەن ئەبێت چیمان پێ بکەن بەحسابی خۆیان ئەوە ناوچەی خۆیان بوو عەرەبنشین بوو ئاوا تالانیان ئەکرد ئینجا ئەگەر شارە کوردیەکان بوایە چیان ئەکرد بەڵام خۆشبەختانە خوای گەورە پشتیوانی هێزی پێشمەرگە بوو تواندرا وەدەریان بنێین، دوای ئەوەش کە جەلەولا کۆنترۆڵ بوو بایزەیان پێ سپاردین بەتایبەتی ئەو ناوچەیەی کە شۆڕ ئەبێتەوەو دێتەوە بۆ سنوری قەرەتەپە ئەو ناوچەیە هەموی ئازادکراو

توانیمان پێی بڵێین ناوچەیەکی ئازاد بەڵام کە بەرامبەرمان جەبهە نەما هێزی پێشمەرگە سەربەرزانە لەشوێنی خۆمان ماینەوەو سەنگەرەکانمان زیاتر قایم کرد هەم وەک ئەوەی بڵێی بەرامبەرمان لەڕوی ناوچە کوردستانیەکان هەموی دێهاتی عەرەبە ئەتوانین بڵێن مەنبەعی تیرۆرستان بوو بەڵام خۆشبەختانە ئێمە سەنگەرەکانی خۆمان قایم کردوەو لەشوێنی خۆمان ماوینەتەوەو هەتا بەرنامە نەگۆڕێو پێشڕەویمان پێنەکەن ئێمە دێهاتەکانی خۆمان کە سنوری کوردستانین کە سنوری حەمرینی پێ ئەڵێن ئێمە ئاڵای خۆمان هەڵکردووەو سەنگەرەکانی خۆمان بەجوانی پاراستوە چاوەڕێی ئەمری سەرکردایەتین ئەوان چیمان پێ بڵێنو لەوەزارەتەوە چی بێت بۆ هێزی پێشمەرگە بەخۆشحاڵیەوە جێبەجێی ئەکەینو بۆ هەر شوێنێک پێویست بکات ئەڕۆین بەڵام ئەوەی کە ماوەتەوە ئەوەیە کە ئێمە سنورەکانی خۆمان پاراستوەو لەسنوری کوردیا ماوینەتەوە بەڵام بەرامبەرمان مەنبەعی تیرۆرستەکانە بەداعشەوە بەقاعیدەوە بەئەنسارول ئیسلامیشەوەو بەمەنبەعی نەقشبەندیەکانیشەوە هەن لەو دێهاتانە بەڵام ئێمە خۆشبەختانە خەڵکمان هەیەو مەعلوماتمان بۆ ئەهێنێت کە بیانەوێت هەر شتێک بکەن چەند جارێک ویستویانە خۆیان بتەقێنەوەو ویستویانە لەقەرەتەپە تەقینەوە بکەن بەڵام بەو شێوەیە نەبووە کە بتوانن زیانمان پێ بگەیەننو بتوانن هێزی پێشمەرگە بشکێننو شوێنەکەیان بۆ چۆڵ بکەین پێشمەرگە زۆر لەوە گەورەترە کە بەو تەکتیکو فێڵانەی ئەوان چۆک دابدات، شکان لەهێزی پێشمەرگەیا نیە پێشمەرگە فێری شەڕەکانیان بووە من بۆ داهاتوو پێت ئەڵێم ئەم قسانەم بچێتە سەر هەر کاغەزوو نوسینێکو بەهەر قەڵەمێک بنوسرێتەوە من ئەڵێم هێزی پێشمەرگە بەهێزتر بوو هێزی پێشمەرگە

چالاک تر بوو هێزی پێشمەرگە خۆشبەختانە سەربەرزتر بوو چوونکە فێری شەڕی داعش بوو چونکە فێری شەڕی توندڕەوترین لایەن بوو لەسەر زەویدا، واتا فێری شەڕێک بوو کە لەبەرامبەر لایەنێک کە بەرامبەر هەموو جیهان بوەستێتو خەلافەتێک ڕابگەیەنێتو هەموو جیهان داگیر بکات هێزی پێشمەرگە بەرەنگاریان بێتەوەو سەنگەرەکانی زۆر لەوە قایمتر کردووە کە ئەوان بتوانن زەفەری پێبەرن ئیشەڵا ئەگەر لەداهاتووشدا بەرنامەی ئەوەیان هەبێت کە هێرش بکەنە سەر کوردستان بڕواناکەم بەشێوەیەک دەرسیان وەرگرتوەو پەشیمان ئەبنەوە لێیو بەرنامەیان ئەگۆڕن بەرەو لایەکی تر، خۆشبەختانە هێزی پێشمەرگە زۆر سەرکەوتوو بوە لەڕووبەڕووبوونەوەی داعشا، ئەگەر باسی بیرەوەری بکەین بیرەوەری خۆشمان نیە تەنها ئەگەر چەند قسەیەکی خۆشی نێوان برادەران نەبێت ئەگەر کرابێت من پێت ئەڵێم لەناو هێزی پێشمەرگە تەنها چەند سوعبەتێکی کەم نەبێت کە لەکاتی دانیشتنا ئەکرێت لەکاتی ئیسراحەتا چوونکە هەمیشە هێزی پێشمەرگە گیان لەسەر دەستەو بەمەعنا پێشمەرگەیە هەمیشە بیرەوەری تاڵی هەیە بەڵام ئەمە جێگەی داخ نابێت ئێمە گەشبینین بەداهاتوو، خۆشبەختی ئێمە لەپێناو خۆشبەختی میلەتەکەماندایە لەپێناوو وڵاتەکەماندایە لەبراو خوشکەکانماندایە لەپێناو هەرێمێک کە بۆ خۆمان دروستمان کردووە ئەو بیرەوەریانە تەئسیری نابێت لەسەرمان، بیرەوەریەکی سوعبەتی پێشمەرگەتان بۆ بگێڕمەوە کە من زۆر دڵم پێی خۆش بوو پێشمەرگەیەکمان هەبوو کە پێمان ئەوت تەمبەڵ پێمان ئەوت هەر بۆ نانخواردن ئازای، تۆش وەکو برادەرەکانت بەچالاک بە، زۆر بەئاگا بە، زۆر وریابە ئەیوت کاکە وریامو ئازام کەمێک بەخۆوە بوو، ڕۆژێک ئەوەی کە من چاوەڕێم نەئەکرد دەمەو ئێواران بوو قاقا

پێئەکەنی لەبان ساترو سەنگەرەکان لەوکاتەیا بوو کە تۆزێک دنیا بەرەو ئەوە ئەچێت تاریک بێتو شەو یەت بەسەرا ئینسان تۆزێک هەڵوێست وەرئەگرێت، بەڵام ئەو دای لەقاقای پێکەنین من زۆر دڵم پێی خۆش بوو وتم ئەو ئاوا ورەی بەرزبۆتەوە ئەبێ چی بووبێت بانگی کردم گوتی گەورەم بۆ نایەیت بۆ ئێرەو پرسیارێک بکەمو جوابم بدەیتەوە منیش چووم لێی نزیک بوومەوەو وتم بەڵێ دوو عەرەبی بینی لەدورەوە شوبهەی ئەوەیان لێ ئەکرد کە تیرۆرست بن گوتی باشە ناڵێن هەموو داعش عەرەبە وتم با، بەڵام لایەنی تریشی تیایە بەڵام بەکەمی هەموو خەڵکانێکی تیایە بەڵام بەزۆری ئەتوانین بەعەرەب بیان ناسێنیت، گوتی باشە هەموو عەرەب وەکو ئەمانە نین ئەوانە شێوەیەکی ناشرینیان هەبوو پێ پەتیو لاوازو شتێکی خەفیفیان لەبەر بوو ئەوە لەناو ئێمە زۆر عەیبە بۆ هەندێ شوێنیش ئەو شتانە لەبەر ناکەین گوتی کاکە عەرەب هەمووی وەکو ئەمانە نیە وتم بەرەوەڵا هەمووی نەفسی زمانن هەمووی یەک حسابن، لەوانەیە ئەمانە لەزۆریان باشتر بن گوتی دەی وەڵا من حسابی یەک تاکە قۆنەرە بۆ داعش ناکەم لەو کاتەیا هەموو پێشمەرگەکان دایانە قاقای پێکەنینو زۆر دڵیان خۆش بوو، ئەوە بیرەوەریەک بوو کە ئەوە بەپێشمەرگەیەکی تەوەزەلمان ئەزانی پێکەنینێکی زۆرمان کرد گومانی ئەوەمان لێ ئەکرد نەتوانێت ئەرکەکانی بەجێ بهێنێت بەڵام لەزۆربەی پێشمەرگەکانی تر ووریاتر بوو کە هەستی بەوە کرد کە داعش وەکو ئەوانە وایە کە پێشمەرگە زۆر لەوە زیاترە کە ئەمانە بیانشکێنن، بەڵام بیرەوەریە تاڵەکانیش زۆرن کە تەئسیر لەناخی خۆمان ئەکات، چەند برادەری ترمان هەبوو کە لەدەستمان داو لەشەوێکی ناخۆش گیانی دەرچوە کۆمەڵێکی ترو ویستویەتی کۆمەڵێکی تر دەرکات کۆمەڵێکی تر شەهید بوون بۆ نمونە

شەوی ٢٠ /١٠/ لەشەڕەکە تاتران ئەوەی ئەم دواییە ئەو کاتەی گوتیان تیرۆرستەکان لێمانەوە دیارن بەڵام چەند کەسێکیان ویستیان تەشویشێک دروست بکەن لەسنوری قەرەتەپەدا بەهاوکاری هەندێک خەڵکی خۆیان هەبوو لەناو دێی تاترانا مەفرەزەیەکیان هات کە تا ٤٠ بۆ ٥٠ کەس ئەبوون‌و ویستیان پەلاماری قەرەتەپە بەن بەڵام خۆشبەختانە هێزی پێشمەرگە پێی زانی‌و بەئاگا هاتەوە بەڵام ئەوان توانیان چەند هەمەرێک بێنن خۆیان ئامادە باش کردبوو پێشتر ویستیان لەتاترانەوە پەلاماری قەرەتەپە بدەن بەڵام هێزی پێشمەرگە زوو پێی زانی بەڕێز هیوا مەردان ئەوکاتە مەسولی میحوەرەکەمان بوو سەرپەرشتیاری ئەم ناوچەیە بوو هەر زوو ئاگاداری کردینەوە کە شتێک ئاوا هەیە هێزی پێشمەرگەش وجودمان هەبوو خەڵکمان هەبوو لیواکە هەمووی لەئامادەباشیدا بوون ئەوە نەبوو کە پشتی لێبکەینەوەو بچینە ماڵی خۆمان بەپێچەوانەوە باشتر ئامادە بووین‌و سەنگەرەکانمان زیاتر قایم کردبوو زۆر بەچاکی لێیان هاتینە دەست‌و ئەو ڕۆژە بەڕێز کاک مەردان‌و کاک مەحمودو کاک عەدنانی حەمەی میناو کاک شێخ جەعفەر خۆیان هاتنە ئێرەو هەموویان لەسنورەکانی میحوەری کەرکوکەوە بگرە هەتا ئەولاتریش سنورەکانی سەر بەوەزارەت هەمویان هاتن‌و گەیشتنە قەرەتەپەو هێزی پێشمەرگە زیاتر وورەی پەیداکردو زیاتر بەرپەرچمان دانەوە بەڵام بەداخەوە چەند شەهیدێکمان بوو لێرە کاک سەرکەوت بەسەرە باوە مەنشورە چەمچەماڵی بوو حاجی عەلی‌و چۆمان شەهید بوون بەداخەوە ئەم شەهیدانەمان دا بەڵام خۆشبەختانە کە ئەو بەرنامەو پلانەیان داڕێژا نەیانتوانی هیچ زەفەرێک بەقەرەتەپە بەن، لەدوای ئەوەو زیاتر لەهێزی پێشمەرگە تێگەیشتن‌و نەیانتوانی لەم سنورە بمێنەوەو پلانی ترمان بۆ دابڕێژن ئەوە

گەورەترین پلانیان بوو سەری نەگرت ئیتر لوتی خۆیان شکاندەوە بۆ ناوچە عەرەبەکان بۆ جنوب لەسنوری کوردستانا بەتایبەتی لەم سنوری گەرمەسێرەی ئێمە لەقەرەتەپەوە تا ئەگاتە جەلەولا ناتوانن هیچ پلانێکیان سەرناگرێت ئێمە خەڵکمان هەیە پێمان ئەڵێن ئەوان زووزو ئۆپراسیۆنیان بۆ ساز ئەکرێت بەڕێز کاک مەردان تائێستا زیاتر لە٣٠ ئۆپراسیۆنی کردوە گەڕانو پشکنینی کردوە بەجوهدی خۆیو بەلێهاتووی خۆی لەگەڵ بەڕێز عەمید عوسمان ئامر لیوای ١٣٦ ئێمەشە کە لەم سنورەیاین وەکو فەوجی یەک کاک عەمید ڕەشید ئامر فەوجمانە لەگەڵ بەڕێز کاک مەردانا چەندین جار بەئامادەبوونی خۆیان لەگەڵ پێشمەرگەکانا لەپێشی پێشەوە ناو ژاژو ناو زۆنگاوەکان گەڕاون ئەمە لەهەندێ شوێن ئەگەر باسی بکەیت ئەبێتە جێی سەرسوڕمان لەبەر ئەوەی ئێمە قائیدەکانمان لەگەڵ پێشمەرگەکانمانا سنگ ئەنێن بەلولەی تفەنگەکانەوە ئیتر هێزی پێشمەرگە چۆن ورەی بەهێز نابێت داعش چۆن ئەتوانێت ناوچە کوردیەکانمان لێبسەنێت، ئەمە هەر لەئامر فەسیلێکەوە بۆ ملازمو بۆ ملازم ئەوەلو بۆ نەقیبو بۆ ڕائیدو بۆ ئامر سریەو هەتا ئامر لیوا لەگەڵ پێشمەرگە سنگ ئەنێت بەگولەوە بەبرسێتیو بەگەرماو بەسەرما وەکو یەک لەژێر یەک خێمەیایە لەژێر یەک چەتری بارانایە لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا ئێمە ئەوەمان زۆر پێخۆشە کە لەپێشی پێشەوە لەگەڵ ئێمە سنگ ئەنێت بەسنگی تفەنگەوە، ناوچە دابڕێندراوەکان کەوتۆتەوە ژێردەستی هێزی پێشمەرگەو بڕواش ناکەم ئەوان بەئاسانی بتوانن بێنەوە ئەم شوێنانە.

زۆر بەخێربێن دەستان خۆش بێت بەڕاستی ئێوەش زۆر ماندوو ئەبن هیوادارم سەرکەوتو بن لەبڵاوکردنەوەی ئەم کتێبەدا لەگەڕانو پشکنینو بەسەرکردنەوەی هێزی پێشمەرگەدا بەڕاستی ئێوەش

ماندوون، من زۆر دڵخۆشم بەوەی کە خەڵکێکی ئاوامان هەیە کە ئەرکی ڕۆژنامەوانی خۆی بەجێدەهێنێت کە بیر لەدروست کردنی کتێب ئەکاتەوە لەناو پێشمەرگە کەداستانی پێشمەرگە ئەنوسێتەوەو سەرکەوتنەکانیان تۆمار ئەکات. زۆر سوپاس.

# موقەدەم نەسرین حەمەلاو

من (موقەدەم نەسرین حەمەلاو)م، پێخۆشحاڵم بەهاتنی بەڕێزت حەزئەکەم من وەکو ژنان هەرچی ژنی دنیایە حەز بەهەموو چالاکیەکان بکات لەهەموو بەشە جیاجیاکان بەتایبەتی من چەند ساڵە وەکو پێشمەرگەیەکی دێرین لە١٩٧٦ وەلەدەرەوە بوم لەگەڵ هاوسەرەکەم بەشداری هەموو شەڕێکمان کردوە بەبێ ئەوەی کەلەسەروی خۆمانەوە ئەمریان پێکردبین‌و گرنگ نیە لامان، جاری واهەبوە بێ ئەمری ئەوانیش ڕۆیشتوین لەوانەیە کەهاتبینەوە محاسەبەیان کردبین وتویانە ئەوە بۆ ڕۆیشتون، من بەشداری هەموو شەڕەکانی داعشم کردوە شەهید ڕەنگینیشم هەر لەگەڵ بوە لەوکاتەیا کە گەرمەی شەڕی داعش بوو ئێمە لەداقوق بوین من دەوری ١٧ ڕۆژ خۆم لەوێ بوم ئیتر ئینجا سەرەی شەهید ڕەنگین بوو هات، هات بۆ لام ئەویش وەک من بەشداری شەڕەکانی کردوە بیرەوەری شەهید ڕەنگین هەموو بیرەوەریەکانی دایم لەدڵمایەو لەمێشکمایە لەهەموو ڕووەکانەوە ڕەنگین کچێکی زۆر زۆر عاقڵو هێمن‌و زۆر زیرەک بوو لەهەموو ڕووەکانی عەسکەری‌و سیاسی‌و کۆمەڵایەتی هەرچەند تەمەنی منداڵ بوو بەڵام مێشکی زۆر پڕبوو بەداخەوە من حەزم نەدەکرد شەهید ڕەنگین بەتەمەنێکی کەمەوە لەدەست بدەم، بەڵام واپێویست دەکات خاکی کوردستان نەوەک ڕەنگین هەزاران ڕەنگینی تری تیا شەهید ببێت وەکو

دایکی شەهید ڕەنگین داواکارم لەهەموو کچانو خوشکان لەهەموو دایکان کەبەیەک دڵو بەیەک چاو هەستین بەیەکەوە بجەنگین بەرامبەر بەداعش لەبەر ئەوەی داعش دەست ناپارێزێت کەئەمە کچە یا کوڕە یا ئەمە ژنە، چاویان لەخاکو وەتەنمان بڕیوە ئەوانەی کەدێشن بەرامبەر بەشەڕ لەگەڵ ئێمە بەشداری شەڕەکان ئەکەن ئەوانیش یەکێکن هەر وەکو شەهید ڕەنگینن بۆ ئێمە وەخاکو وەتەنی کوردستانیش پێویستی بەهەزاران شەهید ڕەنگین هەیە نەک هەر شەهید ڕەنگینی من لەهەمو دایکانیش داواکارم کچەکانیان گەورە بکەن بۆ کوردستان، لەسەرەتاوە ئێمە لەجەبهە بوین هەردوکمان بەیەکەوەماینەوە، شەهید ڕەنگین هاوسەرەکەشی پێشمەرگە بوو وتم تۆ بڕۆرەوە وامن لێرەم پێکەنیو ئاوڕی دایەوە گوتی جاتۆ لێرەبی منیش چۆن ئەبێت بڕۆمەوە وتم تۆ بڕۆرەوە لەماڵەوە جەژن لەگەڵ منداڵەکانو هاوسەرەکەت بکە ئینجا دوای جەژن وەرەوە گوتی من شتی واناکەم بۆ ئێوارە دانیشتین حەیوانمان سەربڕی بوو لێی پرسیم ئەم گۆشتە چی لێ بکەین من وتم بۆ؟ گوتی وەڵایی حەزم لەگۆشتی برژاوە هەستام لێرا نەقیب مژدەمان لەگەڵدا بوو لەگەڵ شۆفێرەکەما وتم بڕۆن بڵێی بەم جەژنە چۆن شتمان دەست بکەوێت هەرچۆنێک بێت ناردمن جلی مەدەنیان لەبەرکرد چون لەداقوق شیشو هەموو شتێکیان هێنا ئێمە هەموو شتێکمان حازر کردبوو لەو دەقەبوو ئێمە بەرنامەی کۆبونەوەمان هەبوو کە لەدەوامەکەمان تەواو ببین شەهید ڕەنگین بەرەو ماڵەوە بێتەوانێ منداڵەکانی لەئامێز بگرێت پێکەنی گوتی دادە نەسرین من ئەم کچە بچوکەم زۆر خۆشەوێت کەئەڕۆمەوە یاریم بۆ ئەکاتو کۆمەڵێک شتم بۆ ئەکات وتم ڕەنگین گیان هەموو دایکێک هەروایە خۆ کە ئەو منداڵە گەورەش بێت لای دایک هەر منداڵە گوتی ئێستا هەستم کردوە

کەدایکایەتی وایە، شەهید ڕەنگین کارەساتی زۆرە وەبیرەوەری زۆرە جارێک لەبیرەوەریەکانی شەهید ڕەنگین حەزەکەم ئەوە بگێڕمەوە ماڵمان لەهەڵەدن بوو ئێمە مریشکو ئەو شتانەمان زۆر بوو چوم بۆ خوارەوە هێلکە بهێنم کەئاواسەر هەڵبڕی فیشە فیش ئەهات کەئاوڕم دایەوە سەیرمکرد مارێک بەدارەکەوەیە منیش وتم ڕەنگین گوتی بەڵێ دادە نەسرین وتم وەرە خوارەوە بەو خوایە ڕۆڵە مارێکی لێیە ئەو یەکسەر هاتە خوارەوە چەکەکەی هێناو منیش بەهێواشی لەکولانەکە هاتمە دەرەوەی خانوەکەو ئەو یەکسەر میلی لێ هێنایەوەو مارەکەی کوشت بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت من دور کەوتمەوە پێکەنیو بەسوعبەتەوە بۆ خۆشی گوتی دادە نەسرین بەڕاستی ڕائید زۆر ئازایە وتم شەرت نیە ڕائید بێت ئاخر مولازمیش هەر ئەبێت ئازابێت وتم تازە من پیربوم توانام نەماوە تۆ شوێنی منت گرتۆتەوە، ئەو ڕۆژە ئێمە دانیشتبوین خەریکی گۆشت برژاندن بوین کەوتی حەزم لەگۆشتە وتم باحازری بکەین خەریکی ئەوەبوین گۆشتەکەمان حازر کردبو هەر لەخۆوە دڵم خورپەیەکی دابوو بەکوڕەکانو شۆفێرەکانم وت بڕۆنە خوارەوە حازری بکەن نەوەکو خوانەخواستە هاوەنێک شتێک بێت بەر پێشمەرگەکانمان بکەوێت پێشمەرگەکانیشمان هەموو لەڕەبایەکان دامەزراندبوو ئەوەنەم نەزانی تەپەیەک لەدوا بیناکەوە هات چونکە لەوەو پێشیش ڕەسەتو شتم بینی بوو وتم پێشمەرگەکان ئاگادار بکەنەوە بەتەلەفون بڵێن کەس لەڕەبایەکانو سەنگەرەکان نەیەتەوە لەبەر ئەوە ڕەسەتە لەسەرمان تۆپ بارانمان ئەکەن ئیتر تۆپ باران هات ٩ دانەی ڕێکی لێ داین هەموو ئامادەباشیمان کردو چەکەکانمان حازر کرد وتمان نە وەک لەدواین لێدان دوایی هێرشی داعش بێتە سەرمان، لەوکاتەیا کەخەریکی تاقمو شتەکانمان بوین دەمانبەست

ئەوەنەم زانی کوڕە سایاقەکە هات گوتی وەی توخوا گەورەم بریندار بوم وتم کوێرا تۆ چویتە دەرەوەو بریندار بویت بۆ چویتە دەرەوە خەریک بوم برینەکەی ئەو بەجامانەکەی ئەبەست ملی بریندار بوبو ئەوەندەی نەبرد گوتیان وەڵا شەهید ڕەنگینیش شەهید بوو هەموو کەڕامان کردە دەرەوە کەسەیرمان کرد شەهید ڕەنگین بەدەما کەوتبوو بەعەرزا منیش وتم بیهێننە ژورەوە دیارە پێشمەرگایەتی هەروایە پێشمەرگە مەرگی لەسەر دەستیەتی هەچ کاتێک هات دەرەچێت، مەیکەن بەهاوار هاوار بیهێننە ژورەوانێ بزانین چۆنە کاتێک هێنایانە ژورێ پاڵمان خست خوێن لەچاوو لەلوتو لەدەمی ئەهات چونکە پارچەکە لەمێشکیا بوو دەرنەچوبو ئەبێت ئەوکات حاڵمان چۆن بوبێت کچێکی تەمەن ٢٥ساڵ من قەت لەدڵم دەرناچێت ئیتر هەرچۆنێک بێت دانم بەخۆمدا گرت لەبەر ورەی پێشمەرگەو لەبەر ئەوانەی کەلەچوار دەورم بون فرمێسکم خستەوە دڵی خۆمو خەزنم کرد وتم هیچ مەکەن بڕۆن بۆ لیوا ئامر لیواکەمان لەوێ بوو بابێن بەماشێن بیبەن بۆ خەستەخانە هەرچۆنێک بێت خۆ لەکاتی تۆپ بارانا ناوێریت خۆ شەڕی بەرامبەر نیە دابنیشیت لەسەنگەردا کۆتایی شەڕەکە بوو کەشەهید ڕەنگین وایلێهات، شەهید ڕەنگین لەگەڵ نەقیب مژدەو کۆمەڵەی جانەو ئەواندا خستمە ماشێنوەو بەرەو خەستەخانەی کەرکوکیان برد، بەڵام خۆم دڵم نەهات پێشمەرگەکانی تر بەجێ بهێڵم وتم ئەوانیش یەکێکن وەک شەهید ڕەنگین هەتا چوار دەورمان جوان جوان ئاسایی بۆوە پێشمەرگەکانمان هەموو بەسەر کردەوانێ ئەوکاتەی کە شەهید ڕەنگین هاتە دەرەوە لەبەر ئەوە بوو کەبزانێ ئاخۆ پێشمەرگە لەدەرەوە هیچی لێ نەهاتوە لەتاوی پێشمەرگەکان چونکە ئەو خۆی مەسئول بوو جێگری فەوج بوو هەستی بەمەسولیاتی خۆیو دەوروبەرەکەی ئەکرد ئیتر ئەوم ڕەوانەی

خەستەخانەی کەرکوک کرد بۆ خۆشم مامەوە لای پێشمەرگەکان تا چواردەورمان ئاسایی ببێتەوە لەدوایدا برا پێشمەرگەکانمان لەشوێنی خۆیان دانایەوەو منیش بەرەو خەستەخانەی کەرکوک چووم کاتێک کە چووم چی بچم خۆم یەکسەر زانیم کە شەهید ڕەنگینە چوونکە کە کەسێک بریندار ئەبێت جوڵەیەکی ئەبێت ئەو نەیبوو کەسەیرم کرد هەموو سەریان تاشی بوو تازە لەدەست دەرچوو بوو ئیتر بەرەو سلێمانی هێنامانەوە لەسلێمانی ٧ ڕۆژ بەجیهاز ژیا بەڵام ئەگەر جیهازەکەمان لێکردایەتەوە یەکسەر ئەمرد بەڵام لەبەر ئێمە ئەو جیهازانەیان پێوە هێشتەوە تا ئاخر دەرەجە قەت ئەو ڕۆژەم لەبیر ناچێتەوە بەڵام شانازی پێوە ئەکەم لەبەر ئەوەی ڕەنگین کچێکی نمونەو ئازا بوو نیشان شکێن بوو لەنموونەی کچ بوو بەڵام من دایم بیر لەمنداڵەکانی ئەکەمەوە بیر لەجوانە مەرگی ئەکەمەوە قەناس بەدەست بوو دەستی زۆر ڕاست بوو من خۆم لەزوەوە پێشمەرگەم دەستم بەقەد ئەو ڕاست نەبووە بەڵام بڵێم چی دڵم بەوە خۆشە کە لەپێناو خاکی کوردستانا شەهید بووە من خۆشم خاوەن شەهیدم شانازی ئەکەم لەبەر ئەوەی کوردستان پێویستە هەموو کوردستان شەهیدێکی بۆ بدات ئیتر سوپاس.

# بێستون فەریق حەمە ساڵح

من (بێستون فەریق حەمە ساڵح) خەڵکی سەنگاوم دانیشتوی عەربەتم لەشارەزور دائەنیشم پلەم نائیب عەریفە لەفەوجی ٤ لیوای ٥ شارەزور لەوەزارەتی پێشمەرگە، ئێمە ٢٠١٥/٩/٣٠ هێرشێکمان کردە سەر گوندی مەنسوریە لەناوچەی کەرکوک کەچوینە ناو گوندەکە پێش ئەوەی بچینە ناو گوندەکە لەلایەکی ترەوە شەڕ هەبوو لەسوچی گوندەکەوە شەڕیان ئەکرد لەگەڵمانا تەقەیان لێ ئەکردین لێ دۆشکەکانمان تەقەیان لێ ئەکردنەوە کەتەیارەکە لێیدا ئیتر بێدەنگ بون ئێمە هێرشمان کرد ڕاستەوخۆ چوینە ناو گوندەکەو هیچ تەقوتۆقێکی تیا نەمابوو، کەچوینە ناو گوندەکە لەوێ لەناوەڕاستی گوندەکەش دەرچوین تەقریبەن کاتێکمان زانی لەهەر چوار لاوە لێیان داین من لەپێشەوە بوم کەسەیرم کرد لەناو دەرگاکانا بونو تەقەیان ئەکردو زۆریش بون من مەجالی ئەوەم نەبوو بگەڕێمەوە ناو هاوڕێکانم لەوانیشیان دا هەر لەوێدا ڕاستەوخۆ بەرامبەریان پاڵ کەوتمو شەڕم لەگەڵدا کردن الله اکبریان بوو تەقەیان لێ ئەکردم ئەو شوێنەی منی لێ بوم شیوەڵکێکی بچوک بوو نەمئەتوانی خۆم حەشار بدەم بەپاڵ کەوتنیشەوە سەرم ون نەئەبوو بەتەواوی بەڵام کەئەمبینین لەناو دەرگاکان ئەهاتن تەقەیان لێ ئەکردم ئیتر کۆڵیان لێ نەئەدام شەڕم زۆر لەگەڵدا کردن نزیکەی ٢٠ دەقە لەوێدا مەخزەنەکەم فیشەکی تیا نەما مەخزەنەکەم گۆڕی لەو




کاتەیا کەگۆڕیم مەجالی ئەوەیان هەبوو زیاتر ڕەسەتم لێوەربگرن لەبەر ئەوەی من تەقەیان لێ ناکەم لەو مەجالە کەمەیا مەخزەنەکەم گۆڕیو میلی تفەنگەکەم هێنایەوە فیشەکێکیان دا لەباڵم، باڵم بریندار بوو بەعەدەد تەقەم لێ ئەکردنەوە بەس هەستم بەگەرمی خوێنەکە ئەکرد یەکەمجار هەستم بەئازار نەئەکرد بەڵام ئیتر بەردەوام تەقەم لێ ئەکردن بەتەپاوپلو بەسنگەخشێ زیاتر تۆزێ دورئەکەوتمەوە لێیانو مقاوەمەم ئەکرد ساترێک هەبوو لەخوار دێکەوە دروستیان کردبوو بەشۆفڵ ساترێکی بەرز بوو نزیکی ئەو ساترە بومەوە نزیکەی ٥ بۆ ٦ مەترێک، ئەوان تەقەیان لێ ئەکردم لەوێدا بەس بەتەپاوپل ئەڕۆیشتم نەمەهێشت زۆر بمگرێتەوە تەقەم لێ ئەکردنەوە ئەوەنەم نەمابو بگەمە ساترەکە هەستامو بەسەریعی بەسیلاحەکەمەوە سەر ساترەکە کەوتمو بەتەقلە چومە ئەودیو ساترەکەوە هەندێک تەقەی تریان لێ کردم کەچومە ئەودیو ساترەکەوە ئیتر پشتم بەساترەکە قایم بوو لەوێدا تۆزێک ئاوم پێ بوو تۆزێک ئاوم خواردەوە کەبریندار بوم زۆرم تونی بوو نزیکەی پیاڵەیەک ئەبوو لەبنی دەبەکەمدا قومێکم لێ خواردەوە هەر ئەوەندە تۆزێک دەمم پێ تەڕکرد ئینجا تەلەفۆنەکەم دەرهێنا بەتەلەفون محاوەلەم کرد زۆر بەزەحەمت تەلەفون وەرئەگیرا، هەرچۆنێک بێت بەتەلەفون کوڕێکی خاڵۆزام وەرگرت کەلەدواوە بو نەمان بردبوو قسەم لەگەڵدا کرد تێمگەیاند وتم شتێکی واهەیە بەتەنهامو کەسی لێ نەماوە دێیەکە منیش بریندارمو ئەتوانم بڕۆم بەس مەجالم نادەن دەرچم موعەدەل شەڕم لەگەڵدا ئەکەن ئەیانەوێت بمکوژن یان بەزیندویی بمبەن بەس هەتا بتوانم نایەڵم بەس ترسی ئەوەم هەیە ببورێمەوە یان فیشەکم پێ نەمێنێت یان چەکەکەم بوەستێت ئەگینا هەتا ڕۆحم تیابێت نایەڵم نزیکم ببنەوە، کەتەلەفۆنم بۆ کرد ئەوەم تێگەیاند تەلەفونەکەم

داخستەوە لەپشت ئەوساترەی کەپشتم پێوە دابوو سەیری پێش خۆمم کرد ساترێکی تر کرابوو تەقریبەن لاربوو ساترەکە وەک سێگۆشەیەکی لێهاتبو لەگەڵ ئەمدا کۆنە پردێکی لێ بوو لەوێدانا محاوەلەم کرد وتم بەشکم بچم بۆ ناو ئەو کۆنە پردە لەوێوە شوێنێکی دەربازبون بدۆزمەوە بەڵام کەسەیرم کرد چومە ئەودیو ساترەکەوە لەساترەکەی تر نزیک بومەوە ویستم بەرەو کونی پردەکە بڕۆم سەیرم کرد ٤ داعش سیلاحو چەکو تاقمیان پێیەو جانتایەکیان لەشاندایە بەبن دیوارەکەدا بەرەوە پشتی دێیەکە ئەڕۆیشتن نازانم بزەبت نیازیان چی بوو ٤ داعشەکەم بینی خۆم لێ کردن بەون بوو کەسەیری دواوەم کرد بینیم ٥ داعشی تر بەدوای ئەواندا مەسافەی ٥٠ بۆ ١٠٠ مەترێکیان بەینە خۆم هەڵداوە پشت ساترەکەی یەکەم جار ٥ داعشەکە بینیمیان شەڕیان لەگەڵدا کردم هەر ٥ یان تەقەیان لێ ئەکردم کەخۆم هەڵدایە ئەودیو ساترەکە تۆزێک شۆفڵ ئیشی تیا کردبوو تۆزێک چاڵو چۆڵی بوو لەوێدا کەشەڕم لەگەڵدا کردن هەر ٥ داعشەکە لەبن دیوارەکەوە ئاخر نەفەری عەدەد بیکەیسیەکە بوو کە زیاتر تەقەی لێ ئەکردمو منی بینی ئەوەڵی جار ئەوانی دیکەیشی بانگ کرد ئەم پێنجە تەقەیان لێ ئەکردم تەقەم لێیان کردەوە یەکێکیان بەرکەوت کە کەوت ڕایان کێشا بۆ بن ساترەکە ئەو ساترەی کەمن یەکەم جار لێی بووم بەڵام من خۆم هەڵدایە ئەو دیو، دیسان عەدەد بیکەیسیەکە هاتەوە بن ساترەکە بۆم لەسەر ساترەکە تا سنگی دەرکردبو لەوێوە بیکەیسیەکەی خستبوە سەر ساترەکە تەقەی لێ ئەکردم منیش چەند فیشەکێکم پێوەنا عەدەد بیکەیسیەکە کەوت بەپشتا ئیتر نەم بینیەوە لەوێدا کە تەقەم لێکرد ئەو کەوت لەوێدا نەمبینیەوە بەپەلە لەکوێوە یەکەم جار برینداربوم بەپەلە بەتەقلەو سنگەخشێ خۆم گەیاندەوە ئەودیو ترسی ئەوەم هەبوو بێنەوە

بن ساترەکەو بێنە سەرەوەو تەواو موسەیتەر بن بەسەرماو ڕێم نادەن دەربچم بەشۆڤێنی ئەمکوژن لەوێدانا یان ئەمبەن لەوێ خۆم ون کرد لەوان‌و ئەوانیش دیار نەمان کەدام لەعەدەد بیکەیسیەکەی ئاخر کەس ئیتر نەمان‌و نەمبینینەوە، لەوێدا تەلەفونێکی ترم کرد بۆ ئەو کوڕەی خاڵۆزام وتم نەهاتن بەدەممەوە گوتی نەوەڵا وتویانە تۆیان بەئیسعاف بردوەو ڕانت بریندارە وتم نا شتی وانیە هەتا بەچاوی خۆت من نەبینی بڕوا مەکە لەوێ هەوڵی زۆری دابوو وتم من ئەتوانم بڕۆم بەڵام لێرا داعشی تریشی لێیە جائەگەر پێشمەرگە یان چەند کەسێکی تر بمبینێت لێرە ئەڵێن ئەمە داعشە تەقەم لێ ئەکەن‌و ئەمکوژن لەناوەڕاستی دێکەدا بوم چوار دەورم چۆڵ بوو بەس خوای گەورەو خزمو ناسیاوو برادەران هاتن بەدەممەوە ئەو کوڕەی خاڵۆزام تەلەفۆنی کردبوو بۆ مامەم‌و کوڕێکی برای‌و بۆ ئامۆزایەکم لەسلێمانیەوە هاتبون بۆ لای کاک جەعفەر لەوێ جەنابی شێخ جەغفەر چەند ماشێنیەکی دابو پێیان ئەوانیش لەسلێمانیەوە چون بۆ تەلوەرد بۆ ڕزگارکردنی من نزیکەی سەعات ١٠ واملێهات نزیکی سەعات ٤ ئەوان منیان ڕزگارکرد لەو شوێنەی کەبیدایەت منی لێبوم تەقە دەستی پێکرد کەسەیرم کرد پێشمەرگەیەکی زۆر هاتبون بۆ ئەمسەری دێیەکە بەتەقەکردن هاتن دەستێکم بۆ هەڵبڕین وتم ئەمەتام لێرە نەک منیان لێ بگۆڕێ‌و وابزانن داعشم کەدەستم بۆ هەڵبڕین ئەوانیش منیان بینی‌و دەستیان بۆ هەڵبڕیمەوە وتم مادام وایە ئەزانن کەمن لێرەم‌و تەقەم لێ ناکەن هەڵسام‌و ڕۆیشتم بەرەو لای ئەوان باوەشیان پیاکردم ئەملاولایان ماچ کردم‌و گوتیان ئەوە تۆ ماویت بەتەمات نەبوین وتومانە ئەگەر هەر جەنازەکەشی بێت بابیبەینەوە کەبینیم کوڕەکەی خاڵم‌و چەند پێشمەرگەیەکی تر کەنەمەناسین ماڵیان ئاوابێت هاتبون بۆلام مامە

سیروانم بینیو کوڕێکی تری خاڵۆزامو کەمالو چەند ئامۆزایەکمو چەند پێشمەرگەیەکی قارەمانم بینی کەهاتبون بۆ ڕزگارکردنی من، کەدەرچوین لەویٚ سەیرم کرد گەیشتبونە سەرجادەی دێیەکە هەمەریٚکیان تەقیبوەوە بەس شکور بۆ خوا پێشمەرگەکان سەلامەت بون، ئیتر بەو شیٚوەیە ئەوان هاتن بۆ ڕزگارکردنی منو داعشەکانیش لەخانوەکانەوە بەبەردەوامی تەقەیان لیٚ ئەکردین بەس ئەم ٩ نەفەرە ڕۆیشتبون لەویٚ وەک بۆم باسکردی کەلەویٚدا لە٢ نەفەریانم دا نەمان لەترسی ئەو هیٚزەی ترو تەیارە هەڵهاتن یان ترسی ئەوەیان هەبوو من بریندارم لەویٚدانا هەرچەند شەڕم لەگەڵدا بکەن بەکوژرانی من ئەوان زیانی زیاتر ئەکەن گوندەکە ٣ پێشمەرگەی تری تیامابوو گوندەکە هەر داعشی تیامابو کەئەوان هاتن منیان ڕزگارکرد تەقەیان لیٚ ئەکردن ئەوان بەمقاوەمەوە هاتن بۆ ڕزگارکردنی من.

چەند شتیٚکی تر لەیادەوەریەکانی من کەلەناو گونددا بوم کەلەویٚ بوم کەبریندار کرامو شەڕبوو بەبەرچاو خۆم ئەمبینین اللەاکبر ئەکەن زۆر نزیک بون ١٠٠ مەتر نەئەبوو بەرامەبەر ئەوان بوم لەناو ماڵەکاندا بەتەمای ژیان نەبوم بەس ئیتر ئەوەندە ڕوم کردە خوای گەورەو وتم خوایە گیان خۆم بەهەتیوی گەورەبوم هەتیوی زۆر ناخۆشە ٣ منداڵم هەیە منداڵەکانم هەتیو نەکەون جاریٚکی تر منداڵەکانم ببینمەوە ئیتر وەزعیٚکم هەبوو زۆر ناخۆش بوو، تەلەفون نەئەڕۆیشت کەس نەبو لەچوار دەورم جگە لەئەوان بەس شەڕم لەگەڵ ئەواندا ئەکرد ئەوانیش لەبەرامبەردا هاواریان لیٚ ئەکردم اللەاکبر بەس تەنها پشتم بەخوای گەورە قایم بوو تونیم بوو برسیم بوو زۆر هیلاک بوم ئەمەنە تەپاوتلم کردبوو لەناو ئەو خۆڵەیا مەڵاشوم کەدەستم بۆ ئەبرد قوڕەکەی وەکو مەعجونی لیٚهاتبوو بەو تۆزە ئەوەنەم تەپاوتل کردبوو سەر

ئەژنۆکانیشم بریندار بوبوو ڕوشابوو خەریک بوو ئەخنکام ئەوەندە تەپوتۆز چوبوە ناو قورگم خوێنم لێ ئەڕۆیشت ئاوم پێ نەمابو، شەوەکە نانم خواردبوو بەیانی هاتبو بەسەریا نیوەڕۆی تێپەڕاندبوو زۆر زۆرم برسی بوو خەریک بوو ئەشخنکام لەتینوانا تەواو وام لێهاتبو ئاگام لەبرینەکەم نەمابوو لەتاو برسێتیو تینوێتیو هیلاکیمدا هەر بەرگریشم لەخۆم ئەکرد لەبەر ئەوەی نەیەنە سەرمو نەمگرن بەدیلی یان جەنازەکەم بکەوێتە بەر دەستیان مقاوەمەم ئەکرد کەنەتوانن لێم نزیک ببنەوە فیشەکم پێمابوو نزیکەی ٢ مەخزەنم پێمابوو ٦ مەخزەنو نیو کەمەخزەنێکیان بچوکە ئەوەم پێ بوو ٢ پاکەتی تر فیشەکم پێ بوو کەئەوە ئیحتیات بو لام، لەکۆتایدا ٢ مەخزەن فیشەکم پێمابوو، لەکۆتایدا کەجەماعەت ڕزگاریان کردم مامەم کە سیلاحەکەم دابەدەستیەوە مەخزەنەکەی لێ کردەوە گوتی خۆ فیشەکی تیا نیە وتم چۆن تیایا نیە کەمیلی هێنایەوە ئەو مەخزەنەی کەلەسەری بوو یەک فیشەکی تیابوو ئەویش لەبەر کارابوو گوتی بۆ نەتگۆڕیوە وتم هەتا تەقەی بکردایە نەمەگۆڕی لەبەر ئەوە مەجالی ئەوەم نەبوو زو زو مەخزەنەکە بگۆڕم، قەت بیرم لەکوشتنو خۆبەدەستەوەدانیش نەکردبۆوە بەس پشتم بەخوا قایم بو وتم تا دەستو چاوم ئیش بکات لەگەڵیاندا ئەجەنگم ئەگەر بمزانیایە توانام نەماوەو بەدیلی ئەمگرن هەڵەستام بەرەو ڕویان تەقەم ئەکرد لەبەر ئەوەی بمکوژن شێوەیەک لەشێوەکان خۆم نەئەدا بەدەستیانەوە کەبمکوژن بەڵام قەت نەخۆم ئەکوژمو نەبەدیلیش خۆم ئەیەمە دەستیان من قەت ئەو بەرنامانەم نیەو بیریشم لەوە نەکردۆتەوە خۆم بکوژم یان خۆم تەسلیم بکەم تەنها بیرم لەمقاوەمە کردن کردبۆوە وەچەند جارێک شایەتومانم هێنا ئەموت من جارێکی تر ژیان نابینمەوە ئەو هەمو فیشەکەکان بەرەو ڕوم ئەهات

تەنها خوای گەورە ئەیپاراستم کەیەک فیشەکم بەرکەوت بەردەوام تەقەیان لێ ئەکردم، بەس ترسی ئەوەم هەبوو بچنە سەربان چونکە ئەگەر بچونایەتە سەربان موسەیتەر ئەبون بەسەرما لەترسی تەیارەکە نەیان ئەوێرا یچنە سەربان چونکە لەوێوە تەیارەکە ئەیبینین هەر لەدەرگای حەوشەکەوە لەسەر دیوارەکەوە تەقەیان لێ ئەکردم بەس بچونایەتە سەربانەکە نەیان ئەهێشت حەرەکە بکەم یەکسەر ئەیان کوشتم زۆر نزیک بون لێمەوە بەس خوای گەورە ڕەحمی پێکردم نەچونە سەربانەکە تەیارە بەبەردەوامی ئەسوڕایەوە، چەندین جار تەیارەکە ئەیدا لەلای سەرەوەو خوارەوەیان بەس لەو جەماعەتەی نەئەدا زۆر سەیر بوو ئەگەر لەو جەماعەتەی بدایە لەبەر ئەوەی من زۆر نزیک بوم لێیانەوە یەکسەر منیشی ئەکوشت تەنها خوای گەورە ڕەحمی پێکردم، چەند جار تەیارە لەو ماڵانەی ئەو بەریەوە ئەدا هەرچەندە دوریش بون لێم پارچە ئەگەیشتە لای منو ئەیدا بەعەزدا ترسی ئەوەشم هەبوو تەیارەکە لەمنیش بدات منیشی لێ ببێت لەوان چونکە کەوتبومە ناوجەرگەی داعشەوە من ئێستاش ورەم بەرزەو ورەی پێشمەرگە هەمیشە بەرزە ئامادەم هەرکات چاک ببمەوە بچمەوە ناو پێشمەرگە هەتا زیندو بم ئەوە ئیشی من ئەبێتو هەر پێشمەرگەش ئەبم لەوێ کەڕزگاریان کردم بەتایبەتی کەمامەم بینی ئەو کوڕانەی خاڵۆزامو ئامۆزامو چەند هاوڕێیەکم بینی هەستێکی زۆر خۆشم هەبوو کە کەسوکارم لەسلێمانیەوە گەیشتونەتە لای من بۆ ڕزگارکردنی من ئەوەندە خۆشەویستیان بۆ من هەبوە کەلەسلێمانیەوە بەپەلە بێن بۆلای من لەشارەزورو سەنگاوەوە کەباوەشیان پیاکردم ئیتر ئەملاو لایان ماچ کردم لەخۆشیا ئاگام لەئێشو ئازار نەما ئەوەندە خۆش بوو بەلامەوە بەڵام تینوێتی زۆری بۆ هێنابوم هەرکەسێکم ئەبینی هاوارم

ئەکرد ئاو مامم نەیئەهێڵا ئەیوت ئاوی مەیەنیو برینداره با عەزیەتی نەدەین ئەموت قەینا باشم بەس تونیمە تونیایەتی پشتی شکاندوم هەناسەم بۆ نادرێت پێنچ شەش سەعاتە لەوێدا خوێنم لێ ئەڕوا بریندارم شەڕم کردوە زۆرم تونیە خەریکە ئەخنکێم چومە ناو باجەرەکەوە کەئەمریکیەکانی تیادا بوو تەرمۆزەیەک ئاویان لابوو سێ چوار جام ئاوم خواردەوە بەدزی مامەمەوە چونکە نەیەهێڵا بیخۆمەوە ئەوەندەم ئاو خواردبۆوە سکم ئاوسابوو ئاوەکەم چۆن بەڕونی خوارد بەڕونی هەڵم هێنایەوە، مامم توڕەبو گوتی کێ ئاوی داوەتێ وتم خۆم خواردومەتەوە برینەکەم زۆر بوو لەلای چەپم لەباڵمی دابو عەزەڵاتم لەدواوە دەرکەوتبوو برینەکەم، بەڵام کەڕزگاریشیان کردم ئافرەتێک هەیە زۆر قارەمان بوو یارمەتی زۆری داین ئێمە برسیمان بوو تونیمان بوو ئەو ئافرەتە خۆبەخشانە هاتبو بۆ بەرەکانی جەنگ ئاوارەخانی ناوە، خۆبەخشانە هاتبو خەڵک لەوێدا ئاو نەبو بیخوات ئەو ئاوو شەربەتو چۆرەکی پێبوو دەرمانیشی پێبوو دوبارە ئەو کەلەوێدا منی بینیەوە بەو حاڵە هاتەوە تەداوی تری بۆ کردمو وتم زۆرم برسیە گوتی چۆن ئەهێڵم تۆ لێرەدا برسیی بیت ماشێنکەی هەڵدایەوە سەیرم کرد یەک سینی چۆرەکی گەورەی پێ بوو وەدوسێ کارتۆنی گەورە شەربەتی پێ بوو بەسەر پێشمەرگەکاندا دابەشی کرد لەبەر خاتری من دەری کرد گوتی بەشی ئەو کوڕە بدەنو خۆشتان لێی بخۆن ئەسڵ لەسلێمانی دائەنیشێت بەس وابزانم خەڵکی هەولێرە خۆشی لەخەستەخانە دەوام ئەکات، بەڵام خۆبەخشانە بەماشێنی خۆی هاتبو ئێمەی سەرخست ئیسحافی لێ بوو کەسوکارمی لێ بوو ماشێنی تری لێ بوو ئەیوت من ئەم پێشمەرگە قارەمانانە جێناهێڵم ئەبێت لەگەڵ مندا بێن هەتا ناو خەستەخانەی کەرکوک ئێمەی بردوە دوایی لەوێوە

بەبریندارى ئێمەى بردەوە بۆ ماڵەوە گوتى ئێوە خزمەتى میللەت ئەکەن منیش خزمەتى ئێوە ئەکەم بەڕاستى ژنێکى زۆر مەرد بوو ئیتر سوپاس.

# هیوا قادر ئەمین

من (هیوا قادر ئەمین) پلەم موقەدەم شوێنی دەوام بەرپرسی هەواڵگری فەوجی ٣ بووم لەلیوای ٩ی وەزارەتی پێشمەرگە شوێنی دەوامم داقوق، بیرەوەریو قارەمانێتیەکانی شەهید هیوا لەهزری کوڕەکەیو هاوسەنگەرانی هەڵوێست ئەڵێت شەهید بونی باوکم کۆستێکی گەورە بوو لەمنو لەبنەماڵەکەم ڕویدا باوکم هەموو کات باسی ڕابردوی خۆی بۆ ئەکردم، وەک هاوڕێیەک بوو بۆ من هەموو کات ڕازی خۆم بۆ ئەو باس ئەکرد هەمیشە پێی ئەوتم کوڕم من هیچم لەتۆ ناوێت بەس شەهادەیەک بەدەست بهێنە چونکە من وازم لەخوێندن هێنابوو زۆر ئەو قسەیەی لێ دوبارە ئەکردمەوە، ڕۆژێکیان لەواجب بووم لەفەرماندەی لیوای ٣ تایبەت کوڕێکی گەنج لەتەمەنی خۆما هات چو بۆ لای ئامر فەوجەکەمان منیش پرسیارم کرد وتم ئەوە کێ بوو گوتیان ئەوە کوڕی فلان کەسەو شەهادەی هەیە بۆیە وایە لەو ڕۆژەوە بەڵێنم بەباوکمو بەخۆشم دا کە ئەو شەهادەی کە باوکم ئەیەوێت بەدەستی بهێنم وەک بەڵێنێک بەڵێنم بەباوکم داوە کەلەگۆڕەکەشیا دڵخۆشی بکەم بڵێم باوکە ئەوە من بەڵێنی خۆم بردە سەر، شەهید هیوا لەبیرەوەری هەموو هاوڕێکانی ئەمێنێتەوە چونکە هەمیشە هاوڕێکانی کۆئەکردەوە هەمیشە خەندەی ئەخستە سەر لێوی بەرامبەرەکەی، هاوڕێکانی لەخۆشەویستیان بۆی بە(خەپە) بانگیان ئەکرد شەهید هیوا بەشداری

گشت شەڕەکانی لەگەڵ (ی ن ک) کردووە ئەفسەرێکی لێهاتو بووە لەچەکی دژە تانگ ١٠٦، شەهید هیوا دەرچوی خولی فەرماندەیە لەکۆلێژی سەربازی قەڵاچوالان سەرەتای دەست بەکاربونی لەهێزەکانی پشتیوانی دوو بووە لەیەکەکانی (دژە تانکو کاتیۆشا) بەشداری خولی ئەفسەرانی کردوە لە وڵاتی ئوردن ئەو ڕۆژەی تیایا شەهید بوو باوکم خۆی کردە قوربانی بۆ ڕزگارکردنی گیانی هاوڕێو هاوسەنگەرانی لەزمانی هاوسەنگەرەکانی ئەگێڕنەوە دەڵێن شەهید هیوا کۆستێکی گەورە بوو بۆ ئێمە چونکە شەهید هیوا لەسەربازیدا ئەفسەرێکی لێهاتوو کارامەو قارەمان بوە، لەڕوی کۆمەڵایەتیەوە کەسێکی زۆر کۆمەڵایەتی بوو هەموو سەرۆک عەشیرەتەکانی ناوچەکەی کردبووە هاوکاری پێشمەرگەو سەرچاوەی زانیاریەکانی بوون مخابن لەبەرە بەیانی ٣٠/ ٢٠١٤/٩ لەشەڕەکانی دەستەویەخە بەسەختی بریندار ئەبێت، لە٢٠١٤/١٠/٣ تیرۆرستانی داعش وێنەی شەهیدبونیان بڵاوکردەوە تائێستاش جەستەی پیرۆزی نەگەڕێندراوەتەوە زێدی خۆی هیوا گیان، ئەو ئێوارەیە پێکەوە بووین دوای کۆبونەوەکەی ئامر لیوا پەلی ڕاکێشامە لاوە وەکو پیشەی هەمیشەیی کۆمەڵێک قسەی پێوتم دواتر پێکەوە کەوتینە قسەی خۆش، برادەران لێمان کۆبونەوە کۆڕەکەمان گەرم بوو پێم وت هیوا گیان تۆ سبەینێ شوێنەکەت خەتەرە ئاگات لەخۆت بێت وەکو پیشەی هەمیشەیی بەپێکەنینەوە گوتی: عەبە گیان فشەیە گوێی مەدەرێ.. ئاخر ئەو جگە لەوەی پیاوێکی ڕۆح سوکو قسە خۆش بوو وەهاوڕێییەکی بەوەفاو جێی متمانە بوو ئەفسەرێکی ئازاو دڵسۆزو بەتواناو بەورەش بوو، ئەو هەمیشە سەری ورەی لەکەشکەلانی فەلەک بوو، فشەی بەدوژمن ئەهات هەربۆیە ئەو شەوەش بەمنی وت عەبەگیان گوێی مەدەیە فشەیە، کاتێک هێزەکان کشانەوە من

لەنزیک گوندی عەسریە بووم، یەکەم کەس پرسیاری هیوام کرد بەڵام ئاخخخخخ چی وەڵامێکم بەر گوێ کەوت یاخوا دوژمنیشم هەواڵی وای پێ نەدرێت (موقەدەم هیوا شەهید بوەو تەرمەکەی بەجێماوە) ڕەشایی بەبان چاومدا هات زمانم وشک بوو دڵم کەوتە پەلەپەل.. بەڵام یەکسەر هیوایەکم پەیداکرد.. کێ دەڵێتوایە.. کێ دەڵێت ئەوە.. کێ دەڵێت بریندار نەبووە؟ یەکسەر مۆبایلەکەم دەرکرد تەلەفونم بۆ هیوا خەپە کرد ئاخر بەو ناوەوە لەمۆبایلەکەی من تۆمار کراوە.. (ئەم ژمارەیەی داوات کردووە لەدەرەوەی بازنەیە) نەخێر جارێکی تر دوی تر دەی تر هەمان وەڵامم دەبیست، ئەو شەوە تابەرەبەیانی ڕۆژی داهاتوو ڕۆژانی تر دەی خوایە هیوا وەڵامی تەلەفونەکەم بداتەوە.. بەڵام ئاخ هەرگیز گوێم لەدەنگت نەبوو هیوا گیان.. بەڵام من هەر بێ ئومێد نەبووم، ئاخر بڕوا کردن بەمەرگی ئازیزان هێندە ئاسان نیە بۆیە من هەر بڕوام نەکردو نەکرد تا بەچاوی خۆم وێنەی لاشە ساردو سڕەکەیم لەپەیجی موجاهیدەکانی ئیسلامدا بینی. هیوا گیان تۆ بەسەربەرزی ژیایتو بەسەربەرزیش سەرت نایەوە.. بنوو هاوڕێکەم بنوو.. بنو هاوڕێی گۆڕ غەریبەکەم سوێند بێت بەو بیروباوەڕەت سوێند بەو ناوە پاکەت سوێند بەو گۆڕە پیرۆزەت هەرگیز ڕێبازەکەت بەرنادەین، ناوەکەت ون ناکەین، شوێنەکەت چۆڵ ناکەین.

**بیرەوەریەکانی شەهید هیوا لەزوبانی هاوڕێو**
**هاوسەنگەری ڕائید ڕوکن محمد نەجدەت:**

کاک هیوا جوانترین شتی ئەوە بوو هەمووکات کۆی ئەکردینەوە بیزانیایە دوو کەسمان دڵمان لەیەکتری هێشاوە دەعوەتێکی ڕێکئەخست ئەچووین بۆ دوکان کاتێک لەسوپای عێراق بووین بەیەکەوە نقڵ کراین

بۆ نعمانیە ساڵی ٢٠٠٤ زۆر مەترسیمان لەسەر بوو هەر پێ ئەکەنی تەنانەت لەئەردەنیش دایم ئەیوت ئەمە دنیایە، ڕۆژێکیان چووین بۆ دووکان لەوێ مەلەمان ئەکرد من نەمئەزانی ئەوەنە مەلەوانێکی باشە نزیکەی ٣٠٠ مەتر ڕۆیشتین دەماری قاچمان وەستا ئەو ڕزگاری کردم لەساڵی ٢٠٠٨ کەوتینە ئینزارەوە ڕۆیشتین بەرەو خانەقین بەزۆری ئێواران منو کریم سۆمەرو ڕائید ڕوکن هەڵمەتو زانا غازی هەڵستاند ئەیوت بابڕۆین زۆری حەز لەماسی بو وەزۆر خۆشیش باسی ئەکرد ئەوەی ماسی خۆریش نەبوایە حەزی لێ ئەکرد، چوینە سەر زێی سیروان دانیشتبوین نزیکەی مغرب بو باسی ماسی کرا ڕێک لەبەردەم خۆمانا تۆڕێکی ماسی لێبو چاوەڕێمان کرد تا دنیا تاریک بو کە دەری بێنین بوو بەشەو کەسمان نەمان وێرا بچینە ئاوەکەوە کردی بەئەمری عسکری کردمانیە ئاوەکەوە خۆشی لەپێش هەمومان نزیکەی نیو فەردە ماسی پێوە بوو ڕێک ئەوت خوا ناردویەتی نەمبینیەوە تا لەئاکرێ بینیم لەپرسەکەی شەهید عشقی نیوەڕۆکەی نانمان ئەخوارد ئەم بەزمەی پێ گێڕامەوە زۆریش خۆی لێ تورە کردم لەسەر واجب ئەیوت خۆت ئەوەندە هەڵمەقورتێنە نەمبینیەوە تا شەوی ٢٩ لەسەر ٢٠١٤/٩/٣٠ منیان نارد بۆ تل زیاب خەپە هاو بانگی کردم گوتی حەمە وەرە پێی وتم سەر زل ئەزانی ئەو شوێنەی تۆ بۆی ئەچیت کوێیە وتم نا گوتی زۆر خەتەرە ئاگات لەخۆت بێت هیچ هێزێکت لەپێشەوە نیە خێرا چوو ١٢ سێت ئاو ٨ معەلەباتو گۆشتو ٨ دەستە نانی بۆ هێنام گوتی با ئەوانەت پێ بێت دڵنیام برسیت ئەبێت شەو هەتا دنیا ڕوناک بوەوە تەلەفونی بۆ ئەکردم هەموو نیو سەعات جارێک ئەیوت نەخەویت ماشێنکەش باهەوای تیابێت، کەدنیا ڕوناک بۆوە گەڕامەوە پشتی وەحدە لەدۆشکەیەکم دا، تەسویرێکم هەیە نەقیب دیلمان ئەڵێت هیوا خەپە

ئەڵێت لەناو سەعدین گوڵەکانمان تێکەڵ بووە کاتێک هەواڵی شەهید بوونیم بیست باوەڕم نەکرد ئەموت ڕاست نیە تاوێنەکەیم بینی ئەژنۆم شکا ئەوەی منی کوشت ئەوە بوو ئەو بەمنی ئەوت ئاگات لەخۆت بێت ئەو خەمی منی بوو کەچی خۆی شەهید بوو بەداخەوە هەڵوێست گیان باوکت تۆی زۆر خۆش ئەویست هەموو کات ناوی تۆی ئەهێنا.

# وتەی شەهید (حسین منسور)

هەرکەسێک جەلەولا تەسلیم هەر هێزێک بکات.. خائینە چونکە ئێمە شەهیدی زۆرمانداوەو خوێنمان ڕشتوەو هەندێ لەشەهیدەکانمان هێشتا تەرمەکانیانمان نەدۆزیوەتەوە، بەچ حەقێک.. بەچ مافێک خەڵک حەق بەخۆی ئەدات جەلەولا تەسلیمی هەر هێزێک بکات.

ئەگەرچی پێشمەرگە بەردەوام قوربانی دەدەن بەڵام وەک خۆیان باسی ئەکەن شەهیدبونی فەرماندەیەک ئازارەکەی زۆر زیاترە، لەدەستدانی فەرماندەیەک کەتەنها بیری لەوە کردۆتەوە دەنگی تەقەو ئاگری شەڕ زیاتر لەخاکی کوردستانو بەتایبەت کەرکوکو خانەقین دوربکەوێتەوە.

کەسوکارەکەی ئەیوب عەلی دەڵێن.. هەر لەمنداڵیەوە ئازاو بەجەرگ بوە ئەوکاتەی لەخزمەتی سەربازیدا بوە کاری بۆ پێشمەرگە کردوە تا وەکو وایلیێهات لەڕیزەکانی سوپای عێراقدا هاتە دەرەوەو ڕوی کردە شاخ وەلەکاتی تەلەبەی (ئیعدادیەی سەناعەی خانەقین بوو) تەنزیماتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی ئەکردو لەکاتێکدا کەلەسوپای عێراق بوو بو بەشەڕی لەگەڵ ئەفسەرێکی سوپا چونکە دژی کورد قسەی ئەکرد.

هێشتا فرمێسکی چاوی کەسوکاری لیوا شێرکۆ شوانی وشک نەبوو هەواڵی شەهید بونی لیوا حسێن مەنسورو هاوڕێکانی گەیشتە شارەکانی باشوری کوردستان ئەو ڕۆژە وەک بڵێن گەرمیانیەکان بەسەر ئاگرەوە بون ئاوا چاوەڕوانی تەرمی ئەویان ئەکرد.

## ژیان نامەی شەهیدی فەرماندە لیوا حسێن مەنسور

لیوا حسێن مەنسور لە١٩٦٢/١/٢١ لەشاری خانەقین لەدایک بوە وەک کەسە نزیکەکانی دەیگێڕنەوە هەر لەمنداڵیەوە وریا بوەو هەستی کوردایەتی لەخوێنیدا بوە لەساڵی ١٩٧٧ باوکی شەهید دەبێت لەدوای ڕاپەڕینیشەوە برایەکی شەهید دەبێتو خۆیشی ئەو کاروانەی گرتەبەر.
لیوا حسێن لەساڵی ٢٠٠٣ هاوسەرگیری کردوە چنار حسێنی خێزانی دەڵێت: لەیەکەم ڕۆژی شەڕەوە تا ڕۆژی شەهیدبونی تەنها ٨ جار هاتۆتەوەماڵەوە من لەگەڵ درەنگ هاتنەوەی ڕاهاتبوم دەمزانی ڕۆژێک دەبێت بۆ هەتا هەتای نایبینمەوە.. ئەیوب عەلی لەم ٨ مانگە ئەم ڕێگەیەی نیشاندام.. نیشانی دام کەوا من بەجێ ئەهێلێت.. ئەیوب عەلی یەک سەفەری بەبێ ئێمە نەکردوە بەڵام ئەم ٨ مانگە نیشانی دام کەوا ژیان چۆن ئەبێ بەردەوام بێت.. کاتێک کەسێک شەهید دەبوو ئەگریام گوتی مەگری بۆ ئەگریت ئەمە شەڕە شەهید ئەبێت بریندار ئەبێت هەموو شتێکی فێرکردین لەم ٨ مانگە هەرچەند ماوەکەی کەم بوو لەماڵ شەهید حسێن لەدوای خۆی ٣ منداڵی بەخشیوەتە کوردستان کوڕەکانی بەناوی (عەلیو کەرار) لەخۆشەویستی هاوسەرەکەشیدا کچە تاقانەکەی ناونا (چنار) ئەوان دەڵێن ڕێگای باوکمان بەرنادەین

## بەرەنگاربونەوەی چەتەکانی داعش

پاش داگیرکردنی شاری موسڵ لەلایەن چەتەکانی داعشەوە لەبەرواری ٢٠١٤/٦/٩ هێزەکانی پێشمەرگە بەشێوەیەکی گشتی کەوتنە حاڵەتی

ئامادەباشی بۆ ڕێگەگرتن لەهاتنە پێشەوەی چەکدارانی داعش بۆ ناوچە کوردیەکانی تەعریبکراو، وەشەهیدی فەرماندەی (لیوا حسێن منسور) هەستا بەدابەشکردنی هێزەکانی پشتیوانی ٢ لەسنوری کۆبانی لەسەعدیەو جەلەولا تاوەکو دوزخورماتو لەسنورەکانی باشوری کەرکوک وەبەدرێژایی ٥ مانگ شەڕی تیرۆرستانی داعش ئامادە بووە لەناوچەکانی سەعدیەو جەلەولا، فەرماندەیەک هەمیشە لەوێ دەبیندرا پێی دەوترا (لیوا حسین منسور) لەزۆربەی ڕوبەڕوبونەوەکانی تیرۆرستانی داعش ئەو فەرماندە قارەمانە لەپێشی پێشەوە بووە لەزۆربەی شەڕەکاندا هەمیشە ئازاو چاو نەترس بوو، وەلەهەر کاتو ساتێکدا شەڕ هەبووایە لەبەرەکانی جەنگ پێشمەرگە یاخود داعش هێرشی بکردایە ئەو قارەمانە بەماوەیەکی زۆر کەم ئامادە دەبوو وەجێگەی دەستی لەهەموو شەڕەکاندا دیار بووە، داعش بەزێن بوو، ئەوە بوو پلانی گرتنەوەی جەلەولاو سەعدیە هاتە پێشەوە فەرماندەی خوا لێخۆش بو (لیوا حسین) ئەو چەند ڕۆژەی خۆئامادەکردن بۆ ئەو هێرشە گەورەیە هەردەم لەخۆئامادەکردنی هێزەکانیو سازدانیانو پلاندانانو چەندین جار لەگەڵ فەرماندەکانی پێشمەرگەو هێزەکانی پشتیوانی ٢ دەردەچو بۆ سەنگەرەکانی پێشەوە بۆ پێشی هەموو ڕێگاکانی هێرش بردن، ئەوە بوو لەبەرەبەیانی ڕۆژی ٢٠١٤/١١/٦ پاش پلانێکی وردو تۆکمە لەبەینی هێزەکانی پێشمەرگەو سوپای عێراقو حشدی شەعبی ئەوەبو ئازادکردنی سەعدیە بۆ سوپای عێراق دانردا وەئازادکردنی جەلەولاو دەوروبەری بۆ هێزەکانی پێشمەرگە بوو، ئەوە بوو هێزەکانی پێشمەرگە لە٣ قۆڵەوە هێرشیان کردە سەر ناحیەی جەلەولا لەماوەی ٤ سەعاتدا ئازاد کرا، وەشەهیدی فەرماندە دەورێکی کارای هەبوو لەو داستانەدا وەسەرپەرشتی قۆڵێکی کرد لەکۆنترۆڵ

کردنەوەی جەلەولا وەجێگا دەستی دیار بوو، شایەنی باسە ئەو داستانە تەنها هێزەکانی پێشمەرگە بەپشت بەستن بەخۆیو بەهاوکاری چەکە قورسەکانی هێزەکانی پشتیوانی ٢ بەسەرپەرشتی شەهید (لیوا حسین مەنسور) بوو بەبێ هاوکاری فڕۆکەکانی هاوپەیمانی بوو، پاش ئەو چالاکیە گەورەیە ئەوە بوو فەرماندەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەناویاندا شەهید (لیوا حسین) هەستا بەپلانێکی تۆکمەتر بۆ ئازادکردنی ناوچەکانی حەمرینو دەشتی تبج تاوەکو سنوری قەرەتەپە، ئەوەبو لەبەرەبەیانی ڕۆژی ٢٠١٤/١١/٩ لە٤ قۆڵەوە هێرش کرایە سەرجەم ئەو ناوچانەی کەلەپلانەکە دیاری کرابوو بەماوەیەکی زۆر کەم هەموی ئازادکران، چەتەکانی داعش لەبەردەم شالاوی پێشمەرگەدا خۆیان نەگرتو هەڵهاتن.

لەدوای ئازادکردنی ناوچەکانی جەلەولاو قەرەتەپەو ئاواییەکانی دەوروبەری وەپاک کردنیان لەتیرۆریستانی داعش، ئەوەبوو فەرماندەی شەهید بۆ باشتر ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی هێزەکانی پشتیوانی ٢ لەخانەقینەوە گەڕایەوە بارەگاکەی لەفەرماندەی گشتی لەسلێمانی بەڵام هەردەم چاودێری بەرەکانی جەنگی دژی داعش دەکرد لەکەرکوکو دەوروبەری لەسەرەتای شەڕەکەوە لەمیحوەری کەرکوک (لیوا ڕوکن مەریوان)ی دانابوو سەرپەرشتی هێزەکانی پشتیوانی ٢ بکات ناوبراو (لیوا ڕوکن مەریوان) دەورێکی کاریگەری هەبوە تاوەکو ئێستاش لەبەرەنگاربونەوەی داعش لەسنوری میحوەری کەرکوکو دەوروبەرە.

ئەوەبوو شەوی ٢٩ لەسەر٢٠١٤/١/٣٠ تیرۆریستانی داعش هێرشێکی بەرفراوانیان کردە سەرجەم میحوەرەکانی کەرکوک بەسود وەرگرتن لەو شەوە کەتەمو مژێکی زۆر چڕ بوو لەسەعات ١٢ شەو شەڕ دەستی پێکردو توانیان لەهەندێک شوێن بێنە پێشەوە، هەر ئەو شەوە

فەرماندەی قارەمان (عەمید شێرکۆ) لەسەنگەری پێشەوە شەهید کرا، بۆ بەیانیەکەی (شەهید لیوا حسێن) بەهێزێکی زۆر خۆی گەیاندە شاری کەرکوکو چوە ئەو جێگایانەی کەتیرۆریستان پێشڕەوییان تێدا کردبوو بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە وەهەر بۆ شەوەکەی کەدەکاتە ٣٠ لەسەر ٢٠١٤/١/٣١ کۆبونەوەی بەفەرماندەکانی هێزەکانی پشتیوانی ٢ کردو دانانی پلانێکی تۆکمە بۆ ڕاوەدونانی تیرۆریستانی داعش لەسەرجەم میحوەری کەرکوک، وەلەبەرەبەیانی ١/٣١ لەسەرجەم میحوەرەکانی کەرکوک هێرش کرایە سەر چەتەکانی داعش‌و شەهیدی نەمر لەمیحوەری (یایچی، گوندی عەسەلیە) لەسەرەتای هێرشەکەوە لەپێشەوە بوو ئەوە بوو گوندی عەسەلیە لەداعش پاک کرایەوە بەرەو سەنگەرەکانی پێشەوە دەچوین کە شەوی پێشتر داگیریان کردبوو شەهیدی نەمر لەگەڵ تانکەکان‌و زرێپۆشەکان لەپێشڕەویدا بون تاوەکو گەیشتنە ئەو جێگەی خۆمان کەبۆمان دیاری کرابوو، پاش ئازادکردنی ناوچە دیاری کراوەکان بەماوەیەکی کەم شەهید لیوا حسێن سەیری ئەوبەری سنوری خۆمانی دەکرد کە تیرۆریستان پاش هەڵهاتنیان لەوێدا بون ئەوەبوو تیرۆریستان بەچەکی قەناس شەهیدیان کرد گەیشتە کاروانی شەهیدان ئەو یەکەم‌و کۆتایی شەهیدی سەرکردە نیە لەڕیزەکانی هێزەکانی پێشمەرگە بەتایبەتی لەناو فەرماندە سەربازییەکانی (یەکیەتی نیشتمانی کوردستان).

هێشتا فرمێسکی چاوی خەڵکی کوردستان بەگشتی‌و کەرکوک بەتایبەتی وشک نەبوبو، خەم‌و ئازارێکی تر یەخەی خەڵکی کوردستان‌و کەرکوکی گرتەوە.. بەڕاستی بەشەهید بونی (لیوا حسێن مەنسور) هەموو خەڵکی کوردستانی توشی شۆک کرد، وەخەڵکی گەرمیان تاسان بەهەواڵی شەهیدبونی ئەو قارەمانە.. وەئێمەش وەکو فەرماندەکانی هێزەکانی

پشتیوانی ٢ بەسەرپەرشتی بەڕێز (لیوا ڕوکن مەریوان) کەلەجێگای شەهیدی نەمرە بەردەوام بین لەڕێبازەکەی شەهید لیوا حسێن مەنسوڕ وەتا دوادڵۆپەی خوێنمان بەردەوام بین لەڕزگارکردنی بست بەبستی خاکی کوردستان وەلەناوبردنی دوژمنانی ترۆریستانی داعش‌و هەردەم پارێزگاری لەهەر بستێکی هەر چوارپارچەی کوردستان بکەین‌و پارێزەری حکومەتی هەرێمی کوردستان بین.

برات/ عەمید ڕوکن لوقمان ئیبراهیم عەبدوڵا فەرماندەی کەتیبەی تانکی ١ لەلیوای ١١١ زرێپۆش لەهێزەکانی پشتیوانی ٢ سەربەهێزەکانی ٧٠ لەفەرماندەی گشتی هێزەکانی پێشمەرگە سەربە (یەکیەتی نیشتمانی کوردستان).

# ملازم ئەوەل لوقمان حمد عولا مەڕوان

من ناوم (ملازم ئەوەل لوقمان حمد عولا) ناسراو بەلوقمانی حەمەی مەڕان، من دەمەوێت لەم ڕاپۆرتەدا چەندین دیمەن‌و چیرۆک‌و بەسەرهات لەخۆشی‌و ناخۆشی ژیانی پێشمەرگایەتی بۆ ئێوەی خوێنەر بگێڕمەوە، لەگەڵ دروست بونی شەڕی داعش‌و سەرهەڵدانی دۆخێکی دژوار لەهەرێمی کوردستاندا ڕویان داوە، هەر زوو چاوی تەموحی تیرۆریستانی داعش کەدژی مرۆڤایەتی‌و دژی دیموکراسی‌و ئازادین، تیرۆریستانی داعش کەڕویان کردۆتە هەرێمی کوردستان‌و بەشێک لەخاکی پیرۆزی کوردستانیان داگیر کرد، ئەوەبوو هەر زوو فەرماندەی هێزی چەکدارەکانی کوردستان‌و وەزارەتی پێشمەرگەو فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی هێزی (٧٠) بڕیاریاندا لەسەرجەم یەکەو لیواکانی هێزی پێشمەرگە بەرەو ناوچەکانی کوردستان کێشە لەسەرەکان هێز بەڕێ بکەن ئەوەبوو لیواکەی ئێمەش لەزمنی ئەم لیواو هێزانەدا بوو کەبەرەو بەرەکانی شەڕ بەڕێ کراین.

تێبینی: من ئەمەوێت لەکۆی سەرجەم چیرۆک‌و بەسەرهات‌و سەرکەوتنەکان‌و شەڕەکانی ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ چەتەکانی داعش تیایدا ڕۆڵ‌و ئازایەتی‌و مەردایەتی شەهیدی فەرماندە (لیوا سەلاح دیلمان) بۆ ئێوە بخەمە ڕوو.

ئەوەبوو لەکۆبونەوەیەکی لیواو فەوجەکان بڕیار درا کەبڕۆین بەرەو شەڕەکان ئێمەش چوینە ناوچەی گەرمیان لەسنوری ناحیەی جەبارەو گوندەکانی دەوروبەری، دواتر هێزەکانی ئێمە بەرەو ناحیەی قەرەتەپەو گوندەکان جێگیر کراین، دۆخێکی زۆر دژوار بوو ڕۆژ بەڕۆژ چەتەکانی داعش لەبەرەو پێشچوندا بون هەر هەواڵەو بڵاودەبوەوەو دەیانگوت داعش فڵان شوێن‌و ئەو ناوچەو بەشەی داگیرکردوە، ئێمەش لەڕوی چەکو تەقەمەنیەوە وەکو پێویست نەبوین بەڵام بەپێچەوانەوە داعش خاوەنی باشترین جۆری چەکو تەقەمەنی بون چونکە ئەو چەکە پێشکەوتوانەی وڵاتی ئەمەریکاو وڵاتانی تر کەچەکیان بەعێراق دابوو بەشێکی زۆری دەستی داعش کەتبوو چونکە هێزەکانی عێراق هیچ جۆرە بەرگریەکیان دژی داعش نەکردبوو لەگەڵ ئەوەشدا بەشی زۆری سوپای عێراق خۆی ڕادەستی داعش کرد چونکە پەیوەندیان لەگەڵ داعش هەبوو بەهۆی ئەوەی کەسوپاکەی سنورەکەی بەشێکی سوننە مەزهەب بوون، هۆکارەکەشی ئەوەبوو کەبەشێکی زۆر لەهۆزو عەشیرەتەکانی سوننە بەیعەتیان بەداعش دا، ئەمانە هەموی هۆکار بون بۆ بەهێزبونی داعش بەڵام دڵسۆزی‌و نیشتمان پەروەری‌و مەعنەویەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو کەهەر زوو توانی ڕێگری لەبەرەوپێشچونی داعشی تیرۆریست بکات، ئەوەبوو لەسنوری کەرکوکو مەخمورو دواتریش دوزخورماتوو هێزی پێشمەرگە سنگی خۆی کردبوو بەقەڵغان بۆ پاراستنی خاکی پیرۆزی کوردستان بەڵام داعش لەسنورەکانی جەلەولاو قەرەتەپە بەردەوام بوو لەجموجۆڵی چەندین جار چاوی ئەوەی هەبوو پەلاماری جەبارەو قەرەتەپە بدەن، بەڵام ئەیزانی سەرکەوتوو نابێت لەبەرامبەر هێزەکانی پێشمەرگە.

لەبەرواری ٢٠١٤/٦/١٦ کاتژمێر ١٢ نیوەڕۆ بەپەلە گوتیان کە هێز کۆبکەنەوە، کەئەم فەرمانە لەبەڕێز (صلاح دیلمانی) فەرماندەی لیواکەمان دەرچوو هەر زوو خۆمان کۆکردەوە سواری ماشێنکانمان بوین کەس نەیئەزانی بۆ کوێ ئەچین، منیش پرسیم لەبەڕێز (مام هێدی) تەنها گوتی بەرەو جەلەولا ئەڕۆین بەباشی خۆتان ئامادەبکەن هەر ئەوکاتە زانیم بارودۆخی جەلەولا زۆر خراپو نالەبارە بەردەوام شەڕ هەیە، ئەوە بوو ڕۆیشتین لەبازگەی قەرەتەپە پێیان گوتین ئەتوانن لەڕێگەی کارگەی بلۆک برۆن زۆر خەتەری لەسەر ئەبێت لەڕێگایەکی دیکە بڕۆین کە ئەویش زۆر ناخۆش بوو، چونکە ڕێگەکەی گڵ بوو دوای کاتژمێر نزیکەی (٣) گەیشتینە پردەکەی جەلەولا لەوێ هێزەکانمان وەستاندو دوای سەرجەم فەرماندەو ئەفسەرەکانمان بانگ کرد لیوا (صلاح دیلمانی) چوینە ڕوی جەلەولا کە فەرماندەیەکی هێزی پشتیوانی ٢ کەناوی عەمید (دڵشاد)ی ناوبوو لەگەڵمان هاتوو کەبینیمان بارەگایەکی فەوجی قوات تواری سوپای عێراقی لێ بوو کەئەم بارەگایە دوای هاتنی داعش بۆ سنورەکە کە بەبێ تەقەکردن چۆڵکرابوو بەشێکی زۆری کەلوپەلێکی سەربازی کەوتبووە دەستی داعش ئەم بارەگایە نزیک بوو لەگوندی تبج کەمەڵبەندی سەرەکی هێزەکانی داعش بوو لەگەڵ جەلەولا تەنها ڕوبار نێوانیان بوو دەکەوتە ڕۆژئاوای جەلەولاو دوای کاتژمێر (٣) ئێمە خۆمان ئامادەکردو چوینە ناو بارەگاکەو هیچ کەسێکی لێنەبوو تەنها لەدورەوە بەقەناسو دۆشکە تەقەیان لێ دەکردین ئەویش هیچی لەبەرەو پێشچونی ئێمە کەم نەدەکردەوە ئەم بارەگایە بۆ جەلەولا زۆر گرنگ بوو چونکە شوێنێکی زۆر ستراتیژی بوو دوای شەوێک مانەوەمان لەوێ دوای گەڕاینەوە بۆ شوێنی پێشومان کە جەبارە بوو بارەگاکەمان ڕادەستی لیوای پشدەر کرد،

لەبەرواری ٢٠١٤/٧/٩ بەڕێز (لیوا صلاح دیلمان، عمید تەها، مەردان چاو شین، شەهید مجید سەرباز گراوی لەگەڵ عمید محێدین) بەرەو جەلەولا بەڕێ کەوتین بەمەبەستی دیاریکردنی شوێن وەئامادەکاری بۆ هێرشێکی بەرفراوان هەر لەجەلەولا تاوەکو گوندی بایزە دوای دیاریکردنی شوێنەکە یەکسەر گەڕاینەوە بۆ جەبارەو بەر لەنانی نیوەڕۆ سەرجەم فەرماندەکان ئاگادار کراینەوە کەدوای نانخواردن کۆبونەوەیەک هەیە دوای نانخواردن چوینە بارەگای لیوا کۆبونەوەکە دەستی پێکرد کەلەلایەن شەهیدی فەرماندە (لیوا صلاح دیلمان) کۆبونەوەکە دەستی پێکرد، دوای سەرنجی هەمومانی وەرگرت ئامادەکاری کرا بۆ بەڕێکەوتن بۆ شوێنی دیاریکراو کە ئەویش دەشتەکانی تبج بوو، دوای ئێوارە بەرەو تاریکی ئەچوو بەڕێکەوتین بۆ کاتژمێر (٩) شەو گەیشتین بەشوێنی مەبەست دوای کاتژمێر٢:٤٥ دەقەی شەو لەناو جەلەولا شەڕ دەستی پێکرد کەیەکەم جار لەنزیکی وەحدە بوو بڕیاروابوو ئێمە چاوەڕوانی مەوقیفی شەڕەکە بکەین بەڵام دواجار ڕۆژداهات وەکو پێویست ئامانجەکە نەپێکرا بەڵام باش بوو ئێمە ماینەوە بۆ چەند ڕۆژێک کەهیچ شتێک نەبوو خۆمانی لەژێر بحەسێنینەوە تەنها هەندێک لاشەی کۆنی ماشێنی لێ بوو، دوای ٣ ڕۆژو نیو کاتژمێر ٤ ئێوارە چەتەکانی داعش پەلاماری ئێمەیان دا تاوەکو دوای مەغریب شەڕەکە بەردەوام بوو دوای مەغریب هێزەکانی داعش کشانەوە، دوایی شەهید لیوا صلاحو عەمید تەها چەندین پێشمەرگەی بەتوانای نارد بۆ سەر یەکێک لەبارەگاکانی داعش توانیمان زەڕبەیەکی باشیان لێ بدەینو تێکیان بشکێنینو زەبرێکی کوشندەیان لێ بدەین ئێمەش بەسەلامەتی گەڕاینەوە بۆ لای شەهید لیوا صلاح،

دوای چەند ڕۆژ ئێمە لەلایەن هێزێکی پێشمەرگەی دیرین ئالۆگۆڕ کراین‌و دوبارە گەڕاینەوە بۆ جەبارە.
لەبەرواری ٢٠١٤/٧/٢٤ بڕیاردرا هێرش بکرێتە سەر جەلەولا بۆ ئازادکردنی، ئەوەبوو ئێوارە لەناو مزگەوتی جەلەولا کەلەژێر دەستی پێشمەرگە بوو لەوێ خۆمان ئامادەکردبوو بەیانی کاتژمێر ٥ی سەرلەبەیانی هێرشەکەمان دەستی پێکرد، ئەگەر چی بەرگریەکی زۆریان هەبوو عبوەیەکی زۆریان دانابوو بەڵام ئەمانە نەبونە بەربەست بۆ ئەوەی پێشڕەویەکانی هێزی پێشمەرگە بوەستێنن ئەوەبوو کاتژمێر ٧ سەرلەبەیانی توانیمان تا دواخاڵی کەبازگەی دەرچون بوو لەجەلەولا ڕزگار بکەین بەڵام کاتژمێر دەوروبەری ١٢ نیوەڕۆ داعش هێرشێکی پێچەوانەی هێنایە سەر سەنگەرەکانی ئێمە ئەوەبوو تاوەکو کاتژمێر ٣ نیوەڕۆ شەڕ بەردەوامی هەبوو بەهۆی نەگەیشتنی هێزی پشتیوانی‌و تەقەمەنی دۆخەکە تادەهات خراپتر ئەبوو هێزەکان هەمویان کشانەوە تەنها ٣٠ پێشمەرگە مابوو کاتژمێر ٣ (عەمید سەرباز گراوی) شەهید بوو تەقەمەنیشمان پێ نەمابوو دوایی بەشەهید (صلاح)مان وت ئەبێت بکشێینەوە چونکە شەهیدمان داوەو تەقەمەنیشمان لانەماوە هێزی پشتیوانیمان نەگەیشتە لا، شەهید صلاح گوتی من ئێرە چۆڵ ناکەم چونکە خوێنم لێی ڕشتوە ئەوەبوو دواجار هیچ چارەمان نەماو پاشەکشەمان کردو تەرمی شەهید (عەمید سەرباز) مان دەرباز کرد.

## شەڕی کارگەی بلۆک

بەرەبەیانی ٢٠١٤/٨/٩ کاتژمێر ٦ سەرلەبەیانی هەواڵ هات کەتیرۆریستانی داعش لەهێرشێکی گەورەدا بۆ سەر ڕێگای گشتی نێوان قەرەتەپە نەقشبەندی کەلەنێوان ئەو دوو شوێنە کەکارگەیەکی

بلۆک دروستکردنی لێبوو وەبارەگایەکی لیوای پشدەری هێزی پێشمەرگەی کوردستانی لەناودا بوو ئەوەبوو کاتژمێر ٥ بەیانی داعش هێرشی کرد بۆ سەر ئەو شوێنە لەهەردوولای کارگەکەش جادە گشتیەکە بۆمبڕێژکرابوو بۆ ئەوە ئیمداداتی پێشمەرگە نەگاتە ئەم شوێنە ئەوەبوو لیوا مەردان لێپرسراوی میحوەری قەرەتەپە پەیوەندی کرد بەلیوا ڕەسول قەندە کەئەوکات جێگری لیوای ١١٨ ی باڵەک بوو داوای هاوکاریو هێزی بەپەلەی لەلیوا ڕەسول قەندە کرد چونکە دۆخەکە زۆر خراپ بوو هەر ئەوکات لیوا ڕەسول قەندە عەمید تەهای فەرماندەی فەوجی ١ی ڕاسپارد کە فریای لیوا مەردانو هێزەکەی لیوای پشدەر بکەوێت ئەوەبوو ئێمە لەگەڵ هێزێک بەڕێکەوتین بۆلای لیوا مەردان کەچوین لیوا مەردان خۆیو چەند کەسێک لەدوری کارگە بلۆکەکە مابون، کەئێمە گەیشتین پرسیمان دۆخەکە چۆنە لەوەلامدا ئەو گوتی تاڕادەیەک دۆخەکە کۆنترۆڵە بەو پێیەی بەشێک لەهێزە تایبەتەکەی خۆی بۆ بەهاناوەچونی لیوای پشدەر ناردبوو ئێمە لەجیهازەکان گوێمان لەدەنگی شەهیدی فەرماندە سەرەباوە دەبوو کەداوای دەکرد لەڕێگای تۆبخانەکانەوە بۆردومانی بورجەکەو دەوروبەری بکرێت، ئەوەبوو داواکاریەکەی لەلایەن عەمید عەبدوڵا کەسەرپەرشتی بەشێکی تۆبخانەکەی دەکرد جێبەجێ کرا ئێمەو عەمید تەها لەگەڵ لیوا مەردانو ئەو هێزەی لەگەڵمان بوو بەرەو کارگەی بلۆکەکە بەڕێکەوتین ئەگەرچی جادەکە هەموی بۆمبڕێژکراو بوو، بەلام هەرچۆنێک بوو لەدەشتەکەوە خۆمان گەیاند بۆلای هێزەکە شەڕ بەقورسی بەردەوام بوو کاتژمێر ٤ ئێوارە دوای هێزی زیاتری پێشمەرگە هاتو داعش تێکشکا لەم شەڕەدا شەهیدو بریندار لەڕیزی

پێشمەرگە هەبوو ئێوارە ئێمە گەڕاینەوە هێزێکی تر لەشوێنی ئێمە جێگیر بوو.

## شەڕی بایزە

لەبەرواری ٢٠١٤/٨/٢٠ ئێمە وەکو سەرجەم فەرماندەو ئەفسەرەکان کۆکراینەوە لەبارەگای لیوا لەناحیەی جەبارە لەلایەن لیوا صلاح دیلمانی پێمانی گەیاند کەبەرنامە هەیە پەلاماری سەرتاسەری ناحیەی جەلەولاو گوندی تبزو بایزەو جومەیلە هێرشیان بکرێتە سەر بۆ ئەوەی لەدەستی تیرۆریستانی داعش ڕزگار بکرێت بەپێی نەخشەکە ئێمە گوندی بایزەمان بەرکەوتبوو ئەوەبوو شەهید صلاح دیلمانی عەمید تەهای ڕاسپارد کەفەرماندەی فەوجی ١ لیوای ١١٨ باڵەک بوو لەگەڵ تیمێک زوو بڕۆن بۆ ئەو شوێنەی کەئێمە هێرشەکەمان لێوە دەست پێ دەکرد، ئەوەبوو ئێمە کاتژمێر ٥ ئێوارە لەگەڵ عەمید تەهاو ڕائید جەلیلو ڕائید سەردارو ڕائید مستەفا برایمو موقەدەم عولا قوچ ئاڵی کەلەمیحوەر لای لیوا مەردان هاتبون ئێمە ڕۆیشتین بۆ ئەو شوێنەی کەبۆمان دیاری کرابوو لەوێ چاوەڕێمان کرد تاکو کاتژمێر ٧ ئێوارە ئەوەبوو شەهید لیوا صلاح دیلمانیو هێزەکانی تریش گەیشتن، ئەوەبو هێرشەکە دواخرا بۆ ڕۆژی دواتر ئەگەرچی داعش هەستی کرد کەئێمە لەو ناوچانە هەینو بەردەوام بەهاوەنو دۆشکە بۆردومانیان دەکردین ڕۆژی دواتر بڕیار درا کە کاتژمێر ٨ بەیانی هێرشەکە دەستی پێکرد کە ڕەتلی پێشەوە ئێمەو شەهید صلاح دیلمانیو عەمید تەهاو عەقید محێدین بوین لەبەرزاییەکانی بایزە شەڕێکی قورس دەستی پێکرد کاتژمێر نزیکی ١٠ سەرلەبەیانی هەواڵی شەهید بونی لیوا کەمال حاجی فەرماندەی لیوای بتوێنمان پێ گەیشت کەچەند ١٠٠ مەترێک لەدەستە چەپی ئێمە

لەشەڕێکی قورسدا بوو لەگەڵ تیرۆریستانی داعش، ئەوەبوو بەدوای ئەو شەوە هەواڵی برینداربونی عەقید برایمە سورمان پێ گەیشت ئەوە نەک هەر ساردی نەکردینەوە بەڵکو پێشمەرگە ڕق ئەستورترو دڵ گەرمتر ئەوەبوو وەکو ئەو گەرمایەی کەئەوکات لەوێدا هەبوو دوای کاتژمێر ٢ پاش نیوەڕۆ بەربەستەکەی داعشمان شکاندو توانیمان شوێنی مەبەست بگرین کەزیانێکی زۆریش بەدوژمن کەوت ئینجا بەشێک لەهێزەکەمان لەوێدا جێگیر کرا واتە لەسنوری بایزە.

دوای ئەوەی لەبەرواری ١٩ لەسەر ٢٠١٤/١٠/٢٠ ئاگادارکراینەوە کە داعش پەلاماری گوندەکانی (بایزەو قەرەتەپە) بدات، ئەوەبوو لیواکەی ئێمە لەگوندی بایزە لەواجبدا بووین، بەڵام کاتژمێر ٤ سەرلەبەیانی لەلایەن (لیوا مەردان چاو شین) پەیوەندیەکی تەلەفونی لەگەڵ شەهید (لیوا صلاح) کردو داوای لێکرد کە فریای قەرەتەپە بکەوێت چونکە داعش پەلاماری قەرەتەپە ئەدات کاتژمێر ٥ بەیانی شەهید صلاح بەشێک لەهێزەکەی بەرەو قەرەتەپە بەڕێکەوتین، ئەوەبوو نەمانتوانی لەڕێگای کارگەی بلۆکەوە بڕۆین چونکە بۆمبڕێژ کرابوو ناچار بوین ڕێگای گوڵەجۆمان بەکارهێنا ئەوەبو کە گەیشتینە قەرەتەپە دۆخەکە زۆر نالەبار بوو، تەنها بەشێکی کەمی قەرەتەپە بەدەستی پێشمەرگەوە بوو لەناویاندا گردی (گرد خەنجەر) بەدەستی پێشمەرگەوە مابوو بەڵام زۆر ئەستەم بوو دەستی هێزەکانی پێشمەرگەی پێ بگات لەبەر سەختی شوێنەکە چونکە داعش لەچەند لایەکەوە گەمارۆی شوێنەکەی دابوو، ئەوە بوو شەهید صلاح بڕیاریدا بگاتە لای ئەو پێشمەرگانەی کەلەناو ڕبایەکەدا مابوون تا گەیشتینە لای ئەوان ٦ پێشمەرگەمان بریندار بوون کە گەیشتین بینیمان (لیوا کوردە شاوری) هەندێک پێشمەرگەو (لیوا مەردان چاو شین) لەوێ دا مابون، شەڕەکە زۆر بەردەوام بوو، چونکە

پێشمەرگە لەهەندێک گەڕەکدا هێشتا مابوون تەنها لەبازگەی نێوان قەرەتەپەو تاترا (لیوا مستەفا عول تەها) خۆیو چەند پێشمەرگەیەک لەشەڕێکی دەستەویەخەدا بوون کە چەندین پێشمەرگەشی لاشەهید بوون لەناوماڵەکاندا ئەوەبوو شەهید (سەرەباوە)و چەند پێشمەرگەیەک لەدۆخێکی زۆر نالەباردا مابون، ئەوەبو بۆ کاتژمێر ٩ی بەیانی پەیوەندیمان لەگەڵ سەرەباوەوە پچڕا زانیمان کە شەهید بووە، ئینجا داعش زەختێکی زۆری لەسەر ئەو شوێنە کرد کە ئێمەی تێدا مابوین ئەوە بوو لە٢ قۆڵەوە هێرشیان هێنایەوە بەر لەوەی بگەنە ڕەبایەکە شەهید صلاح بە(عەقید محێدینو مام هێدی) وت ئێوە بەرگری بکەنو منیش هێرشیان بۆ ئەکەم ئەوە بوو خێرا دەستی دایە بیکەیسیو لەساترەکە ڕای کردو ڕوەو داعش ڕۆی گوتی ئەوەی پیاوە ئەبێت بەدوای مندا بێت، یەکسەر پێشمەرگەکانو ڕائید سمایل پشدەریو نەقیب مام کاوەو ملازم سەمەد ئەمینو عەقید محمد جولکو فەیسەڵ بەورەوە بەشێک لەپێشمەرگەکان بەدوایدا ڕۆیشتین ئەوەبوو داعش شکاو گەیشتین بەو شوێنەی کە سەرەباوەی لێ بوو کە بینیمان شەهید کرابوو لەم هێرشەدا (نقیب مام کاوە) بەسەختی بریندار بوو دوایی بەهۆی سەختی برینەکەی شەهید بوو، ئەم شەڕە تا کاتژمێر ٩ ی شەو بەردەوام بوو کە چەندین شەهیدو برینداری لێکەوتەوە، داعشیش شکاو چەندین لاشەی بەجێ هێشتو برینداریشی هەبوو.

## شەڕی تەللوەرد

لەبەرواری ٢٠١٥/١/٢٩ دوای تەواوکردنی ئەرکو واجباتمان لەگەڵ شەهید لیوا صلاح دیلمانی لەمیحوەری قەرەتەپە گەڕاینەوە بۆ ماڵەوە بۆ مەبەستی پشودان کاتژمێر ١٠ شەو گەیشتینەوە ماڵەوە دوای

ئەوەی خەوتین سەرلەبەیانی کاتژمێر ٧ لەزەنگی مۆبایلەکەی شەهید صلاح دیلمانی خەبەرم بۆوە جوابم دایەوە وتم فەرموو گەورەم چی بوە بەم بەیانیە تەلەفۆنت کردوە گوتی خۆت ئامادە بکەو بەپەلە بگەرە مەقەر لیوا لەچوارقورنە وتم بۆچی گوتی داعش هێرشی هێناوە بۆسەر هێزەکانی پێشمەرگە لەسنوری کەرکوک دەبێ ئێستا بەرێبکەوین بۆ کەرکوک وتم ئەو هێزە کێیە کەلەگەڵی دەچین بۆ کەرکوک گوتی ڕائید سەردارو علی ئاودەلو ئەوانیش دێن وتم مادامەوایە گەورەم تۆ برۆ من لەگەڵ ڕائید سەردارو ئەوان دێم تۆش چاوەڕوان بە لەدەروازەی کەرکوک گوتی باشە من ئەڕۆم ئێوەش پەلەبکەنو زوو وەرن دوای ئەوە ئێمەش لەگەڵ ڕائید سەردار کە مساعید فەوجەکەمانەو عەقید علی ئاودەل کە جێگر فەوجەو موقەدەم عەبدوڵا قۆچاڵ بەرێکەوتینو ڕۆیشتین دەرچوین لەتەق تەق بینیمان خەڵکێکی زۆر بەرەو تەق تەقو کۆیە ڕائەکەن تەنانەت ڕێگا نەبوو بەئاسایی برۆین لەبەر قەرەباڵغی خەڵکەکە پرسیمان چی بووە؟ گوتیان دۆخی کەرکوک زۆر خراپە هەندێک لەو خەڵکە پێیان گوتین ئێوە بۆ کوێ ئەڕۆن بۆ کێ خۆتان بەکوشت ئەدەن هەندێکیشیان دەست خۆشیان لێ کردین کە ئەچین بۆ سەنگەری پێشەوە، ئەوە بوو ئێمە ڕۆیشتین گەیشتینە دەروازەی شاری کەرکوک بینیمان شەهید صلاح دیلمانیو زاهیر وەرتیو پۆلێک لەپێشمەرگەکان چاوەڕێی ئێمەیان دەکرد کە گەیشتینە لایان ڕێک بەڕێ کەوتین بۆ سنوری تەلوەرد کە گەیشتینە ناو شاری کەرکوک حاڵەتێکی زۆر دژوار هەبوو لەزۆر شوێن دەنگی تەقە ئەبیستراو هاتوچۆی ماشێن زۆر کەم بوو لەگەڵ ئەوەشدا بارانێکی زۆر بەقوەت ئەباری بەڵام ئێمە نەوەستاینو چوین بۆ تەلوەرد لەڕێگا بینیمان ئیسعاف

هاتوچۆیان ئەکردو هەستمان ئەکرد کە شەڕێکی زۆر قورس هەیەو بریندارو شەهیدیش هەیە.
بەرەبەیانی ٢٠١٤/١١/٢٣ بڕیاری هێرشی سەر جەلەولا دەستی پێکرد ئەوەبوو ئێمەش لەنزیک ڕوباری نێوان تبجو جەلەولا جێگیر کراین بۆ ئەوەی لەکاتی پێویستدا نەهێڵێن هێزی پشتیوانی بەدەستی داعش بگات دوای ئەوەی خەریک بوو بەتەواوی جەلەولا دەکەوتە ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە نزیکی سەعات ٣ی ئێوارە هێزێکی زۆری داعش کە لەجەلەولاوە ڕایان ئەکرد کەوتنە سەر بۆسەی ئێمەو شەڕێکی سەخت لەنێوان ئێمەو ئەوان دا دەستی پێکرد دواجار هێزێکی داعش لەتبجەوە بەهانای ئەم هێزە شکاوەوە هاتن کە ئێمە لەهەردوولاوە داعش دەورەی دابووین شەڕێکی زۆر نابەرامبەر بوو، ئێمە بەشەهید سەلاحمان وت چی بکەین ئەویش پەیوەندی کرد بەلیوا مەردانو گوتی چەند هەمەرێکمان پێویستە چوونکە دۆخەکە زۆر خراپە ئەوەبوو لیوا مەردان دوو هەمەری بۆ ناردینو دواجار توانیمان لەهەردوولاوە هێرشەکەی داعش تێک بشکێنین کە گورزێکی زۆر گەورەیان بەرکەوت کە چەندین لاشەیان جێمابوو دوایی من بەشەهید سەلاحم وت وتم گەورەم تاکەی ئەو سەرکەشیە ڕۆژێک دێت هەموومان بەشەهید کردن ئەدەی پێکەنیو گوتی جا کێ خوا ئەمەی پێ ئەدات کەلەسەر خاکی کوردستان شەهید بێت شەرەفکێکی گەورەیە کەلێرەدا شەهید بین نەوەک بەجەڵدە لەناو جێگە یان بەڕوداوی ماشێن بمرین ئەو هەمیشە شتێکی ئەوت واتە شەهید سەلاح ئەیوت چۆن نوێژو ڕۆژو فەرزو واجبە بەهەمان شێوەش پاراستنی خاکی کوردستان واجبە.
ئەوەبوو خەڵکێکی زۆری کەسوکاری پێشمەرگە لەشوێنە دورەکانەوە هاتبوونو لەقەراخ جادەکان وەستابوون ئێمە هەر ڕۆیشتینو



نەوەستاین تاکوو نزک بووینەوە لەتەلوەرد لەپڕ بینیمان خەڵکێکی زۆر پاشەکشەی دەکردوو لەناو ئەم خەڵکەدا دەبابەو هەمەڕو ماشێنی تری سەربازی دەبینرا کە سەیرمان کرد چەندین ماشێن هەموی تێکشکا بوو بەهۆی شەڕو تەقینەوەوە دوایی لەقەراخ جادەکەی تەلوەرد ماشێنکەی وەستاندوو ئیشارەتی بۆ ئێمەش کرد ئێمەش لەدوای ئەووەستاین من دابەزیمو چوومە لای کە دیتم ئەو هەموو خەڵکە ڕایان ئەکردوو ماشێنکان شەهیدوو برینداریان پێ بوو من لەزۆریانم پرسی کەس وەڵامی نەدامەوە تەنها بەدەست ئیشارەتیان دەکردوو منیش تێنەدەگەیشتم ئەڵێن چی تا خوا حەز بکات دۆخێکی ناهەموار بوو بارانو تۆفانو لافاویش لەولاوە بوەستێت هاوەنو دۆشکەی داعشیش دەهاتن بۆلامان کەزۆر مەترسی بوو بەر کارگەی غاز بکەوێت کەلەم ناوە بوو هەرچۆنێک بێت من بەشەهید سەلاحم وت گەورەم چی بکەین خەڵک واهەمووی دەکشێتەوە گوتی بوەستە تەلەفونی بۆ یەکێک کرد کەنازانم کێ بو وتم چی بوو گوتی بابڕۆین بۆ ساترەکەی پێشەوە کاک کۆسرەت خۆی لەوێیە ئەوەبوو بەڕێکەوتینو گەیشتینە ساترەکە کە دەکەوێتە بەری ئاوەکە کە بەری کەرکوک دەکات، کە چووین خانویەکی لێبوو بارەگای لیوای ٦ ی پیادەی سەر بەوەزارەتی پێشمەرگەی لێبوو بینیمان کاک کۆسرەتو کاک محەمەدی حاجی مەحمودو کاک شاڵاو کۆسرەتو کاک دەرباز کۆسرەتی لێبوو لەگەڵ شەهید لیوا حسێن مەنسور وەچەندین فەرماندەی تریش کەمن نەمئەناسین دیار بو ئەوان زۆر خۆشحاڵ بوون بەگەیشتنی شەهید صەلاحو هێزەکەی ئەوەبوو کاک کۆسرەت فەرمانی بەشەهید سەلاح کرد گوتی ئەبێت بڕۆیت بۆ سەر ساترەکە کەنێوانی ساتری ئێمەو داعش زێیەکە بوو کە گەیشتنە سەر ساترەکە بەیاوەری کاک محەمەد حاجی مەحمود بینیمان چەندین

فەرماندەو خەڵکی تێکۆشەر لەسەنگەری پێشی پێشەوە وەستاون لەبەر باران کە نێوان ئەوانو داعش چەند سەت مەترێک بوو ئەو فەرماندانەی کە لەوێبوون هەریەک لەئاسۆ مامەندو بورهانی سەید سۆفیو ڕێباز بێکۆتیو خالید شوانیو لیوا محەمەد سەیدەو عەمید ئەیوب کە فەرماندەی لیوای ٣ ی کاک کۆسرەت بوون بینیمان چەندین لاشەی داعش لەوێدا کەوتبوون چونکە پێشتر ئەو شوێنە کەوتبوەوە دەستی داعش بەڵام پێشمەرگە هێرشی کردبوەوەو گرتبویەوە بۆیە چەندین لاشەی داعش لەوێدا بەجێ مابون دواتر لەلایەن ئاسۆ مامەند بانگهێشتی شەهید سەلاحو عەمید ئەیوبیان کرد پێی وتم کاک کۆسرەت ئەڵێت ئەبێت هێرش بکەن بۆ ئەوبەری تەلوەرد گوتی نابێت دوابخرێت ئەبێت هەر ئەمڕۆ لەژێر دەستی داعش دەربهێنرێت ئەوەبوو ڕاوێژێکیان کردوو بڕیارماندا هێرش بکەین بۆ ئەو بەری تەلوەرد واتە ئەو سەنگەرانەی کە داعش دەستی بەسەردا گرتبوو ئەوەبوو شەهید سەلاح بانگی هێزەکەی کردو کۆی کردینەوە گوتی ئەوە کاک کۆسرەت فەرمانی کردووە کە هێرش بکەین بۆ ئەوبەری تەلوەرد لەگەڵ لیوای ٣ی تایبەتی کاک کۆسرەت هەرچەندە کاک سەلاح گوتی هێرشکردنەکە زۆر سەختە بەهۆی باران بارینو سەختی شوێنەکە بەڵام ئەو گوتی فەرمانەو ئەبێ جێبەجێ بکرێت، چونکە ئەو گوتی ئازادکردنی تەلوەرد زامنی ئارامیە بۆ کەرکوک هەرچۆنێک بێت دەستمان کرد بەبەرنامەکەو لەپردەکە پەڕینەوە بۆ ئەوبەرو لەدوقۆڵەوە هێرشمان دەست پێکرد لەقۆڵی لای ڕاست لیوای سێی تایبەتی کاک کۆسرەتو لەقۆڵی چەپیشەوە لیوای ئێمە کە لیوای ١١٨ی باڵەک بوو ئەگەرچی زۆر سەخت بوو بەڵام خۆڕاگریو بوێری برا پێشمەرگەکان باکیان بەم سەختیە نەبوو لەماوەیەک سەعات دا تەواوی سەنگەرەکانمان کۆنترڵ

کرانەوەو مژدەی خۆشیمان ڕاگەیاند کە تەوای تەلوەرد لەدەستی هێزی پێشمەرگەدایە ئەوەبوو لەکۆتایی سەنگەردا پەیوەندی بەهەڤاڵ شێخ جەعفەر کردوو هەواڵی ئازادکردنی تەلوەردی پێڕاگەیاند، شێخ جەعفەر دەستخۆشی لێکردو داوای لەکاک سەلاّح کرد کە ئەو شەوە لەوێ بمێنێتەوە تابەیانی لەو شەوەدا داعش چەندین دژە هێرشی هێناو پەلاماری داین‌و قەسفی هاوەنی دەکردین بەلاّم لەلایەن ئێمەوە بەتوندی بەرپەرچ درانەوەو نەیانتوانی بێنە پێشەوە بۆ بەیانی بڕیار هات کە هێزێکی تر یەت شوێنی ئێمە دەگرێتەوە ئەوەبوو لیوای گەرمیان هات‌و شوێنەکەی لەئێمە وەرگرت هەر لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە گەڕاینەوە بۆ ئەوبەری ئاوەکەو لەوێ پەیوەندیەک کرا بەشەهید سەلاّح‌و گوتیان ئەبێت ئێستا بەرەو مەلا عەبدوڵا بەڕێ بکەویت چونکە پێشمەرگە دەستی بەهێرش کردن کردبوو بۆ پاککردنەوە ئەو شوێنانەی کە لەسنوری مەلا عەبدوڵا داعش دەستی بەسەردا گرتبوو ئەوەبوو بۆ ئێوارە تەواوی شوێنەکان کۆنترۆڵ کرانەوە دوای ئەوە بەشەهید سەلاّحیان وت ئەبێت تۆ بگەڕێیتەوە بۆ پشو، ئەوەبو چوین بۆ یەکێک لەمزگەوتەکانی ناحیەی تۆپزاوا کە نزیک تەلوەردە ئەو شەوە لەوێ پشومان دا بۆ بەیانیەکە لەلایەن کاک شێخ جەعفەرەوە بانگهێشتی کاک شەهید سەلاّح کرا پێی وتبوو ئەبێ هەرچۆنێک بێت بۆ ماوەیەکی کاتی سنوری مەکتەب خالید بپارێزن ئەوەبوو کاک شەهید سەلاّح فەرمانی کرد کە ئێمە بچین بۆ مەکتەب خالید کە هاتەوە بۆ لامان بۆ مزگەوتەکە کۆیکردینەوەو پێی گوتین چۆن نوێژو ڕۆژوو واجبە ئاواش پاراستنی نیشتمان واجبە گوتیشی ئەزانم زۆر هیلاکن چونکە بەشێکتان دەمێکە نەگەڕاونەتەوە بۆ ماڵەوە بەلاّم ئێمە ئەبێ ئەو ئەرکە وەک خۆی جێبەجێ بکەین چوونکە هەمو ئازادیخوازان لەجیهان چاویان لەدەستو

بازوی ئێوەیە گوتیشی کەس‌و کاری شەهیدان‌و هەموو خەڵکی کوردستان چاوی لەئێوەیە کە ئازادیو ئەمنیەتیان بۆ بەرپابکەن بۆیە نابێت بیر لەماندوبون‌و هیلاکیەت بکەنەوە لەکۆتایدا گوتی کێ قسەی هەیە ئەگەر کەس قسەی نیە سڵاواتێک لێ بدەن‌و نوێژەکانتان بکەن‌و نان بخۆن‌و دەڕۆین، دوایی نانمان خواردو نوێژمان کردوو بەرەو مەکتەب خالید بەڕێکەوتین کە گەیشتین بینیمان هێشتا ئاسەواری وێرانکاری دەستی داعش هەر هەبوو هەر لەهەمان شوێن چەندین لاشەی داعش هەبوو چەندین ماشێنی سوتاو سەرجەم ئەو بارەگایانەی شیعە کەداعش دەستی بەسەردا گرتبوو هەمویان سوتاندبوو، بەڵام ئێمە گەیشتین ڕاستەوخۆ دەستمان کرد بەپاکردنەوەی شوێنەکەو کە شەهید سەڵاح دیلمانی هات‌و گوتی دەبێت سەنگەرەکانمان نۆژەن بکرێنەوە بۆ ئەو ماوەیەی کە ئێمە تیایدا دەمێنینەوە کە نزیکەی بۆ ١٣ ڕۆژ لەوێ ماینەوە بەردەوام خەریکی دروست کردنی سەنگەرەکانمان بووین، لەم ماوەیەدا بەردەوام تەقە لەنێوان ئێمەو ئەوان هەبوو شەوانە تاکو بەیانی هیچ کەسمان نەدەخەوتین چونکە ئەم شوێنە لای داعش زۆر گرنگبوو زۆر هەوڵی ئەدا شوێنەکە بگرێتەوە بەڵام ئەیزانی زۆر ئەستەمە بتوانێت سەرکەوتوبێت.

شەوێک لەدوای سەعات ٨ ی شەو شەهید لیوا سەڵاح دیلمان خۆی دەهاتە ئەو سەنگەرەوە کە لەپێشی پێشەوە بوو بەڵام ئێمە هەمووکات کێشەمان لەسەر ئەوەبوو کە نابێت تۆ لەڕیزەکانی پێشەوە بیت چونکە بۆتۆ زۆر خەتەرە، بەڵام هەرگیز بەگوێی نەدەکردین شەوێک (لیوا هیوا ڕەش) هات‌و پێی‌وت بیکە خاتری خوا خۆت بپارێزە تۆ ئەمین‌و پارێزەری گەل‌و نیشتمانی زۆر چاویان لەسەر تۆیە چاویان لەدەست و توانای تۆیە، خۆت بپارێزە ئەو گوتی ئێستا (عەمید شێرکۆ شەهید بوو)

کەرکوک هەموی خوێنی لێدەڕژێت حزبەکەت‌و گەلەکەت زۆر چاوەڕوانی ئەوەبوو کە ئێوە بەم کەسایەتیە ببنە پارێزەری خاکی پیرۆزی کوردستان لەوەڵامدا گوتی شەهید بون گەورەترین پلەیە کە ئێمە پێیبگەین لەپێناو پارێزەری خاک‌و شەرەفی کوردستان گوتی لەساڵی (١٩٧٩) وە بۆ شەهید بوون خەبات ئەکەین بۆیە ئەبێت شەهید بوون بەگەورەترین پلە بزانین، دوای چەند ڕۆژێک تیرۆرستانی داعش هەستان بەسوتاندنی کارگەی دەرمانی کبریت کە لەنێوان ئێمەو داعشدا بوو بۆ ئەوەی ئێمەی پێ هەراسان بکات بەڵام چەندین جار لیوا سەلاح هەوڵیدا کە بچین بۆ نزیک کارگەکە بەڵام لەلایەن کاک (ئەرسەلان ئیبراهیم) ڕێگەی پێنەدراو گوتی نابێت چونکە زۆر خەتەرە گوتی ناکرێت بەدیار ئەم دووکەڵ‌و گازی ژەهراویە دابنیشین بەڵام دواجار وتم من خۆم ئەچم لەنزیک کارگەکە بینایەکی زەردی دووقاتی لێبوو، داعش زۆر جار ئەهاتە ئەم بینایەوە بەقەناس‌و بیکەیسی تەقەی لێمان ئەکرد، دوایی شەهید سەلاح گوتی ئەچم بۆ ئەو بینایە ئاڵاکەی دا ئەگرم چونکە هاوپەیمانەکان بەهۆی ئەم ئاڵایەوە بۆمبارانی داعش ناکەن بەڵام منیش وتم ئەچم ئەوەبوو لەگەڵ شەهید سەلاح‌و حەمە لاوو کاک جەمال چووین ئاڵاکەمان داگرت ڕوبەڕووبوونەوە لەنێوان ئێمەو داعش دروست بوو دوای ئەوە خۆشبەختانە گەڕاینەوە بۆ شوێنەکانی خۆمان دوای ١٣ ڕۆژ مانەوە لەمەکتەب خالید گەڕاینەوە بۆ ماڵ‌و لیوای ١ شوێنی ئیمەی گرتەوە.

شەهید (صلاح) لەکاتی شەڕدا دائەنیشت‌و هیچ کات بێ ئومێدی پێوە دیار نەبوو ئەگەر لەدۆخێکی زۆر خراپدا ئەوت ئەبینی ڕاستەوخۆ دڵت پڕ ئەبوو لەخۆشەویستی پیاو چاکی‌و خۆنەویستی ئەو، چونکە شەهید (صلاح) پیاوێکی زۆر سادە بوو هەمیشە خۆی بەخزمەتکاری

پێشمەرگە ئەزانی چۆن لەساڵی ١٩٧٩ بۆ خومەتکردنی وڵات چەکی خستە شانیو هەر لەڕێگای ئازادیو ڕزگاری کورد گیانی خۆی بەخت کرد. لەکۆبونەوەکانیدا بەئێمەی ئەوت هەمووومان ئەمرین جا مردنێک لەپێناو نیشتمان بێت هەموو کەس بەری ناکەوێت هەرکەس شەهیدی ڕێگای نیشتمان بێت تا شەهید ئەبێت دڵنیابن لەدڵی گەلەکەیدا نامرێت بۆیە دەیگوت چۆن من هاوڕێ شەهیدەکانم لەیاد ناچێت دڵنیابن ئێمەش کە شەهیدبووین لەپێناو خاکی پیرۆزی نیشتمان هەمیشە لەبیرو دڵی هاوڕێکانمان ئەمێنینەوە.

لەبەرواری ٢٠١٥/٢/١٣ دوایی کە ئێمە لەمەکتەب خالید گەڕاینەوە بۆ ماڵو لەوێشەوە بۆ قەرەتەپە زۆری نەبرد بەتەواوی گواسترایینەوە بۆ داقوق لەوێ جێگیرکراین بەڵام لەبەرواری ٢٠١٥/٣/١٣ بڕیاربوو هێرش بکەینە سەر گوندی (گۆمات) سەر لەبەیانی بەڵام بەهۆی ئامادەنەبونی هاوپەیمانان دواخرا بۆ کاتژمێر (٢)ی دواینیوەڕۆ لەکاتژمێر (٢) هێرش دەستی پێ کرد بەڵام بەهۆی سەختی شوێنەکەو هەبوونی بۆمبی چێنراو نەمان توانی پێشڕەوی بکەین، شەڕێکی قورس دەستی پێکرد شەو کاتژمێر (٧) ی ئێوارە دواجار ئێمە پاشەکشەمان کرد ئەوە بوو (٢) شەهیدمان دا کە بەناوەکانی (شەهید شاسوارو شەهید ئومێد) بوو شەهید (ئومێد) لەوکاتەدا پاسەوانی لیوا (ڕەسوڵ قەندە) و (٥) بریندارمان هەبوو، دوای ئەوە لەبەرواری ٢٠١٥/٣/١٧ لەکاتێکی ئێوارەی درەنگدا کۆبونەوەیەکی بەپەلەمان کرد، شەهید صلاح دیلمانی ئامۆژگاریو ڕێنوێی کردین گوتی بەیانی هێرش دەکەینە سەر گوندەکانی (وەحدەو خالیدیەو سەعد) بەڵام ئێمە ڕەتڵی یەکەم نابین، بەیانی شەڕ دەستی پێکردو بۆ کاتژمێر (٢) تەواوی ئەم گوندانە کۆنترۆڵ کران کە هێزەکە هێرشەکانی دژەتیرۆرو لیوای (٣)ی تایبەت

هێزەکانی پشتیوانی (٢)و هێزەکانی میحوەری داقوق‌و ئێمە ئەنجامماندا، خۆشبەختانە سەرکەوتوبووین دوای هەموو هێزەکانی تر گەڕاینەوە بۆ شوێنەکانی پێشوو ئێمە لەوێ نیشتەجێ بووین لەبەرواری ٢٠١٥/٣/١٥ بڕیار درا کەهێرش بکەینە سەر گوندی تلمغر کاتژمێر (٣)ی دواینیوەڕۆ دەستمان کرد بەهێرشەکەو بۆ کاتژمێر (٤) بەتەواوەتی ئازادکرا، دوای ئەوەی لیوای بتوێنی نیشتەجێ کرد ئێمە گەڕاینەوە بۆ گوندی سعد ئەوەبو هێرشی پێشمەرگە بەوە کۆتایی نەهات بۆ بەیانی کاتژمێر (٨) ی بەیانی هێزی پێشمەرگە هێرشی دەست پێکردەوە بەرەو گوندەکانی (عوزێریەو) هەر کە ئێمە نزیک گوندی (عوزێریە) بووینەوە، توشی ڕوبەڕوبونەوەیەکی زۆر سەخت بووین، شەڕێکی قورس دەستی پێکرد تا کاتژمێر (٢) بەقورسی شەڕ هەبوو بەهۆی بۆمبی چێنراو نەدەتوانرا پێشڕەوی بکەین، دوای بەهۆی بەهێزی باڵا دەستی هێزەکانی داعش ئەوەبوو هێزی پێشمەرگە پاشەکشەی کرد، گەرچی ئێمە بۆ هێرش بردن دانەنرابووین بەڵام کە بیستمان هێزەکانی پێشمەرگە بەرەو دواوە کشاوەتەوە زۆربەی ئامێرە سەربازیەکانیان جێ‌ماوە ئەوە بوو (شەهید صلاح دیلمانی) بڕیاری دا تاوەکو لەوێ شەهید نەبێت ئەم شوێنە چۆڵ نەکات بەئێمەشی گوت هەرکەسێ پاشەکشە بکات بەدەستەکانی خۆم ئەیکوژم، چونکە خوێنی شەهیدەکان ڕێگامان نادەن ئێرە چۆڵ بکەین، ئەوە بوو یەکێ لەفەرماندەکان کەناوی (ڕائید صلاح) بوو گوتی حەزدەکەی وەکو عمر موختار قاچمان ببەستە چۆن ئێرە چۆڵ ئەکەین. ئەوەبوو خۆی لەم دەستەوە وەستاو دەستی کرد بەئاربێجی‌و شەڕێکی قورس دەستی پێکرد، دوای ئەوەش کاک (بەختیار) کە یەکێک لەپێشمەرگە ئازاکان شۆفلێکی هێناو دەستی کرد بەدروستکردنی ساتر چەندین فیشەک بەر شۆفلەکە کەوت، بەڵام ئەو نەوەستا تاوەکو ساتری

بۆ هێزەکەمان دروستکرد، بەڵام لەو کاتەدا بوو بەڕێز (ڕائید سالار) شەهید بوو بەڵام شەهید بونی ئەو ئێمەی گەرمتر کرد توانیمان ڕێگاکە لەداعش بگرین تا وەکو نەتوانێت بێتە پێشەوە شەڕ تاوەکو نیوەڕۆ بەردەوام بوو دوای نیوەڕۆ گەڕاینەوە بۆ گوندی سعد هەروەها دوابەدوای ئەوە کە بڕیاری کۆتایدا کەدەبێت گوندەکانی (عوزێریەو عتشانەو مڕڕە) دەبێت ئازاد بکەین، چونکە ئەم شوێنانە شوێنی سەرەکی بارەگای داعش بووە لەئامادەکاریەکی زۆر باش لەبەرواری ٢٠١٥/٤/١٨ لەهێرشێکی هێزەکانی دژە تیرۆرو لیوای ٣ کاک (کۆسرەت)و هێزەکانی میحوەری داقوق توانرا سەر لەبەیانی تا وەکو ئێوارە تەواوی گوندەکان ئازاد بکرێن ئێوارەش هێزەکان گەڕانەوە ئێمەش واتە لیوای (١١٨)ی باڵەک لەگوندی عەتشانە جێگر بووین دوای ٢ شەو داعش لەهێرشێکی زۆر بەهێز پەلاماری گوندەکانی مڕەو عەتشانەی لەکاتژمێر (٢:٤٥) دەقیقەی شەو دا، شەڕ دەستی پێکرد تاوەکو کاتژمێر (٦)ی بەیانی بەڵام زۆر بەباشی تێکشکانو (٥) لاشەی بۆگەنیان جێهێشت ئێمەش تەنها (١) بریندارمان هەبوو ئەم سەرکەوتنە دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو ڕاگەیاندنەکان لەڕوی سیاسیو سەرجەم سەرکردەکان پەیوەندیان بەشەهید صلاح دیلمانەوە کردو دەستخۆشیان لێکرد، هەر کە بەیانی شێخ جەعفەر گەیشت ئەم سەرکەوتنەی بینی بەڵێنی دا سەرجەم پێشمەرگەکانی پلە یەک خەڵات بکەن لەجێگای دڵخۆشی ئەو بڕیارەی شێخ جەعفەر بوو بەجێگای دڵخۆشی هەموو برا پێشمەرگەکان، بەڵام ئەوەی سەرنجی منی ڕاکێشا ئەوە بوو کەلەم شەڕە زۆر قورسە کە بەڕاستی دۆخەکە زۆر خراپ بوو چونکە داعش هەر زوو دەستی گرتەوە بەسەر گوندی (مەڕە)و شەهیدو بریندار هەبوو بەمەش شەهید صلاح دیلمان زۆر تورە بوو

بەهیچ شێوەیەک دانەدەنیشت ئەوە بوو لەم کاتەدا زۆریش تەلەفونی بۆ دەهات وەختێک (هێرشی کوڕی شەهید صلاح) گوتی تخوا بابە ئەم تەلەفونە دابخە ئەوان زۆر نزیکبونەوە شەهید صلاح زۆر بەتوڕەیی وەڵامی هێرشی کوڕی دایەوە گوتی بۆ تەلەفون دابخەم لەوە دەترسیت شەهیدبم گوتی کوڕم تۆ وریای خۆت بەمن کە ئەمرۆ شەهید نەبم ئەی کەی شەهید بین ئەوە بۆ ئێمەی پێشمەرگە زۆر ورەبەخش بوو گوتی ئەوان ئەزانن من لێرەم دەبێت دەرسیان دابەم پشتیوان بەخوای گەورە ئەوان تێکشکانو ڕایان کردو (٥) لاشەیان لێ جێما.
لەبەرواری ٢٠١٥/٥/١٢ بەیانی کاتژمێر ٨:١٣ بوو تەلەفونی بۆم کردو چونکە (٣٠٠) مەتر لەئێمەوە دوربوو گوتی خۆت ئامادە بکە تا وەکو لای ئەم نەفەرانە دەچین خۆت ئامادە بکە منیش ئامادەبووم کەهات سواری ئوتۆمبێلی جۆری مەرزیە بووم بۆمی ڕانەگرت منیش دەستێکم بۆ هەڵێنا دوای ئیشارەتێکی بۆ کردمو ڕۆیشت تێپەڕی کاتژمێر (٢:٢٨) دەقە بوو لای ئەوان دەنگی تەقینەوە هات کە سەیرم کرد ئەوان بوون ڕامکرد نزیک بوو کە بینیم ماشێنی کاک (ئەسعەد) هاتەوە کاک ئەسعەدم بەبرینداری بینی من نزیک بوم کە بینیم هەموویان کەوتبون من هاوارم کرد کە پاسەوانی شەهید صلاح کەناوی (جەمال) بوو وتم کوا کاک صلاح ئەویش گریا گوتی حاڵمان خراپ بوو کاک صلاح شەهید بوو کەبینیم کاک شێخ تەرمی شەهید صلاحی کۆ ئەکردەوە من هیچی ترم نەبینی بەچاوەکانی خۆم چونکە ناخۆشترین ڕۆژم بوو لەژیانم چونکە زۆر جار ئەموت توخوا کاک صلاح خۆت بپارێزە بەپێکەنینەوە ئەیوت ئەوەی خوا بیهێنێت هەر دێت چونکە خۆی دەیزانی ئەو ڕۆژە دێت کە دەڵێن کاک صلاح شەهید بوو هەروەها شەهید

(مولازم ئەوەل حەمەلاو) کە لێپرسراوی دەستەی پاسەوانەکانی بوو ئەویش لەگەڵ ئەوان شەهید بوو گیانی خۆیان بەخت کرد.
لەدوای بەرواری ٢٠١٤/١١/٢٣ کە ڕۆژی ئازادکردنی شاری جەلەولا بوو بڕیاردرا کەتەواوی گوندەکانی دەشتی حەمرین ئازاد بکرێن کەپێک هاتبون لەگوندەکانی جومەیلەو عینو تەپەو بایزەو ئەبو دەڕاجو چەندین گوندی تر لەکۆبونەوەیەک لەبارەگای لیواکەمان لیوای ١١٨ باڵەک لەقەرەتەپە بڕیاردرا کەڕۆژی ٢٠١٤/١١/٢٦ دەست بکرێت بەئۆپراسیۆنەکە کاتژمێر ٧ بەیانی تەواوی هێزەکەمان لەکارگەی بلۆکەکە ئامادەبوین کەخاڵی دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکە بوو ئەوەبوو شەهید لیوا صەلاح بانگی گشت فەرماندەکانی کرد کە پێکهاتبون لە (عەمید تەهاو عەمید کاکە شێخو موقەدەم عەولا قۆچالیو عەقید عومەر ساڵحو ڕائید سەردارو ڕائید صەلاحو ڕائید مستەفا برایمو ڕائید ئاودالو مولازم ئەرسەلان حمد مەڕان شەماڵ وەرتی) گوتی ئێرە دەسپێکی کارەکەمانەو هێزەکە کۆبکەنەوەو دوایی هێزەکە کۆکرایەوەو شەهید صەلاح دیلمانی گوتی هەڤاڵان ئەوەی چەندین ساڵە ئێمە خەباتی بۆ دەکەین کەهەزاران شەهیدمان لەپێناوی داوە ئەمڕۆ لەبەردەمتانە کەئەویش پێدەشتەکانی حەمرینەو ئەوی لێمان دیارە چیا جوانەکەی حەمرینەو دەبێت خەونی چەندین ساڵەی شەهیدەکانمان بهێنینەدی، ئەوەش بەئازادکردنی ئەم گوندانە دێتەدی کاتژمێر نزیکی ٨ بوو دوای بۆمبارانی تۆپخانەکانی پێشمەرگەو بڕیاری هێرش دەستی پێکرد ئەوەبو شەهید صەلاح بەدەنگێکی گەورە هاواری کرد گوتی دەی کوڕینە ڕۆژ ڕۆژی پیاوەو دەی هیمەت بکەن بەرەو ڕوی گوندی جومیەلە کەوتینە ڕێگاو ئەگەرچی داعش بڕیاری دابو تاوەکو مردن لەناو گوندەکە شەڕبکەن، بەڵام ئازایەتی پێشمەرگە گوێی نەدا بەهاتو

گوتی داعش کەس نەدەگەڕایەوە بۆ دواوە دواجار داعش ناچار بون ڕابکەن ئێمەش دوایان کەوتین هەنگاو بەهەنگاو داعش ڕایدەکردو ئێمەش بەدوایانەوە بوین تاوەکو کاتژمێر نزیکەی ١ تەواوی گوندەکانی پێدەشتەکانی حەمرین ئازادکرانو ئالآی پیرۆزی کوردستان لەقەراغ دەریاچەی حەمرین هەڵکراو لەوێوە سرودی خوا یەوەتەن ئاواکەیمان دەوتەوە لەوێوە مژدەی یەکجاریمان دا تەواوی خاکی داگیرکراوی سنورەکە ئازادبوو شادبویەوە بەخەڵکە ڕاستەقینەکەی خۆی لەوێشەوە سڵاومان بۆ گیانی پاکی شەهیدەکان نارد.

# ڕائید مەریوان تەها ناسر

من (ڕائید مەریوان تەها ناسر) فەرماندەی فەوجی ١ کاکەیی ئێستا لەمیحوەری داقوق دەوام ئەکەین بۆ حەرەکات سەربەلیوای ٩ شارەزورین، ئەم فەوجەی ئێمە فەوجێکی تازە تەشکیلە نزیکەی ٨ مانگ ئەبێت تەشکیل بوە لەو شەڕانە لەگەڵ ئەم برادەرانەی لیوای ٩ بوین خۆشیو ناخۆشیمان پێکەوەبوو بەڕاستی یادگاری خۆشو ناخۆشیشمان هەبوو، ناخۆشترین کات ئەو شەوەبوو کە جەماعەتی ئامر لیواو ئەوانی بان شاخ ئێمە ڕۆیشتین بەدەمیانەوە لەگەڵ فەوجی ١ منو کاک بورهان هێزێکمان برد ڕۆیشتینە ئەوێ سەیر ئەکەین ڕائید نەجمەدین شەهید بوە لەوێ هەرچەندە لەشەڕەکەدا سەرکەوتو بونو نەیان هێڵابو بێنە پێشەوە بەڵام بەداخەوە ئێمە ڕۆیشتین بەسەر ئەو حادیسەیەدا زروفێکی ناخۆش بوو، هەر لەدوای ئەو شەڕانەش واجبمان لەبان شاخ بوو لەسەر پردەکەی کۆدەرە بوو بەڵام کاک بەرزانو کاک بەدرو کاک سۆرانو ئەوان ڕۆیشتن لەپاڵ دێیەکی بچکۆلەدا بون کەئەرۆیشت بۆ ئەو دێیە عبوەیەکیان پیا تەقیەوە بریندار بون ئەوەش وەزعێکی ناخۆش بوو بۆ ئێمە ئیتر لەخوا بەزیاد بێت ئێمە زیانێکی وامان لێ نەکەوتوە وەکو فەوجی خۆمان، لەتەڕابە نەچوینە پێشەوە ئێمە لێرە بوین هێزێکی ئیحتیات بوین دوای ئەوەی دێیەکانی کاکەیی ئازاد کراونەتەوە لەم سنورە ئێمەش ڕەبایەمان وەکو

فەوجەکانی لیوای ٩ لەپێشەوەیە دوو شوێنمان وەرگرتوە شێخ ساڵحو شکور جەیران بەدەستی ئێمەوەیە، شەهید نەجمەدین پیاوێکی دڵسۆزو خونەویستو ئازابوو هەموو هەڤاڵەکان خۆشیان ئەویست ئەو بەڕاستی نمونەی پێشمەرگەو ئەفسەر بوو هەم بۆ زیرەکیو ئازایەتی هەم بۆ بەڕێزیو کەسێکی کارامە بوو لەبوارەکەی خۆیدا بەهاوەن شەهید بوو ئەو شەوە کە ئێمە ڕۆیشتین شەهید بوبو بەڵام شتێکی زۆر ناخۆش بوو.

# سەرباز محمود خورشید

ناوم (سەرباز محمود خورشیدە) لەسریەی ٢ فەوجی ٢ لیوای ٩ پیادەی سلێمانیم، ئێمە لەسەرەتاوە کاتێک کەلەماڵ دانیشتبوین هەواڵی ئەوەمان پێگەیشت لەتەلەفزیۆنەکانەوە زانیمان کەداعش هاتۆتە ناو سنوری عێراقەوە دوای ئەوە لەلایەن فەرماندەکانمانەوە ئاگادارکراینەوە ئەبێت بەزوترین کات بگەینە جەنگ، ئێمەش خۆمان ئامادەکرد هەرکەسێک لەماڵ بێت یان لەسەر کار بوبێت ئێمە بەپێی دڵسۆزیمان بۆ نیشتمان‌و خاکەکەمان هەمومان دەستمان لەهەموو کارەکانی خۆمان بەرداو هاتینە بەرەکانی جەنگەوە ئەوکاتە بەڕاستی هەرکەسەو لەقوڵێکەوە دانرابوین ئێمە هەمومان کەهاتینە بەرەکانی جەنگەوە بۆ ئەوە هاتین کەڕوبەڕوی داعش ببینەوە بۆ ئەوەی کەوا سنگی خۆمان بدەینە بەر گولەی دوژمن، بۆ ئەوەی کە ئارامی کوردستان وەشاری کەرکوک بەتایبەتی بپارێزین ئەوکاتە کەس گوێی بەوە نەئەدا بەماڵ‌و حاڵ‌و منداڵ نەئەدا چونکە بۆ ئێمە کەسێک لێرە بکوژرێت باشترە لەوەی کە شارێک داگیر بکرێت، ئێمە بۆ ئەوە هاتوین بۆ ئێرانە بەڕاستی وەکو خۆمان نایە بەرگولله دڵی خۆمان بۆ ئەوە ئامادەکردبوو کەوا لەپێناو کوردستان‌و کوردەواری خۆماندا دابینێین، ئێمە لەسەرەتاوە کەهاتین بەڕاستی هێزی عێراقی ئەو هێزە نەبوو بەداخەوە ئەو چەکو تەقەمەنیەی بەدەستی هێزی عێراقیەوە بوو ئەگەر بهاتایە بەدەستی هێزی پێشمەرگەوە بوایە



دڵنیابوم کەوا ئەو سەردەمە داعشی لەعێراق دەربەدەر ئەکرد، بەڵام بەداخەوە هێزی عێراقی نەیتوانی بۆ تەنها کاتژمێرێکیش ڕوبەڕوی چەتەکانی داعش ببنەوە، ئێمە هاتین شوێنەکانی ئەوانمان گرتەوە زۆر بەسەربەرزانە شوێنەکانی ئەوانمان گرتەوە کۆمەڵێک چەکو تەقەمەنیشمان کەوتە دەست بوە پاڵپشتیەکی زۆر باش بۆ ئێمە، ئێمە توانیمان لەسەرەتاوە هێڵێکی سنوری لەنێوان خۆمانو داعشدا دروست بکەین بەڵام پشتیوان بەخوای گەورە ئێمە توانیمان لەم سنورە بەپێی مروری زەمەن دێ بەدێ ئەم دێیانە بگرینەوە چەندین شەهیدو بریندارمان داوە بەداخەوە دواکارم لەخوای گەورە کەئەو شەهیدانە بەبەهەشت شاد بکاتو بریندارەکانیش بەشیفای سەلامەتی خۆیان بگەیەنێت، یادەوەری زۆر ناخۆش هەبوو بەڕاستی ئێمە لەم سنورەدا لەچەندەها دێدا کەهێرشیان بۆ کرابو چەندەها شەهیدمان دابوو بەتایبەتی لە٢٠١٥/٩/١١ بەداخەوە کاتێک کەهێرشمان کرد بۆ دێی تەلڕابیع زۆر بەڕێز مولازم ئەوەل فوئاد خوا لێی خۆش بێت شەهید بوو بەڕاستی زۆرمان پێ ناخۆش بوو ئەوە برینێکی زۆر قوڵە بڕوا ناکەم لەدڵی هیچ کەسێک لەم پێشمەرگانەدا دەربچێت سوپاس بۆخوای گەورە ئێمە توانیمان لەگەڵ هێزەکانی تایبەتی لیوای کاک کۆسرەتو دژەتیرۆرو وەهێزە ڕەشەکەی مەڵبەند گوندێکی زۆر لەم سنورەدا پاک بکەینەوە مەترسی لەسەر ناوچەی کەرکوک نەهێڵین بەتایبەتی قەزای داقوق، ئێستا لە٢٠ کیلۆمەتر زیاتریش ئێمە ئەم سنورەمان پاک کردۆتەوە وەزۆر بەسەلامەتی تەنانەت ئێستاش ئێمە خۆمان لەم ناوە ڕاوەستاوین بەبێ مەترسی، نەک مەترسی لەسەر خەڵکی ناوچەکە تەنانەت لەسەر هێزی پێشمەرگەش نەماوە، چونکە چەتەکانی داعش زۆر لاواز بونەو تەنانەت ناتوانن پارتیزانیەکیش بکەن لەم سنورەیا،

ئێمە توانیمان ئەم ناوچەیە کۆنترۆڵ بکەینەوە وەئێستاکە ئێمە لەبەرەی پێشەوەین لەسەر ساترەکانین هیچ مەترسیەک نیە وەدڵنیایش ئەدەینە خەڵکی کوردستان کەوا بەهیچ شێوەیەک پشتیوان بەخوای گەورە هیچ کاتێک ناهێڵین ئارامی ئەم ناوچەیە تێک بچێت، من هەموکات ئەو قسەیەم کردوە من بیر لەبەرپرسەکان ناکەمەوە کەوا خۆیان لەماڵەوە دانیشتونەو ڕۆحی ئەم خەڵکەیان خستۆتە مەترسیەوە تەنانەت سەرەتا بیر لەشارەکەم ئەکەمەوە دووەم بیر لەماڵو منداڵەکەی خۆم ئەکەمەوە ئەگەر من کەسێکی وەکو خۆم کەنەیەم ڕۆحی خۆم نەخەمە بەر گوللەوە ئەوکاتە ماڵو منداڵەکەی خۆمو تەنانەت شارەکەی خۆشم بەئارامی نامێننەوە، بۆیە ئێمە هیچ کات بیرلەوە ناکەینەوە کە کێ حسابمان بۆ ئەکات کێ پاڵپشتمانە؟ کێ غەدرمان لێ ئەکات ئێمە هەموکاتێک بیر لەئارامی ئەم وڵاتە ئەکەینەوە، یەکێک لەبیرەوەریەکان ئەوەبو کە سەرتا هاتینە ئێرانە لەگوندی عەلی سەرا بوین زۆر ساتێکی ناخۆش بوو چونکە ئێمە هەمیشەو ئێستاکەشی لەسەر بێت داعش بەچاو ئەبینین ئەوکاتە کارەبامان نەبوو وەکو ئێستاکەش بابڵێین واتا بەشەوان ئەبوین بەحەرەس دائەنیشتین من یەکێک خۆم بووم ئامادەیی ئەوەم تیابوو کەداعش بێتە ناو ساترەکەوە بڵێت سەلاموعەلەیکوم کەتەنانەت ٢ مەتر پێش خۆمانەوە نەئەبینی ساتێکی زۆر زۆر ناخۆش بوو ئەوکاتە، وەساتێکی تریش لەگوندی زەنقەر بوین بەڕاستی شەوێکیان ڕەشەبایەکی زۆر زۆر بەهێز بوو ئەوەش بەهیچ شێوەیەک موستەحیل بوو بلاجکتۆریشمان پێ بوو پێشی خۆمان نەئەبینی ئەوکاتەش بەهەمان شێوە فیشەکمان نابوو بەبن سیلاحەکانی خۆمانەوە چاوەڕێی ئەوەبوین کەداعش بێت تەنانەت وەک ئەوەوابوین لەژێر زەویەوە دەرکرابێتینە سەر زەوی تەنانەت تۆزمان لێ نیشتبوو ئەو

کاتە بیرم لەوە ئەکردەوە کە بەرپرسەکان ئەوکاتە ئەگەر تەلەفزیۆنێک بهاتایە داخی دڵی خۆمم پێ دەڕشت ئەوکاتە بیرم لەوە ئەکردەوە کەوا بەرپرسەکان بەبێ باک لەماڵەوە لەبەردەم سپلێتو لەبان سیسەمەکاندا پاڵکەوتونو ئەو پێشمەرگانەشیان بەبێ باک لەم سنورەیا بەجێهێشتوە بەبێ ئەوەی هیچ کەسێک مامەڵەیان لەگەڵدا بکاتو کەوا هیچ کەسێک بیریان لێ بکاتەوە، ئەوە یەکێک بوو لەبیرەوەریەکانم کەوا بەڕاستی هیچ کاتێک لەبیری ناکەم چونکە بەرپرسەکانی ئێمە هیچ کاتێک لەخەمی ئەم وڵاتەدا نین وەلەخەمی پێشمەرگەشدا نین بەتایبەتی من هەموکات ئەوشتە ئەڵێم ئەوەندە حەزئەکەم بەرپرسەکان ئەو شتە بزانن لەم بارە ناهەموارەیا کەوا پێشمەرگە هیچ حسابێکی بۆ نەکرێت لەم وڵاتەیا ئەبێ لەکاتی ئارامیو خۆشیدا چ حسابێکمان بۆ بکرێت، هیوادارم بەرپرسەکان بەخۆیاندا بچنەوە کەمێک لەخەمی پێشمەرگەو بنەماڵەی پێشمەرگەیا بن کەمێک دڵنەوایی کەسوکاری ئەو پێشمەرگە شەهیدانە بدەنەوە وەهەروەها کەمێک لەخەمی پێشمەرگەدابنو بێن وەزعی پێشمەرگە ببینن بەبونو نەبون ئامادەین خۆمان بکەینە قوربانی بەڵام ئەبێت ئەوانیش کەمێک بەوە بزانن کەوا لەموعاناتی ئێمە تێبگەن کەمێک دڵنەوای ئێمەش بدەنەوە تەنانەت ئەگەر بەوشەیەکیش بێت ئەوە مەعنەویاتی ئێمە بەرز ئەکاتەوەو زۆر بەلامانەوە خۆشە ئێمە هیچ کات ئەم سنورانە جێناهێڵین نەک بۆ داعش ئەگەر کەسێکیش بەدوای داعشەوە بێت لەویش بەهێزتر بێت پشتیوان بەخوای گەورە جێی ناهێڵینو بەرگری لەم وڵاتە ئەکەین.

ئێمە لە٢٠١٥/٩/١١ هەر کەوتیان هێرش ئەکەن بۆ گوندی تەڕابە بەتایبەتی ئێمە کاک فواد بەداخەوە کە خەڵکی چەمچەماڵە هەزار ڕەحمەت لەو گۆڕەی ئینشاڵا شوێنی بەهەشتە ئێمە ئەوکاتە ئەم سنورە

بەپێی ئەوەی کە مینرێژ کرابوو ئێمە بەڕاستی حەزمان ئەکرد کە جەماعەتی مەڵبەند هێزە ڕەشەکە هاتن بۆلای کاک فوادو ئێمە ئاگادارین لەهەموو شتێک چونکە نەکا بەناوی خراپەوە تۆمەتێک بدەنە پاڵیەوە ئاگامان لێ بوو شەو کە چون بۆ لای کاک فواد گوتیان کاک فواد تۆ شارەزایت لەم سنورەدا هەیە ئەزانیت لەکوێدا ئەوان هێرشیان هێناو لەکوێدا گەڕاونەتەوە ئەو ڕێگەیە شارەزایت لێی هەیەو بینیوتە ئێمە حەز ئەکەین بێیت لەگەڵماندا بەڵام بەداخەوە بەیانی زوو تەنانەت ئاگاداری ئەوەم من دوو برام لەگەڵ خۆیدا بوون شەو نوێژی ئەکرد بەبراکانمی وت گوتی من بەیانی هەڵئەستم دوو ڕکات نوێژ ئەکەم بۆ ئەوەی کە خوا دڵی هیچ دایکێک نەسوتێنێتو منداڵی هیچ کەسێکیش هەتیو نەکاتو هیچ کەسێکیش بریندار نەبێت، بەڵام بەداخەوە خۆی شەهید بوو ئیتر ئەوە بوو کەوا دەوری سەعات ٥ی بەیانی بوو براکانم پێیان وتم هەستاین لەسەر جێیەکەی خۆی نەمابوو فەرماندەکان گوتیان کوا کاک فواد وتمان نازانین کاک فواد بۆ کوێ ڕۆیشتووە ئیتر دوای ئەوە دەوری سەعات ٩ ی بەیانی بوو ئاگامان لێی بوو عبوەیەک لەوێدا تەقیەوە بەدووربین سەیرمان ئەکرد لەپێش هەموو هێزەکانەوە ئەڕۆی تەنانەت لەپێشی شۆفڵەکەشەوە ئەڕۆشت کەوا بێ ترس بەجەرگ بەبوێرانە ڕێی ئەکرد لەپێش ئەو هێزەوە خەبەری ئەوەمان پێگەیشت تەلەفون کرا بۆمان گوتیان کاک فواد شەهید بووە بەڕاستی کاتێک کە ڕۆیشتین بەداخەوە دوو مین پیایدا تەقی بوو واتا زۆر بەداخەوە جێی مەئسات بوو کە سەیری بکەیت واتا ئەوە ناخۆشترین شتە کە لەدڵی ئێمەدا موستەحیلە دەربچێت هیچ کاتێکیش لەبیری ناکەین داواکارم لەخوای گەورە کەوا شوێنی بکاتە بەهەشتو قەبرەکەی بۆ بکاتە ڕەوزەیەک لەڕەوزەکانی بەهەشت ئینشاڵا.

# عەمید ڕوکن ئاراس عەبدولقادر

من (عەمید ڕوکن ئاراس عەبدولقادر) فەرماندەی لیوای ٩ هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەقەزای داقوقم، پاش ئەوەی کەداعش زۆر لەناوچەکانی عێراقی داگیرکردو هێرشی زۆر نامرۆڤانەی ئەکردە سەر دێهاتو قەزاو ناحیەکان بەتایبەتی ئەو شوێنانەی کەمەترسی زۆری لەسەر بو، وەک شوێنە کوردنشینەکان یان ئەو شوێنانەی کەزیاتر ئیسلام نەبون بلّێین زێدی باوباپیرانی سنجارو یەزیدیەکان یاخود یاخود ئەو ناوچانەی کە کاکەییەکانی لێبون مەترسی گەورەیان لەسەر بوو یاخود براو کەسوکارە کلدانیو ئاشوریو مەسیحیەکانی ئەم ولآتە، هێزەکانی پێشمەرگە ئەرکی خۆی وەکو پارێزەری مرۆڤایەتی هاتە سەنگەرەکانی بەرگریکردن لەخەڵکو مرۆڤایەتیو خاکی کوردستان لیوای ئێمەش لیوای ٩ لەناوچەی داقوق بەرپرسیاریەتی وەرگرت ئەوکاتانە مەترسیەکی زۆری داعش هەبوو لەئیمتیدادیان زۆر بەخێرایی ئەجولآن زۆر بەهێزەوە زۆر بەنامرۆڤدۆستانە مامەڵەیان لەگەڵ ئەو ڕێگایانە ئەکرد کە ئەکەوتە ژێر دەسەلآتیانەوە، بەلآم خۆشبەختانە پێشمەرگە سنورێکی بۆ دانانو کەوەستاندنی چەند نامەیەکی گەورە بوو بۆ هەموو جیهان کە ئێمە هێزێک هەیە لێرە هێزی پێشمەرگەی کوردستانە کەخەڵکێکی بوێرو ئازاو بڕوا بەخاک بەنەتەوە بەمرۆڤایەتیو مرۆڤ دۆست توانیان لەخاڵێکدا بیانوەستێنن تاکو بتوانن

لەوێوە جارێکی تر پلانی خۆڕێکخستنەوە بکەن بۆ ئەوەی نەیەڵن داعش لەوە زیاتر سنورەکانی بەرفراوان بکات، بۆ ئەو شەڕە هێزی پێشمەرگە ئامادە نەبوو هێزی پێشمەرگە ساڵانێکی زۆر بوو کەنەچوبوە ناو بەرەکانی جەنگو وەشەڕ نەبوو، پێشمەرگە لەبارێکی خۆڕێکخستنەوەو لەبارێکی ئارامیدا ئەژیا دوای ئەوەی کەلەساڵی ۲۰۰۳ رژێمی فاشی بەغداد ڕوخا هەندێک لەهێزی پێشمەرگە بەبڕیاری سەرکردایەتی کورد چونە بەغداد لەسوپای عێراق بۆ دروست کردنەوەی ئەو سوپایە یەکێک بوم لەو ئەفسەرانەی کەچوینە ئەوێ لەوێ بوین کاتێک کەداعش داخڵی موسڵ بوو من فەرماندەی لیوای ١٤ سوپای عێراق بوم لقی ٤ سەلاحەدین، پاش ئەوەی کەشەڕێکی بێ بەرامبەر لەسنوری لیواکەی من کرا، بەدڵنیایی پاش ئەو شکستەی کەبەسەر سوپادا هاتبوو کەوتینە ئەو ناوچەیە توانیمان لەوێ داعش بوەستێنین، بەڵام ئەو فشارە زۆر زۆر بوو لەسەر ئەم هێزە، هێزەکانی ئێمە کەمبون پشتیوانی نەدەهات ئەوکاتە بڕیارماندا کە بەشێوەیەکی تاکتیکی بگەڕێینەوە بۆ سنورەکانی کەرکوک بەهاوکاری عەشایەرەکانی ئەو ناوچەیە ئەوەبوو گەڕاینەوە کەرکوکو پەیوەندیمان کردەوە بەهێزی پێشمەرگەی کوردستان، پاش ئەوە من ڕاسپێردرام کەبێمە ناوچەی داقوق لەدوای ئەو شەڕەی کەلە٩/٣٠ لێرە لەسەر ٣ گوندی وەحدەو سەعدو خالید هێزەکانی پێشمەرگە وەکو لەو هێرشەیا بەداخەوە نەیانتوانی کەئامانجەکەی خۆیان بەباشی بپێکن ئەوەبوو من ڕاسپێردرام کە ببمە فەرماندەی ئەم لیوایە دوای ئەوە خۆمان ڕێکخستەوە لەگەڵ ئەم براو ئەفسەرو پێشمەرگانەی ئێرەو پشتیوانیەکی زۆر بەتایبەتی ڕۆڵی کاک شێخ جەعفەر لەبیر ناکرێت وەکو فەرماندەیەکی مەیدانی کە بەبەردەوام لەپەیوەندیو کۆنتاکدا بوو لەگەڵ ئێمەیا تاکو بزانێت پێداویستیەکانمان

چیەو خاڵە لاوازەکانمان چیە، ئەوەبو هاوکاری ئەکردین کە کاک وەستا ڕەسولیش بەدڵنیایی پاش ئەوەی میحوەری داقوق دروست بوو تەواو توانیمان هەندێک هێزی تر بێتە ئێرە خۆمان بەباشی ڕێکبخەینەوە لەم ناوچەیە خۆشبەختانە دەڵێم هیچ زەویەک نەدراوە بەداعش ئەوەتەی لێرەین بەڵکو زەویەکانی کەلەژێر دەسەڵاتی داعش بوو زیاتر ڕزگار کراون پانتاییەکانی کوردستان فراوانتر بونەتەوە شوێنەکان زیاتر ئازادی بۆ براوە خەڵکەکانی ئەم ناوچەیە بەهەموو چینو توێژەکانیو بەهەموو پێکهاتەکانیەوە پارێزراون لەسایەی هێزی پێشمەرگەیا، ئێرە ناوچەی داقوق ناوچەیەکی پێکهاتەی جیاواز جیاوازی تیایە لەکوردو شعەو عەرەبو تورکمانو عەرەبی سوننەو کەمینەیەکی کەمی شیعە بەڵام زۆرینەی عەرەبەکان سوننەن لێرە تورکمانەکانی ئێرە شیعەن وەکوردەکانی ئێرە کوردی کاکەییان تیایەو وەکوردی ئیسلامیشیان تیایە هەموو ئەم پێکهاتانەی ئێرە لەژێر مەترسیا بون، چاوەڕوان دەکرا لەهەر کاتێکدا داعش فرسەتێکی بۆ هەڵکەوتایە وبیقۆزیایەتەوە بۆ ئەوەی بێت ئازاری ئەم خەڵکە بدات قەتڵو عامی ئەم خەڵکە بکات وەدەست بەسەر سەرچاوە ئابوریو ژێرخانی ئابوری ئەم ناوچەیە بگرێت، بەڵام هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆی سەلماندن کەئەوان ناتوانن تاپێشمەرگە لێرەبێت ئەو خەمە گڵاوو نەگریسانەی خۆیان لێرە جێبەجێ بکەن پاش ئەوەش کەپەیوەندیمان لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان کرد، زۆر بەباشی توانیمان تەنسیقی باش دروست بکەین هێزەکانی هاوپەیمانانیش پشتیوانمان بن، ئەوە بوو دەستکرا بەئازادکردنی ئەو ناوچانەی کە لەسەرەتاکانی هاتنی داعشەوە بەهۆی بونی زۆرینەیەکی عەرەب لەو ناوچانە وەکو پێگەیەک بۆ ئەوان کەبتوانن تیای بمێننەوەو تیایا گەشەیان کردبوو سنوریان دانابوو

ئالایان هەڵکردبوو وەکو باسمکرد من دائیمەن ئەوە ئەڵێم کەرکوک عێراقێکی بچوکە بەڵام داقوقیش کەرکوکێکی بچوکە کە پێکهاتەی جیاواز جیاوازی تیایە مامەڵە کردن لەشوێنێک کە پێکهاتەی جیاوازی تیا بێت خۆی ئاستەنگی زۆری بۆ دروست ئەبێت ئاسان نیە، بەڵام ئێمە توانیومانە وەکو هێزی پێشمەرگە دڵو هەستو سۆزی ئەو خەڵکە کەسپ بکەین وەشەهیدێکی زۆرمان داون لێرە شەهیدەکەش تەنیا بۆ کوردستان یان تەنیا بۆ خەڵکە کوردیەکە نەبووە بەڵکو هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی ئێرە هەموویان لەسەر خوێنی ئەو پێشمەرگە قارەمانانەی کە لێرە خوێنی خۆیان بەخشیوە بەم وڵاتە توانیویانە ژیانی ئارامو بۆنێکی نوێو ژیانی ڕۆژانەی خۆیان بەڕێ بکەن، پاش ئەوەی دەستمان کرد بەئازاد کردنی ئەو ناوچانە پێشمەرگە ورەیەکی باشتر وەتاقیکردنەوەیەکی باشتری شەڕەکان لێکتێگەشتنی زیاتری بۆ دروست بوو لەسەر شەڕی داعش، شەڕی داعش یان هەر شەڕێکی تر پێویستە پێش ئەوەی تۆ بچێتە ناو ئەو جەنگانەوە شەڕەکە بناسیت، بەڵام ئەویش شەڕەکە زۆر کتوپڕ بوو لەسەر میللەتی ئێمە پێشمەرگە سەنگەری ئەوەی نەبوو سوپای عێراق لێرە بوو تاپێشمەرگە فریاکەوتو هاتە ئێرەو شەڕەکەی وەستاندو سنوری بۆ دانانو سەنگەری دروست کرد کاتێکی زۆری خایاند، بەڵام هەر لەگەڵ ڕۆژو ڕۆژگاری کەوا ساڵێکو زیاتر لە٣ مانگمان تەواو کردوە لەگەڵ شەڕی داعشدا ئێستا پێشمەرگە تاقیکردنەوەی باشی هەیەو پێشمەرگە بەباشی ئەتوانێ دوژمنەکەی خۆی بناسێت ئەو دوژمنە سەرسەختەی کە هەموو دنیای هەژاند بەئالایەکەوە شەڕی ئالای ئەکرد، ئالای لەهەر شوێنێک بچەقاندایە مەترسیەکی زۆرو بارێکی دەرونی خراپی بۆ خەڵک دروست دەکرد، پێشمەرگە ئەمەی ڕەفز کردەوەو پێشمەرگە دەری کردو

ئاڵاکەی شکاند، ئاڵاکەی فڕێدا وای لێکرد ببێتە نامەیەکی گەورە بۆ هەموو جیهان کە هەموو جیهان سەلماندیان کە پێشمەرگە تاکە هێزی بێ ڕکابەرە کەلەبری هەموو جیهان لەسەنگەرەکانی پێشەوەی بەرگریە شەڕەکە ئەوەبو کەبوە هۆی ئەوەی کە پێشکەشکردنی هاوکاری گەورە بۆ هێزی پێشمەرگە ئەویش لەئاست ئەو ئەنجامی ئازایەتیو لەخۆبوردویەی هێزی پێشمەرگەیا بوو کەهێزەکانی جیهان هەمویان هاتنە سەرخەتو پشتیوانی میللەتی کوردو پێشمەرگەیان کرد. پێشمەرگە ناسنامەیەکی گەورەیە بۆ میللەتی کورد پێشمەرگە کەسێکە کەپێناسێکی یەک دێڕی ناتوانی ئەو نرخەی خۆی بدەیتێ پێشمەرگە کەسێکە بەبێ موچەو بەبێ پشتیوانیەکی گەورەو بەبێ کەلوپەلێکی باش بێ ئەوەی ئامادەکاریەکی سەنگەری باشی هەبێت ئەتوانێ ئەم شەڕە بکات بەرامبەر بەئەوەش بۆ ئەمە باسی ئەکەین هێزی گەورە هەیە کەگیرفانیشی پڕەو وەورگیشی تێرترە لەپێشمەرگە کەلوپەلی باشتری هەیەو چەکی باشتریشی هەیە، بەڵام ناتوانێت شەڕی پێشمەرگە بکات ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە پێشمەرگە کەسێکی خاوەن بیرو بڕواو عەقیدەیە لەمەسەلەی مرۆڤایەتیو خاکو برایەتیو وڵات، کەبەداخەوە لەم سیستەمە خراپەی عێراقدا دەستور پێشێلکراوە نەتوانراوە کەمافی پێشمەرگە بدرێت کەپێشمەرگە بەشێکە لەدامەزراوەی بەرگری عێراقی، بەڵام ئەمەیان نەسەلماندوە بۆ مەرامی خۆیان بۆ ئەوەی کەتا پێشمەرگە ئەو قورساییو سەنگەی لێ بسەندرێتەوە بەڵام پێشمەرگە جارێکی تر بۆ ئەوانیشی سەلماند کەئەگەر ئەو بودجەیەشی بۆ نەنێرنەوە موچەکەشی بۆ نەنێرنەوە هاوکاریشی نەکەن پێشمەرگە سەنگو ڕەزالەتی خۆی لەدەست نادات پێشمەرگە هەر پێشمەرگەیە لەهەر شوێنێکیش هەر ئەرکێکی پێ

بسپێرێت بەگیانێکی پێشمەرگانەوە دەیکات، ئێمە ئەگەر بەپێشمەرگە بەجەنگاوەرێکی ئاسایی بزانین موچەخۆرێکی ئاسایی نەخێر بەدڵنیایەوە وانیە پێشمەرگە مرۆڤێکە کەخاکو وڵاتو نەتەوەی خۆی خۆشدەوێت کەژیانو ڕۆحی خۆی وەداهاتوی منداڵەکانیشی هەموی خستۆتە لایەکەوە، تەنیا مەرگی خۆیەتی کەئەیخاتە پێش ئەوەی هەموو شتێک بۆ ئەوەی سەروەری یاساو بەها پیرۆزەکانی مرۆڤایەتی بپارێزێتو خەڵک بتوانێت لەژێر سێبەری ئارامی پێشمەرگەیا گوزەرانو ژیانی خۆی بەڕێ بکات، ئێمە بەشێوەیەکی گشتی باسی ئەو ڕۆژانەمان کرد کە یادگاریمان زۆرە لەگەڵ پێشمەرگەیا خۆشبەختانە من بەوە زۆر دڵم خۆشە حەزناکەم خۆم بیڵێم بەڵام پێشمەرگەو ئەفسەرەکان ئەزانن کەهەمیشە لەهێڵەکانی پێشەوە شەونخونیمان کردوە، ئەگەر شەونخونی فەرماندەکانو ئەفسەرەکانو ئەم پێشمەرگانە نەبوایە لەو سەنگەرانەیا بەدڵنیایی ئێستا داعش لەم ناوچانەش دەستی خراپی دەوەشاند وەشایەتحاڵی ئەوەشم کەزۆرینەی فەرماندەکانمان لەپێشی سەنگەرەکانەوە لەکاتی هێرشە دڕندانەکانی داعشدا شەهید بون زۆری فەرماندەی لیواکان بەهەموو ئاستو پلەکانیانەوە هەتا ئەگاتە پێشمەرگەیەک شوێنەکەی دیارە لەگۆڕەپانی بەرەنگاربونەوەی داعش، ڕۆڵی جوامێرانەو ئازایانەیان بینیوە وەلەپێشی سەنگەر لەشەڕی دەستەو یەخەو بەرەنگاربونەوەیا خوێنی خۆیان ڕژاندۆتە سەر ئەم خاکە تابتوانن ئەم دەسکەوتە گەورانەی کەمیللەتەکەمان بەدەستی هێناوە لەم ناوچەیە بەتایبەتی لەهەرێمی کوردستانو عێراقدا بگرە تائەم ناوچانەشی کەماوەیەکی زۆر بەناوچەی کێشە لەسەر باسکراون خۆشبەختانە وەتائێستا هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەوێ شەڕ ئەکات بەشێکی زیندوی هەرێمی کوردستانو کورستانە ئەم ناوچانە

بەهەموو پێکهاتەو نەتەوەکانیانەوە ئەو ڕاستیەیان بۆ سەلما کە کاتێک هێزی پێشمەرگە لێرەبێت ئەوان ژیانیان سەلامەت ترە کاتێک هێزی پێشمەرگە لێرەبێت سەقامگیریو ئاسایشو گوزەرانو ئابوریان باشتر ئەڕوا بەڕێوە، کاتێک پێشمەرگە لێرەبێت هیچ کەسێک ناتوانێت تەهدیدیان بۆ دروست بکاتو ژیانیان لێ تێک بدات تاکو بیانخاتە ترسو خەمۆکیو بێ ئارامیەوە دەبینین ئێستا ئەو خەڵکانە بەهەموو نەتەوەو پێکهاتەکانیانەوە ڕومان لێ دەنێن لەگەڵمانان پەیوەندی باشمان لەگەڵیاندا هەیە وەپێشمەرگەش بەهەڵسوکەوتی پێشمەرگانەی خۆی توانی لێرە جارێکی تر ئەو دابڕانانەی کەبەواستەی هۆکارەکانی ڕاپەڕینەکانی ١٩٩١ وەلەگەڵ ئەم سنورانەدا جیابوینەوە تاساڵی ٢٠٠٣ جارێکی تر پێشمەرگە بگەڕێتەوە ئەو نامەیەی میللەتی کورد بهێنێتەوە میللەتی کورد میللەتێکی لێبوردەیە بەدڵنیاییەوە میللەتی کورد کەئەو هەموو زوڵمو ستەمەی لەناو سنوری حکومەتێکی عێراقی کۆماریدا داخراوی فاشیا لێ کراوە، بەڵام ئەوەتانێ ڕۆڵەکانیانو پێشمەرگەکانیان هاتونەتەوە بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە کەچی ڕویداوە هەتاکو جارێکی تر لەگەڵ ئەو خەڵکەیا ئەو میللەتو پێکهاتانەیا بەیەکەوە دەست لەناو دەستی یەکتر بەرگری بکەن لەهەموو ئەو بەها پیرۆزانەی کە پێویستە بەرگری لێبکرێت. ئێمە خۆزگە ئەو برادەرانەو ئەو هاوڕێو هاوسەنگەرانەمان شەهید نەبونایە کۆمەڵێک شەهیدی زۆر زیاتر لە٣٠ شەهیدمان هەیە لەم لیوایە بەئەفسەرو بەپێشمەرگەو پلەدارەکانەوە ئەوانە خەڵکێکن هەمیشە مایەی ورەو وزەبەخشن بۆ ئێمە کەبەردەوام لەیادمان ناچن بەهۆکاری ئەو خوێنە ئەوان کەلەو سەنگەرانە لەگەڵ ئێمە لەو پێشڕەویو بەرگریە پیرۆزانەیا ڕژاندویانە، ئێمە بەردەوام ئەوانمان لەیادەو بەردەوامیش هەوڵ ئەدەین ئیدامە بەو سەرکەوتنانە

بدەین کەبەخوێنی ئەوان دەستەبەرکراوە تاکو ئەوەی کەئەوان خوێنی خۆیانو ڕۆحی خۆیان بۆ بەخشی منداڵو کەسوکاری خۆیان بۆ بەجێهێشت نەیەڵین جارێکی تر بکەوێتەوە ژێر کاریگەری دوژمنێکی فاشی کە بیەوێ جارێکی تر بۆ ئەم ناوچانە بەناوی دەوڵەتی خیلافە یان بەناوی دەوڵەتی هەرشتێک بێت تەعریبی بکات یان لەناوی بەرێت یاخود خەڵکەکەی بکوژێت بەدڵنیاییەوە ئەوان لەتۆماری یادگاریەکانی ئێمەیا هەمیشە شوێنێکی نەمریان هەیە وەئێمە بەبەردەوام لەگەڵ کەسوکارەکانیان لەپەیوەندین لەگەڵیاندا دەبین سەیر ئەکەی ئەو پێشمەرگانە بێ لەپێشمەرگەکانی سەنگەر زۆربەی کاتەکان پێشمەرگە نزیکەکان کە ئەرکی پاراستنی بارەگاکانیان هەبوە لەگەڵ ئێمەیا لەهێڵەکانی پێشەوە زۆرێک لەوانەش شەهید بون کاتێک کەپێویستی کردوە لەوێ لەهێڵەکانی بەرگرین سەیر ئەکەی هەتا چێشتلێنەرێک یاخود کارمەندێکی ئاسایی کەلەم سوپای پێشمەرگەیە کارەکەن ئامادەبون چەکەکانیان هەڵگرن ڕاکەن بچن بۆ بەرەکانی پێشەوە بەبێ جیاوازی بەبێ ئەوەی کەسێک دانرابێ بۆ شەڕکردن، پاش ئەوە سەیر ئەکەی بارودۆخی ئەم قەزایە کەقەزایەکی گەورەیە زیاتر لە١٠٠ گوندی لەسەرە ناوچەیەکی زۆر بەرفراوانە ڕوبەرێکی زۆر زۆر کراوەیە پێشمەرگە توانیویەتی لێرە سەنگو قورسایی خۆی بچەسپێنێت لەهەمان کاتیشدا سەیر ئەکەیت لەناو ئەم داقوقەیا تاکو ئەم ساتەی کەئێمە قسە ئەکەین ڕۆژی ٢٠١٥/١١/٦ تەقینەوەیەک نەبوە خۆکوژیەک نەهاتوە ئەمەش هەموو ئەگەڕێتەوە بۆ پتەویو بەهێزی هەموو ئەو هێزە ئەمنیانەی کەبەیەکەوە ئیش ئەکەین، بەڕاستی ئێمەی هێزی پێشمەرگەی لێین برادەرانی ئاسایشی لێن برادەرانی پۆلیسی لێیە کەهەمومان بەیەکەوە برادەرانی پشتیوانی ٢ لێیە کەهەمومان بەیەکەوە

چاوو دڵو مێشکمان کردوه بەیەک بۆ ئەوەی کەڕێگە بەهەموو ئەو هەوڵە نەزۆکانە بگرین کەبیانەوێت فەراغێکی ئەمنی دروست بکەنو بێن لێرە تەقینەوەیەک بکەن یاخود خەڵک فڕاندنێک بکەن یاخود خەڵک کوشتنێک بکەن یان لەوبابەتانە توانیومانە بەیەکەوە بەیەک دەست بەیەک ڕەنگ لەبارودۆخی ئاسایشو سەقامگیری ناوچەکەش بەتەواوەتی بپارێزین بەرژەوەندیەکانی خەڵکو ژێرخانی ئابوری لەم ناوچانە بەدڵنیای سەد لەسەد توشی هیچ زەرەرێک نەبون ئەمەش هەموی جێگەی دەستخۆشیە بۆ پێشمەرگە کەتوانیویەتی هەم خەڵکەکەو هەم ژێرخانی ئابوری بپارێزێت خۆتان ئەزانن لەکاتی شەڕدا هەم خەڵک لەناو دەچێتو هەم ژێرخانی ئابوریش لەناو ئەچێت، بەڵام ئێمە لێرە نەهێشتومانە خەڵکەکەمان توشی زەرەربێت نەهێشتومانە ژێرخانی ئابوری هیچی لێبێت کەواتە کاتێک بارودرخی ئەم وڵاتە ئاسایی بێتەوە زۆر بەخێراتر ئەم ناوچانە گەشە دەکەنو بەرەو پێش دەڕۆن، ئێمە بینینمان بۆ ناوچەکە بینینێکی تایبەت بەخۆمم هەیە لەڕوی ستراتیژیەوە دەبێت پەیوەندیەکانمان لەگەڵ خەڵکی ئەم ناوچانە بەهەموو پێکهاتەکانیەوە پەیوەندیەکی باش بێت ئەم خەڵکانە ئێستا لەژێر سایەی ئەم ئاڵایەی کەپێشمەرگە شەڕی لەژێردا دەکات کەئاڵای پیرۆزی کوردستانە ئەو خەڵکانە لەژێر ئەو ئاڵایەدا پارێزراون بەدڵنیایش ئەم ئاڵایە پیرۆزی لای ئەوانیش بۆ دروست بوە کەواتە ئێمە ئەتوانین لەداهاتودا بتوانین مافەکانی میللەتی خۆمان لەڕێی ئەم هەڵسوکەوتو مامەڵەیەی کەئێمە لەگەڵ خەڵکی ئەم ناوچانە کردومانە بتوانین قۆناغی درێژتر ببڕین لەو قۆناغانەی کەدوربینو دابڕاوبین لێیانەوە ئێستا تێکەڵاویمان لەگەڵیاندا هەیە ئێستا تێگەیشتن کەئێمە هەڵگری نامەیەکی مرۆڤایەتین ئێمە هەڵگری کەرەستەیەکین کە جیاوازکاری لەبەینی

خەڵکدا ناکەین بەڕاستی جەنگاوەری ئەم وڵاتەین ئیتر ئەگەر ئەم وڵاتە بەیەکگرتوی‌و بەو شێوەیەی خۆی بمێنێتەوە، ئێمە هەر خەڵکی ئەم وڵاتەین بەیەکەوە ئەگەر هەر شێوازو مۆدێلێکی تریش وەربگرێت لەداهاتودا دوای شەڕی داعش ئێمە هەر جەنگاوەری ئەم وڵاتەین‌و بەدڵنیاییەوە لەهەر سات‌و شوێنێک پێویستی بەئێمە بێت ئەم خەڵکەو ئەم وڵاتە ئێمە بۆ هەر گۆڕەپانێکی شەڕ ئامادەین کەبچین، لێرە شتی دڵخۆشکەر هەیە سەیرەکەی کاتێک پێشمەرگە شەڕی دەبێت هاوڵاتیانی ئێرە هەموو پشتیوانن بۆتۆ هەواڵت ئەپرسن هەموو حەزەکەن هاوکارت بن کاتێک کەبریندارت ئەبێت یان کەسێک شەهید ئەبێت خەڵکێکی زۆر دێت بەدەنگتەوەو هاوکارت دەبێت بەشێوەیەکی خانەدان‌و دەرگاکانی ئەکرێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەگەر کەسێکی ئاسایی بچێت بۆ چارەسەرێک سەیرەکەی ئەگەر پێشمەرگەیەک ئەگەر بریندار بوبێت بەرامبەری ئەوە خەڵکێکی زۆر زۆر بەرامبەری دێت‌و قودسیەت‌و حورمەت‌و پیرۆزی ئەو شەهیدانە دائیمەن سەیرەکەی لەناو دڵی خەڵکدا زۆرە، خەڵک لێرە یادەوەرییان بۆ دروست ئەکات لێرە بەڕێیان ئەکات بەرێزەوە خەڵک لێرە ڕێگەی چەندەها هەزار کیلۆمەتر ئەگرێت ئەچێتە بناری قەندیل‌و پێنجوێن‌و سلێمانی‌و هەولێر بۆ هەر دەڤەرێکی تری کوردستان ڕانیەو ئەو ناوچانە باڵەکایەتی بۆ ئەوەی بچێت بەشداری لەپرسەی ئەو شەهیدانە بکات ئەو جەنگاوەرە بەرێزە قارەمانانە بکات یان ئەو بریندارانەی کەگەڕاونەتەوە سەیرەکەی خەڵکەکان لێرە دەستە بەدەستە هەموو دەچن سەردانیان ئەکەن، ئەمانە هەموی مانای ئەوە ئەگەیەنێت کەجارێکی تر ئێمە هاتوین ئەو یەکیەتی پێکهاتەیەی کەلەم ناوچانەیا لەبەر لێشاوی مەترسی بەواستەی لێشاوەکانی پێشوی تەعریب‌و تەبعیس، لێشاوەکانی پێشوی قاعیدەو بیری تەسکتری لایەنەکانی تر

بەهۆی لێشاوە مەترسیدارەکانی داعشەوە کورد یا پێشمەرگە هاتوە ئەمەشی هەڵوەشاندۆتەوە جارێکی تر بەو گیانەوەی کەپێویستی کردوە بەگیانێکی‌یەکێتی‌و تەبایی‌و هاونیشتمانی جارێکی تر دروستی کردۆتەوە سەیرەکەی لێرە ئەچیتە ئەم قاعەی بۆنەکان سەیرەکەی عەرەب‌و تورکمان‌و کورد هەموو بەیەکەوە وەکو بران ئەمەش هۆکارەکەی ئەوەیە کەپێشمەرگە لێرە بەموحایدی بەبێ لایەنانە هاتوە بەرگری لەهەموی کردوە، نەهاتوە تەنها بەرگری لەلایەنێک بکات لەسەر حسابی لایەنێکی تر، بەڵام بەگشتی باش بوو کەلەم ماوەیە ئازایەتی پێشمەرگە هەم نەهامەتی پێشمەرگە هەم دەنگو ڕەنگو پێناسەی پێشمەرگە بۆ نەتەوەکەی وەهەم لەکاردانەوەی کارەکانی بەشێوەیەکی ڕۆژانەو کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئەو خەڵکانەیا توانیومانە ئێمە ئەم کارانە بەسەربەرزی بەئەنجام بگەیەنین دوای ئەوەش سنورەکەی ئێمە سنورێکی گەورەو بەرفراوانە کە توانیومانە زۆربەی شوێنەکان کۆنترۆڵ بکەینەوە وەلەزۆربەی شوێنەکان داعشی لێ هەڵکەنین‌و دەریان بکەین‌و ڕاوەدویان بنێین وەئالاکانیشیان پێ هەڵکەنین‌و فڕێی بدەین بۆ ئەو شوێنەی کەزۆر زۆر قێزەوەنە کە لێوەی هاتوون وەئەو خەڵکانەشی کە لەژێردەستی ئەوانایا ڕزگار بوون‌و خرانە باوەشی هێزی پێشمەرگەو هەموو ئەو خزمەتگوزاریە سەرەتایانەی پێشکەش کردون‌و پاشان گواستونیەتیەوە بۆ شوێنێکی ئارام پاشانیش ئەو ئیجرائەتانەی کە پێویست بووە بۆ ئەو خەڵکانە وەکو کۆمەڵگەی مەدەنی ئێمە هاوکاریان بووین‌و بۆمان کردوون خاڵێکی تر لێرە پێشمەرگەو دائیرە مەدەنیەکانی حکومەتی محەلی لێرە هاوکاری زۆرمان ئەکەن ئێمە هاوکاری ئەوان بووین‌و ئەوان هاوکاری ئێمە بوون کە ئەوان دائیرەکانیان توشی زەرەرو زیان ئەبێت ئەوانیش

بەهەمان شێوە بەو ئیمکاناتەی کەلەبەر دەستیان بووە هاوکاری هێزی پێشمەرگە بوون لەڕوی سەنگەرسازیو لەڕوی کەلو پەلی سەربازیو لەهەموو ئەو ڕوانەی کە توانیویانە لێرە هەماهەنگیەکی باش هەیە هەمو دائیرەکانیش نەتەوەی کوردنو تورکمانیان تیایەو عەرەبیشیان تێدایە بەلاّم کە سەیر ئەکەی هەماهەنگیەکی زۆرو چاکو باشو پتەو هەیە لەنێوانی ئەو خەڵکەو ئێمەیە ئەمەش وایکردوە کەبارودۆخی ئەو ناوچەیە سەقامگیر بێ وەدوژمن نەتوانێ هیچ درزێکو کەلێنێک بخاتە ناو ئەم خەڵکەو بیەوێ ئەو کاولکاریەی کەلەشوێنەکانی تر دروستی کردوون لێرە دروستی بکەن. هیوای سەرکەتن بۆ ئێوە ئەخوازم. زۆر سوپاس.

# شەهید هادی کوڕی شەهید خەلەف

بەشەنگال بڵێن باجەستەی بریندارو دەستی خوێناویو پەنجەی زامدارەوە باهەستێتو بکێشێت بەسەری خۆیدا بەڵام ئەمجارەیان بۆخۆی نا، ئەمجارەیان بۆ دایکە جەرگ سوتاوەکەشی نا، بۆ منداڵو کوڕو کچە سەربڕاوەکانی نا، بۆ مامە پیرە ڕیش شپیە خوێناوییەکەشی نا، پێی بڵێن بادەستە خوێناویو پەنجە زامدارەکانی بکێشێت بەسەری خۆیدا بۆ لەدەستدانی (هادی)ەکەی بۆ جوامێرو نەبەردەکەی ئاخر شەنگال شیوەن بۆ ئازاری ڕۆڵەکانی بکات یان شیوەن بۆ ئازاری زامو برینەکانی گیانی خۆی بکات کەدوژمن ڕۆژانە زامەکەی دەکولێننەوە یان ئەمڕۆ شەنگال بەرگی ڕەش بپۆشێت بۆ نۆرینگەو ڕزگارکەرەکەی. ئەمڕۆ شەنگال لەناخەوە ئازاری چەشت ئەویش بەلەدەستدانی (هادی)ەکەی ڕۆڵە قارەمانو ئازاکەی کەبەداخو ئەسەفێکی زۆرەوە گیانی سپارد بۆ شەنگال.

شەهیدی سەربەرز کاکە (هادی کوڕی شەهید خەلەف) لەدایک بوی ساڵی ١٩٨٢، لەزامدارەکەی ناحیەی سنون سەربەقەزای شەنگال لەدایک بوە. شەهید هادی لەبنەماڵەیەکی کورد پەروەر هاتۆتە دنیاوە، لەساڵی ٢٠٠٤ پەیوەندی کردوە بەڕێکخستنەکانی یەکێتی نشتیمانی کوردستانەوە، لەساڵی ٢٠٠٧ پەیوەندی کردوە بەلیوای ٢ ی هێزەکانی پشتیوانی لەبەشی کەتیبەی هەندەسە، دوای ڕزگارکردنی چەند بەشێکی

شەنگال کاکە هادی یەکسەر خۆبەخشانە دێتەوە ناوچە ڕزگارکراوەکانی تاسەرجەم ئەو بۆمبو تەقەمەنیانە پوچەڵ بکاتەوە کەلەلایەن تیرۆریستە ترسنۆکەکانی داعش ئامادەکرابون بۆ تەقینەوە. کاکە هادی خۆیو هاوڕێکانی زیاتر لە٥٠٠٠ بۆمبیان پوچەڵ کردۆتەوە لەسنوری شەنگال، بەڵام هەزاران جار مخابن دوای نیوەڕۆی ڕۆژی ٢٠١٥/٦/٩ لەگوندی (کوهبل) سەر بەناحیەی سنون لەکاتی گەڕان بەدوای عبوەو تیئێنتیدا عبوەیەکی پیادادەتەقێتەوەو بۆ دواجار شەنگالی بریندارو هاوڕێو دۆستو ئازیزانی بەجێ دەهێڵێت.

# عەمید کاوە تۆفیق

(عەمید کاوە تۆفیق) فەرماندەی فەوجی ١، یادەوەریەکانی بەم شێوەیە باس دەکاتو دەڵێت ناخۆشترین بیرەوەریەکانم ڕۆژی برینداربونمە کەلەجەلەولا بریندار بووم بەخەستی، هەمیشە بیرم لای پێشمەرگەکانم بوە کەورەو نەسرەتیان نەشکێت عەمید کاوە لەگەڵ جێگرەکەیو پاسەوانێکی بەیەک فیشەکی قەناس هەرسێکیان لەسەر بورجەکەی جەلەولا بریندار بونو گوتیشی ئەو شەوەش لەسەر پردی گوندی (وادی عۆسەج) هێرشیان بۆ کردین دوای برینداریەکەم ماشێنیەکیشمان سوتاند، بەڵام بەئازایی هێزەکەم توانیمان لاکی زۆربەیان بخەینو تێکیان بشکێنین، دواتر باسی شەڕی فەتحەی کرد گوتی ئێوارە بوو کەنیازمان بو هێرش بکەین سەرماو سۆڵەو تەمومژ ڕێگای پێنەداین ناچار گەڕاینەوە دواوە تاکو بەرەبەیانی ٢٠١٤/١/٣١ هێرشمان کردو زیاتر لە٦٠٠ تەرمی داعشمان لەهەموو سنورەکە خست، باسی لەشەڕەکانی خەرابەروتو کارگەی نەوتی خەباسەی کرد، کەتوانیمان ئەو کارگەیە لەدەستی تیرۆریستان ڕزگار بکەین دواتر گوتی خۆشترین یادەوەریم لەشەڕی بەرزاییەکانی خەرابەروت بینی کە پێشمەرگەکانم هەر بەفیکەو هاوارکردن داعشیان ڕاونا کەداعشێکمان بەدیل گرت دانی بەوەدا نا کەئێمە وەک داعش کەباسی لیوای ٥ دەکرێت ئیتر دەترسینو هیچمان پێ ناکرێت گوتیشی بەتایبەتی فەوجەکەمان ئەوەشی وت کە

مەسئولی میحوەرەکەمان کەمال کەرکوکی هیچی لێی ڕازی نین‌و کەمتەرخەمە بەرامبەر هێزی پێشمەرگە هەر بۆیە پێشتریش محوەرەکەی شەهیدی زۆری داوە دواشەڕمان شەڕی ناحیەی (مەنسوڕیە) بوو کەهەرگیز لەبیرم ناچێت چۆن پێشمەرگە قارەمانەکان شەڕیان دەکردو بۆیە کەشەڕێک ئەبێت لەمێژودا وەک داستان بنوسرێتەوە ئێمە سەرەتا تێکشکاین لەوێش پێشمەرگەمان جێما، بەڵام لەماوەی یەک کاتژمێر توانیمان هەم پێشمەرگەکانمان ئازاد بکەین هەم شارەکەمان گرت‌و هەموو داعشی سنورەکەمان بەسزای گەل گەیاند.

لەدوای بەرواری ٢٠١٤/١١/٢٣ کەڕۆژی ئازادکردنی شاری جەلەولا بوو بڕیار درا کەتەواوی گوندەکانی دەشتی حەمرین ئازاد بکرێن کەپێکهاتبون لەگوندەکانی جومەیلیەو عینو تەپەو بایزاو ئەبو دەڕاج‌و چەندین گوندی تر لەکۆبونەوەیا لەبارەگای لیواکەمان لیوای ١١٨ ی باڵەک لەقەرەتەپە بڕیاردرا کەڕۆژی ٢٠١٤/١١/٢٦ دەست بکرێت بەئۆپەراسیۆنەکە کە کاتژمێر ٧ بەیانی تەواوی هێزەکەمان لەکارگەی بلۆکەکە ئامادەبوین کە خاڵی دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکە بوو، ئەوەبوو شەهید لیوا سلاح بانگی گشت فەرماندەکانی کردو کەپێکهاتبون لە(عەمید تەهاو عەمید کاکە شێخ‌و مقەدەم عولا قۆچالی‌و عەمید عمر ساڵح‌و ڕائید سەردارو ڕائید سەلاح‌و ڕائید مستەفا برایم‌و ڕائید ئاودەل‌و مولازم ئەرسەلان حمد مەڕان) گوتی ئێرا دەستپێکی کارەکەمانەو هێزەکە کۆبکەنەوەو دوای هێزەکە (شەماڵ وەرتی) کۆکرایەوەو شەهید سەلاح دیلمانی گوتی هەڤاڵان ئەوەی چەندین ساڵە ئێمە خەباتی بۆ ئەکەین کە هەزاران شەهیدمان لەپێناوی داوە ئەمڕۆ لەبەردەمتانە کە ئەویش پێدەشتەکانی حەمرینەو ئەوەی لێمان دیارە چیا

جوانەکەی حەمرینەو دەبێت خەونی چەندین ساڵەی شەهیدەکانمان بهێنینە دی ئەوەش بەئازادکردنی ئەم گوندانە دێتە دی.
کاتژمێر نزیکی هەشت بوو دوای بۆمبارانی تۆپخانەکانی پێشمەرگەو بڕیاری هێرش دەستی پێکرد ئەوە بوو شەهید سەلاح بەدەنگێکی گەورە هاواری کرد گوتی دەی کوڕینە ڕۆژ ڕۆژی پیاوەو دەی هیمەت بکەن بەرەو ڕووی گوندی جومێیلە کەوتینە ڕێگاو ئەگەرچی داعش بڕیاری دابوو تاوەکو مردن لەناو گوندەکە شەڕ بکەن، بەڵام ئازایەتی پێشمەرگە گوێی نەئەدا بەهاتو هاواری داعش کەس نەدەگەڕایەوە بۆ دواوە دواجار داعش ناچار بون ڕابکەن، ئێمەش هەنگاو بەهەنگاو دوایان کەوتین داعش ڕای دەرکردو ئێمەش بەدوایەوە بوین تاوەکو کاتژمێر نزیکەی ١ تەواوی گوندەکانی پێشدەشتەکانی حەمرین ئازادکرانو ئاڵای پیرۆزی کوردستان لەقەڕاغ دەریاچەی حەمرین هەڵکراو لەوێوە سرودی خوایە وەتەن ئەواکەیمان دەوتەوە، لەوێوە مژدەی یەکجاریمان دا کە تەواوی خاکی داگیرکراوی سنورەکە ئازادبوو شادبویەوە بەخەڵکە ڕاستەقینەکەی خۆی لەوێشەوە سڵاومان بۆ گیانی پاکی شەهیدان نارد.

# بیرەوەری پێشمەرگەیەک

من وەک پێشمەرگەیەک لەفەوجی ٩، لەکاتێکدا کۆمەڵێک گوند ئازادکرا لەئەو گوندانەی خواری داقوق ئەو شوێنانەی کەجەبهەی ئێمە بوون پێشتر داعشی لێبوون ئێمە بەرامبەریان بوین، لەوانە گوندی عەتشانەو عوزەیریەو مرەو چەند گوندێکی تر پاشان ئێمە ئەو ڕۆژە ڕۆژی دابەزینمان بوو ئەبوایە ئەو ڕۆژە وەجبە بەدل بوایە ئامرەکەمان عەمید ڕوکن ئاراس فەرمانی دا گوتی دامەبەزن مەڕۆنەوە بەس لەگەڵما بن چۆن ئەڵێی لەڕوی قەرەبالغیەوە بچین سەیرێکی ئەو شوێنانە بکەین کەپێشتر داعشی تیا بوو ئەو وەزعە ببینن بەچاوی خۆتانو جەنازەکانی داعش ڕۆیشتین وەک ئاماژەم پێدا ئەو ڕۆژە ئەبوایە دابەزینایە ئێمە ماینەوە لەوکاتدا تەقە دەستی پێکرد لەپێشمانەوە لەو گوندە ئەو گوندانەی کەڕزگار کرابون عەتشانەو عوزەیریەوە مرەو مەجموعەیەک گوندی تر بوون لەپێشی ئەوانەشەوە بانشاخی گەورەو بانشاخی بچوک، بانشاخی بچوک کەئەوکاتە ئاخیر گوند کەڕزگارمان کرد ئەچوە ناو قولایی دوژمنەوە چوار دەوری بەچەند گوندێکی تر دەورە درابوو لەوانە گوندی تەرابعو سمودو کۆمەڵێک گوندی تر ئێمە لەو کاتەیا چوین بۆ ئەوێ کەتەقە دروست بوو، ئێمە چوین لەپێشەوە ماینەوە شۆفڵەکە کە بەڕەحمەت بێت ڕائید ڕوکن نەجمەدین ئەوکاتە مابوو شۆفڵی هێنا جادەکان کەئەچێت بۆ گوندی تەڕابەو ئەوانە گرتمان

لەبانشاخی بچوک ئامر خۆی لەدواوە بوو ماینەوە هەتا دەمەو ئێوارە ئیتر ئامر گوتی لەگەڵما بمێننەوە لەبەر ئەوەی شۆفڵ ئەو دێیانە بڕوخێنێت، ئەو دێیانەی بانشاخی گەورەو بچوک ئیتر بانشاخی گەورە ڕوخێندرا بانشاخی بچوک مابوو کەئاخر دێ بوو ٢ فەوجمان لەدواوە بوو فەوجی ٣و ٤ مان لەو دێیانەی خوارەوە بوو گوندی مڕەو ئەوانە ٢ بۆ ٣ کیلۆمەتر لەدوای ئێمەوە بوون فەوجی ٣و ٤ تارق حەساری کەئامر فەوجی ٤ بوو لەگەڵ فەوجی ٣ مان عەقید حاجی ئامری ئەم فەوجە بوو لەو شوێنانەی کەماینەوە دەمەو ئێوارە ئەو بندۆزەرەی کە خەریک بوو ئاخر دێی ئەڕوخاند بندۆزەرەکە عاتڵ بوو ئیتر ماینەوە دەمەو ئێوارە لەگەڵ موقەدەم شالاو کەئەفسەرێکی چالاکی لیواکەمانە پێموت گەورەم هەرچەندە شەڕێکی نەگریس بوو باست دەکرت ئەتوت شەڕی ناوخۆ من سەنگەرەکەی خۆم یەکێتی لەزۆربەی قوڵەوە شکا لەو شوێنەی مندا نەیانتوانی لەوە زیاتر پێشڕەوی بکەن لەبەر ئەوەی سەنگەرەکەم قایم کردبوو بەردو زنجیری گەورەم دانابوو وا دڵنەوایی ئەو پێشمەرگانەم ئەکرد توانیان بەرگری بکەن تائاخیر مەبەستم لەسەنگەرسازی شەڕە وتم کاک شالاو ئێمە لێرە هیچ شتێکمان نیە نەساترمان هەیە ئەمشەو لێرە بمێنینەوە لەسەدا سەد لێمان ئەدەن، مەعلوماتمان هەبوو کەلێمان ئەدەن داعش دیار بوو شەوێکی زۆر سارد بوو ئاگرێکمان کردەوە سەعات ١ شەو لەگەڵ ڕائید ڕوکن نەجمەدین دا مانگی سەرەتای بەهار بوو پێموابێت لەگەڵ بەڕێز شەهید نەجمەدین بەڕەحمەت بێت ئاگرەکەمان کردەوە پیلانەکەم من ئەو کاتە لەسەر چەکی بیلار بووم کە درع ئەبرێت ئەو سەیارانەی کەئامادەی ئەکەن بۆ تەقینەوەی پێشمەرگە بەس ئەو چەکە تەئسیری لێ ئەکاتو ٨٨ سانتیم ئەیبڕێت بەڵام باتری لەسەرە لەبەر ئەوەی شەو درێژ بوو

پاتریەکی تەواو بو بوو دانەیەکی مابوو منیش جار جار ئەمکوژاندەوە ئەبوایە زوو زوو ئیسلاحم پێبکردایە، ئەوە بوو کۆمەڵێکیشمان لەپێشی ئێمەوە بوون لەوانە نەقیب هەرێمو نەقیب کاروانو نەقیب ڕێبەندو مەجموعەیەک پێشمەرگەی قارەمان مێکزەمینیەکو هامەرێکیان پێ بوو لەلای گردەکەوە بوون کە ئەکەوێتە بەرامبەر بانشاخی بچوک لەقوڵایی داعشدا بوو جیهازیان کردبوو دەوروبەری ٢ شەو گوتیان گەورەم دەنگی زنجیری دەبابە یەت هی داعش ئەوە بوو ئامر پێی وتم منیش ویستم بیخەمە سەرشانمو بیبەم بەڕەحمەت بێت ڕائید نەجمەدین ئامر پێی وتم گوتی بەمیکزەمینەکە بیبە دور نەمزانی ئەو مەسافەیە چۆڵ بوو بەڵام قواتی کەممان لەپێشەوە بوو مەجموعەیەک لیواو ئەفسەر فەوجەکانمان لەدواوە بون ئێمە خۆمان چوبوینە پێشەوە ئامر هاتبوو لەبەر ئەوەی کۆنترۆڵی وەزعەکە بکاو ورەی پێشمەرگەکان بەرزبکاتەوە، ئیتر بیلارەکەم هەڵگرت ئامر گوتی بەو مێکزەمینیە بیبە ئیتر سەیرم کرد چوم نەقیب فایەقی لێیە وتم کاکە فایەق وەرە بمگەیەنە تالای ئەو مەجموعەیەی خۆمان لەپێشەوە وەزع باش نیە لەوێ بەڕەحمەت بێت ڕائید نەجمەدین دەستی گرتم گوللەی هاوەنەکانی حازر ئەکرد هاوەنی ٦٠ بەحوکمی ئەوەی لەمەرکەز تەدریبی کانی گۆمە بووم مامۆستای ئەفسەری مەشق بووم زانیاریەکی باشم هەبوو لەهاوەنی ٦٠و ٨٠و هەموو جۆرە چەکەکان، کاک نەجەمەدین بەو هەموو تەوازعیەوە لەگەڵ کەسی گەورەدا گەورە بوو لەگەڵ بچوکیشدا بچوک بوو، دەستی گرتم گوتی ئەو هاوەنە چۆنە ئەم گولانەت پێوەکردوە گوتی من پێشتر هاوەنم بەکار نەهێناوە بەڕاستی لەسەرۆکایەتیەوە هاتبوو لەکەتیبەی تۆپخانە بوو وتم گەورەم عەیبی نیە گوتی باشە تۆ برۆ ئیتر ئەو ڕۆشتنەی ڕۆیشتم نەمبینیەوە چوم بۆ


لای ئەو جەماعەتەی خۆمان بیلارەکەم داناو گوتیان باش بو هاتی ئێمە ٦ بۆ ٧ نەفەرین لێرە ئامر دایناوین وەزعەکەش وایە بەڕاستی شوێنەکەمان زۆر خەتەرە ڕاستە دۆشکەیان پێ بوو بەڵام هیچ چەکێکی وایان پێ نەبوو تەئسیر لەو ماشێن درعانەی ئەوان بکاتو ڕوبەڕوی ئەو وەزعە ببنەوە، گوتیان دایگرە منیش دامناو سەیرم کرد گوتیان بوەستەوەو وسبن خۆشیان تەقریبە١٠ بۆ ١٢ نەفەر بون بێدەنگ بوین هەمومان دەنگی چۆن ئەڵێی زنجیر ئەڕوات ماشێنیەکی زنجیردار ئەهات، کەئەهاتو ئەڕۆیشت ئەو جادەیەی پشتی ئێمە وەک حەفرێک بوو پیلانیان دانابوو لەو فەوجەی دواوەوەمان بدەن فەوجی ٣و ٤ منیش سەیرم ئەکرد شوێنەکەی پێشمان چونکە تەخت بوو ساترمان هەبوو لای ئامری خۆشمان پێ نەئەبینی لەشوێنێکی زۆر خراپدا بوین سەیرم پێ کرد هیچ دیار نەبوو، بەڵام مەعلومات هات گوتیان لەسەدا سەد لێتان ئەدەن ئەمشەو نازانم ٥٠ بۆ ٦٠ نەفەرێکی داعش خۆیان حازر کردبوو ئەوە بوو لەسەعات ٣ شەوە فەوجی ٣ مان لێی درا شەڕە دۆشکە بوو لەدواوە ئێمە سەیری دواوەوەمان ئەکرد ئامر لەو دەقەیەیا هات بۆ لای ئێمە لەگەڵ نەقیب فایەق دا گوتی ئێستە دێم بۆلاتان وامانزانی ئەو شوێنەی پێش خۆمان چۆڵە، لەکاتێکدا ئێمە قسەمان ئەکرد تەقەیان لەئێمە کرد ئێمەش هیچ ساترێکمان نیە من وەک چەکێکی میلار چوبوم چەکم پێ نەبوو بەچەکەکەی خۆم تەقەم کرد هیچ دیار نەبوو تومەز ئەو ڕێگەیەی کەئەچێت بۆلای ئامر لێیان داون هاتونەتە پێشتریش لە٣ شوێنەوە داعش لەئێمەی دا لەلای ئامرەوە فیشەکمان بۆ ئەهات لەلای دەستە ڕاستو لەپشتی خۆشمانەوە هێزەکە وایزانی ئێمە کشاوینەتەوە بەدۆشکەی ٢٣ ملیم دوایی خۆشیان ئیعترافیان کرد بەتەواوەتی پێشمەرگەیەکمان بەناوی ئاوارە لەوێ

بریندار بوو پارچە بەر لوتی کەوتبوو ئیتر ئێمە وتمان هیچ نەبێت بائیعادە تەنزیمێک بکەین لەسیادەی عەسکەریە لەبەر گیانی ئەو پێشمەرگانەش، چونکە ژمارەشمان کەم بوو ئەو بەینەش هیچ کەسی لێ نەبوو گەڕاینەوە بۆلای ئامر بیلالم خستە ناو ماشێنکەوەو وتم بابگەڕێینەوە، ئیتر گەڕاینەوە ماشێنکە لەپێشەوە وەستا ئێمەش نەقیب هەرێم ماشێنکەی لێ ئەخوڕی ٢ جار گەڕایەوە چونکە تەپوتۆز دروست بوو جادەکەی نەبینی چونکە پێشتر بەجیهاز گوتی دێم بۆلای دۆشکەکان وتمان ئەگەر لەو ڕێیەوە بڕۆین حەسر دەبین دوایی تەلەفۆنم بۆ گۆران کرد وتم لەکوێی گوتی لای ئامرم وتم وائەگەڕێمەوە ئەو ڕێگایە چۆڵ بوو بەتەنها گەڕامەوە چوم بۆلای ئامر، وتم گەورەم نەمزانیوە وامانزانیوە تۆ لێرە بویت ویستومانە بگەینەوە بەتۆ هەتا نەقیب هەرێم فەرماندەی پاسەوانەکان بوو هەتا لەناو هەمەرەکەشدا تەلەفۆنمان بۆ ئەکرد شەبەکە نەما، گەڕاینەوە گوتی خێرا میلارەکەم دانێ کەدامنا سەیرم کرد ٣ نەفەرم بینی تەقەم بەچەکەکەی خۆم کرد دەوروبەری سەعات ٦ بەیانی بوو، مەجموعەیەک لەفەوجی ١ مانەوە پێشمەرگەش هاتن بۆلامان بۆ یارمەتیدانمان لەفەرماندەی عەقید موقەدەم بورهان کەسێکی لێهاتوو ئازایە ئیتر موقەدەم شاڵاو سەیری کرد بەدوربینەکە دانەیەکی بینی بەبیکەیسی تەقەی ئەکرد گوتی بێنە باهەقی شەهید نەجمەدین بکەمەوە ئینجا زانیم لەوێ شەهید بوە چوم سەیرم کرد لەوناوە کەوتبوو بەتانیەکیان پیادابوو جەنازەکەیان دەرکرد فیشەکەکانی هەموی تەقیبون شەو کەئێمە ڕۆیشتبوین لێان دابوو ٣ هاوەنیان تەقاندبوو ١ هاوەنی داعش هاتبو ڕێک لەوی دابوو ٥ نەفەر بون مەجموعەیەک ئەمریکی خۆبەخش هاتبون شەڕێکی قارەمانانەیان کردبوو جەماعەتی لای ئامرو جێگرەکەی گوتی داعش نزیک بۆتەوە

زۆربەیان فیشەکیشیان پێ نەبوو هیوا بوو مەخزەنێکی پێبوو هەڵیگرتبوو ئەگەر بێنە سەری وەزعەکە لەوێ زۆر خراپ بوو لەوێ کەس خۆی دانەنابوو لەوێ دەربچێت بشکەڕانایەتەوە مەجالی تیا نەبوو داعش چواردەوریان گرتبوین، ئەوەبوو گوتی داعشەکان ئەو برا ئەفسەرانەی کەلەوێ بوون هاتنە لامان گوتیان لێمان نزیک بونەتەوەو گوێمان لە اللەاکبریان بوو ئێمەش بەورەی خۆمان چۆن ئەڵێیت وەک ڕەد فعلێک اللەاکبرمان ئەکرد بۆ بەرزکردنەوەی مەعنەویات جوابمان ئەدانەوە گوتی هەتا ڕۆژبۆوە لەوێ کشانەوە دوای ئەوە بەڕێز شێخ جەعفەرو مەجموعەیەک لەڕاگەیاندنەکان هاتبون موقابەلەیان کردبون‌و پشتیوانی خۆیان دوپات کردەوە بۆ ئەو پێشمەرگە قارەمانانە ورە بەرزی ئامرو جێگرەکەمان وایکردبوو ئەو پێشمەرگانە لەپێشەوە خۆیان بگرن‌و توانیان داعش تێکبشکێنن دوایی کۆمەڵێک شتیشیان لێ بەجێمابوو بریندارەکانی خۆیان بردبۆوە مەجموعەیەک گوللەی ئارپیچی‌و دۆشکەو شتیان بەجێ هێشتبوو هێنایانەوە.

# نەقیب محەمەد خالید جەبار

من (نەقیب محەمەد خالید جەبار) لەفەرماندەی سریەی ١ فەوجی ٢ لیوای ٣ پیادە، ئەم شوێنە کەعایدی فەوجی ٢ بوو پێی دەڵێن چاڤیلاند لەدورەوە سەیریان ئەکرد ئەوەنە شەڕەکە بەقوەت بوو لەم ناوە فیشەک هەموی گڕداربوو لەدورەوە سەیرت ئەکرد وەک ئەلعەب نار پێیان ئەوت چاڤیلاند، ئەوان شەوانە هێرشیان ئەکردە سەرمان شەوێک سەعات ١٢ بوو منو دوسێ ئەفسەری برادەرمان بوو نەقیب ڕزگارو ٢ زابتی تر بون وتم کاکە با بۆخۆمان تۆزێک ئیسراحەت بکەین تاسەعات ٢ دوایی دێینەوە بۆ ئەم شوێنە ئیتر سەعات ١٢ بوو بەتەمابوین بخەوین سەعات ١٢:٥ بوو بانگی دا اللەاکبر اللەاکبر وتم نەقیب ڕزگار ئەوە بانگی بەیانیە ١٢:٥ دەقەیە بانگی بەیانی چی داعش بوون بەاللەاکبر هاتنە سەرەوە تا سەعات ٣:٣٠ هێرشیان کرد بەس سوپاس بۆ خوا نەیانتوانی ئەم شوێنە بگرن هەرچەند محاوەلەیان ئەکرد ڕۆژ بوەوە سێ چوار هێرشیان کرد بۆ سەر ئەم شوێنە واتا جاری وابوە لەسەعات ٩ بەیانیەوە هێرشیان ئەکرد بەهەموو جۆرە چەکێک، داعشەکان بەشەو دێن تاریکە دیارنیە جار هەبوە ١٥٠ مەتر بوە جاری وابوە گوێمان لێیان بوە کەوتویانە ئەمە شوێنی ئێمەیەو شوێنی کورد نیە بەقسەی خۆیان ئێوە چەک ئەکەینو بڕۆنە ماڵەوە ئێمەش ئەمانوت ئێرە شوێنی کوردستانە شوێنی خۆمانە جێی ناهێڵینو مقاوەمەش




ئەکەین سوپاس بۆ خوا مقاوەمەشمان کرد، عەریفێکمان هەبوو ناوی عەلی شوکر بوو نەیزانی هاتە سەرەوە لێرا تەقە نەبوو مۆبایلەکەی بەدەستیەوە بوو تەلەفۆنی کرد بۆ ماڵەوە بۆ خێزانەکەی گوتی ئەوە من ئێستا ئیتیحاقم کردوە وەزعەکە باشەوو عەیبی نیە هێواش هێواش ڕۆیشتە خوارەوە نەیزانی قەناس لێیداو شەهیدی کرد بەتەلەفۆنەکە قسە ئەکات لەگەڵ ماڵەوە لەناکاو قەناس دای لێی سەرەتا شەهید نەبوو بریندار بوو ئێمەش ڕۆیشتین بۆلای بیهێنینەوە بۆ ئێرە دەمانچەکە مەجالی نەیا فیشەکێکی تر دای لەدڵی‌و شەهیدی کرد زۆر ناخۆش بوو ئەوڕۆژە واتا جاری وابوە داعش نەهێرشی ئەکردو نەتەقەی ئەکرد وەزعەکە ٢ ڕۆژ کامل ئەمان بوو سەیر ئەکەی لەناکاو پێشمەرگەیەک هاتوچۆی ئەکردو قەناس لێی ئەدا زۆر ناخۆش بوو بەلامانەوە عایدی سریەی ١ بوو عەریف بوو عەریف عەلی شوکر، ئێمە ٤٥ ڕۆژ لێرە بوین هەر بەو شێوەیە بوو ئێمە لیوای ٣ چوار فەوجە فەوجی ١و ٢ ئیتیحاد ئەکات فەوجی ٣و ٤ لەماڵەوەیە ئەو ٢ فەوجە ئیتیحاد ئەکات ئێمە دائەبەزینەوە دەوامەکەمان هەفتە بەهەفتە بوو بەس یەک ڕۆژ زۆر ناخۆش بوو بەتەمابوین وەجبە بگۆڕین دەوری سەعات ١٠ بوو وەجبەی تر بێت تابانگی مەغریب نەمانتوانی وەجبە بگۆڕین عەدەد قەناسی داعش هاتە ناو ماڵەکانەوە زۆربەی خەڵکی ئەو ناوچەیە لەگەڵ داعشدا بون کەسیان نەهاتن یارمەتی پێشمەرگە بدەن‌و بڵێن کاکە فڵان ماڵ داعشەو فڵان ماڵو کەس‌وایە ئەم شوێنە ئەمان بوو لێمان گیریا واتا تا بانگی مەغریب نەمانتوانی وەجبە بگۆڕین ڕۆژێکی زۆر زۆر ناخۆش بوو ڕەمەزانیش بوو پێشمەرگەکانیش نیوەیان بەڕۆژبون‌و شەڕی خۆشیان ئەکرد، ئێستا وەزعەکە باشە ئەمانەو داعش نەما دوربونە لێرەو ئینشالا هەر ناشتوانن بێن بۆ ئێرە، ئەگەر عەدەد قەناس

تەقە بکاتو هێرش بکات یاخود هەرشتێک بێت دیارە خەڵک موڕاقەبە ئەکات دوربینمان پێیەو سەیری ئەکەین ئەگەر بەشەو بێت ئاگری تەقەکەی دیارە ئێمەش ئەتوانین وەڵامی ئەو بدەینەوەو بڕۆینە پێشەوەو بڕۆینە ناو خانوی تر محاوەلە ئەکەینو نزیک ئەبینەوە بۆ ئەوەی بیکوژین، ئێمە ٣ شەهیدمان داوە بەداخەوە دانەیەکیان ملازم ئەوەل ڕۆستەم بوو ئامر فەوجی خۆمان لەسریەی تر بوو بەداخەوە ئەو ڕۆژی ٥ شەممە شەهید بوو ڕۆژی ٤ شەممە منالێکیان بوو دڵی خۆش بوو گوتی نەقیب محەمەد ئەوە منداڵێکمان بوە بەیانی دائەبەزمو ئەڕۆم سەیری ئەکەمو ئەڕۆم بۆ ماڵەوە بۆ ئەوە ببینم بەداخەوە شەوەکەی شەهید بوو منداڵەکەی خۆی نەبینی ٢ پێشمەرگەی تریشمان هەبوو ئەویش عەریف زوهدی بوو ئەویش قەناس لێی داو شەهید بوو موالیدی ١٩٩٢ بوو منداڵیش بوو ژنو منداڵیشی هەبوو لەگەڵ عەریف شوکر بەداخەوە لەشەڕەکاندا شەهید بون، لەکاتی شەڕدا قەناسو ئارپیچیو بیکەیسیو هاوەنو هەموی ئەمانە لەشەڕەکاندا بەکار ئەهێنرێن بەهەر چەکێک بوبێت شەهید بون، ئێمە هەر لەمانگی ٢٠١٤/٦ هاتوین بۆناو جەلەولا تائێستا ئێمە لەو شوێنەین، ئەمرمان بۆ هات لێرە ئینسیحاب بکەین تەبدیل وەجبە بکەین بڕۆین بۆ قەرەتەپە لیوایەکی تر بێت بۆ شوێنەکەمان ئێمە ڕۆیشتین بۆ قەرەتەپە لیوایەک هاتبوو بۆ جەلەولا کاتێک ئێمە ڕۆیشتین بۆ جەلەولا لیوای ٥ لەگەڵ ئێمە بوو تەقریبەن فەوجێک لەلیوای ٥ لەگەڵ لیواکەی ئێمە بوو وەختێک ئێمە ڕۆیشتین گوتیان بەداخەوە ئەگەر ئێوە بڕۆن جەلەولا هەفتەیەک سقوت ئەکات گوتیان لیوای ٣ قارەمانەو بەقوەتەو وتمان کاکە فەرقی نیە ئێمە بین یان لیوای تربێت هەموی پێشمەرگەیە تەبدیل کراین لیوای ٣ ڕۆی بۆ قەرەتەپە لیواکەی قەرەتەپەش هاتەوە بۆ جەلەولا تەقریبەن ١٠ شەو

ماینەوە لەجەلەولا لەگەڵ فەوجێکی لیوای ٥ مانگی ٧ بوو داعش هێرشی بەقوەتی کرد بە٢ ماشێنی موخەفەف دانەیەکیان هینۆ بوو مودەڕەع بوو لەگەڵ ٢ ئینتحاریەوە لەبەیانیەوە هێرشیان کرد تاشەو هێرشەکە زۆر بەقوەت بوو ماشێنیەکی تەقیەوە لەناوچەی چاڤیلاندا بەناو ئەم خانوانەدا کە پێشمەرگەی تیابوو ئەو ٢ ماشێنیەی کەتەقیەوە تەقریبەن ١٠بۆ ١٢ پێشمەرگە شەهید بوون، پێشمەرگە هەموی ئینسیحابی کردەوە بۆ نزیک خانەقین تەقریبەن ١٠ بۆ ١٥ پێشمەرگەش مایەوە لەناو جەلەولا نەیانتوانی دەربچن هەیانبوو برینداربوو هەیانبوو ڕێگەی لێ ونبوبو لەکاتی تەقینەوەکەدا مەجموعەیەکیان بەدیل بەدەستی داعش گیران تەقریبەن ٥ بۆ ٧ کەسیان چونە ماڵەکانەوە خۆیان شاردەوە لەزمنیان ماڵێک عەرەب بون کاتێک خەڵکی جەلەولا دەرچون هاتنەوە بۆ خانەقین خەڵک هەموی ڕایکردو دەرچوو ئەو ماڵە عەرەبەش ٢ پێشمەرگەی خستە تەک خۆی گوتی ئەم ٢ پێشمەرگەیە کوڕی منن‌و ئەم ٢ کچەش کچی منن‌و دەرئەچین‌و ئەڕۆین بۆ خانەقین ئەوان دەرچون، مەجموعەیەکی تریشیان ٢ پێشمەرگەی تریش چۆن دەرچون لەگەڵ ماڵە عەرەبی تر بوون گوتی کاکە ئەم دوانە کچمن‌و ئەم ٢ کوڕەش زاوامن تابتوانین دەربچین بۆ خانەقین ئەو ٤ پێشمەرگەیە ئاوها دەرچون لەجەلەولا لەگەڵ ماڵە عەرەبەکان ئەو مەجموعەی تریشمان دیل بوون تائێستا دیارنین ئەگەر شەهید بوبن یان مابن کەس نازانێت ئیتر سوپاس.

# نەقیب شێرزاد فایەق حەمە ساڵح

من (نەقیب شێرزاد فایەق حەمە ساڵح) ئەفسەر لەوەزارەتی پێشمەرگە، جێگری هەواڵگری فەوجی ٢ لیوای ٣ پیادە، ئەوە شوێنی ئێمە بوو کاتی خۆی لەوێوە کەلێیان داین ئێمە قواتەکەمان لەوێ بوو من خۆم لەو خانوە بووم لەسەعاتی ٦:٣٠ ئێوارەوە لێیانداین هەتاوەکو ٣:٣٠ شەو بەهەموو ئەسلیحەیەک لەگەڵ ئێمە تاقیان کردەوە، ئێمەش ڕەبایەیەکمان هەبوو لێرە پشتیوانی ئێمە بوو بەرامبەر ئەو دوژمن تەقریبەن لەکاتی هێرش‌و ئەوانە ئەوان لە٣ قۆڵەوە بۆ ئێمە هاتن لەئەو کۆڵانەی پشتی ئەم دۆڵەوە لەوێوە هاتن لیوای ٥ کەسەر بەوەزارەتی پێشمەرگەیە لەتەنیشتی ئێمەوە بوو ئەوانیش لە٣ قۆڵەوە پەلاماری ئێمەیان داوەو پەلاماری ئەوانیشیان دا ئێمە توانیمان بەپشتیوانی هێزەکانی پشتیوانی ٢ کەلەگەڵمان بوون ئەو هێزانەی کە ئەسلیحەی قورسیان هەیە وەکو ئەسپی جیناو وەکو هاوەنی ١٢٠و وەکو ئارپیچی زیاتر ئێمە ئەوکاتە لەڕوی چەکەوە تۆزێک چەکمان هی ئەوە نەبوو کەبتوانین، بەڵام خۆشبەختانە پشت بەخوای گەورەو بەتوانای هێزی پێشمەرگەی کوردستان توانیمان لێیان بدەین زۆر بەباشی بیان شکێنین وەدەیان جار هێرشیان بۆ ئەم خانەیە کرد کەئێستا لەبەردەممانە تەقریبەن لێرەوە بۆ ئەوێ هەر ١٠٠ مەتر بەینیەتی لەکاتی شەڕەکاندا ٢٥ تا ٣٠ مەتر بەینمان بووە وەئەوان لەچەند شوێنێک قەناسیان هەبوە ئەوە

قەناسی بورجەکەی پێ ئەڵێن ئەم ناوچەی کەقەناسی تیابوو ئەویش بورجێکی ترە بورجی کۆڕەکە لەوێوە تەقەیان لەئێمە ئەکرد بەڕۆژ پێشمەرگەشمان بلێن ئێمە شەهیدمان نەبوە بەڵێ شەهیدمان هەبوە، بەڵام بەو ڕێژەیە نەبوە ئەوانیش خەسارەتی زۆریان هەبووە داعش لەمەحکەمەش بەهەمان شێوە لە١١/٧/٢٠١٤ لەچەمی سیروانەوە لەغەسالەکەوە پەلاماریان داین‌و لەناو تەجنیدەوە هاتن پەلاماری ئێمەیان دا توانیمان خۆشبەختانە بیان شکێنین تاوەکو سەعات ٣:٣٠ شەو ئیتر شەڕەکان زۆرن ئەگەر باسی بکەین لەناو بازاڕ هەر عەینەن حساب لەقاعەی مەلعەبی یاریدا ئەوەی کە لەناو بازاڕدا یاری ئاسنی تیا ئەکرێت لەوێش تەقریبەن ئێمە سەعاتێک محاسەرە بوین توانیمان ئەوان بشکێنین‌و لێشیان کوژرا، جائەوە کاک مولازم ئەوەل جیریش هەرلەگەڵماندا بوو لەشەڕەکاندا حەزەکەم ئەویش چ شەڕێک خۆی تیابوە بەجوانی بۆتان باس بکەم هەروەها بیرەوەری ناخۆشمان ئەوەبوو کە لەم ٢ خانوەیە بوین کەداعش بەتەمابوو هێرش بکات بەداخەوە کەوا کاک عەلی عەبدوڵا شوکر کە پێشمەرگەی جەبهەکەمان بوو بەتایبەتی لای خۆم بوو لێرا شەهید بوو بەقەناس نەمانتوانی بچینە سەری دوایی بەهەمەرێک چوین جەنازەکەیمان ڕاکێشا چونکە لەبەر ئەوەی کەسێکی ترمان نارد لێیدا بەقەناس بەڵام بریندار نەبوو خۆشبەختانە ئەو دەرچوو دوایی چوین بەهەمەر توانیمان لەناو تەشنیە لێیان ئەدا واتا نەمانئەزانی لەچ خانویەکدا لێیان ئەداین چونکە خانوەکان هەمویان کون کردبوو تەقەیان ئەکرد ئەومان لێرە شەهید بوو زۆر بەداخەوە عەلی عەبدوڵا شوکر کە پێشمەرگەی من بوو عەریف ئەوەل بوو لێرە خەڵکی جەلەولایە ئەو شەهیدەمان دا لەو ڕەبایە زۆر سوپاستان ئەکەم.

# مولازم ئەوەل فەرەیدون ڕەسول

من (مولازم ئەوەل فەرەیدون ڕەسول) جێگری حەرەکات لەفەوجی ٢ لیوای ٣ پیادە، وەک ناحیەی گولاڵە کەپێی ئەڵێن جەلەولا لە٢٠١٤/٦/٩ وەکو هێزی پێشمەرگە ئەمرمان پێکرا کەبێینە ناو ئەم سنورەوە لەبەر ئەوەی داعش هێرشی بۆ کردوە ئێمەیان ئاگادار کردەوە کەبێینە ناو جەلەولا سەرەتا لەڕێگەی جسری حەلوانەوە هاتین بۆ ناو جەلەولا کەهێشتا داعش نەهاتبوە ناوی چوین بەرەو فەوجی تەواری لەوێ جێگیر بوین ئیتر ئێمە وەجبە وەجبە خۆمان بەدل ئەکرد شەش بەشەش هەموو وەجبەیەک کولی وەجبەیەک شەڕی قورسمان توش بوە پێش ئەوەی داعش بێتە ئێرە هەندێک عەشیرەت هەبون پێیان ئەوتن کوڕەوی هاتن دوژمنی کورد بوون سەرەتا ئەوان نەیان ئەهێشت کە کورد بێتە ناو گەڕەکی وەحدەو تەجنید یەکەم شەو کە هاتین لەخستەخانەی تەجنید توشی شەڕی قورس بوین دوای ئەوە بەفەرمانی سەرەوە گەڕاینەوە بۆ فەوجی تەواریو لەوێش هەمدیس شەڕێکی قورسمان توش بوو لەگەڕەکی تەجنید توانیمان ٢ کوژراویان هەبێت کە جەماعەتی خۆمان پشت بەخوا توانیمان ٢ دانەیان لێ بکوژین دوای ئەوە ئەوان لەڕقی ئەوەی تۆڵە بسێننەوە شەو هێرشیان کردە سەرمان لەفەوجی تەواری لەگەڕەکی حەی شورتە شکور بۆخوا نە بریندارمان هەبوو نە هیچ توانیمان بیانشکێنینەوە دواتر هەم دیسان هاتین بەرە

بەرە هەر وەجبەی لەشوێنێک بوو وەجبەیەک لەمەکتەبی شرور بوین من وەک خۆم ٢ پێشمەرگەم بریندار بون زۆرم پێناخۆش بوو چونکە ئێمە ئەو جەماعەتە وەک برا وابوین لێرە، هەموو وەجبەیەک ئێمە لێرە بریندارو شەهیدمان ئەدا دوای ئەو توانیمان وەکو ئەم برادەرانەش ئاماژەیان بۆکرد هەتا ئێرە کە پێی دەڵێن چاڤیلاند پشتێنەیەکمان دروست کردبوو بەرامبەریان ئەوانیش پشتێنەیان دروست کردبوو بەرامبەرمان کەنەتوانین بێینە پێشەوە ئیتر ئێمە بەو شێوەیەی کە فەرمانمان پێکرا بوو لەسەرەوە ئەرکەکانی خۆمان جێبەجێ کردبوو زۆر بەشێوەیەکی جوان توانیمان نیشتمانی خۆمان بپارێزین، ئێرە بۆیە پێی ئەڵێن چاڤیلاند لەبەرئەوەی چاڤیلاند هەیە لەسلێمانی هەمووی پڕە لەشێوەی جوانو گڵۆپی جوان بەڵام لێرە لەجیاتی گڵۆپ فیشەکی گردار هەبوو ئێمەش جوابمان ئەدانەوە بۆیە پێی ئەڵێن چاڤیلاند خۆی لەئەسڵدا پێی دەڵێن بورجی تەواری نوقتەی تەواری لێ بوو وەحدەی پێ ئەڵێن ئێرە گەڕەکی وەحدە نوقتەی تەواری. ئێستا ئێمە هەمومان لێرە پێشمەرگەینو برای یەکین بەڵام وەکو بڵێی چۆن شەهیدێک یان بریندارێک ئەدەیت ئێستا فەوجی ئێمە ٣ شەهیدمان داوە خوا سەبوری بریندارەکانیش بدات ئینشاڵا بەس ئێستا ناخۆشترین بیرەوەری لێرە ئەوەبوو کەلێرە ئێمە لەو خانوە قاوەییە بوین لەگەڕەکی وەحدە فەوجی ٢ لەوێ بوین خۆشەویسترین برادەرم نەقیب شەهید ڕۆستەم حەمەڕەشید شەهید بوو هەواڵیان پێدام کەشەهید بووە وەهەروەها شەهید زوهێرو شەهید ئەحمەد عەبدوڵا شوکریش بەداخەوە ئینشاڵا جێگایان بەهەشتەو خوا سەبوری بریندارەکانیش بدات ئینشاڵا، ئەخیر شەو ئێمە ئەمرمان پێکرا کە دەوامان ٦ بە٦ بوو گوتیان ٢ فەوجی تر یەن بەدلتان ئەکەن ئێمە ئەو شەوە بۆ ئەخیر شەو ماینەوە زیاتر لە١٠

شەوێکیشمان گرت بۆیان ئەو شەوە زۆر شەڕێکی قورس بوو لەچاقیلاندەوە هەتاکو ناوچەی لای ناوچەی پارتی پێ ئەڵێن لەخوارەوە لای مەحکەمە لەوێوە شەڕێکی زۆر قورس بوو هەر لەهەموو قۆڵەکانەوە لەچاقیلاندەوە تا نوقتەی ئەوێ شەڕێکی زۆر قورس بوو هەتا ئەوان بۆ نمونە بەدۆشکەوە هاتن لەخوارەوەو لەدوو سێ قۆڵەوە هاتن لەپشتەوە لێیانداین سوپاس بۆ خوای گەورە هەموو هەڤاڵانی پێشمەرگە لەخوا بەزیادبێت توانیمان بیان شکێنین‌و نەیەڵین بێنە پێشەوە ئیتر دوای ئەوە ئەمرمان پێکرا کە جەلەولا چۆڵ بکەین‌و ئیتر ئێمە چوینە قەرەتەپەو دوای ئەوەش لیوای ٥ سەر بەوەزارەتی پێشمەرگە لەگەڵمانا بون هەوڵێکی زۆریان داوە سوپاس بۆ خوا ئێستاش شاری گوڵاڵە لەدەستی خۆمانایە لە٢٠١٤/١١/٢٣ گەڕایەوە باوەشی کوردستان.

بۆ نمونە ئەوکاتەی کەلێرە بوین برادەران بۆ نمونە جەماعەتی سکرتاریەتیش لەگەڵماندا بوون لیوای ٥ پیادەشمان لەگەڵدا بوو بیرەوەری ناخۆش ئەوەبوو بۆ نمونە هەمدیسان دوای برادەرانی خۆمان کەبەدل بوین لێرە ئێمە لەخوا بەزیاد بێت نەمانهێشت ئەوان هیچ ماشێنیەکی ئەوان بێتە پێشەوە، بەڵام بیرەوەری ناخۆش ئەوەبوو کەئەوان هەمدیسان ماشێنیەکیان هاتبوو عەلەساس دوای ئێمە ئیتر نازانم بەبۆنەی ئەوەی عەلەساس ماشێنی بەلەدیەو لەجەژنیشدا ئێرە پاک ئەکاتەوە تەقینەوەیەکی کرد لەپشتەوە ئەو جەماعەتە شەهیدیان دا هەمدیسان دوای ئەوە تەقینەوەیەکی تریان کرد لەناوچەیەکی تەجنیدەوە ماشێنی بەلەدیێان مەلغوم کردو هاتن بەرەو تەجنید لەخوارەوە مەجموعەیەک ڕەبایەی پێشمەرگەی لێ بوو وەک نەقیب شێرزاد ئاماژەی پێکرد لەوێ مەجموعەیەک پێشمەرگە زۆر ئازایانەو

دلێرانه شەڕیان ئەکرد ئەوان لەوێ ماشێنیان بەو جەماعەتەدا تەقاندەوەو ئیتر بوە هۆی ئەوەی کەئێرە بشکێتو بکەوێتە دەستی ئەوان، دوای ئەوە بۆ نمونە کەئیتر پێشمەرگە ئەمری پێکرا سەحب بکات تا ١١/٢٣ ئێمە چوینە بەرزاییەکانی جەلەولا بۆ نمونە ناوچەی سەید ئەحمەدو سەید جابرو حەلوانو کوباشیو ئەوانە دوای ئەوە لە١١/٢٣ شوکر بۆ خوا هێرشێکی دلێرانەمان کردو گەڕایەوە باوەشی کوردستانو داعشمان ڕاونا لەناوچەی جەلەولا، ئێمە وەک لیوای ٣ گەرمیان یەکەم شەڕ لەم ناوچەیەدا بوە یەکەم شەهیدمان داوە لێرە کە کاک نەقیب فاروق بوە نەقیب فاروقو ئەوان زۆر بەشێوەیەکی ناشرینانە شەهیدیان کردو لەناوچەی سەعدیە ئەو بەهەڵە چوە ناویان بەڵام ئەوان ئەوەبوو زۆر بەشێوەیەکی ناشرینانە شەهیدیان کردن ئەوە بیرەوەریەکی تاڵە، بەڵام داعش شێوەیەکی دڕاندانەیان هەیە بەوشێوەیە پێشمەرگەو براکانی ئێمەیان شەهید کرد بەڵام ئێمە لەهەمان کاتدا کەئەوان ئەگیران ئیتر بەدەست ئێمە نەبوو بۆ نمونە ئەوەی بکوژرایە ئەکوژرا بەڵام ئێمە ڕەوانەی سەروو خۆمانمان ئەکردنو ئەوانیش بۆ خۆیان ئیجرائاتیان لەگەڵدا ئەکردن جاری واهەبوو بۆ نمونە لەناو جەلەولایا چەند جارێک خەڵکمان ئەبینی کەئاوا بەو شێوەیە یارمەتی داعشیش ئەدات هەرچەندە ئەمان وت ئەچینە ماڵەوە ئەیانگرین یارمەتیان ئەدەن بەس وەکو هێزی پێشمەرگە ئەیانوت نابێت بیان گرنو ئاوا بەو شێوەیە ئێمە چۆن بوین لەگەڵیاندا باش بوین لەگەڵیاندا بەڵام ئەوان بەو شێوە دڕاندانەیە ئێمەیان ئاوا ئەکوشت، ئێمە هاتینە جەلەولا لەسەدا هەشتای لەگەڵ داعشدا بوون بەتایبەتی عەشیرەتی کوڕەوی هەر لەکۆنەوە لەگەڵ ئەوانا بون ئێمە کەهاتینە ئێرە بۆ نمونە چۆن بڵێین لەناوچەی چاقیلاندا بوین نەیەکێکی کورد هات بۆلامان

لەبەر ئەوەی پێشتر تۆقاندبویانن ئیتر لەترسی عبوە بێت بۆیان دانرابوو یان لەترسی ڕفاندن بێت نەیان ئەتوانی واتا کوردەکانیش کەئێمە هاتبوین بۆ یارمەتیدانی ئەوان نەیان ئەوێرا یارمەتی ئێمە بدەن هەندێکی کەمميان نەبێت ئیتر بەبۆنەی ئەوەوە ئەو جەماعەتی کوڕەویە کەدەسەلاتی هەبوو بەسەر جەلەولایا نەیئەهێشت یەک کەس یارمەتی پێشمەرگە بدات ئێمەش شوکر لەخوا بەزیاد بێت هەندێک خەڵکمان دروست کرد وەکو خەڵکی خۆمان کەلەناویانا بێت ئەوانیش هەواڵیان بۆ هێنایین ئیتر ئێمە ئەمانتوانی دەستگیریان بکەین، بەلام وەکو ئەو شێوە ناشرینەی ئەوان ئێمە ئەوانمان نەئەکوشت ئەو پێشمەرگەیە بۆ نمونە ئێمە لە٦/٩ ئەمرمان پێکرا بیینە جەلەولا ئەوان فەوجی ١ بون لەناوچەی کوباشیەوە چون بەرەو جەلەولا ئەو ڕۆی بەرەو سەعدیە بازگەیان دانابوو جەماعەتی داعش بەس یەکەمجار ئالاو شتیان هەڵنەکردبوو نەیزانی بوو لەو بازگەیەن بازگەکەی ئێمەش پێی نەوتبون عەلەساس ئەوێ گیراوەو نەچێتە ناویان ئیتر بەهەڵە چوە ناویان لەگەڵ پاسەوانەکەیدا هەردوکیان شەهید کردن زۆر سوپاس بۆ ئێوەش دەستان خۆش بێتو دەست خۆشیتان لێ ئەکەم.

# کامیل محەمەد عەبدوڵا

من ناوم (کامیل محەمەد عەبدولا) پلەم مولازم ئەوەلە پایەکەم جێگر سریەی ١ لەفەوجی ١ لیوای ٣ ی پیادە، ئەوکاتەی شەڕەکەی جەلەولا دەستی پێکرد لەسلێمانی بووم ئەمەندە بەسورعەت هاتم بۆلای برادەران ڕێگەم لێ هەڵە بوو کەوتمە ناو سەیتەریەکەی داعشەوە لەسەعدیە وەهەرچۆنێک بوو خۆم دەرکرد لەئیمام وەیسەوە بەلام بەداخەوە برادەرێکی تر دوای من هات بەدوای منا نەقیب فاروق لەگەڵ پاسەوانەکەی عادل هەر لەوێ سەریان بڕین ڕۆژێکی زۆر ناخۆش بوو بەلامانەوە ئێوارەکەشی توشی شەڕێک بووین لەگەڵ برادەران تەقریبەن دەسەعاتو نیو لێیان داین یەکەم شەڕمان بوو لەگەڵ داعشدا، بەلام ئەو هەموو شەڕەبوو نەیانتوانی تەنها سەنگەرێکیشمان بگرن ئەو شەوە بەداخەوە ٢ پێشمەرگەمان شەهید بوون کۆمەڵێک بریندارمان دا ئیتر ڕۆژانی تر ئەوە بوو چوینە ناو جەلەولاوە ڕۆژانە لەجەلەولا شەڕی ماڵەو ماڵ بوو من لەبەشی ئیتیسالات بووم وازم لەبەشی ئیتیسالات هێنا چەندێک لەوەزاراتیشەوە کتاب هات لەسەرم کە بەشی ئیتیسالات نابێت بچێتە شەڕەکانەوە نابێت چەک بەکاربهێنێت، بەلام بەپێچەوانەوە لەبەر ئەوەی کوڕە شەهید بووم ٢٥ ساڵ پێشمەرگە بووم لەساڵی ١٩٩١ وە هەر چەکی ئارپیجیم پێ بوو ئارپیجیەکەم دەست دایەو ڕۆژانە وەکو ڕاوە کەروێشک ڕاوە داعشم ئەکرد لەناو جەلەولایا

لەهەر شوێنێک قەناسی لێ بوایە من بەئارپیجی هەڵم ئەکوتایە سەریو لێم ئەدان، لەڕەبایەی چاقی لاندەوە لەبورجەکەوە لەمەحکەمەوە لەهەر شوێنێکەوە زەخت بوایە من بەچەکی ئارپیجییەوە ئەچومە ناو برادەرانەوە شەڕمان ئەکرد لەگەڵیاندا، ئیتر بیرەوەریەکانیشمان ئەوەندە زۆرە نازانم لەم کاتەدا زۆر شتم بیر ناکەوێتە.

باسی یادگاریەکی تۆزێک ناخۆشیشە بۆتان ئەکەم لە٢٠١٤ هاوین بوو مانگی شەشو ئەوانە وابزانم ٦/١٨ بوو لەسلێمانیەوە هاتمەوانێ تەبعەن مۆڵەتی یاسایی خۆم بوو کە ئەو شەڕە دەستی پێکرد تەلەفونم کرد بۆ ئامر فەوجو جێگر فەوج کە بگەڕێمەوانێ بەهەقەت زۆر بەپەلەهاتم هاتمە خانەقین لەخانەقین کاک ئومێدم بینی نەقیب ئومێد گوتی مەڕۆ لەگەڵ فۆرتەکەیا ئەڕۆین بۆ ئەو شوێنەی کە بۆی ئەچیت تۆ شارەزا نیت با نەکەویتە ناو ئەوانەوە چونکە وەزعەکە زۆر ناسکە ئێستا داعشو حشدی شەعبیو هەمووی تێکەڵو پێکەڵە کەس سەر لەکەس دەر ناکات لەوێ وتم کێشە نیە خۆم ئەڕۆم ماشێنی خۆم پێ بوو بەتەنها خۆم ڕۆیشتم زۆر بەعەجەلە ڕۆیشتم لە٢ بازگەی خۆمان تێپەڕبوم ئاڵای کوردستانی پێوە بوو ئیتر لەوێ پرسیارم کرد بۆ برادەرانی خۆمان جوابێکی وام دەست نەکەوت خۆم زۆر گوێم پێ نەدا دەرچوم کۆمەڵێک ماشێنی سوتاوی لێ بوو لەناو ڕەبایەکاندا ڕۆیشتم نزیک سەیتەرەی سەعدیە بومەوە نەمئەزانی ئەوە بازگەی سەعدیەیە تابلۆکەیم بینی لەوێ جەنازەیەک کەوتبو پێموایە سەریان بڕیبوو هەر خوێنی لێ ئەهات دانەیەکی تریش هی تەقینەوە بەتانیەکیان پیادابوو لەوێ تۆزێکی تر ڕەت بوم ئاڵاکەم بینی ئاڵایەکی ڕەشم بینی تەلەفۆنم کرد بۆ کاک عیرفان سێ جار مەشغوڵ بوو هەڵی نەگرت دوایی بۆ موقەدەم ڕوکن نزارم کرد جێگر فەوج ئەو جوابی دایەوەو گوتی ها

مەلا وتم وەڵا گەورەم ئێوە لەکوێن من لێرەوە ئاڵایەکی ڕەش دیارەو هەر جەماعەت جلی عەسکەریان لەبەردایەو جلی خاکی گوتی بۆ خاتری خوا بگەڕێرەوە ئەوە جەماعەتی داعشە وتم تازە چی بگەڕێمەوە سەیتەرەکە هەموی ٢٠ مەترم مابوو بگەمە ناویان، ئیتر مۆبایلەکەم فڕێ دایە وتم دایخەرەوە گوتی دایمەخە بائاگام لێت بێت مۆبایلەکەم فڕێ دایە سەر کوشنەکەو سوڕامەوە جادەکە ٢ سایدە لەو سایدەی کەبەرەو سەعدیە ئەڕۆی سوڕامەوە بەرەو سایدی ئەولا حەرەسەکە قاچی نابو بەناو پایەکانەوە تیفۆرێکی پێبوو چاوی لەمن بوو یەکسەر بەعەرەبی تێی خۆڕیم منیش لەسەر ئەو نەوەستام بەڕاکردن تامن سوڕامەوە هاتنە بەردەمم، هاتە بەردەمی ماشێنکەو بەعەرەبی خۆیان تورەکردو گوتی بگەڕێرەوە دواوە یەکسەر ئیعازەکەیم تەدبیق کردو گەڕامەوە بۆ دواوە لەشوێنی خۆم سوڕامەوە بەرەو ئیتیجای ڕۆسایدی سەیتەرەکە بەرامبەریشم دوان ئیشارەتیان بۆ کردم بێم بۆ بەردەمیان ئیشارەتیان بۆ کردم بێمە ناو سەیتەرەکە بۆ پشکنین، ئیتر چار نەما ئاخیر ئیشارەت چۆن ئەڵێیت ئاخر مەرحەلەی ژیانم بوو چەکم پێ نیە کەوتومەتە ناویانەوە هەر چوارلام گیراوە ٧ کەس بەچواردەوری ماشێنکەوەن ئەو شوێنەش کەبۆی ئەچووم هەموی پایەیە، پایەکان وردە وردە تەسک ئەبێتەوە لەوێدا ماشێن ناتوانێت بسوڕێتەوە تەنها یەک خوتەم دانابوو لەمێشکی خۆمدا ئەویش ئیعازێکی سەریع کەبیەم لەمێشکی خۆمدا ئەو پایەیە بوو کەبەنێک بوو ئەو بەینەش کەئەمتوانی لێی دەربچم بەڵام ئەو بەینە ڕێک ئەچوە ناو مەقەڕەکەی خۆیانەوە من لەو بەینەوە دەرچوم کەچی ئەو بەینە ڕێک ئەچوە ناو بارەگاو مەقەڕی خۆیانەوە بەتەنیشت ئەو کابرا ئەفغانیەی کە قاتە مرەقەتەکەی لەبەردایە ڕیشنەیەکی چاو شینە ئەو بەتەنیشت ئەوەوە ئەڕۆیشتم وەستابو لای

مەقەڕەکەیان ٣ ماشێنی لێ بوو ماشێنیەکیان مێکزەمینی بوو فۆرتێکی پیکاب قوڕی لێ درابوو ئەوی تریشیان مەرزیەیەکی دەبڵ ئەکسل دۆشکەی بەسەرەوە بوو بەلای هەرسێ ماشێنکەدا ڕۆیشتمە ناو گەڕاجێکەوە لەلای سەعدیە گەڕاجی غەسل بوو نازانم چی بوو ڕۆیشتمە ئەوێ ئیتر لەئاوێنەکانەوە سەیرم ئەکرد هەرچەندە هاواریان ئەکرد من جوابم نەئەیانەوە وتم بائیتر لەدوای ئەوەوە چی ئەبێت ببێت چونکە چەکیشم پێ نەبوو تاهیچ مقاوەمەیەک بکەم ناچار ڕامکرد لەدەستیان هاتمە ناو گەڕاجەکەوە ماشێنکە کوژایەوە بەدەستمەوە قاچم هێنایە خوارەوە ڕابکەم سولفێکم لێدا ماشێنکە کەوتەوە ئیش گەیشتمە سەر فەرعی ئەو گەڕاجەی کەلێی دەرەچم خەریک بوو بەڕاکردن ئەهاتن بۆم، ئیتر وەزعێکی زۆر ناخۆش بوو لەوێ بەتەنیاش بووم شارەزاش نەبووم ماشێنکەشم تەواو نەبوو ناچار بەرەو ئیمام وەیس ملم پێوەنا بەناو ساترو سەنگەرەکانی ئەولایا ڕۆیشتم بەرەو گرێزە مەسافەی چارەکێک بەماشێن ڕۆیشتم بەولا دوایی گەڕامەوە کەوتمەوە سەر ڕێگاکە سەیتەرەکەیان قەتع کردبوو ماشێن نەئەهات بەرەو ڕەبایەکانی ئێمە لەوکاتەی کەمن گەڕامەوە لەبەنزیخانەکە بەرەو سەرەوە برادەرانی خۆشمان لەوێ سەیریان کرد ماشێنیەک تەپوتۆز ئەکاتو بەرەو لای ئێمە یەت ئەوانیش وایانزانی داعشە گوتیان بە ١٠٦ کەلێی بدەن ئەگەر لێمان نزیک بۆوە لەکاتێکیش کەمن گەڕامەوە بۆ سەرەوانێ شەهید فاروق ئەو بەهەمان ڕێگەی مندا هاتبوو بەناو سەیتەریەکەدا بەڵام بەهەقەت من نەمزانی ئەوی تیایە لەو ماشێنیەدا ئۆپترایەکی پێبوو ئەڕۆیشتە ناو سەیتەرەکەو کەوتە ناو قەڕەباڵغیەکەوە لەوێدا هەردوکیانیان سەربڕی بوو لەگەڵ پاسەوانەکەی، ئیتر من هاتمەوە بۆلای برادەرانی خۆمان وەزعێکی زۆر ناخۆش بوو خۆم

هەرنەخۆش بووم ئیتر لەوێ بووین تائێوارە عەسر دیسانەوە شەڕ دەستی پێکردەوە هەتاکو بەرەبەیان شەڕبوو ئەوە وەزعێکی زۆر ناخۆش بوو بەسەر ئێمەدا هات لەوێدا نا لەناو سەیتەریەکەدا، ڕۆژێکی تریش لەناو جەلەولایا بووم ئارپیچیم پێ بوو مانگی ٢٠١٤/٧ بوو وابزانم مانگی ٨ بوو وابزانم دوای ڕەمەزان بوو لەناو جەلەولایا بوین نیوەڕۆیەکی گەرم بوو ئارپیجیەکەم پێ بوو بەیەک گوللەوە وتم تا ئەو کۆڵانەی ئەودیو ئەچم پیاسەیەک ئەکەم بێتاقەت بووم چومە کۆڵانێکی باریکەوە هیچ دەنگێک نەبوو ڕۆیشتمە کۆڵانێکی ترەوە کۆڵانەکانیان ئەمەنە باریکە سەرەو دەری لێ ناکەیت چومە کۆڵانێکی ترەوە دەنگی مۆلیدەیەک ئەهات، ئیتر ڕۆیشتم ڕێگاکەم لێ هەڵە بوو وتم بابچم لەوانەیە ئەوە مقاڕاتی برادەرانی خۆمان بێت چوم بەرەو سەوتی مۆلیدەکە نزیک بومەوە دەرگایەکی گەڕاجی کرابۆوە خانویەکی شەرقی بوو ڕۆیشتم موبەڕیدەیەک ئیشی ئەکرد جامخانەکە کرابۆوە پێڵاوو شتی لێ ڕیز بوبو وەلحاسڵ ٣ مەتری مابوو بگەمە بەردەمی دەرگای جامخانەکە بەڕیز لەمسەر بۆ ئەوسەر داعش خەتبون لەلایەکدا هەموو بەجزداشەو ڕیشەوە خەوتبون ئیسراحەتیان ئەکر بۆ ئەوەی شەو بێنە سەرمان بەحەقەت شتەکە کتوپڕبوو ئەگینا لەبەرنامەما بوو ئاربیجیەکیان پێوە بنێمو هەمویان بسوتێنم بەڵام شتەکەی من کتوپڕ بوو لە ٣ مەتردا کەوتم بەسەریاندا لەدوایدا زانیم کەئەوان داعشن وەتەئکیدیش نەبووم کەلەوبەرەوە مەقەڕاتی کەی لێیە یان نا خۆم دەرئەچم یان نا لەبەر ئەوە ئەگینا بەرنامەم هەبوو شتێکیان لێ بکەم بەڵام ئیتر بەوەزعێکی زۆر ناخۆش دەربازم بوو تاکۆڵانەکانم دۆزیەوەو گەڕامەوە بۆ ناو بارەگاکانی خۆمان، کاتێک کەهاتمە ناوەوە بڵێین ئەو خانوەی کەباسمکرد لەجامخانەکەوە لەمەجالی ٢ بۆ ٣ مەتردا

بوو کاتێک کەزانیم داعشە یەکێکیان جولاّیەوە کەوتە سەرلا کەڕیش‌و دەموچاویانم بینی‌و جزداشەی لەبەردابوو قاچی دەرکەوت ڕەشێکی پیسی ناشرین بوو ئینجا زانیم داعشە یەکسەر بۆ دواوە گەڕامەوە بۆ دەرەوەی ماڵەکە چونکە بەهەقەت من هیچ ئیعازێکی شەرم پێ نەبوو ئەو ڕۆژە لەجەماعەتی خۆمان دابڕابووم بەس پێشمەرگەکان‌و حەرەسەکان زانیان کەمن لەو شوێنەم بزەبت رێک نەشیان ئەزانی کەوتومەتە ئەو مەوقیعە من تەنها وتم ئەچم بۆ ئەو کۆلاّنەی ئەودیوو بەلاّم ئیتر کەوتمە ناویان لەو ماڵەدا، ڕۆژێکی تریش هەر یەکەم ڕۆژی جەلەولا بوو کەگیرایەوە ئێمە بۆ ئێوارەکەی سەعات ٢ شتێک بوو داغڵ بەجەلەولا بوین لەگرتنەوەی جەلەولایا کاک عیرفان‌و کاک نزارو برادەران لەوێ بوون من هەر وتم تائەو مالاّنەی خوارەوە ئەچم هاتمە خانویەکەوە بەتاقی تەنها کات خەریک بوو ڕۆژ ئاوائەبوو واتا خەریک بوو دنیا تاریک ئەبوو ئەوەنەی نەمابوو خانوەیەک بوو لەو تەجنیددا دەرگای حەوشە کرابۆوە منیش بەتەنیا چومە لای خانوەکەوە قۆریەک چا دانرابوو ٣ پیاڵەش دانرابوو شەکریشی تێکرابوو دەستم لەقۆریەکە دا گەرم بوو خەریک بوو بگەڕێمەوە دوایی گەڕامەوە چومە ناو ژورەکەوە ئەو ژورەی ژوری میوانەکە بوو کەداغڵ ئەبوی لەمەتخەلەکە ئەچیتە ژوری میوانەکەوە تاقمی قەنەفە دانرابوو هەر هەمووی چارەکێک ویسکی لێ بوو پاقلەی لێ بوو دانرابوو پاکەتی فیشەک کەکردبویانە ناو چەکەکانیانەوە دانرابوو لەم لاشەوە دەرگای ئەو ژوری میوانە کەلێنێکیان تێکردبوو واتا کردبویانەوە بۆ سەرەوە بچیتە ناو هۆڵەکەوە کارەباو شت نەبوو تاریک بوو بەس بەهەقەت من نەمتوانی بچمە ناو خانوەکەوە چونکە من بەتەنها بووم تەئکیدیش بووم کەئەوە نەفەری تیابوو لەبەر ئەوە چایەکە هەم گەرم بوو هەم

مەشروبیان دانابوو لەوێدا وەئەو ڕۆژە هەمووی نیوسەعات ئەبوو جەلەولا گیرابۆوە هێشتا هەرتەقەی تیامابوو، ئیتر من بەهەقەت گەڕامەوە هیچ ئەمرێکم پێ نەبوو گەڕامەوە بۆناو ڕەبایەکانی خۆمان بۆ سەرەوە لای چاڤیلاند زیاد لەنیو سەعات لەبرادەرانی خۆم دور کەتبومەوە ئەو شوێنە لەنزیک سەیتەریەکەیە ئاخر سەیتەریەی کەدەرچی بۆ سەعدیە مەرجانەیە کوێیە مەجموعەیەک دوکانی لێیە لەولا خانویەکی سەر ڕوکنەکە قەبرستانە شوێنەکە چۆڵی بوو وەبەتەنیاش بووم کاتەکەش ئەبوو بەشەو شارەزای ناو ماڵەکانیش نەبووم بۆ گەڕانەوە تەقریبەن سەعاتو نیوێک بوو جەلەولا گیرابۆوە کەچومە ئەو شوێنە تەقەی هەر تیامابوو تابەیانیەکەشی داعش هەرلەناو جەلەولایا مابوو لەماڵەکاندا بون شەو دەرچون خۆیان شاردبۆوە بەو شێوەیە بوو.

# موقەددەم ڕوکن نزار

من (موقەدەم ڕوکن نزار) جێگر فەوجی ١م، لەڕۆژێکی زۆر سەخت لەڕەمەزاندا مانگ ٨ بوو ئێمە دەوامی‌مان لەمەکتەبی شروق بوو لەناو جەلەولا کەوەخت‌و سات‌و کاتیان وەرگرتبوو ئەیانزانی کەی بەدلیاتی ئێمە دروست ئەبێت وەکو کەمینێکیان داناوە لەسەر پردی ناوەڕاست جەلەولا پێی ئەڵێن پردی وادیعوسەج لەوێ تەقەیان کرد لەهێزەکانمان، بەڵام ئێمە لەسەعات ٦ بەیانی تا ١٢ نیوەڕۆ شەڕێکی سەختمان بوو لەگەڵ داعشەکان ٣ شوێنیان گرت ئێمە وەکو کۆمەڵێک پێشمەرگەو ئامر فەوج کاک عیرفانی خۆمان چوین بۆ یارمەتی ئەو پێشمەرگانە لێرانا مولازم ئەوەل کامیل بوو لەڕائید لوقمان زائیدەن جەماعەتی ئاسایش لەوبەرەوە بوون بەرامبەر بەخۆمان لەگەڕەکی وەحدە ئێمە لەگەڕەکی جەماهیر مەجموعەیەک زۆربوون شەڕێ سەخت بوو تاسەعات ١٢ نیوەڕۆ ٢ شەهیدماندا لەئاسایش‌و خۆمانیش یەک بریندار کە ڕائید لوقمان بریندار بوو، یەکێک لەو بیرەوەریانە ئێمە کەهاتین هەموو هێزەکانمان دەرکرد خوتەکەمان وابوو هیچ پێشمەرگەیەک نەکەوێتە ناوکەمین‌و یان شەهید بێت یان بریندار بێت ئاخر ٢ ماشێن ماشێنی من‌و کاک عیرفان بوو دامانا بەئۆڕاڵ‌و بەفۆرت پێشمەرگەکانمان ڕەوانە کرد، بەڵام کەپێش خۆمان سەیر دەکەین ئەوان لەدوولاوە تەقەیان کرد لەپێشمەرگەکانی ئێمە ٣ بریندارمان دا لەو

ڕۆژە ڕۆژێک زۆر ناخۆش بوو من خۆم بەڕۆژوبوم هەتا ١٢ نیوەڕۆ بەڕۆژو بووم لەو شەڕە ڕۆژومانیش نەشکاندا سوپاس بۆ خوا تەنها ئەو ٣ بریندارە بوو نەجاتمان بوو لەو شەڕە، ئەوەی ناو جەلەولا زۆربەی شەڕەکان وابوو ئێمە وەکو لیوای ٣ دابەشی شوێنەکانمان کرد وەکو ناوچەی تەواری لای شوهەدا زائیدەن ئەوەی ناو بازاڕ جەماهیرو گەڕەکی وەحدەو مەحکەمە شەڕی سەخت سەختمان کرد بەیارمەتی هەموو برا پێشمەرگەکانی خۆمان زائیدەن هێزی پشتیوانی دووەم کاک لیوا حسێن مەنسوڕ، ڕۆژێک لەوانە شەڕی مەحکەمە بوو کەسریەی ٢مان لەمەحکەمە بوو تەقەیە زۆر لەسەر مەحکەمە بوو بەئاربیجیو بەتەقەو بەبیکەیسیو بەدۆشکە تەقەیان ئەکرد لەو مەحکەمە، مەحکەمەو ناوچە لەپەنای یەک بوون بەڵام نەیانتوانی نەمەحکەمە بگرن نەناوچە، ڕۆژی سەحبی هێزی خۆمان بەرەو قەرەتەپە من ئەو ڕۆژە بەرەو قەرەتەپە ئەچوین ئەمری عەسکەریمان بۆ هات سنوری قەرەتەپە زۆر زەختی لەسەر بوو لیوای ٣ واجبی ئەوەمان پێ درا جوڵە بکەین بۆ ئەو شوێنە لیوایەکی تریان لەقەرەتەپەوە نزیکی قەرەتەپە هێنا ئەو لیوایە زۆر هیلاک بوو هاوردبویان بۆ ناو جەلەولا نزیکی ١٠ ڕۆژ واجبی گرت لەناو جەلەولا، پێشتر خۆمان کەلەناو جەلەولا بوین زۆر هەوڵیاندا تەقەی ڕەبایەی بەرز هەیە لەناو جەلەولا ناسراوە بەچاقیلاند ئەو شوێنە بگرن، بەڵام نەیانتوانی کەهێزی بەدیلی خۆمان هات نزیکەی ١٠ ڕۆژ زەختێ زۆر لەسەریان بوو دوای ئەوە خوتەیەکیان دانابوو داعش ماشێنی زبڵیان هێنا بۆمبڕێژیان کردبوو تیئێنتیو تیفۆڕو ئەو شتانە زائیدەن پیکاپێکی تریش لەیەک دوو زەلام وەکو حیزام ناسبیان پێ بوو ئینتحاری بون ئەوانە زەختێ زۆر نزیکەی ٥ کاتژمێر شەڕیان کرد ئەو جەماعەتە نەیانتوانی ماشێنکەیان تەقاند پێیاندا واتا بەفعلی ئەو تەقینەوە

چی پێشمەرگە بوو خانوەکە ڕوخا بەسەریا نزیکەی ٧ بۆ ٨ پێشمەرگە شەهید بوون، ئەوەی واماوە شوێنەکە وەکو شارەزا نەبوو هێزێکی تازە بوون لەو سنورە گەڕانەوە بۆ جادەیەک لای مزگەوتی ئیسراو میعراج گەرەکیانە ڕزگار بوون بەرەو دەشتی جەلەولا بڕۆن داعش گرتیان بەداخەوە ملازمێکیان تیابوو هەموویان کوشتو هەموویان سەربڕی هەر لەوشوێنە ئیتر سوپاس.

# مولازم محەمەد مستەفا

من (مولازم محەمەد مستەفا) ئامر فەوجم لەفەوجی ٣ لیوای ٣ تایبەت، لەسەرەتاوە پێم خۆشە پێش ئەوەی کەمەوزوعی داعش دروست بوە لەو کاتەوە دەست پێ بکەم تەقریبەن لەمانگی ٦ بۆ ٧ وابزانم ٦/١٠ بوو کەئێمە لەبازیان بوین ئەوکاتە لەبازیان دەوامم ئەکرد سریەیەکمان لەبازیان بوو کە ئاگادار کراینەوە خۆمان ئامادە بکەین بۆ ناو کەرکوک یەکەمجار کەچوینە ناو کەرکوک چوینە ماڵی دکتۆر نەجمەدین شەوێک لەماڵی دکتۆر نەجمەدینماینەوە ئەوەبوو بەیانیەکەی چوین شوێنێکیان تەسلیم بەئێمە کرد نزیک مەتاڕی کەرکوک بوو، ئیتر ئەوەبوو ئێمە چوینە ناو کەرکوکەوەو چوینە ناو مەتاڕەوەو مەتاڕمان بەتەواوی کۆنترۆڵکردو هیچ کێشەیەکی وانەبوو، بەڵام تەقەیەکی زۆر زۆر هەبوو چوینە ناو مەتاڕەوەو مەتاڕمان چواردەورە گرتو دەستمان بەسەردا گرتو ئیتر لەوە بەدوا ئێمە مەتاڕمان بەجێهێشتو چوینە بنکەیەکی ڕەیسی بۆ لیوای ٣ تایبەت ئیتر لەوێوە ئینجا ئێمە لەشەڕەکانی داعش زۆربەی شەڕەکان وەک لیوای ٣ تایبەت لەهەموو شەڕەکاندا واتا نەبوە ئێمە بەشداری نەکەین وەکو هێزێکی تایبەت کەشان بەشانی زۆر لەهێزەکانی تر پێشکەوتوتر بەهەموو جۆرە چەکێکو هەموو شتێکەوە بەشداری شەڕەکانمان کردوە، کۆمەڵێک شەهیدمان داوە لەو شەڕانەدا کەتەقریبەنساڵێکو شتێکە بەردەوامە کۆمەڵێک ئەفسەری زۆر زۆر پلە

بەرزو زۆر کەسی بەناوبانگ زۆر کەسی باش زۆر کەسی بەغیرەت زۆر مامۆستامان لەو شەڕانەدا شەهید بوە، تائەم دەقەیەش ئێمە بەردەوامین‌و تائێستا هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ کەس نەبوە ئەوەی پێمان کراوە کردومانەو بەنسبەت ئەوەی کەئەو ئەرکەی لەسەر شانمان بوبێت تائێستا کردومانەو هیچ درێغیەکمان لێ نەکردوە لەپیشەکەمان وەکۆمەڵێک یادگاری زۆر خۆشمان هەیە لەو شوێنانەدا کەبۆ نمونە ئێستا ئێمە لەگەڵ کاک سەفین بەیەکەوە بوین تەمەنێکی زۆر تەقریبەن کەئەو ئامر سریەی من بوە هەتاکو لەلیوای ٣ لەفەرماندەیی بەیەکەوە بوین لەبازیان بەیەکەوە بوین دوای ئەوەی کە چوینە ناو کەرکوک‌و لەوێش هەر بەیەکەوە بوین وەلەزۆربەی شوێنەکان بەیەکەوە بوین، چونکە کاک سەفین کەسێکی زۆر زۆر خۆشەویست بوە کەسێکی زۆر ئازا بوە کەسێک بوە هەتا باسی بکەی ئیتر زیاتر لەوە هەڵدەگرێت کەمن بتوانم بڵێم باسی بکەم بەڕاستی کەسێک بوە کەشایەنی هەموو شتێک بوە، مەتاڕ بو بەبنکەیەکی ڕەئیسی بۆ ئێمە لەوێوە چوین بۆ شەڕ بۆ بەشەکانی کەرکوک جاری واهەبوە بۆ نمونە یەکەم شەڕ لەگوێر بوو کەشەهیدێک درا دووەم شەڕ عەبدوڵا غانم بوو کە پێشمەرگەیەکی ئێمە کوژرا ناوی ئاریان بوو ئەوەیان چونکە پێشمەرگەی من نەبوە ناوەکەیم بیرچۆتەوە کوڕێک بوو خەڵکی ناوچەی وابزانم هەولێر بوو، بەڵام ئەوەی لای ئێمە کوژرا یەک پێشمەرگە بوو ناوی ئاریان بوو خەڵکی دوز بوو لەیەک سریە بوین یەکەم شەهیدی ئەو ناوچەو یەکەم شەهیدی دوزیش بوو، ئیتر بەو شێوازە بوو، یەکێک لەو بیرەوەریانەی کاک سەفین ئەوەبوو کاک سەفین کەسێک بوو پێشمەرگەی زۆر خۆشدەویست جارجار توڕەش ئەبوو تەبعەن هەموو کەسێک ئەو شتەی تیایە، یەکێک لەو بیرەوەریە خۆشانە

یەکەمجار کەڕۆیشتین من نەڕۆشتم جەماعەتی جیاکردەوە گوتی مولازم موحەمەد جەماعەتێکم بۆ جیاوەکە تۆش لەگەڵ ئەم جەماعەتە لێرەبە ئەگەر زانیمان کێشە هەیە تۆ وەرە تەلەفۆن بۆ تۆ دەکەین پێش ئەوەی جیامکردنەوە پێشمەرگەیەک لەو پێشمەرگانە زۆر زۆری ئەکردو ئەیوت دێم ویستمان ئەو نەیەت گوتی هەردەچم گوتی دەبێت بێم لەگەڵ ئێوە ئەوەبوو ڕۆیشتو نەگەڕایەوە بەناوی ئاریانەوە، ئەوە یەکێک بوو لەوانەی کەکاک سەفین زۆر تەئسیری تێکرد زۆر زۆریشی پێ ناخۆش بوو کەبەزۆر هات هەر وەک چۆن بڵێیت بەزۆر هات شتێک کەخوا ویستی لەسەر بوو، ئەبێت هەر ببێت ئێمە ئەمان ویست نەچێت گوتی هەردەچم ئەوەبوو کەشەهید بوو خوا عافوی بکات ئیتر بەو شێوازە بوو، بیرەوەری پێشمەرگە ئەگەر تۆ باسی بکەیت زۆر زۆرە بەڵام زۆربەیان ناخۆشە بیرەوەری خۆشی تۆزێک بەو شێوازەمان نیە تۆزێک شتەکانمان ناخۆشە ئێستا یەکێک لەو شتانە کەبۆ نمونە پار زۆربەی ئێمە کە لەسەرما ئەوکاتە تازە چوبوینە ئەوێ شوێنەکانمان مەزبوت نەکردبوو شوێنەکانمان تەواو تەرتیب نەکرابوو سەرمایەکی زۆر بارانێکی زۆر زۆریش باری پار لەئاخیرەکەیدا، ئیتر زۆربەی شەوەکان ئێمە کەسمان بەئیسراحەت نەدەخەوت پێشمەرگە ئەوەی من لەگەڵیاندا تێکەڵاوم کەس ناتوانێت بەئیسراحەت بخەوێت ئەو سەردەمە چونکە ئەو سەردەمە ترسێکی زۆر زۆر هەبوو هەر ڕۆژێک باران بایا یان سەرما بایا ئەبێت هەموو پێشمەرگە لەئامادەباشیدا بێت تەمێک ببایا بەهەمان شێوە، ئیتر بەو شێوازە بیرەوەری خۆشی نیە بڵێم زیاتر شتی ناخۆش زیاترە تابەیانی لەبەر باران لەبەر سەرما حەرەسیات بەو شێوازە نەهات، هات خۆت ئامادەبکە دەرچونە دەرچون نیە تابەیانی تۆ لەدڵەڕاوکێدایت ئەڕێ دەرچم دەرنەچم بڕۆین نەڕۆین ئیتر بەو شێوازە

واتا ژیان هەر لەعەسکەریدایە پێشمەرگە، پێشمەرگایەتی ژیانی بەو شێوازەیە هەتا بەیانی تۆ لەئامادەباشیدایت هەتا بەیانی پێشمەرگە بەماشێنو کاملی عەسکەریەوە ئامادەیە چاوەڕێی سەروی خۆت دەکەیت تەلەفونت بۆ بێت دەرچین دەرنەچین ئیتر بەدرێژایی شەو ئەوەندەی لەدەوامی ئیتر هەفتەیەکە ١٠ شەوە ١٥ شەوە بۆ نمونە بۆخۆم یەکێک لەو کەسانەم کەلەشەڕی جەلەولا منیان لەکەرکوک بەجێهێشت چەند زابتێک بوین ئەو شەڕەی جەلەولا لیوای ئێمە کەپێشتریش باسم کرد لیوای ئێمە لەهەموو ئەو میحوەرانەدا لەو شەڕانەدا بەشداری کردوە، یەکێک لەو بەشداری کردنانەی کەچوو بۆ جەلەولا دورە خۆئامادەکردنی ئەوێت کۆمەڵێک ئەشیاو خواردنو پێداویستی ئەوێت ئەبێت خۆتی بۆ ئامادە بکەیت کەلیواکەی ئێمە خۆی ئامادەکردو ڕۆیشت ئێمە هەندێکمان لەوێ بەجێماین لەکەرکوک چونکە نەدەکرا ئێمە ئەوێ چۆڵ بکەین کەلەوێ بەجێماین من خۆم تەقریبەن ٢٠ شەو بەبێ دابەزین لەکەرکوک بومو هەموو ناخۆشیەکانیم دیوە پێشمەرگەکانیش بەهەمان شێوەی من بوون، بەڵام پێشمەرگەکان تەقریبەن ئاوا دوو دوو و سێ سێ ئەوانەی کەخێزاندار بوون بەشێوازێک یارمەتیم ئەدان ئەموت بۆ ئەوانەی خێزاندارن قەینا بابڕۆنەوە بۆ ماڵ باشترە ٢ شەو لەماڵەوە بنو بێنەوە هەروەکو ئەوەی کەتۆزێک زۆر ئیشەکەیان لەسەر قورس نەبێت بەنسبەت خۆمو کۆمەڵێک کەسی دیکەشەوە کۆمەڵێک زابتی دیکەشەوە ٢٠ شەو من لەکەرکوک بووم بەبێ دابڕانو دانەبەزینو بەبێ خۆشتن بەبێ جل شتن بەبێ خواردنێکی بڵێین تۆزێک خۆش، ئیتر خواردنی عەسکەریش خەڵک دەزانێت چیە شتی زۆر بەسیتەو هەتاکو ئەوەبوو شەڕەکەی جەلەولا کراو لەخوا بەزیاد بێت لیواکەی ئێمە بەسەرکەوتویی هاتەوەو


ئەوکاتەی من دابەزیم ئیتر بەو شێوازە، شەڕی عەبدوڵا غانم یەکەم شەڕبوو بەڵام عەبدوڵا غانم کەس شارەزاییەکی ئەوتۆی نەبوو ئەوکاتەی پێشمەرگە زیاتر بۆیە خەڵکیش چۆن دەڵێی توشی شۆک بوون، چونکە تۆ شتێک کەنەیبینیت یەکەمجار زۆر ناخۆشە بەڵام لەخوا بەزیاد بێت ئێستا خەڵکەکە چونکە پێشمەرگە هەموو شتەکانی دیوە ئەوکاتەی بەڕاستی ئێمە شەڕێکی تیرۆریستێکی ئاوا گەورە بەڕاستی هەموو ئەوروپا سەیری ئەو داعشە دەکات بەگەورەترین تیرۆریستی دەزانێت لەدنیادا تائێستا ئەو سەروەتو سامانەی کەداعش هەیەتی هیچ گروپێکی تیرۆریستی نەیبوە بۆ زانیاری خۆتان، بەڵام ئەوکاتە ئێمە پێشمەرگە بەڕاستی نەئەو چەکەمان پێ بوو لەچاو ئەوانەوە نەهیچ شارەزاییەکمان هەبوو، چونکە ئەوانە هەموو خەڵکی شارەزان لەئەجنەبیان تێدایەو لەئەوروپیان تێدایە کۆریە سینیە عەرەبە، ئەوانە کەهەموو زابتی خانەنشینینی وڵاتەکان بوون بەتایبەتی هی جەیشی عێراقی لەچەکو پێداویستیو ئەوانە بۆ نمونە ئێمە ناوی ئێمفۆڕمان نەزانی بوو کەئەوان دەرەجە یەکی ئێمفۆڕیان پێ بوو، کەئێمفۆڕ سیلاحێکە زۆر کاریگەرە بۆ نمونە قەناسە هاوەنە زۆر چەکی کاریگەریان پێ بوو کەلەجەیشی عێراقی دەستیان کەوتبوو بۆ ئەو سەردەمەی بەڵام ئێمە نەمان بوو بەڕاستی ئەوەی هەمان بوو ئەوەی زۆربەی خەڵکی کەپێی بوو هەر کلاشینکۆف بوو هیچی تازەترمان پێ نەبوو ئینجا شارەزایشمان نەبوو تۆ لەناکاو بکەویە شەڕێکی ئاواوە بەتایبەتی ئەو جۆرە شەڕانەش لەشەڕی تر جیاوازە لەوەی شەڕی پێشمەرگایەتی یان هەر شەڕێکی تر کەپێشتر کرابێت، وەکو من خوێندومەتەوەو بیستومە بۆ نمونە سەردەمی باوباپیران بۆمان ماوەتەوە ئەم خۆکوژیە شتێکی تازەیە جاران ئەوە نەبوو، جاران منو

کەسێکی تر شەڕمان ئەکرد لەپاش بەردێک یان لەپاش دیوارێک من چەن دەترسام ئەویش ئەوەندە دەترسا بەس شەڕی ئێستا وانیە لەبەر ئەوەی ئەو کەسەی بەرامبەرتە داعشە تیرۆریستە خۆکوژە ئینسانیش کەخۆی کوشت یەک نەفەر بچێتە ئەو بینایە کەلەبەر چاوی ئێمەیە ئەگەر خۆکوژ بێت هەتا ئەیکوژیت ١٠ کەس ئەکوژێت لەبەر ئەوەی تازە دەستی لەژیانی خۆی شتوە بۆ ئەوەیە زیاتر پێشمەرگە توشی شۆک بوە چویە هەر شوێنێکی بۆ نمونە ئەگەر ١٠ داعشی لێ بوایە دەبوو هەر ١٠ بکوشتایە هەتا ئەو ١٠ کەسەت ئەکوشت دەبو کۆمەڵێ پێشمەرگە شەهید ببوایە چونکە ئەو کەسە ناترسێت ئەگەر کەسێکی نەترسێت تۆ ناتوانی ئاوا بەئاسانی دەستگیری بکەیت یان بیکوژیت، زیاتر لەسەدا نەوەد بۆ لەسەدا نەوەو پێنجی ئەوەبوو کەداعش خۆکوژی بوو نەدەگەڕایەوە دەبوو ئیلا بیکوژیت، تەبعەن تۆ هەتا کەسێک دەکوژیت دەبێت خەڵکی بۆ بەشەهیدکردن بدەیت ئەوەبوو پۆلێک پێشمەرگەی زۆر لەو ماوەیدا شەهید بون خوا عەفویان بکات، ئیتر لەدوای ئەوەی کە ئەوشتانەی باسمکرد ڕاستە پێشمەرگە شەهید بوون بەڵام دوای ئەوە پێشمەرگە شارەزایی لەشتەکان وەرگرتو وردە وردە هاتینەوە ناو مەوزوعو ئیتر لەخوا بەزیاد بێت ئیتر دوای ئەوە زۆربەی لەشەڕەکانی ئەم ئاخیرەدا ئێستاش خەڵک زۆربەی شارەزایی هەیە بەهۆی ئیخبارو تەلەفزیۆنەوە زۆربەی ئێستا پێشمەرگە سەرکەوتنی بەدەست هێناوە هەتا ئەم دەقەیەش زۆربەی ئەو هێرشانە کەدەکرێن داعش تێکدەشکێن، بڕواناکەم پێشمەرگە تاق تاقێک ئەگەر شەهید بکرێت ئەگینا پێشمەرگە هەر سەرکەوتو بوەو تائەم دەقەیەش هەر لەسەرکەوتندایە بەڵام تۆ بتەوێت لەشەڕێکی ئاوا گروپێکی تیرۆریستیدا تۆ بڵێی وەڵا شەهیدێکم نابێت دەبێت هەر ببێت لەخوا

بەزیاد بێت هەر سەرکەوتو بوین‌و هەر سەریش دەکەوین وەئەو مەرامەی کەئەوانە هەیانە زۆربەی پوچەڵکراوەتەوە لەلایەن پێشمەرگەوە، بەڵام بتەوێت شەهیدت نەبێت هەر دەتبێت وەئینشاڵا هەر سەرکەوتو ئەبین هەر بەرەو سەرکەوتنیش ئەڕۆین ئیتر زۆر سوپاس.

# ڕائید ڕەفیق محەمەد قادر

من (ڕائید ڕەفیق محەمەد قادر) فەرماندەی سریەی ٢ فەوجی ١ لیوای ٣ پیادەی گەرمیان، پێشەکی بەخێرهاتنتان ئەکەم بۆ سەنگەرەکان بۆ ناو هێزی پێشمەرگە بەڕاستی جێدەستان دیاربوە هەموو کاتێک چ لەڕێی بیستنەوە چ لەڕێگەی وێنەوە بێت، لەسەر مەسەلەی شەڕی داعش ئێمە کەلەساڵی ٢٠١٤ لەگەڵ داعش شەڕێکی نابەرامبەر توش هاتین لەگەڵیان وەئەوان دوژمنێکی دڕندانە بوون بەڕاستی وەلەسەرەتاوە ئێمەش لەیەکەم شەڕ کەدەستمان پێکرد لەکوباشی ئەم کوباشیەی کەئێمە ئێستا لێی دانیشتوین لەسەعات ٤ ئێوارەوە بۆ سەعات ٤ بەیانی تەقریبەن ١١ سەعات ئێمە شەڕمان کرد لەگەڵ داعشدا وەبەهیمەتی هەموو پێشمەرگە قارەمانەکانو هەموو فەوجەکە توانیمان ئەو هێزەی داعش تێک بشکێنین بەخوێنی ٢ شەهیدی قارەمان کە ٢ ڕۆڵەمان لەوێ شەهید بوو، بەڵام ئێمەش زەبرێکی باشمان لەوان وەشاند بەدەیەها کەلاکیان لێ بەجێماو لێ کوژرا دواتر پاش ئەوەی چوینە جەلەولا لەجەلەولا ئێمە چەند شوێنێکیان پێ سپاردین وەئێمە وەکو هێزی پێشمەرگە لەو سنورەشدا توانیمان جێ دەستمان دیاربێت چەند شەهیدێکیشمان لەوێ داوە بەڵام بەخوێنی ئەو شەهیدانەمان چەندەها داستانمان تۆمارکرد لەهەموی گرنگتر کەئێمە توانیمان بەو چەکە خراپانەی کەهەمان بوو ئەوکاتە ئیمکانیەتێکی خراپ لەبەر دەستی



پێشمەرگەدا بوون تەنانەت من لەوانەیە ئەم تفەنگەی خۆم چەند جار وەستا بوبێت بەرامبەری دوژمن تەقەی نەکردوە توانیویشمانە خۆڕاگرانە لەبەرامبەریان بوەستین‌و وەدەرسی باشیان دابدەین‌و بشلێین پێشمەرگە ئەو هێزەیە ئەو قەڵایەیە کەهەموو کەس ناتوانێت بیبڕێت یان بیشکێنێت، لەشەڕێکی تریش وەک بیرەوەریەکم من لەو شەڕەدا بەشدار بومە کەسەرپەرشتی ئەو هێزەی خۆمانم ئەکرد وەکو سریەی ٢ لە٢ بنکەدا بوین لە٢ بینادا بوین من بەیانیەکیان بوو ئێمە زەختێکی زۆرمان لەسەر بوو لەتاو شەڕو زەختەکەیا من چومە خوارەوە بۆلای برادەرانم سەردانێکم کردن لەوبەرەوە بەداخەوە نوێژی بەیانیمان ئەکرد دوای ئەوە من هاتمەوە بۆ ئەوبەرەوە لەکۆتایی ئەوەی کەدنیا ڕوناک ئەبوەوانێ برادەرێکمان بەناوی شەهید یادگار شەهید بوو لەوێ ئەمەش ئەوەنەی تر قینی پێشمەرگەی بەڕاستی ئەستورتر کرد من دڵنیاتان ئەکەمەوە هەتا هێزی پێشمەرگە هەبێت کوڕی واقارەمان‌و ئازای هەبێت کەلەمردن سڵ نەکاتەوانێ لەبەرەکاندا وەبەئێستاشەوە بەبێ موچەو بەبێ هیچ خزمەت گوزاریەکو بەبێ هیچ پێداویستیەک کەبۆی دابینن بکرێت ئامادەیە گیانی خۆی بەخت بکات وەدڵنیابن باگەلی کورد باش بزانێت کە پێشمەرگەی هەیەو پێشمەرگەش ئەو سەنگەرانە چۆڵ ناکات وەلەو قەناعەتەدام بتوانین کە کوردستانێکی سەربەخۆش بەچاوی خۆمان ببینین.

یەکێکی تر لەبیرەوەریەکان ئەوەیە کە ئێمە لەڕەبایەکدا بوین ناویان نابوو چاڤیلاند چونکە چاڤیلاند خۆی شوێنێکی خۆشە لەئەسڵدا شوێنێکی گەشتوگوزاریە لەسلێمانیشدا ناوبانگی هەیە بەڵام ئێمە ئەو ڕەباییە کەناخۆشترین شوێن بوو ناومان نابوو چاڤیلاند لەبەر ئەوەی کەدائیمەن دوژمن لەو قوڵەوە زیاتر هێرشی ئەکرد بۆ ئەوێ، بەڵام هیچ

کاتێک سەرکەوتو نەبوە تیایدا وەبەدائیمی لەو قوڵەوە دوژمن شکابوو، یەکێکی تر لەسەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە هەر لەو قوڵەیا کەئەوەبوو لەبینای مەحکەمە بوین ئێمە کەئەوان بەهەموو شێوەیەک بەڕۆژ بەبەیانی کاتیان بۆ نەبوە هێرشیان ئەهێنا بۆ ئێمە بەئارپیچیو بەئەنواع سیلاح لێیان ئەدایین ئێمە توانیومانە بەرپەچیان بدەینەوەو دیسانەوانێ لەوێش هەر تێکمان شکاندون، خۆشترین کاتیشم ئەوەبوو لەوکاتەدا لەوێ بیرەوەری بگێڕمەوانێ کەبەسەرپەرشتی کاک مەحمود هێرشێکیان دەستپێکرد بۆ گرتنەوی تەواوی جەلەولا لەو کاتەشدا ئەوەبوو جەلەولا بەتەواوی ئازادکرا کەیەکێک لەسەرکردە هەرە قارەمانەکان بەداخەوە کەگیانی لەدەستدا (شەهید حسێن مەنسور) بوو توانی بەخۆیو هێزەکەی خۆیەوە جەلەولا ڕزگار بکات، بەڵام بەداخەوە ئەویش وەکو دەستێکی تر ئەو سەرکەوتنەی ئێمەی کرد بەپاشەکشە، وەکو بیرەوەری تر بیرەوریشمان یەکجار زۆرە ئێستا تەبعەن ناتوانین هەموی بگێڕینەوە یەکێک لەوانەی کەبەرامبەرم دانیشتوە ئێستا کاک مولازم کامیل یەکێک بوو لەوانەی کە کوڕی هەم شەهیدە هەم خۆی ئەفسەرێکی قارەمان بوو سەیرمان کرد وایلێهاتبوو لەبەر ئەوەی ئێمە ئارپیچیمان نەبوو ئەم پیاوە قارەمانە بەبەردەوامی بەسەر نوقتەکاندا ئەگەڕا وەلەهەر شوێنێکەوە زەختێکی لەسەر بوایە بەئاربیجیەکەیەوە ئەگەیشتە ئەو شوێنەو بەرپەرچی دوژمنی پێئەدایەوە لەدوژمنی ئەداو دوژمنی پێ ئەشکاند دوای ئەوە وەکو لیوای ٣ فەوجی ١ بەڕاستی لەجەلەولایا ناوبانگێکی تەواوی دەرکردبوو بەوەی کە ئەو هێزەیە دوژمن ناتوانێت سەیتەرە بکاتە سەریو بستێک خاکی لێ بسەنێت، بەڵام بەداخەوە وەکو باسمکرد بەهۆی چەند وەزعێکەوە توانرا داعش کە ئێمە زۆر زۆر نامورتاح بوین وەلەو ئێمە لەوێ نەمابوین فەرقی نیە

هەر پێشمەرگەیەک لەوێ بوبێت برای ئێمە بوە کەتوانیان پاشەکشە بەهێزی پێشمەرگە بکەن کە پێشمەرگە لەوێ پاشەکشەی کرد بۆ مەسافەی یەک دوو مانگ ئەوان توانیان لەو ناوچەیەدا بمێننەوە، بەڵام دوایی بەهیمەتی هەموو هێزی پێشمەرگەو بەسەرپەرشتی سەرکردەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان زیاتر کەدەوری باڵایان هەبوە توانیمان ئەو ناوچانە ڕزگار بکەین‌و شوکر ئێستا هەر هەمویان لەژێر کۆنترۆڵ‌و لەدەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندایە، نەک جارێک ئێمە بەدرێژایی ئەو مەسافەیەی کەلەوێ بوین بیرەوەریە کەهەر هەموو کاتەکان تەنانەت کاتێک نەبوە بتوانین بەئیسراحەت چایەک بخۆینەوە چونکە هەموو کاتەکان هێرش بوە لەسەرمان ئەوان شارەزای ناوچەکە بوون وەزیاتر ئەوان هێرشیان ئەکرد بۆ ئەوەی بتوانن جەلەولا بخەنە ژێر دەستی خۆیان چەندەها جار بەو شێوەیە هێرشیان کرد، ئەوەی کەمن بەبیرم بێتەوانێ هەموو داستانەکان ئەفسانەیی بوون بەڕاستی شتێک بوون لەتەسەوراتی کەسدا نەبوە چونکە وەک باسمان کرد هێزێک بەو دڕندەییە کە پێشمەرگە بگرێ‌و شەهیدی بکات ئەوان بەئەنواع چەکەوە هێرشیان ئەکرد بۆ نمونە جارێکیان کەلیوای حاجی عوسمانی لێ بوو ئەوان بەماشێنی خۆڵە عەمەلەوە هاتن ئێشیان کرد وەلەو هێرشەدا ئەوە بوو ئەو ماشێنیان تەقاندەوەو کۆمەڵێک پێشمەرگە لەوێدا شەهید بونە، بەڕاستی بیرەوەریەکان زۆر زۆرن واتا ئەوەی کەئێمە بەدوو کەلیمە یان بەچەند قسەیەک کۆتای نایەت، بەڵام وەکو باسمکرد هەمووی ئێستا لەکاتێکدا نایەتەوە یاد بیگێڕیتەوە لەوانەیە چەندەها تەسویرمان هەبێت ئەو برادەرانەی خۆمان کەتەسویرمان کردوە خەڵکمان هەبوو بەدەستێک شەڕی کردوەو بەدەستێک تەسویری کردوە ئەوەش هەموی بەڕاستی قارەمانیەتی پێشمەرگەی ئەگەیاند

وەبۆ نمونە پێشمەرگەیەکمان هەیە بەناوی نائیب زابت دەوەن یەکێکە لەو پێشمەرگانەی کەهەرە قارەمان بوە دەوری باڵای هەبوە کەبەبیکەسیەکەیەوە لەهەر شوێنێکدا بوایا ئیتر ئەبوایە بتوتایە پاڵەوانێک وەستاوە، واتا بیرەوەریەکانی ئێمە باوەڕبکە لەوانەیە بەکتێبو دوان بەس لەجەلەولایا تەواو نەبێت جاوەرە بگەڕێ بەسنوری کوردستاندا کە پێشمەرگە داستانی تۆمار کردوە چ بیرەوەری هەیە لەگەڵ ئەوانەشدا سەیرکە پێشمەرگە نەخۆی ئەشۆرێ باوەڕبکە لەشەڕەکاندا وابو کە جلەکانمان ڕەق ئەبوو وەکو مشەمای لێ ئەهات لەبەرماندا بەڵام ئێمە گوێمان لەوە نەبوو کەخۆمان بشۆرینو خۆمان بەپاکو تەمیزی ڕابگرین یان تەئسیرمان تێ بکات هیچ کاتێک بەم زروفەی ئێستاشەوە پێشمەرگە لەوانەیە خۆت گەڕاوی هەموو سەنگەرەکان پێشمەرگە ورەی بەرزە لەحاڵەتێکی نەفسی زۆر خراپدایە کەلەبێ موچەییو بەو هەموو نەهامەتیو بەو وەزعە بارگرانیەی کەبەسەر شانمانەوەیە بەڵام پێشمەرگە هێشتا لەچاو ئەوەیا بڵێم لەوانەیە پێوەی دیار نەبێت، بیدایەت شەڕەکان ماڵ بەماڵ بوە ئەوە هیچ ئینکاری تیانیە شایەتیشم بۆ ئەوە وابزانم کەناڵی گەلی کوردستان یەکێکە لەو کەناڵانەی کەناوەکەشی بەڕاستی خەسار نەکرد ناوی پێشمەرگەی لەخۆی نا کەناڵی گەلی کوردستان زۆربەی شەڕەکان ئێستاش لەشاشەکاندا کەنیشانی ئەدا ماڵ بەماڵ شەڕ ئەکرا لەبدایەتدا تاوەکو ئەوکاتەی جەلەولا ڕزگارکراوە، بەینی ماڵێک بۆ ماڵێک بوە ئەوەنە بوە بڵێی دوژمن دوربێت لێت من لەو بینیەو ئەو لەبینایەکی تر شەڕمان کردوە ئیتر بەدەمانچە تەقەمان لەیەکتر کردوە واتا ئەوە نەبوە بڵێین شەڕەکە جەبهەیی بوبێتو دور بێت، نا شەڕەکە کۆڵان بەکۆڵان بوە، پێشمەرگە شەڕی کۆڵان بەکۆڵانی نەکردوە بەڕاستی ئەمە کەم نەبوو پێشمەرگە بتوانێت لەو شەڕی کۆڵان

بەکۆڵانەیا کەهیچ مومارەسەیەکی لەو شەڕی کۆڵان بەکۆڵانو ناو شارەکانا نەبوە، لەوڵاتانا چەندەها خولی لەسەر ئەکرێت بەڵام پێشمەرگە بەبێ خولو بەبێ هیچ توانی ئەو شەڕەش بکاتو کۆڵان بەکۆڵانو ماڵ بەماڵیش دەریان بکات لەجەلەولا، ئەمە هیچ شتێکی حاشا هەڵنەگرە وەبەگێڕانەوە زۆر شت ناگێڕدرێتەوە زۆر شت هەیە وجودی هەیە وەکو ئەوەی کەلەسەر کەناڵەکانو شاشەکاندا ئەیانبینین لەکەناڵەکانو شاشەکاندا ئەیانبینین لەوکاتەیا لەوانەیە شەڕ بوبێت ئێمە ئاگامان لێی نەبوبێت بەڵام چەندەها خەڵکی تر هەبوە قارەمانانە هەم بەدەستێک شەڕی کردوە هەم بەدەستێکیش تەسویری کردوە لێرەدا وجودیان هەیە ئێستا واتا ئەگەر بمانەوێت بگەڕێین بەدوای ئەو تەسویرانەیا کۆی بکەینەوە ئەگەر زۆربەیان دەنگیشن لەوانەیە ئێمە لامان هەبێت دەنگیش بێت ئەگەر دەنگیەکان بگری سەیری وەرەی پێشمەرگە ئەکەی سەیری ئەوکاتەی پێشمەرگە ئەکەیت چ داستانێکی تۆمار کردوە واتا ئەمانە هەر هەمومان کەبۆخۆمان باسی ئەکەین، کە ئەیگێڕنەوە لەبەینی خۆماندا وەکو ئەوە وایە باسی شتێک بکەیت کەئەمە لەئەقڵی هیچ کەسێکدا نەبوە نەیتوانیوە ئەوە بکات بەڵام بەهیمەتی هەموو لایەک ئەمە کراوە، ئەو شوێنانەی کەبەمن سپێردراوە لەڕەبایەی جەلەولا شەڕمان کردوە وەچەند جارێک شەڕمان کردوەو هێرشیان کردوە ئێمە چەندەها جار ڕاومان ناونو کوشتومانن لێمان کۆشتونو لێمان بریندار کردونو وەنەیانتوانیوە بستێک لەسەنگەرەکان نزیک ببنەوە بۆ نمونە لەبینای مەحکەمایا بوین یەکێک لەهەرە شەڕە گەورەکان بوە وەچەندەها لەمەسئولین هاتون دەست خۆشیان لێ کردوینو چاویان ماچ کردوینو دەستیان ماچ کردوینە، ئەوەی ئێمە کردومانە بەڕاستی وەکو باسمکرد ئەوانە هەموو بیرەوەرین بەزیانێکی

کەم بتوانین ئێمە زەربەی چاک لەدوژمن بدەین‌و نەیەڵین دوژمن بێتە پێشەوە لەگەڕەکی وەحدە بەهەمان شێوە ئێمە لەیەک دوو بینادا بوینە بەهەمان شێوە شەهیدیشمان تیاداوە ئەو شەڕانەی ئێمە کردومانە واتا خەڵکانی دێهاتە عەرەبەکانیش کەلەپشتەوە بوون ئەیگێڕنەوە کەئەڵێن ئەوەی لەئێوەمان دیوە لەکەسمان نەدیوە، بۆیە ئەڵێم بەدەم ناگێڕدرێتەوە لەهەموو شوێنەکان وجودمان هەبوە نەک ئەوەی ئێستا کەمن بیگێڕمەوانێ بەوجودی خۆمان بووە، چونکە ئەوکاتە هێزی پێشمەرگە وابوو هەموی لەناو شەڕەکاندا بوەو بەشداربوە لەشەڕەکاندا چونکە بیدایەت بەڕاستی بمانەوێت یان نەمانەوێت داعش زۆر بەهێز بوو وەکو ئێستا نەبوو ئێستا داعش هەم پێشمەرگە فێری شەڕ بوە، هەم هێزی پێشمەرگە بەقوەت بوە لەگەڵیاندا ئەوان بەرەو لاوازی ئەچن چونکە جاران هێزێکی وەکو ئاسمانی هاوپەیمانان لەگەڵماندا نەبوە چەکێکی باش وەکو باسمانکرد نەبوە ئێستا هەم بەهیمەتی هێزەکانی هاوپەیمانان هەم بەهیمەتی هێزی پێشمەرگەو شارەزابون لەشەڕەکاندا ئەوان زەعیف بونە ئێمەش بەقوەت بوینە ئێستا فەرقی هەیەو جیاوازی هەیە، بەڵام بیدایەت هەموو هێزی پێشمەرگە هەموو فەوجەکەی ئێمە هەموی ئەوکاتە لەئامادەباشی‌و لەئینزاردا بونە لەکاتی دەوامدا کەواتە ئێمە هەموو ئەفسەرەکانی هێزی پێشمەرگەی ئەوکاتە هەموی گشتی لەدەواما بونە واتا هەموو شتەکان بەسەر خۆیا هاتوە وەخۆی سەرپەرشتی شەڕەکانی کردوە ئەوە نەبوە بڵێین واقعی بێت یان لەیەکێکەوە بیگێڕینەوە واقیعەکان هەبونەو وجودیان هەبووە هەموو بەڵگەکانی ئەوکاتەش ئێستا هەن‌و وجودیان هەیە ئەتوانم من شایەتی ئەوە بدەم لەکۆتایدا هەم سوپاسی دەنگی گەلی کوردستان وەهەم تەلەفزیۆنەکانی‌یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەکەین چونکە پێشمەرگە

ئاسابون بەڕاستی لەهەموو شوێنێکدا وجودیان هەبوە وەمن بەچاوی خۆم بینیومە ئەو کەنالانە کە وەکو گەلی کوردستان چۆن پێشمەرگە هەڵمەتی بردوە ئەوان بەخۆیانو بەکامێرەیەکو مایکرۆفۆنێکەوە هاتون وەلەگەڵ پێشمەرگەیا لەوە نەترساون کەشەهید ئەبن کەواتە ئەوەی لەیەکێتی نیشتمانی کەردستان لەڕاگەیاندنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانمانەوە بینیوە باوەڕتان بێت بەوەنیە خۆمان یەکێتین ئەو قسەیە ئەکەین لەهیچ کەناڵێکمان نەبینیوە وەهیچیان نەیانتوانیوە ئەو جورئەتە بکەن بەو شێوەیە بێنە لای ئێمە بەخێربێن سەرچاوم.

# نەقیب کەیوان

من (نەقیب کەیوانم) لەفەوجی ٣ لیوای ٣ ی گەرمیان ١٢، لەیەکەم ڕۆژی جەلەولاوە کە جەیشی عێراقی چۆڵی کرد ئێمە چوینە ئەوێ یەکێک لەقورسترین شەڕەکان قورسترین شەڕمان لەجەلەولا کاتێک کە ئێمە چوینە ئەوێ ئەو شوێنەی کە ئێستا پێی ئەڵێن چاڤیلاند ئێمە قواتمان بردە ئەوێ، شوێنێکی موسەیتەرە لەوێ بەرزاییەکە کەهیچ تەقەو شت نەبوو تاوەکو تەقریبەن سەعات ٧ بۆ ٨ ئێوارە لەسەعات ٨ ئێوارەوە شەڕێکی زۆر قورس دەستی پێکرد لەمزگەوتەکانەوە دەنگی اللەاکبر دەستی پێکرد خەڵکەکە بەجارێک لەسەدا ٨٠ ی خەڵکی جەلەولا لەگەڵیاندا بوو، ئەوەشی کەئەیتوانی شەڕ بکات لەگەڵیاندا مەعلوماتی ئەدانێ ئیتر ئەوە شەڕێکی زۆر قورس بوو کەلەهەر چوار لاوە لەو شوێنەیان ئەدا شەو هەتاوەکو بەرەبەیان بەردەوام بوو، واتا کار گەیشتە ئەوەی کەئێمە قسەمان بەیەکەوە ئەکرد چەند جارێک هێرشیان کرد شکان لەمەسافەی ٤٠ بۆ ٥٠ مەتردا ئەوەبوو قسەمان ئەکرد ئەوەبوو پێیان ئەوتین کەئێوە کافرن ئەبێت خۆتان تەسلیم بکەن پێشمەرگەش زۆر بەئازایانە بەرپەچیان دانەوە هەرچەند محاوەلەیان ئەکرد ئەو شەوە پێشمەرگە لەجەلەولا دەربکەن بەڵام پێشمەرگە زۆر بەئازایانە بەرپەرچی داناوەو چەند جارێک شکان هەتاوەکو بەیانی ٦ جار شکان لەهەر چوار قوڵەکەوە کەخەڵکی ناوچەکەشیان لەگەڵدا بوو

تەنانەت لەناو ماڵەکانیشەوە تەقە لەپێشمەرگە ئەکرا بەڵام سوپاس بۆخوا لوتیان شکاو ئەو شەوە نەیانتوانی هیچ بکەن زیانەکانی ئەو شەوە بۆ پێشمەرگە شوکر هیچ کەسێک شەهید نەبوو تەنها ٣ بریندارمان هەبوو، ئەمە دووەم شەوی جەلەولا بوو یەکەم ڕوبەڕوبونەوەمان بەو شێوەیە بوو شەڕێکی زۆر قورس بوو لەناو جەلەولا کەدووەم شەوی ئەکرد لەناو جەلەولایا بوین، پیاوێکمان لابوو پیاوێکی زۆر ئازابوو ناوی ڕائید حەمە جەزا بوو لەجەلەولا شەڕی ناوماڵ بوو واتا جاری وابو ئەم خانوەی تۆی تیابوی خانوەکەی بەرامبەرت داعش بوو واتا چەند جار ئەمە بوبو بەشتێکی ئاسایی کەقسەمان ئەکرد بەیەکەوە واتا شەوانە قسەمان ئەکرد بەیەکەوە، ئیتر زۆرجار جنێویان ئەداو ئەیانوت ئێوە کافرن بەهەمان شێوە پێشمەرگەش بەو شێوەیە ڕەتی ئەدانەوە، حەمە جەزا ڕائید بوو قەناسەکە تەقەی نەئەکرد زۆرمان پێ وت ئامر فەوجەکەی پێی وتو برادەرانی خۆمان پێمان وت شەهید ئەبیت کەقەناس تەقەی لێ ئەکرد وابزانم ڤیدیۆشی هەیە لەمۆبایلدا لەیوتوبدا بڵاوبۆتەوە قەناسەکە تەقەی لێ ئەکات ئەو هەر هەڵەپەڕێت واتا موقابیل قەناسەکە فیشەکێکی پێوە ئەنا ئەچوو فیشەکێکی ئەنایەوە بەقەناسەکەوە چەند جارێک ئاگادارمان کردەوە ئەیوت فشەیە داعش ئەو پیاوە نیە بێتو پێشمەرگە بشکێنێت بتوانێت بەسەر کورددا زاڵ بێت، ئەوەبوو ڕۆژێک لەڕۆژەکان زۆر زۆر ئاگادارمان کردەوە هەر ئەیوت من بەرامبەر داعش سەردانانەوێنم پێویست ناکات داعش ئەوەنیە من خۆمی لێ بشارمەوە یان خۆم دانەوێنمو تەقەبکەم ڕۆژێک لەڕۆژەکان تەقریبەن زیاد لە١٠ جار بەرامبەر یەکتر قەناسەکە ئەینا بەوەوەو ئەویش ئەینایەوە بەقەناسەکەوە تا ڕۆژێک ئێوارەیەکیان گیانی پاکی سپاردو شەهید بوو،

بەڵام کوڕێکی زۆر زۆر ئازا بوو بەرگریەکی زۆر باشی کرد هیچ کاتێک حسابی بۆ هیچ داعشێک نەئەکرد تەنانەت پێشی عەیب بوو سەردابخاو خۆی بشارێتەوە ئەیوت داعش ئەوەنیە من خۆمی لێ بشارمەوە، جار هەبوو لەجەلەولا شەڕ ئەبوو جاریش هەبوو بە٢ سەعات هیچ شتێک نەئەبوو ئەوەستای لەسەر سەربانەکە جار هەبوو بەس تەنها سەرت بەدەرەوە بوایە شەهید ئەبوی شەڕەکانی ئەوێ کۆلان بەکۆلان بوو زۆربەی قەناس بوو، خەڵکی ناوچەکەیان لەگەڵدا بوو پێشمەرگە کەچوە ئەو ناوچەیە شارەزا نەبوو ئێستا کەمن چومە جەلەولا یەکەمجارم بوو چومە ئەو ناوچانە خەڵکەکەش هیچ یارمەتی ئێمەی نەئەدا بۆ نمونە داعشێک لەکۆلانێک بوایە کەس نەئەهات مەعلوماتێک بدات بەئێمە خەڵکەکە دژمان بوو بەعام واتا داعشیان پێ باشتر بوو لەپێشمەرگە زۆرینەی عەرەبە ئەو عەرەبانەشن کەدوژمنی سەرەکیان کوردە حەزئەکات جولەکە حوکمی بکات بەس کورد حوکمیان نەکات چونکە ماڵی کوردیان خواردوە، جەلەولا پێشتر بڵێین کوردستانی بوە زۆربەی کورد بوە ئەمانە هاتون داگیریان کردوە ماڵە کوردەکانیان دەرکردوە ئێستا پێیان ناخۆشە کورد بگەرێتەوە چونکە کەکورد گەڕایەوە ئەو ئازادییەیان نامێنێت، عەشیرەتی کەرەوی هەیە کەرەویەکان دوژمنی سەرەکیان کوردە لەزەمانی بەعسەوە لەگەڵ دەسەڵاتدا بون کەبەعس دەسەڵاتی هەبوە ئەمان لەگەڵ دەسەڵاتدا بوون فەوجی تەواری زۆربەی زۆری بەدەستی ئەوانەوە بوە، بڵێین زەمانی مالیکیش عەینەن شت هەرلەگەڵ ئەواندا بوە عەشیرەتێکی گەورەن تەنسیق لەگەڵ دەسەڵاتدا دەکەن کێ دەسەڵاتی هەبێت ئیش بۆ ئەو ئەکەن، بەڵام غەیری کورد هەمویان زۆربەی زابتن لەزەمانی سەدامەوە ئێمە کاتێک کەجەلەولامان گرتوە ئێستاش زۆربەی ماڵە کەرەویەکان

ڕەسمی سەدامیان هەڵواسیوە واتا کەنەئەچوینماڵەکان ئەگەڕاین بزانین عبوەی تیایە یان عبوەی تیانیە بۆ ئەوی پوچەڵی بکەینەوەو نەتەقێتەوە زۆربەی زۆری چوینەتە ماڵەکان ڕەسمی سەدام حسێن بەماڵەکانیانەوە بون یان ئەگەر ئەلبومەکەی کەشاردویەتیەوە کەدەرمان هێناوە لەگەڵ سەدام حسێندا یان لەگەڵ عودەیا ڕەسمیان هەبوە واتا هەمویان زابتی کۆنن ئێستا کەهاتونەتەوە کورد چۆتە ئەویَ یەکێک لەقەناس بەدەستەکانیان کەپێشمەرگە کوشتی عەقید بوە لەجەیشی سەدام حسێن ٣ دەورەی قوات خاسەی تەواو کردوە لەزەمانی سەدامدا بەس هی قەناس واتا تاوەکو کوشتمان زۆر قورس بوو، یەکێک لەبرادەرکانمان چوە بەرامبەری عەقید ڕوکنە بەڵام نازانم ناوی چیە ٣ دەورەی قەناسی دیوە یەکێک لەپێشمەرگەکان چوە بەرامبەری ئەو خانوەی کەتیایەتی ئاربیجی پێوەنا ڕۆژێکیان تەقەمان لیَ ئەکرا لەناو جەلەولاوە، ئێمە کەچوینە ئەویَ ویستمان عەزیەتی خەڵکەکە نەدەین یەکێک لەوانەی کەئێمە زابت بوین بەزۆربەی پێشمەرگەکانمان ئەوت تکایە نەچن یەکیَ لەپلانەکانی داعش ئەوەبوو کەعەبایەکی لەبەر ئەکرد ئەو ناوچەیە ئافرەتیان دەموچاویان دائەپۆشی ئاوا ئەهاتن بۆلای ئێمە، کە ئەهاتن بۆلای ئێمە خۆمان فەرماندەی پێشمەرگەکان ئەمانوت ئەوە ئافرەتە واتا زۆر موڕاعاتی مەعنەویاتی خەڵکەکەمان ئەکرد لەبەر ئەوەی ئازاری خەڵکەکە نەیەین بەڵام خەڵکەکە وانەبوو، ئەو ڕۆژەی کەکاک حەمە ڕەزا شەهید بوو ٣ کەس باوکێک کابرایەکی بەتەمەنی دزداشە لەبەر لەگەڵ کوڕەکەیو لەگەڵ زاواکەی لەشوێنێکەوە ئەهاتنە خوارەوە بڵێی لەو شوێنی چاقی لاندەوە ئێمە ڕێگەمان بەخەڵک ئەدا بڕوا تاوەکو ئەو فەترەیەش وایلێهاتبوو خەریک بوو بازاڕو شت ئەکرایەوە هاتنە خوارەوە یەکێک لەئامر فەوجەکانمان گوتی ئەوانە

بگرن ئەوەبوو گرتمانن لەگەڵ ڕائید سەلاحدا بردمانن تەسلیمیمان کردن، کاتێک تەحقیقیان لەگەڵدا کرا سەیر ئەکەین هەردوکیان کابرایەک کەتەمەنی زۆر زۆر بوو بەو تەمەنەوە دانیشتبوو ئەیوت بەڵێ ئێمە داعشین یارمەتی ئەوان ئەدەین خۆیو کوڕەکەیو زاواکەشی ئەهات تەقەی لەئێمە ئەکرد کەئەهاتیشەوە لەولاوە ئەیوت سلام علیکم جزداشەیەکی لەبەر ئەکرد چی بوو ئێمە نەمانەویست عەزیەتی خەڵکەکە بدەین، بەڵام زۆربەی زۆریان لەگەڵیاندا بون شەڕێکی قورس بوو.

شەڕی جەلەولا شەڕی کۆڵان بەکۆڵان بوو جاری واهەبوو لەهێرشەکاندا ئێمە هێرش ئەکەین یەکێک لەو ماڵەوە سەر دەرەهێنێتو اللەاکبر ئەکاتو دەستڕێژت لێ ئەکات، ڕۆژێکیان نەقیب شەماڵمان هەیە ژنێک هات بۆلای ئەڕۆیشت وتمان بۆ کوێ گوتی ئەچم تەسکەرەکەم ئەهێنم عەلاگەیەکی پێ بوو یەک عەلاگە بەس فەلافل کە عەلاگەکەمان لێسەند وتومەز بۆ جەماعەتی داعشی ئەبات شتی زۆر سەیر ڕوی ئەدا لەجەلەولا چونکە شەڕی کۆڵان بەکۆڵان بوو نەتئەتوانی بەحوڕیات بجوڵێیتەوە، ئینجا ئێمە شارەزای ناوچەکە نەبوین جار هەبو ئەکەوتینە شەڕە بەرد بەیەکەوە جار هەبوو لەماڵانەوە کەبەردیان هەڵ ئەدا بەردەکە ئەکەوت بەسەرماندا قسەکردنمان لەگەڵیاندا بەردەوام بوو، یەکێک لەشەڕەکان تەقریبەن لە٧ ئێوارەوە هێرشیان بۆمان کرد تاوەکو ١٠ بەیانی بەردەوام شەڕبوو ئەو شەوە بەڵام سوپاس بۆ خوا شەهید نەدرا ئەو شەوە، بەڵام ئێمە لەشوێنێکدا بوین لەهەر چوار دەورەوە تەقەمان لێ ئەکرا بەهاوەنو ئارپیچی بەڵام باش بوو نەیانتوانی هیچ بکەن یەکەم هێرش کەبۆیان کردین دیار بوو شکان کەشکان نازانم ئایا کوژراویان هەبوو یان نا، بەڵام دووەم هێرش کەکردیان زۆر قورس کردیان بەئاربیجیو بەهاوەن بەڵام سوپاس بۆ خوا پێشمەرگە باش بوو

شەهیدمان نەبوو شوکور، بەردەوام شەڕبوو ئەو شەوە، شەڕی جەلەولا زۆربەی شەڕەکانی شەو دەستی پێ ئەکرد لەگەڵ تاریکبوندا کەشەڕ دەستی پێکرد تا بەرەبەیان بەئەنواع چەک زۆرجار دۆشکەیان بەکار ئەهێنا زۆرجار لەسەعدیەوە قوەتیان بۆ ئەهێنا.
بەردەوام واتا ئەوە نەبوو تۆ بڵێی ئەمشەو شەڕنیە، شەڕی جەلەولاش شەڕی قەناس بوو زۆرجار چیان ئەکرد چون ئەڵێی هەتا شەڕی نەفسی لەگەڵ ئەکردین واتا شەو هەبوو ئەهات بەرامبەرت ئەوە ناوچەیەی کەبەدەست ئەوەوە بوو لە ١٠ خانوو ئاگری ئەکردەوەو ئەڕۆیشت شەو هەبوو ئەهاتە ناو خانوەکانەوە یەک لایتی چەرخی دائەگیرساند بەرامبەرتو ئەڕۆیشتو بەجێی ئەهێشت واتا ئەنواع شەڕی تیابوو شەڕی نەفسی لەگەڵ ئەکردی مەعلوماتیشیان هەبوو لەبەر ئەوەی بەحوکمی ئەوەی ئێمە عەزیەتی خەڵکی مەدەنیمان نەئەدا تاوەکو ئاخیری جەلەولا واتا چەند جار ئێمە شەو تابەیانی شەڕبوە نزیکی ٥٠٠ مەتر ئەولاماڵی تیابوە شوێنێک هەبوو لەجەلەولا پێیان ئەوت تەواریەکە ئێمە لەتەواریەکەوە زۆربەی جار بەپێ ئەڕۆیشتین بۆ ئەو شوێنە لەتەجنیدی چاڤیلاند زۆربەی جار ئێمە کەلەوێوە ئەڕۆیشتین ئەو قاعیدانەی کە لەبەردەرگا دانیشتبون شەڕ ٥٠٠ مەتر لەوەوە دور بوو، بەڵام ئەو عەرەبانە بۆخۆیان دانیشتبون مشکیلەیان نەبوو هەتا مەعلوماتی ئێمەشیان ئەدا بەوان و قواتیان بۆ ئەهات بەڵام ئێمە نەمانئەتوانی هەمویان دەربکەین لەبەر ئەوەی عەزیەتیان نەیەین نەمانئەتوانی ڕەشبگیری بکەین بەجارێک تامەعلوماتی دەقیقت لانەبێت بتوانین دەسگریان بکەین، ئیتر بەو شێوەیە بوو شەڕەکان زیاتر ئەوان ئەکرێ بلێین بیانتوانیایە قوەتیان بۆ ئەهات لەجەلەولاوە شوێنێک هەبوو لەوێ پێشمەرگەی تیابوو پێیان ئەوت ناوچە زۆربەی شەوان تەقریبەن

لەوێ وابزانم ٣ پێشمەرگەو زابتێک لەوێ شەهید بوون چونکە نزیک بوو لەو ناوچەوە بەدۆشکە ئەهاتن بەڵام ئێمەش ٢ دۆشکەمان پێ بو نەمانئەهێشت قوەتیان بۆ بێت هەر بەماشێن ئەو ڕێگەیەمان قەتع کردبوو، بەردەوام شەڕبوو واتا شەوێک نەبوو بڵێی ئەوا ئەمشەو شەڕ نیە من لەیەکەم ڕۆژەوە لەوێم هەتا ئێستاش ئەوە بوو پێشمەرگە کشایەوە هاتە دواوە ئێمە لەکاتی وەجبە گۆڕین لیوای ئێمە ڕۆیشتە قەرەتەپە لەجەلەولاش ئەبوایە فەتریەکی باش لەوێ بویتایە هەتاوەکو شارەزاییەکی باشت وەردەگرت لیوایەک هاتە ئەوێ لەکاتی وەجبە گۆڕیندا دیارە مەعلوماتیان هەبوو پێیان وتبوین کەخەڵکی ناوچەکە لەگەڵیاندا بوون لۆریەک پڕ لەتەقینەوە خۆی تەقاندەوە بەخانوەیەکدا تەقریبەن زیاد لە١٠ بۆ ١٥ پێشمەرگەی تیابوو خانوەکە تەخت بوو، ئەو خانوەی کەتەخت بو، پاڵپشتیەک بوو بۆ مەقەڕەکان چونکە شوێنێکی بەرز بوو واتا ئەگەر ئەو خانوە بڕوخایە یان ئەو خانوە داعش بیگرتایە موسەیتەر ئەبوو بەسەر ئەو شوێنەی کەپێی ئەڵێن چاڤیلاند بەحوکمی ئەوەی کەئەم خانوە ڕوخا ئیتر پێشمەرگە مقاوەمەیەکی زۆری کرد هێرشێکی زۆر بەقوەتیان کرد ماشێنی تەقینەوەو مەجموعەیەک شتی زۆریان بەکار هێنابوو بەسیلاحی زۆر باشەوە، ئەوەبوو فەرمانمان وەرگرت کەبکشێنەوە لەبەر ئەوەی زەرەرو زیانی زیاتر نەیەن ئەو شوێنە کەگیرا لەبەر ئەوەی پێشمەرگە زیاتر شەهید نەبێت بڕیاردرا بکشێنەوە دەرەوەی جەلەولا تەبعەن لەکاتی کشانەوەی پێشمەرگەدا لەزۆربەی ماڵەکانەوە تەقە لەپێشمەرگە ئەکرا واتا پێشمەرگە ئەیگێڕایەوە کەژن هاتبونە دەرەوەو تەقەیان لێ ئەکردن خەڵکی ناوچەکە کەداعش چوە ناو جەلەولاو پێشمەرگە کشاوە هەمویان زۆربەی زۆریان سوجدەیان بۆ داعش بردبوو تەسویری هەیە، خەڵکی

جەلەولا لەناو بازاڕەکەیا سوجدەیان بۆ ئەبردن واتا زۆریان پێ خۆش بوو ئیتر فەترەیەک پێشمەرگە کشایەوە لەبەر پلانی سەربازی لەبەر ئەوەی زەرەرو زیانەکان زیاتر نەبێت کشایەوە لەبەرزاییەکانی جەلەولا هەموو کیلۆمەترێک لەجەلەولاوە دوربوین موسەیتەر بوین بەسەر جەلەولایا تا وەکو فەترەیەک خۆت ئەزانی عەسکەری بەبڕیار ئەچێتە پێشو هێرش ئەکەیت، تاوەکو فەترەیەک ئیتر لەسێ چوار لاوە هێرش کرا لیواکەی کاک کۆسرەتو مەلا بەختیارو لیوای ٣ مەجموعەیەک لیوا هەریەکەو لەشوێنێکەوە هێرشی کرد تەبعەن ئەوکاتەی کە هێرشیان کردبوو لەجەلەولا بەماوەی ٣ بۆ ٤ سەعاتدا گیرایەوە هەموو جەلەولا واتا بەیەکجار گیرایەوە، ئەو جارە کەگیرایەوە تەجنیدو شوێنەکانیان لێ سەندرایەوە زۆربەی زۆری ئەوانەی کەلەکاتی هێرشەکەدا ڕایان کردبوو دێیەک هەیە لەبەرامبەر جەلەولا پێی ئەڵێن تبج زۆربەی زۆریان لەئاوەکەیا خنکابوون واتا تاوەکو ئێمە دوای مانگێک کەجەلەولا ڕگارکرا دوای مانگێک جەنازەمان لەئاوەکەیا دەرئەهێنایەوە بەسیلاحەوە بەجلی عەسکەریەوە، دوای ئەوە ڕێگاو بانەکانیان هەموو پڕ کردبوو لەتەقینەوە، ماڵەکان ئەو شوێنانەی کەگومانیان لەوە هەبوو پێشمەرگە ئەچێتە ناوی زۆربەی زۆری شوێنەکان تەقینەوەیان لێ دانرابوو دوای جەلەولاش کەڕزگار کرا هەندێک شەهید درا هەر بەبۆنەی ئەم تەقینەوەو شتانەوە سوپاس بۆ خوا ئێستا بەدەستی پێشمەرگەوەیە قوەتیان شکاوە ئەوانەی کەشتیان نەبوو نەک هەموشیان تیاشیایەتی بەڵام زۆربەی زۆری ئەوانەی کەشتیان نەبوو هاتنە خانەقینو ئێستا لەکوردستانن ئەوانەشی کەشتیان هەبوو وەکو کەرویەکان دەستیان هەبوو لەخوێنی پێشمەرگەدا هەمویان لەبەعقوبە لای حکومەتی عێراقین.

# (وروژاندنی چەند ڕاستیەک بۆ مێژوو)
# لیوا (شێرکۆ فاتیح شوانی)

لەسەر ژیانی فەرماندەو تێکۆشەری کوردایەتی لیوا (شێرکۆ فاتیح شوانی) خەباتگێڕی کوردو کوردستان.

کەدەست دەبەم بۆ پێنوس‌و خامە بەمەبەستی نوسینی کورتەیەک لەتێکۆشانی ئەم قارەمانە مەزنە نوکی پێنوسەکەم دەلەرزێ‌و خامەکەی ژێر دەستم پێم دەڵێت تۆمارکردنی ئەم بابەتە ئەستەمەو ئاگاداری پێنوسەکەت بە ئازارم نەداو بمپارێزە چونکە خاوەنی ئەم مێژووە تاقانەیەکی تێکۆشەرەو خاوەن ڕێزە.

لەکاتی نوسینی ئەم بابەتە جارجار فرمێسک چاوەکانم لێڵ دەکات‌و وشەکانم لێ دەشێوێت تەنها نوکی پێنوس‌و خامەکەم دەبینم دڵیشم دەریای بێ بنەو هەزاران یادو ڕۆژانی ڕابردوو دێت‌و دەچێت‌و یەک یەک لەدەرگای دڵم ئەدەن‌و ئەڵێن ئێمەت لەیاد نەچێت.. ئێمەش ئاشنای ئەو شێرە بوین یەک یەک لاپەڕەی مێژوو بماننوسەو باسمان بکە.

شەهید لیوا (شێرکۆ فاتیح شوانی) باوکی ئامۆزای منەو کەسی یەکین بەڵام لەساڵی ١٩٩١ لەگەڵ چەخماخەی ڕاپەڕین ئیتر زیاتر تێکەڵ بوین‌و بوین بەبراو هاوڕێی یەک ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خۆشەویستی‌و دڵسۆزی نێوانمان زیادی دەکرد بۆیە بۆ تەنها ساتێکیش بێ ئەو نەدەبوو.

جانازانم چۆن بتوانم هەموو سەروەری‌و تێکۆشانی ٢٤ ساڵی تۆمار بکەم نازانم باسی گیانبازی‌و هەڵمەتی پێشمەرگانە بکەم، یاخود باسی دڵسۆزی خاک‌و نیشتمان‌و کوردو کوردستان بکەم..

کاک شێرکۆ پیاوێکی بەئەزمون‌و بەتواناو خۆڕاگرو گیانفیدا بوو ساڵی ١٩٩١ بوو بارەگاکەمان لەپێنجوێن بوو گوتی برادەران ئەبێت بچینە خوارەوە بۆ سنوری چەمچەماڵ‌و ناوچەی شوان نامەیەکی سەرکردایەتیم پێیە بۆ مامۆستا (عادل نادر) ئەو لەناوچەی هەمەوەند دەبێت سەردانی بکەین‌و دوایی دەچینە ناوچەی شوان‌و لەوێ بارەگا دادەنێین‌و لەوێ دەبین.

١٩٩١/٥/١٦ بوو لەپێنجوێن کەوتینەڕێ بەڵام لەڕۆژی ١٩٩١/٥/١٨ گەیشتینە بازیان‌و لەوێ بەهەڵە کەوتینە ناو سەربازگەیەکی لیوای حەرەس جمهوریەوە بەفێڵ لەسەر چەند وەعدێک گیراین‌و ڕەوانەی فەیلەقی کەرکوک کراین پاش چەند ڕۆژ گوازراینەوە ئەمنی عامەی بەغداد لەپاشان کەبۆیان دەرکەوت پێشمەرگەین‌و بەڵگەی تەواویان لەبەردەست بوو دراینە دادگای سەربازی ئەوکاتە عواد بندەر سەرۆکی دادگاکە بوو بڕیاری لەسێدارەدان درا بەسەرماندا..

پاش ٤ مانگ سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی هەوڵیدا دیل بەدیل بمانگۆڕنەوە ئەوەبوو ڕژێمی عێراق قبوڵی کردو ئازاردکراین کاک شێرکۆ لەناو زینداندا گوتی برادەران خەفەت مەخۆن ئێرە شوێنی خاڵە شەهاب‌و جەعفەرو ئەنوەرە..

هەموو سەرکردەکانی کۆمەڵە لێرەوە دەستیان پێکرد ئێمەش لەوان زیاتر نین زۆرجار بۆ پێکەنین ئەیوت باهەر ماڵێکی گوندەکەمان باخەوانی شەهیدێک بێت ئێوە برای ترتان هەیە هەرمن تاقانەم باباوکم بڵێ کوڕە تاقانە شەهیدەکەم.

لەساڵی ٢٠٠٣ لەکاتی ئازادکردنی عێراقدا پاش ئازادکردنی کەرکوک کاک شێرکۆ بەهێزێکەوە هێرشی کردە سەر ناحیەی ڕیاز لەخۆرئاوای کەرکوک لەشەڕێکی دەستەویەخەدا بەرەنگاری سوپای عێراق بوینەوە هەر لەوێ کاک شێرکۆ بەسەختی بریندار‌بوو بەداخەوە ئەم هاوڕێیانەمان شەهید بوون..

شەهید ڕائید فاتیح بنەیی، شەهید وریا ڕەزا بنەیی، شەهید موبارەک دانا سۆفی، وەدوو بریندارمان هەبوو ئەویش ئارام نەسرەدین بنەیی، جەعفەر تەوەکەڵی..

پاش ئەو ڕوداوە لەبەر سەختی برینداریەکەی کاک شێرکۆ ڕەوانەی وڵاتی ئێران کرا بۆ چارەسەر بەڵام بەهۆی سەختی برینەکەیەوە چاوێکی لەدەست ئەدات..

پاشان گەڕایەوە کوردستانو درێژەی بەخەباتی پێشمەرگانە دایەوە کاک شێرکۆ لەپارێزگاریکردنی کەرکوکو کوردستان ماندوو نەئەبوو هەزاران جار ئەیوت ئێمە بەکەرکوکەوە سەربەرزین..

شێرکۆ لەکاتی شەڕو پێکدادانەکاندا پیاوێکی زۆر بەڕەحمو بەوەفاو بەبەزەیی بوو ئێستا هاوسەنگەرانی شاهیدی ئەو ڕاستیەن دەرهەق بەو دیلانەی لەشەڕدا ئەکەوتە دەستمان زۆر بەبەزەییەوە ڕەفتاری ئەکرد لەگەڵیان، وەبەئێمەی وت ئێوە خۆتان دیل بونە لەبیرتان نەچێت دیلی چۆنە..

لەساڵی ٢٠١٣ شەوێکیان لەکەرکوک بوین لەبارەگای لیوا گوتیان نەقیب کەمال ئامر داوات دەکات منیش چومو وتم بەڵێ گەورەم گوتی حازربە ئەڕۆین بۆ ماڵی شەهیدێک لەگەڕەکی ڕەحیم ئاوای کەرکوک وتم بەسەرچاو حازرم بانگی مولازم ئەوەل (نعمان)م کرد وتم ئامادەبن دەرچونمان هەیە لەڕێگا کاک شێرکۆ گوتی چەندت پارە پێیە بەمنو

مولاز نعمان (٢٥٠) هەزارمان پێبوو گوتی زۆر باشە خۆشم (٥٠) هەزارم پێیە بیگرە لەگەڵ ئەوەی خۆتانا بیدەنە دەستی منداڵی ئەو شەهیدەی دەچین بۆ خزمەتیان من دڵنیام ڕۆژێک دێت شەهید دەبین‌و فەرماندەکانی یەکێتی ئەو پارەیە بۆ منداڵەکانمان دەگێڕنەوە..

شەهیدی فەرماندە (شێرکۆ فاتیح شوانی) پلەکانی پێشمەرگایەتی بەهەوڵ‌و تێکۆشانی خۆی بڕیوە ناوچە بەناوچەی ئەم کوردستانە گەڕاوەو ئاشنای شاخ بەشاخ‌و گەرمیان‌و کوێستان‌و بست بەبستی خاکی ئەم کوردستانە بوە ئەم کەڵە پیاوە مەزنە زۆرجار باسی کەسایەتی‌و خۆشەویستی هەڤاڵ (مام جەلال)ی دەکرد دەیوت برادەران من (هێرۆ خان) بەدایکی کوردایەتی دەزانم چونکە شاژنی شاخ‌و شار بوە..

خۆشەویستی کاک شێرکۆ بۆ جەنابی (مام جەلال) من شاهیدی ئەو ڕاستیەم کەلەکاتی نەخۆشکەوتنی هەڤاڵ (مام جەلال)دا چەند بەپەرۆش‌و خەفەت باربوو لەهەر شوێنێک وێنەیەکی (مامی) بدیایە سڵاوی سەربازی بۆ دەکردو ئەیوت سڵاو سەرکردەکەم..

کاک شێرکۆ دڵخۆش بوو بەیەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگەو لەکاتێکدا کەفەرماندەی لیوای ١ وەزارەتی پێشمەرگە بوو..

بێ جیاوازی‌و دڵسۆزانە دەیڕوانیە هێزەکەی وەبەردەوام پێشەنگی هێزەکەی بوو لەهەموو کاتەکاندا بەتایبەت لەشەڕی دژی تیرۆریستانی داعش..

لەیەکەم ڕۆژی دروستبونی شەڕی تیرۆرستانی داعشدا زۆر بێباکانە قۆڵی لێهەڵماڵی‌و لەشەڕەکەی تەلوەرد پاش ٣١ سەعات شەڕ کاک شێرکۆ بەسەختی بریندار بوو وەپاسەوانێکی دڵسۆزی بەناوی (صمد احمد حسێن) شەهید بوو وە ٥ پاسەوانی تریشی بریندار بوو..

کاک شێرکۆ برینەکانی ساڕێژ نەبوو گەڕایەوە بەرەکانی شەڕ لەشەوی ٢٠١٤/١١/٢٥ دا داعش تەلوەردیان کۆنترۆڵ کردەوە ڕۆژی ٢٠١٤/١١/٢٦ لەگەڵ هەڤاڵانی گەریلادا هێرشمان کردو لەکاتژمێر ٣ ئێوارەدا من بریندار بومو لەدوای من بەخوێنی شەهید مولازم ئەوەل هاشم ئەنوەر ناسراوە بەهاشم بنەیی‌و شەهید عەتای محەمەدی حاجی مەحمودو کاک کەمال حاجی ئاغاو چەند قارەمانێکی تر تەلوەرد ئازادکرا..

بەڵام مەخابن لەشەوی ٢٠١٥/١/٣١ لەشەڕێکی دەستەویەخەدا لەداستانێکی بێ‌وێنەدا کاک شێرکۆ شەهید دەکرێت لەگەڵ ئەم قارەمانانە شەهید نەقیب محەمەد قەرەتا مۆری‌و شەهید نەشات بنەیی‌و شەهید مەریوان بنەیی‌و شەهید دانا بنەیی‌و شەهید کاوە محەمەد بنەیی لەمەکتەب خالیدو وەلەگەڵ پۆلێک قارەمانی تردا دەگەنە کاروانی نەمران..

هەزار هەزار سڵاو لەگیانی پاکی شەهیدی فەرماندە لیوا شێرکۆ شوانی‌و سەرجەم شەهیدانی کوردو کورستان شەهید لیوا شێرکۆ ٣ کوڕی لەپاش خۆی بەخشیوە بەکوردو کوردستان..

هیوادارم کەنەوەکانی درێژەپێدەری ڕێبازی شەهیدان‌و ڕێبازەکەی مام بن‌و جێگای متمانەی خەڵکی کوردستان بن..

لەکۆتایدا داوای لێبوردن ئەکەم کەنەمتوانیوە ساتێک لەژیانی گیانبازی ئەم قارەمانە باس بکەم وەنوسینەکەم لەئاستی گەورەیی ئەم قارەمانە بێت.. هەر شادو سەرکەوتوبن.

نەقیب : کەمال تۆفیق کەریم

٢٠١٥/١٢/٦

# شەهید عەقید (حاجی احمد برایم فقی)

ناسراو بەعەقید (حاجی احمدە ڕەش) یەکێک بوو لەو فەرماندانەی کەلەشەڕی بەرەنگاربونەوەی داعش شەهید بوو بۆیە دەمەوێت پوختەیەک لەژیانو نەبەردی شەهید لەشەڕی داعش بخەمەڕوو.

شەهید عەقید حاجی یەکێک بوو لەفەرماندە ئازاو تێکۆشەرەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کەناوبراو فەرماندەی فەوجی (٥)ی مامەندەی لیوای (١٢٠)ی پشدەر بوو.

لەگەڵ هاتنی داعشو سەرهەڵدانی شەڕێکی نەگریس لەناوچەی کوردستانە کێشە لەسەرەکان، ئەوەبوو کەبەشی زۆری هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕەوانەی بەرەکانی شەڕ کران لەسنوری جەلەولا کەفەوجەکەی ئێمەش ڕەوانەکرا بەرەو جەلەولا لەبەرواری ٢٠١٤/٦/١٦ گەیشتینە سنوری جەلەولا ئەوەبوو بەشێک لەهێزەکانمان لەسەر پردی جەلەولا کەدەکاتە دەروازەی شارەکە بەشەکەی تریش لەبینای کۆنی ناوچەی پارتی کەدەکاتە ناوەڕاستی جەلەولا ئەو شوێنە سەنگەری پێشی پێشەوەی پێشمەرگە بوو لەگەڵ چەکدارانی داعش کەلەنێوان چەند سەد مەترێک بوو هەر لەگەڵ گەیشتنی هێزەکانمان بۆ شوێنی مەبەست ئەوەبوو شەڕێکی قورس دەستی پێکرد، بەڵام خۆشبەختانە گورزێکی باشمان لەدوژمنو زیانی ئێمەش تەنها بریندداربونی یەک پێشمەرگە بوو بەناوی ڕزگار..

لەبەرواری ٢٠١٤/٧/٢٣ بڕیار درا هێرشێکی بەرفراوان بکرێتە سەر ئەو گەڕەکانەی جەلەولا کەلەدەست داعشدا بوون کەپێک دەهات لەگەڕەکەکانی (تەجنیدو وەحدە) هتد..

ئەم هێرشە دەمێک بوو بەرنامەی بۆ داڕێژرابوو ئەوەبوو لەشەوی ٢٣ بۆ ٢٠١٤/٧/٢٤ فەوجەکەی ئێمەش ئەو شوێنەی کەبۆی دیاریکرابوو پلانەکە ئەوەبوو کاتژمێر ٢:٣٠ خولەکی شەو هێرشەکەمان دەستی پێکرد توانیمان لەماوەیەکی کەم ٣ شوێنی سەرەکی لەدەستی داعش ڕزگار بکەین، بەڵام بەهۆی زۆری بۆمبی چێندراوو بەسەرداهاتنی ڕۆژ هێرشەکانمان تۆزێک وەستاند دوای ئەوە داعش هێرشی پێچەوانەی دەست پێکرد کە کاتژمێر ٧ بەرەبەیان بوو شەڕێکی سەخت لەنێوان ئێمەو داعش دەستی پێکرد کەنێوان ئێمەو داعش لەهەندێک شوێن ٤٠ مەتر بۆ ٥٠ مەتر دەبوو شەڕی خانو بۆ خانو بەهۆی قورسی شەڕەکەوە پێشمەرگەیەک کەناوی ڕزگار بوو شەهید بوو کەچەند مەترێک لەچەکدارانی داعش دور بوو..

ئەوەبوو فەرماندەی ئازا ڕائید حەوێز سەردۆڵی هەوڵی دا کەلەدواوە ڕێ لەچەکدارانی داعش بگرێت بۆ ئەوەی نەتوانن چیتر بێنە پێشەوە، بەڵام بەداخەوە شەهید کرا بەڵام لەهەمان کاتدا عەقید حاجی هەوڵی دا تەرمی پیرۆزی ڕائید حەوێز سەردۆڵی ڕزگار بکات بەڵام بەداخەوە عەقید حاجی زۆر بەسەختی بریندارکراو لای تەرمی شەهید حەوێز ئەویش کەوت چەکدارانی داعش هەوڵیاندا خۆیان بگەیەننە سەر تەرمی شەهید حەوێز سەردۆڵیو عەقید حاجی کەتەنها ٣٠ مەتر لەوان دور بوون، بەڵام دواتر مولازم ئەوەل ئیبراهیم شێخاودەڵی هەوڵیدا کەشەهید حەوێزو عەقید حاجی ڕزگار بکات بەڵام کە گەیشتە لایان ئەویش شەهید کرا لەهەمان کاتدا نەقیب ئەحمد باوزی هەوڵیدا

شەهیدەکان‌و عەقید حاجی ڕزگار بکات، بەڵام بەداخەوە ئەویش شەهید کرا کاتژمێر بوو بە١٠ی سەر لەبەیانی کە پێشمەرگەی ئازاو چاونەترس (هێرش غەریب حەمەدە ڕەش) کەدەکاتە برازای عەقید حاجی ڕزگار بکات لەژێر ئاگری دوژمن بەبرینداری یەکسەر بەڕێکرا بەرەو نەخۆشخانەی خانەقین گەیشتە ئەوێ دکتۆرەکان زۆر بێ ئەمەل بون کە گولەکانی بەر ملی ڕاستی کەوتبون‌و لەژێر باڵی چەپی هاتبونە دەرەوە کەبەناو سیەکان‌و فەقەراتیدا دەرچوبوون دکتۆرەکان بەموعجیزەی تووبی ناویان ئەبرد لەدوای ئەوەی چارەسەری پزیشکی وەرگرت هێشتا برینەکانی وەکو پێویست سارێژ نەبوو بون کە تەنها ٢٥ ڕۆژ لەنەخۆشخانەکان‌و ماڵەوە مایەوەو ئەوەبوو عەشقی نیشتمان‌و خۆشەویستی سەنگەرو هاوڕێکانی ئۆقرەی لێبڕی‌و گەڕایەوە سەنگەرەکانی پاراستنی نیشتمان، چونکە نیشتمان لەلای عەقید حاجی لەخۆی‌و لەهەموو کەسوکارو منداڵەکانیشی پیرۆزترو خۆشەویستر بوو، ئەگەرچی برینەکانی زۆر بەئازاربون چونکە هێشتا تەواو چاک نەبوبون، ئەوە لەجیاتی ئەوەی لەنەخۆشخانەکان‌و سەر سیسەمەکان برینەکانی تیماربکات، بەڵام لەناو سەنگەرەکانی پاراستنی نیشتمان برینەکانی تیمار دەکرد ئەگەرچی زۆرێک لەبەرپرسان‌و هەڤاڵان پێیان دەگوت دەبێت بگەڕێیتەوە بۆ نەخۆشخانە چونکە برینەکانت مەترسیدارو هەست دەکەین زۆر ئازارت دەدەن، بەڵام ئەو هەمیشە بەپێکەنینەوە وەڵامی دەدانەوەو پێدەوتن ئەوە برینەکان نین کە ئازارم دەدەن ئەوە ئەو خاکە پیرۆزەی کوردستانە کە هێشتا ئازاد نەکراوەو لەژێر چنگی چەکدارانی داعشدایە، ئەوە ئازارم دەدات نەوەک برینەکانم. ئەو هەمیشە ئاواتێکی هەبوو بۆ ژیان دەیوت خوایە گیان هەرکاتێک ئاڵای پیرۆزی کوردستان لەدوا بستی خاکی کوردستان هەڵکرا هەر

لەوێش شەرەفی شەهیدبونم بەنسیب بکەیت ئەو هەمیشە لەهەموو کۆڕە کۆبونەوەکانی لەگەڵ هەڤاڵانی پێشمەرگە ئەو ئاواتەی بۆ دوپات دەکرنەوە کە دەیوت شەهیدبون لەحەمرین گەورەترین سەروەریە بۆ ئێمەی پێشمەرگە، چونکە شەهیدەکان لەپێشتر بۆ ئەوەی خۆیان بەشەهیدکردن دا، بۆ ئەوەی ڕۆژێک بێت بڵێن ئۆخەی پێشمەرگە لەحەمرینەو ئاڵای پیرۆزی کوردستانی لەحەمرین هەڵکردوە، ئەوە بوو قەدەر وایکرد ئاواتەکەی بێتەدی لەبەرواری ٢٠١٤/١١/٢٦ بڕیاری ئازادکردنی پێدەشتەکانی حەمرین دەرکرا، کاتژمێر ٧ی بەیانی هێرشی پێشمەرگە بۆ پێدەشتەکانی حەمرینو گوندەکانی دەستی پێکرد لەگوندەکانی (جومەیلە، بایزە، ئەبو دەراج، حیون، تبچ، هتد...) ئەوەبوو چەکدارانی داعش نەیانتوانی خۆڕاگرن لەبەر هەڵمەتی هێزی پێشمەرگە لەکاتی دەستپێکردنی هەڵمەتەکە بەدەنگی بەرز هاواری کرد دەی کوڕینە هەڵمەتبەرن من بۆنی حەمرین دەکەم، بەڵێن بێت بەخوێنی شەهیدەکانمان تاوەکو حەمرین نەوەستین بۆ کاتژمێر ١ ی پاش نیوەڕۆ لەکەناری دەریاچەی حەمرین بەدەستی خۆی ئاڵای پیرۆزی کوردستانی هەڵکردو لەوێ بانگی لەپۆلێک پێشمەرگە کرد وەرن بالێرەوە باسرودی خوایە وەتەن ئاواکەی بڵێینەوە چونکە خواستی هەموو تاکێکی کوردو شەهیدەکانمان بووە.

لەبەرەبەیانی بەرواری ٢٠١٥/١/٣٠ پەیوەندیەکی تەلەفونی لەلایەن فەرماندەی لیواکەمان کە لیوا زیاد خۆرانی بوو پێی وت خۆتو بەشێک لەهێزەکەت ئامادەبە دەبێت بڕۆین بەرەو کەرکوک چونکە داعش پەلاماری سنوری کەرکوکی داوە دەستی بەسەر هەندێک لەسەنگەرەکانی پێشمەرگە گرتوە پێی گوت دەزانم ئەرکتان زۆر قورسە چونکە ئێوە لەواجبدان لەسنوری حەمرین لەگوندی تبجی سەربەناحیەی

جەلەولا، بەڵام لەوەڵامدا عەقید حاجی گوتی بەسەرچاو ئێمە ئامادەین چونکە کەرکوک لای ئێمە موقەدەسەو هێڵی سورە بۆ دوژمنان خۆیو بەشێک لەهێزەکانی بەڕێکەوتن کەبچن بۆ کەرکوک بەڵام لەهەمان کاتدا پەیوەندیەکی پێوەکرا گوتی جارێ بوەستن مەیەن چونکە خەبەرمان هەیە هێزێکی داعش هاتۆتە سنورەکەو بەنیازی پەلاماری پێشمەرگەیە لەهەمان کاتدا گەڕایەوە سەنگەرەکانی پێشەوە لەپێدەشتەکانی حەمرین، بەڵام لەناکاو بۆمبێکی چێندراو بەماشێنەکەیدا دەتەقێتەوەو خۆیو پۆلێک لەپێشمەرگەکانی شەهید دەبن کەلەشەهیدەکان ٢ برازای شەهید عەقید حاجی تێدا بوو کەبەناوەکانی (هێرش غەریب ئەحمەد ڕەش، شێروان ئیبراهیم ئەحمد ڕەش) ٣ پێشمەرگەی تریش لەدەستەی پاسەوانەکانی خۆی بەناوەکانی مولازم ئەوەل محەمەد حسێن، خدر سور، عوسمانی دوبی کە ٢ پاسەوانی تریش بریندار بون کەیەکێکیان ئامۆزای شەهید عەقید حاجی بوو بەناوەکانی (ڕێباز حوڵا ئیبراهیم، سەرباز) ئەوەبوو شەهید عەقید حاجی گەیشت بەئاواتەکانی خۆی چونکە هەمیشە ئاواتی بوو لەدواخاڵی خاکی کوردستان لەژێر ئاڵای کوردستان شەهید ببێت.

لەبەرواری ٢٠١٥/١/٣٠ گەیشتە کاروانی نەمران بۆ ئەبەدی ماڵئاوایی لەبرا پێشمەرگەکانی کردو گەیشتەوە هاوڕێ شەهیدەکانیو سڵاوی لێکردن مژدەی ئازادکردنی حەمرینی پێدان.

**وتەی کوڕی شەهیدی فەرماندە ئومێد حاجی ئەحمەد ڕەش**

# شەهید نەریمان مەولود محمد (نەریمان دۆشکە)

ژیاننامەی شەهید نەریمان دۆشکە، لە ١٩٦٩/٧/١ لەگوندی سماق شیرینی شاری کۆیە لەبنەماڵەیەکی کوردپەروەر لەدایکبوەو قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتاییو ناوەندی لەهەولێر تەواوکردوە، لەساڵی ١٩٨٧ پەیوەندی بەڕیکخستنە نهێنیەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەکات لەهەولێر، شەهید کادێرێکی نهێنی پارێزو دڵسۆز بوە بۆ نەتەوەو حیزبەکەی هەر بۆ کارێک رایان سپاردبێت زۆر بەئازایەتیەوە ئەنجامی داوە لەدەستپێکی ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ دا ڕۆڵی کاریگەری بینیوە لەڕزگارکردنی هەولێرو کەرکوکی قودسی کوردستان، لەساڵی ١٩٩١ دەبێتە جێگری مەفرەزە پاشان دەچێتە ئاسایشی هەولێر، لەساڵی ١٩٩٢ دەچێتە دەستەی پارێزگاری بەڕێز (کاک کۆسرەت)، لەساڵی ١٩٩٤ دەچێتە لای شەهید فاقە مەخموری پاشان دەچێتە لەشکری ئامادەی هەولێر لەساڵی ١٩٩٧ دەبێتە فەرماندەی تیپ لەفەرماندەی ٢ هەولێرو لەساڵی ١٩٩٨ بەشداری خولی دووەمی ئەفسەرانی فەرماندەیی کردوە لەقەڵاچۆلان، لەساڵی ٢٠٠٠ تا ٢٠٠٩ لەکەتیبەی ڕەشاشات بوەو دواتر دەگوازرێتەوە بۆ فەوجی ٢ ی لیوای ٣ تایبەتی بەڕێز جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستانو دەبێتە یاریدەدەری فەرماندەی فەوج، شەهید سەرپەرشتی چەندین خولی دۆشکەی تایبەت بەهێزەکانی لیوای ٣ تایبەتی کردوە، دوا پلەشی عەقیدو فەرماندەی

فەوج بووە، شەهید بەشداری لەهەموو شەڕەکاندا کردوەو ڕۆڵی کارای هەبوەو کەسێکی ئازاو چاونەترس بوەو لەژیانی پێشمەرگایەتیدا ٥ جار بریندار بوەو ٧ مانگیش زیندانی سیاسی بوە، شەهید خولیای خوێندنو خوێندەواری بوو بۆیە پێش چەند ساڵێک لەمەوبەر دەچێتەوە قوتابخانەو قۆناغی ئامادەیی تەواو دەکاتو بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی باڵاش داواکاری پێشکەش بەکۆلێژ دەکات، بەداخەوە ئەو ئاواتەی نەهاتەدیو لەبەرگری کردنێکی بێ وێنەدا لەبەرەبەیانی ٢٠١٥/١/٣٠ لەشەڕێکی دەستەو یەخەدا لەتەلوەرد لەگەڵ پۆلێک لەهاوڕێیانی شەهید دەبێتو دەچێتە کاروانی نەمرانەوە، شەهید لە ١٩٨٩/٢/١٠ ژیانی هاوسەری پێکهێناوەو ٣ کوڕی هەیە بەناوەکانی (فەرمان، هەڵۆ، دابان) بۆ نیشتمانو یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

**شەهید بەشداری ئەم شەڕانەی کردوە:**

١- لە٢٠١٤/٦/١٥ لەسنوری بەشیر مەترسی داعش هەبوو بۆیە هێزێکمان بەسەرپەرشتی هەڤاڵ عەمید ئەیوبو عەقید نەریمان دۆشکە بەشێک لەبرا ئەفسەرەکانی ترمان گەیشتنە سنورەکە لەگەڵ گەیشتنیان توشی شەڕهاتنو شەڕ دروست بوو، چونکە زۆر بەچڕی هێرشی دەرکرد بۆ سەر هێزی پێشمەرگە ئەو هێزانەی کەلەوێ بوون لەپاشەکشەدا بونو گەڕابونەوە ناو تازەخورماتووەوە، لەگەڵ گەیشتنی هێزەکەمانو خۆڕێکخستنەوەی هێزەکانی تریش هێرشی پێچەوانەی پێشمەرگە دەستی پێکردو هاوکێشەی شەڕەکە گۆڕا بۆ شکانی داعش بەرامبەر هێزەکانی پێشمەرگە، ئەم نەبەردیە هەڤاڵان عەمید ئەیوبو عەمید ڕوکن زانیارو عەمید مامەو عەقید نەریمان دۆشکەو چەند ئەفسەرێکی تر ڕۆڵی گرنگو زۆر باشیان هەبوو.

٢- لەبەرواری ٢٠١٤/٨/٣ بەشداری ڕزگارکردنەوەی شارۆچکەی کوشافی نزیک گوێری کردوە.

٣- لەبەرواری ٢٠١٤/٨/٥ بەشداری ڕزگارکردنەوەی قەزای مەخمور بوە بریندار بووە.

٤- لەبەرواری ٢٠١٤/٩/٢٧ لەسەر ڕاسپاردەی فەرماندەی لیوا هەڤاڵان عەقید نەریمان لەگەڵ چەند ئەفسەرێکی ترو بەهاوکاری شەهیدی قارەمان موقەدەم هیوا خەلەکانی ڕۆیشتنە گوندی عەبدوڵا غانم بۆ کۆکردنەوەی هەواڵو زانیاری لەسەر دوژمن، دوای تەواوبونی ئەرکەکەیان بەسەرکەوتویی گەڕانەوە.

٥- لەبەرواری ٢٠١٤/٩/٣٠ لەسنوری گوندی عەبدوڵا غانم بەشدار بوەو دەورێکی زۆر کاریگەرو بەهێزی بینیوە.

٦- لەبەرواری ٢٠١٤/١١/٢٣ بەشداری ڕزگارکردنەوەی جەلەولای کرد.

٧- لەبەرواری ٢٠١٥/١/٣٠ لەکاتی هێرشە لەناکاوەکەی گروپی تیرۆریستی داعش بۆ سەر شاری کەرکوک لەسنوری گوندەکانی (مەلا عەبدولا، تەلوەرد، مەکتەب خالید) هەڤاڵانمان زوو گەیشتنە شەڕەکانو پێشەوەی سەنگەرکان یەکێک لەم هەڤاڵانە هەڤاڵ عەقید نەریمان دۆشکە بوو کەلەڕانیە لەماڵەوە بوو کاتژمێر ٣ شەو گەیشتە شەڕەکە، کاتێک هێزەکەی ئێمە گەیشتە شەڕەکە هێزەکانی پێشمەرگە تەواو لەپاشەکەشەدا بوون، لەتەلوەرد کاتێک هەڤاڵان (عەقید نەریمان دۆشکەو ئاکار سەلاحەدین) گەیشتبونە سنورەکە، هێزەکانی پێشمەرگە پاشەکشەیان کردبوو، بەڵام ئەوان بەمێکزەمینیەکو دۆشکەیەکەوە قارەمانانە بەرگریان کردبوو توانیبویان بچنە پێشەوەو هێرشەکەش تێک بشکێنن، بەڵام هەر ئەوەندە دەزانن تەقەیەکی زۆریان لێ دەکرێتو هەڤاڵ (ن. ز / ئاکار سەلاحەدین) کەلەسەر دۆشکەکە دەبێت تەقەیەکی

زۆر دەکات، بەڵام بەداخەوە فیشەکێکی بەردەکەوێتو یەکسەر شەهید دەبێت پاش ئەوەی تەقەی دۆشکە نامێنێتو عەقید نەریمان دەڵێت: ئاکار تەقە بکە بۆ تەقە ناکەیت؟، بەڵام ئاکار دەنگی نابێت کەسەیر دەکات ئاکار پێکراوەو شەهید بوە بۆیە عەقید نەریمان خۆی دەچێتە سەر دۆشکەکەو تەقە دەکات، بەڵام بەداخەوە ناوبراویش پاش چەند خولەکێک شەهید دەبێت، کاتێک هێزەکەی پشتەوەمان بەفریایان دەکەون دەبینن بەداخەوە هەر دوو جوامێران شەهیدبونو مێکزەمینیەکەشیان سوتێنراوەو دۆشکەو چەکەکەشیان بردونو تەرمەکانیان بەجێ هێشتبون.

# هەڵۆ مەحمود مارف

من ناوم (هەڵۆ مەحمود مارف)ە بەهەڵۆ پێنجوێنی ناسراوم ئەندامی سەرکردایەتی‌یەکێتی نیشتمانی کوردستانم لێپرسراوی مەڵمەندی نەینەوام واتە مەڵبەندی موسڵ.

پارساڵ بەشێوەیەکی کاتی لەکاتی ئینتیخاباتی پەرلەمانی عێراقدا چومە ئەو سنورە کە ئەوکاتە من شارەزاییەکی ئەوتۆم نەبوو لەڕاستیدا لەو سنورە بەڵام بۆ ئەرکێکی حزبی چووم هەرچەندە لەسنوری نەینەوا ئەو سێ حزبە تێکەڵاوبوون بۆ ئەرکی نەتەوایەتی‌و نیشتمانی‌و کۆمەڵایەتی بەتایبەتی ئەو پارتو لایەنە سیاسیانەی کە لەناو ئامانجیانا ئامانجی نیشتمانی‌و نەتەوایەتی تیایە لەبیدایەتی مانگی ٥ واتە لەناو مانگی پێنجا لەسنوری مووسڵ جموجوڵی تیرۆرستان دەستی پێکرد، ڕۆژانە ئێمە هەواڵمان بۆ ئەهات کە مەفاریزەکانیان لەناو گوندەکانا ئەگەڕێن وەڕێگاکان قەتع ئەکەن وەبەردەوام زیاد ئەبن ئەمانە جێگای زۆر مەترسی بوون چوونکە لەو گروپانە بوون بەناوی داعش وەگروپی تیرۆرستی زۆر مەترسیدار بوون ڕۆژانە خەڵکیان شەهید ئەکرد وەڕۆژانە کاری لوغمو عەبۆیان ئەکرد لەناوچەکاناوە هەروەها خەڵکیان ئەتۆقاندو هەڕەشەیەکی مەترسیدار بوون.

بەداخەوە حکومەتی ئەوکاتەی بەغداد کە نوری مالکی سەرۆک وەزیران بوو نەیتوانی بوو بەو هەموو ئیمکاناتەی کە هەیبوو ناوچەکە باش

بپارێزێت وەڕێگای دزەکردنو جمووجۆڵو چالاکی تیرۆرستەکان بەرپێبگرێت، لەبیدایەتی مانگی ٦ بەئاشکرا دیاربوو کە هێزە تیرۆرستیەکان لەسنوری سوریاوە واتە لەناوچەی ڕەبیعەو لەناوچەی بەعاجو لەناوچەکانی تر کە عەرەبی تیا نیشتەجێبوون هاتنە ناوچەی تەلەعفەرو لەوێشەوە ئەهاتنە ناو گەڕەکەکانی موسڵەوە بەشێوەیەک بەشێک لەگەڕەکەکانی موسڵیان کۆنترۆڵ کردبوو.

ئەم جمووجۆڵە گەیشتە ئەو ئاستەی تەهدیدی کۆمەڵانی خەڵکیان کرد حکومەت لەناو شارو داموو دەزگاکانی خۆی مایەوەو کۆنترۆڵی بەشێکی زۆری شاری لەدەست دابوو جێگەی داخە لەڕۆژی ٢٠١٤/٦/٩ هێزە تیرۆرستەکان دوو ڕۆژ پێش ئەوە لەناوچەی شەبەک تەقینەوەیکان کردو کۆمەڵێک خەڵکیان شەهیدکرد لەدوای دوو ڕۆژ دوای ئەوە پەلاماری داموو دەزگاکانی حکومەتیاندا زۆر بەداخەوە دامودەزگاکانی حکومەت سوپایەکی زۆری جەیشی عێراقی لەناو سنوری موسڵ بوون وەجگە لەوەی ژمارەکی زۆر هێزە چەکدارەکانی ناوخۆ وەکو پۆلیسو بابەتەکانی تر لەوێ بوون بەرگەیان نەگرت، لەماوەی شەوو ڕۆژێکدا مووسڵیان کۆنترۆڵ کرد ئێمەش بارەگای یەکێتی نیشتمانی کوردستانو بارەگای حزبە سیاسەیەکانی تر لەوێ بوون لەبەر ئەوەی هێزەکانی حکومەت هیچ پارێزگاریەکیان پێ نەکرا پارتە سیاسیەکانیش تەنها بەشی پاسەوانی بارەگاکانی خۆیان پێشمەرگەی هەبوو، بۆیە بەناچاری بارەگاکان چۆڵکران، لەبەر ئەوەی چەکو جبەیەکی زۆری جەیشی عێراقی کەوتە دەستی تیرۆرستانی داعش کە ئەم چەکانە لەبەر دەستی ئەواندا بوو جێگای مەترسیەکی زۆر بوو بۆ سەر ناوچەکانی ترو بۆ سەر ئەمنیەتی کوردستانو عێراق بەگشتیو هەروەها شوێنەکانی تریش.

له ٦/٩ تەقریبەن بەشی هەرەزۆری موسڵیان کۆنترۆڵ کرد وه له ٦/١٠ بەتەواوەتی ئەو جێگایەی کەپێی ئەڵێن مەتارِ شوێنێکی عەسکەریه ئەویشیان تامقاوەماتێکی زۆر تا حەدێکی زۆر کۆنترۆڵ کرد وەپەلاماری ناو شاریان دا بەشێوەیەکی زۆر وەحشیگەرانه بەتایبەتی پەلاماری ئەو جێگەیانەیان ئەدا که تموحەکانی خۆیانیان تیابو مەسەلەن بڕیاریاندا پەلاماری زانکۆی موسڵ بدەن‌و کچەکانی زانکۆ بفڕێنن‌و وەکوڕەکانیشیان بکوژن‌و شەهیدیان بکەن، ئەو کاته ئێمه هێزەکانی مەڵبەند هیمەتیان کرد که زیاتر له ٣٢ کچی گەنجی یەزیدی که لەناو زانکۆ گیریان خواردبوو وەهێزەکانی تیرۆرستی داعش ئەیانویست ئەوانه بفڕێنن بەڵام توانییان ڕزگاریان بکەن بەشێوەیەکی موجازەفە، بەشێوەیەکی زۆر مەترسیدار ڕزگاریان بکەن‌و نەهێڵن بکەونه ژێر دەستی هێزەکانی داعش، هەر لەو کاتانەدا هێزی مالیکی واته سوپای عێراق لەهەمو جێگەیەک هەڵوەرین بەبێ ئەوەی که فشاریان لەسەر بێت واتا ئەوانەی که هێرشیشیان لەسەر نەبوو چەکەکانیان بەجێهێشت‌و بەجۆرێک وەزیفەی خۆیان‌و ئەرکی سەرشانی خۆیان بەجێهێشت که زۆر مەترسیدار بوو ئەمه بووه هۆی نوقتەیەکی زۆر بەهێز بۆ هێزەکانی داعش هێزی پێشمەرگه بەبێ ئەوەی ناوچەکانی موسڵ که کوردستانین بپارێزێت هێزی پێشمەرگه دابەزی‌و ساترێکی گەورەی پێشمەرگەی دروست کردو لەخۆرهەلاتی موسڵ تا ئەچێته سەر سەدی موسڵ بەدرێژایەکی دورو درێژ ئەتوانم بڵێم بەدرێژایی ٢٠٠ کیلۆ مەتر سەنگەریان دروست کرد، وەئێمەش لەگەڵ هێزی پێشمەرگه پشتیوانیان بووین وەئەوکاته ئێمەش مقەڕەکانمان لەبەعشیقه بوو که هێزەکانمان پێک هاتبوون لەلیوای ١١٢ وەهێزەکانی مەڵبەند داغڵی شەڕەکه بوون وەداغڵی سەنگەرەکان بووین لەڕێگای ناوچەی

حەمدانیە واتە ئەوشوێنەی کە ئەکەوێتە سنوری تەلوەرد کە برا کاکەییەکانمان لەوێ بوون وەهەروەها بەشێکی زۆر لەهێزەکانمان لەدەروازەی گەڕەکی موسڵ کە بەرەو هەولێر دێتەوە وەهەروەها بەشێکی تریشی لەناوچەی شەلالات کە برا شەبەکیەکان لەوێ بون وەهەروەها بەشێکی هێزەکەش لەڕێگەی تەلکێف کەسنوری برا یەزیدیەکان بوون، بۆچی ئەمەمان کرد تەبعەن مەسەلەیەکی مەترسیدار بوون بۆ هەموو سنورەکانی موسڵ، موسڵ لەپێکهاتەی زۆر جیاواز پێکهاتووە، پێکهاتەی عەرەبی تیایە لەعەرەبیشا شیعەو سونەشی تیایە کە زۆرینەیان سووننەن، وەهەروەها یەزیدی زۆری تیایە لەناوچەکە لەدەوروبەری موسڵ، وەهەروەها شەبەکی تیایە کە ئەوانیش بەشێکیان سوننەن‌و بەشێکیشیان شیعەن کە زیاتر لەسەر کورد مەحسومی خۆیان بەکورد دەزانن لەبەر ئەوە شیعەکانیان لەسەر ئەساسی بوونی مەزهەب لەمەترسیا بوون وەسوننەکانیش ئەوانەی کە خۆیان بەکورد ئەزانی بەهەمان شێوە لەمەترسیا بوون وەهەروەها برا مەسیحیەکان کە ژمارەییەکی زۆری موسڵ پێکدەهێنن کە قەزایەکی گەورەی وەکو حەمدانی‌و بەشێکی زۆری ناحیەی بەرتلەو بەشێکی زۆری پێکهاتەکانی سنوری بەعشیقە کە برا مەسیحیەکان‌و برا یەزیدیەکان پێکهاتبون هەروەها سنوری تلکێف کە بەشێکی لەبرا مەسیحیەکان پێکهاتبوون ئەمانە لەبەردەمی هەڕەشەیەکی گەورەی تیرۆرستانی داعشا بوون بەپێی ئەو ئایدۆلۆژیانەی کە هەیان بوو جگە لەخۆیان هیچ کەسێکی تر قبوڵ ناکەن، هێزی پێشمەرگە لەهەمو ئەم سنورانە سەنگەری لێداوە، وەئێمە لەڕۆژانی یەکەمدا چووینە دەروازەی وەحدە، کە چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنیمان کردو لەگەڵ سەنگەرەکانی پێشمەرگەیا بووین کە بەداخەوە ئەو ڕۆژە لەڕێگەی قەناسەوە پێشمەرگەیەک شەهید بوو

وەچەند پێشمەرگەیەکی تریش بریندار‌بوون کە مەسافەیەک نزیک بووین لەیەک، بەوە ڕەوشی موسڵ بووە کارەساتی گەورە، ڕۆژانە بەکۆمەڵ خەڵک کۆمەڵ کۆئەکرایەوە لەناو موسڵ هەموو ئازادیەکان داگیرکرا ئازادی ژن بەتەواوی داگیرکرا ئازادیەکانی بیروباوەڕ داگیرکرا وەبوونی هەموو جیاوازیەکی کلتوری‌و مەزهەبی‌و ئاینی بەتەواوەتی داگیر کرا، وەتەنها ڕێگەیەک مایەوە بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی کە لەوێون دەبێت بەیعەت بدەنە حاکم‌و وەلیەکانی داعش لەناو موسڵ، تەنانەت ئەوانەشی کە عولەمای دینی بوون لەمزگەوتەکانا پێشنوێژیان دەکرد ئەوانەی کە بەیعەتیان نەکرد کوشتیانن وەئەوانەی کە بەیعەتیان کردن بوون بەبەشێک لەخۆیان، وەپێکهاتەکانی تریش برا مەسیحیەکان بوون کە دوا جار ڕێگەیان پێدان تەنها ئەو پەیامەیان پێ بگات کە ئایا تەسلیم ئەبن ببنن بەئیسلام یان نا ئەگەر نابن بێن جزیە بدەن واتە سەرانە سەرانەیەکە کە لەقانوونی کۆنی شەرعی ئیسلامدا هەبوو بۆ غەیری ئیسلام یاخود ئەبێت هەمو ناوچەکە چۆڵ بکەن یاخود ئەوان هەموویان ئیبادە ئەکەن، دیارە برا مەسیحیەکان ئەو کاتانە داعش بەتەواوەتی نەگەیشتبووە سنورەکانیان تاکە ڕێگە کە لەبەردەمیان مابۆوە بەشێوەیەکی زۆر قورس ماڵ‌و حاڵی خۆیان بەجێهێشت‌و وەهەمو شارو شارۆچکەو گوندەکانیان چۆڵ کرد، وەهەروەها برا یەزیدیەکان کەوتنە بەر حەملەی لەناوبردن، لەڕۆژانی یەکەم کە داعش گەیشتنە ناو موسڵ هەر کەسێکیان بگرتایە کوشتویانە، هەر کچێکی یەزیدیان گرتبێت فڕاندویانە، واتە ئەم کوشتنە بەجۆرێک بوو چۆن ئەڵێی دوکەڵی بۆمب بەرزئەبێتەوە ئاواش ڕۆژانە هاوارو ناڵەی خەڵک بەدەست هێزەکانی داعشەوە بەرز ئەبوەوە زوڵمێکی زۆر گەورەیان ئەکرد ئێمە لەو کاتانەیا هەم لەگەڵ هێزی پێشمەرگە لەسەنگەرەکانی هێزی

پێشمەرگە بووین، تەقریبەن ئەتوانم بڵێم هەتا مانگی ٦و مانگی ٧ بەوشێوەیە ڕۆیشت بەڵام ئەوەی کە جێگای مەترسی بوو لەبەر ئەوەی سنوری موسڵ زۆر فراوانە، لەسنوری شەنگال هێزەکانی داعش هەڕەشەی قەتڵوعامی جەماعیان ئەکرد، وەلەو سنورەیا کەهەر قەزایەک کەسەر بەموسڵە، ئێمە کۆمەڵێک بارەگای زۆرمان هەبوو وەهەروەها فەوجێکی هێزی پێشمەرگەمان هەبوو من بۆ سەردانی ئەوان چوومە سنورەکەوە شوێن بەشوێنو موجەمەع بەموجەمەع بەشێکی زۆری سنورەکان کۆبوونەوەمان لەگەڵاکردن لەبەر دەمی مەترسی زۆر گەورەدابوون بەڕاستی ئەوان داوای چەکو چۆڵیان ئەکرد، ئەوان داوای پاسەوانەتیان ئەکرد ئەوان ئامادەیی ئەوەیان تیا بوو خۆشیان بچنە سەنگەرو شەڕ بکەن بەڵام بەداخەوە مەسئولینی دەسەڵات لەو سنورە دڵنیایان کردنەوە کە ئەوان تا دوا قەترەی خوێنیان تا هەمویان شەهید دەبن بیپارێزن وەجەماوەریش ئەم سیقەیەی دا بەوان بەڵام لەکاتی بەرەبەیانی ٨/٣ کە هێزەکانی داعش هێرشیان کرد بەرگری نەکرا ئەوکاتە ئەو کارەساتە گەورەیەی لێ دروست بوو، ئەو شەوە من لەبەعشیقە بووم بارەگایەکمان هەبوو بارەگای مەڵبەند لەوێ بوو واتە بەعشیقە ناحیەیەکە سەربەناو مەرکەزی موسڵە، وەسەر ناوچەی شێخانە واتە نزیکە لەسنوری شێخانەوە، دوای ئەوەی کە هەستمان کرد بەبەردەوامی هێزەکانی داعش بەبەردەوامی هێرش ئەهێنن بەرەو سنوری پێشمەرگەو بەرەو کوردستان زانیمان چ خەتەرێکی گەورە لەسەر کوردستان دروست بووە بەتایبەتی شەنگال، کە بەشێکی دابڕاوە کە هێزی پێشمەرگە ناتوانێت بەئاسانی فریایان بکەوێت لەکاتی تەنگانەیا، وەبەحوکمی ئەوەی کە لەبەینی شەنگالو بەینی زومار کە دوو ناوچەی کوردین ناوچەی ڕەبیعەو عەوێنات هەیە بەدرێژایی زیاد

لە ٧٠ کیلۆ مەتر ناوچەکە عەرەبنشینەو وەبەشی زۆریشی ئەو عەرەبانەن کە سوننەی موتەریفن‌و لەتەئریخە کۆن‌و تازەکانا ئەوانە بەتەعریف هاتونەتە ئەوێ ئەوانە بەشێک بوون لەداعش، من لەو کاتانەی کە هێرش کرابووە سەر شەنگال ئەو شەوو ڕۆژە لەبارەگای بەعشیقە بووین بەبەردەوامی موتابەعەی هێزەکانی داعشمان دەکرد لەسنوری سەعدی‌و نەینەوا واتە ئەو بەشەی کە بەرەو دهۆک‌و هەولێر دێت، واهەستمان کرد کە بەداخەوە هێزی پێشمەرگە لەوێ لەئاستی پێویستدا بەرگری نەکرد لەسەرەتادا هێزی پێشمەرگە زۆر لەورە بەرزی‌و لەسەرکەوتنا بوو، بەڵام دواجار ڕۆژگارەکانی دواترو وردە وردە ئەم مەعنەویاتە دابەزی‌و وەئەم بەرگریە دابەزی بەجۆرێک کە کۆمەڵانی خەڵک لەپشتی ئەو هێڵەوە کەوتنە بەر مەترسی ئەو شەوە من تا بەیانی نەخەوتم بەتەلەفوون لەگەڵ برایانی شەنگالدا بووم کە چۆن خۆیان قایم بکەن‌و بەرگری بکەن، بەڵام لەدەمەو بەیانا تەلەفونیان بۆ کردم واتە لەسەعات ٢ کەوا هێزەکانی داعش لەسنوری بەعاجەوە واتە بەرەو ئۆردوگای موجەمەعی گرد عوزێر هێرشیان دەست پێکردووە کە خەڵکی ئەو موجەمەعە نزیکەی ١٠ هەزار ماڵ ئەبوون وەئەم ١٠ هەزار ماڵە بەشی زۆریان چەکیان هەڵگرتبوو سەنگەریان هەڵکەندبوو بۆ ئەوەی دیفاع لەخۆیان بکەن، وەهەروەها شوێنەکانی کەش کە هاتۆتە دیوی ڕەبیعە کە مەسافەیەکی زۆرە وەهەروەها ئەو ڕێگایانە چونکە لەسنوری سوریاوە داغڵ ئەبن کە ڕێگەی شەلۆی پێ ئەڵێن وەهەروەها لەو گوندانەشی کە لەحدودی سوریاوە نزیک بوون‌و لەپشتەوە ئەهاتەوە سەر موجەمەعی خان سوور کە ٢٤ هەزار نفوسی تیا ئەژین هەموویان برا یەزیدیەکان بون وەهەروەها لەسنوری عەوێناتەوە کە ئەیکردە باکوری شەنگال لەوێشەوە هێزێکی زۆریان هێنا بوو بەرەو

موجەمەعەکانی حەرتانو زۆرانباوو گۆلانو وەهەروەها سنورێک کە مەرکەزی ناحیەی ئەو سنورە بوو، وەهەروەها ئێمە تێگەیشتین کە هێزی پێشمەرگە بەرگری نەکردوەو کارەساتێکی گەورە قەوماوە هێزەکانی دوژمن بەخێرایی پەلاماری شوێنەکان ئەدەنو کۆمەڵانی خەڵک قەتڵوعام ئەکەن وەخەڵکێکی زۆر بەناچاری پەنای بردۆتە بەر چیای شەنگال کە مەزندە ئەکران بە٢٠٠ هەزار کەس، ڕۆژی ٥ ی مانگ واتە کە ٣ ی مانگ ئەوان هێرشیان ئەکرد ٤ ی مانگ ئێمە لەبەعشیقە بووین ٢٠١٤/٨/٤ من لەگەڵ بەشێک لەپێشمەرگەکانو بەشێک لەکادرەکان ڕێکەوتین کە ڕێگایەکی دورو درێژ بۆ هەموو ئەو ناوچانەی داگیرکرابوون نەمانئەتوانی لێوەی بڕۆین لەڕێگەی سێمێلکان واتە نزیکی خاپورەوە ڕۆیشتین وەخاکی خۆرئاوا واتە سنوری خاکی سوریا وەلەوێ ڕۆیشتینەوە بەرەوە ناحیەی جەزعەی سوریا لەسەر حدودی شەنگال لەوێ بینیمان کە هێزەکانی یەپەگەو هێزەکانی یەپەژەو هەپەگەو واتە هێزەکانی گەریلا بەشێوەیەکی گشتی لەخۆرئاواوە لەباکور هاتبوون لەوێ کۆبوبونەوە بۆ ئەوەی کە هیمەتێک بکەن بۆشکاندنی ئەو ئابلۆقەیەی کەلەسەر ٢٠٠ هەزار ئاوارەی چیای شەنگال بوو لەوێش هێزەکانی پارتی دیموکراتی لێبوون بەڵام لەبەر ئەوەی کە ئەوان لەڕۆژەکانی پێشترا توشی شکستێکی گەورە ببون وەبەرگرییان نەکردبوو لەڕاستیا نەیانتوانی ڕۆڵی خۆیان ببینن، ئەو هێزەی کەلەگەڵ ئێمە بوون ٤٠ بۆ ٥٠ کەس ئەبوین لەگەڵ هەڤاڵانی گەریلا چوینە سەنگەرەکانی پێشەوە بۆ ئەوەی کە دەروازەیەک بکەینەوە تاکو فریای ئەو ٢٠٠ هەزار کەسەی کە لەچیای شەنگالەوە ئابلۆقەدرابوون بەشێکی زۆریان ئەوانە ژنو منداڵ بوون وەبەبەردەوامی ڕۆژانە بە٥٠ بۆ ٧٠ کەس لەبرساو لەتینوا خەڵک گیانی

لەدەست ئەدا، هەروەها ڕۆژانە دوژمن لەهەموو ڕێگاکانەوە پەلاماری ئەدان بۆ ئەوەی کە قەتڵو عامیان بکاتو نیەتە گلاوەکانی خۆیان بەسەریاندا بسەپێنن، ەهەروەها ڕۆژانە ئەوانە بەبێ نانو بەبێ ئاو لەئازارێکی زۆردا بوون، چونکە نەیانتوانی بوو فریای ئەوە نەکەوتبوون کە خواردن لەگەڵ خۆیان بەرن، وەچیاکەش لەڕوی ئاوەوە تا حەدێکی زۆر ووشکە سەرچاوەی ئاوی زۆر کەمە ئەمەش لەفەسڵی هاوینا لەمانگی ٦ واتە لە ٤و ٥و ٦ ی /٨ بۆ ئەو سنورە کارەساتێکی گەورە بوو بەهیمەتی برا گەریلاکانو بەهیمەتی بەشێک لەکادرو پێشمەرگەکانی ئێمە ڕێگایەکی پڕ زەحمەت کرایەوە لەسنوری سنونێ واتە لەلای دوگرێ وەموجەمەعی دووگرێ وەبناری چیای شەنگال لەوێوە پێچی ئەکردەوە بۆ گەلی تەرسێ وەبۆ ئەوەی کە ئەو مەنفەزە بکرێت هەمو ئاوارەکانی ئەوێ دەرباز بکرێت ئێمە شان بەشانی پێشمەرگەو گەریلاکان چوینە ناوەوە بەڵام کارەساتی زۆر گەورەمان بینی، ڕۆژانی یەکەم ئەو ئاوارانەی کە بەچیاکەوە بوون بەزەحەمەت ئەیانتوانی بێنە خوارەوە چوونکە هەم ئەو دەروازەیەیی کە دروستکرابوو پانتاییەکەی زۆر کەم بوو واتا بەچەند کیلۆمەترێک ئەمسەرو ئەوسەری داعشی تیا بوو وەمەسافەکەشی ئەتوانم بڵێم ٢٠ بۆ ٢٥ کیلیۆ مەتر ئەبوایە بەپێ بهاتنایە تاکو ڕزگاریان ئەبوو جگە لەوەی کە خۆیان لەو شاخە بەدەیان کیلۆمەتر زیاتریان بڕیبوو تاکو لەو نوقتەیە کۆببنەوە کە ئەتوانن لەوێوە بێنەوە سەر ئەو ڕێگایە. ئێمە کە چوین کارەساتێکی زۆر ناخۆشمان بینی بەدەیان کەس لەژنو منداڵو پیرو گەنج بەپێخاوسیو بەبێ نانو ئاو بەناو تەپوتۆزو گەرمای هاویندا ئەهاتنە خوارەوە بەبەردەوامی لەمەترسیدابوون لەلایەن هێزەکانی داعشەوە، ئازایەتی گەریلاکانو ئەو پێشمەرگانەی کە

لەسنورەکە مابون‌و ئەوانەی کە لەچیاکە مابوونەوە ئەوە بوو کە بەرگریان ئەکرد لەو سەنگەرانەی کە دوژمن ئەیویت جارێکی تر ڕێگاکە بگرێتەوەو ئەوان ئەیانویست بیپارێزن چەندین هەڤاڵ لێرە شەهید بون، شەهیدبوونی ئەمانە تەنها لەپێناو ڕزگارکردنی ئاوارەکانی چیای شەنگالا بوو، چونکە ئەم نەخشەیە تەنها بۆ ڕزگاربوونی ئاوارەکان بوو نەک بۆ ڕزگاربوونی هەموو ناوچەکە چونکە هێشتا زوو بوو کە بتوانرێت نەخشەیەکی وادروست بکرێت کە هەموو ناوچەکە ڕزگار بکرێت، واتە ئامانجی یەکەم ڕزگارکردنی ئاوارەکان بوو، ئامانجی دووەم خۆئامادەکردن بوو بۆ ڕزگارکردنی شەنگال‌و کۆنترۆڵکردنی چیای شەنگال تاوەکو دوژمن نەتوانێت چیای شەنگال داگیر بکات، ئێمە کە چووین بەدیکۆمێنت لامانە ئەو ڕۆژگارە سەختانە، تەنانەت کامێرایەکی سحوفی لەوێ نەبوو تاکو ئەو کارەساتە گەورەیە ڕوماڵ بکات‌و بیگوازێتەوە، کەسێک نەبوو لەوێ کە کەمترین پێداویستی سەرەتایی دابین بکات کە ئاوو خواردن بوو بۆیان دابین بکات، تەنها ئەوەی کە بۆیان دابین کرابوو ئەمنیەتێک بوو کە لەوێ بتوانێت فریایان بکەوێت، ئەبینیت دایک کۆرپەکەی لەباوەشدا بوو لەبەر بێ شیری‌و بێ خواردن کۆرپەکەی گیانی لەدەست دابوو یاخوود لەکۆتایی کاتەکانی ژیاندا بوو، ئەمبینی کوڕێکی گەنج دایکێکی پیری کردبووە کۆڵی‌و ئامادە نەبوو جێیبهێڵێت بەتینوێتی‌و بەبرسێتی خۆشی ئامادە نەبوو دایکی دابنێ، ئەمبینی هەر مەسافەیەک ئەڕۆیشتی ١٠٠ کەس‌و ٥٠ کەس‌و ٢٠ کەس کۆببونەوە لەدەوری جەنازەیەک کە کەسێکی ئازیزیان گیانی لەدەستدابوو بەدیارەوە دانیشتبوون بەشین‌و گریانەوە نەیانئەتوانی جەنازەکەشی بشارنەوە بەڕاستی کارەساتێکی مەرگەسات بوو مەرگەسات، هەرچەندە بگەڕێم ناتوانم وشەیەک بدۆزمەوە کە بەڕاستی

تەعبیر لەو واقیعە بکات تەعبیر لەو ڕوداوە بکات کە ئێمە لەو کاتەیا ئەمانبینی، ئێمە لەگەڵ خۆمان نانو ئاوو پسکیتو ئەم جۆرە شتانەمان بردبوو، ماشێنکانمان پڕکردبوو بۆ ئەوەی لانی کەم ئەوانەی کە ئەیانبینین هاوکاریان بینو بۆ گواستنەوەش بەماشێنکانی خۆمان بیانگوازینەوە، کاتێک کە دەبەیەک ئاوت دەرئەهێنا ١٠ کەس دەستی بۆ ئەهێنا کە نانێکت دەرئەهێنا دە کەس دەستی بۆ ئەهێنا نەتئەزانی بیدەی بەکامیان هەموویان لەئاخیری تاڵیەکانی ژیانا بوون ئەوانە، ئێمە بەچاوی خۆمان کارەساتێکی گەورەمان بینی کە ئەو دەروازەیە لە ٦ ی مانگەوە کرایەوە تەقریبەن هەتاکو ٢٠ ی مانگ بەبەردەوامی خەڵکی پیائەهاتە خوارەوە دوای ئەوەش ژمارەیەک کە ١٥ بۆ ٢٠ هەزار کەس ئامادە نەبوون لەچیاکە بێنە خوارەوە ئەوان بڕیاریاندا کە ژیانیان لەگەڵ ئەو چیایە بێتو ئامادەنەبون نیشتمان جێبهێڵینو ئەیانویست هەر لەوێ کۆتایی بەژیانیان بێت، ئەوان کەوتنە مقاومە لەوێ کەوتە هێزێک لەوێ دروست بوو هێزی برا یەزیدیەکان بەناوی هێزی پاراستنی شەنگال، ئەمانە تەنها یەزیدیەکان کۆبونەوەو کادری هەموو لایەنەکانی تیا بوو ئێمە هەموو کادرەکانی خۆمان هاندا کە لەو هێزە کۆببنەوەو مقاومە بکەن خۆشبەختانە بەشێکی زۆری کادرەکان لەهەر جێگەیەک بوون خۆیان گەیاندە ئەو هێزەو چەندین هەڤاڵی وەک (حەیدەر شەشۆو شێخ داودو مام سینۆو وەکو فارس شڤانو وەکو مەهداوی‌و) دەیانی وەکو ئەمانە لەو هێزەیا کۆبوونەوەو هەر یەکێک لەوانە قیادەی میحوەرێک دۆڵێکی ئەکرد لەگەڵ کەسو کاری خۆیو لەگەڵ ئەو جەنگاوەرانەی کە ئامادەنەبوون چیاکە چۆڵ بکەن کەوتنە بەرگری، ئەمە بووە مەعنەویاتێک بۆ مقاوەمەکردنی خەڵکی شەنگال جگە لەوە کە هەڤالانی گەریلا بەردەوام هێزیان ئەهێناو ئەوانیش لەکۆمەڵێک شوێنی ئەساسیا

سەنگەریان لێداو خۆیان قایم کرد، کارەساتەکە بەمە تەواو نەبوو چونکە ڕۆژانە ئەمە دوبارە ئەبوەوە ژمارەیەک لەو خەڵکانەی کە لەکاتی هاتنی داعشا لەشەنگال فریا نەکەوتبوون ڕابکەن لەگوندەکانیانا مابوونەوە لەوانە گوندی (کۆچۆ) ئەم گوندە کەوتۆتە قیبلەی شەنگال کە نزیکە لەموجەمەعی گوندە عەرەبەکان ئەکەوێتە سنوری بلج واتە ناحیەی قەیرەوان کە لەتەعریبیا ناویان گۆڕیون بەبلج، چواردەوری گوندەکەیان گیرابوو وەگوندەکەیان ئاگادار کربوو کە ببن بەموسڵمان ئەوانیش بەناچاری ڕۆژانی یەکەم ئەمەیان قبوڵ کردبوو بۆ ئەوەی کە تەعدایان لێنەکرێتو قەتڵو عام نەکرێن بەڵام لەدوای هەفتەیەک هاتبوون داوای ئەوەیان لێ کردبوون کە ئەبێ ئەوانیش چەک هەڵبگرنو خەڵک بکوژنو قەتڵو عام بکەن وەئەبێت کچەکانیشیان بکەنە دیاریو هەدیو سەبایە بۆ چاوچنۆکەکانی داعش وەئەمە قابیلی تەحەمول نەبووە لەلای خەڵکی کۆچۆ بۆیە دوای ئەوەی کە دوژمن زانی ئیرادەی ئەوان تەسلیم نابێ زۆر بەبێ ویژدانانە هەموو خەڵکی دەست بەسەری گوندەکەیان کۆکردەوەو ژنو پیاویان جیاکردەوەو ئەتوانم بڵێم زیاتر لەسەعاتێکدا ٤٠٠ پیاوی ئەو گوندە لەبەرچاوی ژنو منداڵەکانی ئەو گوندە قەتڵو عام کرد، وەنزیکی ١٠٠٠ بەرەو ژوور ژنو منداڵیان لەگەڵ خۆیان برد وەبەبەردەوامیش ئەوانەی کە پیرو گەنج بوون لەیەکیان جیائەکردنەوەو قەتڵو عامیان ئەکردن، وەئێستا کە شەنگال ڕزگاربووە ڕۆژانە گۆڕی بەکۆمەڵ ئەدۆزنەوە کە پڕە لەئێسکو پروسکی پیرو گەنجو ڕوفاتی ژنو منداڵ، کارەساتی وەکو کۆچۆ بەردەوام دوبارە ئەبۆوە لەسنوری حەجان کۆمەڵێ خەڵکی زۆریان زیندە بەچاڵکردنو شەهیدیان کردن وەهەروەها لەسنوری (سیپا شێخ خدر) زیاد لە٤٠٠ بۆ ٥٠٠ کەسیان لەناو کۆڵانەکانا قەتڵو عام کرد

بەشێوەیەکی وەحشیگەرانە تێیان کەوتبوون کە لەهەرجێگایەک خەڵکیان ببینیایە ئەیانکوشت، وەهەروەها لە (گرزەلک) کە ئەویش نزیکە لەو خەتەوە ئەو دوو شوێنە بەتایبەتی بەرگری تیابوو کۆمەڵێ خەڵکی زۆریان قەتڵو عام کرد کە بەڕێگاکەیا هاتبوون خێزان هەبوون لەناو مەزرەعەکەی خۆیا کە ئەو شوێنەی شوێنی کشتوکاڵ بوو ١١ کەس بوون ١٢ کەس بوون ١٨ کەس بوون دابەزیبوون هەمویان بەسەر گۆمی تەماتەو لەناو گەنمو لەبن درەختەکانا هەمویان شەهید کردبوون‌و قەتڵو عامیان کردبوون، کارەساتەکە ئەوەندە گەورە بوو کە ڕۆژانە خەبەری زۆر دڵتەزێن ئەگەیشت‌و خەبەری زۆر دڵتەزێنمان ئەبیست، جگە لەوەی وردە وردە کەوتنە خەڵکەکە بۆ بازاڕی کڕین‌و فرۆشتن لەبەغدادو لەموسڵو لەشوێنەکانی تر ئەمە کارەساتێکی گەورە بوو وەزیاتر ڕقی ئێمەشی ئەستور ئەکرد کە هەرگیز لەو دوژمنانە خۆش نەبین‌و هەرگیز لەبستێ خاکی نیشتمان خۆش نەبین‌و زیاتر هەوڵ بدەین هەموو تواناکانمان بخەینە گەڕ کە زوو خۆمان کۆبکەینەوەو بکەوینە خۆمان بۆ ئەوەی کە دوژمن بشکێنین، هەرچەندە بەداخەوە پارتە سیاسیەکانی ئەو سنورە زیانێکی زۆری گەیاندبوو بەخۆ ئامادەکردن‌و پرۆسەی ئازادکردنی سنورەکەو پارتە سیاسیانە لەبەینی پارتی دیموکراتی کوردستان‌و پەکەکەیا هەبوو کە ئەتوانم بڵێم لەتەئریخی ئەم دوو حیزبە پێشتریش ئەم خیلافانە هەبوو ئێمە زۆر داوامان کردوو وەئەوەش وابوو کە ئەبوایە ئەوان لەوێ خیلافەکانی خۆیان وەلابنایە لەپێناو ڕزگارکردنی کۆمەلانی خەڵک، حکومەتی عێراقی لەو کاتەیا تاحەدێک هاوکار بوو تەیارەکانی حکومەتی عێراقی ئەهاتن ئاسمانی شەبەکەو لەو شوێنانەی کە دوژمن جارێکی تر ئەیویست پەلاماری چیاکە بدات بۆ قەتڵو عام ئەوان بەتەیارەکانیان یان

بەتەیارەی تەحالوف لێیان ئەدانو چەند وەجبەیەکی زۆریان لێ ئەسوتاندن وەهەروەها دواتریش لەڕێگای ئەو ڕێگایەی کە گیراوەو ئەو ناوچەیە داخراوە جارێکی تر ئەو چیایە ئابڵوقە درایەوەو جارێکی تر لەدوای سێ مانگ شەڕێکی زۆری تیا ڕویدا، وەخەڵکێکی زۆر شەهید بو بەڵام ئەم جارەیان زیاتر ئەو کەسانەبوون کە بەرگریان ئەکرد شەهید ئەبوون، نەتیجە ئەوەبوو ئەمجارەیان چیای شەنگال ئابڵوقە درابوو حکومەتی بەغدا کۆپتەری نارد ئەمجارە بەکۆپتەر پێداویستیەکانی شەڕ ئەگوازرایەوە بۆ چیاکە جگە لەوەی کە ڕێکخراوەکانی سەر بەنەتەوە یەکگرتوەکان لەڕێگەی فڕۆکەوە کۆمەڵێک خۆراکیان فڕێدایە خوارەوە بۆ کۆمەلانی خەڵک تاکو چارەسەرێکیان بۆ بدۆزرێتەوە ئەم کارەساتە بەردەوام بوو هەتاکوو مانگی ١٢ی ٢٠١٤، ئێمە پێش ئەوەی ڕێگای جەزعە جارێکی تر لەرێگەی دوژمنەوە کۆنترۆڵ بکرێتەوە گەڕاینەوە ناو سنوری شەنگال چوینە قاعەی شەرەفەدین کە مەزارگەی پیرۆزی یەزیدیەکانە لەدوای لالش مەزارگەی شەرەفەدینە، وەجارێکی تر لەبناری چیاکەوە ڕۆیشتینەوە بۆ گەلی کەسێ وەئەو هێزانەی پێشمەرگەو ئەو فەرماندانەی کەسەر بەیەکێتی بوون لەم شوێنانە وەبەکەمترین ئیمکانیەتەوە خەریکی بەرگری بوون وەلەسەنگەری بەرگری بوون، مەسەلەن ئێمە چوینە گەلی کەسێ لەوێ (خەیری شەنگالی لێ بوو) کە جێگری مەڵبەند بوو وە(ڕائید خورەیلای لێ بوو) کە ئامر فەوجی شەنگال بوو ئەمانە لەوێ لەبەرگریدا بوون هەرچەندە ژمارەیان کەم بوون بەڵام ورەیەکی بەرزیان هەبوو هەرچەندە چەکی پێویستیان پێ نەبوو بەڵام بەوورەی بەرز بەرامبەر بەدوژمن وەستابوون بۆ ئەوەی کە ئەو دەروازەیەی کە لەگەلی کەسێوە ئەچێتەوە بۆ چیای شەنگال کە چیای شەنگال ئاوارەیەکی

زۆری لێبوو بیپارێزن وەجارێکی تر نەهێڵن دەستی دوژمن بگاتە خەڵکی سڤیلو خەڵکی بێلایەنو ژنو منداڵ، وەهەروەها هەڤاڵانی گەریلاش بەڕاستی لەوێ باش سەنگەریان لێدابوو کە پێی ئەڵێن قاعەی بەرزان کە پێشتر بارەگای یەکێتی بوو ئەوان لەو دوو شوێنە توانیبویان سەنگەری قایم لێبدەن وەڕۆژانە هێرشی دوژمنیان ئەشکاند بەهەماهەنگی لەگەڵ ئەو پارتیزانانەی ئێمە لەگەڵ ئەو هەڤاڵانەی گەریلا ڕۆژانە بەبەردەوامی لەشەڕدا بوون بۆ شکاندنی دوژمن، ئێمەش ئەوجارە گەڕاینەوە بۆ سنوری سوریاو هاتینەوە کوردستان کە ئەرکی ئێمە ئەوەبوو لەڕێگەی سەرکردایەتیو لەڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنو لەڕێگەی ڕێکخراوەکانو لەڕێگەی پەرلەمانی عێراق وەلەڕێگەی هەموو ئەو کەناڵانەی کە پێویست بوو ئیشمان لەسەر ئەکرد بۆ ئەوەی کە کەیسی شەنگال کارەساتی شەنگال وەکو پێویست باس بکرێتو ڕای عالەمی بجوڵێنێت لەوەی کە پێویستە لەم شەڕە قورسە کە شەڕی تیرۆرستیەو پێشمەرگە لەسەنگەردایە بەڵام ئەم شەڕە شەڕی هەموو جیهانەو هەموو جیهان لەبەردەم مەترسی هێزە تیرۆرستیەکانایە بێنە سەر خەت، خۆشبەختانە هێزە هاوپەیمانەکان هەستیان بەم مەترسیە گەورە کرد بەتایبەتی ئەمریکاو وڵاتانی تری ئەوروپاش بەتایبەتی ئەڵمانیاو فەرەنساو هەندێک وڵاتی تر بەجدی تر هاتنە پێشەوەو وەنەتیجەکەی ئەوەبوو کە جارێکی تر هێزی پێشمەرگە خۆی ڕێکخستەوەو لەو شکستەی کە بەسەری هات لەو سنورە بەپشتیوانی هێزە هاوپەیمانەکان جارێکی تر سەنگەرەکان قایمکران وەلەسنوری زومار کارەساتی زۆر گەورەی لێکەوتەوەو تەنانەت یەکێک لەکادرەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەناوی (شەهید شەرەف بادر) شەهید بووە کە لەبارەگاکەی کۆمیتە لەناو زومار هاتبووە

سەرجادەکە نەیزانی بوو کە هێزەکانی تیرۆرستی داعش چونەتە ناوشار خۆیو کوڕەکەیو خێزانەکە بوون وەکەوتبوە ناو هێزەکانی داعش زۆر بەدڕندانە شەهیدیان کردبوو لەبەرچاوی خێزانەکی هاوسەرەکەیان گوللەباران کردبوو وەکوڕەکەیان بردبوو وەهەروەها پەلاماری خێزانەکشیاندا بوو وەئەو زێڕو زیوەی کە لەملو دەستیا ببو لێیان سەندبوو وەژنێکی بەتەمەنیان لای جەنازەکەی مێردەکەی بەجێهێشتبوو بەو پەڕی سوکایەتیو ووشەی ناشرین، ڕۆژانە دەیانو سەدان نمونەی لەو شێوانە دوبارە ئەبونەوە وەکو شەهید شەرەف، قەتڵو عامەکە ئەوەنە بەشێوەیەکی دڕندانە بوو کە لەبیر ناکرێت تەئسیرێکی سلبی لەسەر سایکۆلۆژیای مرۆڤ بەجێ ئەهێڵێت، خۆشبەختانە لەمانگی ١٢ ی ٢٠١٤ وەجارێکی تر لە١٩ ی ١١ هێزی پێشمەرگە وەلەخۆرئاواوە هێزەکانی یەپەژەو یەپەگە دەست کرا بەشەڕی ڕزگارکردنی سنورەکە لەو ماوەیەی کە شەڕکرا سنوری زومار پاککراییەوە وەسنوری ڕەبیعەش پاککرایەوە، لە١٩ ی ١١ هێزەکان بەرەو شەنگال بەدوو قۆڵەوە لەقۆڵی تەسریفو عیازیەوە وەلەقۆڵی گلگامێشەوە بەرەو خەتی حەردان کە ئەوە ناوچەیەکی عەرەبی پڕ مەترسیدار بوو، وەهەروەها لەخەتی ڕەبیعەوە بەرەو سنونێ کە ئەوە جادەیەکی ئەساسی بوو ئەچێت بۆ ئەو ناوچەیە سنوری شەنگال ئەبەستێتەوە بەسنوری دهۆکەوە هەروەها لەخۆرئاواوە هێزەکانی برا کوردەکانمان لەخۆرئاواوە ئەوانیش دەستیان کرد بەپاککردنەوەی سنورەکە هەموومان بۆ پێشەوە شان بەشانی یەک ڕۆیشتین، وەجارێکی کە بەشێک لەسنوری شەنگال ئازادکرایەوە وەچیای شەنگال لەو ئابلۆقەیە ڕزگاری بوو وەهەروەها چەند گەڕەکێکیش لەناو شەنگال ئازادکرانو وەشەڕێکی قورس لەناو شەنگال

کرا وەئەو شەڕە قورسە لە٢٠١٤/١٢/٢٠ هەتا ڕۆژی ئازادکردنی شەنگال بەردەوام بوو کە ئێستاش شەنگال بەتەواوەتی ئازاد نەکراوە ٥ کۆمەڵگەی گەورەو نۆ گوندی گەورە لەژێر دەسەڵاتی هێزەکانی دوژمندان کە ڕۆژانە ئەیانسوتێنن‌و ماڵەکان تێک ئەدەن ئەو ناوچەیە کە گەورەترین کارەساتی مرۆیی تیادا ڕویداوە کە وەکو پێشتر باسمان کرد لەژێر دەسەڵاتی دوژمندایە.

شەڕی قورس لەدەوروپشتی شەنگال ڕویدا بینیمان ئەمجارەیان سەرەڕای ئەوەی کە دوژمن ئامادەکاریەکی زۆری کردبوو بۆ ئەوەی کە بەرگری بکات وەزیاد لە٢٠ جار هێرشی قورسی بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە دەستی پێکرد وەسەدان جار هێرشی بچوکی دەست پێکردبوو شکستی خواردبوو بەڵام تەکتیکی شەڕەکانیان گۆڕی بوو بۆ ئەوەی کە ئەوان ماشێنی بەمینڕێژکراو لەناو ماڵەکان دایان نابوو وەهەروەها ناو کۆڵانەکانیان کردبوو بەمین وەهەروەها سەر ڕێگاکانیان تەنیبوو بەمین وەهەروەها خەڵکی ئینتیحاریان فریوو دابوو کە بێت لەوێ خۆی بتەقێنێتەوە وەبەپانتایی ئەو سنورە چەکو چۆڵی وەکوو قەناس‌و دۆشکەیان خستبووە ژێر بیناکانەوە کە حەفریان لێدابوو شاردبویانەوە لەکاتی شەڕدا بەکاریان ئەهێنا، لەڕۆژگاری یەکەمدا لەبەر دەم ورەی گەلدا خۆیان نەگرت وەهەوو ئەو هێزانەی کە لەوێ بەشداریان ئەکرد هێزی پێشمەرگە هێزەکانی سەر بە٧٠ ی یەکێتی هێزەکانی سەر بەوەزارەتی پێشمەرگە وەهێزەکانی سەر بەزێرەڤانی‌و پارتی دیموکرات کە لەقوڵی حەردان تاوەکوو تەنیشتی شەنگال وەهەروەها لەناو شەنگال هێزەکانی ٧٠و ٨٠ی سەر بەیەکێتی‌و پارتی‌و هێزەکانی گەریلای سەر بەپەکەکە وەهەروەها لەخۆرئاوای شەنگال کەتیبەکانی ٨٠ لەلای ئێمەوە کەتیبەی ٥٧ ملیمو وەهەروەها

کاتۆشاو هەروەها دۆشکەی کەتیبەکانی ٨٢ کە لەکەرکوکەوە هاتبوون کەسەر بەیەکێتی بووون کە ڕۆڵێکی زۆر باشیان هەبوو، لەملاشەوە کەتیبەکانی ٨٠ لەگەڵ پشتیوانی ١ کەسەر بەپارتی بوون، کە حەقیقەت ئەوەبوو ڕۆژی دووەمی ڕزگارکردنی شەنگال ئەو هێزانەی کە لەپێشا چوونە ناوشەنگال بەشێکی زۆر ئەو هێزانە هێزەکانی یەکەکانی سەر بەیەکێتی‌و هێزەکانی سەر بەپەکەکە بوون وەشانبەشانی ئەوان یاخود دوای ئەوان هێزەکانی پارتی چونە ناوەوە ئەمەش ئەشکالی سیاسی دروست کرد چونکە هەر کەسێک لەپێشدا بچوایەتە ناوەوە جگە لەئێمە کە ئالای یەکێتی‌و هیچ ئالایەکمان هەڵنەئەدا ئەمانزانی کە ئەمە مەوزوعێکی سیاسیەو دەمێک بوو قسەمان لەسەر ئەوە بوو کەیسی شەنگال کراوە بەکەیسی حزبی‌و سیاسی لەپێناو مەساڵحی حزبیدا بەکار ئەهێنراو گلەیو ڕەخنەمان لەسەر هەبوو، کە ئێمە بەهەموو جۆرێک دوربووین لەوەی کە ئەو جۆرە کارانە بکەین کە تەعبیری لەحیزبایەتی ئەکرد وەئامانجی ئێمە ڕزگارکردنی شەنگال بوو، وەئێمە ئێستاش هەر ئامانجمان ئەوەیە کە ڕزگار بکرێت‌و ئاوەدان بکرێت‌و خەڵکەکەی بگەڕێتەوەو خۆیان قەرار لەچارەنوسی خۆیان بدەن ئێمە لەجیاتی خەڵکەکە قەرار نەدەین، ناکرێت شەنگال وەکو پێش داگیرکردن تەسەروفی لەگەڵا بکرێت، شەنگال دوای کارەساتی شەنگال شەنگالێکی تر ئەبێت.

خۆشبەختانە ڕۆژی یەکەم لەقوڵی ئێمەوە کە قوڵی سۆلاخا بوو وەمن لەگەڵ چەند هەڤاڵێکی تر لەگەڵ لیوا شەفیق وەهەروەها فەرماندەی لیوای موشتەرەک عەمید عێزەدین هەروەها هەڤالانی مەڵبەندی شەنگال‌و هەڤالانی مەڵبەندی دهۆک بەشداریمان کردوو توانیمان بەتەکتیکێکی زۆر باش سەرکەوتن بەدەست بێنین‌و تەکتیکی شەڕ

بەکاربێنین‌و سەرکەوتن بەدەست بێنین بەبێ ئەوەی ئەو ڕۆژە پێشمەرگە زیانی پێ بگات بۆ ڕۆژی دواتریش بەعەبووە ٣ هەڤاڵ شەهیدبوون دەنا سەرکەوتنێکی بێ زیان بوو لەقۆڵی ئێمەوە کە قۆڵێکی زۆر ستراتیژی بوو بۆ ڕزگارکردنی شەنگال بۆ ڕۆژی دواتر هێزەکانمان داخڵی شەنگال کرد بەڵام شەنگالێکی وێران شەنگالێکی کە سەرتاپا بەعەبووە تێکنرا بوو تەنها دووکەڵ‌و تەپ‌و تۆزی لێ بەرز ئەبوەوە وەشارێک کە بۆ ئاوەدانکردنەوە پێویستیەکی زۆری بەهیمەتی حکومەتی بەغدادو هەرێم‌و وڵاتانی هاوپەیمانی هەیە وەشارێکە پڕ لەکارەساتە وەشارێکە پڕە لەئەنواع کێشەی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی تیادروست بووە، کە دروستکردنەوەی ئەمانە کاری زۆر زۆری ئەوێت، لەوانەیە لەم باسەیا زۆر مەوزوعم بیرچوبێتەوە لەوانە کە لەسنوری زومار کۆمەڵێ شەهیدی زۆرماندا لەناو زومار تەقینەوەیەک بوو کە ٦ بۆ ٧ شەهیدماندا بەشێک لەوانە کادری پێشمەرگەی دێرین بوون، کە لەسنوری زومار نزیکەی ١١ پێشمەرگەمان لێ شەهید بوون ئەویش بەهۆی کەمتەرخەمی چەند هێزێکەوە بوو کە پشتی هێزەکانی ئێمەیان چۆڵکردبوو لەوێوە فرسەتیان هێنا زیانیان پێگەیاندین.

هەروەها لەچیای بەعشیق کادرێکی پێشکەوتوومان بەناوی (هەڤاڵ عەشقی سورچی) شەهید بوو کە جێگری مەڵبەندی دهۆک بوو وەپێشمەرگەیەکی دێرین‌و فەرماندەیەکی ئازا بوو وەلەسەرجەم شەڕەکاندا ئەتوانم بڵێم دەیان پێشمەرگە کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەسنوری موسڵ لەهاتنی داعش تا ئێستا نزیکەی ١٠٠ کادرو فەرماندەو پێشمەرگە شەهید بووە، هەموو ئەمانە لەسەنگەرا شەهید بوون، کە ئاسان نیە ناوی ئەمانە هەمویانم لەبیر بێت‌و ناویان بڵێم بەڵام هەموو ئەمانە بەدیکۆمێنت هەن، ئەمانە کورتەیەک لەچیرۆکی

ڕوداوێکی پڕ کارەسات کە هێشتا کۆتایی پێ نەهاتووە بەڵام ئێستا دوژمن لەشکستەو ڕۆژ بەڕۆژ ئێستا ئاسەواری دوژمنکاری ئەوان لەدوای خۆیان بەجێ ئەمێنێت ئەویش بەتایبەت گۆڕە بەکۆمەڵەکانو ئەو هەمو عەبوەو لوغمەیە کە بەجێیان هێشتوەو ناوچەکەیان وێران کردوە. زۆر سوپاس.

# عەقید ڕەفیق سەعید خزر

من (عەقید ڕەفیق سەعید خزر) فەرماندەی کەتیبەی ئیستتلاعی ٢ هێزەکانی پشتیوانی ٢، بەگشتی شەڕی داعش لەبەرواری ٢٠١٤/٦/١٠ دەستی پێکرد، ئەم شەڕە شەڕێکی داسەپاو بوو بەسەر گەلی کورددا هاتو شەڕێکی زۆر قورس بوو وەبۆ هێزی پێشمەرگە لەگەڵ درندەترین هێزی سەر زەوی جەنگاین کەلەهەموو دونیاوە تیرۆریستان بەشداریان تێدا کردبوو زۆر بێ ڕەحمو بێ بەزەییانە کەوتبونە وێزەی کورد هەر لەکوشتنی ژنو منداڵو پیرو گەنج دەستیان نەدەپاراست لەسەر بڕینو قەتڵو عامکردنی کورد بووە، خۆیان لەشەڕی شەنگال ئەوەی بەسەر کوردی یەزیدیدا هات لەدونیادا وێنەی نەبوو نازانین، ناوی بنێین چی مەگەر ڕۆشنبیران ناوێکی تازەی بۆ بدۆزنەوە.

کورد بەدرێژایی (١١٥٠) هەزارو سەدو پەنجا کیلۆمەتر ئەجەنگا لەگەڵ تیرۆریستانی داعش ئەمەش بۆ ئێمە تەجروبەیەکی زۆر قورس بوو جۆری چەکەکان وەک پێویست نەبون هەرچەکە کۆنە ڕوسیەکان بوون، لەسەرەتادا فڕۆکە پشتیوانیمان نەبوو تەنها پشتیوانی گەلو هێزو بازوی پێشمەرگە ئەجەنگا، لەسەرەتاوە مومارەسەی پێشمەرگە لەو شەڕەدا وەک پێویست نەبوو داعش بەترساندنو تۆقاندنو سەربڕینو کوشتنو جینۆسایدکرن سوپای عێراقی شکست پێهێنا هەر ٤ فڕقەی سەربازیو فڕقەیەکی پۆلیسی فیدڕاڵ بەهەموو کەلوپەلە

سەربازیەکانیەوە کەوتنە دەستی داعش، تەقەمەنیەکی زۆرو توانای ئیداری بەهێزو چەندین شار لەعێراق کەوتە دەستیان سودێکی زۆرو توانایەکی ئیداری بەهێزی بۆ داعش تێدا بوو، ئەمەش بوە هۆی زیانێکی گەورەی سەربازیو مەعنەوی گەیاندە عێراقو تواناو ورەی داعشی بەهێز کرد، دواتر بەزەرەری هێزی پێشمەرگە شکایەوە لەڕوبەڕوبونەوەی داعشدا.

# بیرەوەریەکانی ڕۆژانی شەڕی داعش

**شەڕی لیوای ٤٠ فرقەی ١٢ سوپای عێراق لەگەڵ داعش**

لەبەرواری ٢٠١٤/٦/١٠ ئاگادارکراینەوە بڕۆین هەموو هێزەکەمان ئامادەکرد بۆ کرکوک لەبەرواری ٢٠١٤/٦/١٢ بەرەو کەرکوک بەڕێکەوتین بۆ بەرگری کردن لەو شارە لەدەستی تیرۆریستانی داعش بپارێزین، وەلەبەرواری ٢٠١٤/٦/١٣ ڕۆیشتین بەرەو فرقەی ١٢و لیوای ٤٧ سەر بەفرقەی ١٢ کەرکوک جەیشی عێراقی لەوێ ١٠ دەبابەو ٣ ناقیلەی ئەشخاس جۆری (MTLB) لەگەڵ یەک انقاز مدرع، کەلیوای ٤٧ی سوپای عێراق بوو بەڵام داعش دەستی بەسەر لیواکەش‌و فرقەی ١٢ی کەرکوکدا گرتبوو بەڵام لەبەرەبەیانی ٢٠١٤/٦/١٣ یەکەم شەڕی ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ داعش ئێمە کردمان لەلیوای ٤٧ فرقەی ١٢ توانیمان دوای ٤ سەعات شەڕ ئەو دەبابەیەو ٣ ناقیلەو یەک ئینقاز مودەرع لەدەستی داعش بسێنینەوە، یەکەم ڕوبەڕوبونەوە بوو پێشمەرگە لەگەڵ داعش لەکەرکوک بیکات، زیانی ئێمە بریتی بوو لە٧ پێشمەرگە بریندار بوو شەهیدمان نەبوو وەک هێزی پشتیوانی ٢ ئەو شەرەفەمان پێدرا یەکەم شەڕی داعش بکەین لەکەرکوک (هێزەکەی من) وەک عەقید ڕەفیق سەعید خزر بریتی بوو لە٥٠ پێشمەرگە بەبەشداری عەمید سەلیم‌و عەمید ڕوکن فەرەیدون‌و عەقید سیروان‌و عەقید تەیب‌و موقەدەم ئەحمەد یەکەم (RBG) من تەقاندم لەو شەڕەدا.

## ئەو فەرماندانەی دەورو کاریگەریان هەبوو وەک هێزی پشتیوانی ٢

بریتی بوو لەم فەرماندانە لەشەڕی کەرکوک لەبەرواری ٢٠١٤/٦/١٣ تائەم ساتەوەختە:

١- شەهیدی فەرماندە لیوا حسێن مەنسور.

٢- لیوا ڕوکن مەریوان محەمەد ئەمین فەرماندەی هێزی پشتیوانی ٢.

٣- عەمید ڕوکن ڕێبوار فەرماندەی یەکەی /٩٠٠.

٤- عەمید یاسین فەرماندەی یەکەی /٦١٦.

٥- عەقید ڕەفیق سعید خزر فەرماندەی یەکەی/٣٢٢.

٦- عەقید فەریق محەمەد فەرماندەی یەکەی/٥٤٥.

٧- عەمید سیروان محەمەد فەرماندەی یەکەی /٩٥٥.

## شەڕی سەید خەلەفو تەلوەرد

ئەم شەڕە لەگەڵ داعش کرا هێرش کرا بۆ سەر گوندەکانی سەید خەلەفو تەلوەرد ئەم هێرشە لەلایەن هێزی پشتیوانی ٢و بەرگری فریاکەوتن ئەنجامدرا بەپشتیوانی فڕۆکە، لەقوڵی میحوەری ٥ کەواز کوردو کەواز عەرەب میحوەری ٤ ئەنجام درا، مەنسوریەو چەند گوندێکی تر لەلایەن میحوەری ٥ وەکە کەمال کەرکوکی مەسئولیەتی ئەنجام درا بەڵام سەرکەوتوو نەبوو هەربۆیە کەمال کەرکوکی تەلەفۆنی بۆ شێخ جەعفەر شێخ مستەفا ئەکات داوای هێزی لێ ئەکات چەند برینداریکو شەهید لەگوندی مەنسوریە بەجێمابوون بۆ ڕزگارکردنیان داوا لەشێخ جەعفەر دەکات لەکاتێکدا ئەم هێزانە لەوێ بوون (١) لیوای ٥ی پیادەی وەزارەتی پێشمەرگەو حەمە حاجی

مەحمود سکرتێری سۆسیالستو عەمید سەرحەد قادر لێپرسراوی پۆلیسی قەزاو ناحیەکان کەمال کەرکوکی لێپرسراوی میحوەر هەمویان تێکشکابوون داوای هێز لەشێخ جەعفەر کرا ئەو هێزەش دەستەیەکی کاک شێخ جەعفەر (٢) دوو هەمەرو (٢) دوو میک زەمینی بوو هێزی تر هێزی ٧٠ بوو کەئێمە بوین بەفەرماندەی عەقید ڕەفیق سەعید خزر بریتی بوو لە ٦٥ پێشمەرگە ڕۆیشتین بەرەو خەرابەروت، دواتر بۆ مەنسوڕیە زۆر بەسەرکەوتویی چوینە ناو مەنسوڕیەو ئازادمان کرد، مجمع مەنسوڕیە لەماوەی ٢ کاتژمێردا لەڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ داعش توانیمان بریندارو شەهیدەکان ڕزگار بکەین لەگوندەکە دواتر لیوای ٥ پیادە هاتنە ناو گوندەکەوە بەومان سپارد ئەرکەکەی خۆمان جێبەجێ کردو گەڕاینەوە میحوەری ٤ چونکە میحوەری ٥ هی ئێمە نەبوو.

## شەڕی ئەلبو محمدو تل رابع

ئەم شەڕە بریتی بوو لەدوانزە گوند هێزەکان کرابون بە ٤ قۆڵەوە ئەو هێزانەی بەشداریان کرد بریتی بون لە:

١- هێزی پشتیوانی دوو
٢- لیوای کاک کۆسرەت
٣- دەستەی کاک شێخ جەعفەر.
٤- دەستەی محمدی حاجی محمود.
٥- بەرگری فریاکەوتن.

لەقۆڵی تل رابع هێزی پشتیوانی ٢ هێزێکی کاک کۆسرەت سەعات ٧ بەیانی چوینە ناو گوندەکەوە سەرکەوتوبوین بەخوێنی (م اول / فوئاد) دواتر بەرەو گوندی دۆمیزو چەند گوندێکی تر بەڕێکەوتین لەهەر چوار

قۆڵەوە بەسەرکەوتویی ئەنجامدرا سەرکەوتنێکی گەورە بوو شەهیدو بریندار هەبوو لەهەموو قۆڵەکان زیاتر بەعبوە شەهیدو بریندار هەبوو، بەڵام یەکەم هەندەسە سەر بەهێزی پشتیوانی ٢ دەوری بەرچاوو کاریگەریان هەبوو لەپوچەڵکردنەوەی عبوە چاندراوەکان، کە زیاتر لە ٧٠٠٠ عبوەیان هەڵگرتۆتەوە زیاتر لە ٣٠٠٠ دانەیان تەقاندۆتەوە فەرماندەی هەندەسە (عەقید فەریق محمد).

## شەڕی ئەلبو نجم

ئەم شەڕە بریتی بوو لەچەند دێیەک ئەلبونجمو تل بسلو سماقەی خواروو سماقەی سەروو تامارو دۆمیزو چەند گوندێکی تر بریتی بوو لە١٣ گوند. ئەم شەڕە لەلایەن:

١- هێزی پشتیوانی دوو.

٢- لیوای کاک کۆسرەت.

٣- بەرگری فریاکەوتن.

بەسەرکەوتویی ئەنجامدرا شوێنێکی گرنگ بوو لەسنوری داقوقو دوزخوماتوو ٢٥٠ مەتر مورەبەع پاک کرایەوە لەتیرۆریستانی داعش، هێزی پشتیوانی ٢ دەورو کاریگەری زۆری هەبوو لەم شەڕەدا.

## شەڕی عوزێریەو عەتشانەو مرە

ئەم شەڕە لەلایەن:

١- هێزی پشتیوانی دوو.

٢- دژەتیرۆر.

٣- لیوای کاک کۆسرەت.
ئەم شەڕە ئەم سێ هێزە ئەنجامی دا بەپشتیوانی فڕۆکەی هاوپەیمانانو هێزی ئەسنادی پشتیوانی ٢ لەسەرجەم گوندەکان سەرکەوتوو بوین ئەم گوندانە گیران (عوزێریەو عەتشانەو مرە) کەوا بەمەتبەحی تیرۆریستان دائەنراو پێیان ئەوت حەویجەی دووەم زۆر گرنگ بوو گرتنی ئەم ٤ دێیە.

## شەڕی وەحدە

### شەڕییەکەم جاری (وەحدە):

هێزی پشتیوانی ٢ بۆ گوندی وەحدە دانرا بەفەرماندەیی عەمید سەلیم گوندی خالید بۆ لیوای سلێمانی دانرا حەمە هەژار گوندی سەعد بۆ لیوای ٩ حەمە سیاسی ئامر لیوا بوو- گوندی وەحدە برادەرانی پەکەکە بەشداریان تێداکرد نیوەی گوندی وەحدە گیرا هەڤالانی پەکەکە شەهیدێکیان دا، عەمید سەلیم ئامر فەوجی پیادەی میکانیکی /١ بەسەختی بریندار بوو گوندەکە نەگیرا دواتر ئێمە چوین بەهانایانەوە، عەمید سەلیممان ڕزگار کرد بەبرینداری گوندی سەعد گیرا بەڵام داعش دژە هێرشی ئەنجام دا لەوێش تەرمی ١١ پێشمەرگەی لیوای ٩ بەجێما تائێستاش تەرمەکانیان دیارنین، لەناویان موقەدەم هیوا هەیە، لەچەند هێرشێکدا شکستیان هێنا لەلایەن داعشەوە شەهیدو بریندار زۆر هەبوو.

### شەڕی دووەم جار (وەحدە):

١- هێزی پشتیوانی ٢ بەدەبابەو ناقیلە لەگەڵ دژەتیرۆر بۆ وەحدە دانرا، بەپشتیوانی فڕۆکەی هاوپەیمانان وەحدە لەماوەی کاتژمێرێکدا گیرا.

٢- گوندی خالید بۆ هێزی پشتیوانی ٢ دەبابەو ناقیلەو هێزێکی لیوای کاک کۆسرەت گوندی خالید گیرا.
٣- گوندی سەعدیە هێزی پشتیوانی ٢ لەگەڵ هێزی لیوای کاک کۆسرەت گوندی سەعدیە گیرا لەهەر ٣ گوندەکە شەهیدو بریندار هەبوو کوژراوی داعش لەبەر دەستدا هەبوو زیاتر لە١٧ کوژراو.

## شەڕی گرتنی سەر مەشروعەکە لەلایەن داعشەوە

لەم شەڕەشدا ئەم شوێنانە گیرانەوە جادەی ڕەشادو نەهرەوانو سکە بڕاوەکەو مەکتەب خالیدو تەلوەردو مەلا عەبدوڵاو خبازە سەعات ١٢ شەو پەلاماری نەهرەوان درا لەماوەیەکی کورتدا هەر ٣ مەشروعیان گرت دواتر پردی ڕەشاد گیرا کەلیوای ١ی کەرکوک عەمید شێرکۆ لەوێ بوون سەعات ١ی شەو هێزێکی پشتیوانی ٢ بریتی بوو لەیەک دەبابەو یەک ناقیلە ٥٧ ملم بەڕەشاش لەگەڵ ٦٠ کەسی پێشمەرگەی یەکەی ٣٢٢ بەفەرماندەی عەقید ڕەفیق سەعید خزر ڕۆیشتن بەرەو مەکتەب خالید لەوێ بۆ سکە بڕاوەکە کەچوم گەیشتمە شوێنی خۆم کە سکە بڕاوەکە بوو نزیک بوو لەنەهرەوانەوە توشی شەڕێکی قورس هاتین لەگەڵ داعش بڕیار وابوو شەهید عەمید شێرکۆ لەقۆڵی ڕەشادەوە بەرەو نەهرەوان بێن، ئێمەش لەقۆڵی مەکتەب خالید بەڵام زۆر بەداخەوە عەمید شێرکۆ شەهید بوو بەجارێک وورەی هێزی ڕەشاد ڕوخاو ئەوێش گیرا ئێمەش لەشوێنی خۆمانماینەوە نەمانهێشت داعش ئەوێ بگرێت کەوا ٧٠٠ حەوت سەد مەتر دورە لەنەهرەوانەوە ٨٠٠ مەتر دورە لەمەکتەب خالیدەوە لەسەعات ٦ ی بەرەبەیانی مەکتەب خالید گیراو لەلایەن داعشەوە چەند پێشمەرگەیەک بەدیل گیران، ئێمەش

لەشوێنی خۆمانماینەوە لەهەمان کاتدا کاتژمێر ٦ی بەرەبەیانی تەلوەرد گیراو هێزەکەی تەلوەرد تێکشکا داعش لەوێوە هات بۆ کەمتەب خالید ئەو پێشمەرگانە کەبەدیل گبران لەوبەر مەشروعەکەوە بوون لەمەکتەب خالید، ئێمە تاسەعات ٧ی بەیانی لەوێ ماینەوە لەشوێنی خۆمان بەڵام تەمومژێکی زۆر بەهێز بوو ئەوشەوە داعش سودی لەو تەمومژە وەرگرت تەنانەت بۆ مەودای ٥ مەتر بەردەم خۆتت نەدەبینی لەکاتژمێر ٧:٥ دەقەی بەرەبەیانی ئەمرم وەرگرت سەحب بکەم، تەنها ئێمە مابوین لەسەر مەشروعەکە گەڕانەوە دواوە دواتر داعش هاتو شوێنەکەی ئێمەشی داگیرکرد لەنزیک شرکەلان لەگەڵ هێزی دژەتیرۆرو لیوای پیادەی کەرکوکو هێزی پشتیوانی ٢ کەبەهانای شەڕەکەوە هاتبون یەکمان گرت کاتژمێر بوو بە١٠ی سەرلەبەیانی تەمومژەکە کەمێک کەم بووەوە هێزەکانمان ڕیکخستەوەو بۆ ئەوەی پەلاماری داعش بدەینەوە لەشوێنەکانی خۆمان تائەم کاتژمێرە فڕۆکە بەشداری نەکرد لە١٠/٣٠ فڕۆکە بەشداری کرد ئێمەش وەک هێزی پشتیوانی ٢ بەقیادەی خۆم عەقید ڕەفیق بۆ سکە براوەکە گەڕامەوە دژەتیرۆر پردی ڕەشادی گرتەوە، ئێمەش سکە براوەکە لیوای ١٦و هێزەکەی پشتیوانی ٢ مەکتەب خالید گیرایەوە دواتر بۆ ئێوارە لیوای کاک کۆسرەتو چەندین هێز پەلاماری تەلوەردیان داو گرتیانەوە، ئەو شەوە ماینەوە لەشوێنی خۆمان تابەیانی هێزی لیوای ١ی پیادەی کەرکوک هاتنەوە جێگەی خۆیان خۆمان ئامادەکرد بۆ گرتنەوەی مەلا عەبدوڵاو خبازە کەمیحوەری ٥ بوو کەمال کەرکوکی لەوێ بوو، بەڵام هێزی یەکەمو دوو فەرماندەیی شەهید لیوا حسێن مەنسور لەگەڵ لیوای ١١و لیوای ٥ی پیادەی سەر بەوەزارەت پەلاماری مەلا عەبدوڵا درایەوە سەعات ١١ی بەرەبەیان شوێنەکەمان گرت، بەڵام بەداخەوە بەگەیشتنی

سەر مەشروعەکە گوللەیەک لیوا حسێن مەنسوری پێکاو شەهید بوو، دواتر دژە تیرۆر پەلاماری حبازەی داو بیرە نەوتەکان ڕزگار کرانەوە لەسەرجەم ئەم شەڕانەدا شەهیدو بریندار هەبوو وەلەم شەڕەدا داعش ٦١٥ کوژراوی هەبوو.

## شەڕی تەلوەرد

تەلوەرد دووجار لەلایەن تیرۆریستانی داعش گیراوە جاری یەکەم لیوای ٦ سەر بەوەزارەتی پێشمەرگەی لێ بوو شەو داعش هێرشی کردوو دەستی بەسەردا گرت بریندارو شەهیدێکی زۆر بوو لەلیوای ٦، ئێمەش وەک هێزی پشتیوانی ٢ لە٦ بەرەبەیانی تەلوەردمان قەسف کرد بەهاوەنو مدفعەو کاتیۆشاو ٥٧ ملم تائیێوارە سەعات ٤ هێرشمان بۆ کرد هێزی (عمید شێرکۆ)و لیوای ١ ی کەرکوکو هەڤاڵانی هێزی پەکو پشتیوانی ٢ هێزێکی تایبەتی لیوای کاک کۆسرەت لەماوەی ١ کاتژمێر توانیمان دەستی بەسەردا بگرین زیاتر ٩٥ داعش کوژراو لەو شەڕەدا ١ سەعات دوای گرتنی تەلوەرد فڕۆکەی هاوپەیمانان هاتنو بۆردومانی داعشیان کرد، لەو شەڕەش هێزی پشتیوانی ٢ دەوری کاریگەریان هەبوو.

## شەڕی بەشیر

لەبەرواری ٢٠١٤/٦/١٧ هێزێکمان ئامادەکرد بۆ بەهاناوەچونی لیوای سلێمانی کە حەمە هەژار ئامر لیوا بوو، شەهید عەمید شێرکۆش هێزێکی بەرەو بەشیر هێنا هێزی پشتیوانی بریتی بوو لەیەکەی ٣٢٢ –

فەوجی پیادەی میکانیکی /١ - سێ ناقیلە- کەتیبەی هەندەسە بەرەو بەشیر بەرێ کەوتین کاتژمێر ٨ بەیانی بوو گەیشتینە بەشیر لەوێ شەڕ دەستی پێکرد لەدەستەی یەکەمدا شەهیدێکمان دا بەناوی مەریوان لەکەتیبەی انبوبی /١ دواتر لیوای سلێمانی تێک شکاو هێزەکەمان گەڕاندەوە بۆ سەر مەشروعی ئاوەکەی بەشیرو گوندی بەشیر داعش دەستی بەسەردا گرت خەڵکێکی زۆر لەژنو منداڵو پیرو گەنج کەوتە دەستی داعش لەبەشیر هەمویان قەتلوعام کردو دەستیان کرد بەسەربڕین، ئێمەش لەسەر مەشروعی ئاوەکە بۆ مێژو ئەیسەلمێنم هێزەکەی ئێمە نەبوایە جادەی گشتی کەرکوکو تازە خواری کەرکوک لەدەست ئەچوو هێڵێکی بەرگری بەهێزمان داناو دەوری کاریگەری گەورەمان بینی بەڕێز عەمید سەلیمو عەقید فەریقو خۆم وەک عەقید ڕەفیق هێزەکەم بریتی بوو لە٤٥ پێشمەرگە لەوێ زیاتر لە٣ مانگ ماینەوە شەڕ بەردەوام گەرم بوو لەگەڵ تیرۆریستانی داعش لەو شوێنە ٥ پێشمەرگەی یەکەی ٣٢٢ کەمن فەرماندەی بوم بریندار بوون.

# شەهیدی (قارەمان جەلیل روستایی)

**کورتەیەک لەخەباتو تێکۆشانی شەهید (قارەمان جەلیل روستایی)**

شەهیدی فەرماندە ساڵی ١٩٨٥ چەکی شەرەفی پێشمەرگایەتی ئەکاتە شانو لەحیزبی سۆشیالیستی کوردستان، لەساڵی ١٩٩١ بەشداری ڕاپەڕینو ڕزگارکردنی شارو شارۆچکەکانی کوردستانی کردوە.

لەساڵی ١٩٩٣ پەیوەندی بەهێزەکانی (ی. ن. ک) ەوە دەکات دەبێتە ئەندامی کۆمیتەی ڕیکخستنی چۆمان، ساڵی ١٩٩٤ کراوە بەئەفسەری هەواڵگری فەوجی تایبەتی قەسرێ، لەساڵی ١٩٩٦ خولی یەکەمی ئەفسەرانی کۆلێژی سەربازی قەڵاچوالان سەرکەوتوانە تەواو دەکات.

ساڵی ٢٠٠٣ کرا بەفەرماندەی سریەی سەنگەسەر پۆلیسی بەرگری فریاکەوتن.

ساڵی ٢٠١٣ کراوە بەجێگری فەرماندەی فەوجی ٢ لیوای ٤ی ڕاپەڕین بەرگریو فریاکەوتن، شەهیدی فەرماندە (قارەمان جەلیل ڕوستایی) فەرماندەیەکی ئازاو چاونەترس بوو لەبەرامبەر دوژمنەکانی وڵاتەکەی.

شەهید بەشداری چەندان شەڕی قارەمانانەی کردوە لەشەڕی دژ بەداعش، شەهیدی فەرماندە هەر لەسەرتای سەرهەڵدانی شەڕی دژ بەداعش لەبەرزاییەکانی دەوروبەری جەلەولا لەبەرواری ٢٠١٤/٨/٢٤ کەفەرماندەیی هێزەکەی کردوە توانیویەتی سەرکەوتو بێت لەشەڕەکە گورزێکی باش لەداعش بدات، شەهیدی فەرماندە هەمیشە کەسێکی

سادە بوە وەک هاوڕێ لەگەڵ پێشمەرگەکاندا بووە، شەهیدی فەرماندە هەمیشە خەمخۆری خاکەکەی بوو فەرماندە لەڕۆژی ٢٠١٤/١١/١٠ هێرش دەکەنە سەر شارۆچکەی جەلەولا بۆ لەناوبردنی دوژمن، بەڵام بەداخەوە کاتژمێر ٦:٣٠ خولەک گوللەیەکی کوێری دوژمن فەرماندە ئەپێکێتو شەهید ئەکرێت.

# ڕائید سلێمان حمد حوڵا

من کەناوم سلێمان حمد حوڵایە ناسراوم بەقائیدی حەمەدی مەران فەرماندەی سریەی یەکم لەفەوجی ٣ی لیوای ٧ی پیادەی سەر بەوەزارەتی پێشمەرگە، لەسەرەتای دروستبونی شەڕی داعش ئێمەش وەکو هەموو هێزەکانی تری پێشمەرگە بەرەو سنوری شەڕەکان بەڕێکراین واتە سنوری شاری موسڵ چونکە ئێمە پێشتر لەسنوری قەزای سۆران جێگیر بوین بۆیە سنورەکەی ئێمە دەکەوتە سنوری شەڕگەکانی موسڵ لەگەڕەکی (حەی تەحریری) جێگیر کراین وەبەرواری چونمان ٢٠١٤/٧/٢ بوو، ئەوکاتەی ئێمە چوین بۆ موسڵ بەشێکی زۆری شارەکە کەوتبوە بەردەستی داعش کەگەیشتینە شوێنی دیاریکراو شەڕێکی قورس لەنێوان ئێمەو چەکدارانی داعش دەستی پێکرد، بەڵام بەهۆی سەختی شوێنەکەو بەردەوامی شەڕو پێکدادان بەناچاری دوای نزیکەی مانگێک پاشەکشێمان کرد بۆ چیای بەعشیقە لەوێ سەنگەرمان لێداو بەڵام بەهۆی نزیکی سەنگەرەکانمان لەچەکدارانی داعش وەبەردەوام پەلاماری سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگەیان ئەدا، بەڵام بەهۆی دڵسۆزیو بەورەی پێشمەرگە هەمووجار داعش بەزیانێکی گەورە تێک دەشکاو دەگەرانەوە.

دوای ئەوەی بڕیاردرا لەمانگی ٢٠١٤/٩ هێرشێک بکرێتە سەر گوندەکانی (کەوە، ئیسقۆف)و چیای زەرتک لەئێوارەیەکی مانگی

٢٠١٤/٩ هێزەکانمان کۆکردەوەو کاتژمێر ٥ ی ئێوارە جوڵەمان کردو نزیک بوینەوە لەگوندەکان، کاتژمێر ٤ی سەرلەبەیانی هێرشمان کردە سەر چەکدارانی داعش لەناو ئەو گوندانە دوای شەڕێکی قورس تاکو کاتژمێیر ٣ی سەر لەئێوارە گوندەکان بەتەواوی ئازادکران‌و ئەو داستانەش بەخوێنی چەند شەهیدو بریندارێک تۆمار کرا، بەڵام داعش زیانێکی زۆری پێ کەوت وەزیاتر لە٢٨ لاشەی لێ بەجێمابوو.

دوای ئەوەی بڕیار درا شاری شەنگال ئازاد بکرێ لەبەرواری ٢٠١٤/١٢/١٩ بەشێک لەهێزەکانمان بەڕێکراین بەرەو شەنگال کەوتینە ڕێ بۆ ئەوەی بەشداری بکەین لەئازادکردنی شەنگال کاتژمێر ٨ی سەرلەبەیانی لەبارەگاکانمانەوە بەڕێکەوتین بەرەو شەنگال کاتژمێر نزیکەی ٩ی شەو گەیشتینە شارۆچکەی (ڕەبیعە) کەتازە لەدەست چەکدارانی داعش ڕزگار کرابوو ئەو شەوە لەڕەبیعە جێگیر کراین، سەرلەبەیانی کاتژمێر ٧ لەبەرواری ٢٠١٤/١٢/٢٠ هێرشەکەمان دەستی پێکرد بەرەو چواڕیانی سنونێ لەوێشەوە پێشڕەویەکان بەردەوام بوون چەکدارانی داعش خۆیان نەدەگرت لەبەر هەڵمەتی پێشمەرگە بۆ کاتژمێر ٢ی پاش نیوەڕۆ بەتەواوی شارۆچکەی سنونێ ئازاد کرا ڕێگەی چیای شەنگالیش بەتەواوی کرایەوە، بەکردنەوەی ئەم ڕێگایە خەڵکی سەرچیای شەنگال زۆر دڵخۆش بون شەوی ٢٠١٤/١٢/٢١ لەسەر ڕێگای سنونێ جێگیر کراین بۆ بەیانیەکەی کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ کەدەکاتە ٢٠١٤/١٢/٢٢ ئێمە بەرەو سەر چیای شەنگال بەڕێکەوتین لەوێ لەلایەن ئەو ئاوارانەی سەر چیای شەنگال بەگەرمی پێشوازیمان لێکراو زۆر دڵخۆش بون بەکردنەوەی ڕێگاکانی سەر چیای شەنگال ئەوەبو ئەوکات پێشمەرگەو شەڕڤان‌و گەریلا بەرەو ناو شاری شەنگال بەڕێکەوتین لەلایەک زۆر دڵخۆش بوین کەچەندین میلی ڕێگامان بڕیوە

بۆ ئەوەی بەشداربین لەئازادکردنی شەنگالی زۆڵملێکراو لەدیوەکەی کەشەوە زۆر دڵگران بوین بەبینینی ئەم خەڵکە زوڵم لێکراوە کەهەر یەکێکت ئەدواند لەقسەکانی دنیایەک کارەساتی لێ دەباری.
یەکێک دەیگوت خوشکم لەدەست داعشە یەکێکی تر دەیگوت دایکو براژنم لەدەست داعشن لەولاشەوە یەکێک دەیگوت بابو برام لەدەست داعشن، بەڵام هەموان ئەو بڕوایەیان هەبوو کە کەسوکارەکەیان نەماونو شەهید کراون هەموو ئەو کارەساتانە ئێمەیان گەرمتر ئەکرد لەسەر ڕزگار کردنو وەدەرنانی داعش لەسنوری شەنگال کاتژمێر ٤ی ئێوارە فەرمان کرا بەرەو ناوشاری شەنگال بکەوینە ڕێ هاوڕێ لەگەڵ شەرڤانانو گەریلا بەرەو ناوشاری شەنگال بەپێچەکانی چیای شەنگال ڕۆیشتنە خوارەوە کەنزیکەی ٩٠ پێچ دەبێت خۆرئاوا بوو کات درەنگ بوو هەر کە گەیشتینە دەروازەی شاری شەنگال توشی ڕوبەڕوبونەوەیەکی قورس بوین لەگەڵ چەکدارانی داعش تادەهات شەڕەکە قورستر ئەبوو، ئێمەش دەمانویست داغڵی ناوشار بین ئەوەبوو یەک دوو گەڕەک لەدەروازەی شار کەوتنە دەست هێزی پێشمەرگەو شەڕڤانانو گەریلا، بەڵام داعش هەرچی توانای هەبوو بەکاری دەهێنا بۆ ئەوەی هێرشی هێزە کوردیەکان بوەستێنێت لەکاتژمێر ٧ی ئێوارەی ٢٠١٤/١٢/٢٢ بەهۆی سەختی شەڕەکە بەسەختی بریندار بووم لەگەڵ نەقیب تاهیرو ٤ لەبرا پێشمەرگەکان ئەوکاتەی کەئێمەیان گەڕاندەوە بەرەو نەخۆشخانە زۆر دڵگران بووم لەبەر ئەوەنا کەبریندار بووم لەبەر ئەوەی کەنەمئەتوانی تاکۆتایی بەشداربم لەئازادکردنی شاری شەنگال، بەڵام بەهۆی برینداربونمەوە بۆ ماوەی ٢ مانگ لەنەخۆشخانەوماڵەوە کەوتم، بەڵام هێشتا برینەکانم چاک نەبوبونەوە گەڕامەوە بۆ سەنگەرەکانی پاراستنی نیشتمان لەچیای

بەعشیقە ئەگەرچی هێشتا بەهۆی برینەکانمەوە ئازارم زۆرەو چەندین پارچەی هاوەن لەجەستەمدا هەیە، بەڵام ئازاری نیشتمان زۆر لەمە کاریگەرترە بۆیە تاوەکو قاچەکانم ڕێبگرن‌و دەستەکانیشم تفەنگەکە بگرێت ئامادەم سەنگەرەکەم چۆڵ نەکەم چونکە ئەرکی پاراستنی نیشتمان زۆر پیرۆزە ئەگەرچی گەرمای هاوین‌و سەرمای زستان زۆر کاریگەرە، بەڵام هەرگیز ئەم کاریگەریانە دورمان ناخاتەوە لەسەنگەری پاراستنی نیشتمان.

# عەمید ڕوکن نەجمەدین عومەر قادر

من (عەمید ڕوکن نەجمەدین عومەر قادر) فەرماندەی لیوای سێی پیادە لەگەرمیان سەر بەوەزارەتی پێشمەرگە، سەرەتا حەزەکەم باسێکی شەڕەکانی داعش بکەم لەسەرەتای داگیرکردنی موسڵەوە تاکو ئەگاتە تکریتو شەرگاتو شوێنەکانی تر، ئەوەبوو لەسەرەتا ٢٠١٤/٦/١٠ داعش هاتە ناوچەکانی کوردستان بەتایبەتی ناوچەی کەرکوک لەبەشیر، یەکەم پێکدادانمان ئەوەبوو لەناوچەی بەشیر بوین، ئەم هێزە لەبەر ئەوەی بەس بەتەکبیرو بەئەڵاهوئەکبەڕ شوێنەکانی تریان گرتبوو ویستیان بەهەمان نەهج بێنە پێشەوە بۆ ئەوەی کە بەهەمان شێوە شاری کەرکوکی خۆشەویستیش بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە وەکو چۆن موسڵو کەرکوکیان بەو شێوەیە بەبێ ئەوەی کە مقاوەمەیەک هەبێت لەلایەن جەیشی عێراقیەوە لەلایەن هێزە عەرەبیەکانەوە هیچ مقاوەمەیەک نەبوو، ئەو هێزانە هەمووی بەئاسانی تەسلیم بون، بەڵام یەکەم تێهەڵچوونمان لەگەڵ دەوڵەتی بەناو ئیسلامی داعش لە٢٠١٤/٦/١٣ وە دەستی پێکرد کەویستیان لەدەرگای بەشیرەوە بێنە ناوچەکە ئەوەبوو ڕووبەڕوی هێزەکانی ئێمە بونەوە ئەوکاتە من لەهێزەکانی پشتیوانی دوو سەر بەهێزەکانی ٧٠ بووم یەکەم تێکشکاندنیان لەوێوە دەستی پێکرد، چەند هەمەرێک بوون لەگەڵ چەند ماشێنیەکی تر هاتنە پێشەوەو بۆ ماوەی دوو سەعات مقاوەمەیان

نەکرد لەوێوە بەگوورزی شکاوی خۆیان گەڕانەوە شوێنی خۆیان‌و خەسارەتێکی گەورەیان لێ کەوت، دوای ئەو ڕۆژانە ئیعتیادی مناوەرە هەبوو لەبەینی ئێمەو هێزەکانی داعشدا هەوڵی گەورەیان ئەوەبوو کە بێن سەرەتا کەرکوک داگیر بکەن‌و دوای ئەوە بەرەو شارەکانی هەولێرو سلێمانی بێن، بەڵام لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە زۆر بەباشی بەرپەرچیان درایەوەو نەیانهێشت بێنە پێشەوە، زۆر جار لەگوندەکانی مەلا عەبدوڵاوە لەتەلوەردەوە لەڕەشادەوە لەناوچەی داقوقەوە لەگەڵ ئەو ناوچانەی کەوا ناوچە نەوتیەکانیان پێ ئەوتن ئەیان ویست دەست بگرن بەسەر ئەو بیرە نەوتانەو ئەو شوێنانەی کەوا بتوانن دارایی داعش بەقوەت بکەن بەڵام لەسایەی سەری هێزی پێشمەرگەو خەڵکی بەشەرەفی کوردستانەوە مقاوەمەیەکی زۆر گەورە کراو ڕۆژ بەڕۆژ هێزی پێشمەرگە بەهێز ئەبوو وەباوەڕی بەخۆی زیاتر ئەبو باوەڕی بەوە هێنا کە بەهیچ شێوەیەک خاکی کوردستان ئەو گەلەی کەوا چەندین جار بەدەستی شۆڤێنستەکانی عێراق کیمیاباران کراو ئەنفال کرا ئەمجارەیان هێزی پێشمەرگە پەیمانێکی گەورەی دا بەخاکی کوردستان بەخەڵکی بەشەرەفی کوردستان کە ئەبێت داعش بەسەر لاشەیدا بڕوات، ئەبێت بین بەقەڵغانێک کە داعش بەهیچ شێوەیەک نەتوانن خاکی پیرۆزی کوردستان بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە، ئەو شەڕانە بەردەوام بون ڕۆژانە داعش بەهیزێکی زۆرەوە ئەهات‌و بەرامبەر بەهێزی پێشمەرگە چۆکی دائەداو ئەگەڕایەوە، ئەنواع چەکیان بەکاردێنا چەندین ماشێنی بۆمبڕێژیان بەکاردێنا چەندان جار دەهاتن بەرەو سەنگەرەکان بەڵام هێزی پێشمەرگە زەبرێکی گورچک بڕیان لێ ئەدا، گەورەترین شەڕ کە لەکەرکوکدا ڕویدابێت ئەوەبو داعش ویستی بەتەواوی کەرکوک داگیر بکات لەشەوی ٢٠١٤/١١/٢٣ بەهێزێکی زۆر

گەورەوە لەوەی کەوا ئیستفادە بکات لەتەمومژی ئەو جەوە ناهەموارەی کەوا دروست ببوو هاتوو هێزێکی گەورەی کۆکردەوەو وەکو ئەوەی کە لەزانیاریەکان دەرکەوتووە زیاتر لە١٥٠٠ داعش خۆی ئامادەکردبوو لەگەڵ هێزە بیانیەکان کە بەهیزی تایبەتی داعش ناسرابوون بۆ ئەوەی ئەو ناوچانە داگیر بکەنو بێنە ناو کەرکوکەوە، شەڕ لەسەعات یەکو نیوی شەوەوە دەستی پێکرد تا وەکو گەیشتە نزیکەی ٥ ی بەیانی رەتڵی هەندێک لەسەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگەیان کرد لەتەلوەردو لەناوچەی ڕەشادو لەگەڵ ناوچەی وەحدەو سەعدە هاتنە پێشەوە هەر لەوڕۆژەیا بوو کە فەرماندەی لیوا کاک شێرکۆ شوانی تیا شەهید بوو هەزار ڕەحمەت لەگیانی پاکی، هێزی پێشمەرگە مقاوەمەیەکی گەورەی کرد هەرچەندە داعش بەنیاز بو بێت بەشێک لەکەرکوک یەک دوو گەڕەک لەکەرکوک کە کەوتبوە خواروی کەرکوکەوە گەڕەکی تۆپزاواو یاوچی کە زۆربەی خەڵکەکەی تورکمان نشینو شیعە مەزهەبە ویستیان ئەو ناوچە دروست بکەن ئەوە بو هێزێکی زۆری داعش لەنەهرەوان پەڕیەوە لەناوچەی خاکەکەوە ویستیان موسەلەسێک دروست بکەنو لەوێوە بێنە ناو گەڕەکی یاوچیو لەوێ تەکبیر بکەنو ئەڵاهو ئەکبەڕ بکەن بۆ ئەوەی خەڵکەکە بزانن کە داعش هاتوەتە ئەوێوەو ناوچەکە چۆڵ بکەن بەڵام ئەوەبوو هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەهێزەکانی پشتیوای دوو لەگەڵ لیوای یەکی سلێمانیو لەگەڵ لیوای ١٦ لیوای کاک کۆسرەت لەگەڵ هێزی دژەتیرۆر بەڕاستی دەورێکی گەورەیان هەبوو لەوەی کەوا داعش نەتوانێت لەو سەنگەرانە بێتە پێشەوە شەرێکی دەستەو یەخەیان لەگەڵ کردن شەڕەکە زیاتر لەماوە ٤ بۆ ٥ سەعات بەردەوام بوو لەسەعات ٥ی بەیانیەوە هێرش دەستی پێکرد ئەوەبوو داعش خەسارەتێکی زۆر

گەورەی دا بەدەیان کەلاکی لەسەنگەرەکانا بەجێهێشت ئەو شکانەی کەوا داعش لەو شەڕەیا بەریکەوت زۆر گورچک بڕ بوو ئەوەبوو دوای ئەوە بۆ ماوەی ٢٤ سەعات هەموو ئەو شوێنانە گیرانەوە بگرە بەزیاتریشەوە کە داعش داگیری کردبون، زیاتر لە٣٠٠ بۆ ٤٠٠ کەلاکی داعشەکان لەبەردەستماندابون لەڕەشادەوە کە تێئەپەرێت بەرەو نەهرەوانو مەکتەب خالیدو تەلوەردو لەوێوە بۆ مەلا عەبدوڵاو شوێنەکانی تر، دوای ئەوە ئەو شوێنانەی کەوا لەلایەن داعشەوە گیرابون کەوتنەوە دەستی خۆمان زانیمان کە زەبرێکی کوشندە لەداعش کەوتوە، دوای ئەوە چەند شەڕێکی تریش ڕویدا بەوەی کەوا جارێکی تر تەلوەردی کۆنو مەکتەب خالیدو شوێنەکانی تر کەوا داگیرکران ناوچەیەکی زۆر فراوانی تیابوو سەید خەلەفو هومەیراو وەحدەو سەعدیەو خالیدو بەرەو شوێنەکانی زەرگە، دوای ئەوە هێزەکانی داعش لەشکانا بوو هەتا ئێستاش داعش هەموو کاتێک ڕوی لەشکانە، دوای ئەوە ئیعتیادی من کە فەرماندەی کەتیبەی دەبابات بوم لەلیوای ١١١ی هێزەکانی پشتیوانی دوو سەر بەهێزەکانی ٧٠، ئەوەبوو بەبڕیارێک لەلایەن وەزارەتی پێشمەرگەوە لە٤/١ وەمن گواسترامەوە بۆ جەلەولا بوم بەفەرماندەی لیوای سێی گەرمیان لەخانەقینو جەلەولا، ئێستا ئەو ناوچەیە شەڕی ڕووبەڕوی تیانەماوە بەڵام زۆربەی لەعەرەبە شۆڤێنیەکانو لەهەندێک لەو ڕەگەزە عەرەبانەی کەوا هاتون خاکی کوردیان داگیر کردوە لەو شوێنەدا ماون کە کاتی خۆی بەتەعریب هاتونەتە ئەو ناوچەیەو ئێستا ناتوانن خۆیان لەبەردەم هێزی پێشمەرگەیا ڕابگرنو گواستویانەتەوە ئەوانە کۆنە قینیان هەر هەیە بۆ کورد، ئەتوانن تۆڵە لەکورد بکەنەوە بەدانانی عەبوەو یاخود بەوە کە بێن ناو بەناو تەقەیەک بکەنو بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان، لەوکاتەوە کە

ئێمە لەوێین داعش وجودی نەماوەو زیاتر لە٣٠ کیلۆمەتر لەئێمەوە دورە بەڵام جارجار بەماتۆڕ دێن عەبوە دا ئەنێن بۆ خەڵکی سڤیل یاخود بۆ خەڵکی بێ چەک خەڵکی مەدەنی پێوە ئەبێت.
بیرەوەری من ئەوەبوو لەگرتنەوەی تەلوەردا من ئەو کاتە فەرماندەی کەتیبەی تانک بووم شەڕەکە زۆر قایم بوو لەسەر گردی تەلوەرد داعش بەرەو ڕوی خۆمان دەهات هەر چەند سەد مەترێک لیمانەوە دور بوو هەموویان دیار بوون لیمانەوە ئێمە تەقەمان لەوان دەکردو ئەوان تەقەیان لەئێمە دەکرد تەلوەرد گیرابوو ئێمە بەرامبەر جسری تەلوەرد وەستابووین مقاوەمەیەکی باشمان دەکرد ئەو کاتە کاک وەستا رەسوڵ لەوێ بوو کاک ئاسۆ مامەند بوو ئەوانە هەمووی شاهید حاڵ بوون کە هەمەرێکیان هێنا تەقاندیانەوە لەسەر پردی تەلوەرد ئێمە لەمبەر پردەکە بوین کە هەمەرەکە تەقیەوە هەرچی ئاسنو ئاگرو تەپوتۆزی هەمەرەکە بوو کێشرا بەسەری ئێمەدا، لەدوای ئەوە هەمەرێکی تریشیان نارد ئەویش هەر تەقیەوە لەدوای تەقینەوەی هەمەرەکە بۆری غازەکە تەقیەوە بەڕاستی ئەو بۆری غازە وایلێهات کە گڕێکی زۆر گەورە زیاتر لە٢٥ مەتر بەرزایی بوو، چەند ماشێنیەکی ئێمە سوتاو ئێمەش زەرەرمان پێگەیشت بەڕاستی هەتا وەستا رەسوڵ لەو شەڕەیا سەری سوتا کاک عەلی سەری سوتا بەڕاستی ئاگرەکە زۆر بەقوەت بوو خەمی ئەوەم بوو دەبابەکەش بسوتێت، ئەوەبوو لەو کاتەیا کە غازەکە سوتا بەشێک لەداعشەکان نزیک بوون ئەوانیش سوتان بەڵام خۆشبەختانە هێزی پێشمەرگەی ئێمە بێ زیان بوون زیانی مادی هەبوو چەند ماشێنیەک سوتا بەهۆی ئەو ئاگرەوە دوای ئەوە بوە لەمپەڕێک داعش نەیتوانی بپەڕێتەوە ئێمە لەو شەڕەدا زیاتر لە٣٠ داعشمان کوشت، من ئەوکاتە کە چومە جەلەولا بەراستی ئەو شەڕە نەمابوو کە

شایەنی باس کردن بێت بەڵام چەندین ئۆپەراسیۆنمان ئەنجامداو بەدوای داعش کەوتوین لەم سێ چوار ڕۆژەی پێشودا بوو هاتن من ئاگادار کرامەوە گوتیان مەجموعەیەک داعش کە ژمارەیان ٨ داعشە بەچوار ماتۆڕ هاتون شوانێکیان بردووە منیش لەراستیا نزیک بووم لەوێوە لەگەڵ سێ چوار مەفرەزەیا دەرچوین دوایان کەوتین ئەوە بوو مەفرەزەیەکمان کەوتە شەڕی داعشەوە بۆ ماوەی ٢٠ دەقەیەک مقاوەمە بوو بەڵام تائێمە چوینە ئەوێ داعشەکانیان شکاندبوو وەشوانەکەشیان بردبوو.

داعش تەنها هەدەفی ئینسانەکان نیە دەیانەوێت کلتوری ڕۆژهەڵاتیش بگۆرن ئەیانەوێ کلتوری کوردیش بگۆڕن‌و مۆرکی کوردایەتی دەربێنن‌و بیانگێرنەوە بۆ چاخە بەردینەکان ئەمانە دژی بەشەریەتن، ئەمانە تەنها دژی شوانێک نین دژی هەموو زیندەوەرێکن کە لەسەر زەوین، لەزۆربەی شەڕەکانا من خۆم بەدەستی خۆم کە لەشەڕەکانی مەکتەب خالیدو تەلوەردو ئەوانەیا بەشدار بووم جەنازەی ١٥٠ کەسم زیاتر لەبەردەستا بوو تا گەیشتومە مەلا عەبدوڵا، زۆربەی ئەو هێزانەی کە بەشداریان کرد لەگرتنی تەلوەردا زیاتر چیچانی بوون‌و هێزی تایبەتی داعش بون‌و هەموو قردێلی سوریان لەمل بوو هێزێکی زۆر لێهاتو بوون، دوو جۆر داعش هەبوون داعشی بیانی هەبوون لەگەڵ داعشی خۆماڵی، داعشی خۆماڵیەکان ئەو عەرەبە سوننانە بون کە لەناوچەی جەلەولاو لەو ناوچانەی کەوا داعش سەیتەرەی کردبوو بەسەریانا، داعشە بیانیەکانیش ئەڵمانی تیابوو چیچانی تیابوو بەریتانی تیابوو ئەمریکی تیابوو کەنەدی تیابوو روسی تیابوو پۆڵەندی تیابوو هەموو شوێنەکانی تیابوو بەڵام هێزە تایبەتەکان چالاکانە شەڕیان دەکرد زۆر بێڕەحمانە ئەهاتن ڕوبەڕوی پێشمەرگە ئەبونەوە بۆ ماوەی

نسیم قادر پور

٦ مانگ لەرەقە تەمرینیان لەسەر هەموو جۆرە چەکێک کردبوو، بەمانای کەلیمە شەڕکەر بوون، بەڵام نەیانتوانی بەرامبەر هێزی پێشمەرگە سەرکەوتوبن، شەوانە زۆربەی شەو کە تەلەفونیان بۆ کردووم وتویانە داعش نیازی شتێکی وای هەیە واتا ئێمە لەسەعات ٨ی شەوەوە کەمینمان بۆ داناون تا بەیانی تەقەی دوربەدور ئەبوو بەڵام ئەوە نەبوو کە بێنە پێشەوە لەبەر ئەوەی لەو ناوچەیەی ئێمە زیاتر لە٣٠ کیلۆ مەتر دورخرابوونەوە، شوێنی حەوانەوەیان نەمابو نەیاندەتوانی نزیکی ئێمە ببنەوە، ئێستە جەلەولا زۆر باشە لەژێر دەستی هێزی پێشمەرگەدایە نیازمان هەیە لەم چەند ڕۆژەی داهاتودا هەموو ئاوارەکان بگێڕینەوە بۆ شوێنی خۆیان، عەبوەی لێیە بەڵام ئێمە بەو شوێنانەیا نارۆین تیمی هەندەسەشمان هەیە جارجار ئەوشوێنانەی کە بێتە بەردەستمان پاکی ئەکەینەوە.. . سوپاس.

# مقەدەم مەحمود عەبدولڕەحمان

من (ناوم مقەدەم مەحمود عەبدولڕەحمانە) ناسراوم بەمەحمود جاف لەلیوای ١٢ ی پیادە فەوجی سێی وەزارەتی پێشمەرگە دەوام ئەکەم، ئێمە لەسەرەتای مانگی ١٢ی پارەوە ساڵی ٢٠١٤ یەکەم تەقەتوکە بۆ شەنگال کرا بۆ خۆمان وەکو لیواکەمان بەشداربوین، سەرەتا لەرەبیعەوە دەستمان پێکرد دیارە هێشتا ڕەبیعە ئازاد نەکرابوو ئێمە کە چوینە ڕەبیعە پێشڕەویمان کرد بەرەو سنوم، ڕۆژەکەی بۆ ئێوارە نزیک سی بۆ چوار داخڵی سنوم بوین، دیار بوو چیاکە هەر بەدەست گەریلاو هێزی شەنگالەوە بوو واتا ئەو ئاوارەو ئەو ماڵانەی کە لەشەنگال بوون ئەوکات، ئێمە بۆ شەو سەرکەوتین بۆ سەر چیاکە هەر هەمان شەو ١٢/١٧ هەمان شەو داخڵی شەنگال بوین، ڕوبەڕو بونەوەیەکی زۆر هەبوو لەگەڵ داعش ئێمە ئەو شەوە هێزەکەی ئێمە لەخەلفیماینەوە، بۆ ڕۆژی دوایی زیاتر پێشڕەویمان کرد ڕۆژی ١٢/١٨ بوو کە توشی ڕوبەڕوبونەوەیەکی قورس بوین شەڕی کۆڵان بەکۆڵانی هەم گەریلاو هەم پێشمەرگە بوو، دیارە لەو کاتەوە ئێمە تا ڕۆژی ٢٠١٥/١١/١١ ئێمە لەوێ ماینەوە لەماوەی ئەو ساڵەیا زیاتر لە١٠٠ شەهیدمان داوە وەکو پێشمەرگە جگە لەهەڤاڵان هەڤاڵانیش ٣٠ شەهیدێکیان داوە زیاتر ٢٠٠ بۆ ٣٠٠ بریندارمان داوە لەماوەی ئەو ساڵەیا کە ئێمە لەو نوقتانەیا کە تیایدا دامەزراوین، لەڕاستیدا هەموو شوێنێکی ستراتیژی بوون لەبەر

ئەوە نوقتەکان ببونە موسەدەفی ئەوان ڕۆژانە بەهاوانو بەدۆشکە زۆربەی شەوان پەلاماریان ئەدایین بەڵام تێکمان دەشکاندن، تائەو ڕۆژەی کە پێشڕەویمان کرد ڕۆژی ١٠ی مانگ لەڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاواوە بەهێزێکی زۆرەوە پێشڕەویەکی باش کرا وەئێمە ڕۆژی دوەمی پرۆسەکە لەلای خۆمانەوە ئەو شوێنانەی کەواجبمان لێ ئەگرت بەتایبەت ئێمە لەلای قەلعەی سمایل بەگەوە داغڵ بوین لەشارعی ڕەیسیەوە تا گەیشتینە کۆتایی سایلۆکە هەمووی بۆ ئێمە دانرا بوو ئێمە تەقەدوممان تیا ئەکرد هێزێکی هاوبەش بوین لەگەڵ جەماعەتی یەزیدی لیوای ١١١ سەر بەهێزەکانی ٧٠ هێزەکانی بەرخۆدانی شەنگالیش کۆنترۆڵ کرایەوە بەبی تەقە هیچ زیانێکمان نەبوو ئێمە بەهەموو هێزەکانەوە ئەوەی کە ئێمە ئاگادر بین لەخوا بەزیابێت هیچ شەهیدو بریندارێک نەبوو، وەئێستاش هەر لەوێ بەردەوامین لەرۆژهەڵاتی شەنگالین لەگوندەکانی حەیدەر خودێدەو گرد جامیعو نزیک دو کۆمەڵگایە کۆمەڵگەی تل بەناتو تل قساب، لەلای ڕۆژئاوایەوە گوندەکانی قابسیەو کۆچۆیەو ئەوانەیە، من یەکێک لەناخۆشترین کاتم ١١/٧ لەنوقتەیەک بوین هاوەنێک هات کە لەناو سەنگەرەکانی ئێمەیدا هاوەنەکە لەپێشەمەرگەیەک درا دوو شەهیدو سێ بریندارماندا بەلامەوە ئەوە ناخۆشترین ڕۆژە لەو ماوەیەی کە من لەشەنگال بووم وە ٢٠١٥/٦/٥ دوو شەهیدی ترماندا شەهید سەردارو شەهید ئەمین، بەداخەوە شەهید سەردار بریندار بوو هەتا بەپێی خۆی سواری ماشێن بوو ئەمین لەوێ شەهید بوو بەڵام شەهید سەردار بەهۆی نەگەیاندنی بۆ نەخۆشخانە تا ٧ بۆ ٨ سەعات گەیەندرایە دهۆک بەهۆی نەزیفی خوێنەوە شەهید بوو، دیارە لەوێوە بەماشێن دورە دەبوایە تەیارە بهاتایە سەر چیای شەنگا من بۆ خۆم پێشنیارم کرد بۆ رەیس ئەرکان

دیارە رەزامەندیش وەرگیرا کە تەیارە بۆ کاتی برینداری بێتە سەر چیای شەنگال بەڵام بەداخەوە تا ئێستاش ئەوە نەچۆتە بواری جێبەجێ کردنەوە تەنها تەیارە دێتە لای فیشخاپور لەوێشەوە بۆ دهۆک سێ دەقە ڕێیە بۆ تەیارە، ئێمە هیچ تیمێکی پزیشکیمان نیە تیمێکی پزیشکی لەسەر چیای شەنگال هەیە ئەویش هیچ فریاگوزاریەکی واناکات کە بریندارەکان باش ببن هەرەمەکی لەفافێکی لێ ئەبەستن ئەویش وەکو پێویست نیە.

دیارە کاتی ئاوارەبونی شەنگال من ئەوکاتە لەوێ نەبوم ئێستاش خەڵکیان هەیە لەسەر چیاکە هەمویان لەچادری داخراوان چادریان پێیە ژیانی خێوەتگەش بۆ خۆمان ئاوارەیمان بینیوە تۆ دو زستان بتوانیت لەخێوەتێکا ئیدارە بکەیت بەحەقەت ژیانێکی ئەستەمو ناخۆشە تۆ خوێندنەگەت نەبێ بنکەی تەندروستیت نەبێ پرۆژەی کارەبات نەبێ پرۆژەی ئاوت نەبێ ئەوا ژیانو گوزەران زۆر ناخۆش ئەبێت، بەراستی شەنگال لە٪٤٠ زیاتری وێرانکراوە، سنوم کە لەپار مانگی ١١وە ئازادکراوە هەتا ئێستا ژیانی بۆ نەگەڕاوەتەوەو هیچ خەدەماتێکی بۆ نەکراوەتەوە تا خەڵک بگەڕێتەوە بۆ ئەوێ، کە خەڵک بگەڕێتەوەو خەدەماتی نەبێت ناتوانێ بگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنانەی کەوێران کراون کابرا نەخانوی ماوە نەهیچ خەدەماتێکی ماوە ئاوی نیە کارەبای نیە جادەکانی وێران بوە ئاوەڕۆی نیە، دامودەزگای حکومی لێنیە، بەڵام ئەگەر ئاوەدانیو خەدەمات بگەڕێتەوە ئەو شارە ژیانیش دەگەڕێتەوە چونکە ژیان بەخەدەماتەوەیە گەر خەدەمات نەبێت ژیانیش نیە، شەنگال لە٪٣٠ یەزیدیەو لە٪٧٠ موسڵمانو دیانەتەکانی ترە شاری شەنگال نزیکەی ئەگاتە ٢٥٠ هەزار کەس بەڵام گوندەکانی دەورو بەری زۆرن.

ئەو ڕۆژەی کە ئێمە شەنگالمان گرتەوە سێ گەنجی یەزیدی چوبنە گوندەکان دو خوشکیان هێنابونەوە بەڵام وەزعیان زۆر خراپ بوون ئیتر دیار بوو عەرەبێک کڕیبونیەوە شەو هێنایاننەوە لەنوقتەکان نزیک بونەوە ئێمە نەمانزانی کە ئەوانە چون ئەوان لەڕێی تەلەفونەوە چوبونە ئەوێ چوبونە گوندی قابوسیە هێنابونیانەوە، گوندێک هەیە گوندی قابوسیە ئێمە شەوی ١٤ لەسەر ١٥ خەبەرێکمان بۆ هات من بۆ خۆم تەلەفونێکم بۆ هات لەگوندی قابوسیەوە خەڵکەکەی داعش دەریکردوە شەو لەبەینی ئێمەو داعشدا مانەوە چونکە خەڵکێک لەوێوە بێت نازانیت ماشێنکەی بۆمبڕێژکروە یاخود داعش بەتاکتیک ئەوەی نەکردوە ئێمە ڕێگەمان نەدان، داعش تەقەی لێیان کردو ئێمەش تەقەمان لێ کردن دوو کوژراو سێ برینداریان هەبوو ئیتر بۆ رۆژی دوای مەعلومات زانراو رەوانەی هەرێم کران، خەڵکی قابوسیە تەنها کوردی موسڵمانن هەتا ئێستا لەناو داعشدا بوون بەڵام ئێستا داعش دەریکردوون ئەوانە وەزعیان زۆر خراپ بوو، تەعدایەکی زۆریان لێکرابوو هەموو توشی نەخۆشی دەرونی ببون لەحاڵێکی زۆر نالەباردا دەژیان، ئێمە شەوێکیان لەگەرەکی حەی فاروق لەگەرەکی باریۆش لەقەلعەی سمایل بەگ هێرشێکی قورسیان بۆ کردین دیار بوو ئێمە هەردەم لەئامادەباشیدا بووین، ئێمە چاوەڕێی ئەوەبوین چونکە ترسی ئەوەمان نەبوو هێزێک بێت هێرش بکات بەڵام ترسی ئینتیحاریمان هەبوو ئەوانەی کە پشتێنەیان ئەبەست ئامادەباشی ئێمە لەبەر ئەوانە بوو چونکە کەسێک بێتە ناو هێزەکەوەو خۆی بتەقێنێتەوە خەسارەتت لێ ئەخات، ئێمە کە هێرشیان بۆ کردین نزیک ببونەوە لەسەنگەرەکانمان بۆ ٤٠ مەتر بەڵام هێرشەکەیانمان تێکشکاند، شەڕەکە ماوەی ٢ سەعاتی خایاند بەپێی زانیاریەکان خەسارەتێکی باشیان هەبوە بەڵام ئێمە بێ زیان بوین.

بەلای منەوە لەوکاتەوەی کە لەشەنگال بوین لەهەموو شەڕەکان قورستر بوو.

ئێمە پار لە ٩/٧ هێرشێکمان کرد بۆ چیای زەرتەگ لەناوچەی بەعشیقەو بەرتلە لیوای ١٢ی پیادەو لیوای ٧ پیادە سەر بەوەزارەتی پێشمەرگە لەهێرشەکەیا کە ئێمە چوین بۆ گوندی نسخۆفو کانی کەوان ٢٥ کەسی تیا بوو لەو ٢٥ کەسە ١٨یان لەشوێنێکا کوژران هەموی کەوتە دەستمان دوو دیل کەوتە دەستمان ٤ی تریشیان لەناو گوندەکە کوژران بەڵام دانەیەکیان رایکرد هەرچەندە تەقەی لێکرا بەرنەکەوت بەڵام دوو دیلمان گرت، زۆربەیان عێراقی بوون سعودیان تیابوو.

٢٠١٤/٨/٤ بوو لەتەحرير بوين لەگەرەکی حەی سەدام بوین شەوێکیان هێرشیان بۆ کردین لەسەعات ١١ وەدەستیان بەتەکبیرو ئەڵاهو ئەکبەر کرد ئێمە لەئامادە باشیدا بوین زیاتر لە٥٠٠ کەس ئەبون ئەوانەی کە تەکبیرو ئەڵاهو ئەکبەریان ئەکرد لەدوری ٢٠٠ مەترەوە کە هێرشیان بۆ کردین هێرشەکەمان تێکشاکاند زۆر بەباشی وەڵاممان دانەوەو نەیانتوانی بێنە پێشەوەو خەسارەتێکی باشیان لێکەوت، بەپێی زانیاریەکان ٤٠ کوژراویان هەبوو سەعات ٢و نیوی شەو گوتیان ئینسیحابە، ئەوە بەلای منەوە زۆر ناخۆش بوو ئەو شەوە چونکە لەسەرکەوتنێکی گەورەوە بۆ شکان بەبێ تەقە ئینسیحاب بکەیت، ئێمە هاتین لەسێ بەردان خۆمان گرتەوە ئیتر شەو سەرکەوتینەوە بۆ چیای بەعشیقە دیار بوو لەلای قۆڵی شەلالاتەوە کە هەر لەناوچەی موسڵە لەوێ هێرش کرابوو شوێنەکی خۆیان لەدەست دابوو کە ئەو شوێنەیان لەدەست دابوو تەبعەن جەبهەکە وەکو پشتێنەیەک وایە، لەهەر قۆڵێکەوە

که شکست بێ ئەوەی تەنیشتت پشتی لێ ئەگیرێ ئەوەش هۆکارەکەی بوو که ئێمه شکاین هۆکاری تریش هەیه که ناکرێت بوترێت.
خەڵکی شەنگال زۆر باشن بەدەنگمانەوە دێن هێزێکی زۆریشیان هەیه ئێستا لەناو یەپەژەیا که ڕێکخراون لەناو پەکەکەیا زیاتر لەشەش بۆ حەوت هەزار نەفەر ئەبن.

# جبرائیل مکائیل ڕەشید هەرکی

من (جبرائیل مکائیل ڕەشید هەرکی) لیوای ١١ باشوری کەرکوک مەفرەقی حەویجە. لەساڵی ٢٠١٢ لەگەڵ پێشمەرگەیەک یەکترمان ناسی بەناوی گۆڤەند، کاک گۆڤەند کەسێکی قسەخۆش‌و چاونەترس بوو لەئەرکی ڕۆژانەماندا هەر بەیەکەوە بوین لەتەواوی شەڕی دژ بەداعش هاوسەنگەرم بوو، لەبەهاری ٢٠١٥ لەمانگی ئایاردا چوینە دەوام ٣ شەو بەیەکەوە بوین تەواوی شەو لەگەڵم دادەنیشت تاکو بەیانی نەکا چەتەکانی داعش هێرشمان بۆ بێنن، شەوی چوارەم زانیم سێ شەوە نەخەوتوەو نیشانەی ماندووبونی پێوە دیار بوو پێم وت کاک گۆڤەند تۆ ئەمشەو بخەوە من بەتەنها دادەنیشم شەوێکی تر تۆ دادەنیشی من دەخەوم، سەرەتا ڕازی نەبوو بەڵام زۆرم لێکرد رازی بوو پاش نوێژی بەیانی منیش کەمێک خەوتم دەوری ٩ی بەیانی ٢٠١٥/٥/٤ بانگی کردم گوتی هەستە با بەیەکەوە نان بخۆین وتم نا دەخەوم دواتر نان دەخۆم گوتی نابێت نیوەڕۆ خواردنی باشمان هەیە با برسیمان بێت نەمتوانی دڵی بشکێنم بەیەکەوە نانی بەیانیمان خوارد، بڕیار بوو پاش نیوەڕۆ بەیەکەوە بچینە کەرکوک بەڵام قەدەر نەیهێشت سەعات ١١ی پێشنیوەڕۆ داعش هاوەن بارانی کردین من‌و کاک گۆڤەندو نەقیب سامی بەیەکەوە وەستابوین بەدوربین سەیری ئەو شوێنەمان دەکرد کە هاوەنەکانی لێوە دەهات لەناکاو لەبەردەمی هەرسێکمان گوللە هاوەنێک

بەر ساتر کەوت منی فرێدا کاتێک هۆش خۆم هاتمەوە بینیم کاک گۆڤەندو کاک سامی کەوتبونە سەر زەوی‌و لەولا تر کاک لەزگین‌و کاک فەرهەنگ‌و کاک سەربەست‌و کاک شاخەوان‌و کاک شکارو کاک وەلید کەوتبون ئیتر هەستامەوە خوێنم لیَ دەچۆڕا، منیش لە ٨ شوێنەوە بریندار ببوم لەگەڵ پێشمەرگەیەک لاشەی گۆڤەندمان هەڵگرت هێنامانە خوارەوە ئیتر ماشێنمان بۆهات هەموویانمان گەیاندە نەخۆشخانە لەکەرکوک دکتۆرەکان خەریکی بریندارەکان بوون کاک گۆڤەندو کاک سامی برانە هۆڵی نەشتەرگەری کاتێک پێشمەرگەیەک هات لەشێوەی دەموچاویدا دیار بوو کە هەواڵێکی ناخۆشی پێبوو وتم ها کاک کاروخ گۆڤەند لەعەمەلیات دەرچوو گوتی بەداخەوە شەهید بووە لەدەستدانی ئازیزان بەئازارە لەهەمان کاتدا هەواڵی شەهیدبونی نەقیب سامیان پێدام بەعەرەبانە بەرەو ئەو شوێنە ڕۆیشتم کە تەرمی شەهید گۆڤەندی لێبوو تاکو ماڵئاوایی لێبکەم کە تەرمی براو هەڤاڵ‌و هاوسەنگەرم بینی لەچرکەیەکدا هەزاران بیرەوەری‌و قسەی خۆشی شەهید گۆڤەندم لەهزرمدا نمایش دەکران ماچکردنێک‌و ماڵئاوایی لەشەهید گۆڤەند بوەتە بەشێک لەبیری ڕۆژانەم.

# م. عەلی پەرلەمان

## شەڕی داعش لەگەرمەسێر

دوای رووخانی رژێمی سەدام، زەمینەیەک سازبوو گرووپە تیرۆریستییەکان لەعێراقدا بەفراوانی دەربکەون، گەرچی لەپێشتردا رێکخراوی تیرۆریستی وەکو ئەنسارولئیسلامو جوندولئیسلامو تەوحید.. هتد، لەکوردستاندا هەبوو کە لەڕیزەکانیاندا تیرۆریستانی عەرەب هەبوون کە کاریگەرێتی تەواویان لەسەر کاروبارەکانی رێکخراوە تیرۆریستییە کوردییەکان هەبوو.

لەعێراقدا رێکخراوی تیرۆریستی جۆراوجۆر پەیدابوون لەهەموویان دیارتر رێکخراوی قاعیدە بوو کە زۆر لەرێکخراوە بچووکەکانی کەوتە ژێر رکێفەوە، قاعیدە لەلایەن ئەمریکییەکانەوە ڕاوەدوودەنرانو خەڵکێکی زۆریان کوژراو زۆریشیان دەستگیردەکرانو بەمادەی ٤ی تیرۆر سزا دەدران.

گۆڕانکارییەکانی ناو سوریا رێگەی خۆشکرد کە رێکخراوێکی نوێی تیرۆریستی پەیدابێ بەناوی نوسرەو دواتر لەم رێکخراوێکی تر بەناوی دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراقو شام ناسراو بەداعش جیابوەوەو زۆر بەپەلە تەشەنەی سەندو ڕووبەری چالاکییەکانیان گەیشتە عێراقو هەڕەشەشیان لەهەموو جیهان دەکرد.

زۆربەی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان بەتایبەتی بەعسییەکان چوونە ناو داعشەوە کە مەبەستی یەکەمی داعش لەڕووی ئایینزاوە دژایەتیکردنی شیعە مەزهەبەکان بوو، لەڕووی نەتەوایەتیشەوە دژی کورد بوون.

یەکەم هەنگاوی داعش لەڕووی سەربازییەوە تەقاندنەوەی بارەگای کۆمیتەی ڕێکخستنی جەلەولای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو لەرۆژی ٢٠١٤/٦/٨دا کە تەقینەوە پێشتر لەلایەن قاعیدەو ڕێکخراوەکانی تریشەوە لەناو قەرەباغی خەڵکی سڤیلو دامودەزگا حیزبیو حکومییەکان دەکرا..

دوای چەند رۆژێک شارۆچکەی سەعدییەو سەربازگەی کۆبراش کەوتنە دەستی داعش. دواتریش هەموو دۆڵی حەمرین کەوتە ژێر رکێفی داعشەوە کە هەڕەشەیان لەسەر شارەبانو قەرەتەپە هەبوو، بەڵام نەیانتوانی ئەم دوو شوێنە بگرن، قەرەتەپە بەدەست پێشمەرگەوە بوو، شارەبانیش بەدەست عێراقەوە بوو.

دوای ئەم ڕووداوە داعش پەلاماری شاری موسڵی داو زۆر بەئاسانی کۆنترۆڵیکرد، چونکە هێزەکانی سوپای عێراق بەبێ تەقە هەموو سەربازگەو چەکو تفاقی سەربازییان بۆ داعش بەجێهێشتو ئیتر هەموو شارو شارۆچکەکانی تری پارێزگای موسل بەشنگالیشەوە کەوتن، دوای ئەمەش پاریزگای سەلاحەدین داڕما بەشارو شارۆچکەکانیەوە، تەنیا دوو شوێن مانەوە: شاری خورماتوو کە لەژێر هەژموونی پێشمەرگەدا بوو، شارۆچکەی ئامرلیش کە بەدەست شیعەکانەوە بوو.

داعش زۆر هەوڵیاندا لەڕێگەی تەقینەوەو خۆتەقاندنەوە شاری کەرکوک داگیربکەن، تەنانەت نەیانتوانی هیچ شوێنێکیتر لەپارێزگای کەرکوک بگرن کە پێشمەرگەو دەسەڵاتی کوردی تیابوو، هەموو هەوڵەکانیان

تێکدەشکا.. داعش هەمیشە دەیویست ڕووبەری جموجوولەکانی فراوانتر بکات دوای چەکو تەقەمەنییەکی زۆری سوپای عێراقی کەوتە دەست، جگە لەوە داهاتێکی زۆری لەو سەرچاوە نەوتییانەی کەتبوونە سنووری کارکردنیانەوە دەستدەکەوتو تەماحی لەزۆرتر هەبوو، بەتایبەتی هەوڵیان دەستبەسەراگرتنی ناوچە دابڕێنراوەکان بوو تا لەژێر دەسەڵاتی کوردی دەریبهێنن.. تا ئەو ڕادەیەی گوێڕو مەخموور گیرانو دواتر گیرانەوە.

داعش نەک تەنیا ڕێکخراوێکی تیرۆریستی عەرەبی بوو بەتەنیا، بەڵکو خەڵکێکی رەگەز بیانی جۆراوجۆر لەڕیزەکانیدا بوونیان هەبوو، زۆربەشیان لەڕووی بەرپرسیارێتییەوە باڵادەستبوون.. تەنانەت کوردیش لەڕیزەکانیاندا هەبوو تەنانەت فەرماندەشیان تیاهەڵکەوتبوو، ئەو کوردانە لەهەموو بەشەکانی کوردستانەوە پێوەندییان کردبوو، زۆر نامرۆڤانە هەڵسوکەوتیان بەرامبەر بەپێشمەرگە دیلەکان دەکرد.

داعش ساڵیان تەواونەکرد گلۆڵەیان کەوتە لێژیو هاوپەیمانێتییەکی نێودەوڵەتی بەرامبەری دامەزرا بەتایبەتی فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمریکاو وڵاتانی تری هاوپەیمان گوشاری زۆریان خستە سەر چالاکیو جموولەکانی داعشو دانانی نەخشەی دەرپەڕاندنی لەگۆڕەپانەکە.. ئەوەبوو لەرۆژی ٢٠١٤/١١/٢٣ هێزی پێشمەرگە بەهەماهەنگی لەگەڵ عێراقدا توانرا هەردوو شارۆچکەی جەلەولاو سەعدییە رزگار بکرێنو دواتریش ناوچەی تبجو دێهاتەکانی قەرەتەپەو ئینجا ناحیەی ئامرلیو دێهاتەکانی خوارووی خورماتوویش.




## پێگەی جەلەولا

جەلەولا پێگەیەکی گرنگی سەربازی عێراق بووە، لێرەوە عەبدولکەریم قاسم بۆ کودەتاکەیو لەناوبردنی رژێمی پاشایەتیوو دامەزراندنی کۆماری بەهێزێکی سەربازییەوە بەڕێکەوت.
جەلەولا بەهۆی نزیکی لەسنووری ئێرانەوەو لەسەروەختی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران- عێراقدا، عێراق بایەخی زۆری پێدابوو، زۆرێک لەخەڵکەکەی لەناو دامودەزگا ئەمنیو سەربازیو حیزبییەکانی بەعسدا پێگەیشتنو لەهەموو بوارەکاندا دەرکەوتن.
هەر لەزووەوە رژێمەکانی عێراق سیاسەتی بەعەرەبکردنی ئەم شارۆچکەیان دەستپێکردووەو هەوڵی گۆڕینی دیمۆگرافییان داوە تاوایلێبێت لەدانیشتوانە رەسەنەکەی دایبڕنو زۆرینەیەکی خەڵکی عەرەب لەشوێنەکانیان نیشتەجێبکەن، هەر بۆیەشە لەدوای ئاشبەتاڵی شۆڕشی ئەیلول زەمینەی فراوانتر رەخسا کە بەعس بەرنامە ترسناکەکانی بۆ شێواندنی واقیعی دانیشتوانی جەلەولا جێبەجێبکات.. لەساڵی ١٩٧٥ ئەوەی گومانیانی لێ کردبێ هەستو هەڵوێستی کوردایەتی هەیە یان بۆ خواروی عێراق یان کوردستان دەرکراوە.
لەدوای رووخانی سەدام جەلەولا دوور لەو رژێمە داپڵۆسێنەرە هەناسەیەکی قووڵیی ئازادی هەڵمژی، کورد دەرگایەکی بۆ والابوو کە جارێکیتر لەو شارۆچکەیەدا کوردانە بژین، زۆری نەبرد شۆفێنییە عەرەبەکانو پاشماوەکانی بەعسی هەڵوەشاوە کەوتنەوە جموجوڵ لەڕێگەی رێکخراوی قاعیدەو وردە رێکخراوە تیرۆریستییەکان کە لەسەر دوو قاچ کاریان دەکرد: لەلایەک ئەمانە وەکو سوننە مەزهەب دژی دەسەڵات بوون کە کەوتووەتە دەست شیعەکان، لەلایەکی ترەوە

ناوەڕۆکی شۆفێنیانەیان دەردەکەوت کە دژایەتی کوردیان دەکرد بەتایبەتی لەو ناوچانەی کێشەیان لەسەربوو و بەهۆی پرۆسەی ئازادییەوە کەوتبوونە ژێر رکێفی کوردەوە.

ئەو رێکخراوە تیرۆریستییانە بەردەوام خەریکی گۆشار خستنە سەر خەڵکی جەلەولا بوون لەڕێگەی ئەنجامدانی کاری خۆکوژیو تەقینەوەو زیانگەیاندن بوون بەخەڵکی سڤیلو ناچارکردنیان تاشوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان بەجێبهێڵن بەتایبەتی سەرکردایەتی کورد هەوڵیدەدا لەڕێگەی دانوسانو جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ەوە چارەسەری کێشەکان بکەن، ئەمەش وایکرد کە ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکەکەی جەلەولا رەو بکەنو رێژەی کورد کەمتر بێتەوە.

کە داعش سەریهەڵدا زۆر لەخەڵکە شۆفێنییەکەو پاشماوەکانی بەعس کە پێشتریش لەگەڵ قاعیدەدا پەیوەستبوون چوونە ناو داعشەوە.

دوو رۆژ پێش گرتنی موسڵ لەلایەن داعشەوە، لەڕێگەی تەقینەوەیەکی خۆکوژییەوە لەکۆمیتەی رێکخستنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان چەندین کەسی سڤیلی بێتاوانو پێشمەرگەو پۆلیس شەهیدکرانو بینایەی کۆمیتەش تەخت بوو.

## گرتنی جەلەولا

رۆژی ٢٠١٤/٦/٨ دەستپێکی شەڕی داعش لەسنووری جەلەولا بوو، بەڵام رۆژی ٢٠١٤/٦/١٤ داعش چوونە ناو سەعدییەو گەڕەکەکانی خوارووی جەلەولاوە، واتە داعش تەنیا بەشی خوارووی شارۆچکەکەیان بەدەستەوە بوو، زۆربەی شوێنەکانی تری جەلەولا

لەژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگەدا بوو، هەروەها لەدێهاتەکانی تبجیش بوونیان هەبوو.

شەڕ لەنێوان پێشمەرگەو داعشدا لەناو جەلەولادا هەبوو، کەچی دانیشتوانەکەی بەزۆری عەرەبەکان هەر لەگەڕەکەکاندا مابوونەوە، زۆرجار لەو ماڵانەوە تەقە لەپێشمەرگەکان دەکرا کە گوماندەکرێ هەندێک لەوانە سەر بەداعش بووبن یان وەکو عەرەبی شۆفێنی ئەو کارەیان کردبێ.

## شەڕەکانی جەلەولا

لەماوەی پێنج مانگو نیودا داعش بیست هێرشیان کردە سەر هێزی پێشمەرگە لەناو جەلەولاو کوباشیو هەموویان لەلایەن پێشمەرگەوە تێکدەشکێنران‌و هیچ شوێنێکیان نەدەگرت، لەبەرامبەردا پێشمەرگەش چەند هێرشێکیان کردە سەر مۆڵگەکانی داعش بەتایبەتی بۆ سەر گەڕەکی تەجنید کە دوای گرتنی بەهۆکاری تایبەتی کشانەوە، هەروەها گرتنی وێستگەی بورجەکەو گرتنەوەی کوباشیو پاککردنەوەی وادی عەوسەج.

## چۆڵکردنی جەلەولا
## گرتنەوەی جەلەولا

رۆژی ٢٠١٤/١١/٢٣ بۆ یەکجاری جەلەولا لەو هێزە تیرۆریستییە رزگارکرا، لەهەمان رۆژیشدا لەلایەن هێزەکانی عێراقەوە پەلاماری

سەعدییەو کۆبراش دراو بەهەمان شێوە ئەو دوو شوێنەش لەداعش پاک کرایەوە.
دانیشتوانی جەلەولاو سەعدییە بەزۆری ڕوویان لەکوردستان کرد یان بۆ شارەکانی تری سنووری باقووبە ڕۆیشتن، ئێستا جەلەولا بەهۆی بارودۆخی ئاسایشییەوە جگە لەهێزی پێشمەرگە کەسی تیانییە، چونکە داعش زۆربەی ماڵو شوێنە گشتیو دەزگا حکومییەکانیان مینڕێژ کردووەو ئەمەش مەترسی بۆ سەر خەڵکی دروستدەکات، بۆیە گەڕانەوەیان دوادەکەوێت، جگە لەوە بەرپرسانی کورد ڕێگە بەعەرەبە شۆفێنیو ئەو تیرۆریستانە نادرات کە بەشداری شەڕی پێشمەرگەیان کردووە یان تەقینەوەیان ئەنجامداوە، هەروەها دۆخی ناو شارۆچکەکە نالەبارەو زۆربەی داڕووخاوەو پێویستی بەبودجەیەکی زۆرە بۆ ئاوەدانکردنەوەی.

## تەکتیکی شەڕی داعش

داعش ڕێکخراوێکی تیرۆریستییە، لەکارو چالاکییەکانیدا پشت بەکاری تۆقاندنو تێکدەرانە دەبەستێت لەڕێگەی عەبوە دانانو خۆتەقاندنەوەو سەربڕینو سوتاندنو گوللەبارانکردنو هێرشو پەلاماردان.. لەمەشدا تەنیا هێزی سەربازی مەبەست نییە، بەڵکو مرۆڤی ئاساییو هاووڵاتیی سڤیلیش ئامانجە، ئەوان زۆرتر دەیانەوێ خەڵکیی بترسێنن تابتوانن کاریگەرێتیی نێگەتیڤیان لەسەر دروستبکەن لەڕووی دەروونییەوە.
داعش ناتوانێ شەڕی بەرەیی بکات، هێزی زۆریشیان بۆ پەلاماردان نییە، بۆیە پەنایان دەبردە بەر شەڕی شێوە پارتیزانی.. ئینجا جۆری چەکەکانیشیان نوێ نییەو ئەوەی هەیانە زۆرتر چەکی ئاساییو ئەوەی

بەزۆری لەدەستکەوتەکانی گرتنی جبەخانەکانی سوپای عێراقە کە سەربازگەکانیان بەجێدەهێشتو ڕاپایندەکردو هەموو چەکو تەقەمەنییەکان بۆ داعش دەمایەوە.. ئەگەرچی داعش سەرچاوەی داهاتی جیاجیان هەیەو لەڕووی تەکنیکیی سەربازییەوە شارەزایانی زۆریان لا کۆبووبووەوە بەتایبەتی کۆنە بەعسییەکان کە کاتی خۆی لەسوپای عێراقدا کاریاندەکرد بەتایبەتی لەتەسنیعی عەسکەری.

## رۆڵی هێزی پێشمەرگە

هەر لەرۆژی ٢٠١٤/٦/٨ هێزی پێشمەرگە چوونە ناو جەلەولاوە، ئەگەرچی ئەو هێزانە بەزۆری خەڵکی ناوچەکە نەبوونو شارەزای تەواویان لەبارودۆخی ئەم شارۆچکەیە نەبووە چ لەڕووی جوگرافیاو گۆبۆغرافیاو چ لەڕووی پێکهاتەی ئیتنییەوە کە حیزبی بەعس کاری زۆری لەسەر شێواندنی تێکدانی کردبوو، جۆرەها کێشەی لەناو خەڵکیدا نابوەوە تا نەتوانن پێکەوە بژینو ئەوە رەگی جۆرەها ناکۆکی داکوتا کە بەزیانی کورد کۆتاییدەهات بەتایبەتی پێشڕەوکردنی سیاسەتی بەعەرەبکردنو بەبەعسیکردنو لەدواییشدا راگواستنیان بۆ شوێنەکانی ترو دەستگرتن بەسەر سامانو ماڵاتیاندا.

رۆژانە پێشمەرگە لەناو جەلەولادا ڕووبەڕووی تەقەو شەڕ دەبووەوە بەجۆرێک کە یەکێک لەهەڵەکانی فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەو وەزارەتی پێشمەرگەو تەنانەت سەرۆکایەتی هەرێم ئەوەبوو کە سەرەڕای ئەو هەموو شەڕە کە رۆژانە زیانی گیانیو مادی لێدەکەوتەوە نەیانتوانی ئەو ناوچەیە وەکو ناوچەی شەڕ بناسێننو خەڵکەکەی دووربخەنەوە هەم بۆ پاراستنی گیانی خەڵکەکەو هەم بۆ

دوورخستنەوەی زیانی لابەلا لەپێشمەرگەکان کە زۆربەی کات بەتایبەتی لەشەواندا لەماڵەکانەوە تەقەیان لێدەکرا.

بۆیە لەئەنجامی شەڕی پێنج مانگەدا زیانی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لەناو جەلەولاو تبجو کەباشی خۆی دەدات لە ١٦٤ شەهیدو بریندارێکی زۆرتر، لەبەرامبەریشدا بەسەدان لەتیرۆیستەکانی داعش کوژراونو بریندارب‌وون.

پێشمەرگە لەشەڕەکاندا نموونەی قارەمانێتیو جەربەزەیی زۆریان نیشانداوە سەرەڕای ئەوەی کە هێشتا هێزی پێشمەرگە لەڕووی چەکو تفاقی جەنگییەوە لەئاستێکی پێشکەوتوودا نییەو بگرە کەموکوڕی زۆری هەیەو لەوانەیە لەڕووی پەروەردەکردنو مەشقو ئاڕاستەکردنو دەوام کردنەوە کەمتەرخەمی زۆر هەبێ، ئەمە جگە لەوەی کە لەڕووی خزمەتکردنو دابینکردنی بژێویەوە لەبارێکی خراپدایەو بەتایبەتی لەڕووی مووچەوە.

لەگەڵ ئەو کەموکوڕییانەدا هێزی پێشمەرگە درێغی نەکردووەو بەگیانێکی پڕ لەخرۆشەوە لەشەڕو پێکدادانەکاندا ئامادەییان هەیەو ئەوپەڕی گیان فیداییانە لەبەرامبەر دوژمندا دەوەستنەوە.

## هەڵوێستی خەڵکی

قارەمانێتییەکانی هێزی پێشمەرگە جگە لەوەی خۆیان وزەیەکی باشی بەرەنگاربوونەوەیان تێدایە لەهەمان کاتدا ئەو وێنە ناوازەیەی کەخەڵکی کوردستان لەهەموو شارو شارۆچکەکانەوە دەینوێنن بۆ هاوکاری پێشمەرگەو یارمەتیدانیانو بگرە بەشداریکردنیان لەشەڕەکاندا بەشێوەی خۆبەخش سەرچاوەیەکی تری ئەو قارەمانێتییەیە.

بەڕاستی ئەوەی خەڵکی دەیکەن بەڵگەیەکی گەورەیە بۆ ڕەوایەتی بەرگریکردن لەکوردستانو پاراستنی سنوورەکانی لەلایەن پێشمەرگەوەو ئامادەییەکەی جێگەی تێڕامانە کە بەجیاوازی بیرو بۆچوونەکانەوە وەکو چۆن پێشمەرگەکانی کوردستان بەهەموو ڕەنگەکانیەوە لەسەنگەردا بوون ئاوهاش هەڵوێستی خەڵکەکە مایەی دەرخستنی یەکڕیزیو یەک تێڕوانینە بۆ ئایندە.

## دەستکەوتی ئەم شەڕە

تائێستا ئەنجامی شەڕەکە ئەوە دەردەخات کە کورد توانی سوودێکی باش لەم شەڕەی لەگەڵ داعشدا وەربگرێ کە سەرەتا لایەن نەبوو تێیدا بەتایبەتی ئەو ناوچانەی کە پێیدەوترێ دابڕێنراوەکان کە کاتێ سەدام ڕووخا دەسەڵاتدارانی عێراقی نوێ نەیانتوانی ئەو مەسەلەیە یەکلابکەنەوەو بەهەمان ڕێو ڕەسمی سەدامییانە مامەڵەیان کرد تا ئەم شەڕە بەرپابوو و هێزی پێشمەرگە ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیان بینی لەشەڕکردنو گرتنەوەو بەرگریکردن لەو ناوچانەو خۆجێگیرکردن تێیدا.

# میقداد مەجید سەعید

من (میقداد مەجید سەعید) ناسراو بە(میقداد هەڵەبجەیی) پلەی پێشمەرگایەتیم (ن. ز) جێگری فەرماندەی فەسیلّم لەلیوای ٥ فەوجی ١، پلەی سیاسیم (ڕابەر سیاسی) فەوجی (١)م لەبەرواری ٢٠١٤/٦/١٢ ئێمە بەرەو شارۆچکەی (گولاّڵە) کە بەزمانی ئەوان پێی دەڵێن جەلەولا بەڕێکەوتین، یادەوەریەکان تاڵن چونکە شەڕمان دەکرد دژی تیرۆرستانی داعشو ئەو عەشیرەتەی بەناوی عەشرەتی (کرووی) بوون کەلەو شەڕەدا چەندین شەهیدو بریندارمان داو گەورەترین گورزمان لەدوژمن وەشاند، یادەوەری من لەجەلەولا ڕۆژی جەژنی قوربان بوو کە هاوڕێکەم (مختاری حاجی عەلی) بەرپرسی کۆمیتەی ڕێکخستنی سیروان بوو تەلەفونی بۆ کردم گوتی دێم بۆلاتو جەژن لەگەڵ تۆ دەکەم، ئەوەبوو بەگەیشتنی هاوڕێکەم بۆ ماوەی تەنها دوو دەقیقە دوژمن هێرشیان کردە سەرمانو ماشێنیەکیان تەقاندەوەو ئێمەش ئازایانە خۆمان ڕێکخستو شەڕێکی زۆر قورس ڕویداو توانیمان بیانشکێنین لەگەرمەی شەڕەکەدا داوای گوللەیەکی ئارپیجیم کرد کاتێک سەرم هەڵبڕی ئەو هاوڕێیەم بوو کە هاتبوو جەژن لەگەڵ ئێمە بکات، هەربۆیە پێکەنیو بەدەم سوعبەتەوە گوتی من بۆ شەڕ نەهاتبووم، یەکێکی تر لەو بیرەوەریانە ئەوەبوو حەوت ڕۆژ لەسەر یەک نەمانتوانی بخەوین لەو حەوت ڕۆژەیا ١١ جار تیرۆریستانی

داعش‌و (کرووپەکان) هێرشیان کردە سەرمان منیش زوو زوو دەچووم بۆ لای پێشمەرگەکان بۆ ئەوەی خەویان لێنەکەوێت، لەئەنجامدا بەداخەوە شکستمان هێناو گەڕاینەوە دەرەوەی جەلەولا تا (٢٠١٤/١١/٢٠) دیسانەوە خۆمان ئامادەکرد بۆ هێرش کە بڕیار بوو جەلەولا لەدەستی دوژمن پاک بکەینەوە، هەر بۆیە بەرەبەیانی ٢٠١٤/١١/٢٣ هێرشمان کردو جەلەولامان ئازادکرد، بیرەوەریەکی خۆشم بەسەرهات لەڕزگار کردنی جەلەولا ئەویش یەکەم بینای جەلەولا بەدەستی ئێمە ئاڵای کوردستانی تێدا هەڵکرا هەر ئەو بینایەش ماوە ١ کاتژمێر بەرگریمان تێدا کرد لەپڕ هاوڕێیەکمان هاواری کرد کە هەموو بیناکە (تیئێنتی) ڕێژە ئەو کات هەموومان خۆمان هەڵیایە خوارەوە لەبیناکە من کە تاقمو تفەنگی خۆمم پێبوو لەگەڵ ئاربیجیو چوار گوللەوە خۆم هەڵداو قاچێکم شکا هەر بەو قاچ شکاویەمەوە لەئازادکردنی جەلەولا نەوەستامو بەشەلە شەل نەمهێشت کەس پێشم بکەوێت لەپێشەوە یەکەم کەس چوومە ناو جەلەولا یەکسەر بردینیان بۆ باشوری کەرکوکو لە (تەلوەرد) جێگیربوینو شەڕی تەلوەردمان بەسەرکەوتویی ئەنجامداو دوژمنانمان تێکشکاند کەشەڕی تەلوەرد لەبەرواری ٢٠١٤/١٢/٢٤ بوو هەر بۆیە لیوای (٥) بەلیوای درعەکە ناسراو داعش سڵی لەلیواکەمان دەکرد، ئەوەبوو لەبەرواری ٢٠١٥/١/٣١ کە دوژمن زۆری بۆ لیوای ١١ هێنابوو شەهیدو بریندارێکی زۆرو چەندین پێشمەرگەیان بەدیل گرت ئێمەیان نارد بۆ ئازادکردنی سنوری (فەتحە)و توانیمان لەماوەی یەک ڕۆژدا فەتحە ڕزگار بکەینو چەند پێشمەرگەیەک ئازاد بکەین کە لەژێر دەسەڵاتی داعشدا بوو بەداخەوە یەکێک لەو یادەوەریە تاڵانەی کە بەسەر مندا هات لەشەڕی فەتحە لەپاڵ دەستی خۆم دوای ئەوەی چەندین گوللە ئاربیجیم

بەدوژمنەوە نا لەپەناما سەرکردەی قارەمان شەهید (حسێن منسور) شەهید کراو یەکێک بووم لەو پێشمەرگانەی لایەکی شەهیدم هەڵگرتو خستمانە سەر ئەو ماشێنیەی کە هی فەوجی خۆمان بوو هەرگیز بیرم ناچێتەوە. دوو دەقە پێش شەهید بوونی ڕێنیشاندەری بووم بۆ داعشێک کە زۆری بۆ هێنابوین پێم وت گەورەم ئەو داعشە هەراسانی کردوین ئەمر بفەرموو تۆپێک لەشوێنەکەی بدرێت، هەردوای ٢ دەقە شەهید کراو هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی.

ئەوەبوو لەبەرواری ٢٠١٥/٣/٧ هێرشمان کردە سەر بەرزاییەکانی خەرابەڕوتو ئەو بەرزاییەمان لەدەستی داعش پاککردەوەو لەوێ جێگیربوین، خۆشترین یادەوەریم ئەوەبوو ئاگری نەورۆزمان بەدار کردەوە بەسرودی (ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە.. .. ..)و بەو پەڕی ورە بەرزیمانەوە، ئەوە بوو لەبەرواری ٢٠١٥/٩/٣٠ هێرشمان کردە سەر ناحیەی مەنسوریەو ڕوبەڕووی دوژمن وەستاینەوە. بەهێزوو بازوو ئازایەتی ڕزگارمان کردو بەداخەوە شەهیدو بریندارمان هەبوو ئێستەش هەر لەمەنسوریەینو ڕوبەڕوی دوژمن وەستاوین بۆ هەر ئەگەرێکی نەخوازراو بۆیە ئەوەی کە بیەوێت خاکمان داگیر بکات دەستی دەبڕین.

ئەمانە تەنها بیرەوەریەک بوون کە لەنێوان بەروارەکانا چەندین نەهامەتو شەونوخونی ناڕەحەتیمان دیوەو هیچکات ئیسراحەتمان نەکردوە تاکو بستێک خاکمان مابێت رزگای بکەین.

# رائید سەردار رەسوڵ حمە

من کە ناوم (رائید سەردار رەسوڵ حمە) جێگر فەوج لە لیوای ١١٨ی باڵەک، دەمەوێت لە ڕێگەی نووسینەوەی بەشێک لە رووداوەکانی شەڕی دژ بە داعش کە تێیدا ڕۆڵێکی کاریگەرمان هەبووە لە چوارچێوەی لیواکەماندا، لای هەموومان ڕوونە لە سەرەتای دروست بونی شەڕی داعش ئێمە وەک فەوجی یەکی لیوای (١١٨)ی باڵەک هاوکات لەگەڵ لیواکەمان لە بەرواری ٢٠١٤/٦/١٤ بەفەرمانێکی سەربازی لیواکەمان لەسنوری راپەڕینەوە گوازرایەوە بۆ سنوری گەرمیان لە سنوری ناحیەی جەبارەو قەرەتەپە جێگیر کراین، لەگەڵ جێگیربوونمان لە وسنورەکە بوویم بەهەوێنی ئارامی بۆ خەڵکی ناوچەکە.

زۆری نەبرد لە سنوورەکە توشی روبەڕوبونەوە بوین لەگەڵ چەکدارانی داعش، لە بەرواری /٢٠١٤/٦ کاتژمێر یانزەی سەر لەبەیانی لەلایەن فەرمانەدەی لیوا شەهید (سەلاح دیلمانی) ئاگادار کراینەوە هەر ئێستا سەرجەم فەرماندەکان کۆببنەوە، دوای ئەوەی چوین بۆ کۆبونەوە کە شەهید سەلاح پێی راگەیاندین ئەبێت هێزێکی باش ئامادە بکەین لەدوای نانخواردن بەرێبکەوین بۆ جەلەولا، هەر کە نانمان خوارد لەلایەن فەرماندەی فەوجەکەمان بەڕیز (عەمید تەهای مام رەسول) بەشێک لە فەرماندەو پێشمەرگەکانی راسپارد کە بەپەلە خۆیان

ئامادە بکەن، منیش یەکێک بوم لەو فەرماندانە کە تێیدا هەریەکە لە بەڕێزان (مقدم عولا قوچالی، ملازم اول مەهدی رەژوکەری، ملازم اول لوقمان حمدی مەڕان) شانبەشان لەگەڵ (شەهید صلاح دیلمانی و حەمید مام هێدی و شەهیدا سەرباز گراوی و عەقید محێدین) بەرێکەوتین بۆ جەلەولا، بەلام کە گەشتینە مەفرەقی قەرەتەپە لەلایەن شەهید سەلاح دیلمانی هێزەکە ئاگادار کرایەوە کەنابێ لەکارگەی بلۆکەکەوە برۆین کە رێگای سەرەکی بوو بۆجەلەولا، کاتێک پرسیارمان کرد بۆ؟ گوتی داعشەکان رێگەکەیان کۆنترۆڵ کردوە لە رێگەی قەناس و بیکەیسی و عەبوەوە. ئەوەبوو رێگاکەمان کۆنترۆڵ گۆڕی بۆ رێگای گولەجۆ، وەگە کەیشتینە بەرزاییەکانی جەلەولا لەلایەن (عەمید دلشاد) پێسوازیمان لێکرا، دوای گفتوگۆ لەنێوان (عەمید دلشاد)و (شەهید سەلاح دیلمانی) ئەوە بوو شەهید سەلاح دیلمانی هەموو فەرماندەکانی دووبارە بانگ کردەوە، پێی ڕاگەیاندین کەئەبێ برۆینە ناو بارەگایەکی سوپای عێراق ئەو بارەگایە کە دەکەوتە رۆژئاوای جەلەولاو رۆژهەلاتی (تبج) ئەو بارەگایە لەژێر دەستی چەکدارارنی داعش بوو. ئەوەبو کاتژمێر (٣)ی دوانیوەڕۆ شەهید سەلاح فەرمانی کرد بەجولانی هێزەکە بۆ ناو بارەگای سوپاکە، هەر کە بەرێکەوتین بەرەو ئاڕاستەی بارەگاکە چەکدارانی داعش لەناو بارەگاکەو لەناو گەرەکەکانی جەلەولاو گوندی تبجەوە بەتوندی روبەڕومان بونەوە بەلام لەلایەن هێزەکەمانەوە بەتوندی هێرشیان کرایە سەر. ئەگەرچی شوێنی بارەگاکە زۆر حەساس بوو بۆ داعش، بەلام توانای پێسمەرگە نەیهێشت داعش خۆی راگرێ تەنها لەماوەی (٤٠) دەقیقەدا توانیمان تەواوی بارەگاکە کۆنترۆڵ بکەین و چەکدارانی داعش بەزیانێکی زۆرەوە رایانکرد کە بەشێکیان لەرێی زێیەکەوە خۆیان گەیاندە ناو

جەلەولاو بەشێکیان رایانکرد بۆ گوندی تبج کە مۆلگەیەکی سەرەکی چەکدارانی داعش بوو. دوای مانەوەمان دوو رۆژ لەو بارەگایە، فەرمانمان پێکرا کە بارەگاکە رادەستی لیوای پشدەر بکەین و خۆمان بگەڕێینەوە بۆ جەبارە.

دوای ئەوە لەبەرواری ٢٠١٥/١/٢٧ لە قەرەتەپە بەمەبەستی پشودان گەرامەوە بۆ ماڵ، بەرەبەیانی ٢٠١٥/١/٣٠ شەهید صلاح دیلمانی بەتەلەفۆن پەیوەندی پێوە کردم خۆم ئامادە بکەم بۆ کەرکوک کە داعش لەهەوڵی داگیرکردنی کەرکوکدا بوو، کە چەند سەنگەرێکی هێزی پێشمەرگەی پەلاماردابوو. لە سنوری تەلوەردو مەلا عەبدوڵاو مەکتەب خالید، ئەوەبو بەپەلە بەرێکەوتم بۆ لای شەهید سەلاح دیلمانی کە گەیشتمە چوارقوڕنە لەگەڵ چەند هەڤاڵێکی پێشمەرگەی خۆمان یەکترمان گرتەوە هەریەک لە بەڕێزان (عەقید علی ئاودەڵ، مقەدەم عوڵا قوچاڵی، ملازم لوقمان حمدی مەڕان، ملازم اول محمد زەردە، ملازم اول عبدالله کەشخە) بەرەو کەرکوک بەرێکەوتین، کەگەیشتینە دەروازەی کەرکوک شەهید سەلاح دیلمانیمان بینیەوە کە چاوەڕیی دەکردین، بەرێکەوتین بەرەو تەلوەرد، هەر کە نزیک بوینەوە بینیمان کارەساتێکی گەورە رویداوە کە جەندین شەهیدو بریندارمان هەبوو وەجەندین سەنگەرمان داگیر کرابوو، بەلام کە گەیشتینە تەلوەرد بەشێک لەفەرماندەو ئەفسەرمان لەوێ بینی کە هەڤاڵ کاک کۆسرەت لەوێ بوو، هەر کە گەیشتین زۆر دڵۆخش بون و بەگەرمی پێشوازیان لێکردین.

ئەگەر چی ئەو رۆژە رۆژێکی باراناوی و تەمومژو شوم بوو، بەڵام بەگەیشتنی ئێمە ئومێدێکمان پەیدابوو، کاتژمێر ٣ی دوانیوەڕۆ هەڤاڵ کاک کۆسرەت لەڕێی ئاسۆ مامەند فەرمانی بەشەهیدا سەلاح دیلمانی و

حەمید ایوب کرد دەبێ هێرش بکەنە سەر تەلوەردو ئازادی بکەنەوە، ئەوەبوو ئێمە پەڕینەوەو دەستمان کرد بە هێرش کردن، توانیمان لەماوەی ٤٠ دەقیقەدا تەواوی تەلوەرد ئازاد بکەینەوە، ئەو شەوە لەوێماینەوە دوای ئەوە شوێنەکەمان ڕادەستی لیوای گەرمیان کردو بەڕێکەوتین بۆ ئازادکردنی مەلا عەبدوڵا، دوای ئازادکردنی ئەوێش گەراینەوە بۆ مەکتەب خالیدو لەوێ جێگیر کراین.

لەبەرواری /٧/٢٠١٤ فەرمانمان پێکرا کەپەلاماری یەکێک لەبزگەکانی چەکدارانی داعش کەدەکوتە نێوان جەلەولاو سەعدیە بدەین، ئەوەبو مەفرەزەیەکی تایبەت کەپێکهاتبوو لەبەندەو ملازم اول لوقمان حمەدی مەران، احمد دیلمانیم بەختیار وەرتێ، مستەفا شێخە، محمد برایم و چەندین پێشمەرگەی تر، دوای کاتژمێر ١٠ی شەو بەڕێکەوتین بەرەو شوێنی دیاریکراو ئەوەبو لە درەنگانی شەو پەلاماری شوێنەکەمان دا لە سێ قۆڵەوە لەماوەی چەند دەقیقەیەکدا توانیمان ئامانجەکە بپێکین و دوای ئەوە گەراینەوە شوێنی خۆمان.

ئێمە کە لەسنوری بایزە بوین، لە پەیوەندیەکی تەلەفۆنی لەنێوان لیوا مەردان چاوشین و شەهید سەلاح دیلمانی ئەوەبو لیوا مەردان بەشەهید سەلاحی راگەیاند کە هێزێکی بۆ بنێرێت بۆ سنوری گوندی جومەیلە کەداعش بەنیازی هێرش کردنە، ئەوەبوو منیش لەگەڵ بەختیار وەرتێ و چەندین پێشمەرگە گەیشتینە سنورەکە هەر لەگەڵ گەیشتنمان روبەڕوبونەوە لەگەڵ چەکدارانی داعش رویدا بەڵام توانیمان تێکیان بشکێنین و تانکەرێکی بۆمبڕێژکراو کەبەنیاز بون بەسەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگەدا بیتەقێننەوە بەلام ئێمە توانیمان تانکەرەکە بتەقێنینەوە، ئەگەرچی بەدرێژایی هەموو سەنگەرەکانی پێشمەرگە هەر لە جەلەولاو قەرەتەپەو دەشتی حەمرین و داقوق و وەحدەو خالیدیەو سەعدیەو

عەتشانەو مەکتەب خالیدو مەلا عەبدوڵاو چەند گوندێکی تر بەشداریمان لە هەموو روبەڕوبونەوەکاندا کردوە دژ بە چەکدارارنی داعش، وەچەندین فەرماندەو پێشمەرگەی قارەمانمان شەهید بون، لەوانە (شەهید لیوا سەڵاح دیلمانی، شەهید سەرباز گڕاوی، شەهید مام کاوە وەرتی، شەهید حەمەلاو، شەهییڊ مام سالار شینەو شەهید ئومێد) وەک پێشمەرگەی یەکێتی لەهەر شوێنێک پێویستیان بەئێمە بوبێت پڵنگ ئاسا ئامادەبوین بێ ئەوەی سڵ لە مەرگ بکەینەوە، لەیەک بەیەکی پێشمەرگەکانمانەوە تاوەکو فەرماندەی لیواکەمان کە خۆی یەکێک بووە لەو شەهیدە سەربەرزانەی کە لەبەرگری کردن لەخاک و شەرەف و ناموسی تەواوی گەلی کورد گیانی خۆی کردە قوربانی.

# عەمید تەهای مام رەسوڵ

فەرماندەی فەوجی یەکی لیوای (١١٨)ی باڵەکم، سەرەتا سەری رێزو نەوازش دائەنەوێنم بۆ سەرجەم شەهیدانی کوردستان بەگشتی و بەتایبەت شەهیدانی شەڕی داعش، خوێنەرانی خۆشەویت دەمەوێت لەرێگای گێڕانەوەی رووداوەکانی شەڕی دژ بەداعش چ هێرش و پێکدادانەکان چ شتە کاریگەرو سەرنج راکێشەکان، دەمەوێ سەرنجتان راکێشم بۆ چەند گێڕانەوەیەک لەم شەڕەدا.

هەمومان دەزانین لەگەڵ هاتنی بەڵای شەڕی داعش کە روی لە کوردستان کرد، ئێمەش وەکو هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەژێر فەرمانی فەرماندە سەربازیەکامان لەسنوری باڵەکایەتی و راپەڕین ٢٠١٤/٦/١٠ هاتین بۆ سنوری جەنهەکانی قەرەتەپو جەبارە، ئەوەبوو لەدوای جێگیربونمان لەوێ هەر زوو توشی روبەڕوبونەوە بوین لەگەڵ چەکدارارنی داعش، کە ئەویش لە چەندین داستان خۆی دەبینێتەوە، هەر لەدەستدانی رزگارکردنی بارەگای سەربازی جەیشی عێراق کە کەوتبوە ژێر دەسەڵاتی چەکدارارنی داعش، بۆ ئەوکاتە ئازادکردنی ئەو بارەگایە کە یەکێک بو لە بارەگا سەرەکیەکانی چەکدارارنی داعش، لەوکاتەدا سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ هێزی پێشمەرگە کە بە یەکەم هەنگاوی تێکشاندنی چەکدارارنی داعش لەو ناوچەیە هەژمار دەکرا.

وابەدوای ئەوە دەکریَ بەشێک لەداستانی رۆژهەڵاتی گوندی تبج باس بکەم، کە بەداستانی ناو ماشێنە سکرابکراوەکان ناونرا.
چونکە ئەو شوێنە پڕبوو لە ماشێنی سکرابکراوەکانی رژێمی بەعسی لەناوچو کە بەشوێنێکی سەرەکی حەشارگەکانی چەکدارارنی داعش دادەنرا، چونکە شوێنەکە شوێنێکی کاریگەر بوو هەم بۆ جەلەولاو هەم بۆ گوندی تبج، چونکە گوندی تبج بەمەڵبەندی سەرەکی چەکدارانی داعش دادەنرا کەهەر لە گوندی تنج چەکدارارنی داعش ئیدارەی ناوچەکانی حەمرینیان دەدا.
من دەمەوێت باس لە یەکێک لە داستانە گەورەکان بکەم لە سنوری جەلەولا، ئەویش ئازادکردنی جەلەولاو بایزەیە.
ئەوەبوو لە بەرواری / /٢٠١٤ لەلایەن شەهیدی فەرماندە سەلاح دیلمانی ئاگادار کراینەوە بۆ کۆبونەوەیەکی بەپەلە، لە کۆبونەوەکەدا شەهید سەلاح دیلمانی پێی راگەیاندین کە بڕیار هاتوە بۆ رزگارکردنی بەرزاییەکانی جەلەولاو بایزە. هەر لەدوای کۆبونەوەکە بەمنی راگەیان دەبێت لەگەڵ پانزە پێشمەرگەو ئەفسەر بەشێوەیەکی نهێنی بڕۆن بۆ بەرزاییەکانی بایزە بەر لەخۆرئاوابون کە هەریەکە لە مقەدەم عبدالله قۆچانی و رائد سەردار ماخۆ بزنی و رائید مستەفا حاجی برایم و حەمدی مەڕان و چەندین برا پێشمەرگەی دڵسۆز بەناوەکانی (حەمە سور، کارۆخ شەهید رەسوڵ، بەختیار وەرتی، مستەفا شیخە، محمود سەنگەسەری، دیدار وەرتی، کاروان شەهید نەبی، شێواو قادر وەرتی، دەریا احمد، شوانە زارگەلی، شیروان وەرتی، شێرزاد وەرتی، فاروق سەنگەسەری، محمد شەهید محمود( ئەم پۆلە پێشمەرگەیە دەکرێت بڵێین دیارترین پێشمەرگە بوون لەناو فەوجەکەمان کە دەورێکی کاریگەریان هەبوو لەزۆربەی شەڕەکان، ئەوەبوو کاتژمێر پێنجی ئێوارە

بەڕێکەوتین بۆ ئەو شوێنەی کە بۆمان دیاری کرابوو، هەر گەیشتینە بەرزاییەکانی بایزە کەکاتی خۆرئاوابون بوو، خۆمان جێگیر کردو بەوردی چاودێری جموجۆڵی چەکدارارنی داعشمان دەکرد، دوای چەند کاتژمێرێک تەواوی هێزەکانمان گەیشتن، لەوێ ماینەوە تابەرەبەیان، ئەوەبوو رۆژبۆوە، چەکدارارنی داعش دەستیان کرد بەبۆمبارانکردنی هێزەکەمان، هەرچۆنێک بێت تارۆژی دواتر ماینەوە بۆ رۆژی دواتر لەبەرەبەیان فەرمانمان پێکرا بەجولاندنی هێزەکانمان، کاتژمێر (٨)ی بەیانی هێرشمان دەستپێکرد ئەگەرچی هەرزوو بەشێک لە بەرزاییەکانمان کۆنترۆڵ کرد، بەڵام لە بەشێک لە سەنگەرەکانی داعش تادوانیوەڕۆ شەڕ بەردەوام بوو.

دوای هاتنی هەواڵی شەهیدبوونی فەرماندە (کەمالی عاجی ئاغا)ن ئێنی، ئەوەبوو رقی هێزی پێشمەرگە زۆر زیادبوو بەبێ سڵینەوە هێرشیان کرد تا گوندی بایزە نەگەرانەوە، ئەوە یەکێک بوو لەو داستانانەی بەرزاییەکانی گوندی بایزەو جەلەولا، هەر لەوێ هێزەکانمان جێگیرکران.

دوای ئەوە جموجولی داعش لەناو گوندی بایزەو جومەیلە رۆژ بەرۆژ زیادی دەکرد داوامان کرد بەمەفرەزەیەکی نهێنی بڕۆینە سەر رێگای نیوان بایزەو جومەیلە، دوای ئەوەی داواکەمان قبوڵ کرا، کۆمەڵێک پێشمەرگەو ئەفسەر بەپلانێکی تۆکمە بەڕێکەوتین بۆ سەر رێگەی نێوان گوندی بایزەو جومەیلە، ئەوەبوو لەنزیک گوندەکە بەپلانێکی سەربازی پیتی (L)ێک لەرێگا چەندین پێشمەرگەمان بەجیهێشت وەکو هێزی پاڵپشتی خۆمان، کە تەنها چەند پێشمەرگەیەکی کەم مابوینەوە، کە هەریەکە لە (حسێن کەشخە) کە جێگری فەوج بوو لە لیوای پشدەر وەبەڕێز رائید سەردار، ملازم اول لوقمان حمدی مەران، وەستا مەجید

ڕەزانی، دیدار وەرتی، مستەفا شێخە) کە گەیشتینە نزیک جادەکە بەهۆی وەڕینی سەگەکانی گوندەکەوە چەکدارارنی داعش هەستیان بەئێمە کرد، ئەوەبوو ئەوان بەناوچەکەدا بڵاوبونەوەو دەستیان کرد بەتەقەکردن روبەڕوبونەوە دروست بو دوای ئەوە فەرمانمان پێکرا لەلایەن شەهید سەڵاحەوە کە بگەڕێینەوە شوێنی خۆمان.

# ئەلبومی وێنەکان



شەهید گۆران و هەڤاڵانی



سەنگەرەکانی بەشیر فەرماندە محەمەد ستی لای چەم لەگەڵ پێشمەرگەکانی



نەقیب هاوژین عبدالمجید صالح



زاهد محی دین وپێشمەرگەیەکی بەتاوی ئاراس لە شێخ ئەمیر



سەنگەرەکانی بەشیر پۆلێک پێشمەرگە



سەنگەرەکانی بەشیر جەژنی قوربان..2015



سەنگەرەکانی شێخ قەمباز پێشمەرگەکان لە کاتی پشوو



سەنگەرەکانی مەحوەری مەلا عبدولا



سەنگەرەکانی تل الورد



سەنگەرەکانی مەحوەری مەلا عەبدولا




**فەرماندە دحام گەرگەری**



سەنگەرەکانی کوباشی



سەنگەرەکانی جەلەولا



وێرانییەکانی جەلەولا



نانەواییەکی خۆبەخش لە جەلەولا



ویرانیەکانی جەلەولا






گوندەکانی ناوچەی داقوق لەبەر خۆ ڕاگری ئەو گوندەیان ناونا کوبانی



ژیانی پێشمەرگە کاکەییەکان لە دوو کیلۆمەتری داعش




ئەو گوندانەی کە وێران کراون لە ناوچەی داقوق



لە سەنگەرەکانی ناوچەی داقوق لەگەڵ دوو پێشمەرگەی کاکایی



سەنگەرەکانی دووزخورماتوو فەرماندە عەبدوڵابۆرۆو پێشمەرگەکانی



ماتاری خورماتوو عمید رکن ڕێبوارمحەمەد امین وپێشمەرگەکانی







فەرماندە هەڵۆ پێنجوێنی لە سەنگەرەکانی شنگال






پۆلێک پێشمەرگە دیلی دەستی داعش شەهید کران



پۆلێک پێشمەرگە دیلی داعش شەهید کران




پۆلێک فەرماندەو قارەمانی شەهید



شەهید فەرماندە عمید شێرکۆ فاتح شوانی



شەهید فەرماندە حسین مەنسور



شەهید هوجام



شەهید فەرماندە عمید سەربازوشەهید فەرماندە سەلاح دیلمان



عقید شەهید نەریمان مولود



عمید فەسەڵ خەلەکانی،



فەرماندە شەهید هیواقادرنەمین




شەهید کەمالی حاجی ئاغا



فەرماندە شێخ جعفر شێخ مستەفا



عمید بختیار فائق خوارحم



شەهید فەرماندە قارەمان جلیل روستایی



لە سەنگەرەکانی کەرکوک فەرماندە وەستا رەسوڵ



عقید رفیق سەعید خزر



عمید رکن نزار عبدالقادر عبدالرحمن



شەهید محمد قەرەوەیسی



مەلازم اول دارا کاکە رەش، پێشمەرگە بێستون عبدولا



شەهید موسا قەناسەکەی کۆبانی



فەرماندە شەهید ڕەنگین و پێشمەرگەکانی




فەرماندە نەسرین حەمەلاو دایکی شەهید ڕەنگین



فەرماندە عقید ئاهیدو پێشمەرگەکانی لە فەوجی ژنان



لەگەڵ محوەری قەرەتەپە



فەرماندە مەردان چاوشین



سەنگەرەکانی قەرەتەپە



سەنگەرەکانی قەرەتەپە





پێشمەرگەکانی مەقەری حوزەیران



سەنگەرەكانی مرە



ڕەبیەوسەنگەرەكان لە مرە



لە سەر پردی ناوچەی مریم بێگ



لە سەنگەرەکانی مریم بێگ لیوا تەها کانی بەردی وپێشمەرگەکانی سکرتاریەت



فەرماندە لیوا هیوا عبدولا



فەرماندە مەحمود سنگاوی





شەهید هادی کوڕی شەهید خەلەف



شەهید ژیلوان کوڕی شەهید شیروان کوڕی شەهید ئەحمەد



فەرماندە شەهید سەلاح دیلمان ولوقمان حەمدی مەران



شەهید ئادەم



شەهید کۆسرەت



شەهید فەرماندە عقید رکن ئەیوب محەمەد






وتەیەکی جوان لە ناوچەی داقوق لەسەر ڕێگەی گوندە ویرانەکان



پۆلێک پێشمەرگە لە سەنگەرەکانی شێخ قەمەر



سەنگەرەکانی بەشی کارمەندانی تەندروستی وفریا کەوتن